حاجی قادری کۆیی

بەشی سێیەم

حاجی قادری کۆیی

بەشی سێیەم

مەسعوود محەمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

مەسعوود محەمەد
حاجی قادری کۆیی – بەشی سێیەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٤٤
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٨١ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبژێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

دیاری سەرەتاکانی راپەڕینی کوردە بۆ دواڕۆژێکی ئازاد

پێشەکی

نووسەران هــەمـوویـان یـەك شێواز و یـەك ڕێبـازی شیکردنەوەی بـابـەت ناگرنەبەر. نووسەر هەیە مەوزووع بڕبڕ و کەرت کەرت دەکات وەك کە قەساب دێت و کەلەشی کوشتەی پەل پەل دەکات، ئیتر هەر کەرتە و هەر پەلەیە خۆی لە ژێر ناونیشانێکی سەربەخۆدا دەبینێتەوە وەیا بەر (فصل و باب)ێکی جودا دەکەوێت.

نووسەریش هەیە، بەپێچەوانە، سەرلەبەری نووسینەکەی دەخاتە بەر یەك نیگای بێ پچڕانەوە، کەوا هەمیشە زاڵە بەسەر تێکڕای دیمەندا، دەم دەمیش بەپێی بەسترانەوەی ڕووداوێکی سەرەتا بە ڕووداوێکی ناوەڕاست وەیا کۆتاییی باسەکەیەوە باز بە خامەی خۆی دەهاوێت بەم لاو بەولادا وەیا سەرەوژێر دەبێتەوە لەگەڵ ئەو پێوەندییەی کە کۆن و نوێی باسەکە بەیەکترەوە دەبەستێتەوە.

زۆربەی نووسینەکانی (عباس العقاد و طه حسین) لەم جۆرەی دووەمن. زۆربەی نووسینی قوتابخانەکانیش حەز لە پەل پەل کردنی بابەت دەکات.

ئەوەی من باوەڕی پێ دەکەم لە جۆری ڕێباز و شێوازی نووسین ئەوەیە سەرلەبەری مەبەست بەدەستەوە بدات. لەبەر ئەمە فەرقێك نابینم لە نێوان ئەو شێوازەی کە دێت کەرت کەرتی بابەت لێ دەکۆڵێتەوە و پاشدان بە یەکتریانەوە دەدووریتەوە، لەگەڵ ئەو شێوازەی هەموو بابەت دەداتە بەر چاو و دەمی خامەوە بێ ئەوە جەمسەر و بڕگەی لێك هەڵوەشاندنەوە بخاتە لەشی باسەکەیەوە چونکە هەردوو شێواز تام و شامی خۆی هەیە و هەر یەکەشیان تەڕدەماغییێکی تایبەتی خۆی بە خوێنەر دەبەخشێت کەوا ڕەنگە لەوی تردا پەیدا نەبێت.

ئەم ڕاستییە سەرەتاییە، بەلای منەوە، نە سەلماندن هەڵناگرێ بەڵام لە پەنا ئەم ڕاستییەدا یەکێکی تر هەیە، قووڵتر و گشتیتر و هەمیشەییتر، هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، جیهان لەم پەڕی بۆ ئەو پەڕی، بەخۆی و هەرچی تێیدا هەیە، یەك پارچەی شیرازە هۆن کراوی بەیەکەوە بەستراوەی تێك هەڵکێشراوی ئاڵقەبەندکراوی تێکەڵ بەیەکتربووی ئاوێتەیە. هەر چەند ناوەڕۆکی جیهان ملیارەها ملیارەهای شتی سەربەخۆی تێدایە کە هەر یەکێکی خاوەن تایبەتی و تەرکیب و تین و تاو و خاسیەتی خۆیەتی، لەگەڵ ئەمەشدا هیچ کامێك لە تاکەکانی ئەو ناوەڕۆکە لە تێکڕای ئەوانی تر

نەپچڕاوەتەوە بەڵکو لە دەوران دەورییەوە چەندین دەماری پێوەندی بە دراوسێکانی بەستووەتەوە، ئەوانیش وەك ئەو بەولاترەوە بەستراونەتەوە، شێوە زنجیرەی ئاڵقەبەند تا کۆتایی جیهانی بێ کۆتایی. پێی ناوێ لێرەدا نموونەی روونکردنەوە بهێنمەوە لە حاڵێکدا هەموو (بوون) نموونەیە، هەر ئەوەندە دەڵێم بەکورتی و بەکوردی هەموو شتێکی ئەم دنیایە مادی و نامادی لەم گەپەی (تێك ئاڵقان و تێك بەستران و پێکدا تێپەڕین)ەدا بەشدارن.

کەواتە هەڵاواردنی باسێك لە ناو باسان و پەل پەل کردنی، کارێکە لە سەرەتاوە وەك لەبەر یەك هەڵوەشاندنی پارچەی هۆندراوەیە وە یاخود هەڵگێڕانەوەی بزووتنی بەرەوپێشەوەی سروشتە. تاکە هۆیەکی پەسەندکردنی ئەم کارە پێچەوانەیە تێگەیاندن و ئاسانکردن و نزیك خستنەوەی مەبەستە، دەنا سەربڕین و پێست لەبەر داڕنین و پەل پەل کردنی کوشتە (کە بابەتی باس لێکردن و نووسین بێ) لە چییەتی (ماهیة) خۆی دەردەبا هەر وەك شکاندنەوەی ڕووناکایی بۆ حەوت ڕەنگە ئاورینگییەکان لە (تیشکایەتی)ی دەشۆرێنێ.

بەڕاستی زۆر جاران کە باسێك دەکرێ بە چەند بەش و هەر بەشەی خورد دەکرێتەوە بۆ چەند بەند و هەر بەندەی بۆ چەند خاڵ... و هتاد من سەرەدەری لە خوێندنەوەکەم ناکەم، چونکە هەر دەبێ خەریکی بیرکردنەوە بم لە پێوەندیی خاڵەکە بە بەندەکەوە و هی بەندەکە بە بەشەکەوە و هی بەشەکە بە سەرلەبەری باسەکەوە... تا ئێستاش نەچووە دڵمەوە چۆن شوڕشی فرەنسە لەبەر ئەو هۆیە لە یەك پچڕاوانە ڕووی دا کە لە کتێباندا ژمارە یەك و دوو و چوار و پازدەی بۆ دادەنێن کەچی دەزانم شۆڕشەکە بە (پازدە کەرتی) ڕووی نەدا، هۆیەکانیشی چ ژمارەیان بۆ خۆیان دانەنا بوو لە یەکتریان جودا کاتەوە وەك لە کتێباندا جودای دەکەنەوە.

منداڵێك کە بەوەلەد دەبێ ناڵێین: یەکەم– ملی بوو. دووەم– دەستی بوو. سێیەم– چاوی بوو... منداڵ بە گردی دەبێت. شۆڕشیش هەروەها. ئەو هۆیانەی منداڵیشیان پێك هێنا، وەك هۆیەکانی شۆڕش، بێ ژماردن و جوداکردنەوە کاری خۆیان کردووە. ئەو کاتانەی کە منداڵەکەشیان تێدا رسکاوە بێ پچڕانەوەی ڕۆژ و هەفتە و سەعات و مانگەکانی بە دوای پێکهاتنیان درێژ دەکێشێت، وەك رسکانی منداڵ، جەمسەر و بڕگەیان نەبووە.

هەڵبەت لەم قسەیەمدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم منداڵبوون و شۆڕش هەڵگیرسان لە تاکە یەك هۆ پەیدا بوون. من دەڵێم هۆیەکانیان وەها لە یەکتر پچڕاو نین وەك بە ژماردن و دابەشکردن و جۆردانان لە یەکتر دەپچڕێنەوە، هەروەها ئەو ریزەشیان نەبەستووە کە ژماردن و دابەشکردن لە سەر کاغەز دەیبەستن. (سروشت وەك ئاوی جۆگەلە وایە هەموو ناوەڕۆکەکانی بەیەکەوە لە پەیدا بوون و بزووتنەوە و تێپەڕین و بەسەر چووندان). هۆی یەکەم و پازدەمی سەر کاغەز لە سروشتدا بە یەك شەقام و لە یەك کاتدا جوولەیان کردووە. ئەگەر پاش و پێشێکیش هەبووبێ لەوانەیە هۆی دوازدەم پێش هۆی چوارەمی سەر کاغەز رسکا بێت. سروشت بەش بەش و بڕ بڕ و تەکان بە تەکان نییە، یەك تافگەی بە خوڕی بێ جەمسەرە، فەرقێکیش لەوەدا نابینم ئایا ئەم تافگەیەی (وجود) بە هەموو پانایی و درێژایی و قووڵایی و بوعدی چوارەمیەوە لە ڕابردوەوە هەڵدەڕژێتە دواڕۆژ وەیا لە جەرگەی ئایندەوە هەڵدەقوڵێ و دەبێتە ڕابردوو... ئایا ئێمە هەڵدەڕژێین یاخود هەڵدەقوڵێین! ئایا جیهان وەك ئەو تۆپە بەنەیە کە گلێر دەبێتەوە وەیا ئەو قایش مەترەیە کە هەڵدەکرێتەوە؟ مەڵێ ئەم قسەیە چییە و لە کوێوە هاتە ناو پێشەکیی باسی حاجی قادرەوە چونکە قسەی وەها و لەویش بە زاهیر خەیاڵیتر جێی لێکۆڵینەوەی خاوەن فەلسەفانە، ڕاستەوخۆش لە رچەی پێشەکییەکەوە هاتە ناوەوە، چ زەرەرێکیش ناکەین لەوەدا کە بەدەم سەرەتای کردنەوەی دەرگە بۆ ناو نووسین لا پەنجەرەیێکیش بکەینەوە بەڵکو تیشکێکی تازە و نامەئلووفی پێدا بێتە سەر تەختەی نووسینەکە و نەختێك لە یەکئاهەنگیی فکر و لێکدانەوەکەمان بگۆڕێت و لەرزە و لەرەیێکی (تنویع) بخاتە ئاوازەکانیەوە و مێشکمان بەرەو گۆشەیێکی نائاشنای بیرکردنەوە ببات، (ئەوەندەی مرۆڤ یەك جۆرە بیروباوەڕ دەکوتێتەوە خەریکە ببێتە بوتپەرستی باوەڕ، کەوا حاجی قادر گوتەنی، (وەکو ئاوی شەوی تامی نەماوە)).

کە ئەم قسانەمان بەسەر شێوازی نووسیندا بگرین دەبینین شێوەی دابەشکردن و هەڵبڕینەوە پتر لەگەڵ بابەتی زانستیدا ڕێك دەکەوێت، بابەتی ئەدەبی چونکە لەگەڵ جموجۆڵی ژیان خەریکە ژیانیش وەك دەزانین کۆن و نوێ و ڕابردوو و داهاتوو و هەرچی هەیە تێك دەبەستێت، نەك ئەوەندە و بەس بەڵکو لەم ڕۆژەوە بەتەمای دواڕۆژ دەبێ... سبەینێ سەر لە پێرێی خوار دەکاتەوە، ئا ئەم ژیانە و پێوە خەریکبوون و لەسەر نووسینی حەز لە رەهایی و بەر بەرەڵڵایی دەکات زۆریش بەدەست هەڵبڕینەوە و دابەشینەوەوە سەغڵەت دەبێ. (لێرە بە پێشەوە گەلێك لە نووسەرانی ماددی (یەکێك

لەوان پلێخانۆڤ) ئەو راستییانەی کە بزووتنەوەیان تێدایە جودایان کردووەتەوە لەو راستییانەی بزووتنەوە و گۆڕانیان تێدا نییە و لە هەموو کات و جێگەیەکدا وەك خۆیانن. من ئەو ڕاستییانەی ژیانیشیان تێدایە جودایان دەکەمەوە لەوانەی بێ ژیان دەبزوون). جارێکی تریش ئەو ژیانەی هۆشی لەگەڵە (کە هی ئادەمیزادە) جودای دەکەمەوە لە ژیان و بزووتنەوەی گیانلەبەری بێ هۆش. بەو پێیە لە بەرچاوی مندا هەر وەك هێزی ژیان ئەم جیهانە گردەبڕ دەکاتە دوو کەرتی لە یەکتر جودا لەو رووەوە کە گیانلەبەر لە بزووتنەوەی ئالییەوە هەڵدەکشێ بۆ بزووتنەوەی بە هەست و خوایشت، هێزی (هۆش)یش سەرلەنوێ جیهانی گیانلەبەران گردەبڕ دەکاتەوە بە دوو کەرتی لە یەکتر جودا لەو رووەوە کە لێکدانەوە و تێگەیشتن و بە سەهوو چوون و لایەنگیری... و هتاد، لەگەڵ هۆشدا دەور دەبینن و سەرلەبەری دیاردەی (کۆمەڵایەتی) و بزووتنەوەی (مێژوو)یان لێ پەیدا دەبێت. لەو دەمەوە ماکی (هۆش) تێکەڵ بە ژیان و مادە بوو مێژوو و کۆمەڵایەتی لە منداڵدانی وجوددا رسکا، پێشتر هەرچی (پێویستیی مادی)ی ژیان هەیە وەك خواردن و نوا و خۆپاراستن و زایەند (جنس) تێکڕایان لە نوختەی دروستکردنی (کۆمەڵایەتی)یەوە نەزۆك و ناکاریگەرن. ئەم جوداوازییەی مرۆڤ لە گیانلەبەرانی تر هێندە بنجی و جوداکەرەوەیە رێ نادا هەردووکیان بچنە ژێر حوکمی یاسا زۆر مەشوورەکەی (گۆڕانی چەند بۆ چوون – تحول الکم الی الکیف). گیانلەبەرانی غەیری مرۆڤ لەگەڵ مادەی مردوودا بەر ئەم یاسایە دەکەون. مرۆڤ بە تەنها دەمێنێتەوە بۆ ئاکامی هەمەچەشنەی ئەو یاسایە لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا. نووسەرێکی مادی بێت و بەرپابوونی (شۆڕش) بگێڕێتەوە بۆ هەمان یاسای (گۆڕانی چەند بۆ چوون) کە ئاو دەکوڵێنێت، هەڵەیێك دەکات کە گەورەترە لە یاساکە... جارێ ئێرە جێگەی ساغکردنەوەی پرسیارەکە نییە.

شێوازێکی من لەم نووسینەمدا گرتوومەتە بەر، لە سەرەتاوە ئەم شێوازەی سەرانسەری و بێ جەمسەری و تێك بەستران و یەك هەناسە بووە کە هەموو سروشت و بوون و رابردوو و ئێستاکە و دواڕۆژ و کۆمەڵایەتی و مێژووش هەر وەهایە.

حاجی قادریش وەك من و تۆ و جۆرج و عوبێد ژیانێکی بێ پچڕانەوە و یەك بین و بەسەریەکەوە ژیاوە، نەك بە ئەنباز و تەکان بەتەکان و مەیدان بەمەیدان کە هەرجارە لە ئەنباز و تەکان و مەیدانێکەوە بۆ یەکێکی تر ژیانی حاجی پچڕ پچڕ و کەرت کەرت ببێ وەك کوشتەی قەساب کە بەدەمی تەوەرزین پارچە پارچە دەبێت و پارچەکان

(وحده)یان دەدۆڕێنن.

(خوێنەر لەم قسەیەمدا ڕەخنەی ئەوەم لێ نەگرێ کە من لە هەندێ جێگەی بەشەکانی پێشووتری ئەم نووسینەدا گوتوومە فلانە شت ژیانی حاجیی گردەبڕ کردووە بە دوو بەشەوە (وەك سەفەرەکەی باڵەکەتی و خوێندن، چوونی بۆ ئەستەمبوڵ...) چونکە ئەوەی مەبەستم بووە گردەبڕبوونی دەوروبەری ژیانی بووە نەك ژیانەکە خۆی وەیا ڕەوشت و ئاکاری حاجی). لێرەشدا مەبەست لە وشەی (ژیان) هەناسە هەڵێنان و خواردن و نووستن نییە، مەبەست ئەو مرۆڤایەتییەیە کە لەودیو خواردن و نووستن و هەناسە هەڵێنانەوە سەردەکات.

حاجی قادر لە هەر قۆناغێکی ژیاندا بووبێت بەردەوامبوونی حاجیەکەی قۆناغی پێشووترە هەرچەندە خۆشی لە زەرفێکی جوداشدا دۆزیبێتەوە کەوا بێگومان تاو و تینێکی تایبەتی خۆی بۆ دەروون و بیروباوەڕی حاجی هێناوە بەڵام نەیتوانیوە بیگۆڕێت وەیا ڕێبازی ڕەوتی ئاساییی بەرەو ئامانجێك ببات کە بە نیسبەت نەفس و دڵ و مێشکی حاجی قادرەوە بێگانە و نا ئاشنا بووبێت.

کەسێك بتوانێ نیگای بینینی خۆی فراوان بکات بایی دیتنی سەرلەبەری چەشمەنداز، بەو نیگایە فرەوانەش سرنج لە حاجی قادر ڕادەگرێ بۆی ڕوون دەبێتەوە ئەو حاجی قادرە یەکێکە لەو تاك تاکە مرۆڤانەی کە گۆڕانی دەوروبەر و ئاو و هەوا و باری گوزەران و بەرژەوەندی کاریان نەکردووەتە سەر نەفس و گیانیانەوە، قەناعەتە بنجییەکانیانی نەگۆڕیون، تێکەڵ بە ڕەوشت و ئاکاریان نەبوون. چاوی وردبین و نیگافرەوان دەبینێ گۆڕانی دەوروبەری و باری ژیان و بەدوایەکتردا هاتنی تەجرەبەی نوێ لە سامانی نەفسە زلەکە و ڕەوشتە خورتەکە و بەخۆ نازینەکەی حاجییان زیاد کردووە. دەبێ بڵێم ساڵە و ساڵ و قۆناغە و قۆناغ حاجی قادر پتر دەبوو بە حاجی قادر وەك مندالی نێرینە کە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا لە نێرایەتیی زیاد دەکات و نیشانەکانی پیاوەتیی پتر لێ دیار دەدەن، ئێمە ئەگەر بێین ڕۆژانی ئاخەلێوەی ژیانی حاجی بکەین بە کێشی بەیەکتر گرتنی هەموو قۆناغەکانی تری دەبینین هەمان هەتیمە هەژارەکەی تەمەنی منداڵی و هەمان فەقێیە تازە دەست بە خوێندنە پچڕ پچڕ کردووەکە و هەمان موستەعیدەکەی باڵەکەتی و کوردستانی ئێران و هەمان مەلایە بێ ماڵ و حاڵەکەی دوای گەشتی خوێندنە، تەکامولی کردووە و خۆی لە ژیان دابڕیوە بۆ ڕاگەیاندنی بیروباوەڕی کوردایەتی. (ئەم نەگۆڕانەی باری نەفس و دڵ و دەروونی

حاجی لە دەوروبەر و ئاو و هەوا و سەقافەتی گۆڕاودا خاسیەت و تایبەتییەکە لە تاك تاکی مرۆڤی هەڵکەوتوودا نەبێ نایەتە بەرچاو، کە پەیداش دەبێ گەلێك لەو نووسەرانەی حەز بە بێ دەسەڵاتیی مرۆڤ دەکەن لە ئاست دەوروبەر و واقیعدا لێی بە سەهوو دەچن. قۆناغ بە قۆناغ بە پێی گۆڕانی واقیعەکەی ئەویش دەگۆڕن و دەیکەنە بەندە و نۆکەری قۆناغ و واقیعە نوێیەکە، کەچی ڕاستیی حاڵ ئەوەیە هەمیشە ئەو تاکە مرۆڤە هەڵکەوتووە ئاغای واقیع بووە بەڵام نەك ئاغایەتیی دەسەڵات و دەست بەسەردا ڕاشکان، بەڵکو ئاغایەتیی خۆ لە واقیع بە پشتەوە گرتن و خۆ بە مامۆستای واقیع زانین و بە سەر واقیعدا نەڕاندن و هەڵوەستی ئەوتۆیی). نووسەر زۆرن لەوانەی موناقەشەی تاکی هەڵکەوتوو دەکەن لە ئاست واقیعدا بە جۆرێك هەر دەڵێی تاکەکە تاوانبارە لە ناو قەفەسی ئیتیهامدا، واقیعەکەش داواکارە ئەوانیش محامیی واقیعن دژی تاکە مرۆڤەکە ئیتر باری قورس و تەکلیفی لە ڕادە و توانا بەدەری لێ دەکەن بۆ ئیسپاتی دەوری خۆی لەو واقیعەدا تا دەیگەیەنن بەو هەڵدێرەی لێ ڕزگاربوونی نییە ئەویش ئەوەیە کە دەبێ تاکەکە ئیسپات بکا خۆی خالقی واقیعە، دەنا بڕیار دەردەچێ بە خالقبوونی واقیع و مەخلووقبوونی تاك، کەسیش نازانێ ئەم پووچاندنەوەی دەوری ڕۆڵە هەرە قارەمانەکانی واقیع و مێژوو بە سوودی کێ و زەرەری کێ تەواو دەبێ! گۆیا ئەگەر دادگەی مێژوو مۆری سەرفیرازی و خالقیەت و ئاغایەتیی لە دەفتەری ئەو تاکە دابایە و ماچێکی ئافەرینی لە ناوچەوانی کردبایە کام روویەڕە پڕ شانازییەکانی مرۆڤایەتی و گەلایەتی و نیشتمانپەروەرایەتی و چینپەروەرایەتی و نازانم چیایەتی دەسڕایەوە؟ خۆ ئەو تاکە هەڵکەوتووە خالقیەتی خۆی لە خالقیەتی گەل نەدزیوەتەوە تاکو نووسەر و خاوەن فکری مرۆڤدۆست و دادخواز ئەو ماڵە دزیارییەی لێ بەسەر بگرنەوە و بیدەنەوە بە خاوەنە ڕاستەقینەکەی کە گەلە. تاکی هەڵکەوتووی وەك حاجی قادر هێوێنی خالقیەتەکەی لە خوێنی دڵی خۆی دەگرێتەوە بۆ تاکە ئامانجی خزمەتی گەل و ئازادیی گەل، ئەگەر ئەمەی نەکردبایە لە سەرەتاوە و لە بنەڕەتەوە حیکایەت و بێنە و بەرەی خالقییەتەکە پەیدا نەدەبوو تاکو نووسەران و دادخوازانی دواڕۆژ، وەك پاڵەوان پف، قۆڵ و باسکی هیممەتی لێ هەڵماڵن و خامەی ڕەنگین بەکار بێنن بۆ هەڵنانەوەی موعادەلەیێك کە هەموو خالقییەتەکە تێیدا بکەوێتە بەرە و لای گەل. ئەوەی من بۆی دەچم لە هەڵنانی موعادەلەی ئەوتۆییدا، شتێکە پێچەوانەی ئەو ئاکامەیە کە دروستکەرانی موعادەلەکە بە نیازی دەگرن. من وادەزانم

دزینەوەی دەوری خالقیەت لە تاکی هەڵکەوتووەوە بۆ گەل نابوودکردنی ڕۆڵەیێکی دڵسۆز و چالاکی گەلە و بەس، چونکە گەلی چارەڕەش لە بەکارهێنانی فەندی درۆزنانەی ماڵ بەسەر گرتنەوەکەدا یەك پەناباتی ناچێتە کیسەوە... یەك نانی نایەتە خوان... هەر هیچ ئاگای لە مامڵەتە درۆزنەکە نییە تاکو هەر نەبێ هەستی حەسانەوەیێکی درۆزنانە بکات. لە فەرزی موستەحیل ئاگاشی لە مامڵەتەکە بوو ئەگەر فێڵێکی گەورەی لێ نەکرێ هەستی حەسانەوەی درۆزنیش ناکات چونکە هیچ باوك و دایکێکی هەناو پاك نییە حەز بەوە بکا ماڵی ئەولادی بۆ بدزنەوە لە حاڵێکدا ئەو ماڵی خۆیشی لە ئەولادی چاو نییە.

با ئەمانە هەموو بەلاوە بنێین و چاو بپۆشین لە ڕەوایی و ناڕەواییی دزینەوەی خالقیەتی تاکی دڵسۆز بۆ حیسابی گەل، ئەدی چ بکەین لەگەڵ ئەو دەورە ڕووخێنەرانەی کە تاکی ناپەسەند دەیانکات؟ خالقیەتە بەرەواژەکەی جەنگیز خان و هیتلەر بۆ کێ بدزینەوە؟ یەزیدی موعاویە دژی حوسێنی عەلی چ لێ بکەین؟ تۆ بڵێی ڕەوا بێ لایەکی ریشی مێژوو بتاشین و لایەکەی تری دەست لێ هەڵگرین؟ من نامزەدێکم بە خەیاڵدا دێت کارە بەدەکان و ڕووداوە ناپەسەندەکانی لێ مارە بکەین ئەویش دەرەبەگ و کۆنەپەرست و بۆرجوازییە، بەڵام مارە بڕینەکە خەتەری تێدایە چونکە کە سەلماندمان تاك وەیا کەمینەی گەل دەوری خالقیەتی هەیە لە خراپەدا، بە ئاسانی هەمان خالقیەت بۆ تاکی چاك لە کاری پەسنددا دەسەلمێندرێ.

ئەم تەرزە گرفت و پرسیارە و سەدانی وەك ئەوان لە هەموو مەیدانێکی فەلسەفە و فکر و زانستدا بێ وەرام دەمێننەوە ئەگەر بە واقیعی سادە و بێ تەئویل ڕازی نەبین واقیعی سادەش ئەوەیە کە ڕووداو و مێژوو و کۆمەڵایەتیی سەردەمی کۆن لە خۆوە بێ مامۆستا و دوور لە خوایشتی ئەم و ئەو و فکر و فەلسەفە پەیدا بوون، چ دەستێکی قودرەتیش لە غەیبەوە بۆ خاتری غەیبناس و غەیب نەناسان ڕێچکۆڵەی سەرەوژێربوونەوەی بۆ دنیا نەکێشاوە تاکو لە دواڕۆژدا بیروباوەڕی لە قاڵبدراوی من و تۆ و یەکێکی تر هەموو جاران بەڕاست بگێڕێ. ڕەهایی و بەرەڵڵاییی مێژووی لێرە بەپێشەوە لەوانە نییە بچێتە ناو تەڵە و فاقی تەسکی فکری نیاز لە خۆ گرتووەوە کە لە پێشەوە بڕیاری داوە کام بابەت بە کەڵکی ئامانجەکانی دێن هەر لە پێشەوەش قاڵبی مناسبی ئامادە کردووە بۆ لە چەرخدانی ڕووداو و مێژوو و کۆمەڵایەتی و هەموو جیهان تاکو لەگەڵ پێشبینییەکانی خۆیدا بگونجێن و ببنە بەڵگەی ڕاستی و

دروستییان. ئەوەی ڕاستی بێ، فێڵی ئەوتۆیی لە کۆنەوەش بەکار هاتووە بۆ مەبەستی سەپاندنی بەرژەوەند تەنانەت ناوناو شێخی سەربەرماڵیش وردە مەهارەتی بەکار هێناوە بۆ ئیسپاتی کەرامەتەکان، وەك کە دێت و خەبەری دوورە دەست بەهۆی قاسدی تایبەتییەوە وەردەگرێ بەر لەوەی خەلقی دەوروبەری خۆی بیزانن، ئیتر بەکەرامەت پێیان دەفرۆشێتەوە. ئەمانە دەبن بەڵام لە هەر مەیدانێکدا بێت زۆر ناخایێنێ و بۆفی دیار دەکەوێت. لەگەڵ ئەمەشدا کە بۆفی کەرامەتێکی ساختە دەرکەوت دەشێ ساختەیێکی نوێکرد خەلق بفریوێنێ... زۆر بەداخەوە.

بە ڕاستی زۆر زەحمەتە بازاڕی تەڵەکەبازی لە خودی خۆیەوە ئیفلاس بکات، هەتا ئەو ڕۆژەی زۆربەی ڕۆشنبیران دەکەونە سەر بەرهەڵستیکردنی هەموو جۆرە تەڵەکەبازی و فێڵ و ساختە لە هەموو مەیدانێکی چالاکیی مرۆڤدا خەڕەکی ساختەکاری هەر لە گەڕدا دەبێت و پەند و ئامۆژگاریی تاك و تەرای دڵسۆزیش وەك بانگەوازی بیابان دەبێ چ دەنگێك ناداتەوە... وا دەزانم ئەو ڕۆژەش، جارێ، دوورە.

من کە بە چاوێکی واقیعبین سەیری ئەم جیهانە دەکەم، لە ناو جیهانیشدا سرنج لە حاجی قادر دەگرم بە ئاشکرایی و بێ هیچ گومانکردنێك دەبینم حاجی قادر بە خۆی و سەدی نەوەدی ئەو هاندەرانەی کە لە درێژاییی عومریدا پاڵیان بە هەنگاوەکانیەوە دەنا هاتە ئەم جیهانە.

هەرچی لایەنێکی زانراو هەیە لە کردە و گوتەی حاجی ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ. نووسەر و خاوەن فکری ئەم ڕۆژگارەش حەز لە ڕاستییەکە بکەن یا نەکەن هەر ڕاستە و بە درۆ ناخرێتەوە.

گریمان ئەو ڕاستییە لەگەڵ پێوانە و کێشانەی ئەوان نووسەراندا ڕێك نەکەوت و بە هیچ کلۆجێك گونجانێك لە بەینیاندا پەیدا نەبوو، باشتر بۆ خۆیان و بۆ حاجی و بۆ کورد و غەیری کوردیش ئەوەیە کێشانە و پێوانەکەیان بگۆڕن وەیا وەهای بسازێنن کە لەگەڵ ڕاستییەکەدا بگونجێت نەك ڕاستییەکە بن لێو بخەن وەیا بەرگی بۆ بخوازنەوە تاکو لەگەڵ پێوانە و کێشانەکەیاندا بسازێت و وەقاری بیروباوەڕەکانیانی پێ بپارێزن چونکە ئەم پاراستنە هەموو جاران و بە درێژاییی کات لە ئیمکاندا نییە. ڕاستییە بە درۆخراوەکان لەگەڵ درێژەکێشانی زەمانە وەها کەڵەکە دەکەن و ئەوەندە قورس دەبن، هەرچەند زەمانەشی زۆر بووێ، ئەوساکەش هەموو ئەو ڕاستییانەی زووتر پێشێڵ

کرابوون، وەك تۆپی پڕ هەوای ژێر ئاوخراو، بڵق دەکەنەوە بۆ روونـاکاییی سەر ئاوەکە، حاجی قادریش دەبێتەوە ئەو قارەمانە نەگۆڕاوەی کە گوێ ناداتە گۆڕانی واقیع و دەوروبەر و ئاووهەوا و بەرژەوەندی مادی، نووسەرێکیش پەیدا دەبێ ڕاستییە بێ فێڵەکان لە بارەی حاجییەوە دەنووسێ و دەڵێ.

بەردەوامبوونی حاجی لەسەر ڕەوشتە زگماکەکانی خۆی لە هەموو حاڵ و بارێکدا یەکێکە لەو دیاردانەی ناونـاوە سەر هەڵدەدەن و نەرمە گاڵتە دەکەن بەو بڕیارە فەلسەفییانەی ئادەمیزاد دەکەن بە برای تەرمۆمەتر کە بەپێی ساردبوون و گەرم داهاتنی دەوروبەر جیوەکەی دادەکشێت و هەڵدەکشێت. حاجی قادر وەك تاك تاکە مرۆڤی هەڵکەوتوو، داکشان و هەڵکشانی تەرمۆمەتری نەفسی بە هەڵایسان و دامرکانەوەی دەروونی خۆی هاتوچۆی سەرەوژوور و سەرەوژێری دەکرد، هەر بۆیەش بوو، بە پێچەوانەی چاوەڕوانکردنی دەستووراتی تەرمۆمەتر لە کاتی بەسەربردنی ژیانی نێو سەرەك عەشیرەت و ئاغا و براگەوراندا نەبوو بە نەیژەن... لە هەژاری و نەداری و ئاوارەیی و بێ گوزەرانیدا سەختترین تاکێك بوو بەرانبەر هەرچی ترس و تەماعە. دیسانەوە بە پێچەوانەی چاوەڕوانکردنی پێوانە و کێشانەی حازروبزر، حاجی کە بیری کرایەوە بۆ فکری روون و کەوتە سەر باری نیشتمانپەروەری دەستی دایە پێدا هەڵگوتن بە گەورەپیاو و مەلا و شێخ و دەسەڵاتدارەکانی کورد. تەرمۆمەتری نەفسی حاجی لە چاو هی دەسکرددا سەرەوبن بوو، هەڵکشانی بە ساردی و داکشانی بە گەرمی دەبوو.

چەند خۆشە باری نەفسی و فکری مرۆڤ لەوەدا بێ کە فەلسەفە و بیروباوەڕەکانی تەنگەتاو نەبن بە دەست واقیعی ڕاستەقینەوە. حاجی قادرە و لە سێبەری رێژیمی پێش سەرمایەداریدا، لەو پەڕی هەژارییەوە، خۆ بە گەورەتر دەزانێ لە گەوران... ئەحمەدی حەنبەلە و گیانی خۆی لە بەری دەستی دادەنێ لە پێناو فکرەی قەدیمبوونی قورئان... موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵایە و هەرچی ماڵی دونیا هەیە وازی پێ ناهێنێ لە چەند قسەیێکی دژی بیروباوەڕی گشتیی نێوان عەرەبی ١٣٠٠ ساڵ پێش ئەمڕۆکە. یەکێك لەو دەقانەی خۆی بۆ بەخت دەکرد ژیانەوەی ڕۆژی قیامەت بوو کە بوتپەرستەکان باوەڕیان پێی نەبوو لەوەشدا ئەوان گونجاوتر بوون لەگەڵ فەلسەفەی مادیدا کە لە کۆنەوە چ باوەڕێکی بە غەیب و ژیانەوە نەبووە... سەیر لەوەدایە عەرەبە بوتپەرستەکان لە هیچ سەرچاوەیێکی فەلسەفەی یۆنان و ڕۆمەوە فێری نەسەلماندنی ژیانەوە

نەبوون، ئیمانیشیان بەخوا هەبوو، کەعبەشیان بە ماڵی ئەو دەزانی، حەجیشیان دەکرد... کەسیش ناتوانێ تەعلیلێکی سافیلکەی کۆبوونەوەی ئەم شتە لە یەکتر نەچووانە بکات، تەنانەت مولحیدێکی ئەمڕۆ خۆی ناچار دەبینێت لە هەندێ ڕووەوە لایەنی پێغەمبەر دەگرێ بەڵام لە نوقتەی قیامەت و ژیانەوەدا دەبێتەوە دۆستی (أبو جهل). ئەمانە و سەدان نموونەی وەك ئەمان لە هیچ پێوانە و کێشانەیێکی قەرارداده و قاڵب بەستوودا ناگونجێن مەگەر هەر جارە قاڵبەکە لە قاڵب بدرێتەوە و نەختێك لەبەریەك بکێشرێتەوە بۆ ئەوەی جێگەی متناقضاتی تێدا ببێتەوە کە کارێکی زەحمەت و بێ بڕانەوەشە چونکە هەموو ڕۆژێك لەوانەیە نموونەیێکی نوێ پەیدا بێت و جێگەی دیاریکراوی لە چوارچێوەی قاڵبەکەدا بەرنەکەوێ ئیتر هانا ببرێتە بەر وەستای پسپۆڕ بۆ لە قاڵبدانەوە و جێگە پەیداکردن. بەلای منەوە چاکتر ئەوەیە پێوانە و کێشانەی بەستوو هەرگیز بەکار نەیەت و لە جیاتی ئەو نیگایێکی بەر فرەوانی نەترساوی ئازاد سەیری جیهان بکات بەکۆن و نوێ و سروشت و ئادەمیزادیەوە، هەر چییەکیش دێتە بەر ئەو نیگایەوە بابێت و لە شوێنی دروستی خۆیدا ئارام بگرێت، کە دەستووریش هەڵێنجرا لە واقیع و گۆڕان و نەگۆڕان و ڕووداوەوە با هەڵێنجرێ و لە مەیدانی ڕاستەقینەی خۆیدا تاقی بکرێتەوە، هەر ساتێکیش پووچایەوە با بپووچێتەوە و چ هەناسە سواریشی پێ ناوێ لە من و تۆ وەیا لەو کەسەوە دەستوورەکەی دۆزیوەتەوە. باوەڕ دەکەم ئادەمیزاد ئەوەندە مەخلووقێکی سەیرە لەوانەیە ئەو کەسەی خاوەن دەستوورەکەیە کەمتر وەتەنگ بێت لە پووچانەوەی دەستوورەکەی لە چاو مرید و دەروێش و پێڕەویکەرەکانی. وابووە شەخسێك بە پیرۆز و موقەدەس زانراوە، دوایی هەرچی هۆی تەقدیس و پیرۆزی هەیە لێی تەکاوەتەوە، تەنانەت خۆشی وازی لە داواکردنی پیرۆزی هێناوە، بەڵام مریدەکانی دڕتر و شێرگیرەتر (شێتگیرەتر) بوون لە سەر تەقدیسکردنی، تاکە یەك کێشانە و پێوانەی قاڵبگرتووش نییە بتوانێ بەڕاستی تەفسیری ئەم دیاردەیە بکات لەبەر تیشکی بیروڕای کێشانە و پێوانەکە خۆیدا. هەندێ جار بیروڕای قاڵببەستوو کولانە دەخاتە دیواری قەپێلکەکەی خۆیەوە و تیشکێك لە دەرەوە دەهێنێتە ناو تاریکاییی دەروونییەوە و ئەمەش بە بەڵگەی نیگافراوانی واقیع شناسیی خۆی دادەنێت، کەچی ڕاستیی مەسەلەکە پێچەوانەی ئەم نیگافراوانی و واقیع شناسییە ئیسپات دەکات چونکە فکرە قاڵببەستووەکە لە پێشەوە هەرگیز نەیدەسەلماند هیچ ڕووناکییەك لە دەرەوەی زیندانە فکرییەکەی خۆی هەیە، هەر

کەسێکیش شتی وەهای گوتبا ڕیسوای دەکرد و لە ناوی دەبرد. کەواتە دانهێنانی فکری قاڵب بەستوو بە بوونی ڕووناکییەك لە سەرچاوەیێکی غەیری خۆیدا جۆرێکی بەحورمەتە لە ئیعلانی ئیفلاس، بەڵام پسپۆڕ و وەستای شارەزا ئیفلاسەکە دەخەنە شێوەیێکی ئەوتۆ ئابڕوو بپارێزێت. هەندێ جارانیش سەرەڕای ئابڕووپاراستن بە هۆی چاوبەستەکێی زیرەکانەوە دەعیە و دەماغێکی نوێش بۆ فکرە ئیفلاسکردووەکە پەیدا دەکەن و پتریش سەجدە بەمردیدەکانی دەبەن. بە نموونە دەڵێم لەوانەیە بیروباوەڕێك لە مەیدانی فیزیادا ئیعلان بکا هەر کەسێك بڵێ فڕین بۆ غەیری مەل مومکینە ئەو کەسە گومڕا و شێت و وێتە، دواتر کە فڕین بوو بە باو هەڵستیت و بڵێت: من ئەوەندە نیگافرەوانم و بەڕادەیێك فکری پێشڕۆم، هاتم بە هۆی هێزە پێشکەوتووەکانمەوە هەموو چەرخ و مەنگەنەی زانستم خستەگەڕ و موستەحیلبوونی فڕینم بە درۆخستەوە. ڕەنگە جاری واش هەبێ فکرە قاڵب بەستووەکە هەر بەوەندە ڕازی نەبێ ئیفلاسی خۆی بە ئابڕوو بگۆڕێتەوە، بەڵکو بەربێتە گیانی هەموو ئەو بیروباوەڕە ڕووناکانەی کە ئیمانیان هەبوو بە (فڕین) و لە پێناویدا گیانبازییان دەکرد، پێیان بڵێ ئەم ساختەچییانە بە درۆ و دەلەسە ڕایان دەنوواند خەریکی پێشخستنی پرۆژەی فڕینن چونکە ئەوان بەپێی سروشتی دواکەوتوو و بەرەوپاش چوویانەوە ناتوانن هەنگاو بۆ کەعبەی (فڕین) هەڵێنن کە ئامانجی هەرە بەرزی سروشتناسە پێشڕۆیەکانە. هەر لەگەڵ ئەم قسەیەشیدا، بێگومان، هەموو شاگردەکانی بەیەك دەنگ دەڵێن: سەدەق، دەقاودەق...

ئەوەی لێرەدا دەیڵێم ڕاستییێکی بێ فێڵە، نموونەی ڕاستبوونیشی هەموو ڕۆژێك بەدیار دەکەوێت وەك ئەوەی کە باوەڕێك هەیە لە کۆندا هەر کەسێکی بیگوتبا ئەرز بە دەوری ڕۆژەوە دەخولێتەوە دەیسووتاند، دواتریش خۆی کرد بە پیرۆزباییکەری ئاسمانگەردی و ناونیشانی خۆی بە دیاری نارد بۆ مانگ، وەیاخود ئەو باوەڕەی کە زانستی سایکۆلۆجی بە درۆ و دەلەسە و بیری ڕەجعی دادەنا و ئێستاش وا خەریکە باوەشی پێدا دەگرێت و بۆخۆی دەدزێتەوە. نووسینی نوێم زۆر دیوە لەو بابەتە کە وا بە هەڵمەتبردن بۆ سەر غەیری خۆی پاشەکشە دەکا لە هەڵوێستی دوێنێ و پێرێی...

دەمێکە گەیشتوومەتە قەناعەتی تەواو بە ڕەوانەبوونی ئەم ڕەوشتەی ئینکارکردنی ڕاستی و چاونووقاندن لە واقیع لەبەر خاتری بیروباوەڕ.. فکر ئەگەر خۆی تەسك نەکاتەوە دەتوانێ لە یەکەم ترووکەی دۆزینەوەی ڕاستییەوە باوەشی پێدا بگرێت و

خۆی بەو بگۆڕێتەوە بێ ئەوە شەرم و نەوێران دای بگرێت و بیخاتە سەر باری فێڵ لە خۆ و لە عالەم کردن.

چەند ئاسانە بەلای نیگای فرەوانەوە، ڕاستیی تازە دۆزراوە بکاتە باوەڕی خۆی. ئەم ڕێبازەی سەلماندنی ڕاستی باشترین و سەلامەتترین و جوانمەردترین ڕێبازێکە ڕۆشنبیر لێیەوە بڕوا بەرەو ئامانج، لە هەموو مەیدانەکانی ڕۆشنبیریدا. کە بێین باسی حاجی قادر بکەینە نموونەی تەطبیقی ئەم دەستوورەی سەلماندنی ڕاستی، دەبێ ملکەچ کەین بۆ هەر واقیع و ڕووداوێك کە لە ژیان و ڕەوشت و خەبات و ئەدەب و هەموو شتێکی حاجی دەردەکەون بێ ئەوە مەیلی خۆمان تێکەڵ بە تۆژینەوە بکەین. بەلای خۆمەوە لە یەکەم پیتی سەرەتای ئەم نووسینەوە ڕاستی و واقیعم کردووە بە کەعبەی ئامانج و شوێن پێم هەڵگرتووەتەوە بۆ هەر کوێیەك و بەرەو هەر شتێك بچێ، لەم کارەشدا چی بنگەی لێکدانەوەی کەوا لەبەر دەست و لە دەسەڵاتمدا بووبێت ئەوەم کردووە بە ئیستگە و سەرشاری سەرەتاتکەکانم کە دیارە لەوە پترم لێ داوا ناکرێ، لێشم داوا بکرێ لە ئیمکاندا نییە چونکە دەبێتە (تکلیف بما لا یطاق). لەگەڵ ئەمەشدا کە بێین و کەمبوون وەیا نەبوونی سەرچاوەی مەعلوومات لە بارەی حاجییەوە بێنینە حیسابەوە، ئەو بنگانەی لە بەشی یەکەم و دووەم و ئەم بەشەی سێیەمدا کە بەهۆی لێکدانەوە و شت بەیەکتر گرتن و هەڵێنجانی فکری و ژیربێژییەوە دروست کراون، بنگەی کەم نین، دروستکردنیشیان ئاسان نییە. خوێنەری کورد لێم بسەلمێنێ کە دەڵێم لەو کاتە بە وەخت و بێ وەختەی شەو و ڕۆژاندا کە دەستەچیلەم لە گەرماییی خوێن و فڕکەی دەمار و تروسکەی هۆش و بڵێسەی سۆزم دەسازاند بۆ ڕووناککردنەوەی ئەو هەموو گۆشە تاریك و نووتەکانەی سەر بە باسی حاجی قادر کە لە هیچ لایێکەوە باییی کونی دەرزی ڕووناکییان بۆ نایەت[1]، حیسابی هیچ کۆمەکردن و بەرژەوەندێك لە کاسەی ئیعتیبارمدا نەبووە جگە لە تاکە حیسابی دۆزینەوەی دەربڕینی ڕاستی. من کە بۆ ماوەی دوور و درێژ لەگەڵ حاجی و زەرفە بزرەکانی ژیانیدا بژیم و گوێ بەسەر نەبز و هەناسەیدا بگرم و بەناو تیشك و گەرماییی قسەکانیدا بەرەو دەروونی بڕۆم و لەو دەروونەدا نەفسێکی زل و لە خۆ ڕازی

(١) وەك دۆزینەوەی ساڵی لەدایکبوونی دەرخستنی دەوری شاری کۆیێ لە پێگەیاندنی پیاوی وەك حاجی دۆزینەوەی ساڵی چوونی بۆ باڵەك، ماوەی مانەوەی لە فەقێیەتی، مانەوەی دواتری لە کۆیێ...

بە خۆنازیو خورت و سەرکەش بدۆزمەوە کە خۆی لە دەوروبەر بە گەورەتر بزانێ و بەسەر حوکمی داخوازی ڕۆژگاردا زاڵ بێ و ڕیای ئەو نەزەرییانە بپووچێنێتەوە کە حەز بە بێ دەسەڵاتیی مرۆڤ لە ئاست واقیعدا دەکەن... من کە ئەم ڕاستییە بدۆزمەوە خۆشم لە نەوازشتی موجامەلە ڕزگار کردبێت، چۆن لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئەودا خامەی خۆم ژووروی چاڵ و چۆڵی خاترانەی کورتبینیی نەزەرییان ناخەمەوە بەرەو (شەرەفستان)ی واقیعی ڕاستەقینەی بەر تیشکی نیوەڕۆ؟ کێ بێ لە قووڵاییی دڵە زیندووە هەستیارەکەیدا حەز نەکا سەربازێکی گەردەن کێلی قافڵەی بەرەوپێش چوون بێ و سڵ نەکاتەوە لەو سێبەرانەی تیشکی دەسکرد و بەهەڵەبەری ڕێگران تێکیان داوێن لە نێوان قاچ و قول و هەنگاوەکانی قافڵەکە و بە دەوروبەری شەقامی ڕەوتیدا؟ چەند خۆشە ئەو کاتەی مرۆڤ هەست دەکا لە کردە و گوتەیدا بەسەر کوردە غیرەتیی ئاست باوەڕی چەوتی ڕێز لێگیراودا زاڵ بووە؟ چ شیرینە چەژی هەڵوەستێك کە تەڵەکەبازی و گێلکردن و سەر لێشێواندن و چەوساندنەوە و هەڵمەتەکاسەیی لێی وەتەنگ دێن؟ بەڕاست تۆ بڵێی لە مەیدانی ڕۆشنبیری و مەڵبەندی دۆزینەوەی فکریدا هیچ مەوقیفێك هەبێ شاگەشکەدارتر لە پەلەفڕە و روح پەرەییی ئەو دەمە پیرۆزەی ڕاستیێکی شرایەوەی تێدا هەڵدێنێت لە ناو شەوەزەنگی باوەڕی درۆزنی بەبرەودا؟ کۆپەرنیکۆس بێنەوە بەر یادی خۆت کە (زەوی) لە بەندیخانەی فکری کۆن دەردێنێت و بە دەوری ڕۆژدا دەیخولێنێتەوە! کۆلۆمبۆس لە ڕۆژاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات تێ دەنیشێت! مادام ڕۆڵان بە دەنگ بێنەوە لە گوتە یەکجار مەشوورەکەی ڕووبەڕووی فکرەی (ئازادی)دا! پێم بڵێ نووسەرێکی کوردی بێ سامانی کەم دەسەڵات کە ناتوانێ چەنگاوبازی باسەکانی جیهانی ببێت و لە چارچێوەی خانەوێرانە تەسك و تاریکەکەی خۆی دەرچێت، چیی لە بەردەستدا هەیە شانازیی پێوە بکات لە دروستبینی و ڕاستبێژی بەولاوە؟ کە هات و ئەو هێندە هۆیەی کەیف بەخۆهاتنیشی کردە قوربانی بڕیارە فەلسەفییەکانی حازربەدەست و خۆسەپێن، دەبێ دڵی خۆی تەسکین کات بەوجۆرە شانازییەی کە جاران عەبدە وەفادارەکان سەری خۆیان پێ بەرز دەکردەوە لە کاتی پابۆسی خاوەنە شەرعییەکانیاندا! من بێم حاجی قادر لە تۆقەڵەی شەرافەتی گەردەنفیرازیی خۆیەوە بێنمە بەر پێڵاوی ئەو برا گەورانەی کە خۆی لەوان بە پشتەوە دەگرت، لەبەر خاتری ڕەشایی چاوی ئەو تصورانەی کە شەیدای کڕنووبردنی (تاك)ن بۆ شکۆی (واقیع) دەبمە جەلادێکی بەکرێگیراو بۆ پەڕاندنی سەری قارەمانێك. کە

ئەمەشم کرد لەگەڵ حاجی قادردا دەبێ ئابڕووی هەموو ئەو ئابڕووداراناەش ببەم کە بە پێوانە و کێشانەی دڵگەرمێکی ئەمڕۆ، لەبەر تیشکی نیگا لێڵەکەیدا، نابێ ئابڕوویان هەبووبێ! لەوەندەش نەوەستم، هەرچی مێژوو هەیە سەرەوبنی بکەم بۆ بەر حوکمی ئەو تەصەورانەی کە گەردەنی حاجی قادریان پێ پەڕاندم و ئابڕووی ئابڕووداراناەیان پێ تکاندم! نەخێر ئەمە ناکەم!

ئابڕووی حاجی قادرێك نابەم کە ئابڕووی هاوچەرخانی خۆی کڕیوەتەوە بەوەدا یەکە و تەنها لە جیاتی ئەوانیش پێکۆڵی لە واقیع کردووە، سەری بۆ دانەنواندووە! من لەگەڵ حاجی قادرێکی ڕاست و دروستدا خەریکم، تارماییەکەی بەناو واقیعێکی بێ فێڵدا دەگێڕم. گوتە و کردەی لێ هەڵدەگرمەوە بێ دەسکاری. هەر شەوقێکیش لە باسی ئەوەوە بەم لاو بەولا پڕا تێیڕا دەڕۆم تا ئەو مەودایەی پێی ڕووناك بووەتەوە. ئەگەر هێزی هەست و پێزانینم یارمەتیم بدات دەلالەتی گوتە و کردەکانی دەکەم بەو تیشکەی کە مرۆڤ و واقیع و ڕووداوی ڕۆژگاری ئەوی پێ بناسرێتەوە، لەو ڕووەوە کە حاجی لێی دەوەشێتەوە بە نموونەی ڕاستگۆیی و ڕاسترۆییی ئەو سەردەمە حیساب بکرێ و هەڵوەستەکانی بەرانبەر کەسان و ڕووداوانی ڕۆژگاری خۆی بە شایەدی ڕەوا و باوەڕ پێکراو وەربگیرێن و دە جاران پتر تەرجیح بدرێن بەسەر لێکدانەوەی لایەنگیرانەی وەیا نەشارەزایانەی نووسەرێکی ئەم ڕۆژگارەدا کە دەزانین نەشارەزایی و لایەنگیری بە بەریانەوە هەیە نەك تەنها لە ئاست دوێنێ هەڵەی سەرشێوێن بکەن، بەڵکو ڕووداوەکانی سەردەمی خۆشیان بە جۆرێك بگرنە ژێر تیر و شیری لایەنگیری و نەشارەزاییەوە کە ئیتر بەکەس نەناسرێنەوە، ئەو ڕووناکاییەی کە لێشیانەوە هەڵدەستێتەوە یا هەر بەجارێ لە شەوەزەنگی دووکەڵی هەڵەکان تێبڕ نەکات یا ئەگەر تروسکەیێکیشی لێ بینرا بیروڕای سافیلکان بەرەو هەڵدێر و تەلانی ئەوتۆ ببات کە هەزار سەرمەقولاتەی تێدا لێ بدات. وەك ئەو نووسینە ڕێز لێگیراوەی کە دەڵێ بۆرجوازیەتی بەغدا نەیدەهێشت (دەرویش عەبدوڵڵا)کەی ناو هەڵبەستی (گۆران) لە ساڵی ١٩٣٠دا بگاتە ئیستگەی ڕادیۆی بەغدا و هونەری نەیژەنیی خۆی بە مەردم ڕابگەیەنێ، لە حاڵێکدا زۆرینەمان دەزانین چەندین ساڵ پاش ١٩٣٠ ئێستگەی بەغدا دامەزرا، بەمەشدا ڕوون دەبێتەوە بە زۆرەملێ و لە ڕێی لایەنگیری و نەشارەزاییەوە نەبێ ناشێ گوناهی نەگەیشتنی دەرویش عەبدوڵڵاش بخرێتەوە سەر گوناهەکانی تری بۆرجوازیەتی بەغدای ساڵی ١٩٣٠. ئەم تەرزە نووسینە، ناچارە دەبێ جارێکی

تریش چاو لەو ڕاستییە بنووقێنێ کە هەمان بورجوازیەتە بە زۆر تاوانبارکراوی مەسەلەی دەروێش عەبدوڵڵا هەر خۆی بوو ڕێی بە گورانیبێژی نەمری کورد (کاوێس ئاغا)دا کە لاوکی شۆڕشی شێخ مەحموودی دژی ئینگلیز لە کۆمپانیاکانی بەغدادا بکاتە قەوان و بە هەموو ولاتدا بڵاو بێتەوە. تۆ بڵێی نووسەرەکە لە هیچ پەنا و پەسێوی فکر و فەلسەفەیدا کەلێن و دەرفەتێکی ئەوتۆی چەنگ نەکەوێ کە لێیەوە بەرەو حەسانەوەیێکی فکری بڕوات بەوەدا لایەنی لە ناوبردنی شۆڕشی شێخ مەحموود جودا کاتەوە لەو لایەنەی ڕێی دا بە پڕکردنەوەی قەوانی کاوێس ئاغا کە هەر خۆی بوو گوناهی مەسەلەکەی دەروێش عەبدوڵڵای نەکردبوو؟ ئەگەر ئەم دەرفەت و کەلێنە لە بیرو باوەڕەکەیدا پەیدا نەبێ، بێگومان بە درێژاییی عومری نووسینی خۆی ئەم خانەبگیرییە بە مێژوو دەکات.

من چەندێکی ناڕەوایی و ناشیرنیی گۆڕینی ڕووداو و مێژوو دەبینم، جار لە جار پتر بێزم لەو کارە دەبێتەوە و دەم بەدەم زیاتر خۆم دەلکێنم بەو شتەی بە ڕاستی دەزانم، هەتا لەو مەیدانەشدا تەجرەبەم دەوڵەمەندتر دەبێ بێباکتر دەبم لە ئاست توانجی نەشارەزا و کەم ئینسافان. هەرچەند فێڵ لە خۆم ناکەم بەوەدا کە ئومێدی ساختە و مەوهووم بەرەو ئەو قەناعەتە وشك و برینگەمەوە ببات کە گۆیا نووسینی ڕاست و بێ لایەنگیری بتوانێ پێشی لافاوی دەسکاری و سەرڕۆیی و درشتبینی و هەڵبەستنی وەك حیکایەتەکەی دەروێش عەبدوڵڵا بگرێت، کە دەزانم سەدان دەست و قەڵەم ئامادەن پشتگیریی لێ بکەن – ڕەنگە یەك خامەش نەبێ وەیا نەوێرێ ئافەرین بکا لە بەدرۆخستنەوەی – لەگەڵ ئەمەشدا نەك تەنها هەر بەردەوامبوون لەسەر ڕێبازی ڕاستی و ئینساف بە فەرمانی ئەخلاق دەزانم، بەولای بەردەوامبوونەکە، بە دەست خۆم نییە، جار لە جار پتر هەستی شەرمکردن و بە خۆداشکانەوە دەمگرێ لە جیاتی ئەو کەسانەی شەرم نایانگرێ لە هەڵبەستندا، وەیا ڕێی بەخۆدا شکانەوەیان نییە لەو شتانەدا کە بە ناچاری هەڵیان دەبەستن. ئەم هەستی بەخۆداشکانەوەی لە جیاتی غەیر تووشی هەموومان بووە و خەجاڵەتیمان تێدا کێشاوە. وەك بڵێی لاشعوورمان خۆمانی لە جێگەی ئەو غەیرەدا داناوە و ختووکەی هەستی کەمایەتی و پەستیی بە لەشماندا هێناوە. وابووە ئەوانەی لە مەحکەمەدا دەبینن شایەدی درۆزن قورئان دەخوات بۆ سوودێك وەیا شتێکی کەم، ئارەقی شەرمەزارییان لێ دەتکێت هەرچەندە شایەدەکە بەهۆی ڕاهاتن لەو کارەدا هەستی عەیبەشی سوابێت. من وەیا یەکێکی تری

وەك من كە لە دادگەی مێژوودا نووسەری شت هەڵبەستوو بە شایەد دەبینین، پتر لە دانیشتووانی دادگەی ڕەسمی مافی بەخۆداشكانەوەمان هەیە، پتریش لەوان پەرۆشی لە دەستچوونی ڕاستی بێ ئۆقرەمان دەكات چونكە شایەدیی هەڵبەستراو لە دادگەی مێژوودا قودسیەتێكی گەورەتر و گرینگتر دەشكێنێ لە قودسیەتی پارەی دەعواكەی دادگەی ڕەسمی، زیانیش بە ملیۆنەهای ئادەمیزاد دەگەیەنێ نەك بە چەند كەسێكی خەسارەكردووی دەعوای (صلح). ئەم سۆز و پەرۆشەی من لە خەڵەت و پەڵەتەكەی ناو باسی دەرویش عەبدوڵڵا بۆ خۆم و بۆ خۆت و هەموو ئادەمیزادە لە هەموو جێگە و كاتێكدا نەك بۆ بۆرجوازیەتی بەغدای ١٩٣٠ كە ئەوەندە خوێڕوو بوو لەسەر خۆیشی نەدەكردەوە، ئەوەندەش ترسنۆك بوو ڕۆژنامەیێكی نەبوو قسەی باشی بۆ بكات... لەسەرخۆكردنەوەی چی و ڕۆژنامەی چی لە حاڵێكدا ئەو جارێ هەستی بە چینایەتیی خۆی نەكردبوو و چ دەستێكی نەبوو لە سیاسەتی دەوڵەت. گەورەترین سەرمایەداری عیراق بایی نیوەی یەك نائیبی (معارض) سەنگی نەبوو. سەرمایەی عیراق ئەو بێ ناوك و ناوەڕۆكە بوو كە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بەقەدەر دەیێكی جێگایەكی وەك ئیسپانیای سەدەی پازدەم چالاك و ئازا نەبوو تا ئەگەر ئەو لەو سەردەمانەدا كریستۆف كۆلۆمبی بەرەو ڕۆژاوای ئەتلانتیكی ترسێنەر هەناردبا بناری پیرەمەگروون و قەندیل نالێم تۆقە سەریان! سەرمایەداری عیراق، بەداخەوە، شەپرە لێداوێك بوو كە نەیتوانی چ دەورێكی ئەوتۆی هەبێ لە بەرەوپێشبردنی شارستانەتیدا، بە هەموو عومری عیراقی پێش شۆڕشی ١٩٥٨ سەرمایەدار بە بەرتیلدان دەگەیشتە خزمەت كاربەدەستێكی میری... زەندەقی لە پۆلیس دەچوو... بێگومان بۆرجوازیەتی عیراقی پێش ١٩٥٨ بەقەدەر شۆڕشگێڕ لە حكومەت دەترسا بەقەدەر حكومەتیش لە شۆڕشگێڕ دەترسا. چەند غەڵەتە بگوترێ ئەم بۆرجوازیەتە ترسنۆكە بێ ناوكە وێراوەتی بەرهەڵستی لە دەرویش عەبدوڵڵا بكا لە گەیشتن بە ئیستگەی ڕادیۆ، كە دەزانین جارێ ئیستگەی ڕادیۆش نەبوو، چونكە لە چاو سوورکردنەوەیێكی كارگێڕی گشتیی ڕادیۆ زراوی هەرچی سەرمایەداری گەورە هەبوو دەڕژا... لە پۆلیسی بەر دەرگاكەی دەترسا. مێچكە مێچكەی لەبەر فەڕاشەكەی دەكرد... بەڕاستی شەرەفێكی زۆر گەورەی بێ بنج و بناوان بە بۆرجوازیەتی عیراقیی ١٩٣٠ دەبەخشرێ بەوەدا كە بگوترێ ئەو دەیتوانی دەرویش عەبدوڵڵا لە ئیزاعە بگێڕێتەوە... بەڵێ بێگومان من مەبەستم لەسەركردنەوەی

بۆرجوازیەتی بێ جورئەتی عیراق نییە لە ڕاستکردنەوەی هەڵەی مەسەلەکەی دەروێش عەبدوڵڵادا، بە پێچەوانە من دەمەوێ لەسەر خۆم و خۆت و دەروێش عەبدوڵڵا بکەمەوە چونکە دەزانم رەوادیتنی خێراکردنی هەشت نۆ ساڵە لە دروستکردنی ئیستگەی بێتەلی بەغدا بەنیازی تاوانبارکردنی سەرمایەداری لە ئاست دەروێش عەبدوڵڵا و کورددا، دەرگەی ڕەوا دیتنی هەموو نیازێکی پێچەوانەش دەکاتەوە لە هەموو جێگە و کاتێکدا، هەر جارەش لە ژێر ناونیشانێك و بەهۆی جۆرێك لە جۆرە بێ ئاماژەکانی تەڵەکەبازییەوە. هیچ دوور نابینم هەندێك لە خوێنەرەوەی ئەم گوتانە خۆیان بەر قەمچی و دەمەتیغی تاوانی درۆزن و هەڵبەستراو کەوتبن لەلایەن ئەوانەی ناوچەوانیان دڵۆپە ئارەقی خەجاڵەتی پێدا نایەتە خوارەوە.

هەمان ڕقبوونەوەم لە شت هەڵبەستن و بێ باکیم لە ئاست توانجی بێ ئینسافدا وای کرد خۆش ئامەدی بکەم لە نووسینێك کە بیروڕایەکانی ناو بەرگی یەکەمی (حاجی قادری کۆیی)ی بەمیتافیزیکی دانابوو.

جارێ با لە پێشەوە ئەوە بڵێم وەسفی میتافیزیکیەتی ئەو پیاوتۆقێنە نییە کە وەها بە ڕاشکاوی لە مرۆڤ ببێتە عەیب، خۆدانەپاڵ ماددییەتیش ئەو شەهادە سەلمێنراوە نییە کە هەموو نیوە خوێندوانیش بە (علامة الدهر) لە قەڵەم بدات. زۆر پیاوی باوەڕهێناو بە میتافیزیك ئەوەندەی شەرەف لێ دەتکێ بەشی عەشیرەتێك دەکات، هێندەش زانایە ٥٠ شاگردی مادەپەرستی هەیە. شادەماری میتافیزیکیەت لە هەموو مێژووی ئادەمیزاددا ئەوەندە بە فڕکە بووە بەزۆری فڕکەی شادەماری ماددییەتی لە نەزەر خۆیدا کزکردووەتەوە.

(جان دارك) هێندە میتافیزیکی بووە هەر دەڵێی (رابعة العدوية)یە، هەموو کردە و گوتەیشی دەنگدانەوەی ئەو سروشانە بووە کە دەیبیستن و تێیان دەگەیشت لە تەطبیقیشدا ڕاست دەردەچوون پتر لەوەی پێشبینی ماددییەکان ڕاست دەردەچێ. چیرۆکی شانۆگەریی Saint Joanی برنارد شۆ بخوێنەوە و لەو میتافیزیکیەتە بگە. (جان دارکی) قوتابخانەی میتافیزیك پێشڕۆی گەلی فرەنسە بوو نەك زانایێکی مادی وەیا زەعیمێکی جووڵانەوەی سیاسیی دنیادۆست... حاجی قادر ئەوەندە میتافیزیکی و سەر بەخوا و غەیب و کەرامەتە ئەگەر لەو میتافیزیکیەتەدا پارسەنگی نیگای زانستپەروەری لەنگەری بۆ ڕانەگرتبا خێرا بەخێرا دەبووە یەك لەو دەروێشانەی زەرگ وەشێنی دەکەن بۆ غەیب. با لە نموونەی گیانلەبەر وازبێنین و یەخەی زانستی ڕووتی

بـێ پـەردە و پـەنـا بـگـریـن، لـەم سەردەمـەدا زانست ئـەوەنـدە مـەیدانـی بـێ ئـەژمـاری هـەمـەچەشنەی بـێ سنووری لە جیهاندا دۆزیوەتەوە ناچار بووە چاویلکەی فەلسەفە و فکری ڕووتی خواستووەتەوە بۆ تێوەڕامانیان چونکە چاو و چاویلکەی موختەبەر و تەطبیق پێیان ڕاناگات و ڕەنگە تێشیان نەگات کەچی پێش حەفتا ساڵێك ئەویش وەك مادیی سادە دانی بەفەلسەفەدا نەدەهێنا، هەرچی بەر تاقیکردنەوەی موختەبەریش نەکەوتبا حیسابێکی بۆ نەدەکرد. گەلێك لەو دۆزراوانەوەی چەند ساڵی دوایی، لە ساڵانی سەرەتای ١٩٠٠ دا بە ورێنە و خەونی میتافیزیکی دادەنران... لە مەیدانی سیاسەتیشدا زۆر لە هەڵوەستەکانی بەرەی شۆڕشگێڕی ئەم سەردەمە بەکێشانە و پێوانەی شۆڕشگێڕی پەنجا ساڵ پێش ئەمڕۆ بە خیانەتی ڕووت لە قەڵەم دەدران. هەزاران نموونەی ژیانی ڕۆژانەمان لە هەموو مەیدانێکی چالاکیی مرۆڤدا ئەوەمان بۆ ئیسپات دەکات کە جیهان (یا ڕەش یا سپی) نییە، لە نێوان ڕەش و سپیدا هەزاران ڕەنگی تر هەیە کە ئەگەر چاو نەیدیت دەبێ بە مەفهوومی مادیی تەسك پێی بگوترێ (میتافیزیکی) هەرچەند خاوەنەکەشی لە یەك دەقیقەدا دە کوفران بکا بۆ ئیسپاتی مادیبوونی خۆی. چ دەمەتەقە لەوەدا نابێ هەبێ کە مرۆڤی (مادی)ی سادە وەك مرۆڤی (میتافیزیکی) سادەیە، هیچ کامێکیان لە بیروڕا و فەلسەفەکەیان ناگەن هەر وەك سەعات لە گەڕان و کات ژماردنی خۆی ناگات. لەلایێکی تریشەوە ئەو فەرق نەبوونەی نێوان مرۆڤی مادیی سادە و میتافیزیکیی سادە دەیانگەیەنێتەوە یەکتر کە هەردووکیان باوەڕەکەیان دەپەرستن، تەنانەت دەشێ بیروڕایان بەیەکتر بگۆڕنەوە و هیچ نوختەیێکیش لە ئاکار و ڕەفتاریان نەگۆڕێت. بەشێکی زۆری گەنجی هەرزەکار لە ماوەی ساڵێکدا، وەیا کەمتریش لە ساڵێك، لەوپەڕی ئیلحادەوە باز داوێن بۆ ئەوپەڕی دینداری، بەپێچەوانەش... هەڵبەت من ناڵێم ڕێبازی مادی و میتافیزیکی لە بنەڕەتدا یەك دەگرنەوە کە دەزانم لە بنەڕەتدا و لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە دژی یەکترن، ئەوەی دەمەوێ لێرەدا بیڵێم شتێکە هەر بایی ئەوە دەبێ کە ببێتە وەرامێکی کورتیلەی ئەو قسەیەی زۆر سافیلکانە بە ڕایەکانی من دەڵێ میتافیزیکی، لەوەشدا چەند وشەیێك لە فەرهەنگی بێ پایانی (مادە و میتافیزیك) دەردێنم و بەس:

١- گەلێك لەو دیاردانەی وەیا بۆچوونانەی جاران لە بەرچاوی زانستی مادیی تازە گەشەسەندوودا بە میتافیزیکی دادەندران، دەرکەوت لە بنەڕەتدا و لە ڕاستیدا مادین بەڵام مادیبوونەکەیان ئەو جۆرە نییە کە لە موختەبەردا هەستی پێ بکرێ.

٢- ئینکارکردنی زۆر شتی بەڕواڵەت میتافیزیکی لەلایەن زانای مادییەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەم مەعلوماتیی زاناکە، هەروەك گێڕانەوەی گەلێك دیاردەی سروشت بۆ سەرچاوەیێکی مادیی ئاشکرا، ئەویش لە نەزانینەوە بووە چونکە سەرچاوەکەی شتێکی مادیی یەکجار بزرتر و دوورەدەستترە لەو سەرچاوە دەست هەڵێنجەی کە زانستی ناکامڵ پێی دەگات.

٣- دەردەکەوێ، لە ئاکامی پێشکەوتنی زانست، ڕاستییە یەکجار قووڵەکانی مادی لە چاو بیروباوەڕە سەراوەکانی زانستی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، وەها لە تاریکی و نەزانراویدا ڕووچوون هەر دەڵێی سەر بەغەیبەوە دەنێن.(لەو شتانەی پێیان دەڵێن: Black Holes – کونە ڕەشەکان) مەودا و کات نامێنن و خێراییی بزووتنەوە لە خێرایی ڕووناکی تێ دەپەڕێت کە ئەمە قسەیەکە لە هی مەحێدین ئەلعەربی و شەمسی تەبریزی دەچێت...) چەند سەیرە ئەو قسەیەی دەڵێ لەو شوێنانەدا هەموو زەوی بەقەدەر یەك تۆپی بلیاردۆی لێ دێتەوە. قسەی مەحێدین ئەلعەربی شتێکی وەهای باس کردووە لەوەدا کە گوتووەتی (أرض السمسمة) چەند جاران ئەوەندەی هەموو ئەرز گەورەیە... دەبینی ئەو تۆقینەی جاران پیاوی مادی دەتۆقی لەو شتانەی خزمی غەیبن، وردە وردە دەبێتە تۆقینێکی وەك ترسی ئەو دەرویشەی پێی گوترابا شێخەکەی ئاگای لە غەیب نییە.

٤- ساڵە و ساڵ و جیلاوجیل ئاشکراتر و ڕوونتر دەبێتەوە، هیچ یەکێك لەو نەزەریانەی تەعلیلی سروشت وەیا کۆمەڵایەتی وەیا زاتی مرۆڤ بوون بایی جوزئێکی کەمی کارەکەی خۆیان ناکەن چونکە کارەکە یەکجار یەکجار یەکجار پان و قووڵ و مەتەڵاویترە لەوەندەی هاتبووە بەر نیگای خاوەن نەزەریەکەوە. هەر ئەم کورتهێنانەی نەزەریەکانیشە وا لە مریدەکانیان دەکات بەگژ دار و بەرددا بچن کە دەبیەن یەکێك دەوێرێ بڵێ نەزەریە کورتی هێنا وەیا غەڵەتی کرد. صوفی چەند دادەچڵەکێ کە بیستی یەکێك بڵێ شێخەکەی هەموو شتان نازانێ، مریدی نەزەریەی مادیش وەك ئەو زەرگ وەشێنی دەکات لە حاڵی وەك ئەودا، هەر هێندە فەرقە لە بەینیاندایە کە صوفیەکە توهمەی کافر بوون لە خەلق دەگرێ مریدە مادییەکەش توهمەی خیانەت و ڕەجعیەت!

ئەگەر بمانەوێ دەتوانین تەواوێك بەدوا پووچاندنەوەی توهمەی (میتافیزیکیەتی) بکەوین، تەواوێکیش لە بەخۆنازینی (مادییەتی) سافیلکە داشکێنین و یەك بستیش لە

ڕاستی و ئینساف و سوودی ئادەمیزاد و چینی هەژارانیش لامان نەدابێ. لەگەڵ ئەم تێبینییانەشدا کە بگەڕێیتەوە بۆ بەشی یەکەمی نووسینەکەی من لە کتێبی (حاجی قادری کۆیی) گەلێك لێکدانەوەی مادیی تێدا دەخوێنیتەوە کە ئەگەر چیتر بەرەو مادیەت ڕۆیشتبان دەبوونە ئەفسانە. یەکێك لەو بیروڕایە مادی و بنجییانەی کە لە پێش من چ نووسەرێکی تر بۆی نەچووبوو ئەو ڕایەم بوو کە دەڵێ هۆی پەیدانەبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە مێژوودا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیاردەیەی کە ناوم نابوو (نزیف اقتصادی). پێم بڵێ کام بیروباوەڕی ژیر و بێ هەڵپ لەم بۆچوونەی من مادیترە؟ نووسەرێك نەختێك پەرۆشی ڕاستی و سوودی ئادەمیزادی هەبێ، ئەم ڕایە دەهاوێتە بەر حوکمی زانست و ڕووداو و حاڵ و وەزع و جوغرافیە و مێژوو و هەموو ئەو شتانەی کە ڕاستبوون و هەڵەبوونی بیروباوەڕانیان پێ تاقی دەکرێتەوە، نەك لەوپەڕی لایەنگیری و تەسکپێویی خۆیەوە بێ وردبوونەوە بڵێ ئەمە میتافیزیکییە.

سەرلەبەری نووسینەکەی ناوبەرگی یەکەمی (حاجی قادر...) بخوێنیتەوە دەبینی هەمان نۆڕینی مادی و واقیعیی کردووەتە ڕابەر، چونکە بەپێی بینینی خۆم هۆی مادیم هاتوونە بەر هەست لە لێکۆڵینەوەی ئەو شتانەدا کە لەوێ لێیان کۆڵراوەتەوە، خۆ ئەگەر دیتبام نوشتە و کشتەك وەیا جنۆکە و مێردەزمە هۆی ئەو شتانە بوون ئەوساش شەرم دای نەدەگرتم و باسم دەکردن، لە واقیعیشدا گەلێك جاران بیروڕای ئەفسانەیی بوونەتە هۆی ڕووداوی مێژوویی هەرچەندە ناوەڕۆکی ئەفسانەکە لە خۆوە کاریان نەکردووە، بەڵام خەلق باوەڕیان پێی کردووە و بە ناوی ئەوەوە و بۆ ئەویش جەنگاون. لەوانەیشە بەپێچەوانە، نەك ئەفسانەی درۆزن بەڵکو مەبەستێکی مادیی درۆزن و خەیاڵی خەلقی جوولاندبێتەوە و ماڵوێرانی کردبن. من کە بزوێنەری درۆزنم هاتە بەرچاو ئینکاری ناکەم چونکە درۆزنییەکە نابێتە مانیعی هەبوونی، لە بزوێنیەتیشی ناخات. بەمن چی موفەکیری مادی وەیا غەیبی کەیفی بەو بزوێنە درۆزنە نایەت. دەزانین دنیا زۆر مرۆڤی درۆزنی تێدایە نەك هەر بزوێنەر، خۆ نایەین ناوی درۆزنەکان لە دایەرەی نفوس بسڕینەوە. بە هەمە حاڵ نووسینەکەی بەرگی یەکەمی (حاجی قادر) چیی لە واقیعدا هەبووبێ و کاریگەر بووبێ ئەوەی باس کردووە، قۆنتەراتی نەگرتبوو ئەو ڕاستییانەی نیوە خوێندەوار حەزیان لێ ناکەن چاویان لێ بپۆشێت وەیا لە ناویان ببات. ئا ئەمەش چەند نموونەیێکی شیکردنەوەی مادیی ناو نووسینەکەن کە بڕوا دەکەم هەموو نووسینەکە هەر لەو بابەتەیە:

١- دۆزینەوەی دیاردەی دەولەمەندیی گیاوگۆڵ و گوڵ و گوڵزار لە دیوانی (نالی)دا، کە بەڵگەیە بۆ پەروەردەبوونی نالی، بە منداڵی، لە لادێ و دەشت و دەردا، نەبوونی ئەو دیاردەیەش لە دیوانی (حاجی قادر)دا کە ئەویش بەڵگەیە بۆ پەروەردەبوونی قۆناغی منداڵیەتیی ئەو لە شاری (کۆیێ) نەك لە (گۆڕ قەرەج).

٢- دەرخستنی توانەوەی پێوەندیی عەشیرەتایەتی لە وڵاتی کۆیێ لە ئەنجامی تەئسیرێکی کۆن و بەردەوامی بۆرجوازیەتی کۆیێ لە ژیانی دەشت و دەری نێزیکی خۆی.

٣- دابەشبوونی پتر لە ٧٥٪ی زەوی و زاری وڵاتی کۆیێ بەسەر خوردە مالیك و فەلاحاندا، ئەویش بەهۆی پشتگیریکردنی هێزی بۆرجوازیەتی کۆیێ لە فەلاحی ئەو هەرێمە بەدرێژاییی مێژوویێکی زۆر کۆن.

٤- دەستنیشانکردنی ئەو هۆیە مادییانەی کە لە کۆنەوە بڕیاری هەبوونی شارێکیان داوە لەو جێگەی کە شاری (کۆیە)ی لێ هەڵکەوتووە.

٥- پەیوەستبوونی خوێندنی مەلا و فەقێی کورد لە چارچێوەی کوردستانی گەورەدا بەهۆی هەبوونی هەستێکی فیتری خۆ بە کورد زانینەوە.

٦- تێخوێندنەوەی دەوری زەوی و زارە میراتییەکانی بنەماڵەی (حاجی قادر) لە پتەوکردنی هەستی بەخۆنازینی (حاجی) لەو ڕووەوە کە قەمچیی ئاغای بەسەر پشتی خۆیەوە نەدیتووە.

ئەمانە مشتێکن لە خروارێك کە هەموویان لە جەرگەی واقیع و شیکردنەوەی مادییەوە هەڵدەکوڵن، جا کە یەکێك بێت و بەسافیلکەیی ئەمانە بە لێکدانەوەی میتافیزیکی دابنێت، ئەو کەسە دوو جاران مێشکی خۆی لە بێنە و بەرە و گیروگرفت و گرێ و گاڵی ئەم جیهانە مەتەڵاوییە حەساندووەتەوە. جارێکیان لەوەدا کە نازانێ (میتافیزیك) چییە، جارێکی تریش بەوەدا کە مادییەتی بە میتافیزیك لە قەڵەم دا دیارە نازانێ مادییەتیش چییە، ئەوساش دەکەوێتە ژێر سێبەری پڕ حەسانەوەی ئەو پەندە کوردییە زۆر مەشوورەی کە دەڵێ (نازانم ڕاحەتی گیانم).

لەو بەشە یەکەمەی کتێبی (حاجی قادر) کە پێی گوترا نووسینی میتافیزیکی، دەوری یەکجار گرینگی خوێندنی فەقێیانە لە پێکهێنانی پێوەندیی گشتیی نێوان ئەمسەرەوسەری کوردستانی گەورەدا دۆزراوەتەوە کە لە هیچ مەیدانێکی پێوەندیی

سەدان و هەزاران ساڵی مێژووی میللەتی کورد سێبەرێکی ئەو پێوەندییەش نەبووە. بەڵێ دەزانین خەلق لەگەڵ یەکتردا مامڵەتیان دەکرد بەڵام نەك مامڵەتی نێوان سنە و دیاربەکر، فەلاح و کرێکاریش هەبوون بەڵام هی کۆیە ئاگای لە هی وان نەبوو، قسەشیان کوردی بوو بەڵام کابرایەکی هەولێری لەوانە بوو تا مردن یەکێکی سابڵاغی نەبینێت. ئا لەم حاڵەتە بێ پێوەندیی مادیی گشتیدا فەقێیەکی سنەیی و دیاربەکری و یەکێکی کۆیی و هی وانی و هەولێری و سابڵاغی لە سلێمانیدا یەکتریان دەگرتەوە و لە پێنجوین بەیەکەوەیان دەخوێند و بەرەو خانەقین دەڕۆیشتن... ڕۆشنبیر ئەگەر چاوی خۆی نەبەستێتەوە ئەم دیمەنە هی نەدیتن و ئینکارکردن نییە، دوای دیتنیشی ئەگەر نەزەریە و بیروباوەڕی خۆی تەسك نەکاتەوە لەوانە نییە هیچ نەزەریەیێکی مام ناوەنجیش خۆی لێ وەتەنگ بێنێت.

وا دەزانم تێخوێندنەوەی دەوری گرینگی ئەم پێوەندییە گشتییەی نێوان کوردان لە بەشی یەکەمی (حاجی قادری کۆیی) لە سەری بە (میتافیزیك) حیساب کرابێت بە نامەی ئەمەوە کە دەرس و دەوری مزگەوتان پێوەندیی بەخوا و ئاین و مردن و ژینەوە هەیە کە ئەمانە جەرگەی میتافیزیکن.

خوێنەری کورد!

چ سووچێکی من و مەلا و فەقێ و حاجی قادر و زاناکانی ئیسلامی لێرە بە پێشەوە لەوەدا نییە کە بەدرێژاییی مێژووی هەزاران ساڵەی کورد نە تیجارەتێکی سەرانسەر، نە بزووتنەوەیێکی گشتیی کوردایەتی، نە جوولەیێکی چینایەتیی بەرچاو، بگرە مردەڵانەش، نە هیچ پێوەندیێکی تری مادی لە منداڵدانی کوردستانی گەورەدا ڕسکاوە تاکو بن لێو خستنی، منی تێدا گوناهبار ببم وەیا خوێندنی فەقێیانە تێیدا بەرپرسیار بێت، هاتوچۆی هەزاران مەلا و فەقێش بە پانایی و درێژاییی کوردستاندا بۆ ماوەی هەزار ساڵ، ئەویش چ بەرهەڵستی جوولەی کوردایەتی و چینایەتی و مادییایەتیی نەکردووە، ئەو پێوەندییەی کە پێکیشی هێناوە لە نێوان کوردەواریدا و تاکە پێوەندیی گشتی بووە، ڕێی نەبووە هەست بەوە بکات کە لە دواڕۆژدا لێکدانەوەی مادیی نیوەچڵ لێی وەتەنگ دێت تاکو لەبەر خاتری ئەو بڕیاری ئیعدامکردن و نەهێڵانی خۆی دەرچووایەدبا، کە دەریشی نەچووایە ببێتە جێی گلەییی نووسەرێکی مادیی شلکی دواڕۆژ. ئایا من لە ئاست ئەم هەڵوەستە ناڕاحەتەی ڕۆشنبیری وەها (تەسکبین)دا چیم کردبایە باش بوو؟ دیارە بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی لێکدانەوەی تەسکبین و

درشتبین کەوا نەك هەر بەرانبەر تێکڕای جیهانی مادیی بەسەهوو دەچێت، بەڵکو بە پێوانەی هەموو لێکدانەوە و بیرکردنەوەیێکی مادی بەرفرەوان و ڕاست و دروستیش هەر بە هەڵە و ناڕاست لە قەڵەم دەدرێت، بەڵێ بۆ خاتری ئەم ڕەزامەندییە دەبوو من دوو جاران مێژوو بکەمە (کۆسەبەبی – بلیاچۆ) کە دێت ریش و سمێڵی خۆی دەتاشێت و مووی دەسکردیان بە جێگەوە دەنووسێنێت، منیش بێم ریش و سمێڵی مامە مێژوو بتاشم بەسڕینەوەی دەوری یەکجار بەرچاو و بە تەئسیری خوێندنی مەلایانە، ریش و سمێڵێکی دەستکردیشی پێوە بنێم بە هەڵبەستنی پێوەندیی مادیی گشتی لە نەبوونەوە، تاکو ناوناوە دەست و قەڵەمی لەرزۆکی نووسەری ترسنۆك و تەقلیدی بە پەنجە بێ جورئەتەکانی شانەی ئەو ریش و سمێڵە درۆزنە بکات و خوتخوتەی گومانەکانی ناو دڵی خۆی پێ بڕوێنێتەوە بەدەم وەنەوزی سەرەتای خەوە پڕ خەون و خەیاڵە خۆشکەڵانەکانی نیمچە خوێندەوارییەوە.

بەهـ بەهـ لەو دەسکارییە نارەوایەی مێژوو!

بەهـ بەهـ لەو حەسانەوە درۆزنەی لێکدانەوەی نیوەچڵ!

تێکڕای ئەو بیروباوەڕانەی وادەزانن شیکردنەوەی مێژوو بەشێوازی مادی بریتییە لە دۆزینەوەی پێوەندیی مادیی ڕەق و زەق و بەوەزن و سەنگ خۆ دەدزنەوە لە واقیعێکی کۆمەڵایەتیی گەلێك گەورەتر و بەرینتر و قووڵتر و ئاڵۆزکاوتر و بە گیروگرفتتر لەو واقیعە سادەی کە بە موعادەلەی ریازی و پێوانەی بەرژەوەندی بازاڕی و ڕاستە حیسابی کڕین و فرۆشتن و سوود و زیانی مامڵەتی ڕۆژانە شی دەکرێتەوە. هەر وەك مرۆڤ بریتی نییە لە ٦٠ کیلۆ ئاو و ١٠ کیلۆ خوێ و چەند کیلۆیەك ئاسن و خەڵووز و گەچ کە نرخی هەموویان لە دوو دینار تێپەڕ ناکات هەروەها کۆمەڵایەتیش بریتی نییە لە چەند دەستوورێکی سادەی بێ قووڵایی و لەسەر زەقایی مادە هەڵچەقیو. مرۆڤ و کۆمەڵایەتی بەهۆی ئەو تایبەتییە یەکجار بێ مانەندانەی کە لە هەموو جیهانیان جوداواز دەکاتەوە بە سروشت و گیانلەبەریەوە، لە شێوەیێکی زۆر ئاڵۆزکاو و سەیر و گرێیاویدا، پتر لە دەروونی خۆیاندا ڕووچون نەك لە مادە. تەجرەبەی ڕۆژانەی دەیان و سەدان و هەزاران ساڵە ئیسپاتی ئەوە دەکات کە مرۆڤ و کۆمەڵایەتی ڕەگی پێوەندییان بە وجوودەوە لە تۆژاڵی سەرەوەی مادەوە ڕوو دەچێت بەرەو ناخی ناوەڕۆکی خۆیاندا، هەر وەك گیا لە زەوی و ئاو و هەوا و تیشکی ڕۆژەوە مادەی مردوو وەردەگرێت و دەیکات بە مادەی زیندوو (عضوی) هەروەهاش مرۆڤ لە

دەوروبەری مادی و بەرژەوەندی گوزەران و هۆیەکانی مانەوەی نەوع و دیاردەکانی سروشت و هــەزاران مــاکــی بــزوێنــەری چــەرخ و مــەنــگــەنــەی ژیــان و بــوون و بەسەربردنەوەی کەرستەیێکی خامی سەرەتایی دەداتە بەر هێزە زگماکەکانی بێ ئەژماری هەست و زانین و هۆش و سۆز و بەزەیی و ڕقبوونەوە و بە خۆداشکانەوە و ترس و ئازایی و نەزانین و بەسەهووچوون و بیری چەوت و ئێشان و بێ هێزی و خۆشی و نەخۆشی و جینس و تەمەع و حەپەسان و چەند هەزاران خاسیەتی تری ئاشکرا و بزری مرۆڤاتییەوە، لەوەوە کیانێکی مادی – مەعنەوی – عاتیفی – مەنتیقی – غەیبی – تەمەعکارانە – خۆبەختکەرانەی ڕەنگاوڕەنگ و هەزار ئاواز و دە هەزار دەرگە و دەربوونەی لێ دروست دەکات کە هەر یەکێك لەو باریکە ڕێگایانەی لێی دەبێتەوە و تێی دەکەنەوە جیلاوجیلی زانا و پسپۆڕ و پشکنەر و لێکۆڵەرەوە خەریك دەکات و بەشەڕیان دێنێت و لێکتریان نێزیك دەکاتەوە و دووریان دەخاتەوە و پێکیان دێنـێتـەوە تـاکـو لـە ئـاکـامـی ئـەو شەڕ و ئـاشتـبـوونـەوەیـەیـاندا لـەسەر شتـێکـیـان هەڵدەوەستێنێت کە لەوانەیشە جەرگەری حەقیقەتی گرتبێتەوە. تۆ سەیرکە چەندین هەزار ساڵە زانا و فەیلەسووف و ژیر و پسپۆڕ لەسەر تاکە دیاردەی زۆر سەرابی و بەزاهیر کەم بایەخی (خەون) دەمەتەقەیانە و ئەوەی دەیڵێن نایڵێنەوە سات لە ساتیش هـەنگـامـەی دەمـەتـەقـەیـان گـەرمـتـر دەبـێـت. دوور نـابـیـنـم یـەکێك لـەوانـی ئـەم دێرانـە دەخوێننەوە دیاردەی (خەون) بباتەوە سەر بنیچەی خواردنی خواردەمەنیی فوودەری وەك پیاز و نیسکێنە. لە حاڵێکدا زانای وەهاش هەیە خەون دەگێڕێتەوە بۆ بەرایی ٥٠ ملیۆن ساڵێك کە ئەوسا هێشتان باپیرە گەورەی مرۆڤ لە پلیکانەی تطوری بایلۆجیدا تەشریفی نەهێنابووە ناو لیستەی (داروین و لامارك). ڕێشی تێ دەچێ ئەو کەسەی نووسینی وەك ئەمە و بەشی یەکەمی (حاجی قادر...) بە بابەتی میتافیزیکی دادەنێت بڵێ خەون ڕەمزێکە لە خەباتی چینایەتی دینداریکیش بە دەنگ بێت و بڵێت خەون پەروازی گیانە بەرەو هێلانەی غەیب، لەولاوەش زانایێکی سایکۆلۆجی بیتاقەی (جینس و گرێی ناکامی و بەند و باوەکانی نەفس) بخاتە سەر مێزی دەمەتەقەوە، سبەی دووەیش زانستێك سەرهەڵێنێت و وەك عومەر خەیام بڵێت:

(أی بیخبران راه نه آنست و نه این)

لە خەون گەڕێ و یەخەی ئەم گوتەیە ڕاست و مەشوورە بگرە کە شتێك لە واقیع دەگێڕێتەوە و باسی دزی بۆ دەکات، چۆن بەر لەوەی بچێتە پارێزی ماڵی نێچیرەکەی

پڕ بە دڵ دەپارێتەوە وە دەڵێ (خوایە بە تەمای تۆ). لەم پارانەوەیەدا چەند دەستووری کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و چینایەتی و دینایەتی و نیشتمانپەروەرایەتی و پیاوەتی و ناپیاوەتیی دژی یەکتری تێکەڵ کردوون؟ لە کوێوەی هێنان؟ چۆنی سەلماندن؟ دەگێڕنەوە وابووە دزێك لەو کاتەدا کە دەستی بە ماڵەکەی کابرای دزراودا گێڕاوە لە تاریکیی شەودا تامی شتێکی وردی کردووە بزانێ شەکرە یا شتێکی ترە کەچی خوێ بووە دەرحاڵ وازی لە ماڵەکە هێناوە و بەجێی هێشتووە بێ ئەوەی بایی فلسێکی لێ بدزێت بەو بۆنەوە کە دوای چێشتنی خوێیەکە نمەکی کابرای خاوەن ماڵی کردووە و بەمەدا دزی لێکردنی دەبێتە نمەك بە حەرامی کە لە مەردان ناوەشێتەوە، بەڵام ئەگەر خوێیەکە شەکربا ماڵەکەی تاڵان دەکرد. پێم بڵێ کام یەکێك لە هۆیەکانی مادی وەیا بەرژەوەندی وەیا ئاینی وەیا نیشتمانپەروەری وەیا چینپەروەری وەیا جینسی و مانەوەی نەوع وەیا مەردی وەیا نامەردی وەیا هەر تاکە هۆیەکی تر بێت ئەم سەرمەقولاتەیە بە مرۆڤ لێ دەدات و لەم هەڵوەستە موتەناقیزەیدا ڕادەگرێت؟ هەڵوەستێکە لە هەناوی دزەکە و کۆمەڵایەتیی بەرفرەوانی ژیانی دزەکەوە هەڵدەقوڵێت لە ئاکامی بەیەکتر گەیشتنەوەی سەدان عامیلی لە یەکتر ئاشنا و بەیەکتر دژ و لەگەڵ یەکتر بێ تەرەف کە بەکەس ناکرێ بیانباتەوە بۆ سەرچاوەی ئاشکرا و بێگومان وەك کە پەیدابوونی ئاو دەبڕێتەوە بۆ سەر تەفاعولی ئۆکسجین و هایدرۆجین لە زەرفی پێویستدا. لە فەرزی توانیشی هەموو هۆیەکان بباتەوە بۆ سەرچاوەی خۆیان و بە فەندوفێڵ تەناقوزی نێوانیانیشی سەرپۆش کرد، دیسانەوە ناتوانێ موعادەلەیێکی ڕاست هەڵستێنێ لە تێکەڵبوونی ئەم عامیلانە کە تەفسیری هەڵوەستی دزەکە بکات ئەگەر تێکڕای عامیلەکان نەخاتە ناو بۆتەی نەفس و دەروونی دزەکەوە و لەوێوە قەوارەی موعادەلەکە دەرنەچێت چونکە مومکینە هەرچی عامیلی دەرەوەی (نەفس و دەروون)ی دزەکە هەیە پەکیان بکەوێت لە ئاست بڕیاری ئەو نەفسەدا، بە نموونە دەڵێم لەوانەیە دزێکی تر دوای چێشتنی خوێیەکە لە سەرینایی سەبەبێکەوە کە نایزانین چییە، پتر شێتگێرە ببێ لەسەر تاڵانکردنەکە وەیاخود تەئسیری پێچەوانەی نمەککردنەکە هانی دزەکە بدات بۆ ئاگر تێبەردانی خانووەکە سەرەڕای دزینی ماڵەکە، کە ئەمەشی کرد ڕەنگە ئەوەندە پەشیمان ببێتەوە خۆی بکاتە تۆبەکاری نەقشبەندی وەیا بەڕادەیێك دڕ بێت واز لە دزیەتی بێنێ بۆ جەردەیی. با دوور نەڕۆین و نموونەی بەینی خۆم و خۆت بێنینەوە، دەشێ یەکێك بیری لەم لایەنانە نەکردبێتەوە، دوای

خوێندنەوەی ئەم دێرانە بە هێندێك لە قەناعەتەکانی خۆیدا بێتەوە و بڕیارێکی نوێ بدات بەرانبەر بەشێك لەو پرسیارە کۆمەڵایەتییانەی کە لەمەوپێش لێیان بووبووەوە وەیا نەیدەتوانی بڕیاریان بۆ بدات، کەچی یەکێکی تری وەك ئەو دەستی غەزەب درێژ کات و پەڕەکانی کتێبەکە بدڕێت، یەکێکی تریش گوێ نەداتە هیچ نە چاکە نە خراپە وەیا نازانم چی بکات، کە من نازانم کۆمپیوتەریش هەر نازانێ.

هەموو جیهانی مادی و مەعنەویی مرۆڤ بدە بەر نیگای سرنجتەوە دەبینیت سەرلەبەریان تایبەتی وەهایان تێدایە کە لە هەموو جیهانی دەرەوەی نەفسی مرۆڤ و دەستوورەکانی کۆمەڵایەتیدا سێبەریشی نادیترێت. سەیری دەستوورە مەشوورەکەی (گۆڕانی چەند بۆ چۆن) بکە و بەسەر مرۆڤ و سروشتیدا تەطبیق بکە، لە مادەی مردوودا گۆڕانی (چەند) گۆڕانێکی ئالیی حەتمیی سادەی (چۆن) پێك دێنێت و بەسەر دەچێت وەك ئەوەی کە ئاوت سارد کرد و گەیاندتە پلەی (٠) ئاوەکە دەبێتە شەختە و هیچی تر، لە حاڵی ئاساییشدا کە لە لایێکەوە بەرهەڵست نەبێ، ئەم گۆڕانەی ئاو بۆ شەختە گۆڕانێکی ناچاری و حەتمییە کە هەر دەبێ ببێت. هەرچی دیاردەیێکی تری گۆڕانی (چەند بۆچۆن)ی مادەی مردوو هەیە سەرلەبەریان وەك دیاردەکەی ئاو و شەختەیە.

لە جیهانی مرۆڤدا کارەکە ئەو وێنە ئالییەی تێدا نییە، با بڵێم لە چەند ڕوویێکەوە لە جیهانی مادەی مردوو جودا دەبێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی یەکتر ناگرنەوە:

١- لە گۆڕانی (چەند بۆچۆن)ی مرۆڤایەتیدا هێندە عامیلی کاریگەر و بێ ئەژمار و جودا هەیە نە بەکەس دەکرێ بزانێ چەندیان لە گۆڕانەکە بەشدار دەبن و چەندیشیان بێ تەرەف دەمێننەوە چەندیشیان دەوری پێچەوانە دەبینن، نە ئیمکانیش هەیە پێشبینی لە ئاست گۆڕانەکەدا بکرێ وەك کە لە حاڵەتی ئاو و شەختەدا دەکرێ، لەبەر زۆربوونی عامیلە نەزانراوەکان و مەعلووم نەبوونی چۆنیەتیی ڕەفتاری مرۆڤ بەرانبەر ئەو عامیلانە چونکە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاکامی موعادەلەیێکە هەزاران (مجهولات)ی تێدایە، یەك لەوان و لە هەمووانیش کاریگەرتر بڕیاری مرۆڤە، بە پێچەوانەی ئەو موعادەلەیەیە کە گۆڕانی مادەی مردوو نیشان دەدات کە مەعلوومە چەند عامیل تێیدا بەشدار دەبێت و چ بڕیارێکیش لە هیچ تاکێك لەو عامیلانەوە دەرناچێت. بە نموونەی ڕوونکردنەوە دەڵێم لە سەرەتای داهێنانی ئۆتۆمۆبیلەوە کەس نەیدەتوانی تێبڕ بکات لەوەی ئەم

عامیلە تازەیە چ گۆڕانێك لە سەرانسەری جیهان پێك دێنێت، کاوچووك و قیڕ چ دەورێك دەبینن لە هەموارکردنی عەمەلیەتی گۆڕانەکەدا، کام دەوڵەت بەم داهێنانە لەوانی تر سوودمەندتر دەبێت وەیا کاروباری گەراجان چۆن دەگەڕێت وەیا بەنزینخانە لە هەڵەبجە دەکرێتەوە... وەیا... وەیا هەتا کۆتاییی زنجیرەیێکی دوور و درێژی (وەیا) کە نەدەشیا بە بیری هیچ بڵیمەتێکدا بێت. ئەم تاکە عامیلەی ئۆتۆمبیل کە خۆی یەکێکە لە هەزاران عامیلی تری وەك خۆی کە دەور دەبینن لە بەرەوپێشبردنی ڕەوڕەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئا ئەم تاکە عامیلە سەدان عامیلی تری لە پشتەوەیە کە ئەوانیش دەور دەبینن لە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمۆبیل بە ساڵیش ژمارەیان پتر دەبێت و تێکەڵتر دەبن لەگەڵ سوود و زیانی مرۆڤ، جۆری تازەتریش دادەهێنن لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی وەیا بەرهەڵستی دەکەن لە پەیدابوونی پێوەندیی تر لە مەیدانێکی تردا وەیا... وەیا... دیسانەوە تاکو کۆتایی زنجیرەی (وەیا)یان.

هەموو دنیا ڕاست بێتەوە ناتوانێ بزانێ (ئاسمانگەردی) سەر بە چییەوە دەنێت وەیاخود ئەوەی پێی دەڵێن (هۆشی ئەلەکترۆنی) چەند گۆڕان پێك دێنێت لە ڕواڵەت و ناوەڕۆك و ماف و ئەرك و پاداشی کۆمەڵایەتی.

٢- گۆڕانی (چەند بۆ چۆن) لە مرۆڤایەتیدا، سەرەڕای زۆربوونی عامیلی نەزانراو تێیدا، دیسانەوە بەبەر حوکمی (نەزانراوی) دەکەوێتەوە لەوەدا کە گۆڕانەکە ئالی نییە و ڕووی ناچاری لەیەك لا ناکات وەك کە هایدرۆجین هەر بەرز دەبێتەوە ئاویش هەر سەرەوژێر دەڕوات. گۆڕانی مرۆڤ (کۆمەڵایەتی) لەوانەیە بەپێچەوانەی هەموو تێفکرینێك و چاوەڕوانیکردنێك بەرەو ڕاست و چەپ وەیا دواوە وەیا قیراج وەیا سەرەوژوور بڕوات. بێگومان زانایێکی مەیدانی فیزیا وەیا بایۆلۆجی وەیا هەر زانستێکی تری بڕوا بە مادە هێناو بەر لە ٥٠ ساڵ وای چاوەڕوان دەکرد لە ئەنجامی پەرەسەندنی زانستی نوێ و بڵاوبوونەوەی بەرهەمە زانستییە مادییەکانی بەناو گەلاندا، وێڕای زاڵبوونی نیگای عیلمانییە پشت لە غەیبەکان بەسەر نیگای غەیب پەرستەکاندا، کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بە خێرایی لە قۆناغی پەرستنی غەیب تێ بپەڕێت و مل بنێتە ڕێگەی زانست و تەکنیك کە هەرگیز لێی چاوەڕوان نەدەکرا بۆ غەیری ئیمان هێنان بە مادە تیشك باوێژێت، کەچی بە پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانکردنەکە، مرۆڤێکی غەیب پەرست سواری

فرۆکە دەبێت، کە دەزانین فرۆکە بەرهەمێکی یەکجار سەرسوورێنی زانستە، بە مەسرەف و ئەرکێکی گران دەچێ بۆ ماچکردنی دار و بەردی وڵاتێکی دوور... لەبەر تیشکی کارەبا ئەو کتێبانە دەخوێنێتەوە کە بەلای داهێنەری کارەباوە هەمووی ئەفسانەن... مزگەوت و کەنیشتە لەو وڵاتانەدا قوت دەبنەوە کە ٥٠ ساڵ زیاترە بەلای خۆیانەوە ئیفلاسی مزگەوت و کەنیشتەیان ئیسپات کردووە، خەڵقیش دەچنە ناویانەوە و عیبادەتیان تێدا دەکەن هەرچەند لەوانەیە ناخۆشەویستیش ببن. ئەمە ڕوو دەدات لە حاڵێکدا وا دەزانرا مزگەوت و کەنیشتە ئەوەندە ئەفسانەیی و بێ بنجن بە پاڵێك دەڕمێن، ئەوەندەش دوشمنی چاکە و پێشکەوتن و ئازادیی گەلان بوون ئەگەر حکوومەتی کۆنەپەرست نەیانپارێزێت گەلان بۆ خۆیان داریان لەسەر بەردیان ناهێڵن. چ دوور مەبینە پەرستگە لەو وڵاتە بەرەو بێ هێزی بڕوات کە حکوومەتەکەی پشتگیریی لێ دەکات. کەس پێی ناکرێ لەم مەیدانەی کۆمەڵایەتییەدا بە ڕاستی نیشان بپێکێت چونکە کۆمەڵایەتی دار و بەرد و شەختە و ئاو نییە موعادەلەی ڕێکوپێك و بێ کەلەبەری بۆ دابنرێت.

٣- گۆڕانی (چەند بۆچۆن)ی مرۆڤ وەك هی مادەی مردوو نییە لە شوێنی خۆیدا جینگڵ بخوات و هەموو ڕۆژێ و بە درێژاییی زەمانە تا قافی قیامەت دووبارە بێتەوە. هەروەك دەزانین عامیلەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بێ ئەژمارن، تێش گەیشتین پێشبینی ناکرێ گۆڕانەکە بەرەو کوێ دەڕوات، دەبێ بشزانین گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەك گۆڕانی ئاو نییە کە لە ساردیدا دەبێتە شەختە، چونکە وەك شەختە لە گەرمیدا نابێتەوە ئاو. واتە گۆڕانەکە بە هەمان ڕێگەی بەرەوپێشچوونیدا بەرەودوا ناگەڕێتەوە بۆ هەمان نوختەی کە یەکەم جوولەی تێدا کرد. کشانەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەرگیز نایباتەوە بۆ ناو قەپێلکەکەی جارانی، وەك کە شەختە دەچێتەوە ناو قەپێلکی ئاو، چونکە کۆمەڵایەتیی مرۆڤ کە پاشەکشە دەکات بەشێکی خاسیەتەکانی بەرەوپێشچوونی لەگەڵ خۆیدا بەرەو دوا دەکێشێتەوە.

٤- گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەو حەتمیەتەی تێدا نییە کە لە گۆڕانی مادەی مردوودا هەیە. دەشێ لەهەموو هۆیەکی مادی گۆڕان پەیدا بێت بەڵام گۆڕانەکە ڕوونەدات چونکە عامیلی هەرە بنجی و کاریگەری کۆمەڵایەتی کە مرۆڤە نایەوێ وەیا ناتوانێ وەیا نازانێ وەیا بۆی نالوێ وەیا لێی ناگەڕێن وەیا ناوێرێ بگۆڕێ. واش دەبێ لە نێوان کۆمەڵێکدا نیو هێندەی کۆمەڵێکی تر عامیلی گۆڕان پەیدا نەبووە بەڵام ئەو

کۆمەڵە زۆر ئامادەی گۆڕانە وەك ئەو ئاوەی کە خاسیەتی وابێ لە ٥٠ پلەی گەرماییدا بکوڵێت، ئەویش لە بەرەوپێش چوونێکی نیوەچڵدا گۆڕان دادەهێنێت.

ئەگەر ئارەزۆ بکەین دەتوانین زنجیرەی ئەم ئاڵقانە درێژ کەینەوە تا لێی وەڕز دەبین، بەڵام لزووم نابینم چی تری بەدوا بکەوین بەڵکو زووتر دەگەینە تێبینییەکی یەکجار گرینگ و پڕ بایەخ لەم بەیەکدی گرتنەی گۆڕانی مرۆڤ و مادەی مردوودا لەبەر تیشکی دەستوورەکەی (چەند بۆ چۆن). ئەم تێبینییەیان تا ئێستا نەمدیت لە هیچ نووسەرێکی مادییەوە سەرهەڵدات وەیا کەم و زۆر لە بابەتی وەك ئەو نێزیك ببنەوە.

تێبینییەکە ئەمەیە:

گۆڕانی (چەند بۆ چۆن) کە شیکردنەوەی مادی دایدەنێت بە دەستوورێکی بنجی، تەنها لە دوو جیهانی یەکجار لە یەکتر دووری مادەی مردوو و مرۆڤدا دەدیترێت لەگەڵ ئەو هەموو جوداوازییە بێ ئەژمار و زێدە گەورانەی کە لە نێوان هەردوو جۆرە گۆڕاندا هەیە، جیهانی ڕووەك و گیانلەبەران هەرگیز بەر ئەم دەستوورە ناکەوێت. وەك کە ئاو و ئاسن و بەرد و دار لە Critical Pointدا چۆنیەتییان دەگۆڕێت وەیا باری کۆمەڵایەتی لەو نوقتەیەدا ئەویش دەگۆڕێت بە بارێکی تر، ڕووەك و گیانلەبەر چ نوقتەی وەیان نییە بە وەسفی (گیانلەبەری) تێیدا بگۆڕێن، مەگەر ئەو گۆڕانە بایۆلۆجییە یەکجار تەنبەڵەی کە مرۆڤیش تێیدا بەشدارە. گۆڕانی (چەند)ی ڕووەك و گیانلەبەر هەر لە سنووری گۆڕانی (چەندایەتی)دا دەمێنێتەوە و سەر بەشتێکی تر ناگەیەنێت. بێنە هەرچی مەیموون و ڕێوی و فیلی دنیا هەیە لە جزیرەیێکی ناو دەریای ئەتلانتیکدا کۆیان بکەوە، هەر ئەوەندە ڕوو دەدات کە یەکێکیان ئەوی تر لە ناو ببات وەیا بیخوات وەیا هەموویان لە برسان بمرن. حەز دەکەی خۆراکیان زیاد بکە یاخود کەمی بکە وەیا بەجارێ لێیان ببڕە... باران ببارێنە، مەبارێنە... بەفر بێنە، مەهێنە... هەرچی بەخەیاڵتدا دێت بیکە یەك تۆسقاڵ تەئسیری نابێ لە پەیدابوونی گۆڕانێکی (چۆنایەتی) ئەو ڕووەك و حەیوانانە. پێت ناکرێ Critical Pointی گۆڕانی ئاو بۆ شەختە وەیا بەرپابوونی شۆڕشی فرەنسە لە جیهانی ڕووەك و حەیواناتدا پەیدا بکەیت. تەنانەت ئەو گۆڕانە یەکجار بە ئەرك و مەسرەفەی کە زاناکان لە نێوان ڕەسەنە مەڕی ئوسترالیاییدا پێکی دێنن، ئەویش سەرلەنوێ قاڵبەستوو دەبێ و جوولەی لێ دەبڕێ و هیچی تری لێ ناکەوێتەوە. هەرچی گۆڕانێکی وەها دەسکردی ئادەمیزاد هەیە لە نێوان ڕووەك و جانەوەراندا نەزۆکە و سەر

بە شتێکی تر ناگەیەنێت. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو تەرزە گۆڕانەی کە مرۆڤ دای دەهێنێ دەبێ بخرێتەوە سەر ئەو Critical Pointەی کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێك دێنێت چ لە مەیدانی فرۆك دروستکردندا بێ چ لە مەیدانی داهێنانی نەوعی تازەی ڕووەك و ئاژەڵ و درندە و شتی ئەوتۆییدا بێ. خولاسە، سەرلەبەری ڕووەك و ئاژەڵ و بەر ئەم دەستوورەی (گۆڕانی چەند بۆ چۆن) ناکەون.

لەمەش بترازێ، بەلای ڕای منەوە، ناشێ هەرگیز گۆڕانی کۆمەڵایەتێ لە تەك ئەم گۆڕانەی مادەی مردوودا ناوی بێت، چونکە لە هیچ ڕوویێکەوە خزمایەتی لە نێوانیاندا نییە و نابێ. مرۆڤ مەوجوودێکە بە تەواوی لە هەموو مەوجوودی تر جودایە و دنیای ئەو دنیایێکی تازەی بێ سابیقەیە.

جا کە من یا یەکێکی تر لە ناو هەزاران عامیلی تێکەڵ و پێکەڵی کۆمەڵایەتیدا دەوری عامیلی خوێندنی مەلایانە بدۆزینەوە لە ژیانی کوردەواری و مێژووی کورددا نە لە شیکردنەوەی مادی دوورکەوتووینەوە نە جارێ هیچ هۆیەکی میتافیزیکیمان هێناوەتە ناو حیسابەوە. ئەگەر شیکردنەوەی مادیش وەتەنگ بێ لە بوونی دەوری خوێندنی مەلایانە وەیا شتێکی وەك ئەو کە بە ڕاستی دەوری هەبووە، دیارە ئەو شیکردنەوەیە لە واقیع وەتەنگ دێ.

هەروەها کە دەوری ڕاستەوخۆی مادە و سوود و بەرژەوەند وجوودی نەبووە لە بەیەکەوە بەستنەوەی ئەم سەرەوسەری کوردستانی گەورەدا، کەس نەهاتووە ئینکاری دەوری ئەم عامیلانە بکات لەو کاتانە و لەو حاڵانە و لەو جێگایانەدا کە دەوریان بووە و دەبێ.

ئەوەی پێویستە لەسەر مرۆڤی هەستیار و زانا و دڵسۆز ئەوەیە چاو و مێشك و دڵی خۆی بکاتەوە بۆ هەر هۆ و عامیلێك کە لە مێژوودا کاریگەر بووبن، دژی هەموو ڕەوشتی مرۆڤایەتی و یاساکانی کۆمەڵایەتیشە بێین لە هیچە هۆیەك بسڕینەوە کە هەیە وەیا یەکێك هەڵبەستین کە نییە. نە من نە تۆش قۆنتەراتمان نەگرتووە ڕێ و شوێن دانێین بۆ تێخوێندنەوەی بیر و باوەڕی ئاینی وەیا فەلسەفی وەیا ئابووری وەیا هونەری وەیا نازانم چی لە ڕووداوەکانی مێژوو وەیا یاساکانی کۆمەڵایەتیدا ئەگەر لە واقیعدا تێ نەخوێندرابنەوە.

من کە دێمە سەر دیراسەی ژیان و فکر و خەبات و بەسەرهات و ڕەوشت و ئەدەبی

یەکێکی کەم مانەندی وەکو (حاجی قادر) تاکە یەك سەرەداوی جڵەوی قەڵەمی خۆم تەسلیم بە بڕیاری فکری و فەلسەفیی لێرە بە پێشەوە ناکەم. ئەو تەلە بەردانەی کە لەم ڕێگایەدا هەڵیان دەدەمەوە حەز دەکا شەیتانیان لێ دەرپەڕێ وەیا فریشتەیان لێوە هەڵفڕێ وەیا عەزیایان تێدا خزابێ، من لێیان وەتەنگ نایەم: چی دەبینم ئەوە دەڵێمەوە سەد جاران ئەم و ئەو ڕازی دەبن یا قەڵس، لەوەشدا ئازادیی بیروباوەڕ بەکاردێنم کە بەردی بناغەی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤایەتییە. بەلای منەوە گرینگ ئەوەیە گیانی حاجی نەتۆرێ و ڕیزی ئینساف نەشێوێ و گەرد لە ڕووی ڕاستی و ڕووداو و مێژوو نەنیشێ. بێگومان گەلی کورد، بەڵکو هەموو گەلێك، سوود لە گوتنەوەی ڕاستی وەردەگرێ چ لە مەوزووعی گشتی و جیهانی بێت و چ لە بابەتی سەر بە میللەتەوە بێ، بە نیسبەت بەرژەوەندی کوردیشەوە ئەو بابەتەی پێوەندیی بە کوردەوە هەیە پتر لە هەمووان ڕاستیخوازە چونکە دیارە کورد ناتوانێ شوێنپێی خۆی مەحکەم کات ئەگەر ڕێگاکەی بە چرای حەقیقەت ڕووناك نەکرابێتەوە.

ئەم خۆدانە پاڵ گوتنەوەی ڕاستی لە سەروکاری حاجی قادردا سوود و حەسانەوەیێکی گەورەش بە نووسەر دەگەیەنێ لەو ڕووەوە کە ناچار نابێ بۆ شاردنەوەی ڕاستی سەرپۆشی درۆزن بچنێ وەیا هەر جارە بە نووکی قەڵەم قەبر لە گۆڕستانی مێژوو هەڵکەنێ بۆ زیندە بەگۆڕکردنی ڕووداوی حەق و ڕەق. ئەگەر نووسەر شەرمی بێتەوە لەوەدا کە درۆی لێ سپی بێتەوە هەرگیز ئەو جورئەتە ناکا شتی وەها بڵێ کە لەگەڵ واتا ئاشکراکانی ناو دیوانی حاجی قادردا نەگونجێت. گریمان لەو هەڵبەستن و دەسکارییەدا بارێکی سیاسیش پشتگیریی لە نووسەرەکە کرد و ناڕاستەکانی بۆ پاراست، ئەدی دوای بەسەرچوونی هەڵکەوتەکە چ دەکات و کێ دێنێ هەڵەکانی بۆ پینە بکات. بێگومان هەڵبەستن و سەرپۆشکردنی درۆ کارێك نییە هەتا هەتایێ بەردەوام بێت وەیاخود لە هەموو جێگەیێکدا بە سەلامەتی تێ پەڕێت. درۆیێکی لە تووران ڕیزی لێ بگیرێت لە ئێران ڕیسوا دەکرێت، ئەمە دەڵێم بەلایەنگیریی ئەو درۆیەی لە خۆی ئەمینە سپی نابێتەوە لە حاڵێکدا بەپێی باوەڕی من هەڵبەستن کارێکی ناپەسند و تاوانبارە تەنانەت گەورەترین هێزی جیهانیش بە درێژاییی ئەزەل و ئەبەد لەسەری بکاتەوە.

نووسینەکەی من کە ئەم مەرجانەی بەخۆوە گرتووە تا ڕادەی دڵ شکستەکردنی زیندووان بۆ خاتری مردووی بەشەرەف، ویستووەتی لەگەڵ حەقیقەتی بەسەرهات و

ژیان و فکر و فەلسەفە و خەباتی حاجی قادردا جووت بڕوات. لەبەرچاوی حەقیقەتی مەوزووعەکانی باسی حاجی قادردا، دوو جارانیش لەلایەن شکڵەوە بەیەکەوە ڕێك کەوتوون.

لایەنی یەکەم ئەوەیە، هەروەك حاجی لە پلەیێکی دواکاتی ژیانیدا یادی ڕابردوو دەکاتەوە، وەیا پلەیێکی سەرەتاکانی ژیانی ڕێ خۆش دەکات بۆ پلەیێکی دواتری، ئەم نووسینەش لەبەر تیشکی زۆر بەهێزی ئەو ژیانەدا هاتوچۆی بە خامە کردووە، وەك جۆلانە، لە گۆڕقەرەجەوە بۆ سابڵاغ و لە سابڵاغەوە سەرەو هەوراز بۆ پێشووتر و لەوێوە بۆ کۆتایی سەرگوزەشت لە ئەستەمبۆڵ و هەر بەم شکڵە لە زۆر جێگەی نووسینەکەدا. کە بگەڕێیتەوە بۆ بەشی یەکەم و دووەمی ئەم باسە، هاتوچۆیێکی پەندۆلی دەبینیت لە خامەوە کە هەر جارە شتێکی ئەم سەرەی باسەکە بە یەکێکی ئەوسەری ساغ دەکاتەوە. بێگومان ئەم دەنگدانەوەی نێوان قۆناغەکانی سەرتاسەری ژیانی حاجی بەڵگەیێکی گەورەی خێرا قاڵبوونەوەی ئەو ژیانە کە وا لە زووییێکەوە بەرەو ڕووکاری حەقپەرستی و ڕێز لە خۆگرتن و بەخۆنازینەوە لەنگەری بەستووە، ئیتر ئیمکانی لە یەك نەچوونی سەرەتا و کۆتایی ژیانەکە بووەتە ناومکین، بۆیەیە کە ویستت بەڵگەی نەترسانی حاجی لە پلەی ناوەندی ژیانیدا پەیداکەیت دەتوانی هانا ببەیتە بەر سەرەتا و کۆتاییی ژیانی چونکە هەموو قۆناغەکان یەکئاهەنگی نەترسان دەچڕن، هەروەهاش بۆ هێنانەوەی بەڵگەی ڕاستی و حەقپەرستی و ئاکارەکانی تریشی. بەڕاستی ئەم تێخوێندنەوەی دواڕۆژ لە سەرەتاوە، وەك کە لە ژیانی حاجی و ئەم نووسینەدا دەدیترێت، دەستوورێکی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی ئەم سەردەمەشە کە دەبینین دەوڵەتانی خاوەن ژیار و هێز و زانست و تەکنیك حیسابی ٥٠ ساڵ وەیا زیاتری دواڕۆژ هەر لە ئێستاوە دەکەن، واتە کۆمەڵە ڕاستییەکانی ئەمڕۆ خۆ لە دواڕۆژدا دەبینێتەوە بەتەواوی وەك ڕاستییەکانی سەرەتای ژیانی حاجی قادر.

لایەنی دووەم ئەوەیە، هەروەك ژیان و ڕەوتی بەرەوپێشچوونی حاجی بزووتنەوەیێکی درێژەداری بەسەریەکەوە بووە نەك تەکان بەتەکان و باز لە دوا باز، ئەم نووسینەش لە یەکەم ڕووپەڕەی بەرگی یەکەمیەوە تا ئەم جێگایە، لێرەش بەدوا تا کۆتایی، یەك نەفەس و بێ پچڕانەوە و بێ بڕگە بووە و دەبێت. سەرلەبەری بەرگی یەکەم و دووەم و ئەم پێشەکییە، بەدوا پێشەکییەشدا تا کۆتاییی بەرگی سێیەم، بریتین لە چەند سەرەباسێك کە ئەگەر بشیانسڕینەوە زیانێك بە نووسینەکە ناگات. چوار سەد

لاپەڕەییێکی بەرگی یەکەم ئەم سەرەباسانەیان تێدایە:

دوای چوار لاپەڕەییێکی (ڕوونکردنەوە) ئەم سەرەباسانە بەدوا یەکتردا دێن: ١- پێشەکی ٢- حاجی قادر ٣- حاجی قادر کێیە ٤- حاجی قادر کەی و لە کوێ هاتە دونیا ٥- لاباسێکی گرینگ ٦- حاجی قادر لە پلەی تەمەنی دوای منداڵی ٧- حاجی قادر و خوێندن.

هەموو بەرگی دووەمیش، کە ٢١٠ لاپەڕەییێك دەبێت، بریتییە لەم چەند سەرەباسە: ١- پێشەکی و ڕوونکردنەوە ٢- حاجی قادر و گەشتی خوێندن ٣- پشوویێکی لێکۆڵینەوە ٤- سەرەژوور چوونەوەییێك ٥- چەند وشی دوای درووێنە.

دیارە بەرگی سێیەمیش هەر وەك یەکەم و دووەم دەبێت.

لەم بەرگەدا ناونـاوە بەڵێنی ڕوونکردنەوەی ئەو باسانەی کە لێرە بە پێشەوە ڕوونکردنەوەیان خراوەتە بەر فەرمانی دوارۆژ، بەجێ دەهێنرێن. هەندێك لەو بەڵێنانە کە لە بەرگی یەکەمدا بۆ بەرگی دووەم هەڵگیرابوون، لەم بەرگەدا بەجێ دێن چونکە بە پێچەوانەی چاوەڕوانکردنی خۆم، درێژ خایاندنی شیکردنەوەکانی ناو بەرگی دووەم جێگەی نەهێشتەوە قەرزی هەموو بەڵێنەکان بدەمەوە. زۆر ئاشکرایە، هۆی ئەم درێژخایاندنە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی وە یا کەمبوونی سەرچاوەی باسی حاجی قادر چ بە نووسین چ بە قسەی دەماودەم بێت، چونکە کە سەرچاوە نەبوو بەسەرهاتەکانی ساغ کردبێتەوە دەبێ هەموو ساغکردنەوەکە بدرێتە بەر ئەرکی لێکۆڵینەوە و پشکنینەوە و زیهنکاری و بەراوردکردنەوە. نووسەر هەیە کە سەرچاوەی دەست نەکەوت خێرا لە باسەکەی دەبێتەوە عوزری بێ سەرچاوەییش هەمیشە بەسەری نووکە قەڵەمەکەیەوە، وەك فرمێسکی درۆزن، قەتیس دەمێنێ. قەڵەمی کۆڵنەدەر لە نەبوونی سەرچاوەی ئاشکرادا ناگاتە ئەو وشکانی و بیرۆییەی کە بەلێدانەوە و بیر هەڵکەندنیش تەڕاییی لێ پەیدا نابێت. ئەوانەی بەدوا ئاودا دەگەڕێن ئەگەر لە دیمەنی وشك و برینگی دەشت و مەزرایان پەیامی بێ ئومێدی وەرگرن دەبێ لە سەرەتاوە خوو بدەنە حەسانەوەی دەستپاچەبوون و دۆشدامانەوە، چونکە زۆرینەی دەشت و دەری خوا ڕووکارێکی وشك و برینگی هەیە. نووسینیش لە بارەی باسی بێ سەرچاوەوە وەك ئەو گەڕانەیە بەدوا ئاودا کە لە هەرێمی بەڕواڵەت وشکدا دەکرێ. دۆزینەوەی ئاساریش وەك دۆزینەوەی ئاوی وشکانی و نووسینی بێ سەرچاوەیە چونکە ئەویش بەزاهیر چ ئومێدێکی بەرچاوی لێوە دیار نییە موژدەی هەبوونی ئاساری لە هەناوی زەوییەوە

پێ ڕابگەیەنێ، کەچی چاوە پڕ مەهارەتەکانی زانای ئاسار، وەك تیشکی ڕۆنتکین، تاریکستانی ئەو هەناو و دەروونە دەخوێننەوە و مێژووی سوڕگومی هەزاران ساڵ لەمەوپێش بەسەر دنیا دەخەنەوە.

بەڕاستی تۆژینەوە لە ڕابردووی میللەتی کوردیش، چ مێژووی گشتیی میللەتەکە بێ چ ژیانی تاکە پەنجە نیشانەکانی بێ چ بارە بێ ئەژمارە جۆر جۆرەکانی کۆمەڵایەتیی کوردەواری بێ پێویستە بەچاوی زەڕەبین و زیهنی مووقڵاش و نەفەسی بلوێرژەنانە بکرێت، دەنا لە هیچ یەکێکیانی بە مراد ناگەین. ئەو باسانەش کە لە ئاسۆی بەسەرچوونیانەوە ڕووناکاییەکیان لە ئێمەوە دیارە، وەك باسی حاجی قادر، وردە وردە بەگلۆربوونەوەی دوو تۆپی داوە ڕەش و سپییەکەی شەو و ڕۆژی ناو حیکایەتان، هەموو دیمەن و دروشم و نیشانەیێکیان دەکەوێتە ناو شەوەزەنگی نەزانینەوە کە ئەوسا خوێندنەوەی دەفتەریان وەیا هەڵگرتنەوەی شوێنی هەنگاوەکانیان، تا ڕادەی مومکین نەبوون، بەزەحمەت دەکەوێ، وێڕای زەحمەت بوون لێ بەسەهووچوونیشیان ئاسانتر دەبێ، هەر بەو پێیەش ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بەرەو زەحمەتتر و مومکین نەبوونەوە دەچێت.

دڵنیام لەوەدا کە ئەم وردپێوی و قووڵبوونەوە و زەڕەبینی و نەفەسدرێژییەی لە تێکڕای ئەم باسەی (حاجی قادری کۆیی)دا کراوە قەرزێکی دواڕۆژە بەسەر شانی چینی خوێندەواری ئەم ڕۆژگارەوەیە، دەستە چیلەیێکی ڕێگا ڕوونکەرەوەیشە کە ئەگەر بە تروسکەی هەست و سۆزی ئەم سەردەم و هەنگامەی بورکانی کوردایەتی هەڵنایسێ فرسەتی هەڵایسانی لە دەست دەچێت چونکە ئەویش وەك کژی میوە و گوڵ و گیا بەسەر دەچێت.

لەم پێشەکییەدا مەبەستم بوو نەختێك ئەفسانەی دەوری (میتافیزیك) کە وەك توهمە گیرابووە بەرگی یەکەمی کتێبی (حاجی قادر) ڕوون کەمەوە. هەرچەندە باسی (میتافیزیك) و ترازانی لە مادە و بەیەکتر گەیشتنەوەیان تا بڵێی درێژخایێنە، بەڵام ناچار بووم بەوەندەی لێرەدا نووسراوە دەستی لێ هەڵگرم. لە پەنا ئەو توهمەیەدا قسە و توانجی سافیلکەتریش لەو نووسینەم گیرابوو کە هەر هی ئەوە نین پێیانەوە خەریك بین چونکە بەر لەوەی وەرام بدرێنەوە لە خۆوە وەك بەفری هاوین دەچنەوە.

چاو پێداگێڕانەوەیێك

بەشی یەکەم و دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبەر شەوقە یەکجار کزەکەی کەمتاکورتی بەسەرهاتی حاجی قادر کە لە چەند کوێرە ڕێگەیێکەوە پێمان گەیشتووە، ڕێی لە پێش خامەدا دەرکرد لە سەرەتای ژیانیەوە تا دوای گەشتەکەی خوێندنی لە باڵەکەتی و کوردستانی ئێراندا. لەو ڕێ دەرکردنەشدا چەند ڕووپەڕەیێکی شرایەوەی ژیانی حاجی و زەرفی بەشێك لە هەڵبەستەکانی و هێمای نەفسی و گیانی کردە و گوتەکانی لە سنووری دەسەڵاتدا خرایە بەر ڕووناکاییەوە، کەوا ڕەنگە ئەمە یەکەم جار بێ ئەو تەرزە نهێنییانە لێیان دەکۆڵرێتەوە و ڕاگەیاندنەکانیان دەدرێنەوە بەر حوکمی واقیع و داخوازی خاسیەتەکانی حاجی قادرەوە، گەلێکیش بەتاڵایی لە نەخشەی ژیان و بەسەرهات و نمای ئەدەب و شاعیریەتیی حاجی قادر بە ناچاری درایە تۆژینەوەی دواڕۆژ کە من یاخود یەکێکی تر بیپەرژێتە سەر خۆتەرخانکردنێکی هەناسە درێژتر وەیا تالعی لە بارتر سەرچاوەی تازەتری مەعلووماتی نەزانراوی بخاتە بەر دەست.

لە کۆتاییی بەرگی دووەمدا یەك لافاوی سەغڵەتی و بێ دەستی و بێ وەزعی و هەژاری و بێ ماڵیمان بەسەر حاجی قادردا بەجێ هێشت، لە ناو ئەو لافاوەشدا ئاگری نەفسی بەرز و سەرکەش کە خۆی پێ ڕاناگیرێ لە چارچێوەی قەفەسی کەساسی و بێ دەسەڵاتیدا ئیتر یا قەفەسەکە دەسووتێنێ یاخود ئاگر لە عومری خۆی بەردەدا کە هەر ئاگری ڕووتیشە. من لە بەجێ هێشتنی حاجی لەو سەغڵەتییەدا بە هەندێ دڵی خۆم دەدەمەوە و گلەییان لە خۆم دەتەکێنمەوە کە ئەگەر هاتبام درێژەم بە نووسینەکەم دابا و حاجیم لە سەغڵەتی ئەوساکەی دەرهاویشتبا، سەرلەنوێ تەسلیم بە سەغڵەتیێکی نوێترم دەکردەوە لەوی پێشووتران بێ سامان و ئامانتر، چونکە ئەم جارەیان سەغڵەتییەکەی لە غەریبیدا دەبوو بە دەست ئاگرێکی یەکجار سووتێنەرتر لە هی پێشووەوە کە ئاگری کوردایەتی و نیشتمانپەرستیی بێ سەروبنە، بێ وچان و بێ ئومێد.

لە بەشی دووەمدا گەیشتم بەو قەناعەتە کە وا حاجی دوابەدوای گەڕانەوەی لە گەشتی خوێندنی بەناو باڵەکەتی و کوردستانی ئێراندا، هەر لەگەڵ هاتنەوەی بۆ ناو ناسیاوانی کۆیێ، خێرا دڵی هەڵقەنا و کەوتە سەر خولیای ئاوارەبوون، هۆیەکانی ئەم

قەناعەتەشم لەو بەشەدا باس کردووە ناشێ سەرلەنوێ لێرەدا باس بکرێنەوە، خۆینەریش دەتوانێ بۆیان بگەڕێتەوە بەشی دووەم، بەڵام سەرەڕای ئەو هۆیانەی لەو بەشەدا باس کراون تێبینیی تر هەن لە بارەی خێراکردنی حاجی لە جێ هێشتنی کۆیێ، ئەوانیش بایی خۆیان پشتگیری دەکەن لە شیمانەی[1] ڕاستبوونی بۆچوونەکەم کە زادەی ئەو دیاردەیە و تێبینییە و لێکۆڵینەوە و سەرچاوەی نووسراو و گوتەی دەماودەمەیە کە لەو دوو بەشە تێپەڕیوەی نووسینەکەمدا خراونەتە بەرچاو و هەست و زیهنی خوێنەری کوردەوە.

لێرەدا بەر لەوەی بچمە سەر ڕێچکۆڵەی تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکانی لێرە بەپێشەوەم دەبێ سرنجی خوێنەر بۆ ڕاستیێکی زۆر گرینگ بەنیسبەت ئەم نووسینەوە ڕابکێشم، تا ئێستا من نەکەوتوومە سەر لێکۆڵینەوە لە خەبات و کوردایەتی و شیعر و ئەدەب و تێکڕای هەڵوەستی حاجی لەم ژیانەدا، شتێکی گرینگتریش لەمانە ماوە جارێ نەمکردووە ئەویش هەڵێنجانی حەقیقەتی هەرە گەورەی مەزنایەتیی لە ڕادەبەدەری حاجی قادرە کە لە قووڵاییی هەندێك لە هەڵبەستەکانی یەکجار دەلالەت بەخشییەوە سەر وەدەر دەنێ و لێکدانەوەی ورد تێی دەگات. ئەوەی ڕاستی بێ، ئەم کارە دەکەوێتە کۆتاییی بەسەرچوونی دیراسەتی ژیان و سەرلەبەری ئەو کاریگەرانەی تاو و تینیان بۆ ناو ویژدان و دەروونی حاجی و لەوێوە فەرمانی چۆنەتیی کردەوە و گوتەی دەرچوو، بەو پێیە کاتێك نۆرەی دەگاتێ کە لە توێژینەوە دەربارەی ژیانی ئەستەمبۆڵیشیەوە دەرباز بووبین، واتە بەپێی چاوەڕوان کردن، ئەو لێکۆڵینەوە قووڵ و وردە دەبێتە بەشی پێنجەمی ئەم نووسینە. لە ئێستاوە تەنها ئەوەندەت پێ دەڵێم کە ئەگەر ئەو کارە ئەنجام نەدرێت بەشی هەرە گرینگی لێکۆڵینەوە لە بارەی حاجی قادرەوە لە تاریکاییی نەزانراویدا دەمێنێتەوە، کۆڵەگەی گەورەی و شەخسییەتیشی لە ناو نووسینەکەدا ناخرێتە بەر پەیکەری وجودیەوە.

با بکەوینەوە سەر رچەی نووسینی لێرە بەپێشەوە.

لە بەشی دووەمدا بەدوا لێکۆڵینەوەیێکی ورد و درێژە پێدراودا، بۆ دەمکوتکردنی هەموو جۆرە ئیعترازێکی لێم بگیرێت، مەودای مانەوەی حاجی قادر لە کۆیێ دوای گەشتی خوێندن و بەر لە سەفەری بۆ ئەستەمبۆڵ، ئەو مەودایەم گەیاندە (٥–٦) ساڵ.

---

(١) شیمانە: احتمال

کە بگەڕێیتەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەبینی لە دوو لاوە یارمەتیی زۆر خایاندنی مانەوەی حاجیم لە کۆیێ داوە، لە لایێکەوە وام دانا لە کۆتاییی (١٢٧٦)ی کۆچیدا حاجی گەڕابێتەوە بۆ کۆیێ، لەم دانانەشدا دوو ساڵم ستاندەوە لە گوتەی شاهیدێك[١] کە دەیگوت دەستنووسی حاجی قادرم بەسەر دیواری مزگەوتێکی سابلاغەوە دیتووە و مێژووی (١٢٧٩)ی لێ نووسرابوو. بەڕاستی نێوانی کۆتاییی ساڵی ١٢٧٦ و ساڵی ١٢٧٩ لە دوو ساڵانیش پتر دەگرێتەوە، بەڵام من کەرتی ساڵم لە حیسابەکە فڕێ داوە و هەرچی هەبوو لەو شایەدییەم ستاندەوە و دامەوە بەو کەسانەی دەیانەوێ مەودا و دەرفەت بدۆزنەوە بۆ پەیداکردنی خەباتی کوردایەتیی حاجی قادر بەر لە چوونی بۆ ئەستەمبوڵ، چونکە دیارە دەرفەتەکە لە مەودای ٥–٦ ساڵدا پتر پەیدا دەبێ نەك ٣–٤ ساڵدا.

سەرەڕای ستاندنەوەی ئەم دوو ساڵە لە بەردەوامبوونی حاجی لە خوێندنەکەی کوردستانی ئێرانی، هاتم لە لایێکی تریشەوە حاجی قادرم لە کۆیێ وەستاند تا ساڵانی (١٢٨٢ و ١٢٨٣)ی کۆچی، بەوەشدا دەلالەت و ڕاگەیاندنی گوتەیێکی مامە شێخ نورەدینم وێك هێناوە و ٣–٤ ساڵم پێ گرتەوە، لە حاڵێکدا ئەگەر لە ڕاستە دەلالەتەکەی گەڕابام و مەودام لێ تەنگ نەکردباوە پتری ڕادەگەیاند، ئەوساش سەفەری حاجی دەکەوتە پێش ١٢٨٣، هەر بەو پێیەش دەبوو لەو ٥–٦ ساڵە باییی ئەو پێشکەوتنە داشکێندرێ.

بۆ ئەوەی خوێنەر لەم قسەیەم بگات بێ ئەوەی ناچار بێ بگەڕێتەوە بۆ بەرگی دووەم، دەڵێم لەو بەرگەدا قسەی مامم ئەوەبوو کە حاجی قادر بەینێك بوو، وەیاخود چەند ساڵێك بوو، لە کۆیێ ڕۆیشتبوو بەرلەوەی کەیفی جوانڕۆیی لە ١٢٨٦ی کۆچی کۆیێ جێ بهێڵێ. قسەکەی مامم لە ٣ –٤ ساڵی پتر دەگرتەوە هەرچەند بەجۆرێکی ئاشکراش ژمارەی ساڵەکانی دەرنەبڕیبێت، ڕەنگ بوو ئەگەر بەوردی لێی پرسرابایە، بیگوتبایە ژمارەیان چەندە، بەڵام داخەکەم ئەوسا کەس مەبەسی نەبوو لەو وردییە بکۆڵێتەوە و ئێمە لە دەردی سەری لێکۆڵینەوەی دواڕۆژ ڕزگار کات.

خوێنەری کورد دەبینێ، ئەو ٥–٦ ساڵەی کە لە بەرگی دووەمی (حاجی قادری کۆیی)دا کردم بە ماوەی مانەوەی حاجی لە کۆیێ دوای گەشتی خوێندن و بەر لە

(١) ئەم شاهیدە مامۆستا (زەبیحی)یە.

ڕۆیشتنی بۆ تورکیا، لەسەر حیسابێکی شلۆقی موجامەلەی ڕەخنەگر و نەسەلمێن هەڵستاوە و بەس، موجامەلەکەش بۆ مەبەستێکی ئەوەندە گرینگ بوو، کە بریتییە لە ساغکردنەوەی بوون و نەبوونی شیعر و خەباتی کوردپەروەرانەی حاجی قادر پێش چوونی بۆ ئەستەمبۆڵ، مەبەسەکە ئەوەی دەهێنا بە چاوپۆشین لە ٢–٣ ساڵ پتر خایاندنی مانەوەی حاجی لە کۆیێ دەمی ڕەخنەگر شیرن بکەم و لە خۆمی بە دەنگ نەهێنم تا لە تۆژینەوەکەم دەبمەوە و بیروباوەڕی خۆمی تێدا ڕوون دەکەمەوە. ئەگەر خوێنەر لەگەڵمدا بە ئینساف بێ لەم دەم شیرنکردنەدا لە سەر حەقم دەبینێ، نەك جۆرێکی تر.

ئێستا کە وا هەنگامەی ساغکردنەوەی ئەو پرسیارە لە نووسینەکەی مندا بەسەرچوو و تا ئەو ڕادەیەی کە لە توانامدا بووبێت مێژووی دەست پێکردنی حاجی بە شیعری کوردپەروەرانە لە بەرگی دووەمدا یەکلا کرا و ترسی بێ ئۆقرەیی و پەلەپەلی ڕەخنەگری مەسەلەکەم لێ ڕەوییەوە، زۆر بە شێنەیی و لە سەرەخۆ و بەوپەڕی خوێن ساردییەوە باسی یەکێك لە دیاردەکانی شیعری حاجی قادر دەکەم کە ئەویش بەشێوەیێکی خامۆش، بەڵام یەکجار ڕاگەیێن، باسێکی ماوەی مانەوەی حاجی قادرمان لە کۆیێ بۆ دەگێڕێتەوە لەگەڵ باس گێڕانەوەکەشدا دیسانەوە بە خامۆشی ڕاگەیێنانە شایەدیێکمان لە پرسیارەکە بۆ دەدات. کە دەڵێم (بەخامۆشی) قسەکەم لەوەوە دێت کە وا دیارە کە لە خۆوە بە دەنگ نایێ، ڕاگەیاندنەکەشی بە هەرا و دەنگ نییە. دەبێ زیهنتی پێوە خەریك کەیت و لێکدانەوەی تێدا بەکار بێنیت تەواوێکیش لێی ورد بیتەوە ئەوجار لە ڕاگەیاندنەکەی دەگەیت دەنا دیاردەکە وەك نەبێ هەروەها دەبێ و دەشمێنێتەوە. وا دەزانم لە یەکەم نیگاشەوە بۆت مەعلووم دەبێ لێرە بەپێشەوە کەس بۆی نەچووە چونکە دیارە کەس ئەوەندە لەو باسانە ورد نەبووەتەوە تا ئەم حیسابە وردەی تێدا کردبێت، واش دەزانم ئەگەر من لێی نەدوابام تا ماوەیێکی یەکجار دوور پشکنەری کورد بۆی نەدەچوو چونکە وەك هەر ئێستا دەردەکەوێت دیاردەکە بەووردبوونەوەیێکی زۆر لایەن و بەراوردکەرانە نەبێ خۆ بەدەست بینەرەوە نادات. با ئەوەشت پێ بڵێم، دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی دیاردەی هێندە (ئاشکرا و بزر) خوێنەر و ڕۆشنبیران ناچار دەکات بسەلمێنن کە وا جیهان هەر ئەوەندە نییە چاوی عادەتی و سرنجی عادەتی تێی دەگات و دەیبینێت، وەیاخود ڕاگەیاندنی شوێنەوار و کەلەپوور لەوە تێپەڕ ناکات کە تێوەڕامانی سەرپێیی بەدەستەوەی دەدات. دەوێرم

مەرجێك بكەم بایی ئەوەی ئەگەر بی دۆڕێنم ئیفلاس بكەم، مەرجەكەش لە سەر ئەوە بێ كەوا هەرچی تا ئێستا لە بارەی كورد و كوردستان و كوردی و ئەدەب و كەلەپوور و كۆمەڵایەتی و ئابووری و مێژوو و هەموو سەروبەرێكی كوردەوە نووسراوە، كە لە ناویاندا نووسینەكانی خۆمە، لە سەرەتاییێكی كورت و تەنك بەولاوە نییە، لە ژێریەوە ڕاستییە هەرە گەورەكان و ڕاگەیاندنە هەرە دروستەكان مانەوە بۆ لێكۆڵینەوەی دوور و درێژ و قووڵ. ئەو نووسینە سەرەتایی و تەنكانە، لەگەڵ نرخی زۆری كە هەشیانە لە چاو نەبوونیانەوە، لێیان دەوەشێتەوە ببن بە هۆی سەر لێشێوان و بەهەڵەداچوون ئەگەر ڕوونبوونەوەیان وەك شووشە و ئاو نەبێ، تا ئەو ڕادەیە كە ژێری خۆیان لەبەر چاواندا ئاشكرا دەكەن. نووسین و توێژینەوە هەیە هەر چەند ڕاستیش بێ، بەڵام لەبەر ناتەواوی و بێ سەروبەری وەك گوتە مەشوورەكەی لێ هاتووە كە دەڵێ كابراییێك لە گوتنەوەی شەهادەی باوەڕی ئیسلامەتیدا هەر ئەوەندەی گوت (أشهد ألا اله) و خامۆش بوو، بەمەشدا هەرچەند كەرتێكی ڕاست و دروستی خواناسینی گوت بەڵام بەهۆی ناتەواوییەوە بوو بە كافرێكی بێ دەمەتەقەی پشت لە ئیمان. بە میسال دەڵێم تۆ كە گوتت (بارام لە ئازادی دا) و لە قسەكەی خۆت بڕیەوە، ڕاستەوخۆ، دەبم بە ناحەزی بارام و دۆستی ئازاد، بەڵام كە هاتی و بەردەوام بوویت لە سەر قسەكەت و گوتت (... لێی دا لەسەر بێ عاری وەیا دزیكردن وەیا جنێودان...) دەرحاڵ دەمخەیتە بارێكی پێچەوانەوە لە ئاست بارام و ئازاددا و پڕ بەدڵ دەڵێم دەستخۆش بارام. ناو ناوە لەم بەشەی نووسینمدا دەگەینە باس و لێكدانەوەی ئەوتۆ كە ویستوویەتی كەرتە شەهادەكەی قرتاوی (... الا الله) بباتەوە جێگەی ڕاستەقینەی خۆی.

ئەو دیاردەیەی ناو دیوانە شیعری حاجی قادر كە خەریكم لێرەدا، تازە بەتازە، ڕوونی دەكەمەوە لەوانەیە ئەگەر لێی بێ دەنگ بم سەری خوێنەری كورد بشێوێنم لە ئاست چەند و چۆنی یەكێك لە قۆناغە گرینگەكانی ژیانی حاجی قادر كە ئەویش قۆناغە ناوەندییەكەی نێوان گەشتی خوێندن و چوونی بۆ ئەستەمبوڵە. سەر شێواندنەكە لەوەوە دێت كە ئەگەر خوێنەر قەناعەتی هاتبێت بە لێكۆڵینەوەكەی بەرگی دووەم لە بارەی ماوەی ئەو قۆناغە كە ٥–٦ ساڵ بێت، ئا ئەو قەناعەتە شیمانەییێكی گرینگی تری لێ كوێر دەكاتەوە كەوا گەلێك ڕێكتر دێت و پتر دەگونجێت لەگەڵ تێكڕای وەزعی حاجی قادر لەو قۆناغەدا. شیمانە ڕێكتر و گونجاوترەكە ئەوەیە كە مەودای قۆناغەكە تەواوێك كورتتر بێ لەو ٥–٦ ساڵەی لێكۆڵینەوەكەی بەرگی دووەم

بەڕواڵەت کردبوویە تەمەنی ئەو قۆناغە.

سرنج و وردبوونەوە دەری دەخات، ئەو بارە نالەبارە و پڕ ناڕاحەتی و تەگەرە و بێ دەسەڵاتی و کەم دەستییەی کە حاجی قادری تێدا بوو لێی دەوەشێتەوە ئەوەندە خۆی لە نەزەر حاجیدا دزێو کردبێت کە ئیتر دڵی نەیهێنێ وەك پێنج شەش قاچی دەوال پێ لە خۆیانی بئاڵێنێ و دەرد و ئازاری ئەو پێنج شەش ساڵانە لە لەش و نەفسیدا هەڵگرێ، لە حاڵێکدا ڕێی هەبێ ساڵەکان کورتتر کاتەوە و زووتر ئاڵقە و گەوەکانی لە خۆی شل کاتەوە و لێی ڕەهابێت، وەك کە دەزانم کردی و وا خەریکم بۆتی بەئیسپات بگەیەنم. زووکردنی حاجی قادر لە خۆ ئازادکردن ئەنجامی وەزعێکە بەدەوری حاجییەوە وەك جغزی تەواو کە هەردوو سەری گەیشتبێتەوە یەکتر، ئیتر لە هەر لاوە سەیری بکەیت ڕێ بە زیهنت دەگرێ و هۆی زووکردنی حاجیت بەدەستەوە دەدات، وردە وردە لەگەڵ درێژەکێشانی شریتەی نووسین ئەو هۆیانە و هاندەرانەی خێراییکردنە لە دەرباز بوون، وەك دانەی تەزبێح، بەداوێوەیان دەکەین تا لێیان دەبینەوە و دووسەری تەزبێحەکەش وەك جغزەکەی دەوری حاجی دەگەیەنینەوە یەکتر، بەڵام لێرەدا پێشدەستییەك دەکەم بۆ تێخوێدنەوەی دوو دانەیان بە نیازی ئەوە کە نووسینەکە بە بۆشاییەوە ڕانەوەستابێت و هەر نەبێ یەك دوو کۆڵەگەی بەڵگانی بە بەر درابێت تا دەگەینە ئەو کاتە کە هەموو کۆڵەگەکان لە شوێنی مناسبی خۆیاندا دەچەقن.

یەکێکیان لە نیگاییێکی بەرەو دواوە خۆ دەنوێنێت، حاجی قادر بە خۆڕایی درێژەی بە گەشتی خوێندن نەدا بۆ ماوەی (٧) ساڵان وەیا (٩) ساڵان، بێگومان بەرهەڵستێکی زۆر بەهێز دەیوەستاند لە گەڕانەوەی بۆ کۆیێ. بە عادەت فەقێ خێرایی دەکات لە خوێندن بە نیازی خێرا دامەزران و نیشتەجێبوون، کە ئەمە ئاکامێکی چاوەڕوانکراوە لە هەموو چالاکی و کەسب و کارێکدا چونکە مرۆڤ بە ئومێدی دروێنە زەوی دەکێڵێت و دەچێنێت، بە ئومێدی مەلایەتی و تەدریس لە مزگەوت و مەدرەسەیێکی وڵاتیشدا لە مزگەوتان دەخوێنێ و گوندا و گوند و شارە و شار دەگەڕێ، دیسانەوە بە عادەتیش لە کاتی چەند ساڵەی خوێندندا چەند جاران بەرەو ماڵ دەبێتەوە و دیدەنی خزم و کەسی خۆی دەکات، تا بۆشی بلوێ دەیەوێ لە نزیکی مەفتەنیی خۆی نیشتەجێ ببێت و بگوزەرێنێ. حاجی قادر بە پێچەوانەی عادەت، ئەوەندەی پێی کرا خۆی وەخراند لە گەڕانەوە بۆ کۆیێ، وەك منیش بۆی دەچم هۆی خۆ وەخراندنەکەی لە چاوان دەچەقێت. حاجی قادر کە دەگەڕاوە بۆ کۆیێ، کوردی گوتەنی، بەسەر سفرەی بەتاڵدا دەهاتەوە

چونکە خاوەن هیچ شتێك نەبوو تێیدا. کە بێین وێنەی حاڵ و باری حاجی لەو هیچ نەداریيەدا تەواو بکەین دەبێ بەخۆنازین و لەخۆڕازیبوون و خۆ بەگەورە گرتن و ڕێز لەخۆنانی حاجیش بێنینەوە بەر چاومان کە هەر بەجارێ گەڕانەوەی قەلەندەرانە و هەژارانە و بێ دەسەڵاتانە زەحمەتتر و ناخۆشتر دەکات و ڕێی نەهاتنەوە هەموارتر دەکات. من کە بەوردی سرنج لە تێکڕای باری مادی و نەفسیی حاجی ڕادەگرم سەیرم لەوە دێتەوە چۆن حاجی بیری لە گەڕانەوە کردەوە و هاتیشەوە، گەلێکیش لێکدانەوەم کردووە، دەشیکەم، بۆ دۆزینەوەی هۆی دڵکێشی ئەوتۆ بایی ئەوە بکات دوودڵی و مەترسی و شەرم بە خۆدا هاتنەوەی حاجی لە گەڕانەوەی فەقیرانە بەلاوە بنێت و بەرەو کۆیێ پاڵی پێوە بنێت وەیا ڕای کێشێت، لە ئاکامی لێکدانەوەی دوور و درێژم هەر بەو دوو سەبەبە زۆر ئاشکرایە گەیشتووم کە وا لێرەدا دەینووسم، یەکەمیان کزە و سۆزی بیرکردنەوەی وڵات و دۆست و برادەرە، کە ئەمە هەستێکی زۆر ئاسایی و خۆڕسکیشە لە مرۆڤدا، دووەمیان وەك یەك بوونی کۆیە و سابڵاغە بە نیسبەت حاجی قادرەوە لەو ڕووەوە کە لە سابڵاغیش خاوەنی هیچ شتێك نەبوو لەوانەی گوزەرانی پیاوی ڕەبەنیش پێك دێنن. کەواتە مانەوەی حاجی قادری بێ ئامانج و بێ سەبەب لە سابڵاغ یاخود هەر جێگەیێکی تری کوردستانی پان و بەریندا دەبووە (ترجیح بلا مرجح). پێشی ناوێ سەرلەنوێ بکەومەوە موناقەشەی ئەوە کە نەفسە زلەکەی حاجی هەر وەك نەیدەهێشت لە کۆیێ ببێتە خاوەنی قروشێك، نەشیدەهێشت لە سابڵاغ و غەیری ئەوێشدا ببێتە خاوەنی هیچ شتێك. کەواتە وا دیارە لە نێو دوو عامیلی دژی یەکتر کە یەکێکیان بەرهەڵستیکەری شەرم و دوودڵییە ئەوی تریان پاڵ پێوەنەری سۆز و ئارەزووە، لە ئەنجامی شەڕێکی ناوەکی نەفس و دەروون و دڵدا سۆزی غەریبیکردنەوە زاڵ بووە بەسەر عامیلی وەخرێنەری دوودڵی و شەرمکردنەوەدا، بەڵام دیارە تا ڕادەیێك شیرنبوونی گەڕانەوە بۆ وڵات دوای بەسەرچوونی دەوری خوێندن یاریدەی ئەو پاڵ پێوەنەرەی سۆزی غەریبیی داوە لە زاڵبوونیدا بەسەر هێزی وەخرێنەر. لەم زاڵبوونەی لایەنی پاڵ پێوەنەر کە هێزێکی (ایجابی – ئەرێتی)یە بەسەر لایەنی بەرهەڵستیکەردا کە هێزێکی (سلبی – نەرێتی)یە، یاسای کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیی خۆرسك و زگماك بەڕاڕەوێکدا ڕۆیشتووە دژی ڕاڕەوی یاساکانی (فقهی) و قانونییە کە لە ڕووبەڕووبوونی (مانع و مقتضی)دا مانیعەکە پێش دەیەخێت و دەیکاتە بنگەی بڕیار. هەڵبەت من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم هەمیشە لە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیی

خۆڕسکدا هێزی پاڵ پێوەنەر سەردەکەوێ، چونکە زۆر جاران هۆی کاریگەری سەلبی لەم مەیدانەشدا زاڵ دەبێ بەسەر (ایجابی – ئەرێتی)دا و بەدرێژایی ساڵەهای بێ بڕانەوە بەری پێشەوەچوون دەگرێ، ویستم ئەم لە یەك نەچوونەی بڕیاری وەزعی (فقهی – قانونی) بێنمە بەرچاو و زیهنی خوێنەرەوە کە ڕاستییێکە سەر بە کۆمەڵایەتی، شێوەیێکیشە لە بێ ئەژماربوونی چۆنایەتیی حاڵ و باری سەر بە مرۆڤەوە. بگەڕێینەوە بۆ زەرفی حاجی لەو کاتەی تێیدا گەڕایەوە بۆ کۆیێ، حاجی قادر کە ئەمەی گوتمان و ڕوونمان کردەوە وەزعی نەفسی و مادیی بێ دەمەتەقەی بووبێت بە ئاشکرایی دیارە کەوا زووکردنی لە جێهێشتنی کۆیێ بەقەدەر خۆ وەخراندنی لە هاتنەوە بۆ کۆیێ دەبێتە بڕیارێکی چاوەڕوانکراوی ئەو بارە نەفسییە و مادییەی کە پێشتر لە سابڵاغی هەڵقەناند. خۆ ئەگەر تەنگ و چەڵەمەی دوشمنایەتییە خەستەکەی حاجی لەگەڵ شێخ نەبی و مریدەکانی بێنینە ناو حیسابی ئەم لێکدانەوەیە هەر بە جارێك ئاشکرا دەبێ جێ پێی حاجی لە خاکی کۆیەدا چەند لەق بووە.

دووەمیان ئەو هۆیە زلەی نەبوونی هیچ پێوەندییێکی بەرژەوەندی مادی و گوزەرانە، کە حاجی بە کۆیەوە ببەستێتەوە. ئەمجارەیان موعادەلەیێکی کۆمەڵایەتی و نەفسیی ئەوتۆ پەیدا دەبێت هەر دەڵێی چ جۆرە ڕووبەڕووبوونێکی (مانع ومقتضی)ی تێدا نادیترێت چونکە وەك دەبینین (مانع)ی ڕۆیشتن پەیدا نییە تا لە بەرانبەر (مقتضی) ڕۆیشتنەکەی دانێین. بەدوا ئەمەدا چەند ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو هۆیانەی حاجییان لە کۆیێ ترازاند هەر خۆیان خێراییشیان پێ کردبێ لەو ترازانەدا. (ئێمە لە جێگەی پێویستدا جارێکی تریش ئەم بێ پێوەندییە مادییەی نێوانی حاجی قادر و کۆیێ دێنینەوە ناو باسەکەمانەوە.)

دوابەدوای ئەم تێبینییانە و وردبوونەوانە بە خوێنێکی ساردتر لە هی سەرەتای دەست پێکردنەوەی نووسینم، دەگەڕێمەوە بەرەو پیری ئەو دیاردەیەی شیعری حاجی کە گوتم بە خامۆشی باسی ماوەی درێژەکێشانی قۆناغە گرینگەکەی ناوەندی بەینی قۆناغی فەقێیەتی و قۆناغی ژیانی ئەستەمبوڵێ دەکات کە ماوەی مانەوەی لە کۆیێ دەگرێتەوە.

دیاردەی وەك ئەمەی لێرە بەدواوە باسی دەکەم لە شیعری هەموو شاعیرێکدا بۆ چاوی وردبین خۆی دەنوێنێت، هەر جارەش بە پێی جۆری ژیان و چۆنیەتیی ئەدەب و داڕژانی هەست و نەستی شاعیرەکە، بەڵام کەم جاران لێکۆڵینەوەی عادەتی لە ئاست

دیاردەی وەهادا هەڵوەست دەکات و سرنجی لێ دەگرێت. من لە بارەی شیعری حاجی قادرەوە، هی شاعیری تریش، ئەم هەڵوەستەم کردووە و سرنجم گرتووە، وا لەم ڕووپەڕانەی ئایندەدا ئاوێنەی زیهنی خۆمت بۆ دەکەمەوە تاکو دیاردەکەی تێدا بخوێنیتەوە. ڕەنگە دوای خوێندنەوەی ڕووپەڕەکان، خوێنەر لە خۆی بپرسێت و بڵێت بۆچی دیاردەی وەها ئاشکرام بە بەرچاوی خۆمدا نەهێنا، ئومێد دەکەم لە کاری وەك ئەمەدا ئەو دیمەن بە بەرچاودا هێنانە بکات. ئا ئەمەش ئەو دیاردەیەیە کە دەڵێم لە ناو دیوانی حاجیدا پەیدا دەبێت و یاریدەی سنوورکێشان بە دەوری ماوەی قۆناغی ناوەندی عومریدا دەدات.

شیعری حاجی کە بە پێی نەخشەی زەمەنی هەڵبەستنیانەوە قۆناغیان بۆ دانرێت دەخرێنە جغزی سێ قۆناغەوە، هەر بەو پێیەش دەکرێن بەسێ بەشی جودا کە هەر بەشەیان سەرەڕای هەبوونی سنووری کات بە دەوریانەوە، جارێکی تریش لەیەکتر جودا دەبنەوە لە ڕووی هۆی بزاوتن و ورووژاندن و خەریککردنی دڵ و دەروونی حاجی قادرەوە کە وا بە ئاشکرایی لە زۆربەی شیعرەکانی هەر یەکێك لەو قۆناغەدا دەردەکەوێت:

بەشی یەکەمی نەخشە زەمەنییەکە بریتییە لە قۆناغی فەقێیەتی و گەشتی دەرس و دەوری زانستەکانی ئیسلام.

بەشی دووەمی، ئەو چەند ساڵەیە کەوا ئێستا خەریکین پەراوێزێکی بە پێوانە و کێشانەی بۆ دانێین و ماوەکەی بە شێوەیێکی ڕاست وەیا لە ڕاست نێزیك دیار خەین. ئەو بەشە هەمان بەشە ناوەندییەکەیە کە دەکەوێتە پاش بەسەرچوونی گەشتی خوێندن و پێش سەرەتای دەرچوونی حاجی لە کۆیێ بەرەو تورکیا و ناوچەی خەلافەتی ئەوسا کە ئەستەمبووڵ بوو.

بەشی سێیەم هەموو عومری حاجی دەگرێتەوە دوای دەرچوونی لە کۆیێ.

کە بێین هەڵبەستەکانی دیوانی حاجی قادر بەدەنگ بێنین بۆ دیارخستنی ئەو سەردەمەی کە تێیاندا هۆندراونەوە، یاخود بۆ زانینی پێوەندییان بە یەکێك لەو سێ قۆناغەوە، بە مەرجێك سەلیقەیێکی ڕاست و سازگار ڕابەرمان بێت لەو کارە زیهنییەدا، دەتوانین میقدارێکی بەپۆز لەو شیعرانە بە ئاسانی بدەینەوە بە قۆناغی تایبەتی خۆیان.

بەنیسبەت قۆناغی یەکەمەوە: خەریکبوونی بەردەوام و دوور و درێژی حاجی قادر

بـە دەرس و دەوری مـزگـەوتـەوە لـە قـۆنـاغـی یـەکـەمـی لـیستـە زەمەنییەکەدا، لێی دەوەشێتەوە وای کردبێ بەشی زۆری شیعرەکانی ئەو قۆناغی، باسەکانی (صرف و نحو) و مادەکانی تری خوێندنی مزگەوتی کردبێت بە مادەی هەڵبەست وەیاخود هەر نەبێ زۆرینەی شیعرەکانی سەر بە قەواعیدی عەرەبی و باسی ئاینی ئیسلامەوە لەو قۆناغەدا هۆنرابنەوە. بە پێی لێکدانەوەی خۆم و سرنجێکی رام گرتووە لە شیعرەکانی حـاجـی دەتـوانم بـڵـێم ئـەگـەر دەرفـەت هـەبـێ بـۆ بـەراوردکردن و بـە یـەکدی گرتن و زیهنکاریی تێروپڕ دەشێ هەندێك لەو هەڵبەستانەی کە زۆر لە نێزیکەوە پێوەندییان بە (صرف و نحو) و ئاینەوە هەیە بدرێنەوە بەو ڕۆژانە کە باسەکەی سەرفی وەیا نەحوی وەیا ئاینی ناو هەڵبەستەکەی تێدا خوێندراوە. ئەم دیاردەیە لە ڕووپەڕەکانی کتێبە زۆر بـاسکراوەکـەی (سیـوطـی)دا بـە ئـاشکرایی خۆ دەنوێنێ، چونکە حـاجـی قـادر ئەرکێکی زۆری پێوە بردووە و گەلێك لەگەڵی خەریك بووە. سەیرت بە قسەم نەیێ ئەگەر بڵێم ڕەنگە ناوناوە خەونیشی بە باسەکانی سیوطییەوە دیبێت کە ڕۆژ لە دوارۆژ خـەریـکی ئـەنجنین و ساغکردنەوە و پەڕاوێزکاری دەوری پـەڕەکـانـی بـووە، چونکە هەموو دەزانین مرۆڤ زۆر خەونان بەو شتانەوە دەبینێت کە بە ڕۆژ پێیانەوە ماندووە، چ جایی ئەوەی وەك حاجی قادر بە ڕۆژ و شەو دەستەویەخەی دەرس و دەور و حاشیە نووسینەوە و ئەزبەرکردنی باسەکانی ناو ئەو کتێبە بووبێت. ئەو کەسەی شارەزای جۆری دەرسی ناو مەلا و فەقێیان بێ دەزانێ چ شێوە وردپێوی و کوتان و ئەنجنین و ساغکردنەوەیێك لەگەڵ ئەو دەرسانەدا دەکرێت و فەقێی تاین فکر و خەیاڵ و وڕێنە و خەو و خۆراکی دەبێتە گوتنەوە و کوتانەوە و دە جاران هاڕینەوەی ئەو دەرسەی لای مـامـۆستاکەی دەیخوێنێت. سەیـرێکـی حـاشیـەکـانـی حـاجـی قـادر بـکـەیت بـە دەوری ناوەڕۆکی سیوطییەوە، ئەم تێئاڵان و تێکەڵبوونە لەگەڵ مادەی کتێبەکەدا بۆ یەکەم نیگات دەردەکەوێت. بێگومان دەبێ نیسبەت و تەناسوبێك هەبێ لە نێوانی ماوەی خەریکبوونی حاجی قادر بە خوێندنی مزگەوتەوە لەگەڵ بارستی ئەو شیعرە سەر بە ئاینانەی کە لەو ماوەیەدا هەڵبەستراون. واتە بە پێی درێژبوونەوەی ئەو ماوەیە شیعری ئاینی و هەڵبەستی تێکەڵ لەگەڵ ڕێزمانی عەرەبی ئەویش زیادی کردووە.

دواتر باسی قۆناغی دووەم دەکەم.

بە نیسبەت قۆناغی سێیەمەوە: تایبەتی جوداکەرەوەی ئەو قۆناغەیان هەڵبەستی سەر بـە کـوردایـەتـی و سیـاسەتـە. تـێکـڕای هـەڵـبـەستـە نیشتمانپەروەییەکان و

سیاسییەکانی حاجی قادر زادەی ئەو قۆناغەن (لە بەرگی دووەمی ئەو نووسینەدا لایەنی سەرەتای دەست پێکردنی حاجی بە شیعری کوردپەروەرانە ساغ کراوەتەوە و بە ئیسپات گەیشتوە کە لە دوای چوونی لە کۆیێ بۆ لای بەدرخانییەکان لە ئەستەمبوڵ، قۆناغی کوردایەتیی حاجی دەستی پێ کراوە). هەمان نیسبەت و تەناسوبیش لە نێوان ماوەی قۆناغەکان و بارستی هەڵبەستەکان لەم قۆناغەشدا وەك مۆمی ناو تاریکی دیار دەکەوێ.

بە نیسبەت قۆناغی دووەمەوە کە بابەتی لێکۆڵینەوەی ئێستاکەمانە: لەم قۆناغەدا تایبەتییەکی وەك (علامە فارقە) هەیە نە بە هیچ کلۆجێك لەوانی تردا پەیدایە نە لە ژیانی هیچ شاعیرێکی دیکەی ئەوسا هەبووە، شتێکە بۆ حاجی قادر ڕێك کەوتووە لەو دەمەدا، ڕاستتریش ئەوەیە بڵێم یەخەگیری خۆی کردوە نە بۆ غەیری ئەو ڕێك کەوتووە نە ئیمکان هەبووە جارێکی تر بۆ حاجی ڕێك کەوێتەوە. تایبەتییەکە ناکۆکی و دوشمنایەتییە کوشندە بێ پشووە بێ وچانە بێ مەسڵەتییەکەی نێوان حاجی قادر و شێخ نەبی ماویلییە. دەزانین لەو دوشمنایەتییەدا تاکە چەکی هێرشبردن و لەسەرخۆکردنەوەی حاجی هەڵبەست بووە، لەمەوە دەزانرێ شیعرەکانی حاجی دژی شێخ نەبیی هی ئەم قۆناغەن، بێ لەو چەند بەیتەی دواتر لە ئەستەمبوڵەوە بە پێی داخوازی مەبەستی هەڵبەست ناوی شێخ نەبییان تێ کەوتووە هەمووشیان دەناسرێنەوە کەوا هی قۆناغی سێیەمی عومری حاجین وەك ئەو بەیتەی کە جارێکیان لە بەشی دووەمی ئەم نووسینەدا بۆ نیازێك کردبوومە شایەد و بەڵگە:

لە عەهدی کەر نەبی تا عەهدی گای کوێر
لە گوێی گا نووستوون زۆر حەیفە بۆ شێر

کە بگەڕێیتەوە بۆ دەوروبەری بەشی دووەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی) بۆت دەردەکەوێ ئەم بەیتەی لە ئەستەمبوڵەوە کردووە بە دیاریی گلەمەندی بۆ خەڵقی کۆیێ.

چ گومان نییە لەوەدا کەوا زۆری و کەمی ئەو هەڵبەستانەی حاجی قادر لە سەروپۆتەراکی شێخ نەبیی ڕاکێشاون، زۆری و کەمیی ماوەی ئەو کاتە بەدەستەوە دەدات کە شەڕ و ناکۆکییەکەی تێدا بەردەوام بووە چونکە دیارە هەتا ئەو ماوەیە درێژەی خایاندبێت ئەو تەرزە هەڵبەستانە پتر پەیدا دەبێ.

لەمەدا چ گومان نییە و هەمان نیسبەت و تەناسوبی دوو قۆناغەکەی تری ژیانی حاجی لێرەشدا کاری خۆی دەکات، بەڵام دەبێ پرسیارێك لە خۆمان بکەین و بڵێین ئایا کە حاجی گەڕاوە بۆ کۆیێ ئاشی شێخ نەبی لە گەڕدا بوو؟ کێ دەڵێ بەینێك وەیا چەند ساڵێك بەسەر هاتنەوەی حاجیدا تێ پەڕیوە بەر لەوەی شێخ نەبی لیسی خۆی هاویشتبێتە کۆیێ! هەڵبەت کە مەعلووم کرا هاتنی شێخ نەبی بە نیسبەت گەڕانەوەی حاجییەوە بە درەنگەوە بووە ئەوسا ڕاگەیاندنی کەم و زۆری میقداری هەڵبەستەکانی حاجی دژی شێخ نەبی تەنها ماوەی دوشمنایەتییەکە دەگرێتەوە نەك هەموو قۆناغە ناوەندییەکەی عومری حاجی کە دیارە درێژتر دەبێ لە ماوەی دوشمنایەتییەکە. (دوای کەمێکی تر ئەم لایەنە ساغ دەکەینەوە).

لەم موقارەنە و بەیەکترگرتنە سەرەتاییەدا ئەوەی جێی متمانییە کەمیی میقداری هەڵبەستەکانە: بە وردی سەیری دیوانی حاجی بکەیت لە چەند پارچە هەڵبەستێکی کەم بەولاوە شیعری تێدا نادۆزیتەوە خەریکی زڕاندنی ناوی شێخ نەبی بێت وەیا هەر ناوی هێنابێت. لەمەوە بە جۆرێکی ژووروی گومان لێکردن ساغ دەبێتەوە کەوا ماوەی ئەو هەراو دوشمنایەتییە لەوانە نەبووە ٥ –٦ ساڵی خایاندبێت. ژمارەی شیعرەکان، کە زۆر کەمن، هەرگیز لە ماوەی دوو ساڵ پتر بەدەستەوە نادەن. بەڕاستی من کە ناوی دوو ساڵ دەهێنم پاڵ بە خامەی خۆمەوە دەنێم بەرەو مەودایێکی زەمەنیی ئەوتۆ بشێ پێی بگوترێ (قۆناغی ناوەندی) لەبەرخاتری واتای وشەی (قۆناغ) کە دیارە دەبێ ئەوەندە درێژەی هەبووبێ پشووی تێدا وەرگیرابێت. ئەگەرنا هەڵبەستەکان ئەوەندە کەمن بایی چ ماوەیێکی دوو ساڵی ناکەن. لێرەدا تێبینییەك دێتە بەر لێکدانەوەکەمانەوە کە دەبێ لە حیساباندا تێ بخوێندرێتەوە، وەیا وەك پرسیار وەرامی بدرێتەوە: کێ دەتوانێ بڵێ بەشێکی ئەو شیعرانە لە ناو نەچوون؟ بە پێی وردبوونەوەی من، یەکلاکردنی ئەم پرسیارە بەم جۆرە دەبێ:

١– لە ناوچوون تەنها بۆ شیعری ئەم قۆناغەی تەمەنی حاجی قادر بە ڕووداوی چاوەڕوانکراو داناندرێت، شیعری دوو قۆناغەکەی تری تەمەنیشی هەر لە ژێر حوکمی ئەم ئیحتیمالەدان. لەبەر ئەمە نیسبەت و تەناسوبەکە لە تێکڕای قۆناغەکانی ژیانی حاجی وەك خۆی دەمێنێتەوە، واتە زۆری و کەمیی شیعری یەکێك لەو قۆناغانە بە زۆری و کەمیی شیعری قۆناغێکی تر دەگیرێت و بەو پێیە درێژی و کورتیی مەودایان ڕەچاو دەکرێت چونکە ژیانی حاجی چەندە هەر هەندە

بـە بزربوون وەیـا زۆربوونی شیـعرەکـانـی ئـەو ژیـانـە وێکهاتنەوە و لـەبـەریەك کێشرانەوەی بەسەردا نایەت بۆیێ مومکینە لە پەڕاوێزی مەحدوودی ئەودا یەکێك لە قۆناغەکان لەچاو ئەوانی تردا کورت وەیا درێژ بێت.

٢- لەلایەن فۆتان و لەناوچوونەوە، شیعری قۆناغی سێیەمی ژیانی حاجی قادر لەگەڵ فۆتان و لەناوچوون دەگونجێت چونکە لە غەریبی و بێ کەسیدا شەخسی شیعر پاراستوو کەمتر چنگ دەکەون نەك لە مەفتەن و ناو خزم و عەشیرەت. ئەو تێبینییە یەکجاریش ڕێك دێت لەگەڵ ئەو شایەدییە گومان لێ نەکراوەی (جەلادەت بەدرخان) کە دەڵێ دیوانی حاجی قادرم بە منداڵی دیتووە و ٨٠٠ لاپەڕەی ورد نـووسراو بـووە. وەك بـەدیـهـیـە ئـاشکرایـە بـەشی هـەرە زۆری ئـەو دیـوانـە شیـعری قـۆنـاغـی سێیـەمـی ژیـانـی حـاجـی بـوون چـونـکـە دیـارە حـاجـی لـە ڕۆژانـی نیشتەجیبوونی یەکجارەکیی کۆتاییی ژیانیدا کە چ ئاوارەبوونی تازەی بەدوادا نایەت بۆی لواوە بە ڕاشکاوی شیعرەکانی ئەو ڕۆژگارەی لە کتێبدا کۆبکاتەوە و بیانخاتە شێوەی (دیوان).

کـە ئـەمـە دەڵـێم ڕاسـتـیـێکـی گـریـنـگـم لـە بـیـرە بـاوەڕەکـەم پـتـەو دەکـات: گـەلێك لـە شیعرەکانی دوو قۆناغەکەی تری تەمەنی حاجی، زووتر لە کۆیە و کوردستان بەجێ مابوون و هەر لەو شوێنانە پارێزرابوون، شیعرەکانی قۆناغی سێیەمی ژیانیشی هەر ئـەوانـەیـان لـێ پـارێزران کـە گەیشتنەوە کـوردسـتـان چـونـکـە دەزانین دیـوانـە ٨٠٠ لاپەڕەییەکەی جـەلادەت بـەدرخـان دیتبووی دوای مـەرگـی حـاجـی لـە نـاوچـووە و سووتاوە. هەموو دیوانی حاجی قادری پارێزراو لە ٢٠٠ لاپەڕە تێپەڕ ناکات، بەو پێیە سێ بەشی پتری ئەو کتێبە ٨٠٠ لاپەڕەییە بزربووەکە زۆربەی شیعرەکانی قۆناغی سێیەمی تەمەنی حاجی پێك دێنن لەوانەی بە خەلقی کوردستان نەگەییشتوون تا بیانپارێزن.

ئەو شیعرانەی کە گوتم لە کۆیە و کوردستان دوای ڕۆیشتنی حاجی مانەوە و باشتر ئەوەیە بڵێم لێی بەجێمان هەر خۆیانن لەم دوو بەیتەی حاجیدا یاد دەکرێنەوە:

ئەی رەفیقانی وەتەن چەند غەزەلم ماوە لەوێ
لـە کـنـارێکـەوە تـەقـدیـرە وەکـوو هـەڵـبـکـەوێ
وەك سەفینە بگەڕێ بیخەرە بەر بەحری قسەم
حەیفە وەك من لە غەریبی بمرێت و نەتەوێ

بەمەدا دیارە حاجی قادر بەشێکی غەزەلەکانی لە کوردستان ماونەتەوە و لە یادی کردوون و ناتوانێ بیاننووسێتەوە و لە فۆتان ڕزگاریان بکات بۆیەیە داوا لە برادەرانی دەکات بۆی کۆبکەنەوە و بیانپارێزن.

بەڵام لە ناو ئەم لێکدانەوەدا دەبێ جارێکی تریش حیسابی تایبەتی بکەین بۆ قۆناغی ژیانی حاجی لە ڕووی ئەوەوە کە کۆتاییی ئەو قۆناغە پێویستی بە ساغکردنەوە نییە وەك دوو قۆناغەکەی تر چونکە دەزانین لە ١٨٩٧ بەسەر دەچێت. کە گومانێك هەبێ بە نیسبەت ئەو قۆناغەوە لە بارەی سەرەتاکەیەوە هەیە کەوا ڕێی تێ دەچێ لە ئەنجامی لێکدانەوەی هەڵە نەختێکی بدرێتەوە بە قۆناغی دووەم وەیا نەختێکی قۆناغی دووەم بەو بدرێتەوە. بە هەمە حاڵ ئەوپەڕی هەڵەکردن لەو حیسابەدا لە یەك دوو ساڵ تێپەڕ ناکات، کە دەزانین یەك دوو ساڵ لە چاو پتر لە ٣٠ ساڵی مەودای ئەو قۆناغەدا خۆ نانوێنێ. هەر بەو پێیەش بزربوونی شیعرەکانی ئەم قۆناغەی ئەویش کەم تەئسیرە چونکە مەودای قۆناغەکە لایێکی زۆر ئاشکرایە، لایەکەی تریشی کەم بزرە. تەلەزگەی گەورە کە هەبێ لە لێکدانەوەی دوو قۆناغەکەی ترە چونکە دۆزینەوەی هەر دوو سەری سەرەتا و کۆتاییان کاری زیهن و فکرە.

پوختەی قسە و بەراوردکردن ئەوەیە، لە ناوچوونی شیعرەکانی حاجی قادر بنگەی نیسبەت و تەناسوبی دۆزینەوەی درێژی و کورتیی ئەو قۆناغانە تێك نادات. لەبەر ئەمە چەند و چۆنی شیعرەکانی حاجی دژی شێخ نەبی بە تەواوی ئەوە ڕادەگەیەنێ ماوەی دوشمنایەتییەکەیان درێژ بووە یا کورت، کە دەزانین بە پێی کەمبوونی شیعرەکان ماوەکەش کورت بووە.

بەڵام ئاخۆ دەتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین ئایا ماوەی دوشمنایەتییەکە بەقەدەر ماوەی هەموو قۆناغە ناوەندییەکە دەبێ، واتە لە ڕۆژی هاتنەوەی حاجی بۆ کۆیێ وەیا لە ڕۆژانی سەرەتای هاتنەوەیەوە دوشمنایەتییەکە دەستی پێ کردبێ؟ ئایا شێخ نەبی بەر لە گەڕانەوەی حاجی هاتبووە کۆیێ؟ یاخود پاش گەڕانەوەی هات؟ ئەگەر پاش گەڕانەوەی حاجی هاتبێ چەند کات پاشتر بووە؟

پێی ناوێ من بڵێم، لە خۆوە دیارە ئەگەر شێخ نەبی بەر لە گەڕانەوەی حاجی بۆ کۆیێ لە کۆیێ بووبێت، ئەوسا ماوەی دوشمنایەتییەکە و ماوەی مانەوەی حاجی لە کۆیێ یەك دەگرنەوە چونکە مەعلوومە هۆی هەڵگیرسانی دوشمنایەتییەکە لە یەکەم

ڕۆژەوە پەیدا بووە.

بەڵام کە حاڵ وەها نەبووبێت و گەڕانەوەی حاجی پێش هاتنی شێخ نەبی بۆ کۆیێ بووبێت ئەوسا ئیحتیمال زۆر دەبن: ڕەنگە تەفاوتەکە مانگێك بووبێت یا ساڵێك یا پتر.

یەکلاکردنی ئەم گرفتە تا ئەو ڕادەیەی هەموو ئیعتیرازات وەرام بداتەوە کارێکی ئاسان نییە چونکە چ بەڵگەیێکی بێ دەمەتەقە لەلای کەس سەری هەڵنەداوە حاڵ و بارەکە ساغ کاتەوە نە بە نووسین نە بە گوتەی دەماودەم، خەبەرێکی بێ شوبهەیە و پێمان گەییشتووە، شەڕێکی کوشندەی نێوان دوو نموونەی پێچەوانەی یەکترمان بۆ دەگێڕێتەوە بێ ئەوە چۆنایەتیی هەڵگیرسان و ماوەی بەردەوامبوون و کاتی دەست پێکردن و بڕانەوەی باس کردبێت هیچ سەرە پەتێکیشی بەدواوە نییە پەنجەی لێ گیر کەین و شوێنی کەوین. لەگەڵ ئەمەشدا سەرە پەت لەلاوە پەیداکردن بۆ یەککردنی پرسیارەکە (مستحیل) نییە، چونکە قسەیێکمان بەدەستەوەیە بە خۆی و دەلالەتیەوە دەتوانێ تا سنووری سەپاندن تەرجیحی یەکێك لەو ئیحتیمالانە بکات. قسەکە لێرە بەپێشەوە (لە بەرگی یەکەمی ئەم نووسینە) بە پێی داخوازی جێگە باسی کراوە، وا لێرەشدا بۆ ئەم مەبەسە نوێیە دێتەوە ناو نووسینەوە. لە جیلی پێش خۆمانەوە پێمان گەییشتووە، لادانی شێخ نەبی لە ڕێی ڕاست و دروستی تەریقەت و ئاین بەینێك دوای هاتنی بۆ کۆیێ بووە، تەنانەت لە کاتی خۆیدا گوتوومە (لە بەرگی یەکەمدا) ئەگەر شێخ نەبی لە سەرەتاوە بەد بوویایە پیاوێکی وەك حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی زادە یارمەتیی هاتنی شێخ نەبی بۆ کۆیێ نەدەدا. ئەم ڕاستییە ڕێ لەوە دەبڕێتەوە کەوا هاتنی شێخ نەبی دوای گەڕانەوەی حاجی بێ بۆ کۆیێ چونکە ماوەی مانەوەی حاجی بایی ئەوە ناکات شێخ نەبی تێدا هاتبێتە کۆیە و بەینێك بە پیاوچاکی ڕابواردبێت و ئەوجا کەوتبێتە سەر خراپ، بەدوا ئەوەشدا یەك دوو ساڵان دوشمنایەتییەکەی نێوانیان بەردەوام بووبێت پێش ئەوەی حاجی بۆی دەرچووبێت[1].

بەڵام دەشێ لە پشووی پیاو چاکی شێخ نەبیدا حاجی قادر بۆ کۆیێ هاتبێتەوە، ئیتر بایی درێژاییی ئەم پشووە لە ماوەی دوشمنایەتییەکەیان داشکێندرێت، کە ئەمە نەختێك نیسبەت و تەناسوبەکە دەگۆڕێ. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر ڕووداوەکە بە هەموو ئیحتیمالێکیەوە بخەیتە ناو سەرلەبەری باری نەفسی و مادیی حاجی قادر و لەبەر

(١) لە لاپەڕە (١٦٢)ی بەرگی دووەمی (حاجی قادری کۆیی) ئەمە دەخوێنیتەوە (کاتێك حاجی هاتووەتەوە ئاشی شێخ نەبی لە گەڕدابووە).

تیشکی داخوازی ئەو حاڵەوە سرنجی لێ بگریت، کە لێرە بەدواوەش ئەو سرنجە هەر ڕادەگرین، دەگەیتە ئەو باوەڕە کەوا قۆناغەکە و دوشمنایەتییەکە هەندی یەکترن وەیا چ فەرقێکی ئەوتۆ لە بەینیاندا نییە تێ بخوێندرێتەوە. بۆیە دەتوانین دڵنیابین لەوەدا کە دەلالەتی زۆربوون و کەمبوونی شیعرەکانی حاجی دژی شێخ نەبی کورتبوون و درێژبوونی هەموو قۆناغە ناوەندییەکە دەگرێتەوە نەك تەنها دوشمنایەتییەکە.

لەم لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیەوە بۆم دەردەکەوێ حاجی قادر لە ماوەی دوو ساڵان پتر لە کۆیێ نەماوەتەوە دوای بەسەرچوونی گەشتی خوێندنی مەلایانەی.

کورتبوونی ماوەی مانەوەی حاجی لە کۆیێ لەگەڵ هەموو سەروبەرێکی زانراوی باری ژیانیدا ڕێك دێت و دەگونجێت وەك لەم دێرانەی خوارەوەدا بۆت دەردەکەوێت:

١- ڕێك دێت لەگەڵ درێژە پێدانی ئانقەستی خوێندنی فەقێیەتییەکەی لە غەریبایەتیدا.

٢- ڕێك دێت لەگەڵ کەمبوونی هەڵبەستی دژی شێخ نەبی[١].

٣- ڕێك دێت لەگەڵ خەریك نەبوونی حاجی بە ماڵ پێکەوە نانەوە، وەیا بە گوزەرانەوە.

٤- ڕێك دێت لەگەڵ تەنگەتاوبوونی حاجی بە دەست هەژاری و نەداریەوە لە جیگەیێکی وەك کۆیێ کەوا چ عوزری غەریبی و ئاوارەیی نابێتە دڵدانەوە و خۆ پەڕاندنەوە لە ئاست قسە و توانجی ناحەزانەی یەکێك بیەوێ هەژاری بە عەیب بگرێ. حاجی لە غەریبی و ئاوارەییدا لێی بەکەم نەدەگیرا کە ماڵی دونیای نییە، بەڵام کە نیشتەجێ بوو حاڵەکە دەگۆڕێ.

٥- ڕێك دێت لەگەڵ بەخۆنازینی حاجیدا کە دیارە ژیانی بێ دەسەڵاتانەی یەکجار لێ گران دێت، لە ناو مەفتەن و کەس و ناسیاواندا.

٦- ڕێك دێت لەگەڵ هەموو تێبینییەکانی تر کە لێرە بەدواوە دێتە پێش.

بەو پێیە ئەگەر نووسینی حاجی قادر بەسەر دیواری مزگەوتێکی سابڵاغەوە لە ساڵی (١٢٧٩)دا بە شایەد قبووڵ کەین و بەمەدا گەڕانەوەی بۆ کۆیێ لە ساڵی (١٢٧٧)دەوە هەڵەنگێوین، کە دەست هەڵگرتنی حاجی قادر لە نووسینی حاشیان بەسەر کتێبی سیوطییەوە لە کۆتایی (١٢٧٦) دای گەیاند، شتێکمان کردووە لە هەموو

(١) بۆ پتر ڕوونبوونەوەی لێکدانەوەی ئێرەکانە دەبێ چاو بخشێنرێتەوە بە بەشی دووەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی). بەتایبەتی لە لاپەڕە (١٢٢)دەوە بەدواوە.

ڕوویێکەوە لەگەڵ داخوازی حاڵدا دەگونجێت.

سەرەڕای داخوازی حاڵ و هەموو تێبینی و لێکدانەوەکانی تریش کە بۆ ئەم باوەڕەمان دەبات، لە هیچ لایێکیشەوە دەنگ و سەروسۆراغێك پەیدا نابێت ئەنجامێکی تر بەدەستەوە بدات، واتە ئەگەر ئەم لێکۆڵینەوەیە نەبێ، کەوا بەڕاست یا بەهەڵە، ڕۆژ و ساڵ و زەرفێك دەستنیشان دەکا بۆ گەڕانەوەی حاجی قادر بەرەو کۆیێ، چ تروسکەیێکی تر نییە زرە ڕۆشناییەکیش باوێتە سەر ئەو کەین و بەینەوە و تارماییەکی لێ بخوێنێتەوە. نووسەران و دیوانەکانی حاجی لەوە پتر ناڵێن کە گەشت و گەڕانێکی خوێندنی فەقێیانەی بووە لە باڵەکەتی و کوردستانی ئێراندا، ئاوارەبوونیشی بووە بەرەو تورکیا، لەوە بەولاوە وەرامێکی هیچ پرسیارێك نادەنەوە لە (چەند و چۆن و کەی و کوا و کێ...)ی ئەو گەشت و خوێندن و ئاوارەبوونە. خۆ ئەگەر بێین لە جیاتی ئەو خەلقەی تا ئێستا هیچیان لە بارەی ئەو پرسیارانەوە نەگوتووە ساڵێکی تر بکەین بە ژوانی هاتنەوەی حاجی بۆ کۆیێ، دەبێ خەریك بین بەدوا ڕاستیی تری تازەدا کە بگونجێت لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەو ساڵەدا، لەو ڕووەوە کە ساڵێکی تر جگە لە ساڵەکەی (١٢٧٩) مەودای قۆناغە ناوەندییەکەی ژیانی حاجی لە کۆیێ دەگۆڕێت یا بەرەو کەمتر وەیا بەرەو پتر، لە هەردوو حاڵیشدا دەبێ مەوداکە بخرێتەوە ناو چارچێوەی مێژووییەوە و لەگەڵ یەکتردا ڕێك بێن و حوکمی دڵ و دەروون و نەفس و باری ژیانی حاجیش لەو ساڵە ڕازی بێت، ئەوساش کە توانرا گونجانی نێوانیان بدۆزرێتەوە دەبێ قەناعەتێکی نوێ لە بارەی ئەو لایەنانەی حاجی قادرەوە پەیدا بێت چونکە ئەوانیش لێیان داوا دەکرێ لەگەڵ کردار و گوفتاری حاجی لە زووتر و دواتردا ڕێك بێن. بە نموونەی ڕوونکردنەوەی مەبەست دەڵێم ئەگەر ڕازی نەبین بەو شایەدیەی کە گوتی نووسینی حاجی بەسەر دیواری مزگەوتێکی سابلاغەوە هەیە لە ساڵی (١٢٧٩)ی کۆچیدا و پێمان داگرت لەسەر ئەوە کە دەست هەڵگرتنی حاجی لە کتێبی سیوطی لە کۆتاییی (١٢٧٦)دا دەست هەڵگرتنە لە هەموو خوێندنی مزگەوت بە نیازی هاتنەوە بۆ کۆیێ، ئەم پێ داگرتنەمان پێمان دەسەلمێنێ کە حاجی قادر نیمچە مەلا بووە نەك مەلا چونکە خوێندنی سیوطی کەسی نەکردووە بە مەلا (ئەوەی ڕاستی بێ حاجی تا لاپەڕە ١٤٤ی سیوطی حاشیەی هەن کتێبەکەش هەمووی ٢٦٧ لاپەڕەیە). مادەی بنجی لە خوێندنی مزگەوت هەمووی دەکەوێتە پاش سیوطییەوە. خۆ ئەگەر بۆ ئیسپاتکردنی مەلایەتیی حاجی ئەو ئیحتیمالە بگرینە بەر کەوا حاجی دوای

گەڕانەوەی بۆ کۆیێ خوێندنی تەواو کردووە ئەوسا دەبێ بکەوینە سەر پەیداکردنی ئیمکانی خوێندن بۆ حاجی لەو وەزعە تایبەتییەدا، وەرامی ئەو پرسیارەش بدەینەوە کە لە خۆمانی بکەین: ئایا حاجی بەدوا ئەم هەموو ساڵانەی خوێندنی لە کوردستانی ئێراندا بۆچی گەڕاوە کۆیێ بەر لەوەی خوێندنەکەی تەواو بکات؟ چی بوو حاجیی هان دا وەیا ناچاری کرد بە کاڵی و ناپوختەیی بگەڕێتەوە؟ سەرەڕای ئەم پرسیار و تێبینییانە و گەلێکی تریش، دەبێ بێ سەبەب قسەیێکی نامیلکەکەی مەلا عەبدورەحمانی خزمیشی بەرپەرچ دەینەوە کە دەڵێ حاجی قادر هەتاکو خوێندنی تەواو کردووە هەر لە سابلاغ ماوەتەوە. من ناو ناوە گومانم کردووە لە هەندێك قسەی ناو نامێلکەکە، بەڵام لەم گومانەدا دوو تێبینی هەن:

یەکەم: گومانەکان لەو شتانەن کە مەلا عەبدورەحمان لە زاری خەلقیان دەگێڕێتەوە. مەلا عەبدورەحمان باسی بەیەکەوە ڕۆیشتنی حاجی قادر و کەیفی جوانڕۆیی بۆ ئەستەمبۆڵ دەداتەوە بەقسەی خەلق و رستەی (دەڵێن لەگەڵ فەقێیەکی شارەزووری کە ناوی کەیفی بووە لە کۆیێ دەڕۆن... دەچنە ئەستەمبۆڵ) بەکار دێنێت.

دووەم: هۆی گومانەکە ئەوەیە کە شتە گومان لێکراوەکە لەگەڵ ڕووداوی تری گومان لێ نەکراودا ڕێك ناکەوێت. لە هەڵوەستی وەهادا پێویستە گومانی بە بنج حیسابی بۆ بکرێت بەڵام ناشێ سێبەر باوێتە سەر باسی ئەوتۆوە لە چ لایێکەوە سێبەری گومانی لەسەر نەبێت.

لەم شایەدییەی مەلا عەبدورەحمان کە دەڵێ حاجی قادر خوێندنی لە سابلاغ تەواو کردووە نەك هەر هۆی گومان لێکردن نییە و بەس، هەرچی ڕاستی بێ شوبهە و حوکمی ڕووداو و داخوازی حاڵیش هەیە پشتگیری لێ دەکەن و بەڕاستی دەگێڕن.

بەلای ڕای منەوە بەردەوامبوونی حاجی لەسەر خوێندنەکەی تا کۆتایی پێ هێنان لە سابلاغ و شوێنی تری کوردستانی ئێران تاکە شیمانەیێکە لە ناو تێکڕای وەزعی مادی و نەفسیی حاجی قادر لەو سەردەمەدا. چەند لاپەڕەیێك بەرەوپێش هەڵدەدەیتەوە دەبینی گوتوومە حاجی بە ئانقەست خۆی لە گەڕانەوە بۆ کۆیێ دەدزیەوە. کە ئەم لێکدانەوەیەم ڕاست بێ، چ هۆیانیش نابینم بۆ گومان لێکردنی، ڕاستەوخۆ ئەوە دەسەپێنێ کە حاجی بەر لە تەواوکردنی خوێندنەکەی بۆ کۆیێ نەهاتووەتەوە چونکە بە هانەی لە خوێندن باشتر بە دەست ناکەوێ بۆ خۆتەفرەدان و خەلق دەمکوتکردن بە

هۆیێکی ڕێکوپێك لە ئاست نەهاتنەوەی بەرەو ماڵ و خزم و کەس: ئەرێ کاکە حاجی بۆچی ناچیتەوە کۆیێ؟ کاکە گیان دەخوێنم!

وازهێنانی حاجی لە کتێبی سیوطی، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٢٧٧[١] ئەویش لەلای خۆیەوە دەلالەتێکی هەیە کە حاجی بۆ مەبەستی تێ هەڵکشان لە مادەکانی سەرووی خوێندنی مزگەوت وازی لە خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی هێناوە. بێگومان لێبوونەوە لە باسەکانی دوای سیوطی ٢–٣ ساڵان بەلای کەمەوە دەخایێنێ. لەبەر ئەمە یەکجار لە باوەڕ نێزیکە حاجی قادر تا ساڵی ١٢٧٩ لە دیوی کوردستانی ئێران و دەوروبەری سابلاغ مابێتەوە و ئەو شیعرە باسکراوەی بەسەر دیواری مزگەوتێکی سابلاغەوە نووسیبێت.

دەبینی هەر جارە کە ڕووپەڕەیێك لە دەفتەری ژیانی حاجی هەڵدەدەینەوە و بەوردی لە ڕاگەیاندنەکەی دەگەین، لەخۆوە دەگونجێ لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەی لەم چەند لاپەڕانەدا خستمە بەرچاوی خوێنەرەوە. وا دەزانم ڕێی تێ دەچێ چەندێك خەبەری نوێ و لێکۆڵینەوەی تازە بە تازە بێتە ناوەوە هەموویان بێ تەگەرە و بێ خۆ پێوە ماندووکردن بچنە جێگەی لەبار و چاوەڕوانکراوەوە لە ناو چارچێوەی ئەم تابلۆیە زیهنییەی هەڵکەوتی نەفسی و مادیی حاجی قادردا. ئەوەندەی ویستبێتم ئەم وێنە خەیاڵییە هەمە ڕەنگەی وەزعی حاجی دوای خوێندنی فەقێیەتی بگۆڕمەوە بە یەکێکی تری ئەوتۆ یەك دوو ساڵێکی تر بخاتە سەر ئەو ماوە کورتەی پڕ دەردی سەر و وەتەنگ هاتنەوە، دەستم ناگاتە هیچ بەڵگەیێکی مادی وەیا بەراوردی کە نەختێك لە تاکە یەك ڕەنگیی ڕەنگەکانی ناو تابلۆکە زڕ بکات بەڵکو بتوانم، یاخود بوێرم، ڕەنگێکی تری لێ بدەم کە هەندێك لە شێوەی تابلۆکە بگۆڕێ، ئەم ئیمکانە پەیدا نابێ چونکە ڕەنگە نوێیەکە لە ناو تێکڕای تابلۆکەدا وەك پینەی ڕەشی سەر قوماشی سپیی لێ بەسەر دێت.

واقیع خۆی لە خۆیدا دژایەتی و (تناقض) لەگەڵ خۆیدا هەڵناگرێ، واتە ناشێ هەندێکی واقیع هەندێکی تری بە درۆ بخاتەوە، تەنانەت ئەوەی پێی دەڵێن (وحدة

(١) حاجی لە (٢٠)ی مانگی دوایی ساڵی (١٢٧٦)ی کۆچی گەیشتووەتە لاپەڕە (١٢١)ی کتێبەکەی سیوطی، لەوە بەولاوە تاکو لاپەڕە (١٤٤) بەردەوام بووە لەسەر حاشیە نووسین. دیارە ئەم (٢٣) لاپەڕەیەی دوای (١٢١) چەند مانگێکی خەریك کردووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبەش دووەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی)دا کراوە.

الأضداد) كه من هەندێ تێبینم هەیە لە بارەیەوە، ئەویش لێمان ناسەلمێنێ بۆ ئەوە بچین كە مانەوەی حاجی لە كۆیێ درێژی كێشابێتەوە لە حاڵێكدا هەرچی هۆیەكی بـزوێنـەر و كـاریـگـەر هـەیـە لـە دەوروبـەر و دڵ و دەروونـی حاجیدا دژی ئـەو درێژكێشانەوەیە بووە. بەلای (وحدة الأضداد)یشەوە پەلەكردنی حاجی لە جێهێشتنی كۆیە و كوردستانیی ڕێكتر و گونجاوتر دێت لەگەڵ ئەو هەموو هاندەرانەی كە حاجی بەرەو دوورکەتنەوە و دژی مانەوە پاڵ پێوە دەنێن. باوەڕ ناكەم هیچ تێوریێك و لێكدانەوەیێك هەبێ بتوانێ (زۆر مانەوەی حاجی لە كۆیە) بكاتە ئەنجامێكی ئاسایی و چاوەڕوانكراو بۆ چەندین هۆی بە هێزی (كەم مانەوە). تێوریێك و ڕاییێك بیەوێ پێمان بسەلمێنێ كە وا حاجی ٥–٦ ساڵان خۆی ڕاگرتووە لەو وەزعە یەكجار ناخۆش و تەنگ و تاڵەدا دەبێ لە گۆڕستانی مێژوو هۆیێكی تازە نەبیستراو و نەزاندراو سەرئەرز خاتەوە تەبریری ئەو مانەوە دوور و درێژ و بێ لزوومە بكات چونكە لەو هێندە زانینە بێگومان كە لە بارەی حاجییەوە پێمان گەیشتووە تاكە یەك هێمای ڕاگەیاندنی تێدا نییە بە تەئویلیش ببێتە جێ خۆشكەرەوەی زۆر مانەوەی حاجی.

من لە جیاتی كەسێك بیەوێ ڕایەكی ئەوتۆیی بكاتە ماكی لێكدانەوە بۆ شوێن هەڵگرتنی ڕێبازی ژیانی حاجی، لەلای خۆمە بە (تبرع) گەلێك هاتوچۆی زیهنیم كردووە و چەندین هۆی جوداوازی خەیاڵكردم بە ئاسۆی ئیحتیمالدا تێ پەڕاندووە بـەڵـكـو بـەسەر شتـێكدا دەكـەوم لـێی بـوەشێتـەوە بـڕیـاری یەكجارەكیی حـاجی بـۆ ئاوارەبوون هەندێكی تر بوەخرێنێ لەوەی من تا ئێستا پێی گەیشتووم، هیچ هۆیێكی ئەوتۆم نەدۆزیوەتەوە مومكین بێ لەو ژیانە یەكجار كز و بێ هێزەی حاجی هەڵقوڵێ و دڵی دابین كاتەوە لە ناو جەهەنەمی بێ ئۆقرەیی و بێ وەزعی و بێ ماڵی و بێ حاڵی و بـێ هـەمـوو شتـێكدا لـە تـاكـە هـۆی (عیشق) بـەولاوە كـە پـەكـی نەكەوتووە لەسەر سەرمایەی مادی. لە حاڵی وەهادا ڕێی تێ دەچێ سۆزێكی دڵداریی سووتێنەر جڵەوی ئیرادە لە دەست مرۆڤ دەرێنێت و گوێ نەداتە تەگەرە و گرفت و هەژاری و ترس و هیچ شتێك، ئیتر ڕەفتارێك بە دڵدار بكات دژی هەموو مەنتیقێكی ژیانی عادەتی بێت. تۆش و منیش دیتوومانە عیشق ئەوەی بە مرۆڤ كردووە و وەهای ئازا و بێ پەروا كردووە كە هیچ هۆیێكی ژیانی ئاسایی ڕۆژانە پێی ناكات. بەڵام ئەم هۆیە خەیاڵییەی عیشق بەر لەوە روونـاكاییی بوون و ژین ببینێت، لە هەناو و منداڵدانی زیهندا دەخنكێت چونكە لەگەلێك لاوە بەڵگەی ڕووخێنەر و خنكێنەر هەناسەی دەبڕن و مردەزادی

دەکەن. کە بگەڕێیتەوە بۆ بەشی دووەمی (حاجی قادری کۆیی) لەوێدا بە درێژی لایەنی نەبوونی دڵداری و عاتیفەی خۆشویستنی سووتێنەر باس کراوە و بەلای خۆمەوە بووەتە ڕاستیێکی سەلمێنراوی بێ دەمەتەقە. هەر لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا هەموو ئەو هۆیە مادییەی کە ڕێیان نەداوە بە حاجی بیری بۆ ئافرەت بڕوا، ئەوانیش بەدرێژییەوە هاتوونەتە ناو حیسابی لێکۆڵینەوەوە. پاش ئەمانەش نەبوونی دەنگ و باسی دەماودەم لە بارەی دڵداریی حاجی قادرەوە لەو قۆناغە ناوەندییەی ژیانی کۆیەیدا خراوەتەوە سەر خەرمانی زیهنکاری و لێکدانەوەوە. پوختەی قسەی زۆر درێژی لێرە بەپێشەوە ئەوەیە کە وا دڵداری لە هیچ ڕوویێکەوە نابێتە ئەو ئیحتیماڵە، ئەو تاکە ئیحتیماڵە، کە حاجیی وەخراندبێ لە ئاوارەبوون. لێرەدا ئەم وێنە تصورە دێتە بەر چاو: حاجی قادر هەر دڵداری دەیوەستاند لە ناو زەرف و وەزعێکدا کە هەرگیز نەیدەهێشت بیر لە دڵداری بکاتەوە وەیا دڵی بۆ ئافرەت بڕوا.

وا دەزانم پێی ناوێ لەمە زیاتر بەدوا هێنانەوە و پەیداکردنی بەڵگەی یار و نەیار بکەوم لە زەمینەی ڕوونکردنەوەی لایەنی درێژی و کورتیی مانەوەی حاجی قادر لە کۆیێ، هەر چەند دەشزانم ساغکردنەوەی پرسیارەکە هەموو جۆرە خۆ پێوە ماندووکردنێك دەهێنێ نەك لە یەك سەرەوە بەڵکو لە گەلێك سەرەوە:

١- بەنیسبەت خۆمەوە ئەم دەرفەتەی تۆژینەوە لە بارەی سەرلەبەری ژیان و ئەدەب و خەبات و شەخسیەت و هەوراز و نشێوی باسی حاجی جارێکی تر پەیدا نابێتەوە، لە فەرزی پەیداش بێتەوە هەر ساغکردنەوە و توێژینەوەی وەهای تێدا دەکرێت کە ئێستا بە بەر هەوڵ و کۆششەوە هەیە، ئەوسا ئەگەر بشکرێ دەبێتە کارێکی پچڕ پچڕ و کەم و کەسر. کەواتە ئێستا لێی ببمەوە چاکترە نەك هەڵی گرم بۆ دواڕۆژێکی بزر و نەزانراو، وەیا ئەرکەکە باوێمە بەر جوامێری کورددۆستی لێرە بەدواوە کەوا ڕەنگە ئەوەندەی منیش پێی نەکرێ خۆ تەرخانکردوو بکات بۆ هەڵکردنەوەی شریتەی بەسەرهاتی حاجی.

٢- بۆ ئەو کەسانەی لە ئێستا و دواڕۆژدا خەریکی نووسین بن لەسەر باسی حاجی قادر و بیانەوێ لەو نووسینانەدا پتر نهێنی لە ژیانی ئەودا وەیا لە تێکڕای مێژوو و کۆمەڵایەتیدا دیارخەن و نیگای خەلقی ئیمڕۆ و دواڕۆژی پێ فرەوانتر بکەن، دیارە بێگومان تاکو سەرچاوەی نووسراوی وەك ئەم نووسینە هەناسەدرێژتر و بەقووڵداچووتر هەبێ چاکتر و سوودبەخشتر دەبێ بۆ خۆیان و بۆ خەلقەکەش، کە

من بتوانم لە ئیمرۆوە بە لێکۆڵینەوەی تایبەتی و ئەرکی پێوە خەریکبوونی خۆم دیاردەی زۆربوون و کەمبوونی شیعری حاجی دژی شێخ نەبی بکەم بە بنگەی نیسبەت و تەناسوبی کورتبوون و درێژبوونی ئەو قۆناغەی شیعرەکانی تێدا گوتراون، پێویست بەوە نامێنێ پشکنەری لێرە بەدواوە زیهنکاریی دوور و درێژ و دووبەختی بکا بۆ دۆزینەوەی دیاردەکە، ئیتر یا بۆی دەدۆزرێتەوە یا نا دۆزرێتەوە چونکە لەوانەیە ببڕای ببڕای زیهنی بۆ ئەم لایەنە نەڕوات. پشکنەری ئەم باسە زاد و تێشوویەکی پوختەی لەبەر دەستدا دەبێ کە دەشێ ببێتە خۆراکی خامە ڕەنگینەکەی بۆ ئامادەبوون لە گەشتی بەولاوەتری ئەو سنوورەی منی گەیشتوومێ لە باسی حاجی قادردا. وا بزانم چ ڕەخنە پەیدا نابێ لەوەدا کە بڵێم هەتا لایەنی زانراو و ساغکرایەوە لە باسێکدا پتر بێ ئەرکی تۆژەرەوە سووکتر دەبێ لە دۆزینەوەی زانیاریی تازەدا.

٣- ئێمە کە توانیمان، بە یەکجاری وەیا بەشێوەی تەرجیح، ماوەی مانەوەی حاجی لە کۆیێ بخەینە نێوان ساڵانی (١٢٧٩-١٢٨١وەیا ١٢٨٢)وەوە، دەتوانین شیعری ئەو قۆناغەی ژیانی بخەینە ناو لیستەی زەمەنیی ڕاست و دروستەوە، واتە کە بۆمان ساغ بووەوە فلانە بڕە شیعر وەیا تاکە بەیتی لەو ماوەیەدا گوتووە دەرحاڵ پەڕاوێزێکی زەمەنیی سەروبن ئاشکرای نێوانی (١٢٧٩، ١٢٨١ وەیا ١٢٨٢)ی بەدەورەدا دەکێشرێت و جێگەی هەڵبەستەکە، وەك دانەی ناو تەزبێح، لە زنجیرەی ساڵانی عومری حاجی قادردا ئاشکرا دەبێت، ئیتر بەدوا ئەمەدا دەتوانین سەرنج ڕاگرین لە پلەی هەڵکشانی بەهرەی بوێژی حاجی. هەروەهاش کە ساڵی دانانی یەکێك لە هەڵبەستەکانی زانرا، چ بەهۆی واتای ناو هەڵبەستەکەوە بێ وەیا لە ڕێی هۆیەکی دەرەکییەوە بێ وەیا لە ڕێی لێکدانەوەیێکی زیهنیی قووڵ و خەستەوە بێ، دیسانەوە دەزانین نیسبەتی ئەو هەڵبەستە لەگەڵ قۆناغەکەدا چییە. جا ئەگەر لە هەڵبەستەکەدا گیانی کوردایەتی هەبوو ڕاستەوخۆ دەزانرێ هی ساڵەکانی ناوەندی نییە و هی دواترە. خولاسە بە زانینی ماوەی قۆناغەکانی ژیانی حاجی گەلێك لایەنەکانی تۆژینەوە لە بارەی هەموو ئەو ژیانەوە ئاشکراتر دەبن. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ دەرخستنی مەودای ئەو قۆناغانە خۆی لە خۆیدا بە ئامانج دەگیرێ لە تۆژینەوەدا گریمان هیچ ئەنجامێکی تریشی لێ پەیدا نەبێ: مرۆڤ حەز دەکا شتان بزانێ وەك ئەوەی کە من یا تۆ حەز دەکەین لە خوێندنەوەی مێژووی

عەباسییەکان بزانین هەر یەك لە خەلیفەکان چەند ساڵیان فەرمانڕەوایی کردووە وەیا چەند ساڵ ژیاون وەیا... وەیا... ئەم گوتەیەشم هەر لە جۆری بەدیهیە حیساب دەکرێت و بە دواکەوتنی پتری ناوێت، بەڵگەشی پێویست نییە.

٤- لێکۆڵینەوەی تێروپڕ و بێ کەلەبەر لە بارەی حاجی قادرەوە داوا لە نووسەر دەکات، لە ڕادەی توانادا، بەتاڵایی نەهێڵێتەوە لە هیچ بارولایەنێکی ژیانی. کە ئەمە وابێ، دیارە گومانیش نییە لە وەهابوونیدا، ساغکردنەوەی ماوەی قۆناغی نێوان دوو قۆناغەکەی تر کە ئەو چەند ساڵە دەگرێتەوە لێرەدا دەمانەوێ سنوورێکی مەعقوولی بۆ دانێین، کارێکە تا بڵێی گرینگ لە ناو زنجیرەی سەرلەبەری باسی (حاجی قادر)دا. ناشێ ئەو قۆناغە گرینگە بێ تۆژینەوە و ساغکردنەوەی ورد و قووڵ و دروست بەجێ بهێڵین و دڵی خۆشمان خۆش کەین بەو تۆژینەوە و ساغکردنەوەیە. ئێمە کە هاتین ڕێمان بەخۆمان دا بەسووك و ئاسانی دەستی کنەکردن و تەتڵەکردن لە چەند و چۆنی ئەو قۆناغە بکێشینەوە چ پێویست نامێنێ خۆمان بە حاجی قادرەوە خەریك کەین چونکە باسی حاجی بریتییە لە تۆژینەوەی ئەوتۆیی، کە دەست لە لێکۆڵینەوەی قۆناغێکی هەڵگرین پێی ناوێ خۆمان بەوانی ترەوە ماندوو بکەین ئیتر دەبێ دەست لە هەمووانیان هەڵگرین و دەفتەرمان بپێچینەوە. حاجی لە نێوان کەسانی مێژووی کورددا کەسێکە دەبێ لەبەر هەر هەنگاوێکی کە بە درێژاییی تەمەنی هەڵی نابێ مەشخەڵی ڕوونکردنەوە و تاریکی ڕەواندنەوە هەڵبکرێ و سوود لە دۆزراوەکانی بەر ئەو ڕووناکییە وەربگیرێ و پەندی لێ هەڵێنجرێ. تۆ جارێ واز بێنە لە گەورەیی شەخسیەتی حاجی، هەر لەوەندە رامێنێ کە حاجی ناو و شۆرەت و شوێنەواری چەندین کەسی کوردی لە ئەدیب و مەلا و جوانمەرد و ئەمیر و شێخ و شایەر و چەندین جێگە و وڵات و شاخ و داخ و دەشت و دەر و زێ و شار و گوندی کوردستانی نووسیوە و لە فۆتانی پاراستوون و بەو پاراستنە هەرچی قابیلی مردن بووە لە خاوەنی ئەو ناوانە، بۆ ئێمە و دواڕۆژی کوردی نەمر کردووە؟ لە ئاست ئەم وەفا و چاکە گەورەیەدا دەبێ ئێمە چ هەڵوەستێك بەخۆمان ڕەوا ببینین؟ بەر لە ١٣٠٠ ساڵ زیاتر قورئان فەرموویەتی (هل جزاء الأحسان الا الأحسان!) خۆ دەبێ ئێمەی سەردەمی مرۆڤایەتی و نیشتمانپەروەرایەتی و حەقپەرستایەتی بەقەدەر بەهای پەند و ژیریی ١٣٠٠ ساڵ لەمەپێش کە ئەوسا بە جۆرێکی گشتی

مەفهوومی وەك پەندەكەی ناو قورئان بەناو گەلاندا بڵاو نەبووبووەوە، چاكەی ئەو خاوەن چاكەیە بدەینەوە بەتایبەتی كە لەم ڕۆژگارەدا پاراستن و زیندووكردنەوەی ناوی ئەو مرۆڤانەی لە هیچ مەیدانێكدا بە شاگردی حاجی قادریش نابن بووەتە ئەلف بێتكەی كۆمەڵایەتی، كەواتە بەسەرمانەوەیە كەوا نەك هەر دەبێ لە جێگەی چاكەی ئەودا چاكەیێك دانێینەوە بەڵكو ئەگەر پێمان بكرێ دەبێ فەرقی بەینی چاكەخوازیی سەردەمی ئەو و سەردەمی خۆشمان لە چاكەدانەوەكەدا تێ بینینەوە تاكو هەر نەبێ لە نەزەر نیگای جیهانی پڕ نووری ئەم ڕۆژگارەماندا نانكوێر دەرنەچین. پاش ئەم حیسابانەش دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ هەموو چاكەكردنێك لەگەڵ ناو و شۆرەت و شەخسیەتی حاجی و پیاوی كوردی وەك ئەودا چاكە لەگەڵ خۆداكردنە چونكە وەك خێراتی دوای مردوو سوودەكەی بە زیندووان دەگات. بەو پێیە، بێ موجامەلەكردن لەگەڵ گیانی مردووی وەك حاجیدا، خەریكبوونمان بە مەزنە پیاوی لێهاتوو و هەڵكەوتووی شانازی پێكراوەوە ڕاستەوخۆ چاكەیێكی دوای مردنە لەوەوە بە خۆمان دەگاتەوە. لێرەدا بەیتی شاعیرێكی عەرەبی سەردەمی عەباسیم بەبیر دێتەوە كە لە لاواندنەوەی جوامێرێكی ئەو ڕۆژگارەدا گوتووەتی:

فتىً عيش في معروفه بعد موته
كما كان بعد السيل مجراه مرتعا

٥ – لەمانە هەمووی واز بێنە و دەست بەم ڕاستییەوە بگرە لە دەستی خۆتی مەترازێنە: هەرچی بابەتێكی سەر بە كوردەوارییەوە هەیە بگرە لە یاریی كەوشەك و تەشی و خەرەكیەوە تاكو دەگاتە ئەدەب و مێژوو و چارەنووسی، تێكڕایان لە بن تەبەق ئەندەر تەبەقی شراوەیی و نەزانراوی و بایەخ پێنەدراوی و خۆ تێ نەگەیاندندا سوڕگوم بووە. چەند ساڵێكی دواییی لێ بترازێ، لەوەتەی كورد هەبووە بەدەگمەنێكی وەك نامەوجوود نەبێ لەسەر هیچ بابەتێكیەوە نەنووسراوە، نووسراویش بێ ئەوەندە كەم و كورتە وەك جزیرەیێكی بچووكی زانراو لەناو دەریای محیطی نەزانراوبێ وایە. لەو چەند ساڵەی دواییشدا، بەهۆی گەلێك حاڵ و باری جودا جودای بەهێزەوە ئەوەی لە بابەت كورد نووسرابێ بە تێكڕایی لە تۆژاڵی ڕووكەشی مادەی نووسینەكەی تێپەڕ نەكردووە. سەیر لەوەدایە نووسەرانی كورد كە دێن لە بارەی شتی غەیری كوردەوە دەنووسن مەیدانی

بەرفرەوانتر و بە پیتتر دەگرنە بەر لەوەی کە لەبارەی کوردەوە دەینووسن وەیاخود هەرنەبێ بە زۆری لە کولانەی نیگا و نەزەریەی خەڵقی ترەوە سەیری بابەتی کوردی دەکەن تا ئەو ڕادەیەی خزمایەتیی نێوانی نووسینەکە و کوردیبوونی بابەتەکە زۆر جاران بێهێز دەبێ. خۆ ئەگەر بێین تۆژینەوەی خۆماڵیمان لە شتێکی سەر بەکوردەوە بە تۆژینەوەیێکی ئەوروپایی بگرین دەبینین تا چ ڕادەیێك ئێمە لەچاو ئەوان سەراوین. داخوازی دەکەم لە ڕۆشنبیری کورد چاوێك بە کتێبێکی وەك Archaeology of Palestine یاخود Prehistoric South Africa دا بگێڕێ و بزانێ قووڵبوونەوە لە بابەت گەیشتووەتە کام پلەی ئیعجاز! کە ئەمە دەڵێم دوو نموونەی یەکجار عادەتی و بازاڕیم کردووە بەشایەد، نووسینی لەوان قووڵتر و وردتر و بەرفرەوانتر و هەناسە درێژتر وەك کورد دەڵێ لە تۆڵەگەی بەهاران پترە.

ئێمە لە سەرەتای لێکۆڵینەوەی بابەتەکانی کوردناسیداین، بەشێکی زۆری ئەو سەرەتایەش خۆی لە سەرەتای زانینەوە دەستی پێ کردووە واتە وەك ئەو سەرەتایە نییە پسپۆڕ و شارەزا دەستی پێ دەکەن. کە بە نیسبەت حاجی قادرەوە قسە بکەین، لێرە بەپێشەوە لەوەندە نووسینانەی کە من دیتوومە باشترینیان ئەوەبوو بە دڵێکی پڕسۆز و خۆشەویستییەوە بۆ حاجی و کورد و کوردستان واتای شیعرەکانی کردووە بە زەمینەی لێدانەوە بەرەو نیشتمانپەروەری و کوردپەروەری و گیانپاکی و خاسیەتە بەرچاوەکانی تری حاجی کە ئەگەر لێشی بێ دەنگ بوویایە لەخۆمانەوە ئەوانەمان دەزانی چونکە ئەو شتانە بە کوردیێکی بێ قۆرت و گرێ و هێما و سەرپۆش لە شیعرەکانی حاجی قادردا جلوە دەبەستن و دەیانبینین نەك هەر تێیان دەگەین. کێ بێ نەزانێ مانای ئەم بەیتە و سەدانی تری وەك ئەم چییە؟

کوردی ئاخر بڵێ چییە عەیبی
هەر کەلامی حەقە و نییە عەیبی

وا دەزانم لەناو ئەو نووسینە دڵسۆزە ساکارانەدا، یەکێکیان لە ئاست مەبەستێك لە مەبەستە زۆر گرینگەکانی حاجیدا قووڵبوونەوە و هەڵێنجانێکی ورد و مامۆستایانەی کردووە لە جێگەی مناسبدا باسی دەکەم و نرخی خۆی پێ دەدەم. وەی کاشکی سەرلەبەری نووسینەکان لە بارەی حاجییەوە بەو پێودانە بوونایە لە هەموو روویێکەوە نەك لە رووی دەستنیشانکردنی ئەو مەبەست و نیاز و خاسیەتانەی کە لە

شیعرەکانیەوە بەر نیگا و سرنج دەکەون. بەڕاستی و زۆر بەداخەوە، لێرە بەپێشەوە نەمدیت نووکی خامەیێك وردەکاری لە کێڵگەی چەندوچۆنی بەسەرهات و ژیانی حاجی قادر بکات وەیا دەلالەت لە ڕەفتار و گوفتاری وەرگرێت و دەروونی پێ ڕوون بکاتەوە، وەیا باسێکی مەیل و مەشرەب و ڕق هەڵستان و خۆشویستنی بکات کە ئەمانە پێوەندییان بەلایەنی زات و شەخسیەت و (تاکایەتی)ی حاجی قادرەوە هەیە. من لەم قسانەدا جارێ باسی ئەو حاپوولە گەورە و ناقۆلایانە ناکەم کە هاوێژراوە لە مەیدانی بیروباوەڕ و جۆری خەبات و دڵ و دەروونی حاجی کە هەمووی حاپوولی ئەوتۆن تەوقی سەری ڕاستییان لەو مەوزووعانەدا لە ئەرز داوە و ڕەگ و ڕیشەی هەرچی واقیعی ئەوان هەیە لە ناخی وجودەوە دەرکێشاوە و بەرەو ئاسمان سەرەوبنیان کردووە. چەند تاڵە ئەم چەژەی خۆدیتنەوە لەناو دەوروبەری سەرەوبندا، هەر دەڵێی مرۆڤ سەری تێدا بەگێژەوە دێت.

خوێنەری بەڕێزی ئەم نووسینە!

ژیان و بەسەرهات و ویژدان و دەروون و زەرفی تێدا حەوانەوە و ئەو جۆرە لایەنانەی حاجی دەبنە زەوییێك کە تۆی فەلسەفە و بیروباوەڕ و خەبات و هەڵوەست و گوتە و کردەی حاجی لێی ڕواوە، کە ئەگەر زەوییەکە بە تەواوی ناوکێڵ نەکرێت حەقی ئەوەمان نابێ بڵێین دەزانین ڕەگی ڕووەکەکان بە چییەوە بەند بوون و کام بژێوییان کردووە بەهۆی فراژووبوون. نووسەرێك هەرچەند ئاڵای بیری مادی بەسەر نووسینەکەیەوە بشەکێنێتەوە ناتوانێ لە جغزی نامادییەت دەرچێ ئەگەر مادەی نووسینەکەی لە جەرگەی واقیعەوە نەگرێتەوە، واقیعیش تەعبیری قەڵەوقەڵەوی ناو کتێبان نییە، بە پێچەوانە، ڕووداوی بچووك بچووك و هەڵکەوتی خوردە خوردە و دەوروبەری ئاسایی و دڵ و دەروونی ڕاستەقینەیە کە بەشی زۆری پانایی و درێژاییی جیهانی مرۆڤ پێك دێنن و هەر خۆیانن، بە عادەت، ڕووداوی گەورە و زرینگەداریان لێ پەیدا دەبێت. جا ئەگەر من یا نووسەرێکی تر بەسەر ئەو وردیلانەدا باز دەین بۆ ناو گڕەگڕی نەزەریە زارقەڵەباڵغەکان و لەوێوە بڕیاری حازر بەدەست بخوازینەوە کە بە نەعرەتەی پڕ دەنگ و هەرایان ورتە لەو واقیعە مەیلەو خامۆشە دەبڕن هەر ئەوەندە دەکەین کە دەنگی خۆمان و واقیعیش تێکەڵ بەو هەرایە دەکەین و لە گڕەگڕ و نەعرەتەی نەزەرییان زیاد دەکەین. بەڕاستی ئەگەر ئاهەنگە نەرمە عادەتییەکەی ڕووداو و واقیعی ڕاستەقینە نەعرەتەی نەزەرییان بێدەنگ نەکەن ڕێبازی

بیرکردنەوەی مادیی ڕاست و دروست کوێر دەبێتەوە و ڕێبازێکی مەسرەحی وەیا سینەمایی دەبێتە جێگری، ئەو نووسەرەی پێیدا دەڕوات ئەویش لە واقیعییەت دەشۆرێ و دەبێتە (ممثل). ئێمە دەزانین ئاینەکان مەنهەجی خۆیان بەسەر واقیعدا دادەبڕن لە بری بەڵێنی ژیانەوە و بەسەربردنێکی بێ بڕانەوەی پڕ خۆشیدا، جا ئەگەر نەزەرییە مادییەکانیش خۆیان بەسەر واقیعدا بسەپێنن شتێکی وەك هینەکەی ئاینەکان دەکەن بەڵام بێ هیچ بەڵێنی زۆر دڵڕفێنی ژیانەوە و خۆشیی بێ بڕانەوە. من لە ئاست ئەو نەزەرییانەدا هەر ئەوەندە دەڵێم: ئەوان چی دەڵێن با بڵێن، تەنها ئەوەندە چاکەمان لەگەڵدا بکەن واقیعمان لێ نەگۆڕن، نووسەریش لێی داوا دەکرێ واقیع بە قوربانی نەزەرییە نەکات.

تۆژینەوەیێك تا ئێستا لە بارەی حاجییەوە کرابێ و ئەو هەل و مەرجانەی بەخۆوە گرتبێ، وا دەزانم هەر ئەوە هەیە کە لێرەدا ئەم نووسینە خەریکیەتی و لە سەرەتاشەوە خەریکی بووە. کەسێك بیەوێ بەدوا مندا لێکۆڵینەوەیێکی تازە لە باسی حاجی قادردا بکات یا دەبێ لە نووسینەکەی من پتر هەڵکشێ یا دەبێ بە بەڵگە و ئیسپاتێکی ڕێکوپێك بایەخی ئەم قۆڵ داگرتنە وردەکارییە بپووچێنێتەوە، واش چاوەڕوان دەکەم بەرەوپێشچوونی ڕۆشنبیریی گشتی بەرەو پووچاندنەوە نارۆات.

گەلانی پێشکەوتوو کتێبخانەی سەرلەبەریان هەیە لە بارەی هەر بابەتێکەوە بێ کە بە بیری مرۆڤدا بێت. بە نموونە (شەکسپیر) دەهێنم: جوامێرێکم دەوێ بزانێ چەند کتێب لەسەر (شەکسپیر) دانراوە، نالێم کتێبەکانی خوێندبێتەوە چونکە مومکین نییە هەموو ئەو کتێبانەی دیتبێتن چ جایی لە خوێندنەوەیان بووبێتەوە. ئەوەی لەسەر (شەکسپیر) نووسراوە چی نەهێشتووەتەوە بۆ من و تۆ بە درێژی یا بە کورتی لە سەری بنووسین. کە بێین و ئەوەندە خۆ ئازا بکەین بوێرین لە بارەی (شەکسپیر)ەوە بنووسین دەبێ لە نووسینەکەماندا لایەنێکی شاراوەی ئەوتۆ بدۆزینەوە وەیا بۆ تصوری ئەوتۆ بچین بە دڵ و دەروونی کەسدا نەهاتبێ و لە هیچ نووسینێکی لە هی خۆمان بە پێشەوەدا نەدیترابێ، چونکە لەوانەیە مەعلووم کرابێ (شەکسپیر) چ جۆرە گرێیەکی لە قەیتانی پێلاوەکەی داوە وەیا سبەینان چەند هێلکە دەڵەمەی هەڵقوڕاندووە.

باسەکانی سەر بەکوردەوە پێچەوانەی ئەم حاڵەن لە هەموو ڕوویێکەوە، نە چ نووسینێکی ئەوتۆ لە بارەیانەوە هەیە نە ئەوەی هەیشە بۆ دیارخستنی جۆری گرێ قەیتان قووڵ بووەتەوە. ئێمە کە چاو دەگێڕین بە ناو بازاڕی کوردناسیدا خۆمان لە

جیهانی مەتەڵدا دەبینینەوە چونکە سەرچاوەی هیچ یەکێك لە دیاردەکانی کۆمەڵایەتیی کوردەواری لێی نەکۆڵراوەتەوە و بە نەزانراوی ماوەتەوە. پێم بڵێ بۆچی رانکی ناوچەی بادینان دەلینگ فەراحی ناوفەك تەسکە هی ناوچەی سۆرانیش دەلینگ تەسکی ناوفەك فەراحە؟ خەزێمەی لووتی ئافرەتی کورد لە کەیەوەو لە کوێوە هات؟ بۆچی لە هەموو هەرێمەکانی کوردستان نەبوو بە عادەت؟ بۆچی فەلاحی کورد شیربایی (هەقی شووکردنی کچ – پێشی دەڵێن (خوێن)) وەردەگرێ کەچی بازرگانی شارستانی کورد، بەراستی زوربەی خەلقی شاری کورد، وەری ناگرێ، خۆ ئەگەر بەراستە حیسابی شۆڕشگێڕایەتی "چین" مەسەلەکە هەڵسەنگێنین دەبوو فەلاح شۆڕشگێڕتر بێ لە بازرگان و خوێنەکە وەرنەگرێ؟ لە ساڵی ١٩٥٣ لە پشوویێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەوساکەدا لە کۆیێ بووم، مامۆستای دەرسی ئینگلیزیی فێرگەی سانەوی کۆیێ پیاوێکی ئوسترالیایی بوو لە گەلێك باری کۆمەڵایەتیی بەرچاوی وڵاتەکەمانی دەتۆژییەوە. لە خۆمی پرسی: (Why Your Folk ware bulgy trousers) واتە بۆچی خەلقەکەتان پانتۆڵی فەراح لەپێ دەکەن؟ لە وەرامدا گوتم بەهۆی ئەوەوە کە لەسەر زەوی دادەنیشن چونکە لە کۆنەوە تەخت و کورسییان نەبووە لەسەری دانیشن. قسەکەم چووە دڵیەوە. هەر ئەو کابرایە خۆی وەرامی هەندێك لە پرسیارەکانی دابووەوە وەك ئەوەی کە دەیگوت چونکە وڵاتەکەتان شاخاوییە و ڕێگەکانتان بەردی زۆرە بۆیە ئەو پێڵاوەتان کە پێی دەڵێن (کاڵەك) سەرەلووتەکەی بەرەوپشت هەڵگەڕاوەتەوە تاکو لەبەردان هەڵنەئەنگوون. ڕاستیشی دەکرد.

من لە هێنانەوەی ئەم نموونانە دەمەوێ سرنجی خوێنەر ڕاکێشم بۆ بیابانی بێ درەخت و بێ گیای کوردناسی کە دەبێ ئێمە بە گاسنی خامە بیکێڵینەوە و بیکەین بە دارستان و تۆ و شۆ و شیناورد کە ئەمەش کاری پەلە پەل و خێرا کردن و سەرکێڵی و درشتبینی نییە.

نووسەری کورد کە دەست دەداتە قەڵەم و دەیەوێ لەسەر بابەتێکی کوردەواری بنووسێ، کەم تاکورتێك سەرچاوەی زانیاریی لێرە بەپێشەوەی دەست دەکەوێ هانای بباتە بەر و ئەرکی خۆی پێ سووك کات و بەرەکەی لە ئاو دەرێنێ. گەشتی نووسەری کورد لە کوردەواریدا هەر دەڵێی گەشتی بەفرستانی قطبە یا ڕەملستانی بیابانە، نواییێکی حەسانەوەی تێدا نادۆزرێتەوە. لێرەدا نموونەیێکی بە یەکدی گرتنی نووسەری کورد و غەیری کوردت بۆ دێنمەوە نەختێك قسەکانم پتر بخاتە بەر شەوقی واقیع. خوا

لێ خۆشبووی (د.مصطفی جواد) لە ژمارەی ساڵی (١٩٦٥)ی گۆڤاری (المجمع العلمی العراقی) گوتارێکی بڵاوکردووەتەوە لە ژێر ناونیشانی

(دارالخلافة العباسية– تعيين موضعها وأشهر مبانيها) لە لاپەڕە (٩٨) تا لاپەڕە (١١٥)ی گرتووەتەوە لە حاڵێکدا ئەم سەرچاوانەش یارمەتییان داوە و ڕێی درێژیان بۆ کورت کردووەتەوە:

(١– رسوم دار الخلافة ٢– رحلة ابن جبير ٣– تأريخ بغداد ٤– المختصر فی اخبار البشر ٥– مفرج الكروب فی اخبار بنی أيوب ٦– المنتظم لابن الجوزی ٧– معجم البلدان ٨– المشترك وضعا والمختلف صقعا ٩– تحفة النظار فی غرائب الأمصار ١٠– جهات الأئمة الخلفاء من الحرائر والأماء ١٢– كتاب الحوادث ١٣– تأريخ مساجد بغداد وآثارها.)

لەگەڵ هەبوونی ئەم هەموو سەرچاوانەشدا حەڤدە لاپەڕەی نووسیوە کە ئەگەر ناچاربا هەموو سەروبەرێکی مەوزووعەکە بە ئەرکی لێکدانەوە و تۆژینەوەی خۆی بۆ ساغ کاتەوە بێ ئەوە چ سەرچاوەیێکی لێرە بەپێشەوە هیچ لایەنێکی بۆ ساغ کردبێتەوە دەبوو بە ناچاری یا واز لە نووسینەکەی بێنێ یاخود ١٧٠ لاپەڕەی لەسەر بنووسێ چونکە بە زۆریی یەك دێری قوتیلە کە خەبەرێکی کۆنی ساغ کردووەتەوە جێگەی گوتارێکی سەرلەبەری پێ دەگیرێتەوە کە لە تاریکاییی نەزانینی دواڕۆژدا بنووسرێت. سەرەڕای ئەمە حیسابێکیش بکە بۆ لایەنی گرینگبوونی ساغکردنەوەی یەکێك لە قۆناغەکانی ژیان و بەسەربردنی حاجی قادر لە چاو دەستنیشانکردنی جێگەی کاخی خەلیفەی عەباسیی پێش هەزار ساڵێك کە ئەگەر ساغیش نەکرێتەوە وەیا هەڵەشی تێدا بکرێت زەرەر لە کەس ناکەوێت و چ حیسابان سەرەوبن ناکات.

لە تەك ئەم گوتارەی (د. مصطفی جواد)دا گوتاری نووسەرێکی کوردم بە بیر دێتەوە کە لە گۆڤارێکی کوردیی بەغدایدا بڵاو کردبووەوە و لە یەك لاپەڕە و نیوی گۆڤارەکەدا سەرلەبەری بوون و ژیان و مردن و شیعر و ئەدەبی کەڵە شاعیرێکی وەکو (وەفایی)ی نەمری سیخناخ کردبوو هەر دەتگوت قتوبەستیی ماسیی ساردینی لەو گوتارەدا کردبوو. بڕوا دەکەم لەو پەڕە و نیوەیەدا نووسەرێکی وەك (چارلز دیکنز وەیا سومەرسیت مۆم) لە وەصفی بەڕێکردنی عەرەبانەیێك نابنەوە– حەقیشیانە.

بابەتی گوتارەکەی (د. مصطفی) گرینگ بێ یا نەبێ سێزدە سەرچاوەی مێژوویی

تێروتەژیی و حازربەدەست ڕێی دووریان بۆ نێزیك خستووەتەوە، ڕەنگ بوو ئەگەر بیویستبا هێندەی دیکەشی سەرچاوەی مێژوویی دەست کەوتبا. من کە لەسەر بەشێك لە ژیانی حاجی دەنووسم، هەر بەشێك بێ لە سەرتاسەری ژیانی، لەجیاتی سێزدە سەرچاوەی مێژوویی سێزدە تاریکایی و سەرپۆشی بێ سەروسۆراغیی ڕاستییم لێ دەشارنەوە. لە تاکە سەرچاوەی لێکدانەوە بەولاوە یارمەتیدەر و ئاشکراکەرم بۆ پەیدا نابێ. دەبێ ڕووناکاییی لێکدانەوە بکەم بە تیشکێکی ئەوەندە بە شەوق کاری ئەو سێزدە سەرچاوەیەم بۆ بکات و پەردە لە دواپەردەی تاریکاییی دەوری باسەکەم بۆ بڕەوێنێتەوە. باییی میلیمەترێك فتیلەی چرای لێکدانەوە کز کەمەوە خۆم و بابەتی نووسین لە تاریکاییدا غەرق دەبن، دەستبەردار بم لە هەر کام سەرەداوێکی کە لەرانەوەی ڕۆژگاری حاجیم بۆ دەهێنێتە بەر هەستی پەنجەکانمەوە وەك ئەو کەسەم لێ بەسەر دێت سەماعەی تەلەفۆنی تەل پچڕاوی بە دەستەوە گرتبێ.

لێرەدا تەجرەبەیێکی کورتیلەی پڕ دەلالەتی ئەم لەراندنەوەی ڕۆژگاری حاجییی دەخەمەوە بەرچاوی خوێنەر تاکو مەعلووم بێ تا چ ڕادەیێك پێویستیمان هەیە بە هەموو سەرەداوێك، هەرچەند پسۆك و کورتیش بێ، کە بە ڕیشاڵێکی ئەو ڕۆژگارەمانەوە ببەستێتەوە.

هەموومان بیستوومانە حاجی قادر لە ئەستەمبۆڵ وەك میوانی بەدرخانییەکان بووبێ وەهای باس کراوە. هەر لەو مێوانەتیەوە، بێ دوودڵیکردن، وامان بە زەیندا هاتووە کە لە ماڵی ئەوان بە سەری بردبێ. من ئەمەم لە بیر بوو کە سەرنجم کشا بۆ دەلالەتی بەیتێکی لەو بەیتانەی واقیعی حاڵ ڕادەگەیەنن، دەلالەتی بەیتەکەش هیچ لەگەڵ ئەو مێوانەتییەدا ناگونجێت. حاجی لەو نامەیەی بۆ حاجی مەلا عەبدوڵڵای نووسیوە دەڵێ:

لە جوملەی ماجەرای دووریی ویلایەت
ئەمەش باسێکی خۆشە وەك حیکایەت

شەوێ دانیشتبووم بێ شەمع و میصباح
ئەتۆی هێناوە یادم کاکە فەتتاح

ئەم گوتەیەی (بێ شەمع و میصباح) تارماییی ماڵی هەژاران دەداتەوە نەك دەوڵەمەندان، ڕواڵەتی بەیتەکە لەگەڵ ئەوەدا ڕێك ناکەوێت کە حاجی لە ماڵی

بەدرخان پاشاوە نامەکەی نووسیبێت چونکە بێگومان لەو گەورە ماڵەدا مۆم و چرا زۆر بوون کاغەزیان لەبەر بنووسرێت. بەڵێ دەزانم وا دەبێ شاعیر بۆ مەبەستی ڕاگەیاندنی کەساسیی خۆی، پتر لە حەقیقەت وێنەگریی هەژاریی خۆی دەکات، وە یاخود تیژاییی هەستکردنی بە حاڵوباری پڕ سۆزی غەریبایەتیی وای لێ دەکات لە دڵدا هەموو خۆشیی مادیی بە ناخۆشی لە قەڵەم بدات وەك کە لە ڕاستیدا ناخۆش بێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چ مانیع نییە قسەکانی وێنەی واقیعی ڕاستەقینە بکێشن. ئێمە لە بەرانبەر ئەم بەیتەدا خۆمان لە ئاست ئەم ڕاستییانەدا دەبینینەوە:

گوتراوە حاجی مێوانی بەرخانییەکان بووە.

مەعلوومە بەدرخانییەکان (شەمع و میصباح)یان هەبووە.

حاجی دەڵێ (دانیشتبووم بێ شەمع و میصباح).

حاجی بەوە ڕازیی نابێ لە شوێنێکدا خەڵق لەبەر چرا دانیشن ئەو لە تاریکاییدا بێ.

من هەرچەند نەمدەتوانی بڕیاری یەکجاری بدەم لەبارەی حەقیقەتی هەڵکەوت بە نیسبەت حاجی قادرەوە لەو ڕووەوە کە ئایا لە ماڵی بەدرخانییەکان بێ چرا بووە وەیا چرای هەبووە بەڵام لە هەڵبەستدا بەرەو سۆزی غەریبی و (بێ میصباحی) بە قسە خۆی لە تاریکایی خزاندووە، وە یاخود لە ماڵێکی غەیری ماڵی بەدرخان پاشادا بەسەری بردووە و چرای نەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە دڵم بۆ ئەوە دەچوو حاجی لە تاریکاییی حەقیقیدا ئەم یادکردنەوەیەی بووە. سەرەڕای ئەم دڵ بۆچوونە، ناکرێ ئێمە لە واتای زاهیری وازبێنین بۆ واتایێکی مەجازی وەیا بۆ ڕواڵەتێکی داخوازی حاڵ ئەگەر لە لایێکەوە هۆی وازهێنانەکە پەیدا نەبێ. لێرەدا تەنیا یەك تەگەرەمان دێتە پێش ئەویش لە بەیتی چوارەمی نامەکەوە هەڵدەستێت:

منیش ئەم نامەیەم نووسی بە تەعجییل
شڕ و دڕ وەك خرار و کۆنە زەنبیل

تەگەرەکە لەوەوە دێت، ئەگەر لە تاریکاییی ڕاستەقینەدا بووبێت چۆن پێی کرا (بە تەعجییل– بە خێرایی) دەست بکا بە نامە نووسین چونکە تەعبیرەکە وا ڕادەگەیەنێت دەرحاڵ کەوتبێتە سەر نووسین! بەڵام تەگەرەکە گەلێك ئاسانتر دەڕەوێتەوە لەوەی (بێ شەمع و میصباح)ەکە بکرێتەوە مەجاز، چونکە دەشێ شەو بەسەرچووبێت و نامەکە نووسرابێت کە هەر دەکاتەوە (بە تەعجییل) وەیاخود هەر لەو دەمەدا چرایێك

پەیداکرابێت نامەکەی لەبەر نووسرابێت تا ڕادەی لێ ماندووبوون و سبەینێ تەواو کرابێت چونکە نامەکە ئەوەندەی درێژە هەیە لە یەك دانیشتندا بە کۆتایی نەگات.

دەبینی بە هەمەحاڵ بەشێکی نامەکە کەوتووەتە بەر ڕووناکیی سبەینێ کەواتە ئەگەر هەموو (تەعجیل کردنەکە) خرابێتە سبەینێوە نارێکیێك پێك نایەت لەگەڵ واتای بەیتەکەدا.

من لەم گوریس کێشەکێیە زیهنییەدا بووم هەڵکەوتێکی خۆشبەختانە تیشکێکی هاویشت بۆ دەوروبەری تاریکایی ئەو (بێ شەمع و میصباح)ەی ناو بەیتەکەی حاجی، لە وتوویژێکی ڕۆژانەی عادەتیدا، جارێکیان بێ نیاز و بێ پرسیاری تۆژینەوە، کاکە زیادی حەمەغای کۆیێ بۆی گێڕامەوە کەوا لە ساڵی ١٩٤٩ سەردانی ئەستەمبۆڵی کردووە و لەوێ (میهری بەگ)ی دیوە و باس و هەواڵی حاجی قادری لێ پرسیوە. کاکە زیاد گوتی: (میهری بەگ بۆی باس کردم حاجی لە ماڵی کوردێکی ئەستەمبۆڵ بە سەری دەبرد نەك لە ماڵی بەدرخانییەکان، ئەو کوردەش لە هەموو بنەماڵەکەی تاکە یەك کچی ماوە، لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی تورکیا لە ئەنقەرە فەرمانبەرە. منیش کاغەزێکم لە میهری بەگ وەرگرت بۆ کوردێکی ئەنقەرەنشین کە ئەویش هەر خەڵقی دەوروبەری جافەتی و هەڵەبجە بوو خاوەن قاوەخانە بوو لە ئەنقەرە تاکو بە کچەکەم بناسێنێ، کاغەزێکیشم لێی وەرگرت بۆ کچەکە خۆی. لە ئەنقەرە کوردە خاوەن قاوەخانەکەم دۆزییەوە کە ئێستا ناویم لە بیر نەماوە هەروەك ناوی کچەکەشم فەرامۆش کردووە. لەگەڵ پیاوەکەدا سۆراغی کچەکەمان لە وەزارەتی خارجیە کرد گوتیان ئێستا لە وەزارەتی مەعاریف فەرمانبەرە لە جێگەیێکی دەرەوەی ئەنقەرەدا مامۆستای قوتابخانەیە و تاپشووی هاوینە ناگەڕێتەوە بۆ ئەنقەرە، ئیتر منیش کاغەزەکەی ئەوم لای کابرای خاوەن قاوەخانەکە بەجێ هێشت تا ئەگەر گەڕاوە بۆ ئەنقەرە پێی بدات و ئەدرەسی خۆشم هەر لەگەڵ کاغەزەکەدا بۆی نووسی بە نیازی ئەوە چ مەعلووماتێکی لە بارەی حاجی قادرەوە لابێت بۆمی بنێرێتە ئەو ئەدرەسە، بەڵام هیچم لێی پێ نەگەیشت.) لەگەڵ ئەم قسانەشدا باسی ئەوەی کرد کە میهری بەگ لە باسی خۆیدا گوتوویەتی لە کۆیێ لای حاجی مەلا عەبدوڵڵای خوێندووە و دواتر چووەتە هەولێر بۆ خوێندن. بە داخەوە میهری بەگ مرد و هەرچی دەیزانی لەگەڵ خۆی چووە تاریکاییی گۆڕستانی عەدەمەوە.

ئەمەیە سەرچاوەی توێژینەوەمان لەبارەی حاجی قادرەوە، دەلالەتی بەیتێکی بکە

بە بەرابەر، ئەوجار چاوەنۆڕ بە تاکو قەزاوقەدەر بە ڕێکەوت لە لاییێکەوە خەبەرێکی دەماودەم دەنێرێت یا دەلالەتەکە بە درۆ دەخاتەوە یاخود بەهێزی دەکات، لە هەردوو حاڵیشدا ڕووبەڕووی وشکبوون و نەزۆکیی بێ ئاویی زەمینی لێدانەوە دەبیت و لێکدانەوە و تۆژینەوەت لە تینووان دەخنکێت مەگەر لێوی تەڕ کەیتەوە بە هێما و ڕاگەیاندنی بەیتێکی تری و بەینێکی دیکەش بە وشکە ئومێدان تەفرەی خۆت و لێکدانەوەکەشت بدەیت.

لەگەڵ ئەم هەموو دەست بەتاڵییەشدا، کە خۆی بەسە بۆ تێ وەستان و ماندووبوون، سەرلەنوێ و بەردەوام، دەبێ مرۆڤ لە کاری سەخت و وردی مەتەڵ هەڵێنان بە هۆی وڕێنە لەگەڵ خۆکردندا، پەند لە ئامۆژگارییەکەی (نالی) وەرگرێت کە دەڵێ:

(ئەی مەستی ریاضەت لە هوشیاری جڵەو بە)

چونکە ئەگەر بایی چاوقوچێنێك لە وردبوونەوە غافڵ بێ وەیا بە سەهوو بچێ ناتوانێ هیچ سەرەدەری لە تاریکاییی بەر هەنگاوی بکات.

من لە لێکدانەوەکاندا خەریکی کارێك دەبم کە پێی دەڵێن Jigsaw Puzzle کە بریتییە لە بەیەکەوە نانەنەوەی پارچە پارچەکردنی وێنەیێکی پچڕپچڕکراو تاکو بچێتەوە سەر باری ئەسڵیی خۆی و دیمەنە ڕاست و دروستەکەی بنوێنێتەوە. من دەبێ بێنم تارماییی کەمتاکورتی مەعلوماتی ڕاست و خەیاڵکرد و گوتەی دەماودەم کە پارچەکانی تێکەڵ و پێکەڵ بووبن، سەرلەنوێ بەیەکەوەیانەوە بنووسێنمەوە بە مەرجێك هەر پارچەیە بخەمەوە جێگەی لەبار و ڕاستەقینەی خۆیەوە تاکو لەگەڵ پارچە دراوسێکانی دەوری خۆیدا بگونجێت و دیمەنێکی مەفهووم پێك بێنێت، کە هاتم پارچەیێکیانم لە جێگەی هەڵەدا دانا سەرلەبەری تابلۆکە دەشێوێت و نامەفهووم دەردەچێت چونکە پارچەی ڕاست و دروستی ئەو جێگەیەش دەچێتە جێگەی پارچەیێکی تر تاکو وای لێ دێ چاو دەچێتە جێگەی ئەژنۆ و پاژنەی پێ بە سەر سنگەوە بەند دەبێت و پەنجە دەچێتە جێگەی سمێڵ...

بەپێی قەناعەتی خۆم، لەو لێکدانەوانە و بەراوردکردنانە و بە یەکتر گرتنانەی تا ئێستا کردوومە هەمیشە ڕەچاوی ئەو لایەنە یەکجار گرینگەی بەیەکەوە گونجانی هەموو کەرت و پارچەکانی (تابلۆ سەرلەنوێ ڕێکخراو)ەکەم کردووە، هەر ئەم گونجان و نەگونجانەش بووەتە هۆی سەلماندنی شیمانەیێك و بەرپەرچدانەوەی یەکێکی تر. بە

نموونەی ڕاستیی ئەم ڕایەم دەڵێم کە سەلماندم حاجی دووچاری دڵداریی سووتێنەر بووە لە قۆناغی گەنجایەتیدا ناتوانم چ تەئویلان بێنمەوە بۆ غەلەبەسەندنی دروشمی وەستایی بەسەر لایەی کزە و سۆز لە هەڵبەستە دڵدارانەکانیدا، هەروەهاش لێکدانەوەکەم زۆر دادەمێنێ لە ئاست ئەو هەڵبەستە یەکجار دژ و دوشمنانەی عیشق کە لە ساڵانی دوایی ژیانیدا لە ئەستەمبۆڵ داینـاون وەك:

(باسی زوڵفی درێژ و چاوی بە خەو) و (حەنیفە بۆ پیاوی صاحیبی تەمییز)(١).

لە تێکڕای درێژەی ئەم باسەوە دەردەکەوێ کە وا کەمبوونی هەڵبەستەکانی حاجی دژی شێخ نەبی ماویلی ڕاستەوخۆ کورتبوونی ئەو ماوەیەی تێیدا هەڵبەستراون ڕادەگەیەنێ، کە ئەویش ڕاستەوخۆ کورتبوونی سەرلەبەری قۆناغی ناوەندیی ژیانی حاجی بە دەستەوە دەدات، کە وەك گوتمان، بریتییە لەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوانی بەسەرچوونی دەوری گەشتی خوێندنی لەگەڵ سەرەتای سەفەرەکەی بۆ ئەستەمبۆڵ. ئەم کورتبوونەش لە لای خۆیەوە ڕێك دێت لەگەڵ حوکمی هەموو ئەو ڕاستییانەی لە حاجییەوە پێمان گەیشتووە چ بە گوتەی دەماودەم بێ چ لە ڕێی هەڵبەستەکانی دیوانی حاجی و حاشیەکانی دەسنووسی بێ و چ بە هۆی لێکدانەوەی بەستراو بە واقیع و ڕووداوەوە بێ. لە ئەنجامی ئەم هەموو خواروژوور کردن و بە یەکدی گرتن و تۆژینەوە و ڕاستکردنەوە و بە درۆخستنەوەیەدا دەگەمە ئەم باوەڕە کە وا حاجی قادر بەر لە ساڵی (١٢٧٩) نەگەڕاوەتەوە بۆ کۆیێ و پێش ساڵی (١٢٨٢)ش بۆی دەرچووە، واتە هەرگیز ئیحتیمالی مانەوەی لە (٢) ساڵان تێپەڕ ناکات.

هەرچەند ناشێ مرۆڤ بڕیاری یەکجارەکی بدات لە ئاست چەند و چۆنی دواڕۆژدا، بەڵام من بە نیسبەت ئەم کورتییەی ماوەی مانەوەی حاجی لە کۆیێ خۆم ناگرم لەوەدا بڵێم ڕێی تێ ناچێ لە دواڕۆژدا چ تۆژینەوە بتوانێ ئەم ماوەیە لە (٢) ساڵان تێ پەڕێنێت، نەك لەبەر ئەوە کە دڵنیام لە پەیدانەبوونی بەڵگەی ماددی دژی لێکدانەوەکەم بەڵکو لەبەر یەکجار پتەویی ئەو بنچینەیەی کە لێکدانەوەکەی لەسەر هەڵستاوە. ئەو مەتەڵ هەڵێنانەی Jigsaw کە لەم لێکدانەوەیەدا کراوە هێندە ڕێکوپێك و گونجاوە لەگەڵ پارچەکانی خۆیدا زۆر زەحمەتە، ڕەنگە موستەحیل بێ، یەکێکی تری

(١) بۆ باش تێگەیشتنی ئەم لایەنە دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ لاپەڕەکانی (١٧١– ١٧٨) لە بەرگی دووەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی).

وەك ئەو ڕێكوپێك لەو پارچانە بخرێتەوە سەر یەك.

ئەم لێكدانەوانە و مەتەڵ هەڵێنانە بەلایێك:

من دلشكستەی نەبوونی شتێكم:

زانیمان حاجی شیعری دژی شێخ نەبی داناون، ژمارەی ئەو شیعرانەش زۆر نین و كەمن، هەروەك ماوەی تێدا هەڵبەستنیشیان كورت بووە. ئەمە دەزانین، پێشتریش لە بەشی دووەمی ئەم نووسینەدا بە شایەدیی نامیلكەكەی مەلا عەبدوڕەحمانی خزمی حاجی ساغ كرایەوە كە شێخ نەبی لە سەرەتای ناكۆكییەكەدا بە چەكی ژمارە (١) كە پڕوپاگەندە و توهمە تێگرتن و درۆ هەڵبەستنە وەرامی حاجی داوەتەوە. لە لاپەڕە (٢١١)ی بەشی دووەمدا ئەم گوتەیەی نامیلكەكەی مەلا عەبدوڕەحمان دەخوێنیتەوە (لە نەتیجە شێخ نەبی كەوتە عەداوە لەگەڵ حاجی قادر بە كاغەز نووسین بۆ یەكتری[١]). ڕاستیی حاڵ ئەوە بووە، سەرەڕای كاغەز نووسین لە لایەن شێخ نەبییەوە بۆ حاجی لە ئەنجامی خۆشتربوونی ئاگری ناكۆكییەكە دەستە و تاقمی شێخ نەبی چیی خراپ و كەم نرخە ئەوەیان بۆ حاجی قادر هەڵبەستووە و قسەوقسەڵۆكی پیرێژنانەیان تێ گرتووە. دڵشكستەییی من لەوەدایە كەوا لەم بەندوباوە حیكایەتە هەڵبەستراوانە تاكە یەك وشە و پیتی بە ئێمە نەگەیشتووە و هیچی لێ نازانین. چەندم حەز بەوە دەكرد، لە قسەكانی شێخ نەبی خۆی وەیا قسە ڕاسپاردەكانی ئەو بەزاری مریدەكانیەوە دژی حاجی، بە كاغەز یا گوتە، چەند نموونەیێكمان لەبەر دەستدا بوویایە وەك گوتەكەی شێخ غەفووری تاڵەبانی كە لە لاپەڕە (٢٠٠)ی بەرگی دووەمدا باس كراوە. وەیا هەر نەبێ هەندێك لە پڕوپاگەندەی مریدەكانی دژی حاجی قادرمان زانیبایە تاكو تێ گەیشتباینایە ئاخۆ شێوازی ئەو هێرشانە چۆنە و بۆ سەر كام لایەنی شەخسییەت وەیا كردەوە وەیا بیروباوەڕ وەیا زانایی حاجی قادریان وروژم هێناوە.

من كە بەم گوتە دوشمنانە و ناحەزانەی بەرەی شێخ نەبیی دژی حاجی قادر دەڵێم هەڵبەستراو، ڕێگەی ڕاستبوونی هەندێك لەوان كوێر ناكەمەوە، واتە دەسەلمێنم گوتەی ئەوتۆ لە حاجی قادر گیرابێ كە هەڵبەستن و درۆی تێدا نەبووبێ لە هەمان كاتیشدا بە كێشانە و پێوانەی ڕاستی و ئینساف مەدح بووبێتن بۆ حاجی وەك ئەوەی حاجی

(١) لەم نووسینەوەیەدا كەمێكم دەسكاری لە ڕێنووسەكەی مەلا عەبدوڕەحمان كرد بۆ مەبەستی ئاسان خوێندنەوە.

قـادریـان تـاوانـبـار کـردبـێ بـه قسەی ئـازایـانـه دژی شەعبـەده یـاخـود لـه ڕەفتـار و بـیـروبـاوەڕی ئـەوتـۆدا عـەیـبـیـان لـێ گرتبـێ کـه لـه چـاو ئـەو ڕۆژگـارەدا وەك لـەحـەد دەرچوون هـاتبێته بەر هـەستی خەڵقەوە و ئێستا دەزانین گەورەیی ڕاستەقینەیان تێدایه.

لەو باوەڕەدام قسەی دوشمنانه له حاڵی درۆبوونیشیدا، خۆشی بێ و ترشی بێ، پەنجەیێك بۆ ڕاستی درێژ دەکات. ئەگەر بێت و قسەی ڕەخنەگری ناحەز بەتەواوی و بێ کەم و زیادی بگاتەوە بەرچاوی هەڵسەنگاندن و تۆژینەوە و وردبوونەوەوە چەند ڕاستیێکی گرینگیان لێ دەفامرێتەوە:

أ- لەوانەیە کابرای ڕەخنە لێگیراو جێی ڕەخنە لێگرتن و بووبێت و بەمەدا ڕەخنەکە عەیبێکی کابرای ئاشکرا کردبێت هەرچەند لە بنەڕەتدا بە نیازی دوشمنایەتی و زەرەر لێدانیش ڕەخنەی لێ گیرابێت. ناحەز بەڵێنی نەداوە هەرچی بیڵێت درۆ بێت، ڕەخنە لێگیراویش قۆنتەراتی نەگرتووە هەموو کردە و گوتەیێکی فرشتانە بێ.

ب- دەشێ ئەو ڕەخنە ڕاستەی کە لە کابرا گیراوە بە پێی ئەو سەردەمە لە لای هەموو وەیا زۆرینەی خەلق جێگەی عەیب پێهاتن بێ، وەیاخود بە لای مێشك وشکانەوە توهمە بێت و بەلای مرۆڤی ژیر و مێشك فەراحەوە هیچی بەدی تێدا بەدی نەکرێت، وەیاخود لە ڕۆژگارێکی دواتردا نەك هەر عەیب نەبێ و بەس بەڵکو ببێتە هۆی شانازی پێوەکردن بۆ کابرای ڕەخنەلێگیراو لەو ڕووەوە کە ئەو پێش سەردەمی خۆی کەوتووەتەوە و هۆشی بە ڕاستی و دروستیی شتان وەها شکاوە کە هێشتان کژوکاتی ئەو هۆش پێشکانە دانەهاتووە. لە نوقتەی موقابیلی ئەمەدا، وا دەبێ کردارێك وەیا بیروباوەڕێك وەیا عادەت و نەریتێك لە سەردەمێکدا باو بووبێت کەچی لە سەردەمێکی دواتردا بۆ خەڵق ئاشکرا دەبێ چەند شتێکی بەدە.

ج- ئەو گوتە ڕاستەی کە توهمەی ڕاستی لە کابرا گرتووە ئایا لە سەردەمی توهمە تێگرتنەکەدا چەند کەس پەسەندی توهمەکەی کرد و لە کابرای بە عەیب گرت، چەند کەسیش با وجوودی ڕاستبوونی توهمەکە نەکەوتە دژی توهمە تێگیراوەکەوە و هۆی ئەم هەڵوەستە لە یەك نەچووەی خەڵقەکە چی بوو بەتایبەتی هەڵوەستی تاقمەکەی دووەم؟ لە حاڵی وەهادا دەتوانین تا ڕادەیێك دڵ و دەروونی خەڵقی ئەو ڕۆژگارە تێ بگەین لە ئاست بیروباوەڕی پەرەسەندوودا، هەروەها ئەو

بەرەو تاقمەیەش بناسینەوە کە حەزی بە گۆڕان و بەرەوپێشچوونی بیروباوەڕی کۆنینە کردووە یاخود هەر نەبێ لە قووڵاییی دڵدا پەرۆشی تێچوونی ئەو بیروباوەڕی کۆنینانەی بووە کەوا خەریکە بە سەر زمان و خامەی مرۆڤی بێ باك و جەربەزەوە بێ حورمەت دەبێ. بە نموونە دەڵێم مێژوو پێت دەڵێ لە سەدەی یەکەمی هیجری، لە کاتی خەلافەتی ئەمەوییەکاندا خەلقی کووفە و واسط و بەصرە پتر دڵکرایەوە بوون بۆ ئەوانەی سەرپێچییان لە دەوڵەت دەکرد، دواتر لە کاتی خەلافەتی عەباسیدا بە تایبەتی لە پاش کۆتاییی سەدەی دووەمەوە خەلقی بەغدا زۆر جاران وروژمیان هێناوە بۆ کوشتنی پیاوێك کە ناوی بە زندیق دەرچووە و نووسینی پشت لە دین و دەوڵەتی هەبووە، لە حاڵێکدا مرۆڤی دەسەڵاتدار ئەو تەرزە پیاوەی لە تەنگانە ڕزگار کردووە و گیانی پاراستووە.

د- وادەبێ ڕاستبوونی توهمە نەك هەر لەو سەردەمە کۆنەدا کابرای توهمە تێگیراوی تاوانبار کردووە، بەڵکو ئەمڕۆ و دواڕۆژیش هەر تاوانباری دەکات. لە حاڵی وەهادا لایەنی توهمەگر گلەییی لێ ناکرێ بەڵکو مەدحیشی دەکرێ. هەر بەو پێیە هەموو ئەو لایەنانەی دژی توهمە تێگرتنەکەش بوون دەبێ بە چاوی توهمە تێگیراوەکە سەیریان بکرێت واتە ئەو عەیبەی لەو گیراوە دەبێ لە هەموو ئەو کەسانەش بگیرێ کە بۆی بە پەرۆش بوون. بە نموونە دەڵێم چ فەرقێك نییە لە نێوانی ئەو زاڵمەی لە سەردەمی (تۆقاندن)ەکەی شۆڕشی فەرەنسەدا خەڵقی بێ تاوانی دەکوشت لەگەڵ ئەو کەسانەی بە دیار گیلۆتینەوە چەپڵەڕێزانیان دەکرد، هەر وەك فەرقێکیش نییە لە نێوان دەستدرێژیی دەرەبەگێك و مەدحکردنی دەرەبەگەکە لە لایەن شاعیرێك وەیا مفتەخۆرێکەوە.

ئەمانە و گەلێکی تریش لە ڕاستبوونی مادەی توهمەکەوە وەردەگیرێن، بەڵام وەنییە تەنیا دەلالەت لە (ڕاستبوون) وەرگیرێت، بە پێچەوانە درۆبوونی توهمەش بێ دەلالەت نییە. ئەگەر گێڕانەوەی دەماودەم وەیا خەبەری نووسراو بێ زیاد و کەم هەڵبەستراوەکەی ڕاگەیاندبێ، گوێی سووك و بە هەست دەتوانێ گەلێك پەیامی بێ دەنگ و هەرای لێ ببیسێ کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لەوان:

أ- وا دەبێ لایەنی ناحەز و دوشمن هێرشی توهمەی هەڵبەستراو دەباتە سەر گەورەترین قەڵای شۆرەت و شەخسییەتی دوشمنەکەی بۆ ئەوە یەکجاری بێ چەك و بێ دەسەڵات و بێ هەموو شتێکی بکات. ڕەنگە لە حاڵەتی وەهادا هێرشبەر

زانیبێتی ئەگەر کۆڵەگە و کاریتەی خانەی شەخسیەتی کابرای توهمە تێگیراو نەشکێنێت سوودێکی ئەوتۆ لە تەقەڵاکانی پەیدانابێ چونکە لەوانەیە خانەی شەخسیەتی بەسەر تاکە کۆڵەگەیێکی زۆر مەحکەمەوە ڕاوەستابێ. نموونەی هەرە مەشووری مێژوو لەم جۆرە توهمەیە ئەوە بوو کە ناحەزانی پێغەمبەر (د.خ) هێرشیان بردە سەر قورئان و گوتیان کاری ساحیرە، لەوەشد (ولید مخزومی) کە لە هەرە فەصیحەکانی قورەیش بوو، قسەی لێ وەرگیرا دژی قورئان، هەر هەمان تین و تاوی ئەو توهمە پڕ جورئەتەیە کە لە ئایەتەکانی سوورەی (المدثّر) وەك گوللەی شەستیر بەرەو (ولید) و کافرەکان بەڕێ دەکرێنەوە: (ذَرنی وَمَن خلَقتُ وحیدا. وجَعلتُ له مَمدوا. وَبنینَ شهودا. ومهّدتُ له تمهیدا. ثُمَّ یطمعُ ان أزید. کَلاّ انَّه کان لآیاتنا عنیدا. سأرهقُهُ صَعودا. انَّه فَکّر وقدّرَ. فَقُتل کیفَ قدّرَ. ثم قُتل کیفَ قدّرَ. ثَم نَظرَ. ثم عبس وبسَرَ. ثم أدبر واستکبر. فقال ان هذا الا سحر یوُثرُ. ان هذا الا قولُ البشر. ساصلیه سقر. وما ادراك ماسقر. لاتبقی ولاتذر. لواحة للبشر. علیها تسعة عشر). توهمە تێگاتنەکە و وەڵامە پڕهێز و هەڵمەت و ئیعجازەکەی ئایەتەکانی قورئان تیشکی گەلێك باری ئەو زۆرانبازییە زلەی نێوانی ئیسلام و بوتپەرستەکان دەدەنەوە و ساغی و ناساغیی خەبەری تری ئەو سەردەمە بە ئیسپات دەگەیەنن. باوەڕ دەکەم ئەگەر چەند ڕەخنە و توانجێکی شێخ نەبییمان دەرحەق حاجی قادر چەنگ کەوتبایە، لێرەشدا دەمانتوانی بزانین کام لایەنەکانی شەخسیەت و شۆرەتی حاجی لە نەزەر شێخ نەبیدا یەکجار بنجی و بەهێز بووە چونکە بە عادەت درۆ هەڵبەستن دژی شتی بەهێز ڕێکوپێکتر و بە داك و بابتر دەبێ لە چاو درۆی دژی شتی بێ هێز، بێ گومان شێخ نەبیش لێی دەوەشێتەوە لە حاڵی وەهادا ئەو توهمەیە هەڵبەستێ وەیا ئەو ڕەخنەیە ڕێك خات کە بابەتی توهمە تێگیراو و ڕەخنەلێگیراو داوای دەکات. هەر لە هەمان ڕێگەیشەوە دڵ و دەروونێکی خەلقەکەی ئەوسای کۆیەشمان بۆ دەخوێندرایەوە لەو ڕووەوە کە مەبەستی هەرە گەورە لە توهمەکارییەکە ئیقناعکردن و بەهەڵەبردنی خەلقەکەیە تاکو لە حاجی بتەکێنەوە. بەڵام داخم ناچێ هیچ شتێکمان لەو بابەتە بە دەستەوە نییە.

ب– واش نابێ ناحەز لایەنێکی بێ هێز و نامەحکەمی کابرای توهمە تێگیراو دەگرێتە بەر ڕەخنە و توانج، لەمەشدا دوو سوودی دەست هەڵێنج ڕەچاو دەکات: یەکەمیان ئەرکی کەم، دووەمیشیان بە ئاسانی خەلق ئیقناعکردن. بەرچاوترین

نموونەیێکی ئەم بابەتە لە ڕووداوەکانی مێژوو بێتەوە یادم، توهمەی (کافری) بوو کە گیرایە (ابن سینا)، لەمەشدا ناحەزەکانی هەندێك ڕەفتار و گوفتاری ئەویان کردە هۆی کافرکردن کە بە لای خەلقەوە دژبوونیان لەگەڵ دیندا شتێکی ئاشکرا و سەلمێنراو بوو وەك شەراب دۆستی و چەند بیروڕایەکی فەلسەفیی زۆر مەشووری ئەو کە لەگەڵ ڕاستە باوەڕی ئیسلامدا نەدەگونجان. ئەم چوارینەیەی (ابن سینا) دەنگدانەوەیێکی کافر کردنەکەیە:

کفری چو منی گزاف و اسان نبود
محکمتر از ایمان من ایمان نبود

در دهر چو من یکی و ان هم کافر
پس در همه دهر یك مسلمان نبود

واتاکەشی بە کوردی ئەمەیە:

(کافربوون– وەیا کافرکردن–ی یەکێکی وەك من بە خۆڕایی و ئاسانی نابێ.
ئیمانی مەحکەمتر لە ئیمانی من پەیدا نابێ.
لە هەموو زەمانەدا یەکێکی وەك من هەبێ و ئەویش کافر بێ،
کەواتە لە هەموو زەمانەدا یەك مسڵمان پەیدا نابێ)

مێژوو لەم بابەتە توانج تێگرتن و وەرامدانەوەی زۆر تێدایە، من بەم دوو نموونەی زۆر مەشوور واز لە هی تر دێنم چونکە بایی مەبەست دەکەن.

بێ گومان شێخ نەبیش ئەوەندەی دەزانی لە چ ڕێبازێکی ئاسانەوە پارێز ببات بۆ سەر کولێنی حاجی قادر، ئەگەر هیچ ڕێبازێکی چەنگ کەوتبێت. بە داخەوە ئێمە ئێستا نازانین ئایا شێخ نەبی چ ڕێبازێکی ئەوتۆیی چەنگ کەوتووە یا چەنگی نەکەوتووە چونکە وەك گوتم هیچ تاکێك لە توهمە و توانجەکانی دژی حاجی قادر لەوەوە بە ئێمە نەگەیشتووە، بەڵام ئەگەر شتێکی ڕاست و دروستمان لە ڕێگەی ڕیوایەتی بێ دەسکارییەوە لەو توهمانە پێ گەیشتبایە دەمانتوانی بزانین ئاخۆ لە نەزەر خاوەنی ئەو توهمانەدا کام دیواری شەخسیەتی حاجی کەلێنی پارێزبردنی بە دەستەوە داوە، ئەوساش جارێکی تر لەوانە بوو بتوانین بزانین ئایا ئەو توهمانە کەلێنی ڕاستەقینەیان دۆزیوەتەوە یاخود لێی بە سەهوو چوون چونکە ئێمە بایی ئەوەندەی ڕاستی و درۆییی ئەو توهمانە بزانین شارەزاییمان بە حاجی هەیە، لەوەش بەڵەدین

ئایا کام بۆرە توهمە لێی دەوەشێتەوە لەو سەردەمەدا بە ڕاست و دروست حیساب کرابێ دژی حاجی. سەرەڕای شارەزایی‌مان لە بارەی حاجی قادرەوە، لە ڕێی قیاسکردنی ئەوسا لەگەڵ ئەم ڕۆژگارەدا کە وا جارێ زۆر لە یەکتر دوور نەکەوتوونەتەوە، دەتوانین بارێکی نەفسی و عەقائیدیی خەلقی ئەوسای کۆیەش بە بیری خۆماندا تێ پەڕێنین بۆ چاوەڕوانکردنی جۆری ئەو توهمانەی کە لەوانەبوو دژی حاجی ببیسترێ و گوێی بۆ شل بکرێ، ئیتر ئەگەر شتێکمان لەو توهمانە زانیبایە لەوانەبوو بگەین بە حەقیقەتی نیازی حاجی قادر لە دانانی ئەم بەیتانە:

لە قوشخانەوە تا دەمی ئیج قەڵا
لە بایزاغاوە تا محەللەی قەڵات(١)

هەموو خزمی خۆمن دەزانم دەڵێن
لە بێ حورمەتیمان بوو حاجی هەڵات

ئایا ئەم شیعرە دەنگدانەوەی گلەیی ئامێزانەی دڵ و ویژدانی حاجی قادرە لە ئەنجامی بیستن و سەلماندنی ڕەخنە و توانجەکانی شێخ نەبی لە لایەن خەلقی کۆیەوە؟ ئایا ئەم شیعرە دەبێتە بەڵگە بۆ کارکردنێکی پەرەسەندووی پرۆپاگاندەکانی شێخ نەبی لە دڵ و دەروونی زۆربەی دانیشتوانی کۆیێ دژی حاجی؟ یاخود ئەمە نییە و شتێکی ترە کە لە دواتردا باسی دەکەم؟ ئەگەر چەند لەرە و ئاوازی ئاهەنگی ئەو پرۆپاگەندەمان پێ گەیشتبا دەمانتوانی ئەوانیش وەك پارچەکانی تری مەتەڵی Jigsaw بخەینەوە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیانەوە لە تابلۆی وەزعی ئەو ڕۆژگارەدا، لەبەر تیشکی ئەم گونجانەی پارچەکانیش لەگەڵ تیشکی تێکڕای تابلۆکە چەند هەنگاوی تر ڕێگە دەرکەین بەرەو پتر ناسینی حاجی قادرەوە، باشتریش شارەزای باری مادی و زەینی و عەقائیدی حاجی ببین. بەڵام چ سوود!

ج- پلانگێڕ و خەبەرسازی بەڵەد لێی دەوەشێتەوە لە دروستکردنی ناو و ناتۆرەدا ئەم دوو لایەنەی باسکراوی لێرە بە پێشەوەی (خاڵەکانی أ، ب)ی مەبەست نەبووبێ و شتێکی گرینگتری بە ئامانج گرتبێ:

لەوانەیە وەك پسپۆری مەعلان لە فابریقەی خەبەرسازی و پرۆپاگاندەدا خەبەرێك

(١) (قوشخانە، ئیچ قەڵا، بایزاغا، قەڵات) چەند جێگە و گەڕەکێکی کۆیەن.

هـەڵبـەستـێت و بـە نـاو خـەلـقـدا بـڵاوی بـکـاتـەوە کـە دەزانـێ لـەسـەر تـەلـێکـی گشتیـی بیروباوەڕی زۆربـەی خەلق لـێ دەدات و خێرا دەیانوروووژێنێت و قوتاغیان دەکات، لەم کارەشدا دەتوانـێ بە ئاسانی زمانی تەڕوپاراوی پەیڕەوە ماهیرەکانی وەك ئیستگەی بـێ تـەلـی ئـەم سەردەمـە بـخـاتـە گـەڕ و بـە شێوەیـێکـی بـەردەوام و بـێ وچـان ئـەو توهمـانـەیـان پـێ کـاوێژ بـکـاتـەوە کـە جـارلـەجـار پـتـر دەچـنـە دڵانـەوە و بـاوەڕیـان پـێ دەکـرێ. ئـەم کـارەی گـێلـکـردنـی خـەلق لـە سەردەمـی ئـاتـۆم و ئـاسمـانگـەردییدا زۆر سەرکەوتووە چ جایی لەو سەردەمە هەژارە ڕووت و ڕەجاڵەی کۆیەی بەر لە (١٠٠) ساڵ پـتـر(*). لـە ئـاست تـوهـمـەی وەهـاشدا مـرۆڤ دەتـوانـێ بـە لـێکدانـەوە و قـیـاس و تۆژینەوە ڕایەکی پوخت و نیشانەئەنگێو پێك بێنێت. خۆ ئێمە ئەو خەلقە بێ خەبەرە کەم تەجرەبەیەی سەردەمی شێخ نەبی نین لەبەر سادەیی خۆمان بە ئەفسوونی مریدەکانی هەڵخەڵەتێین و توهمەی درۆ بە ڕاست بزانین. کاشکی چەند توهمەیێکی ئەو بابەتە عەوام خەڵەتێنەمان لە شێخ نەبییەوە بۆ مابایەوە– قیرسیا با ئێمەشی هـەڵـخـەڵـەتـانـدبـا. سەر سوڕمـان لـە بـێ سەروشوونـی پـتـر پـەیـدا دەبـێ نـەك لـە سەروشوونێکی هەڵەی تێدا بێ. مێشکێك نەتەپیبییێت دەتوانـێ وەك دایەرەی (تحریات فنیة) شوێن پـەنجەی ڕاست بـدۆزێتـەوە لـە نـێوان هـەزارانـی درۆزنـدا، یـاخـود خـەتـی نووسەر بناسێتەوە با نووسەرەکەش ویستبێتی خەتی خۆی بگۆڕێ. بەڵام کوا شوێن پەنجەی ڕاست و درۆ؟ کوا خەتی بە ئانقەست گۆڕاو؟ کوا توهمەی هەڵبەستراو؟ کوا پرۆپاگاندەی عەمەلی؟

ئەگەر شێخ نەبی توهمەی هەڵبەستبێ دیارە بۆ زڕندانی ناوی حاجی قادر بووە لە لای زوربەی خەلقی کۆیێ بە گشتی، لە لای پیاوماقووڵ و دەسەڵاتدارەکانیش بە تایبەتی، کە دەزانین بەشی زۆریان دۆستی حاجی بوون. لە زڕاندنی ناوی حاجی سوودێکی گەورە بە شێخ نەبی دەگەیشت، سوودەکەش بێ بایەخکردنی تیر و شیرە زەهـراوییـەکـانـی هـەڵـبـەستـی حـاجییـە دژی شێخ کـە ئـەمـەش ڕاسـتـەوخـۆ ئـیـفـلاسی هێرشەکانی حاجیی ڕادەگەیاند. بە داخەوە چ نموونەیێکی جۆری لەسەر خۆکردنەوەی شێخ نەبیشمان پێ نەگەیشتووە، چەندێکی پرسیاریشم لەو کەسانە کردبێ کە لێیان دەوەشێتەوە دەنگ و باسێکی ئەو سەردەمەیان لابێ لە (چم نەبیستووە) بەولاوە وەڵامم لێیان وەرنەگرتووەتەوە. لە حاڵی وەهادا کە باس و خواسی کۆنینە دێتە ناوەوە هەر

(*) چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٧٦دا بووە.

دەڵێی باسی داروبەرد دەکرێ نەك مرۆڤی گیانلەبەری زمان گەڕاوی دەست و قاچ ساغڵەم چونکە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە وەك سینەمای بێ دەنگ، وەیا لەوەش خراپتر وەك وێنەی فۆتۆغراف کە نە دەنگ و نە جووڵەی هەیە.

گەلێك لە هەزار ساڵ پتر لەمەوپێش کە حیکایەت خوونانی عەرەبی وەك (خلف الأحمر، حماد الراوية) باسی عەرەبی لە خۆیان بە پێشەوەیان بۆ خەلق دەگێڕایەوە بە هەموو چەندوچۆن و گوتە و کردە و بردە و بێنە و بەرەیێکیان دەگێڕایەوە، تەنانەت ئەگەر لە حیکایەتەکەدا پیرەژنێك دوو قسەی لە لێوان هاتبێتە دەرەوە ئەویش دەکەوتە ناو حیکایەتەکەوە و بۆ دواڕۆژ دەبووە سەرچاوەیێکی مێژوو وەیا زمان وەیا ڕێزمان وەیا کۆمەڵایەتی، بەڵام بە داخەوە سەرگوزەشت و بەسەرهاتی کوردەواری بە دەگمەن نەبێ شتێك بە دەستەوە نادات، هەر لە گفتوگۆ تا دەگاتە پۆشاك و خۆراك و هەموو شتێك. تەنیا سەرچاوەیێکی فۆلکلۆری هەبێ درێژەیێکی بەسەرهاتان بڵێتەوە لە ناو کورددا (لاوك) تا ڕادەیێکیش (حەیران) و (بەیت)ە. تەعلیلی ئەم دیاردەیەی خەریکبوونی لاوك و بەیتی فۆلکلۆری کوردیی بە ڕووداو و حیکایەتانەوە شتێکی نهێنی نییە بەڵام ئێرە جێگەی لێدوانی نییە، بەداخەوە ئەوانیش خۆ لە هەموو بەسەرهاتێك ناگەیەنن. بەڕاستیی ساغکردنەوەی چۆنەتیی پەیدابوونی بابەتی فۆلکلۆری و موقارەنەی لەگەڵ بابەتی ئەدەب و هونەردا باسێکی زۆر خۆشە، سەرەڕای خۆشیی پێویستیشە، بەولای پێویستەوە تا بڵێی کارێکی بنجیشە بۆ پێکهێنانی نیگاییێکی گشتیی ڕاست و دروست بەرانبەر تێکڕای تابلۆی کۆمەڵایەتیمان. ڕۆشنبیری کورد تا نەزانێ بۆچی شاعیری سەدەی نۆزدەم و لەویش بە پێشەوەی کورد خەریکی تەجرید و واتاسازی و ئارایشت بووە لە حاڵێکدا (شایەر) و بەیت خوێن و لاوکبێژی کورد لەگەڵ واقیع دواوە، هەر لە تاریکاییەکی خەستدا دەمێنێتەوە لە ئاست گەلێك لە پرسیارەکانی سەر بە ئەدەب و فۆلکلۆر و کۆمەڵایەتی و باری مادی و مەعنەویی کوردەوە کە ئەویش نموونەی میللەتانی ترە لەگەڵ هەندێ جوداوازیی تایبەتی ژیان و دەوروبەری خۆیدا. ئەوJigsaw ەی کۆمەڵایەتیی پچڕپچڕی لێرە بە پێشەوەمان کە بە میرات بۆمان ماوەتەوە ناکرێتە تابلۆیێکی مەفهووم ئەگەر ئەوەی تازە باسم کرد بە چاکی نەزانرێ و زۆر بە ڕوونی نەنیشێتە دڵ و مێشکی ڕۆشنبیرانی کوردەوە. دیاردەی کۆمەڵایەتی وەیا مێژوویی وەیا ئەدەبی وەیا هەر شتێکی تر بێ، لە خۆوە و بێ سەبەب

وەك بڵقی سەر ئاو[1] پەیدا نەبووە، کە سەبەبەکەش نەزانرا کۆمەڵایەتی و مێژوو دەبنە مەتەڵ وەیا ئەوپەڕەکەی بەرەو ڕوونبوونەوە بێت، دەبنە ڕێکەوت و (صدفە)ی کوێر.

کورتەی گوتە لە بارەی توهمەکانی شێخ نەبی دژی حاجی قادر ئەوەیە کەوا هیچ شتێکمان لەو توهمانە پێ نەگەیشتووە، ئەگەر لای کەسێکیش چ باس و خواسی ئەو توهمانە هەبێ من نەمبیستووە. تا بڵێی مەمنوونی ئەو کەسە دەبم شتێکم لەو بابەتەوە پێ بگەیەنێت.

د– لەم حاڵەی تایبەتیی دوشمنایەتیی نێوان شێخ نەبی و حاجی قادردا، ئەگەر چیی ئەوتۆمان لە توهمە و توانجەکانی شێخ نەبی بە دەست کەوتبایە، لەوانەی بە ڕاستی و بێ زیاد و کەم دەماودەم گلێر دەبنەوە، لەوانەبوو پەیامێکی یەکجار گرینکی لێ وەرگرین و لایەنێکی زۆر سەرنجڕاکێش لە ژیانی حاجی قادری پێ ڕوون کەینەوە. ئاخۆ ئەو توانجانە چی وەهایان تێدایە ببێتە شکاتکردن لە حاجی لای دەسەڵاتی میری کە داگیرکەری عوسمانلی بوو؟ بە شێوەیێکی ئاشکراتر، ئاخۆ شێخ نەبی لەو توهمە و توانجانەدا چ ئیخباریيەکی کوردایەتیی حاجی قادری خستووەتە بەر گوێی میری؟ ئایا گوتوویەتی ئەم حاجی قادرە دژی خەلافەتە وەیا ناحەزی دەسەڵاتی عوسمانلییە؟ ئەگەر قسەیێکی وەهامان لەو توهمانەوە وەرگرتبا ڕاستەوخۆ ئیسپاتی ئەوەی دەکرد کە حاجی قادر بەر لە سەفەری بەرەو تورکیا دەستی کردووە بە خەباتی کوردایەتی، ئەوساش دەبوو هەموو نووسەرێك و ڕۆشنبیرێك کە لە بارەی حاجییەوە بنووسێ ئەم ڕاستییە زلە، وەك چرای تاریکەشەو، لە پێش خۆیدا هەڵکات و مەشقی نووسین لەبەر شەوقی ئەودا بکات. بەنیسبەت خودی خۆمەوە دەبوو تەقڵە بە هەموو قەناعەت و بیر و باوەڕەکانم لێ بدەم و سەرەوبنیان بکەم و لە نووکەوە تێ هەڵچمەوە. بەڵام لێرەدا لێم بە سەهوو مەچوو، من ئەو خەسارەتمەندە نەدەبووم کە ڕواڵەتی قسەکەی خۆم ڕای دەگەیەنێ، چونکە ئەگەر خەبەرێکی ئەوتۆ هەبوویایە کەوا لە ڕێی دوشمنایەتیی نێوان شێخ نەبی و حاجی قادرەوە ئیسپاتی خەباتی سیاسی و کوردایەتیی حاجی قادرمان بۆ بکات، لە یەکەم وشەی نووسینمەوە ئەو خەبەرەم بۆ دەبوو بە ڕێنیشاندەر نەك لە دوای نووسینی سەدان لاپەڕەدا بۆم بێتە ئەو شتەی ریس دەکاتەوە بە خوری. بە هەمەحاڵ چ خەبەری ئەوتۆ کە کوردایەتیی حاجی قادر

(١) ئەوەی ڕاستی بێ (بڵقی سەر ئاو)یش بێ سەبەب پەیدا نەبووە بەڵام لە نەزەر خەڵقدا سەبەبەکەی نادیار بووە بۆیە بووەتە ماکی ئەو مەتەڵۆکە.

بگێڕێتەوە بەر لە چوونی بۆ ئەستەمبۆڵ نە لە ڕێی توهمەکانی شێخ نەبی و نە لە چ ڕێیەکی ترەوە بە کەس گەیشتووە نە بە کەسیش دەگات و نە وجوودیشی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر هیچ خەبەرێك و سەروسۆراغێکی قسە دوشمنانەکانی شێخ نەبی بە ئێمە گەیشتبا دیسانەوە بەنیسبەت بوون و نەبوونی گیانی کوردایەتی لای حاجی قادر لەو سەردەمەدا سوودێکی باشمان لێ وەردەگرت هەرچەند لەو توهمانەشدا چ دەلالەتێکی (کوردایەتی) پەیدا نەبوویایە چونکە لەو حاڵەدا بۆمان دەردەکەوت کە یەکێکی تریش لەو سەرچاوانەی لێی چاوەڕوان دەکرێ باسێکی کوردایەتیی ئەوسای حاجی قادرمان بۆ بگێڕێتەوە، با لە قاڵبی سەلبی و دوشمنایەتیشدا بێ، ئا ئەو سەرچاوەیەش لە بەڵگەی سەلبی و ڕاگەیاندنی نەبوون بەولاوە چیی ترمان پێ ناڵێت، لەمەشدا جارێکی تر ئەو قەناعەتەمان پتەوتر دەبوو بەوە کە حاجی دوای چوونی بۆ ئەستەمبۆڵ دەستی کردووە بە کوردایەتی و خەباتی سیاسی، من دەزانم نەبوونی چ قسەوقسەڵۆکێك لە شێخ نەبییەوە دژی حاجی قادر ئەرکی سەرشانی من قورستر ناکات لە بەرانبەر ئەو کەسانەی دەیانەوێ بێ بنج و بەڵگە خەباتی کوردایەتی بۆ حاجی قادر بخوڵقێنن بەرلەوەی بە ڕاستی خولقابێ، چونکە لەم هەڵوەستەمدا کە من لایەنی (سلبی)م گرتووە و دەڵێم لەو قۆناغە ناوەندییەی تەمەندا حاجی قادر کوردایەتیی نەکردووە، نەبوونی قسە و خەبەر و حیکایەت لە هێزی هەڵوەستە سەلبییەکەم زیاد دەکات و باری سەرشانی هەڵوەستی داواکار و ئیجابی قورستر دەکات. ئەمە دەزانم بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر لە شێخ نەبییەوە چەند قسە و قسەڵۆکێکمان پێ گەیشتبایە دژی حاجی، ئەوسا بە هۆی نەبوونی کوردایەتی لەو شتانەدا، تارمایی ئەوەندە بەهانەش نەدەما کە مام نەسەلمێنێك بێت و بڵێت (چ فایدە، قسەکانی شێخ نەبیمان پێ نەگەیشت.. ئەگەر پێمان گەیشتبایە مەعلووم دەبوو چەند ئیخباریەیان تێدایە بۆ لای دەسەڵاتی میریی عوسمانلی دژی کوردایەتیی حاجی قادر...). کە ئەمە دەڵێم لەوەش با خەبەرم من لە خۆمەوە ئەو تەرزە قسە و بەهانانە بە بیری جوامێرە نەسەلمێنەکاندا دەهێنم و لەجیاتی ئەوان دەیکەمە جێگەی لێکدانەوە و نرخ پێدان، چونکە بێگومان ئەگەر ئەوان هێندە لە حاجی قادر ورد بووبانەوە کە ئەم تەرزە لێکدانەوانەی لە بارەوە بکەن، بەزوویی دەگەیشتنە ئەو قەناعەتە کە حاجی پاش ڕۆیشتنی لە کۆیێ دەستی کردووە بە کوردایەتی. کشانی بیری تۆژەرەوە و لێکۆڵەرەوە بۆ ئەم تەرزە لێکدانەوانە کاری

سەرپێیی نییە، بەرهەمی پەلەکردن و سەرچڵیش نییە. تا مرۆڤ دەتوانێ بۆ ڕەگ و بنجی مێژوو قووڵ ببێتەوە دەبێ مێشك و هەستی خۆی وەك ئاو لە ناو ئەو ڕەگ و بنجەدا بگێڕێت و پێیاندا بچێتە خوارێ... دەبێ لە ئاست مێژوودا ئەوە بکات کە (عمر خیام) لە ئاست مەیل و ئارەزووی دڵی خۆیدا لەم چوارینەیە کردووەتی:

امشب می جام یك منی خواهم کرد
خودرا بدو جام می غنی خواهم کرد
أول سه طلاق عقل و دین خواهم گفت
پس دختر رزرا بزنی خواهم کرد

هەر ئەو فەرقە هەیە لە نێواندا کە دەست لە ملی مێژوو کردن ڕێبازێکی تری هەیە بەڵام لەوێشدا هەمان خۆ تەرخانکردن و جیهان لە بیرە خۆ بردنەوە پێویستە.

لەوانەیە خوێنەر بە دەنگێکی نەرم پرسیارێکم لێ بکات و بڵێت تۆ کە هیچت بەدەستەوە نییە لە توهمە و توانجەکانی شێخ نەبی دژی حاجی قادر، ئیتر بۆچی وەها بە درێژی خەریکی وشکەمەلە لە حەوزی بێ ئاودا دەکەی و دەغڵی بەری دەستت دەدرووێتەوە؟ ئەم هەموو گەشتە دوورودرێژە لە ناو جیهانی نەبووی و نەزاوی خەبەری لە کەس نەبیستراودا چ سوودێکی هەیە و لە کوێوە ئامۆژگاریمان بۆ دێنێ کەلێنی ئەو هەموو ماندووبوونە و چاو ئێشانە و سەر ئەستوور بوونە و کاغەز و چاپەمەنی بە خەساربردنەمان بۆ پڕ بکاتەوە.

لە وەڵامی پرسسیاری وەها ڕەخنەگرانەدا دەڵێم ئەگەر مزەی ئامۆژگاری شتێکی مادیی بەرهەست و بەردەست بێ، بایی فلسێك مزەم لێ وەرناگریت و یەك تۆز ئارد لە بەرداشی لێکۆڵینەمەوە ناکەوێتە کاسە و کەوڵتەوە چونکە ئاشکرایە تا ئێستا لە لای من چ خەبەر و ئەسەرێکی گوتەکانی شێخ نەبی پەیدا نابێ، بە تەماش نیم لە هیچ لایێکەوە پەیدا بێت هەر لە ئێستاکە و تا کۆتاییی ڕۆژگار. من ئەمە دەڵێم تاکو لە هەڵوەستی دەست بە هیچ ڕانەگەیشتنەوە، یاخود بە گوتەیێکی کوردانە، لەسەر ساجی عەلییەوە وەڵامت بدەمەوە، دەنا ڕێی تێ دەچێ ڕۆژەك لە ڕۆژان و جێیەك لە جێیان و مرۆڤێك لە مرۆڤان خەبەرێکی توهمە و توانجەکانی شێخ نەبیمان پێ ڕابگەیەنێ یاخود ئەگەر ئێمەش بەسەرچووین چینی دوا خۆمان خەبەرەکەیان پێ بگات ئەوساش مزەی مادی لەبەر کێش و تەرازووی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پڕی کاسە و کەوڵت

دەبێ لەو ڕووەوە کەوا بێ ماندووبوون و ئەرك کێشان دەزانیت دەلالەتی ڕاستەقینەی ئەو خەبەرە چییە و چ لایەنێکی باری شەخسییەت و نەفسیەت و بیر و باوەڕی حاجی قادر ڕوون دەکاتەوە و بەرەو کام چەشن و شێوە و چەند و چۆنی دەبات و چ (هۆیە)یێکی پێ دەدات... ئەوسا مەودای بەسەردا تێپەڕیین و لێ بە سەهووچوونیشت کورت دەبێتەوە یاخود ئیحتیمالی بەسەهووچوونەکە هەر بە جارێ نامێنێ چونکە تۆ لە پێشەوە لە ڕێی لێکدانەوەکانی ئێرەوە ئالەتی کێشانە و پێوانەت بۆ ئامادەکراوە، هەر ئەوەندەت پێ دەوێ بەسەر ئەو بابەتەدا بکەوی کە کێشانە و پێوانەکەی لێ بەکار بێنیت... بەڵێ من نامەوێ لە پەنا ئیحتیمالێکی وەهادا کە دەستم تێیدا پڕە و بەتاڵ نییە وەڵامت بدەمەوە و نووسینەکەم بخەمە بەر نیگای ڕەخنەتەوە بۆ پەسەندکردن و ئێسك سووك بوونی.

من دەمەوێ نووسینەکەم (بە دەستی بەتاڵەوە) هەڵسەنگێنم لە تای تەرازووی ڕەخنەی ڕۆشنبیری و زانست و ژیاری نوێدا.

چارمان ناچارە، ئەی خوێنەری کورد، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕابردووی تاریکمان بست بەبستی (کات و جێگە– زمان و مکان)ی ئەو ڕابردووە ناوکێڵ بکەینەوە و پێ بەپێ لەو ناوکێڵکردنەدا قووڵتر ببینەوە بەڵکو لە ئەنجامی لێدانەوەی ورد و قووڵەوە بتوانین لە خۆمان بگەین و دەماری بەسترانەوەی ئێستاکەمان بە ڕابردوومانەوە لە ژێر تەبەق ئەندەر تەبەقی فەرامۆشی و لەناوچوون و سڕگوم بوون و لە ناوبردن و داپۆشین و یاساغکردنەوە دەرکێشینەوە بۆ بەر تیشکی زانین و هەست. تۆ ئەگەر لە خۆت و نیشتمانەکەت و میللەتەکەت و ئێستاکەت و ڕابردووەکەت و دواڕۆژەکەت بە سەهوو نەچووبیت، وەك نوێژ و ڕۆژووی مرۆڤی دیندار لەسەرتە، ڕاپەڕیت و قوماشی (خاك و مێژوو)ت بە نووکی خامە ئەنجن ئەنجن بکەیت و هەڵی وەشێنیتەوە و تەقەڵەکانی لە بەر یەکتر بەریت و بچیتە ناو ڕایەڵە و تان پۆیەوە تا تێیان دەگەیت و وەك خۆراکی هەزمکراو دەیانکەیت بە بەشێکی بنجی لە سەقافەتت. بەڕاستی و بێ هووشەکاری و موبالەغە، مرۆڤ– کە تۆیت– هەستی ڕاست و تەواو بە بوونی خۆی ناکات ئەگەر نەزانێ چ جۆرە هەناوێك و منداڵدانێك زات و گیان و لەش و هۆش و هەست و نەستی گووراندووە. مرۆڤی لە خۆنەگەیشتوو و لە مێژوو بەسەهووچوو ڕەگ لە میللەت و مەفتەنی خۆی داناکوتێت و پێوەندی پێیانەوە ئەوە نابێ کە لەبەر دەمی تیغی بڕندەی ڕۆژگاردا خۆی ڕاگرێت. مرۆڤی بێ ڕەگی پێوەندیی بە ڕابردووی دێرینەی

میللەتەکەیەوە دەبێتە مێوانی وەخت و سەعات، هەر تێی ڕاخوڕن وەك مێوانی ئۆتێل نشیمەنەکەی چۆڵ دەکات.

نەختێکی تریش تینی بۆ بێنن پێستی نژادەکەشی لە خۆی دادەماڵێ وەك جلوبەرگی خوازرایەوە، چ هەستێکیش ناکات بە کەم و کەسری، گورجیش پەندەکەی (ئێرە نا دێرە) لە قەناعەتیدا دەجریوێنێ.

خۆنەناسینی ئەوتۆیی مرۆڤ دەکا بەو کۆزمۆلیتەی کە دەربەستی ئێرە و دێرە و کوردبوون و کورد نەبوون نابێ، جوداوازیش لە نێوان ئەو مرۆڤە و کۆزمۆپۆلیتەکە هەر ئەوەندەیە کابرای کۆزمۆپۆلیت لە ڕێی فەلسەفەیێکەوە ڕەگی بە (میللەت و نیشتمان)ەوە پچڕیوە و خۆی بە جێگرێکی ئەوانەوە لکاندووە کەچی مرۆڤی لە خۆبەسەهووچوو و خۆنەناس ڕەگی پێوەندیی لە بنەڕەتەوە پچڕاوە، بەڵکو ڕەگەکەی پەیدا نەبووە تا بپچڕێت. دەرکێشانی ئەو جۆرە مرۆڤە لەبیخ و بنجی مێژووی میللەتەکەی کارێکی ئەوەندە ئاسانە وەك ئەوەیە مووی بێ بنج و بیخ لە ماستی نەمەییو دەرکێشیت. هەر بۆیەیشە ئەو کەسانەی خۆیان بە بیر و باوەڕێکی جوداواز لە بیروباوەڕی قەومیی ڕاستەقینەوە دەلکێنن دەتوانن بە ئاسانی لە هەڵوەستی دژی بەرژەوەندیی میللەتەکەیان بوەستن و شانازیش بەو هەڵوەستەوە بکەن.

ئەوان کەسانە ڕەگ و ڕیشەی پێوەندییان بە باوك و باپیر و بابەلباپیر پەیدا نەبووە تاکو هەست بە ئێش و ئازار بکەن لەو هەڵوەستانەدا کە پێوەندییان بە ڕابردووەوە نییە یاخود پێوەندیی بە ڕابردووەوە هەڵدەبڕنەوە، وەك ئەو (ابورغال)ەی کە ڕێنماییی لەشکرەکەی (ئەبرەهە)ی دەکرد بۆ سەر کەعبە بە نیازی تێکدانی، بەمەشدا بووە نموونەی مەلعوونی لە مێژووی عەرەبدا. بێگومان هەموو ئەو خۆفرۆشانەی ئێستاکە ڕخنە و کەلێن دەدۆزنەوە بۆ دوشمنی عەرەب لە فەڵەستیندا هەموویان (ابورغال)ی سەردەمی ئاتۆمن، بۆیەیشە عەرەبە خەباتکەرەکان فەرقی ئەوان ناکەن لە ئیسرائیل، بگرە گوناهی ئەوان بە گەورەتر دەزانن، حەقیشیانە.

ئەو تەرزە کەسانە، چ عەرەب چ کورد چ غەیری عەرەب و کورد، هەستێکی حەسانەوەش دەکەن لەو هەڵوەستانەدا کە پێوەندییان بە ڕابردووی میللەتەکەیانەوە دەبڕێتەوە لەو ڕووەوە کە پچڕانەوە لە ڕابردوو دەبێتە بەڵگەیێکی ڕاستبوونی ئەو بیروباوەڕەیان کە پەکی لەسەر پێوەندیی بە ڕابردووەوە نەکەوتووە. زمانی حاڵی ئەو

کەسانە لە هەڵوەستی وەهادا هاوار دەکات و دەڵێت: هۆی خەڵقینە تەماشاکەن چەند ئاسانە خۆدزینەوە لە ڕابردووی ڕووت و ڕەجاڵ... تەماشاکەن ئەو کورد و کوردستانە وەیا ئەو عەرەب و عەرەبستانە و تورك و تورکستانەی کە لێیان کردبووین بە بوت و سەنەم و وەك تۆقی عەزرایل خستبوویانە ئەستۆمانەوە چەند درۆزن و شل و شەکەت بوو، کە لە ئەستۆی خۆشمان دارنی چ ئەرکێکی ئێسك قورسی بەدفەڕمان لە خۆمان دوورخستەوە... وەرن خزمینە سووك هەڵپەڕن لەو مەزرایە بەرین و بەر بەرەڵلایەی ڕەهابوون لە کۆت و زنجیر و بەند و باوی دێرینەی مەفتەن و باب و باپیر و داب و دەستوور و نەریت و ئەفسانە و قسەی پووچ... بێگومان حاجی قادری شێت و شەیدای کورد و کوردستان و هەستکردوو بە هەڕەشەی ڕۆژگار لە میللەتی کورد، بە دیتنی لە کوردایەتی دەرچوونی چەندین کوردی سەردەمی خۆی ئاگر بەربووەتە دڵ و شعوریەوە بەڕادەیێك جڵەوی شەرم و شکۆی لە دەستان دەرهێناوە و بێ ئیختیار زیرەی لە هەناوی هەڵستاوە و بورکانی غەزەبی بە سەر ئەو زۆڵە کوردانەدا تەقیوەتەوە و نرکەی لەعنەتی بە دەنگ هاتووە و گوتووەتی:

ئەگەر کوردێ قسەی بابی نەزانی

موحەققەق.....

بەڵێ، لەم بەیتەدا هەر چەندێك وشەی سووك بەکار هاتبێ، کە خۆم هەرگیز لە بەکارهێنانیان دڵئارام نابم، بۆ شتێکی دە ئەوەندەی خۆی سووك بەکارهاتووە، ئەویش لە کوردایەتیی دەرچوونە. حاجی بە چاوی خۆی دیتووەتی هەر بابایە و لە کوردستان دوور دەکەوێتەوە و بۆ دەوڵەتپارێزیی خۆی[1] دەچێتە ناو کڵێشە و پێستی ئەو میللەتەی کە بنجی نوێی تێدا دادەکوتێت و واز لە نژاد و زمانەکەی دێنێت و دروشمی (ئێرە نا دێرە) هەڵدەگرێت وەك ئەوەی کە ڕۆژەك لە ڕۆژان لە هەوای کوردستانی هەڵنەمشتبێ وەیا لە ئاوی نەخواردبێتەوە وەیا فرچکی بە داب و دەستوور و نەریتی نەگرتبێ، لە حاڵێکدا کوردستان موحتاجی هەموو ڕۆڵەکانی دوور و نێزیکی بووە، لەگەڵ مێردەزمەی مێژووی چەندین هەزار ساڵەی ماف خوراوی و ڕۆڵە کوژراوی و قیمەکران و چەسپێنراوەیی چەنگەوباز بووە و بە قەدەر خوێنی ڕژاوی

(١) ئەمەش یەکێکە لە ئەنجامی ئەو دیاردەیەی کە لە بەرەودوای بەرگی یەکەمی (حاجی قادری کۆیی) ناوم نا (نزیف اقتصادی).

ڕابردووی، لەویش پتر، چاوەڕوانیی خوێنڕژانی سامناکی دواڕۆژی خۆی دەکات، حاجی قادر لەو سەردەمەدا ئەمەی دیتووە و تێی گەیشتووە و لە ئەنجامەکەی تۆقیوە و بەرانبەری وەستاوە نەك لەبەر خاتری خۆی، کە لە هەموو حیسابێکی خاترانە ترازابوو، نەك لەبەرخاتری وەچە و نەوەی خۆیشی کە دەزانین وەك (أبو العلاء المعری) ئەم بەیتەی، لە مەعنادا، کردبووە دروشمی سەر کێلە قەبرەکەی ڕۆژی مردنی:

هذا جناه أبي عليّ وما جنيت على احد

حاجی قورپێوانەکە و خۆپساندنەکە و جنێودانەکەی بۆ خاتری باب و باپیرانمان و بۆ خاتری ئێمە و وەچە و نەوەی ئێمە بوو کەوا کەمتەرخەمی و بێ دەماری و بێ هەستیی قەومایەتی لەوسا و دواڕۆژدا دەیکردین بە مەڕی بێ شوان و بێستانی بێ پەرژین و ئاوی بێ جۆگەلە و پاوانی بێ سنوور، دەخوراین و بڵاو دەبووینەوە و دەبڕاینەوە. موژدەش لەو کەسانە بێ کە دەرچوون لە تۆق و کۆتی قەومایەتی بە ڕەهابوون لە زنجیری دواکەوتن دادەنێین، موژدەی چارەڕەشیی خۆیان و ئەولادیان لێ بێت بەوەدا کە بڕیاری مێژووی کۆن و نوێ لەعنەتی بێ دەسەڵاتیی کردووە بە تەمغەی نۆکەرایەتیی میللەتی بێ دەسەڵات، تەمغەکەش چوونەوە و سوانەوەی بۆ نییە لە ڕێی ئینکارکردنی نژاد و دەماری قەومایەتییەوە. ئەو گومڕایانەی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم نەشیدی (ئێمە کوردین نەتەوەی کوردین)یان دەگۆڕی بە (ئێمە گورگین نەتەوەی گورگین) وەیا دروشمی (مەعاریفی کوردستان) یان دەکردە (مەعاریفی قلیاسان) هەر ئەوەندەیان لە دەست هات گاڵتەیێك بە خۆیان بکەن لە ڕێی سووککردنی کوردایەتییەوە چونکە هەرگیز گاڵتە بە خۆکردنەکە بۆیان نەبووە پاکانە نە بۆ خۆیان نە بۆ کوردیش. ناوە شڕە دژەکەی (کورد) کە ئەوان لێی وەتەنگ دەهاتن لەو گاڵتە بە خۆکردنەشدا لێی دیار دەدان و دەهاتەوە ناو حیسابیانەوە، خۆشیان بەسەر بچن لە ئەولادیان دیار دەداتەوە.

من لێرەدا نامەوێ لە کوردایەتی دەرچوون بە عەیبێکی سەلمێنراوی بێ دەمەتەقە حیساب بکەم و بەمەشدا بیروباوەڕی خۆم لە ڕێگەیێکی ئاسانەوە نزیك خەمەوە بۆ بەر قەناعەتی خوێنەری کورد، خۆ ئەگەر ئەمەشم کردبا دیارترین مافی کورد و گەورەترین بەڵگەی پرسیارانم دەکردە پاڵپشتی خۆم و قسەکانم... نەخێر من ئەم تیغە بڕندەیە لە کاڵانی بەڵگان دەرناکێشم تاکو قسە و دەمەتەقەی پێ ببڕمەوە وەك کە

(نالی) لە زمانی خۆی رادیتوە و دەڵێ:

ڕاستیی صەیقەلییە تیغی زمانی نالی
نەرم و توند ئاوی گەرووگیرە قسەی پێ دەبڕێ[1]

من بە تیغە کولەکەی ئەنجامەکانی (لە کوردایەتی دەرچوون) زمانی ئەو کەسە دەبڕمەوە کە لە قەومایەتی دەرچووە و بەتەمایە خۆپاراستن و زەرەر گێڕانەوە بکاتە شەفاعەتکاری لێ دەرچوونەکە و پەندی (ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە) هەڵکات بە سایەبان و لە ژێر سێبەریدا بحەسێتەوە. من بەو تەرزە کەسە دەڵێم: بەرگی نوێت لێ موبارەك نابێ، ڕەنگ گۆڕینت چ چاوێکی لێ بە سەهوو نەبردوویت و لە چ قۆرتانی دەرنەهێناویت. تۆ هەر ئەو کوڕەیت کە پێستی کوردانەت لەبەر بوو، بە پێست دارنین و لە قەپێلك دەرچوونت نەبووی بە شتێکی تر. ئەگەر لایەنێك هەبێ بە (کورد)ت قبووڵ نەکا بە (نیمچە کورد)یشت هەر قبووڵ ناکات. کە ئیمکان نەبێ لە ڕێگەیێکی ڕاست و شەرافەتکارانەی برایەتی و بەیەکەوە ژیانی میللەتانەوە قبووڵت بکا بە خۆت و کوردایەتی و مرۆڤایەتییەوە هەرگیز ناشێ دەستی برایەتی لە ناو دەستە چڵکنەکەی ئینکاری نژادی خۆکردنت بنێت و بە برات قبووڵ بکات. یەکێك ڕازی بێ برای خۆ گۆڕێت بێ دەبوو پێشتر ڕازیتر بێ بە برایەتیی دڵسۆزی و شەرەفت. یەکێك بە شەرەفەوە ڕەفز بکرێت، لە بارێکی پێچەوانەدا بە نۆکەریش وەرناگیرێت... کەس فلسێکی پێ نادات چونکە دیارە فلسێك ناهێنێت. ئەو کەسەی نژادی خۆی ئینکار دەکات بە چ چاوێکی سووکایەتییەوە سەیری خۆی دەکات خەڵقی تر دە ئەوەندە بە سووکی دەزانێت. مەلای گەورە لە هەڵبەستێکیدا دەڵێ:

کەسێ قەدری لە لای خزمان نەمێنێ
لە لای بێگانە قەدری چی دەمێنێ

ئەو کەسە خۆی وەیا میللەتی کورد چ نرخێك دادەنێن بۆ یۆنانێکی نژاد ئینکارکردوو، میللەتێکی تریش هەر ئەو نرخە بە کوردێکی ئەوتۆیی ڕەوا دەبینێت،

---

(١) ئەم بەیتە بە زۆر جۆر نووسراوەتەوە، وا دەزانم ڕاست و دروستەکەی ئەوەیە لە بەیازێکی حەفتا ساڵەدا کە لە کتێبخانەی کۆڕدا وێنەی وەرگیراوە، نووسراوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

ڕاستیی جەوهەریە تیغی زوبانی نالی
نەرم و توند ئاوی گەلووگیرە قصەی پێ دەپەڕێ

هێنده هەیە ئەو بۆرە دەمارەی ڕەحم و سۆزی خزمایەتی کە بەزەییی کوردێك بۆ ئەو کوردە دەبزێوێ و ناچاری و بێ دەسەڵاتییی بۆ دەکاتە عوزر و بەهانەی خۆ گۆڕی، ئەو دەمارە لای بێگانە پەیدانابێ و بە مەخلووقێکی خۆگۆڕی بێ باری بێ نرخی ڕاست و ڕەوانی دادەنێت چونکە دەماری خزمایەتی و خوێن و ئاشنایەتییی تێدا بە خەبەر نایەت تاکو یەك دوو پلەی بەرەو ڕێکاری شەرافەت و ڕێزەوە هەڵستێنێتەوە.

وا دێتە بەرچاوی (تصور)مەوە، حاجی قادر هەموو ئەو لێکدانەوانەی بە دڵ و دەروونی خۆیدا تێ پەڕاندبێ بەر لەوەی هاتبێتە سەر شکاندنەوە و ڕیسواکردنی کوردی بێ هەستی غیرەتی کوردایەتی، ئەم خەیاڵانەشی نەکردبێ شتی وەك ئەوانی بە بەرچاوی خۆیەوە گرتووە لەوانەی کە گوتوونی. خورتی و سەرکەشی و بەخۆنازین و بڕوا بەخۆکردنیش تێکڕایان ڕێی قسەی بێ باك و (ئەوپەڕ)ی لەبەر زمان و خامەی حاجیدا تەخت کردووە چ لە مەیدانی شکاندنەوەی نیمچە کوردان بێ چ لەو مەیدانانەی تر بێ کە فکری خۆی پێدا تێ پەڕاندوون. من و تۆش لەم ڕۆژگارەی دەرکەوتن و چوونەپێشەوەی میللەتاندا هەتا قووڵ ببینەوە لە کوردایەتیماندا، پتر لە پەندی حاجی بە تێگەیشتوو دەردەچین باشتریش ئامۆژگاریی ئەومان پێوە دیار دەبێت. ئەم هەلە یەکجار پەسند و لەبارەی دانهێنانی حکوومەتی شۆڕشی (بەعث) بە مافی نەتەوایەتیمان کە تێ هەڵکشانێکی شۆڕشگێڕانەیە لە (بەعث) و لە کوردیشەوە، لە بەیانەکەی (لامەرکەزی) ساڵی (١٩٦٣)وە تا بەیاننامەکەی حوکمی زاتی (١١)ی ئازاری (١٩٧٠) دەرفەتێکە لە تەنگژەی ڕابردووەوە پێیدا دێینە ناو گۆڕەپانێکی فکر و تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی کوردایەتیی پوختەی بێ ترس و لەرزەوە کە وا ڕاستەوخۆ دەبێتە زادێکی مەعنەویی بێ پایانی میللەتی کورد بە تایبەتی و میللەتی عیراقیش بە تێکڕایی چونکە شتێکی ئاشکرایە، تا بازوومان بەهێزتر و مێشکمان ڕۆشنتربێ پتر بە کەڵکی خۆمان و عیراقیش دێین. ئەوەندەی چاویش بەم جیهانەدا دەگێڕم لە غەیری ئەم ڕۆشنەی مافی نەتەوایەتیمان کە مەشخەڵێکی بەیاننامەی ئازارە چ ڕووناکاییەکی ترم نایەتە بەرچاو شوێنپێی هەنگاوەکانمان بۆ ئاشکراتر بکات.

لەبەر شەوقی ئەو هەڵکەوت و تێبینی و ڕاستییانەدایە ئەم نووسینە دەیەوێ، ئەگەر بۆی بلوێ، وەك (باکتیریا) بابەتەکەی پێوە خەریکبوونی شل کاتەوە و (تفاعل)ی لەگەڵدا بکات. سەرەتاتکە و تێوەڕامانی بەردەوامم لە دوشمنایەتییەکەی حاجی قادر

و شێخ نەبیش هەمان نیازی تێگەڕان لە دەمار و ڕەگی ئەو ڕۆژگارەی کۆیێ و ئەو قۆناغەی ژیانی حاجی پێمی دەکات، وەك ئاو کە لە ڕەگ و دەمار و پەلك و لکی درەخت دەگەڕێت و خۆراکی بۆ دەبات لەگەڵیشیدا تێکەڵ دەبێت.

بەدوا ئەو وردبوونەوە و لەگەڵدا تێکەڵبوون و بە دەوردا گەڕانەی کردمان، زۆر بە داخەوە، دەست بە تاڵ ماینەوە لە هەرچی توانج و توهمە و ناوو ناتۆرەیێك هەیە کە شێخ نەبی لە حاجی گرتبێ چونکە هیچمان لەو بابەتەوە پێ نەگەیشتووە. سەیر ئەوەیە جارێکی تریش دەست بەتاڵ دەبینەوە لە هەوڵی دەلالەت وەرگرتن لەو هەڵبەستانەی کە حاجی قادر ڕاماڵی شێخ نەبیی کردووە چونکە ئەوانیش قاڵبی لەسەر خۆکردنەوەیان نییە تاکو لەوەوە تێ بگەین حاجی چ جۆرە توهمەییێکی لە خۆی تەکاندووەتەوە.

دیتمان (ابن سینا) توهمەی کافربوونی خۆی بە درۆ دەخستەوە، بەرەوژوورتریش هەڵکشاین ئایەتەکانی قورئانمان دیت ئەو کەسەی ڕیسوا دەکرد کە گوتبووی قورئان کاری سیحرە، لە شوێنی تردا توهمەی (شێتبوون) تاوانبار دەکات. سەد حەیف و مخابن، حاجی قادر لە هیچ شیعرێکیدا کە ڕووەوڕووی شێخ نەبی دەبێ لەسەر خۆی ناکاتەوە و توانجان بە درۆ ناخاتەوە، بە پێچەوانە هەموو قسەکانی حاجی بێ پەردە و کینایەتن لەوانەی ئەوپەڕی ڕیسواکردنیان گرتبێتەبەر.

من لێرەدا نامەوێ هانا ببەمە بەر ئەو هەڵبەستانەی کە بە تێکڕایی شەعبەدە تاوانبار دەکات و لە ناو ئەواندا دەلالەتی تایبەتی بدۆزمەوە کە مەبەس شەخسی شێخ نەبی بێت، هەرچەند دەزانم لە نێوان ئەو هەڵبەستانەدا تاکە بەیتی وەها هەیە دروشمی نیازی تایبەتی و شەخسیی تەنیای تێدا دەدیترێ بەڵام بە ڕاستی ئەو تەرزە لێکدانەوە یەکجار وردە دەبێ لە شێوەیێکی سەربەخۆدا بکرێت نەك لە زیمنی لێکۆڵینەوەی گشتیدا، دووریش نابینم هەر خۆم لەبەرەودوای سەرلەبەری ئەم نووسینەدا لێکۆڵینەوەیێکی تایبەتی و سەربەخۆی ئەم لایەنە بکەم و هێماییێکی توهمەکانی شێخ نەبی دژی حاجی لە پشت پەردە و بن سێبەری هەندێك لەو هەڵبەستانەدا بدۆزمەوە و تا ڕادەیێك شکڵ و شێوەیێکی تەپ و تۆزی ڕەخنان بە دەوری حاجی قادرەوە لەو ڕۆژگارەدا بێنمە ناو تابلۆی بەسەرهاتی حاجی.

لەم بارەی ئێستاکەمدا قسەم لەگەڵ ئەو هەڵبەستانەیە کە ڕاستەوخۆ لە شێخ نەبی گیراون کە هەر ئەوانیش بوون پێوانەی مەودای قۆناغی ناوەندیی ژیانی حاجیمان

پێ کرد.

لەسەرخۆ نەکردنەوەی حاجی لەو هەڵبەستانەدا خەیاڵی سەرنجگر بۆ ئەوە دەبا کە وا حاجی خۆی و شێخ نەبی لە بارێکی وەها ئاشکرا و مەفهوومدا دیتووە چ پێویستی بەوە نەبووە بایەخێك بە قسەکانی شێخ نەبی بدا و ئەرکی بە درۆخستنەوەی توهمەکانی هەڵبگرێ؛ وەك بڵێی بە لای حاجییەوە ئەو توهمانە لە خۆیانەوە بە درۆ خراونەتەوە. تۆ سەرنجێك بدە ئەم بەیتە:

شێخ دەڵێ باری ریا شانم جدەو ناکا ئەگەر
کێوی کارۆخ بێ گوتم سەد (بارك الله) کەر نەبی

سەیری چەند بێ پەروا، بە وشەی صریح و تەورییە، کەرایەتیی شێخ ڕادەگەیەنێ و یەك ئینجی لەم مەقامە هەڵنائەنگێوێ. لە هێزی شیعرەکە و باوەڕکردنی حاجی بە خۆیەوە وا دەردەکەوێت کە وەپاڵدانی (کەرایەتی) بۆ شێخ وەك وەپاڵدانی (کەرایەتی بۆ کەر) بێ بەلای حاجی قادرەوە، تەنانەت کە هاتووە لە نێوان شاخاندا شاخەکەی (کارۆخ)ی کردووە بە هاوسەنگ (باری ریا)ی شێخ نەبی، لەبەرئەوە بووە کە ناوی شاخەکە بە بێژەی (کا) دەست پێ دەکات و کاش خواردنی کەرە، ئەگەر ئەمەی مەبەست نەبوویایە ناوی شاخی مەشوورتری دەهێنا کە کێشی بەیتەکەشی پێ لەنگ نەبێ وەك (بێستوون، ئەلوەند، قەندیل، هەڵگورد...) و چەندین کێوی تریش. دیسانەوە لە وشەی (بارك الله)دا بە نەختێك زار پەلکردنەوە (بارەکا...ڵڵا) پەیدا دەبێت کە ئەویش (بارەکا)ی تێدایە دەشزانین لە بەیتەکەدا گورج (کەرنەبی)ی بە دوادا دێت.

پوختەی گوتە لە دەلالەتی هەڵبەستەکانی حاجی دژی شێخ نەبی و پەیدانەبوونی هیچ توهمە و لچك و لێوبادانێکی شێخ نەبی دژی حاجی لەبەر دەستماندا ئەوەیە کە وا بەداخەوە سەرچاوەیێکی موحتەمەلی لێکۆڵینەوە و واتا لێ وەرگرتن بۆ ئاشکراکردنی باری مادی و گیانی و نەفسی و کۆمەڵایەتیی حاجی وشکێن و برینگێنە کە هیچ دڵۆپە ئاوێکی تێدا نەبێ. سەرچاوەکەش شتێکی لاوەکی و کەم بایەخ نییە کە پەرۆشی وشکبوونی هەڵنەگرین، چونکە وەك گوتم قۆناغێکی ناوەندیی سەرلەبەری ژیانی حاجی لەگەڵ ئەو سەرچاوەیەدا ناوی دێت و تێکەڵ بە یەکترن، دواتریش لە هەندێك شیعرەکانی حاجی دەنگ دەداتەوە.

نەك هەر ئەوەندە و بەس:

دەتوانم دان بەوە دابنێم کە دوشمنایەتیی حاجی لەگەڵ شەعبەدەی شێخی عەوام خەڵەتێن بە هۆی ئەم ناکۆکییە سەختە کاریگەرەی نێوان حاجی و شێخ نەبی هێندە بەهێز و بنج داکوتاو بووە لە دڵ و دەروونی حاجیدا. تەجرەبەی شەخسیی حاجی لە لایێکەوە، کارە نارەواکانی شێخی ماویلی لە لایێکی ترەوە بوون بەو (ئەستێ و قاوت)ەی کە بڵێسەی دوشمنایەتی و نەیاریی لە هەست و نەستی حاجیدا هەڵایساند بەرانبەر بە شێخایەتیی درۆزن. قووڵاییی ئەو دوشمنایەتییە، وێڕای مەشرەبی حاجی دژی تەڵەکەبازی، هۆی بەردەوامبوونی هەڵوەستی بێ هودنە و هێوربوونەوەی حاجی بوو لە ئاست فێڵ و فڕی شێخ و صۆفیی درۆزندا. بە وردی و قووڵی سەیرێکی دیوانەکەی بکەیت ئەم ڕاستییەت بۆ دیار دەکەوێ، حاجی قادر ڕۆژ بە ڕۆژ پتر مەودای دەبڕی و لەسەر کارەکەی خۆی سوورتر دەبوو تاکو دەبینین لە ئەنجامدا، ئابڕووبردن و ڕیسواکردنی بەکارهێنانی دین بۆ مەبەستی دونیا لە لایەن شێخ و سەیدی دونیا پەرستەوە دەبێتە یەکێك لەو ناوەڕۆکانەی کە تابلۆی کوردایەتیی حاجی قادر پڕ دەکەنەوە، واتە دژایەتیی تەڵەکەبازیی شێخ و سەیدی ماڵ پەرست دەبێتە پێکهێنەرێکی بنجی لە گیانی کوردایەتی لای حاجی.

ئەم ڕاستییە دیاردەیێکی گەورەیە لە بەشێکی گرینگی دیوانەکەی حاجی قادردا: ئەم قەصیدەیەش باشترین نموونەیێکە لەم زەمینەیەدا بە شایەدی بگرین:

حاکم و میرەکانی کوردستان
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
یەك بە یەك حافیظی شەریعەت بوون
سەیید و شێخی قەوم و میللەت بوون
سەیید و شێخەکان لە ترسی ئەوان
مونزەوی بوون و ذاکری رەحمان
ئەو کە فۆتان ریای ئەمان دەرکەوت
سەیری چۆن بوونە پووش و ئاگر و نەوت
یەکی لەم لاوە ڕوو دەکاتە عەجەم
دووشی لەولاوە بوونە دوشمنی هەم
دوو هەزار ژن فەساد کرا لەم لا
بوونە قاتیل ئەوانی تر لەولا

یـەك بـە یـەك بـوونـە نـائیبی هـەمـەوەند
صاحـیـبـی مـارتین و مـاری گـەزەنـد
مـیـلـلـەتـیش هـێنـد کـەرن وەکـو جـاران
دەستـیـان مـاچ دەکـەن دەڵـێن قـوربـان
گـەر لـە سەحـرا مـەلا[1] نەمردایە
گـورگـە شین بـا کـەری بـخـواردایـە
شێری نـەڕ[2] وەك لـە نـاوی بـیشە نـەمـا
گورگ و مام ڕێوی دێنە ڕەقص و سەما

تاڵاییی شیعرەکان لە قووڵاییی نەفسێکی تاڵاو چێشتووەوە هەڵدەقوڵێ.

هەرچەند حاجی لەم قسانەیدا دەیەوێ ڕاستیێکی کە خۆی باوەڕی پێی هەیە بکا بە پێوانەی هۆی تەڵەکەبازیی لە حەد دەرچووی شێخ و سەیدە دونیا پەرستەکان، هۆیەکەش نەمانی حاکم و میرەکانی کوردە کە جاران نەیاندەهێشت لە پەنا دینەوە دونیا بپەرسترێ، لەگەڵ ئەمەشدا زۆر ئاشکرایە یەکەمین مەبەستی حاجی ڕیسواکردن و حەیابردنی شێخ و سەیدی دونیا پەرستە، بەدوا ئەوەدا هەڵدانەوە و بەرزکردنەوەی پایەی حاکم و میرەکانی کورد.

من لێرەدا ماوەم نییە بگەڕێمەوە سەر ئەو حاکم و میرانەی بەر مەدحەکە دەکەون و ئەو شێخ و سەیدانەی بەر ریسواکردنەکە دەکەون، سەرەڕای نەبوونی ماوە، لێرەدا مەبەستیشمان نییە ئەو لایەنانە ساغ کەینەوە چونکە ئێمە خەریکی شتێکی ترین. ئێمە دەمانەوێ بزانین تەجرەبەی زاتی چ تاو و تەئسیرێکی تایبەتیی هەبووە لە دڵ و ویژدانی حاجیدا.

بە ڕاستی دیاردەی کارتێکردنی مرۆڤ لە ڕێی تەجرەبەی خودی خۆیەوە شتێکی زۆر ئاساییە، هەموو مرۆڤێك لە هەر مەیدانێك بێ، هەست و هۆش و دڵ و دەروونی بۆ تەجرەبەی خۆی بەرتاوتر و کارتێکراوتر دەبێ. بوێژ و هونەرکاریش، بگرە قوطب و ئەولیاش، لەوەدا وەك خەڵقی تر ملکەچن بۆ حوکمی دەستوورەکە، بەڵام کە قسەمان لەگەڵ بوێژ و هونەرکار بێ حیسابی ئەوان لە دوو ڕووەوە لە حیسابی خەلقی تر جودا دەبێتەوە.

---

(١) ، (٢) مەبەستی لە نەمانی حاکم و میرەکانی کوردستانە.

١- لە ڕووی ئەوەوە کە بوێژ و هونەرکار، ئەوەی ڕاستی بێ هەموو مرۆڤی خاوەن فکر، هەستیارترن و پتر سەرنج ڕادەگرن، بەو پێیەش تین و تاوی تەجرەبەی شەخسی لای ئەوان لێی چاوەڕوان دەکرێ کاریگەرتر و بەردەوامتر بێ لە چاو هی خەلقی تر کەوا ڕەنگە نەتوانن لە دەلالەتی شتان قووڵ ببنەوە چ جایی تەئسیری ئەو شتانەی بەردەوام لە هۆش و دڵیاندا بژیت. ئەم لایەنە دەبێتە شەفاعەتکار بۆ کارتێکرنی نەفس و هۆشی مرۆڤی هەستیار و هۆشیار.

٢- بوێژ و هونەرکار، لێرەشدا دەبێ بڵێین هەموو خاوەن فکرێك، بە هۆی ئەوەوە وتووێژیان، کە شیعر و نووسین و هونەرە، لەگەڵ هەموو خەلقە و لەوانەیە کار بکاتە سەر قەناعەت و بیروڕای غەیری خۆیانەوە، لێیان داوا دەکرێ زاڵ بن بەسەر تەئسیری لایەنی ناپەسەندی تەجرەبەیاندا نەوەك لە ڕێی خۆ خۆشویستنەوە نرخ و بایەخی زیاد بۆ ئەو تەجرەبەیان دانێن و خەلقی تر بە سەهوو ببەن وەك ئەوەی یەکێك لەبەر سەبەبێکی شەخسی ڕقی لە ئافرەت دەبێتەوە ئیتر زەهری هەناوی خۆی دەڕژێنێتە ناو هەڵبەست وەیا نووسین وەیا هونەرەکەیەوە دژی هەرچی مێییەنەیە. ئەوەی بە زۆری لە حاڵی وەهادا دێتە بەر چاوەوە ئەوەیە کە کابرای ڕق هەڵگرتوو، لە هێرشەکانیدا دڵ گەرمتر و بەهێز و پێزترە نەك لە مەدحکردن وەیا لەسەرکردنەوەی ئەو شتەی خۆشی دەوێ. ڕەنگە ئەم تێبینییە بشێ ببێتە میقیاسی دۆزینەوەی بوون و نەبوونی نەخۆشیی نەفسی لای کابرای ڕق هەڵگرتوو چونکە ڕێی تێ دەچێ دژایەتی کە لە ڕادە بەدەربوو نیشانەی شێوانی نەفس بێت.

بایەخدانی زیاد بە تەجرەبەی زاتی خلیسکێکی پڕ مەترسییە لەبەر هەنگاوی تێکڕای ئادەمیزاددا. ئەگەر کەسێك ئاگاداری خۆی نەبێ فەرق بەو زێدە تەئسیرەی تەجرەبەی زاتی نەکات لەوانەیە یەکجار بە ڕاشکاوی لە پشت دووربینی تەجرەبەی تایبەتی خۆیەوە سەیری هەموو جیهان بکات، ئیتر بەپێی حەزی دڵی خۆی، هەموو شتێك بنرخێنێت یا بە چاك یا بە خراپ. تۆ سەیری مرۆڤی سادەی نەزان و نەخوێندەوار بکە چەند مەجزوبانە خەنجەر وەشێنی بۆ بیروباوەڕی خۆی دەکات با ئەو بیروباوەڕە مەیموون پەرستنیش بێت. بەشێکی یەکجار زۆر لە ناکۆکی و دوشمنایەتیی نێوان خەلق بە تێکڕایی لەوەوە دێت کەوا هەرکەسە و هەر تاقمە خۆی و دوشمنەکەشی بە تەرازووی قەناعەتەکەی خۆی هەڵدەکێشێ زۆریش لە ئەنجامی هەڵکێشانەکە ڕازییە و بە ڕاستی دەزانێ، کەچی لەوانەیە هەر نیوەی باوەڕەکەی خۆی ڕاست بێ و هەر نیوەی

هی دوشمنەکەشی ناهەق بێ. دەڵێن ئافرەتێك پرسی ئاخۆ فلانە ئافرەت چۆنم باس دەکات، پێیان گوت تۆ چی بەو دەڵێیت ئەویش وەها بە تۆ دەڵێتەوە، لە ناخی دڵیەوە و بە هەموو خۆلەسەرهەق زانینەوە گوتی دەك ڕووی پێوە نەبێ ئەو بێ حەیا و شەرمە.

من لەم هەست بەخۆکردنەدا، هەوڵم داوە لە جیاتی ناحەز سەیری خۆم بکەم و عوزرێکی هەیبێ بۆی تێ بخوێنمەوە. هەرچەند دەزانم ئەگەر ناحەزەکەم دۆستم با هەموو خراپەکانمی بە چاکە لە قەڵەم دەدا، وەك کە لە ناحەزیدا هەموو چاکەکانم بە خراپە لە قەڵەم دەدات، لەگەڵ ئەمەشدا دەمەوێ بزانم چەندی هەڵوەستەکەی لە باوەڕی سادەوەیە و چەندیشی خۆ بەسەهووبردنە بۆ مەبەستی زاتی و سوودی شەخسیی.

پیاوی یەکجار بەناوبانگی مێژوو، لەوانەی جیهانیان هەژاندووە و پێشەوای بزووتنەوەی جیهانی بوون، بگرە دەشپەرسترێن، شتی وەهایان لە غەیری خۆیان بە عەیب گرتووە کە لەچاو کرداری خۆیان، بە گوتەی بازاڕی، سەلاتەش نەبووە.

ئەم باسەی ڕەفتاری مرۆڤ بە پێی تەجرەبەی شەخسی و بیروڕای تایبەتیی خۆی باسێکی یەکجار بەرفرەوانە، لە سەرانسەری مێژووش دیاردەیێکی کاریگەرە، ئەوەی ڕاستی بێ تا بڵێی ڕووخێنەریشە، لە مەتەڵ و پەندی کۆنینەش دەنگی داوەتەوە بێ ئەوە پەند و مەتەڵەکە توانیبێتی بچێتە بنج و بناوانی مەسەلەکەوە، ڕەنگە دانەری مەتەڵەکەش دووچاری هەمان خەسڵەت بووبێت کە مەتەڵەکە بە عەیبی داناوە وەك ئەوەی دەڵێ (پووشکە بە چاوی خەلقەوە دەبینێ و کۆڵەوژ لە چاوی خۆیدا نابینێ).

ئەم نەختە درێژەپێدانە بەم باسەوە بۆ ئەوە بوو بە چاوێکی کراوەوە لەبەر تیشکی باسەکەدا سەیری هەڵوەستێکی مەعلوومی حاجی قادر بکەین و بە تەرازوویێکی هەق و ڕاستی و شارەزایی و ئینساف هەڵی سەنگێنین و نرخی ڕاستەقینەی پێ بدەین. دەمانەوێ بزانین ئایا حاجی قادر بایەخی زیادی داوە بەو ناکۆکییەی نێوانی خۆی و شێخ نەبی تا ئەو ڕادەیەی کاری کردبێتە سەر حوکم و قەناعەتی حاجی بەرانبەر سەرلەبەری شێخایەتی و تەریقەتی نێوان کوردان دوای ئەو هەرا و ناکۆکییە، هەر لەو کەلەبەرەیشەوە تەڵەکەبازیی شێخی دونیادۆست لەبەرچاوی حاجیدا سەری نابێ بە تێچوونی حاکم و میرەکانی کورد وەك لە هەڵبەستەکەدا خوێندمانەوە. تۆ بڵێی ئێش و ئازاری شەخسیی خۆی لەو دوشمنایەتییەدا وای کردبێ پتر لە پێویست پێوەی خەریك بێت و لە دوشمنایەتیێکی شەخسییەوە ڕایگوێزێ بۆ ناو مەیدانە بایەخدارەکانی کوردایەتی و کۆمەڵایەتی و چارەنووس. ئەم مەسەلەیە یەکێکە لەوانەی لێکۆڵینەوەی

بەهێز و پێز نابێ لێی هەڵبێت، نیگای وردبینیش نابێ بەسەریدا بکشێت. حاجیی قادرە و یەخەگیری شێخ نەبیی فێڵباز و بە تەماع بووە و گەیشتووەتە سەر لێوی کوژران و تێداچوون، دواتریش کە دەگاتە پلەی کوردایەتی، فێڵبازیی شێخ و سەیدی دونیادۆست دەبەستێتەوە بە نەمانی حاکم و میرەکانی کوردستان. ئایا ئەم دوو هەڵوەستە کە یەکەمیان بەندە بە تاکەوە ئەوی تریشیان تێکەڵە لەگەڵ کۆمەڵایەتی و گیانی کوردپەروەرییەوە چ پێوەندییان بە یەکترەوە هەیە؟ ئاخۆ ئەگەر حاجی دووچاری دوشمنایەتییەکەی شێخ نەبی نەبوایە هەر هەمان حاجی دەبوو کە لە قەسیدەکەی (حاکم و میرەکانی کوردستان)دا دێتە بەر چاومان؟

وەرامدانەوەی ئەو پرسیارە بە جۆرێکی قەناعەت بەخش کە پرسیارەکە یەکلا بکاتەوە وەها ئاسان نییە کە بە ڕواڵەت دێتە بەر هەست و چاوی مرۆڤی بە پەلەوە. با ئەو جورئەتەش بکەم و بڵێم تا ئێستا ئەم باسە نە بەتێکڕایی و نە لە باسی حاجی قادردا، کەس بۆی نەچووە، ئەگەر کەسیش لێی دوابێ من ئاگاداری نیم. بە هۆی بێ سابیقەیی و بێ سەرچاوەییی مەوزووعەکەوە کە ویستت شتێکی لێ تێ بگەی هەر دەبێ خەریکی تێوە ڕامان و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە و بە یەکدی گرتن و تێك بەستنی شتانەوە بیت چونکە، وەك بزانم، لە چ سەرچاوەیێکی نووسراودا چەنگت ناکەوێ تاکو فەلسەفەی مادی بیخوێنیتەوە و بە ئەرکێکی کەم لێی ببیتەوە. نووسەرانی فەلسەفەی ماددی ڕێی تێخوێندنەوەی (عامیلی زاتی) یان لە خۆیان بەستووە بۆیێ هیچ کامێك لەوان بایی فلسێك بایەخ بە تەجرەبەی شەخسی لە ڕووداوی مێژوویی نادەن، ئەگەر ناوەیێك باسی مەوقیفی شەخسی بەسەر قەڵەمی یەکێك لەو نووسەرانەشدا هاتبێت زۆر بە سەرکێڵی و وەك شتێکی لاوەکی بێ نرخ و هەر بەنیازی پووچاندنەوەی تەئسیری ئەو مەقیفە لە ئاست حوکمی مادەدا باس کراوە، هەرگیز وەك عامیلێکی هەمیشەیی و کاریگەر لە ژیانی تاك و گەل و بزووتنەوەی مێژوودا نە دانی پێدا هێنراوە و نە جێگەشی بۆ بەجێ هێشتراوەتەوە. ئەو هۆیانەی بە بزوێنەری مێژوو و ورووژێنەری تاك دانراون لە نووسینەکانی نووسەرانی مادیدا هەموو مەیدان و ڕێگەیێکیان لەو عامیلە هەمیشەییە کاریگەرە داخستووە، بەڵکو تا ڕادەیێك تێ خوێندنەوەشیان تاوانبار کردووە وەك بڵێی بە لای وانەوە نرخدان بە مەوقیفی شەخسی دەبێتە کەمکردنەوە لە نرخی واقیع. ئەوان ڕێی ڕاستەقینەیان ئاسان کردووە لە ڕێی تەنگاوکردنی قووڵایی و مێژوو و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری کە دێن

تاکه عامیلی مادی به گەڕدێنن و چەرخ و فەلەکی بوون و گۆڕان و بەسەرچوونی پێ دەخولێننەوە دەشزانین زۆر جاران تەفسیری مادی و بەرژەوەندیی ڕووت بایی ڕوونکردنەوەی نیوەچڵیش ناکات. ئەم بێ بایەخکردنەی مەوقیف و تەجرەبەی شەخسی ڕاستەوخۆ سەردەگەیەنێ بە پووچاندنەوەی دەوری تایبەتی و سەربەخۆی (تاك) لە مێژوودا، هەر لەو ڕێبازەشەوەیە زۆر بە سادەیی گوتراوە و دەگوترێ ئەگەر ئەو تاکەش نەبوویایە یەکێکی تری وك ئەو وەیا لەو چاکتر ڕۆڵی ئەوی دەدیت. ئەم گوتەیە گەلێك خوێندەواری عادەتی، ئەوەی ڕاستی بێ هی هۆشیار و پەنجەنیشانیشی بە سەهوو بردووە و خۆی بەسەر زمان و قەڵەمیاندا هێناوە و دەهێنێت و بەلایانەوە لە ڕادەی بەدیهییەدایە، خۆ ئەوەی دژی ئەمەش شتێکی گوتبێت بە خۆی و گوتەکەیەوە لە لیستەی مرۆڤدۆستی دەرهاویژراوە. بە پێی باوەڕی من، کە هەرگیز نرخی حەقیقی مادە و بەرژەوەند و گوزەران و هەموو پێوەندییەکانی پێداویستیی کۆمەڵایەتی و ئابووری... و هتاد لە بیر ناکەم، ئەم گوتەیەی (ئەگەر فلانە تاك نەبوویایە یەکێکی تر دەبوو جێگەی بگرێتەوە و دەوری ئەو ببینێت) دوو ڕاستیی ئەوتۆی لە بیرخۆی بردووەتەوە کە هەریەکەیان چەند جاران لە گوتەکە گەورەتر:

ڕاستیی یەکەم ئەوەیە تاکی وەها هەیە لە ئیمکاندا نییە کەس جێی بگرێتەوە، واتە ئەگەر ئەو نەبا هەموو ئەو شتانەش نەدەبوون کە لە ڕۆژگاری ئەودا لەوەوە پەیدابوون، وەك ئەسکەندەری مەکدۆنی و پێغەمبەر (د.خ). هەر لەم بابەتە، مرۆڤی تریش هەیە هەرچەند کردەوەی بۆ مومکین نەبووە، بەڵام لە لایەنی فکرەوە تاکێکی ئەوتۆ بووە لە هەموو ڕۆژگارەکەیدا هاوتای نەبووە. حاجی قادر لە مەیدانی فکرەی قەومایەتیی کوردەواریدا یەکێکە لەو تاکانە. ئەحمەدی خانی لەویش بێ مانەندترە بە پێی کۆنیەتیی ڕۆژگارەکەی. ئەمانە تاکی هەند بێ مانەند بوون و ماوەیێکی ئەوتۆ پێش میللەت و کاتەکەی خۆیان کەوتبوونەوە کەس نەبوو دەنگیان بداتەوە.

ڕاستیی دووەم، کە گرنگتریشە لە هی یەکەم بۆ وەڵامدانەوەی گوتەکە، ئەوەیە ئەگەر بشسەلێمنین یەکێکی تر دەبوو جێگەی ئەو تاکە بگرێتەوە، بەو سەلماندنە بایی تۆسقاڵێکمان لە سەنگی تاکەکە دانەشکاندووە بە پێچەوانە لێمان زیاد کردووە چونکە جێگرەکەش هەر تاکێکی وەك خۆی دەبوو، خۆ هەزاران کەس نەدەهاتن جێی ئەو تاکە بگرنەوە. با وەها دانێین ئەگەر (لینین) نەبا ستالینێك وەیا کالینینێك دەبوو جێگەکەی (لینین) بگرێتەوە، کە ئەمە قسەیێکە هی سەلماندن نییە بەڵام بۆ مەبەستی

کورتکردنەوەی موناقەشە دەیسەلمێنین، ئەوساش ستالین و کالینین هەر ئەو (تاکە) بێ مانەندە دەبوون چونکە دیارە وەك لە قسەی خۆمان دەردەکەوێ (تاك) دەبوون نەك سەد هەزار. پەیدابوونی جێگری (تاك) لەو مەیدانانە بەڕاست دەگەڕێ و دەوری تاکەکە بێ بایەخ دەکات کە هەزاران جێگری تێدا دەست دەکەوێت وەك ئەوەی ئەگەر فەلاحێك وەیا بەقاڵێك وەیا قوتابییێك لە ناو هەزارانی وەك خۆیدا بزربوو وەیا گورگ خواردی پەکی هیچی لەسەر ناکەوێت و هەزارانی تر هەن جێگەی بگرنەوە. ئەو تاکانە جێگایان بە تاکی تری وەك خۆیان پڕ دەبێتەوە کە زۆری تری وەك خۆیان حازر بەدەست لە نێوان میللەتدا کەڵەکەیان کردووە. زۆربەی ئەو تاکە عادەتییانەش لەبەر سوودی شەخسی، خواخوایانە ببنە جێگری یەکێکی تر و چ پێی ناوێ من و تۆ بە هۆی لێکدانەوەی فەلسەفییەوە بیانکەینە جێگری غەیری خۆیان وەیا لە غەیبەوە جێگریان بۆ بخوازینەوە وەیا بۆیان خەلق کەین، تەنانەت لەو مەیدانەش، لە نێوان هەزاران کەسی هاومەسلەکدا، ئەگەر یەکێکیان بەهرەی بڵیمەتانەی هەبوو لە کارەکەیدا ڕەنگە جێگری بە دەست نەکەوێ. ئەمە بەدیهییەیێکە ئەگەر نەزەرییەکان لێمان گەڕێن هی دەمەتەقە و نەسەلماندن نییە.

ئەو تاقمانەی هەزاران تاکیان هەیە هەر تاکەی هەزاران جێگری هەیە، بەڵام سەرلەبەری تاقمەکە جێگری پەیدا نابێ. کە هەموو فەلاحت بەلاوەنا ژیان دەبڕێتەوە، کە هەموو دارتاشت بەلاوەنا جووڵەی بەرەوپێش چوون ڕادەوەستێ... هەروەهاش تاقمەکانی تر پێ بە پێی گرنگیی دەوریان لە ژیاندا. تاکی ئەوتۆش هەیە دەورەکەی هێند بێ نرخە دەتوانرێ ئالەتێکی بخرێتە جێگەیەوە.

من لە لێکدانەوەمدا پێڕەویی واقیع دەکەم، لەبەرخاتری موجامەلە واز لە واقیع ناهێنم، بەدرۆشی ناخەمەوە. وا لەبەر چاومانە، حاجی قادر بایەخێکی زۆری داوە بە دژایەتی و بەرهەڵستیکردنی شەعبەدە تا ڕادەیێك پەرەسەندنی شەعبەدەی لە کوردستاندا بەستووەتەوە بە نەمانی میر و حاکمی کورد. دەشزانین لە ڕابردوویدا دوشمنایەتییەکی خەست و بێ مەسڵەتی هەبووە لە نێوان ئەو و یەکێك لە قارەمانانی شەعبەدە تا ئەو سنوورەی سەری گەیاندە هەوڵی کوشتنی حاجی، کۆتاییەکەشی بە ئاوارەبوونی حاجی هات. کە ئەمە ڕاست بێ، لە ڕاستیش بەهێزترە چونکە بەرچاو و بەدیهیەیە، دەبێ پرسێك لە خۆمان بکەین: ئایا ئەو دوشمنایەتییە شەخسییە چ دەخلێکی بووە، یاخود نەبووە، بەسەر پەیدابوونی قەناعەتێکی ڕەگ داکوتاوی،

بەرفرەوانی، بەردەوامی بێ وچان دژی شەعبەدە بە تێکڕایی لای حاجی قادر؟

من گەلێك لەم پرسیارە وردبوومەتەوە و پێوەی خەریك بووم، هەر وەك بە گەلێك پرسیاری وەك ئەمە لە بەسەرهاتی حاجی و ڕووداوی مێژووەوە خەریك بووم. وابووە لە ئاست هەندێك لەو پرسیارانە گەیشتووەتە قەناعەتێك کە خۆم پێی ڕازی بم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ لە ئاست ئەم پرسیارە تایبەتییەدا تا ئێستاش دوودڵم. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بڵێم دوودڵییەکەم بەرانبەر بوونی تەئسیری تەجرەبەکە نییە چونکە گومان لە بوونی ناکرێ، دوودڵییەکەم بەرانبەر میقداری تەئسیرەکەیە، ئایا تەجرەبەی حاجی لەگەڵ شێخ نەبی هەر ئەوەندەی کرد کە هێزێکی تازەی، وەك سەربار، دایە پاڵ مەیل و مەشرەبی حاجی دژی شەعبەدە، یاخود ئەم تەجرەبەیە بوو وای کرد کە لەبەرچاوی حاجیدا (تطور)ی شەعبەدەی سەید و شێخەکانی کوردستان ببەسترێتەوە بە ڕووداوێکی مێژوویی زۆر گرینگی ژیانی سیاسی کوردەواری کە ئەویش نەمانی حوکمی حوکمدارانی کوردە (هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان) بە تەعبیری حاجی خۆی. لێرەدا وەك سێبەری ئەم پرسیارە، شتێك دەهێنمەوە بیری خوێنەر کە لە بەرگی دووەمی ئەم نووسینەدا ئیشارەی بۆ کراوە. کاتێك کە باسی ئەو سێ بەیتە فۆلکلۆرییەم کرد کە دەدرێتە پاڵ (مەلای ئیبنو ئادەم) و شکاتی کتێبخانە سووتاندنی لە لایەن تورکەکانەوە تێدایە، گوتم پێشووتر نەدیتراوە براگەورە بێ حورمەتی لەگەڵ کتێبدا بکەن. ئەو حورمەت گرتنەی کتێبان لە لایەن میر و براگەورەی کوردەوە ڕوونکردنەوەیێکی تێدایە، تا ڕادەیێك، بۆئەوەی لەگەڵ حاجیدا حیسابێك بۆ حورمەتی کتێبان لای میرەکانی کورد بکەین و وەك دیاردەیێکی دینداریی ڕاست و دروستی ئەوان تێی بخوێنینەوە و لە زیمندا دیاردەکە بگێڕینەوە بۆ سەر حسابی دژایەتیی ئەو حاکم و میرانە لەگەڵ شەعبەدەدا. هەرچۆنێك بێ من لێرەدا بەدوای ئەم تێبینییە کورتیلەیە ناکەوم، پرسیارەکە هەڵدەگرم بۆ جێگەیێکی لەبارتر کە لەوێدا پرسیاری تریش وەك ئەمە داوای وەرامدانەوە دەکەن.

سرنجێکی ورد

هـەوڵـی سنووردانـان بـۆ قـۆنـاغـی نـاوەندیـی تـەمـەنـی حـاجـی، ڕووبـەڕووی تـایبـەتیی دژایـەتـی نێوان حاجی و شێخ نـەبیی کردین کە شەقڵێکی هـەرە دیاری ئـەو قۆنـاغـەیە.

هـەروەك تـایبـەتیی ئـەو دژایـەتییە پرسیاری گرنگی هـەڵستـاند کە هـەندێکیان بێ وەرام مـانـەوە هـەندێکیشیان بـە نیوەچڵی وەیا تـەقریبی وەرام درانـەوە، هـەروەهـاش گـەشتە دوور و درێژەکـەی خوێندنی، لـە پـاش بـەسـەرچوونی بـاسـەکـەی و مـاوەکـەی و چـەند و چۆنیـەکـەی، سـەرلـەنوێ دەبێتـەوە بـابـەتی پرسیارێکی یـەکجار گرینگ کە پێویستە وەرام بدرێتـەوە و نرخ و بـایـەخی پرسیار و وەڵامـەکـەش دیار بـخرێ.

ئـێمـە لـە لـێکـۆڵـیـنـەوەکـانـی دوو بـەشی یـەکـەم و دووەمـی ئـەم نـووسیـنـەدا گـەلـێك سـەروبـەری ئـەم گـەشتـەمـان بـاس کـردووە، نـاو نـاوە نـرخـەکـەشمـان نیشان داوە لـە پێکهێنانی دەروون و ویژدان و شەخسییەتی حاجی قـادر تـا ئـەو ڕادەیـەی کە دەمـاندیت لـە چـەنـدیـن مـونـاسـەبـەدا ئـەم گـەشتـە و ڕووداوەکـانـی دەهـاتـنـەوە نـاو هـەڵبـەست و یادکردنـەوەی حاجی، بـا لـەوە هـەر گـەڕێین کە مـەلایـەتی و خوێندەواریی حاجی لـەم گـەشتـەدا گـەشـەی کـردووە و بـە پـایـان گـەیشتـووە، واتـە گـەشتـەکـە خـۆی زەرفـی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی حاجی قـادرە لـەو ڕووەوە کە هـەموو خوێندنی حاجی بـەر لـەو گـەشتە پلـەی سـەرەتـایی بووە و ڕسکان و پێگـەیشتنی بـەرهـەمی گـەشتـەکـەیە. ئـەمـە لـە لایێکـەوە لـە لایێکی ترەوە شاعیریـەتـەکـەشی لـەگـەڵ هـەڵکشانی خوێندنـەکـەی توانیوەتی تـێ هـەڵـکشێ و بـەرەو تـەواوی بـڕوات. ئـەمـانـە و گـەلـێك تـێبـیـنـیـی تـر هـاتـنـە نـاو نووسینـەکـەوە کە هـەموویان بـایـەخی ئـەم گـەشتە لـە ژیانی حاجیدا ئـاشکرا دەکـەن. ئـێستـا کـاتـی ئـەم پـرسیـارە هـاتـووە لـە خـۆمـانـی بکـەین: ئـایـا ئـەم گـەشت و گـەڕانـە بـەردەوامـە خـۆی لـە خـۆیـدا بـێ تـێخـوێنـدنـەوەی ڕۆشنبـیـری و سوود وەرگـرتـن لـە بیروباوەڕەکانی (ئیبنو ئـادەم) و دیتنی بـەسـەربردنی هـەمـەچـەشنە.. و... شتی ئـەوتـۆیی، هـیچ کـارێکی تـایبـەتیی کردووەتـە سـەر ویژدان و دەروونی حاجی قـادر؟ چ سوود و هێزێکی بـەو ویژدان و دەروونـە گـەیاندووە کە ئـەگـەر گـەشتـەکـە نـەبوویایـە لـە خوێندن و شاعـیـریـەت و پـەنـدی ئـیـبنو ئـادەمـەوە پێی نـەدەگـەیشت؟ ئـاخـۆ ئـەو حـاجـیی ئـێمـە دەیناسین کەم و زیادی دەکرد ئـەگـەر هـەشت نۆ ساڵان بـە کوردستانی عیراق و ئێراندا نـەگـەڕابـایـە؟ هـەروەك ڕاوکـەر سـەرەڕای نـێچـیـرگرتـن لـە هـەڵمشتنی هـەوای پـاك و خواردنـەوەی ئـاوی سازگار سوودی تـەندروستی وەردەگرێ کە شتێکە غـەیری نێچیر و یـەکـەم مـەبـەستی ڕاویش نییە، ئـایـا حـاجیش وەك ئـەو ڕاوکـەرە لـە عـەینی گـەشتـەکـە، بـێ

خوێندن و شاعیریەت، چ سوودی تایبەتی پێ گەیشتووە؟

وەرامی ئەم پرسیارانە، کە بەڕاستی پرسیارەکان تێکڕایان یەك پرسیاری گەورە پێك دێنن، وەك دەبینی لە لێکدانەوەی زیهنی و ژیربێژیی[1] پەیوەست بە بنگەی مادییەوە سەر هەڵدەدات چونکە ڕووداوی گەشتەکە شتێکی بەسەرچوو و تێپەڕیوە لە دەست ئەو ئیحتیمالە دەرچووە کە ئاکامی نەبوونەکەی تاقی بکرێتەوە، تازە بە تازە ناکرێ مێژوو هەڵکەینەوە بەرەو دواوە و سەرلەنوێ ژیانێکی دیکەی بێ گەشت و گەڕانی هەشت نۆ ساڵان بە حاجی قادر بکوتینەوە هەموو ڕووداو و ڕاستییەکانی تری ژیانی حاجیش وەك خۆیان بهێڵینەوە تا بزانین چ گۆڕانێك لە سەرەنجامی فکر و خەبات و قەناعەتەکانی حاجی پەیدا دەبێ لە چاو ئەوەی کە لە واقیعدا پەیدا بووە و دەیزانین.

لە ژووری موختەبەردا[2] دەتوانین هەرجارە مادەیێك کەم کەین وەیا زیادکەین لەو عەمەلیەتە کیمیاییەدا کە بەدەستمانەوەیە، ئەنجامی کەمکردن و زیادکردنەکەش بە چاوی خۆمان دەبینین، هەروەها دەتوانین ئەزموونی زیادکردن و کەمکردنی مادەی تاقیکردنەوەی گیانلەبەریش بکەین بەو جۆرەی ئارەزووی خۆمانە، بەڵام ڕووداوی تێپەڕیو هەر ئەوەندە گۆڕان و گۆڕین و لێزیادکردن و کەمکردنەوە هەڵدەگرێ کە لە کارگەی فکردا بە خەیاڵ و لێکدانەوە و گریمانە (فرضیة) بیکەیت، ئەنجامەکەشی هەر ئەو ئیحتیمالە دەبێ کە بڕیارەکانی ژیربێژی دەیسەلمێنن.

دەبینی خەریکبوونمان بە هەڵستاندنەوەی پرسیارەکە و وەرامدانەوەی، لە سەرەتاوە تا ئەنجام، کاری لێکدانەوە و بەرهەمی شیمانەیە کە دەزانین وەك تاقیکردنەوەی ئەزموگە و پرسیاری حیساب نییە مەبەستەکە بە ئیسپات بگەیەنێ و ڕەخنان بێدەنگ کات. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بە بیر خۆمان بێنینەوە کاری نهێنیی وەها گەلێك جاران لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا کراوە چ لەبارەی ڕووداو بێ و چ لە بارەی تاکەوە بێ. لە چەند نووسیناندا دەخوێنیتەوە ئەگەر ناپلیۆن هروژمی نەبردبایە بۆ سەر روسیا لە ناو نەدەچوو چارەنووسیش بە نیسبەت ئەوروپاوە ئەوە نەدەبوو کە لە پاش تێشکانی دواجاری (ناپلیۆن) لە شەڕی (واتەرلوو) هاتەدی... گەلێك نووسەری ئیسلام دەڵێن

(١) ژیربێژی: منطق. پێشتریش واتای ئەم وشەیەم ڕوون کردووەتەوە، ئەمجارەشیان بەنیازی بیرهێنانەوەی دواجار واتاکەم نووسی. وشەی (شیمانە)ش کە نەختێك دواتر دێتە پێشەوە بە واتای (احتمال)ە.

(٢) موختەبەر: بە کوردی (ئەزموگە).

پەروەردەبوونی پێغەمبەر (د.خ) لە نێوان قەبیلە و دەشت و دەردا بوو بە یارمەتیدەر لە پێکهێنانی نەفسێکی بێ گرێ و دەروونێکی بەرفرەوان بۆی... مێژووناسان دەڵێن ئەگەر خەلیفەی عەباسی (معتصم) خاڵوانە تورکەکانی خۆی نەهێنابان بۆ پاسەوانیی دەربار (بلاط) لە دواتردا دەسەڵاتێکی تورکی لە دەربار و ناو خانووی خەلیفەدا پەیدا نەدەبوو کە ببێتە هۆی نەمانی دەسەڵاتی خەلیفە خۆی... (معتصم) تورکی نەدەهێنان ئەگەر دایکی تورك نەبووبایە. لەم جۆرە نموونانەی موناقەشەکردنی ئاکامی نەبوونی هۆیەك وەیا هەبوونی هۆیەکی تر گەلێك شتان دەخوێنیتەوە، تەنانەت یەکێکی وەك (عباس محمود العقاد) کە بەراوردی خەلیفەی چوارەم (علی ابن طالب) لەگەڵ (معاویة ابن ابی سفیان)دا دەکات بەوە ڕازی نابێ کە هەریەکەیان لە جێگەی خۆیدا سەیر بکات، بەڵکو بە خەیاڵ جێگەیان بە یەکتری دەگۆڕێتەوە و ئەنجامە خەیاڵییەکانیان قسە لێ دەکات. ئەوەی لە بیرم بێ عیبارەتی (خالف بین کفتیهما) بەکاردێنێت واتە تا تەرازووەکەیان بە یەکدی بگۆڕەوە.

بە ڕاستی ئەوەی دەیبیەین و دەیخوێنینەوە لە گوتە زۆر مەشوورە پەرەسەندووەکەی (حتمیة) تەرزە فێڵ لە خۆکردنێکە لە لایەن کابرای نووسەر و بێژەرەوە کەوا بە شێوەیێکی هۆشیارانە وەیا نیوە نوستووانە بەسەر بابەتی نووسین و ئاخاوتنەکەیدا دادەبڕێت، ئێمەش وەك ریکوردەر وەیا تووتی دووپاتی دەکەینەوە.

(حتمیة)ی پڕ ئەفسوون بەسەر ئەو ڕووداوانەدا دەسەپێنرێ کە تێپەڕیوون و بەسەرچوون و تازە بە کەس ناکرێ جارێکی تر بیانداتەوە بەر تەجرەبەیێکی نوێوە تا بزانرێ ئاخۆ ئەمجارەش هەر ئەو ئاکامە بەدەستەوە دەدەن کە (حتمیة)ی دوای ڕوودان باسی دەکات یاخود شتێکی ئەوتۆ بەرهەم دێت دیمانەی حەتمیەتەکە بە درۆ دەخاتەوە. هەرچەند مومکین نییە هەمان ڕووداو دووبارە ڕووبداتەوە، بەڵام بایی ئەوەی بتوانین بڕیارێکی بە پێوانە و کێشانە لە بارەی (حتمیة)ەوە بدەین، ڕووداوی تر هەن یەکجار خزم و هاوچەشنی یەکێکی تری ڕابردوو، ئاکامی ئەوتۆ بەرهەم دێنن چ خزمایەتی و هاوچەشنیی نەبێ لەگەڵ ئاکامی ڕووداوە تێپەڕیوەکەدا کەوا ڕاستەوخۆ دەبێتە هەڵوەشێنەوەی سیحر و ئەفسوونی ئەو (حتمیة)ە پاك و پیرۆزە و بەڵام لە هەمان کاتدا مەیدانێکی پان و بەرینی سەلماندن و نەسەلماندن دەمێنێتەوە لەبەردەستی کابرای خاوەن (حتمیة) کە بە ئاسانی لە لای خۆیەوە ڕێی نەسەلماندن لە غەیری خۆی دەبڕێتەوە بەوەدا بڵێ هەندێ هۆی کاریگەر وەیا زەرفی مێژوویی وەیا

سەرما و گەرما و نازانم چی لەو مەیدانەوە بۆ ئەویان جوداواز بوو بۆیە ئەنجامیان وەك یەكتر نەبوو. بە نموونە دەڵێم وا دەبێ بەرەی سۆشیالیست لە وڵاتێكی دواكەوتووی مەرلەوەرێندا شۆڕشێكی گرۆپفانە دەكەن و دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن كەچی لە وڵاتی پیشەساز و خاوەن تەكنیك و هەموو كەرستەیێكی شۆڕشی سۆشیالیست، بەرەی شۆڕشگێڕ هەنگاوی كورت و شەكەت هەڵدێنێت (لە بزووتنەوەی بەرەو پێشەوەدا، بە هەردوو ڕووداوی سەركەوتن و سەرنەكەوتنەكەش دەڵێن كاری حەتمیەتی مێژووە، لە حاڵێكدا دەبوو حەتمیەتەكە بە پێچەوانە بوویایە چونكە هەموومان لەوە گەیشتووین كە پەیكەری فەلسەفەی سۆشیالیست هەڵچەقیوە لەسەر بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی پرۆلیتاری لە ئاكامی پەرەسەندنی صیناعەت و تەكنیكدا، ئەمەش قسەیێكە هەزاران جار لێرە بە پێشەوە گوتراوەتەوە بەڵام من لێرەدا بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندنی (حەتمیەتی مێژوویی) هەزار و یەك بارەی دەكەمەوە لەبەر تیشكی خوێندنەوەی یەكێك لە ڕووداوەكانی ژیانی حاجی كە گەشتێكی هەشت نۆ ساڵییە بە كوردستاندا بۆ ئەوە لە ڕێبازێكی بەر فەراحی لێكۆڵینەوەی هەمەچەشنەدا بگەین بە كۆتاییی ئەو لێكدانەوە بایەخدارە لە زیمنی باسی هەوڵ و تێكۆشانی نیشتمانپەروەری و كۆمەڵپەروەریی حاجی قادردا. نابێ لە ڕێی چاوبەستەكێی گەپی (حتمیة) واز لە هەڵسەنگاندنی تەجرەبەی تایبەتیی حاجی بێنین لە مەیدانی گەشت و گەڕاندا هەروەك نابێ وازی لێ بێنین لە هیچ مەیدانێكی تردا. ئەوەی ڕاستی بێ، من وادەزانم مل كەچكردنمان بۆ بڕیاری (حتمیة) بەوجۆرە دەروێشانەیەی كە نووسەران خەریكن لێی ڕابێن، نزیكمان دەكاتەوە لەوەی پێی دەڵێن (مادیة آلیة) چونكە كە ئەنجامی هەموو كاران هەر ئەوەبێ كە بووە ڕووبەڕووی مادیەتێكی ئالی بێ پێچ و پەنامان دەكات چ تەئویلێكیش ناتوانێ لەو ڕووبەڕووبوونەمان وەرگرێتەوە بۆ لایەنێكی عیلمانیی تر مەگەر تەئویلی زۆرەملێ وەیا خۆ تەفرەدان. ئەوانەی باسی (حتمیة) دەكەن لە مەوزووعی وەك تێشكانی ناپلیۆن و هیتلەر وەیا دۆزینەوەی هێزی ئاتۆم وەیا سەرنەكەوتنی پارتی (محافظ)ی ئینگلیز لە دوای بردنەوەی شەڕی جیهانیی دووەمدا، لە ڕووداوی حازربەدەستدا بەڵگەی حەتمیەت دێننەوە كە ئەگەر ڕووداوەكان بە پێچەوانەش ڕوویاندابایە بەڵگەی حەتمیەتی ئەوانیشیان دەهێنایەوە. ئەو كەسانە ئەگەر ڕاست دەكەن با داینەمۆی حەتمیەتەكە لە ئاست ڕووداوی دواڕۆژدا بەگەڕبێنن و پێمان بڵێن چ دەقەومێ و كەی دەقەومێ و بۆ دەقەومێ و چۆن دەقەومێ

و چەند دەقەومێ و بە چەند دەقەومێ و لە کوێ دەقەومێ؟

بەڵام نەك ئەو قەومانە بەدیهیانەی وەك داهاتنی زستان و بەسەرچوونی پایز و هەڵاتنی ڕۆژ و ئاوابوونی مانگ کە منداڵیش بە تەمایانە و چاوەنۆڕییان دەکات. هەموومان دەزانین مرۆڤ لە پێشکەوتندایە و گیروگرفتی ژیانی لە زۆربووندایە و ژمارەی مرۆڤان بە نیسبەتی ئەندازەیی تێ هەڵدەکشێ و نەوت وشکاییی دێت و گەلان بەرەبەرە بە مافی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و ڕامیاری و ئاینی ... و هەموو شتێکیان دەگەن... ئەمانە و گەلێك شتی تری وەك ئەمانەش دەزانین کە دێن و دەبن و ڕوو دەدەن کە ئەگەر بیاننووسین دەبێ زۆریان پێوە خەریك بین، بەڵام بەمانە و هەموو ڕووداوێکی گەورە و گچکەی وەك ئەمانە یەك ئینج بەرەو زانینی (حتمیة)ێك نەڕۆیشتووین فلسێك بێنێ.

چ فەرقی زانینی ئەمانە و زانینی بوون و ژین و مردنی گیانلەبەر نییە کە هێندەی بەری دەستی خۆمان لێیان باخەبەرین و دەزانین حەتمین، ئەوەی بایەخی هەیە لە زانینی دواڕۆژ و ڕووداوەکانی، ئەو شتانەن کە (حەتمی) نین و لەسەر خەتی نێوانی بوون و نەبووندان، واتە لەوانەن ببن یا نەبن، لە خۆیانەوە بەلایەکدا ناکەون بەڵکو شتێك وەیا کەسێك وەیا زەرفێك دێت و بە لای بوون وەیا نەبوونیاندا دەخات. بەڕاستی زانینی ئەو شتانە نرخدارە کە ڕووداوانیان حەتمی نییە چونکە لەم حاڵەتەی لەنگەربەستنی دوولانەی تەرازووی بوون و نەبووندا هەوڵی مرۆڤ و زەکایەکەی و زانینەکەی و فیداکارییەکەی بایەخی دەبێ بۆ قورسکردنی ئەو دەستەیەی کە سوودی تێدایە وەیا هەر نەبێ بۆ نەهێشتنی قورسبوونی دەستەکانی تر. پسپۆرەکانی کۆمەڵایەتی و مێژوو و ئابووری و سیاسەت کە خۆیان هەڵدەداوە بە پێشبینیکردنی جۆری نوێ لە بەیەکتر کەوتنەوەی هێزە ئیمپریالیستەکان و سۆشیالیستەکان، هەموو جارانیش تێیدا بە سەهوو دەچوون، هەر بەجارێك چ مادەیێکی خۆ پێ هەڵدانەوەیان لە دەستدا نەما کە دوشمنایەتیی نێوان هێزەکانی بەرەی سۆشیالیست گەیشتە سنووری لەشکەرکەشی و خوێنی یەکتر ڕشتن.

بەڕاستی هەموو گوتەیێك بەسەر زمانیانەوە وشك بووبوو ئەگەر داخوازی مەسڵەحەت ناچاری نەکردبان بۆ دۆزینەوەی شڕە بابەتێك کە بازاڕی پێشبینی و وڕێنەی (حتمیة)ی پێ نیوەپڕ بکەنەوە.

هەرچۆنێك بێ دۆزینەوەی (حتمیة) لە پاش ڕوودان وەك کەرامەتی ئەو شێخەیە کە دەڵێن جارێکیان وڵاغێکی سەرپەت لوشماندی، شێخیش بە کەرامەت گوتی ئاوی بدەن تینوویەتی، گوتیان قوربان ئاو دراوە، گوتی ئالیکی بدەنێ برسییەتی، کە کا و جۆیان بۆ برد وڵاغەکە تێی بەربوو خواردی:

مریدەکان واقیان وڕما لەو هەموو غەیب زانینەی شێخ.!

لە دەفتەری ژیانی حاجی قادردا گەلێك لایەنی وەك (بەرهەڵستیکردنی شەعبەدە، گەشتی ٩ ساڵەی خوێندن) هەیە جێی باسکردن و هەڵسەنگاندن بێ لە ڕووی دۆزینەوەی کارکردنیان لە پێکهێنانی ویژدانی حاجی و دەستنیشانکردنی ئەو ڕێبازانەی تێیاندا بەبەردەوامی ڕۆیشتن تا کۆتاییی ژیانی. ناو ناوە بە دەم باسکردنی قۆناغە جوداکانی ژیانی حاجییەوە بەرەنگاری لێکدانەوەی ئەوتۆ بووین کە نرخی (هەڵکەوت) و واقیعی لە پێگەیشتن و فراژیبوونی شەخسیەتی حاجیی شی کردووەتەوە، وەك ئەوەی کە کۆییبوونی حاجیی دەخلی بووە بەسەر هەڵکەوتنی حاجییەوە بەو مانایە کە ئەگەر حاجی لە شوێنێکی پێشکەوتووی وەك کۆیەی ئەوسادا نەهاتبا جیهانەوە لەوانە بوو بۆی نەلوێ ئەو شێوازە لە ڕەفتار و گوفتار و کرداردا بگرێتەبەر کە لە واقیعدا گرتییە بەر و ئەنجامەکەشی پەیدابوونی ئەو حاجییە نیشتمانپەروەرە بوو کە دەزانین لە سەردەمی خۆیدا نە تاکی هەبوو نە تاکی وەك خۆشی بەدوادا هات تا چەندین ساڵ دوای مردنی، هەروەها ئەوەش گوترا کە وا لە هەمان ڕێبازەوە مەلای گەورە بوو بە پێشکەوتووترین مەلای کورد، ئەگەر نەڵێم هەموو مەلاییێك، تا ئەوەی لە گەلێك مەیداندا حاجی قادری بەجێ هێشتەوە.

نووسەر من بم یاخود یەکێکی تر بێ، لە سەریەتی پێوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوروبەرەکەی دەرخات، ئەو بایەخەش کە پێوەندییەکە هەیبووە لە چۆنیەتیی ڕەفتاری مرۆڤەکەدا بخاتە جێگە و بارستی ڕاست و دروستی خۆیەوە لە تابلۆی شەخسییەت و دەروونی مرۆڤەکە و لە هەموارکردنی ڕێگەی ڕەوتی بەرەو چارەنووس.

بێ ئەوەی جارێ وەڵامی ئەو پرسیارەم دابێتەوە لە بارەی ڕادەی تەئسیری دوشمنایەتیی حاجی و شێخ نەبی لە پێکهێنانی قەناعەتی قووڵ و یەکجاریی حاجی قادر دژی شەعبەدە بە تێکڕایی، ئەوەندەم گوت کە ئەم دوشمنایەتییە بەهانەیێکی باشی بەدەست حاجییەوە دا کە لە کۆیێ ڕاگوێزێت بەرەو تورکیا، دیاریشە ئەم

ڕاگوێستنـەی چـەند تـەئسیری بـوو لـە کرانـەوەی بـێ ئـەندازە و بـێ سنووری فکری نـیشتمـانپـەروەریی حـاجی. تۆ سەیرکە ڕووداو لـە چـەند لاوە دەتـوانـێ کـاریگـەربـێ، چۆنـیش مـومکـینـە ئـەنجامـێکی لابـەلای ڕووداوەکـە گـەلـێك گـرنـگتربـێ لە ئـەنجامـێکی یـەکسەری ڕووداوەکە. لەم بـەسەرهـاتـەی دوشمنایـەتیی نێوان حاجی قادر و شێخ نـەبی ڕاگوێستنـەوەی حـاجی بـۆ ئـەستـەمبـۆڵ کـە ئـەنجامـێکی لابـەلای دوشمنـایـەتییەکەیە گـەلـێك گـرنـگتـرە لـە ڕەگ داکوتـانـی زۆیربـوونـی حـاجی لـە شەعبـەدە کـە بـەرهـەمـی یـەکسەرەی دوشمنـایـەتیـەکـەیـە لـە ڕووی ئـەوەوە کـە پـێکهـاتنـی هـەستی کوردایـەتیی خەست و خۆڵ لای حاجی بەند بووە بەو ڕاگواستنەوەوە، چونکە مەعلوومە قووڵبوونی ڕەگی دژایەتیی شەعبەدە لە ناخی نەفسی حاجیدا نەیدەگەیاند بە پلەی کوردایەتی و هۆنینەوەی شیعری سیاسی ئەگەر هەر لە کۆیی مابایەوە.

ئـەم پـێشەکـیـیـە و درێژە پـێدانـەی ڕوونکـەرەوە بـەر لـە چـوونـە نـاو لـێکۆڵـینـەوەوە، هـەوڵدانێکە لە منەوە بۆ ڕاکێشانی هۆش و سەرنجی خوێنەرەوەی کورد بەرەو ئەو شتە گرنگانەی کە پێوەندییان هەیە بە حاجی و شەخسیەت و ویژدان و خەباتیەوە، بە دەگمەنیش نەبێ لە دیراسەی نووسرانی کورد لە بارەی کەسێکی وەك حاجی قادرەوە بایەخی پێ نەدراوە هەر دەڵێی بەلای ئەو نووسەرانەوە مرۆڤ شتێکە و ڕووداوەکانی ژیانیش شتێکی سەربەخۆی دوور لەون. ئەم تێ نەخوێندنەوەی بەسەرهاتی تاك لە ویژدانی تاکەکەدا پتر پیشەی ئەو نووسەرانەیە کە بە زاهیر خۆیان بە لای شیکردنەوەی مادیدا دەشکێننەوە چونکە ئەوان حەز بەوە دەکەن تین و تاوی دەوروبەری مادی کاریگەر بووبێ لەو ویژدانەدا، بەمەشدا ئاگایان لەوە دەبڕێ کە دەوروبەر کۆمەڵێکە لە شتی وەك تەجرەبەی تایبەتیی تاکەکە. تەجرەبەی تاك هەر ئەوەندەی نوقسانە ببێتەوە دەوروبەر بۆ تاکەکە کە هی جیرانەکەی نییە و هی خۆیەتی واتە ئەگەر تەجرەبەی شەخسیی (ئازاد) هی تاکەکانی تری کۆمەڵ بوویایە بە لای نووسەرانی مادیەوە بە دەوروبەر و واقیع حیساب دەکرا.

وادەبێ لە پەراوێزێکی گشتیی نووسیندا دەورێکی تەجرەبەی شەخسی و تەئسیری لە کۆمەڵدا وەیا لە چارەنووسی تاکدا دانی پێدا دەهێنرێ بەڵام لە کاتی باسکردنی شەخسدا تەجرەبەکە بەلاوە دەندرێ و شەخسەکە دەدرێتەوە بەر تین و تاوی واقیعەوە، وەك ئەوەی من بێم لە نووسینمدا بڵێم ڕووداوی تەجرەبەی شەخسی کاریگەرە لە ژیان و چارەنووسی تاك بەڵام کە هاتمە سەر لێکۆڵینەوە لە (هارون الرشید) قسەکەی خۆم

بەلاوە بنێم و بە هارونەڕەشیددا بێمە خوارێ بێ ئەوەی چ پێوەندییێکی تەجرەبەی شەخسیی ئەو تێ بخوێنمەوە بەو رەفتارانەی کە ڕووپەڕەی مێژوویان ڕەش کردووەتەوە. تا ئێستا بە زۆری کە لە بارەی ئەدیب و پیاوە ناودارەکانی کوردەوە نووسرابێت، نووسینەکە وەك دەورکردنەوەی ڕۆژەکانی هەفتە و مانگ و ساڵەکانی ژیانی بووە. هەر چۆن دەگوترێ شەموو بە دوای هەینیدا دێت و یەکشەمووش دەکەوێتە پێش دووشەمووەوە، هەروەهاش لە باسی شاعیرێکدا دەخوێنیتەوە فلانە ساڵ لە تۆپزاوا لە دایك بوو، لە تووزخورماتوو قوتابخانەی سەرەتاییی تەواو کرد، فلانە ساڵ ژنی هێنا و چوو بۆ حەج دوایی بەسەر نەخۆشییەکی قورسدا گیانی سپارد... شیعری دەگوتن تا مرد، زۆریش تووتیباز بوو، ناوناوەش دەچووە راو... ریشی بە مەکینە دەتاشی مێزەرەکەشی گورزەوهۆن دەخستە سەر تۆقەڵەی سەری هەتا بشڵێی خەوی سووك بوو.

ئێمە ئەگەر لە لێکۆڵینەوەی باسی حاجی قادردا وەك ئەو ریکۆردەرە بین کە راستییە سادەکان و هەڵبەستە پارێزراوەکانی لێ بداتەوە شتێك دەکەین لە سەرەتاوە بێ لزوومە چونکە ئەمانە شتی زانراو و قسە لێکراو و دەگاسن کراویشن. ناو ناوەیێك کە نووسەرێك ویستبێتی لە گۆشەی نیگایێکی تایبەتی خۆیەوە رایەکی نوێ لە بارەی یەکێك لە ڕووداوەکانی بەسەرهاتی حاجی پێشکەش بکات، ئەویش بە هۆی نەبوونی دیراسەی قووڵ و وردی لێرە بە پێشەوە لە بارەی سەرلەبەری باسی حاجی و ئەو ڕۆژەگار و واقیعەی ئەوی تێدا ژیاوە لە گۆشەی تایبەتی خۆشیەوە بە سەهوو چووە وەیا سەرڕوو ڕۆیشتووە وەیا گەلێك ڕاستیی گەورە و گرینگی شێلاوە. نموونەیێکی ئەم حاڵەمان لە بەشی یەکەمی (حاجی قادری کۆیی)دا دیت کە زانیمان نووسەرێك لە ئەنجامی پەلەکردن لە دابڕینی حوکمی نەزەریە بەسەر واقیعدا حاجی قادری گەیاندە ئەستەمۆڵ (٢٠) ساڵ بەر لە سەفەرە حەقیقیەکەی، هەروەها کردیشی بە خزمەتکاری دەرەبەگ لە ژیانی پێش سەفەرەکەیدا کەچی لە هەموو ئەو ژیانەیدا تاکە یەك قەسیدەی پێنج بەیتیی هەیە، بە پێچەوانەی بڕیاری نەزەرییە.

لەم نماییشتەی رابواردنە کورتەکەی حاجی لە کۆیێ بە دوا گەشتی خوێندنیدا دوو ڕووداوی بەرچاوی بەسەرهاتی حاجیم خستە بەر تیشکی لێکدانەوەوە، یەکەمیان گەشتی (٩) ساڵەی خوێندنی فەقێیەتی، دووەمیان دوشمنایەتی شەعبەدە و تەئسیری ناکۆکیی نێوان حاجی و شەعبەدەبازێکی وەك شێخی ماویلی لەو دوشمنایەتییەدا.

لە ئاست دژایەتیی حاجی لەگەڵ شەعبەدەدا گوتم دواتر وەرامی یەکجارەکیی پرسیارەکە دەدەمەوە تا ئەو کاتەش خوێنەر لەلای خۆیەوە بیرێك لە باسەکە دەکاتەوە و ئەویش وەك من، کەم یا زۆر، خەریکی پێکهێنانی وەرامێك دەبێ کە لەگەڵ پرسیارەکە بگونجێت.

پرسیاری تاو و تەئسیری گەشتی خوێندنی حاجی بە کوردستاندا دەبێ لێرە لێی بدوێین چونکە ئەوەندەی بە خەیاڵمدا بێت بار و وەزعێکی باشتر و لەبارتر لەم جێگەیە، بۆ ئەو لێدوانە پەیدا نابێ بەتایبەتی دوای ئەم هەموو پێشەکی و پرسیار و ڕوونکردنەوەیە کە بەینێکە خۆم و خوێنەری پێوە مەشغووڵ دەکەم.

ئایا گەشتەکە خۆی لە خۆیدا بێ تێخوێندنەوەی فەقێیەتی و مەلایەتی کە لەگەڵ گەشتەکەدا بەیەکەوە بەستراونەتەوە، چ دەورێکی تایبەتی هەبووە لە پێکهێنانی شەخسیەت و ویژدان و قەناعەتەکانی حاجی کە دەزانین لە قۆناغێکی دواتردا سەرلەبەریان بوون بە ماڵی بێ هاوبەشی کوردایەتی؟ دەبێ لەم لێکۆڵینەوەیەماندا کە تازە بەتازەی دەکەین گەشتەکە و خوێندنەکە لەبەر یەکتر بترازێنین و گەشتەکە لە حیسابی خوێندن دەرباوێژین وەیا بەپێچەوانە خوێندنەکە لە حیسابی گەشتەکە دەرباوێژین و نرخی تاکە ماکی گەشتەکە دەرخەین کە ڕاستەوخۆ بەتەنها کاری کردبێتە سەر هەست و نەستی حاجی. خوێندن بۆ خۆی ماکێکی سەربەخۆیە و سەرچاوەی شاعیریەت و ڕۆشنبیریی حاجی قادرە کە زوربەی لایەنی نرخی مەعنەویی حاجی لەوەوە هەڵقوڵیوە، بەسترانەوەشی بەگەشتەکەوە ڕووکەشی و سەراوە لەو ڕووەوە خوێندنەکە بەگەشت و بێ گەشت لە ئیمکاندا بووە، بەتایبەتی کە دەزانین سەرەتای خوێندنی حاجی بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە کۆیێ بێ گەشت و گەڕان بووە، تەنانەت مەیلە و ساغمان کردەوە کە ڕاگوێستنی حاجی لە گۆڕ قەرەجەوە بۆ کۆیێ لە بنەرەتدا بەنیازی خوێندن بووە. کەواتە لەوانە بوو حاجی ئەم گەشتەش نەکا و خوێندنیشی تەواو کردبایە. کاتێك بەیەکەوە بەستراوەیان بایەخی دەبوو ئەگەر حاجی لەم گەشتەدا بۆی ڕێك کەوتبا دەستی بە خوێندنێکی وەها راگەیشتبایە کە لە بارێکی تردا دەستی پێی نەگا ئەو خوێندنەش وەها تایبەتی بوویایە ڕێبازێکی نوێی ئەوتۆی فکر و باوەڕی نابایە بەر حاجی کەوا نەبێ ئەو گەشتە بهاتایە بەری نەبێ ئەویش حاجی ئەوە بوویایە کە هەیە. لەم نووسینەدا (بگەڕێوە بۆ بەرگی دووەم) هەڵکەوتی ئەوتۆمان لە ژیانی حاجی قادردا هەڵسەنگاندووە کەوا بە بەریەوە هەبووە چەند و

چۆنی تەئسیرەکەی لێ بکۆڵرێتەوە بۆ دیارخستنی جۆری کارتێکرانی گیانی حاجی قادر لە نوختەی نیگای کوردایەتییەوە وەك بەدرێژی لە بارەی بیر و باوەڕەکانی مەلای ئیبنو ئادەم دواین و ویستمان کاری ئەوان لە گیانی حاجی قادردا بدۆزینەوە.

بەر لەوە بەپێی بۆچوونی خۆم بکەومە سەر لێکۆڵینەوە لە تاو و تینی گەشتەکە بۆ ناو دڵ و دەروون و قەناعەتەکانی حاجی، دەبێ شتێك روون کەمەوە لە بارەی ئەم گەشتەوە نەك لە ڕووی تەئسیری لە حاجی، بەڵکو بە پێچەوانە لە رووی دەخلی نەفسیی حاجی بەسەر رووداني گەشتەکەوە. ئایا ئەگەر ئەو خەسڵەتەی خورتی و سەرکەشی و بە خۆنازی و رێز لە خۆنانی وەها بەهێز نەبوویایە گەشتێکی نۆ ساڵانەی بەغەریبی دەگرتە بەر؟

وا دەزانم نەء!

هەر وەك لە سەرەتاکانی ئەم بەشەی نووسینەکەمدا باسم کرد حاجی قادر بەهانەی پەیدا دەکرد بۆ بەردەوامبوون لەسەر خۆیندنی دوورە وڵات و غەریبی. حاجی نەیدەویست بگەڕێتەوە بۆ بێشکە و مەفتەنێك کە خاوەنی هیچ شتێك نییە تێیدا وەك پاڵەوانەی دیوار بیداتە بەر بەژنە کەڵەگەتە سەرکەشەکەی نەفسە زلەکەی تاکو بەگەردەن کێڵی و بەسەر پێیانەوەی ڕاگرێت، هەر بۆیەش بوو، وەك گوتم، کاتێك کە ناچاری گەڕانەوە بوو بۆ کۆیێ خێرا لێی دەرچوو و خۆی هاویشتەوە باوەشی غەریبیێکی تازەوە کە بەڕاستی سەرلەنوێ ئەو عەیبانەی هەژاری و بێ ماڵی و بێ هیچ شتیی بۆ حاجی شاردەوە کە بەعادەت لە حاڵی نیشتەجێبووندا ناشرێنەوە و لە مرۆڤ دەبن بە کەمایەتی و جێی بەخۆدا شکانەوە. کە ئەم بۆچوونە ڕاست بێ، وا دەزانم هەموو لێکدانەوەیێکی ڕێکوپێکیش بەڕاستی دەزانێ، گومان لەوەدا نامێنێ کە حاجی قادر لە سەرەتاوە بەهۆی پاڵەپەستۆی نەفسە خورتە سەرکەشەکەیەوە ملی لە موویێك باریکتر بووە بۆ گرتنەبەری گەشتی دوور و درێژی خوێندن چونکە ئەو هێزەی وای کرد درێژە بە خوێندنەکەی بدات و دواتریش خێرا لە کۆیەی ترازاند هەر خۆی بوو لە پێشەوە ئۆقرەی لێ هەڵدەگرت لە ژیانێکی سەر کزەڵانەی هەژارانەی ناو قەوم و خوێش و ناسیاواندا. حاجی کە نەیدەویست لەبەر هەژاری و بێ دەستی بێتەوە کۆیێ، دوای هاتنەوەشی تەحەمولی نەکرد بە بێ دەسەڵاتی لە کۆیێ بمێنێتەوە، هەر خۆشی بوو زووتر بە بەهانەی خوێندن ماڵاوایی لە کۆیێ کرد. نەچوونی حاجی بۆ گەشت و گەڕانی خوێندن شتێك بوو دژی جۆشی هەناو و تەکانی نەفسی. کاتێك دەشیا حاجی

لە کۆیێ بمێنێتەوە ئەگەر ئەویش وەك خەلقی تر رازی بوویایە بەو لوقمەیەی قەدەر دەیخستە کەشکۆڵە شکاوەکەیەوە، وەیا لە سێبەری برا گەورەیێك و دەوڵەمەندێکدا نوێنی چاوچنۆکی و چاوشۆڕیی ڕایەخستبا و قسەی پانکە پانکەی چەور و لووسی لە دیوەخانانداا کردبایە و سەڵەواتی بۆ چاکە و سەدەقەی خێرەومەندان لێ دابایە. پوختەی قسەم لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر حاجی سەفەری خوێندنی دوور و درێژی نەگرتبایە بەر دەبوو جڵەوی نەفسە سەر ڕەقەکەی بەرەو دواوەی سروشتی خۆی بادابایەوە بۆ ناو شکەفتی (دابینبوون و قەناعەت و ملکەچی) لە کووچە خانوویێکدا بە دیار ژن و خێزانێکی هەناسەساردەوە دەستی لە ئەژنۆیان وەرهێنابایە. ئەویش وەك هەزاران بێ دەسەڵات و هەژاری کۆیێ بووبایە دڵۆپێکی بێ ڕەنگ و سەنگی دەریای بێ دەسەڵاتی و هەژاری، بەمەشدا هەر لە سەرەتاوە دەبوو بە نامزەدی بێ ناوی و نەناسراوی و هیچ لە دەست نەهاتوویی، واتە نابێ بڵێم ناوی لە مێژوو دەسڕایەوە چونکە ناوی نەدەبوو تاکو بسڕێتەوە. کەواتە گەشتی خوێندن تاکە یەك ڕێبازی ڕەفتاری ڕێز لە خۆگرتن بوو لە پێش حاجیدا چونکە هەموو ڕێبازێکی تر کە بە بیردا بێت چرا و بڵێسەی نەفسی حاجی قادری تێدا دەکوژایەوە، کەچی بەردەوام بوون لەسەر خوێندن بەدەم گەشت و گەڕانەوە لە دوو لاوە بارە شلۆقەکەی بۆ ڕاست دەکردەوە، یەکەم ڕاستکردنەوەی بارەکەی لەوەدا بوو کە ڕزگار بوو لە کوژانەوە. دووەم لەوەدا بوو کە خستییە سەر ڕوونبوونەوە بەو زانستانەی کە ئەوسا دەستی خوێندەواری پێ ڕادەگەیشت. ئەم ڕاستییانە کە بە لێکدانەوە بۆمان دەردەکەوت، لە هەموو هەنگاوێکی حاجی بەدی دەکرێن، بە نموونە دەڵێم دیتمان (لە بەرگی یەکەم) حاجی بە هاوڕێیایەتیی حاجی مەلا عەبەوڵڵا بۆ خوێندن چوونە باڵەکەتی، دوای پێنج ساڵان حاجی مەلا عەبدوڵڵامان لە کۆیێ دیتەوە ژنیشی بۆ هاتبوو کەچی حاجی جارێ تا (٤) ساڵی تریش لە کوردستانی ئێران خۆ بە خوێندنەوە خەریك دەکات، دیارە ئەگەر حاجی قادریش حاڵ و بارێکی گوزەران و دابینبوونی شك بردبایە ئەو شەڕە دوور و درێژەی بە خوێندن نەدەفرۆشت.

بەڵێ بێ گومان، گەشتی خوێندن بڕیاری جووتە عامیلی کاریگەری (نەفسی سەرکەشی حاجی و داخوازی دەوروبەر)ەکەی بوو، ئەو حاجییەی کە ئێمە دەیناسین، لەو ژیانە ناگزوورەدا کە باشی لێی شارەزاین، دەبوو چەند ساڵان خەریکی گەڕان و خوێندن بێ. مۆری چارەنووس لەو گەڕان و خوێندنەی حاجی قادر درابوو.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لایەنی تاو و تەئسیری گەڕانەکە لە ناو دەروونی حاجی بدۆزینەوە، ئەگەر چ تاو و تەئسیرێکی تایبەتی خۆی بێت لە ناو ئەو دەروونەدا. خوێنەر وا نەزانێ ئەم باسە نەفەسکورت و کەم مەودایە، هەر ئێستا دەبینێت، ئەگەر لە هەموو لایێکەوە پێوانە و کێشانەی لەگەڵدا بکرێت، ئەویش بایی خۆی چ گۆمێکە.

منیش نەڵێم لەخۆوە دیارە تاو و تەئسیری ڕووداو لە نەفس و دەروونی مرۆڤدا شوێن پەنجەیێکی بەرچاو وەیا نهێنی بەجێ دەهێڵێ لەوانەی دەتوانین پێیان بڵێین شوێن پەنجەی مەعنەوی نەك پاشماوەیێکی مادی کە دەست هەستی پێ دەکا وەیا گوێ دەیبستێ وەیا سەنگ و ڕەنگی هەیە. ڕووداو کە کار دەکاتەی سەر دەروونی مرۆڤ، لە حاڵی عادەتیدا، تین و تاوەکەی وەك گەرمایی خوێن وایە کە دەزانین هەیە بەڵام نادیترێت و سەنگ و پانایی و درێژاییی نییە. ڕووداو مریشك نییە تین و تاوەکەی وەك هێلکە بەدەست بگیرێت، هەر بۆیەشە ئەو تین و تاوەی لە ڕووداوێکی نەزانراوەوە مابێتەوە زۆر بەزەحمەت هەستی پێ دەکرێت لە حاڵێکدا ئەگەر ڕووداوەکە لەبەرچاوان ڕووی دابێت وەك ئەوەی کە یەکێك لە ترسان دەشێوێت و خەلق بە ترسەکەی دەزانن شێوانەکەشی دەبێتە شتێکی مەفهووم.

کە بمانەوێ شوێن پەنجەی گەشتی نۆ ساڵەی خوێندن لە نەفسی حاجیدا بدۆزینەوە دەبێ بگەڕێین لە ناو گوتە و شیعر و کردەوەکانی دەنگدانەوەی ببیەین وەیا دروشمی ببینین. ئەم بەدوادا گەڕانەی (دەنگدانەوە و دروشم)، سەرەڕای زەحمەتێکی کە تێیدایە وەك لە هەموو کارێکی عەقڵیدا هەیە جارێکی تریش بە زەحمەتتر دەکەوێ لەوەدا کە دەشێ تین و تاوی ڕووداو لە دەروونداا ئاکامی هێندە ورد و نهێنی پەیدا بکات کە هەست پێکردنی یەکجار ئەستەم بێ، وەیا کە بۆرە هەستیشی پێ کرا لەوانەبێ هەر بایی ئەوە بێ خاوەن هەستەکە خۆی بەشێوەیێکی لێڵ پێی بزانێت و نەتوانێ بەخەلقی ڕابگەیەنێت یاخود ئەگەر ڕاشی گەیاند پێیان بسەلمێنێت.

بەڕاستی زۆر جاران لە زیهنکاریدا مرۆڤ پێویستی بە ئالەتێکی زێدە هەستیاری پێزانین هەیە وەك ئالەتی (سیسمۆگراف) کە لەرزینەوەی زەوی تۆمار دەکات. جاری وەها هەیە لەرزینەوەکە ئەوەندە بێ هێزە کە ئەگەر دە جارانیشی بەهێزتر کەیت مرۆڤ بەبێ ئالەتی (سیسمۆگراف) هەستی پێ ناکات.

یەکێك لە نموونەی وردی و هیمایی و ناسکی و تەنکی ئەو تەرزە هەستەی کە

دەربـڕیـنـی وەیـا ڕاگـەیـانـدنـی بـۆ خـەلـق کـارێکـی ئـەسـتـەمـە، تـایـبـەتـیـێکـە لـە هـەنـدێ هـەڵبـەسـتی (نـالـی)دا کـە لـەوانـەیـە تـەنـهـا بـەر پـەنـجـەی هـۆش و زیـهـن بـکـەوێـت و نـەخـرێـتـە نـاو چـارچێـوەی وشـەوە. ئـەوەی ئێـسـتـا خـەریـکـم لێـرەدا بـۆ مـەبـەسـتی ڕوونـکـردنـەوە بـیـخـەمـە سـەر کـاغـەز، هـەرگـیـز لێـرە بـەپێـشـەوە ڕێـم بـەخـۆم نـەداوە بـیـخـەمـە بـەر گـوێـی گـوێـگـرەوە نـەوەك ئـەرکـەکـەم بـبـێـتـە مـانـدووبـوونـی بـێ سـوود وەیـا، لـەوەش زیـاتـر، گـوێـگـری پـێ گـومـانـاوی بـکـەم لـەوەدا ئـاخـۆ قـسـەکـانـم بـاسـی حـەقـیـقـەتـی نـاو بـەیـتـەکـە دەکـەن وەیـا هـەزەیـانـی دەروونـی خـۆمـە لـە بـەیـتـەکـەی بـەدەنـگ دەهـێـنـمـەوە. ئـەوەی ڕاسـتـیـش بـێ هـەمـان ترس لێـرەشـدا سـواری شـانـم دەبـێ چ لـە ئـاسـت بـەیـتـەکـەی نـالـیـدا بـێ و چ لـە ئـاسـت گـەشـتـەکـەی حـاجـی قـادردا بـێ چـونـکـە قـەڵـەم لـە زمـان ئـازاتـر نـییـە بـۆ نـەخـشـەکـێـشـانـی جـووڵـەی دەروون.

بـەیـتـەکـەی نـالـی زۆری بـەبـەرەوە هـەیـە تـا بـەتـەواوی ئـەو نـاسـکـی و هـێـمـاییـیـەی من مـەبـەسـتـمـە بـۆ بـەرچـاوی بـیـنـەر ئـاشـکـرا دەبـێـت، من لێـرەدا یـەکـجـار بـەکـورتـی لـەسـەری دەڕۆم. نـالـی دەڵـێ:

بـۆ شـەهـدی کـەلامـت کـە بـە ئـیـشـرابـی لـەطـافـەت
(لَذَّةْ) دەگـەیـێـنـێ بـەدڵ و دهـنـی مـوخـاطـەب

ڕاسـتـە واتـاکـەی ئـەمـەیـە: بـۆ هـەنـگـوینـی قـسـەت کـە بـە پـاراوکـردنـی نـازکـی، لـەزەت بـە دڵ و دهـنـی (دهـن = زار) ئـەو کـەسـەی قـسـەی لـەگـەڵـدا دەکـەیـت، دەگـەیـەنـێـت. کـەلام لـەزارەوە دەردێـت، کـە بـە نـازکـی پـاراو کـرا جـێـی خـۆیـەتـی تـامـەکـەی بـگـاتـە زاری یـەکـێـکـی تـر کـە ڕووی قـسـان لـەوە. دیـارە ئـاودانـی کـەلامـەکـە بـە نـازکـی وای لـێ دەکـا تـامـی بـگـاتـە زاری مـوخـاطـەب وەك ئـەوەی کـە لـێـوەکـانـی مـاچ کـردبـێـت. گـەیـشـتـنـی لـەزەتـەکـە بـە دڵ، کـە گـەیـشـتـنـێـکـی مـەعـنـەوی وەیـا لـەزەتـێـکـی مـەعـنـەوی بـێـت شـتـێـکـی عـادەتـییـە، بـەڵام دڵـیـش لـێـرەدا خـەریـکـە هـەسـتـی شـیـرنـاییـی ڕاسـتـەقـیـنـەی کـەلامـەکـە بـکـات نـەك هـەر خـۆشـییـە مـەعـنـەوییـەکـەی، بـەهـۆی ئـەو تـێـراوبـوونـەی بـەنـازکـی و لـەطـافـەت. ئـەگـەر لـە ڕێـی ئـەم واتـایـە بـەرفـرەوانـەدا خـۆت بـە بـەیـتـەکـەوە خـەریـك کـەیـت بـاشـتـر دەتـوانـی قـەنـاعـەت بـێـنـی بـە مـومـکـینـبـوونـی گـەیـشـتـنـی شـیـرنـاییـی هـەنـگـوینـەکـە بـە دڵـی مـوخـاطـەب لـە ئـاکـامـی تـێـکـەڵـبـوونـی لـەطـافـەت لـەگـەڵ هـەنـگـوینـەکـە. من لـەم قـسـانـەدا ڕێ بـۆ شـتـێـکـی تـر خـۆش دەکـەم کـە ئـەوم مـەبـەسـت بـوو لـە پـێـشـەکـیـی ڕوونـکـردنـەوەکـەمـدا. دەمـەوێ دەسـت بـۆ لایـەنـێـکـی هـێـمـاییـی واتـای بـەیـتـەکـە دڕێـژکـەم کـە دەزانـم زەحـمـەتـە بـەردەسـت بـکـەوێ

هەروەك گوتم زەحمەتە تین و تاوی گەشتەکەی حاجی بەر هەست بکەوێ. سرنج لە وشەی (لذةّ) بگرە کە پیتی (ذ) تێیدا گوشراوە و نیوەی وشەکە پێك دێنێت واتە دوو پیت لە چوار پیتی وشەی (لذةّ) ئەو (ذ)ەیە. ئەمەت لە بیر بێ.

ئەمجار سرنج لە هەنگوینی کەلام بگرە کەوا بەهۆی پاراوبوونی بە لەطافەت وەها شل دەبێتەوە خەریکە بەرەو مەعنەوییەت دەڕوات بەتایبەتی کە هەنگوینەکە هی (کلام)ە کەلامیش خۆی مادی نییە و مەعنەوییە. شەهد بە (دهن – زار) تام دەکرێ، بەڵام کە شەهدەکە هی کەلام بوو بەلەطافەتیش ئاودرابێ لێی دەوەشێتەوە بە (دڵ)یش تام بکرێ. ئەم جارەیان سەیرێکی وردی ئەم شێوەیە بکە کە مەبەسی بنجیمە لەم قسانەمدا:

شەهدی کەلام شل کرایەوە بە پاراوبوونی بە لەطافەت.

ئەم شەهدی کەلامەی پاراوکراو بە لەطافەت (لذة) دەگەیەنێ بە... دهنی موخاطەب. عیبارەتەکە (گەیاندن)ی تێدایە کە دەکا ڕاگوێستنی شت، لەمەوە ئەگەر لە وشەی (لذة)ەوە شتێکی قابیلی ڕاگوێستن ببەین بۆ (دهن) کە ئەویش پیتی (ذ)ە، وشەی (دهن) دەبێتە (ذهن) کە ئەویش وەك (دڵ) لە تامی مەعنەویی شەهدی کەلام سوود وەردەگرێت. بەمەدا، دڵ و دهن هەردووکیان وەك یەکتر لە تامی مادی و مەعنەویی شەهدی کەلام سوودمەند دەبن. واتا هێماییەکەی کە من مەبەستمە و دەزانم بە قسە و نووسین پێم دەرنابڕێ، ئەو وەرگەڕانە مەعنەوییەی وشەی (دهن)ە بۆ (ذهن) لە ڕێی پەڕینی نوقتەی (ذ) لە وشەی (لذةّ) ەوە بۆ لای پیتی (د) لە وشەی (دهن)دا.

ئەم جۆرە هێمای زێدە بزر و شرایەوە ناوناوە لە شیعر و رەمزدا، بەتایبەتی لە بەرهەمی سوریالیدا، پەیدا دەبێ و خوێنەریش وەك من بەسەریاندا کەوتووە کە ئیتر پێی ناوێ چی تری بەدوا بکەوم، هەر ئەوەندە دەخەمە سەر قسەکانم کە دۆزینەوەی تین و تاوی ڕووداو وەیا زەرفی تێپەڕیو لە هێمای کردە و گوتەی خاوەن تەجرەبەدا یەکجار زەحمەتترە لە زانینی هێمای شیعر و پەیکەر و هەموو ئەو شتە زەحمەتانەی حازرن لەبەر دەستدا و لێك دەدرێنەوە. من لە هێنانەوەی نموونەی شیعری نالی مەبەستم بەرچاوخستنی زەحمەتی ئەو کارەی نهێنی دۆزینەوە بوو کە دەشزانم خوتخوتەی دڵم ئەوە نەبوو لە شیکردنەوەی بەیتەکەدا خستمە سەر کاغەز لەگەڵ ئەمەشدا دۆزینەوەی تەئسیری گەشتەکەی حاجی لە دەروون و ویژدانی حاجیدا گەلێك

لە زانینی هێمای ئەو بەیتە ئەستەمترە.

هەر چۆنێك بێ و چەندێكیش زەحمەت بێ پێویستە ئەم لایەنە باس بكرێت و لێی بكۆڵرێتەوە، وەك من لێرەدا خەریكی دەبم، دووریش نابینم لێكدانەوەكانی من یەكێكی تری وەك خۆشم بخاتە سەر ئەو تەرزە رێبازەی زیهنكارییەوە لە مەیدانی وەك ئەم مەیدانەدا، ئەگەر ئەمە رووبدات ئاكامێكی خۆش و سوودمەندی حیساب بۆ نەكراو لە كارەكەی منەوە دێتە ناو خەرمانی ڕۆشنبیریمانەوە.

تاو و تەئسیری گەشتەكە هەندێ ئاكامی ئاشكرای هەیە لەوانەی بێ لێوردبوونەوەی بە ئەرك مەیلەو بەخێرایی دێنە ناو حیسابەوە.

خوێندنەوەیێكی سەرپێیی دیوانەكەی حاجی، لێرە و لەوێ، گەلێك دەنگدانەوەی ئەو گەشتە دەخاتە گوێی گوێگرەوە. لە دوو بەشی یەكەم و دووەمی ئەم نووسینەدا ناوناوە بەپێی داخوازی جێگە نموونەی شیعری حاجی هێنراونەوە كە زادەی گەشتەكەن واتە ئەگەر گەشتەكە نەبوویایە ئەو نموونانەش نەدەبوون بەخۆیان و ڕاگەیاندنەكانیانەوە. یەكێك لەو نموونانە ئەو چەند بەیتە بوو كە ناوی سێ شاعیری جەربەزەیان تێدا هاتووە (مەلكەقۆڕ، حیماری، كیسە شكەل). لە بەشی دووەمدا، بەپێی توانا، بۆ خوێنەرم روون كردووەتەوە كە ئەگەر هاوڕێیی خوێندن و وەفاداری بۆ ئەو هاوڕێیەتییە لە نێواندا نەبوویایە ڕەنگ بوو حاجی قادر وا بەڕاشكاوی پێیدا هەڵنەگوتبانایە لە حاڵێكدا ئەو لەو بەیتانەدا دان بە بێ عاری و بەدناوییاندا دێنێت. بۆ مەبەستی بیرخستنەوە لێرەدا بەیتەكان دەنووسمەوە شتێكی تازەشیان لێ هەڵدێنجم كە پێوەندیی بەم باسەی ئێرەوە هەیە:

مەلكە قۆڕ و حیماری كیسە شكەل
(قس من اسمائهم ولا تسئل)

شیعریان جوانە بەس نییە كوردن
گەرچی بەدناون و گەلێ وردن

بەفیدایان دەكەم صەد (ابن یمین)
چونكە دەربەستی غیرەتی كوردین

لە بەشی دووەمدا گوتوومە حاجی لەم لە سەركردنەوەیەدا سەرەڕای (دەربەست

بوونی غیرەتی کوردی) هاوڕێیی و وەفاداریشی ڕەچاو کردووە. لێرەدا دەڵێم ئەم دەربەستبوونەی غیرەتی کوردی کە دەیکاتە بنگەی لەسەرکردنەوەیان، شتێکە حاجی قادر لە کاتی بەیەکەوە خوێندنی باڵەکەتییان لەوانی دیتووە، شتەکەش بێگومان لە پێش هەموو شتێکدا هەڵبەستنی شیعرە بە کوردی، بەڵام وا دەزانم بەولای شیعری کوردییەوە ڕفتاری ئەوتۆشی لێ دیتوون کە دواتر لە کاتی پیری و یادکردنەوەدا بۆیانی بە دەربەستبوونی غیرەتی کوردی حیساب بکات، ئیتر ئەم ڕفتارە چی دەبێ با ببێ. هەرچەند ناتوانم بڕیار بدەم ڕەفتارەکە چییە، بەڵام دوور نابینم حاجی دیتبێتی مەلکە و هاوڕێکانی لەگەڵ پیاوی میریدا (عوسمانلی یاخود ئێرانی) بە سەربەستی و نەترساوی قسەیان کردبێت و وەرامیان دابێتەوە وەیا مووچە و بەراتی وانیان ڕەفز کردبێت، وەیا لەکاتی (میر میرانێ)دا[1] ئەو فەرمانبەرانەشیان وەك خەلقی تر بەر تەکلیف خستبێت. من کە ئەمە دەڵێم لەوەوەیە کەوا حاجی پتر مێشك زاخاودراوی ناو و شیعری ئەم شاعیرانەیە لە کاتی خوێندنەکەی باڵەکاتییەوە نەك ئەو شیعرەی دواتر لەوانەوە گەیشتووەتە ئەستەمبوڵ چونکە بڕوا ناکەم شیعری ئەوان وەك هی کوردی و شێخ ڕەزا و سالم بەسەر زاراوانەوە یاخود لە ڕێی نووسینی دەستاودەستەوە بەرەو وڵاتی دوور بڕوات. بەڵگەی ئەم گوتەیەشم فۆتانی هەموو شیعری ئەم تاقمە شاعیرەیە تا دەبینین لەم ڕۆژگارەدا، نەك هەر شیعریان بگرە ناویشیان لەبیران چووەتەوە. خۆ ئەگەر حاجی پاراستنێکی ناوەکانی نەکردبانایە و ئەم نووسینەش بەدوا حاجیدا شوێنپێی ئەوی ئاوەدان نەکردبوویایە بێگومان هیچیان لێ نەدەپارێزرا. خولاسە گومان نییە لەوەدا کە ئەم چەند شیعرە و لەسەرکردنەوەیێکی تێیاندایە بەرهەمی ڕاستەوخۆی خوێندنەکەی حاجی قادرە لە باڵەکەتی. وەك ئەم بابەتەی (مەلکە) و هاوڕێکانی گەلێکی تریش هەن لە دیوانی حاجیدا کە ئەگەر گەشتەکەی نەکردبوویایە نەدەبوون. ئەم چەند دانەیەی خوارەوە هەندێکن لە زنجیرە ئاڵقەیێکی وەك خۆیان کە لە دیوانەکەیدا دێنە بەرچاو:

١- قەصیدەکەی (گوڵێ) لە دەشتی لاجان.

٢- بەشێکی زۆر بایەخداری بەهارییەکەی کە وەصفی ژیانی ژێر ڕەشماڵ و کۆچەری و ئاژەڵداری و ڕاو و دەشت و دەری تێدایە.

---

(١) (میرمێرانێ) لە بەشی دووەمی (حاجی قادری کۆیی)دا بە درێژی باس کراوە.

٣- ناوی ئەو شوێن و جێگا و هەوار و شاخ و دۆڵانەی تێیاندا ژیاوە وەیا پێیاندا ڕابردووە و لە شیعرەکانی باسی کردوون.

٤- شارەزابوون بە گەلێك شیوە ئاخاوتنی نێوان هۆزەکانی کوردی کوردستانی عیراق و ئێران کەوا ناوناوە، وەك شوێن پەنجە، لە هەندێ هەڵبەستدا شەقڵی خۆی بەجێ هێشتووە:

بەدرخانیو لەسەر لاچێ لەمەوپاش
لــە هەرلایێ دەتانهارن وەکو ئاش

دەبینیت حاجی لەجیاتی (بەدرخان - تان) کە شێوە ئاخاوتنی کۆیە و سلێمانی و گەلێك جێگەی تری کوردستانی ژێرووە (بەدرخانی و)ی بەکار هێناوە کە شێوە ئاخاوتنی بەشێکی کوردی دێنشینی کوردستانی عیراق و ئێرانە بەتایبەتی ئەو ناوچانەی حاجی گەشتی تێدا کردووە.

٥- جگە لەو دەنگدانەوەی گەشتەکەی لە هەندێك بەیتی دیوانەکەیدا، لە گەلێك پەڕاوێزە دەستنووسەکانی حاجی بەسەر کتێبی سیوطیشەوە دەنگ و صەدای گەشتەکە دەبیسترێت و دەدیترێت وەك ئەو دوو بەیتەی کە بە فارسی داینناوە لە شکایەتی غەریبی و عەزابی بەسەر حەسیرەوە نووستن و بێ خەوی و برسیەتی:

یــا رب بـکـرم بـجـای طـاعت از مـن
این کوشش و این سعی دمادم بپذیر

و این گرسنگی و غربت و بیخابی
فـرسودن پـهـلـوان بـبـالای حسیـر

وەیا ئەم چوارینەیەی[1] کوردی کە لە سەفەرێکی بەرەو (بێتووش)ی داناوە:

سەفــەرێکــە سەفــەی راهــڕەوی بــێ تووشە
خاسەتەن ئەم سەفەری بەدئەثەری بێ تووشە

بەدرەقەی دێگە ئەگەر خضری نەبی بێ تووشە
کـافـیـە کـافـیـە کـوا مەنزیلی مـن بـێتـووشە

(١) حاجی چوارینەکەی بە مەرەکەبی رەش نووسیوە، لە ژێر هەر وشەیێکی قافیەکانیش واتای وشەکەی بە مەرەکەبی سوور نووسیوە، لە ئاست یەکەم وشەی قافیەکەدا نووسیویەتی (زاد) لە هی دووەم (سواك) لە هی سێیەم (صعب) لە هی چوارەم (قریة).

ئەم چوارینەیە لێرە بەپێشەوە جارێکیان لە گۆڤارێکی کوردی بەغدا بڵاوکراوە و زۆر هەڵەی گەورەی تێ کەوتبوو وەك ئەوەی لە جێگەی (بد أثر) وشەی (بەلاش) دانرابوو، چی لێرەدا من بەڕێنووسی نوێی کوردیم نووسی خوێندنەوەی ڕاست و دروستی چوارینەکەیە وەك کە حاجی بەدەستی خۆی لە لاپەڕەیێکی کتێبەکەی سیوطی نووسیوەتەوە بەشێوە نووسینی ئەوسای کوردی.

کە بمانەوێ بگەڕێین بەدوا شوێن پەنجەی گەشت و گەڕانەکە لەو هێندە میراتە نووسراوەی حاجی کە بۆمان ماوەتەوە، بەسەر گەلێك شتی تریشدا دەکەوین و بەدوا یەکتردا زنجیرە دەبەستن لەم نووسینەدا، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە دۆزینەوەی تاو و تەئسیری دەروونی و مەعنەویی گەشتەکەیە لە ویژادنی حاجیدا کە دەبێتە یەکێك لەماکە پێکهێنەرەکانی (کەسایەتی)ی حاجی، ئەو کەسایەتییەی کە کوردایەتی و نیشتمانپەرستی ناوەڕۆکە هەرە گەورەکە و هەرە نرخدارەکەیەتی. من دەمەوێ بە پەنجەی هەست و پێزانین، لە ڕێی دەمارە مەوهوومەکانی گیانەوە سفت و سۆی ئەو دەستە چیلەیە لە بورکانی جۆش و خرۆشی جودا بکەمەوە کەوا بەر گەشت و گەڕانەکە دەکەوێت و بتوانم بڵێم ئەم کڵپەیە و ئەم بڵێسەیە ماڵی حەڵاڵی چیلکە و گزرەی مەعنەویی ڕاتبێ ڕەحمەتو لێ بێ و دەرکا و دەرك گەڕانی باڵەکەتی و بێتووش و سەردەشت و لاجان و سابڵاغ و بانەیە.

ئەم کارە، هەرچەند تارماییشی وەك سەراب لەبەرچاوان بێ، کارێکی ئاسان نییە، چونکە گرتن و دەردەستکردنی شتی سەرابی مەگەر بەخەیاڵ و خەون بکرێ دەنا مەعلوومە ناکرێ خۆ دیارە نووسین و لێکۆڵینەوەش نە خەونە نە خەیاڵ.

ڕەنگە لەم خۆهێنان و بردنەی تا ئێستا کردوومە و چەندین لاپەڕەم پێ ڕەش کردەوە و فکرم بەم لا و بەولادا گێڕا، لە پێشەکییەکی سەرەتایی و سەراسۆییکردنێکی ناتەواو بە دەوری مەبەست بەولاوە چیترم جێبەجێ نەکردبێ، بەڵام وا دەزانم تێکڕای قسەکان زیهن ئامادە دەکەن بۆ تێوەڕامان و سرنج گرتن و خۆ دانووساندن. بەدوای ئەم ڕووپەڕانەدا خوێنەر دەزانێ لە پشت پەردەی ئەنجامە بەرچاوەکانی گەشت و گەڕانەکەدا شتی تریش هەن کە بەرهەست و بەردەست نین بەڵام ئەو بێ بایەخەش نین پشتگوێ بخرێن، ئیتر دەبێ بە فکر و خەیاڵ و لێکدانەوە بۆیان بچین.

لێرە بەپێشەوە، تا ڕادەیێك بەدوا ئەنجامەکانی دوشمنایەتیی شێخ نەبی و حاجی

قادردا گەڕاین و ویستمان جێگەی لەبار بۆ ئەو دوشمنایەتییە لە نەفس و ویژدانی حاجیدا دیارخەین، وابوو لە پاش پێوە خەریکبوونێکی زیهن ڕاهێنانەدا، تەواوکردنی باسەکەمان هەڵگرت بۆ جێگەیێکی مناسبتر هەر لەم نووسینەدا.

هەروەك چەند لایەنێکی ئەو دژایەتییەمان باس کرد، هەروەها هەندێك شوێن پەنجەی گەشتەکەشمان لە دیوانی حاجی و حاشیەکانی بەسەر کتێبەکەی سیوطییەوە دۆزییەوە، ماوەتەوە ئاکامە هەرە گرینگەکەی کە گوتم بەر هەستی سادە ناکەوێ. لێرەدا بەرلەوەی رووبەڕووی ئەو لێکۆڵینەوەیە ببین، تێبینییێکی مام ناوەنجی هەیە کەوا نە زۆر بەرهەستە و نە ئەو ئاکامەیشە کە دەڵێم تەنها بە تصور دەزانرێت، ئەم تێبینییە دێتە ناو باسەوە ئەویش پاڵێك بە خەیاڵمانەوەی دەنێت بۆ ناو تاریکایی و نهێنی جغز بەستوو بەدەوری مەوزووعەوە.

حاجی قادر لەم مانەوەیەی دوور و درێژ و گەشت و گەڕانی پان و بەرین لە کوردستانی ئێراندا بۆی ڕێك کەوت بەچاوی خۆی شێواز و ڕێبازی فەرمانفەرمایی و حوکمڕانیی دەستەودایەرەی شای عەجەمی بنەماڵەی قاجاری ببینێت و تێی بگات و لێی ببێتەوە. هەرچی جەردەیی و بێ ڕەحمی و زۆر و ستەمی ئەو ڕژێمەیە هەبوو بۆ ماوەی چەندین ساڵ وەك چیرۆکی تەمسیلی لەسەر شانۆی دێ و شارەکانی کوردستانی ئێراندا لەبەرچاو و دەست و هەستی حاجی ڕۆژ بەڕۆژ دووبارە دەبووەوە و جار بەجار نەقشبەستووتر دەبوو لە دەروونە قێژ هەڵستاوەکەیدا. بەڕادەی ئاشکرابوونی ستەم و نارەوایی و جەردەیی کارەکانی عەجەمی قاجاری، بێ هێزی و خۆیڕیەتی و پووچەڵی و بێگەنیەتیی ڕژێمەکەش ئاشکرا دەبوو و نرخە کەمە بێ بایەخەکەشی لەبەرچاوی حاجی قادردا بەرەو ئیفلاس دەڕۆیشت. من دوور نابینم یەکێك لەو هۆیە بنجییانەی وای لە حاجی کرد حوکمی میرەکانی کورد مەدح بکات و لە مەیدانی هێرشبردنە سەر شەعبەدەدا ئەو حوکمانە بە پێڕەویکەری شەرع و حەق دابنێت و بەمانیعی شەعبەدەیان لە قەڵەم بدات، چەپەڵیی حوکمی قاجارییەکان بووبێت کە لە تەرازووی موقارەنەدا پاکی و پیوریتانیزمی حوکمی ئەمیرەکانی کوردی ئیسپات دەکرد چونکە گەلێك جاران بڕیاری مرۆڤ بەسەر شتێکدا لە ڕێی بەراوردکردنی ئەو شتە لەگەڵ شتی وەك خۆیدا یا بە چاك یا بە خراپی دادەنێت واتە ناشیرنیی ئەمیان جوانیی ئەویان دەردەخات (والضد یظهر حسنة الضد).

ئەمانە بەلایێکدا، لە لایێکی تریشەوە:

دەنگ و ناوی فارس لەبەر گوێی کوردێکی کوردستانی عیراقدا کە بۆ خۆی وڵاتەکە و جۆری حوکمەکەی نەدیتبێت وەیا لە نێزیکەوە ئاگاداری نەبێت، هەر ئەو دەنگ و ناوە خۆش و زرینگەدارە دەبێ کە لە ئەفسانە ئێسك سووکەکانی ئەسکەندەرنامە و مەلیك ئەرسەلان و شانامە و گولستان و بۆستان و دیوان و کتێبە ئەدەبییەکان و ناوی شاعیرە مەزنەکانی فارسییەوە هەڵدەستێتەوە و دڵ و دەروونی گوێگر و خوێنەرەوە بۆخۆی ڕادەکێشێت و بە خۆشەویستیی خۆی زاخاویان دەدات. من وا دەزانم ئەم ڕاستییەیە وای لە شێخ ڕەزای تاڵەبانی کردووە کە لە نامەیێکی بۆ حاجی مەلا عەبدوڵڵا ئەمە بڵێ:

میرود شعر من و علم جهانگیر شما
هر دو بی فایده تا جای اقامت رومست

واتە، شیعری من و عیلمی جیهانگیری ئێوە بە فیڕۆ دەڕۆن هەتا جێگەی نشیمەنمان ڕۆم بێت. مەبەستیش لە ڕۆم تورکی عوسمانلییە. دیارە شێخ ڕەزا لەم بەیتەیدا وڵاتی فارسی لە نەزەردا بووە وەك جێگەی لەبار بۆ بەسەربردن، چونکە هەموو ئەو وڵاتانەی تری مسڵمان کە لەوانە بووبن شێخ ڕەزا خەیاڵی تێدا ژیانیان لێ بکاتەوە لەبەردەستی تورکی عوسمانلی بووە. دیارە ئاورینگی ناو و شیعر و ئەدەبی شاعیر و ئەدیبە نەمرەکانی فارس وەك خەرمانە بەدەوری وڵاتی فارسەوە جلوەی بەستووە لەبەرچاوی تصوری شێخ ڕەزادا ، لەوانە بوو ئەگەر وەك حاجی قادر تەجرەبەیێکی چەند ساڵەی زوڵم و زۆری قاجارییەکانی کردبایە شتێکی تری بە خەیاڵدا هاتبایە.

هەر ئەو بێ تەجرەبەییە بوو جارێکیان شێخ ڕەزای بۆ لای مامی هێنا کۆیێ و یەکجار بە پەشێمانی گەڕاوە بۆ کەرکووك.

هەموومان، لەوانەی شتێك ئاگاداری مێژووی نێزیکی ڕۆشنبیریی کوردی عیراق و تورکیاین، دەزانین زمان و ئەدەبی فارسی بەلای ئەدیبی کوردی ئەو دوو پارچەی کوردستانەوە لە هەموو زمان و ئەدەبێك باوتر و شیرنتر و ئاشناتر بوو هەرچەند کوردەکە خۆی لەبەردەست و لە ژێر تاوی تورك و زمانی تورکیشدا دەژیا. ڕێی تێ دەچێ خزمایەتیی نێوان زمانی کوردی و فارسی دەخلێکی هەبووبێ لەم حەز پێکردنەدا، بەڵام بەتەنها خزمایەتییەکە نەیدەتوانی بەسەر تاو و تەئسیری زمان و ئەدەبی تورکی فەرمانڕەوادا زاڵ بێت ئەگەر زمان و ئەدەبی فارسی خۆی لە خۆیدا

لەبەر هەستی ئەدیبی کورددا شیرین و نرخدار نەبوویایە. تۆ سەیری ئەوە بکە کەوا زوربەی شیعر و نووسینی کوردەکانی عیراق نەك هەر تورکی نەبوو بەڵکو کوردیش نەبوو فارسی بوو. ئەگەر خزمایەتیی کوردی لەگەڵ فارسیدا خۆی بە تەنها هۆی زاڵبوونی فارسی بوویایە بەسەر تورکیدا، دەبوو زمانە ئەسڵییەکە کە کوردییە بەسەر هەردووکاندا زاڵ بوویایە. ڕێ چۆڵکردنی کوردی بۆ تورکی جێی سەیر پێ هاتن نەدەبوو چونکە زمانی تورکی، چ قسەکردنی چ نووسینی، بەتایبەتیش نووسینی، زمانی حکومەت و هۆی گوزەران و ئامێری خوێندنی فێرگەکان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکان و چاپەمەنییەکان بووە لە حاڵێکدا وەك دەزانین زمانی کوردی نە نانی پەیدا کردووە نە دڵسۆزێکی دەسەڵاتداری هەبووە نە لە نێو بازاڕی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتدا کڕیاری هەبووە، بەڵام لە ئاست فارسیدا ئەم بەهانەیەی دەسەڵات و بێ دەسەڵاتی و نان پەیداکردن و نەکردنە دەڕەوێتەوە و نایەتە حیسابەوە چونکە لە کوردستانی دەرەوەی ئێراندا فارسیش نانی پەیدا نەکردووە و پەکی ئیشانیشی لەسەرنەکەوتووە تاکو لە نووسیندا جێ بە کوردی لەق بکات و خۆی بەسەر قەڵەمی ئەدیبانی کورددا بسەپێنێ. دیارە شیرینی و پاراویی زمان و ئەدەبی فارسی هۆی هەرە گەورەی ئەم خەریکبوونەی کوردی دەرەوەی ئێران بووە بە فارسییەوە. تەنانەت لێرەدا موقارەنەیێکی زمانی فارسی لەگەڵ یۆنانی وەیا لاتینی سەرلەنوێ ئەم بۆچوونە بەهێزتر دەکات چونکە بەکارهێنانی ئەم دوو زمانە لە لایەن غەیری میللەتەکەیانەوە لەوەوە بووە کە زمانی زانست و (منطق) و هونەر بووە، لە حاڵێکدا بە نیسبەت کوردەوە عەرەبی زمانی زانست و ئاین بووە نەك فارسی کەچی عەرەبی ئەو بڕەوەی نەبووە کە فارسی هەیبووە نە لە ئەدەبدا نە لە ئاخاوتندا. عەرەبی زمانی ئاین و زانستەکانی مزگەوت و مەلایەتی بووە و بەس.

پەندی فارسی دەڵێ:

(شنیدن کی بود مانند دیدن)

واتە کەی بیستن وەك دیتن بووە! هەر بەو پێیەش تەجرەبەی حاجی لە سایەنشینیی حوکمی قاجاری ئەو دیتنە بووە کە پەکی بیستنی خستووە و خۆی بە تەنها بووەتە هێوێنی بیروباوەڕێك کە حاجی لەبارەی ئەو حوکمەی پەیدا کردووە، شیرینی و پاراویی زمان و ئەدەبی فارسی و ئەفسانەکانیشی بوونەتە نرخێکی جوانەکی (جمالی)ی سادە و ڕووت لە زەوق و دەروونی حاجیدا کە چ دەخڵێکی نەماوە بەسەر

جۆری تێوەڕامانی حاجی لە حوکمی قاجارەکان، ئەو تێوەڕامانەی کە ئەگەر دوور بە دووری بوویایە لەوانەبوو تەمومژێکی قودسیەتی لێ نیشتبا وەك ئەو خۆشییەی لە دەنگی دەهۆڵی دوورەوە دەکەوێتە بەر گوێی بیسەرەوە، سەرەڕای زرینگە و تریفەی ئەدەب و ئەفسانە و زمانە شیرنەکە ئەوانیش بێ گومان لەلای خۆیانەوە مشتومالێکی قودسیەتەکە دەدەن، بە زیادیشەوە نەك بە کەمەوە. دیتن و شارەزابوونی حاجی، کە تەجرەبەی شەخسین لە مەیدانی ناسینەوەی ئاکارە دزێوەکانی ستەم و زۆر و چەپەڵیی کاربەدەستانی عەجەم لە سایەی حوکمی قاجارەکاندا، وەك دیتمان ئەنجامی ڕاستەوخۆی گەشتەکە بوون و سەریان کێشاوە بۆ سەر ئیفلاسیی هەموو جۆرە رێز و باوەڕ پێکردن و بایەخ پێدانێکی ئەو حوکمە لە دڵ و ویژدانی حاجی قادردا. ئەم ئیفلاسە مەعنەوییەی فەرمانڕەوایی و حوکمی قاجارەکان بەلای قەناعەتی حاجی قادرەوە بوو بە تەواوکەری موعادەلە گەورەکەی (ئیفلاسی حوکم) لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ئێسلامدا لەو ڕووەوە کەوا کەرتە گەورەکەی تری موعادەلەکە (عوسمانلی – بێ) ئەویش وەك کەرتی عەجەمی قاجار، لەبەر چاوی حاجیدا ئیفلاسی کردبوو. عەجەم و ڕۆم کە جووتە هێزی حوکمی ئیسلام بوون لە ڕۆژهەڵاتدا بە جووتەش زاڵ بوون بەسەر چارەنووسی کورددا، بایی ئانەیێك نرخی مەعنەوییان پێوە نەمابوو لەبەر هەست و ئیدراکی حاجی قادردا.

دەزانین حاجی لە سەرەتای ژیانیەوە، ساڵەها بەر لەچوونی بۆ ژێر زەبری حوکمی قاجار، ستەمی تورکەکانی عوسمانلیی دیتبوو و تێی گەیشتبوو، کە چووشە ئەستەمبۆڵ تین و تاوی بەدئەسەری ئەم ستەم و ناپەسندییە پتر گیانی حاجیی هەژاند و بەرەو قێز لێکردنی برد. ئەم دڕدۆنگییەی حاجی لە تورکانی عوسمانلی خۆی لە خۆیدا هاندەرێکی حاجی بوو بێ ئەوە هەستی کوردایەتی و پەرۆش بۆ مافخوراویی کورد بەدەست عوسمانلییانەوە، جارێ چ تەدەخولێکی کردبێ لە میزاجی شەخسی وەیا لە قەناعەتی حاجی هەر وەك دەزانین هەستی کوردایەتی چ تەدەخولی نەبوو لە دوشمنایەتیی حاجی بەرانبەر شەعبەدە و تەڵەکەبازی لەو ڕووەوە کە ئەو بەر لە پژانی هەستی نەتەوایەتی دژی شەعبەدە بوو.

لەم گوتەیەمدا هەر لێکدانەوەی (مادی) ناکەم بە بنگەی بۆچوونەکانم، وێڕای لێکدانەوە هەموو کەلەپووری حاجی قادریش کە بە ئێمە گەیشتووە دەکەم بە شایەد و بەریوان. سەرانسەری قۆناغەکانی عومری حاجی بەر لە گەیشتنی بە پلەی بیری

کوردایەتی بپشکنەوە و هەموو گوتە و کردەکانی باوێژە ژێر تیشکی سرنجگرتن و وردبوونەوەوە، تاکە یەك وشە و یەك جوولەی حاجی نادۆزیتەوە پەنجە ڕاکێشێ بۆ ئەوەی ڕێزی لە تورکانی عوسمانلی نابێ وەیا لێیان رازی بووبێ، چ سەیرێکیش لەوەدا نییە چونکە ئەو حاجی قادرەی دەیناسین بە خۆی و نەفسە زلە لەخۆڕازییەکەیەوە کە شەڕی بێ وچانی پێ دەکرد لەگەڵ شەعبەدە و کاری بەددا هەرگیز لێی چاوەڕوان ناکرێت سروشتی خۆی لەبیر بچێتەوە و بکەوێتە سەر باری ڕازیبوون وەیا ڕا لێبوون لەو ستەمەی کاربەدەستانی عوسمانلی کردوویانە لە کوردستاندا بە درێژاییی ڕۆژانی حوکمڕانییان، ستەمەکەش لەوەدا نەبووە چاوی حاجی نەیدیتبێت وەیا بەر هەستی فطریی حەز لە ستەم نەکردنی نەکەوتبێ. لەبەر ئەمە بێ گومان حاجی قادر بەدیتن و چێشتنی تامە ناخۆشەکەی حوکمی قاجار موعادەلە دوولایەنەکەی (لەبەرچاوکەوتنی جووتە حوکمی ئیسلام)ی ئەو سەردەمەی بۆ تەواو کراوە و لە هەردووکیان بێ ئومێد و بێزار بووە.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کە ڕاستیێکی ئاشکرایە، بۆ ئەوەی لە هیچ هەنگاوێکی فکریماندا تەلەزگە نەبەستین پێویستە یەك دوو تێبینیی کاریگەر و بە ئەنجام لە هەڵوەستی حاجی بەرانبەر بە ستەمی تورکی عوسمانلی بێنینە ناو لێکدانەوەوە نەوەك بۆچوونەکانمان لە واقیع بترازێن و ببنە باڵەفڕەی خەیاڵی، چونکە هەموو دووركەوتنەوەیێك لە واقیعی ڕاستەقینە نێزیك بوونەوەیە لە وشکەمەلەی فکری.

تێبینیی یەکەم، کە تێکەڵ بە تێبینیی دووەم دەبێتەوە، ئەوەیە کەوا حاجی قادر لە سەرەتاکانی پێگەییشتنیدا سایەنشینی حوکمی تورکان بوو نەك لە تەمەنی کامڵیدا، چونکە وەك لە بەشی یەکەم و دووەمی ئەم نووسینە بۆمان دەرکەوت، گەشتەکەی حاجی بەرەو باڵەکەتی و کوردستانی ئێران لە دەوروبەری ساڵی (١٢٧٠)ی کۆچی دەستی پێ کردووە کە ئەوسا تەمەنی (٣٠) ساڵەیی بووە. ئەم تەمەنەی حاجی قادر ئەگەر بیخەینە بەر تیشکی ڕاستییە ناخۆشەکانی دامان بە دەستی هەژاری و بێ کەسی و کولەمەرگی و خوێندنی پچڕ پچڕ و درەنگەکاتەوە، کە زووتر لەم نووسینەدا ساغ کراوەتەوە، دەردەکەوێ تەمەنەکە ئەوەندەی بەبەرەوە نەبووە لە تەجرەبەی ستەم و زۆری تورکەکان فکرەیێکی روون و پوخت هەڵێنجێت و بیکات بە باوەڕێکی پتەو و مەحکەمی ئەوتۆ کە لە کردە و گوتەی ئەو دەمەیدا دووبارە ببێتەوە و تیشك بداتەوە. هەڵێنجانی فکرە و فەلسەفە، بەلای باوەڕی منەوە، لەگەڵ کوێرەوەری و هەژاری و

داماوییەوە ڕێك ناكەوێت تا ئەو ڕادەیەی چاوەڕوان بكەین لە زووێكەوە بەدەم نەداریيەوە فەلسەفە پێك بێت مەگەر مامۆستایەك لەلاوە بێت و لەو زەرفە ناخۆشەدا هەستی هەژارەكە ببزێوێت و بەرەو بیركردنەوە و لێكدانەوەی ببات كە دەزانین ئەمە شتێكە بۆ حاجی قادری روونەداوە چونكە كەسمان پێ شك نایەت لەو ڕۆژگارەدا دەرسی كۆمەڵایەتی و ڕامیاریی بە حاجی گوتبێت. لە حاڵی وەهادا بەتایبەتی كە خەرمانەی قودسیەت بەدەوری ناو و عینوانی خەلافەتەوە نیكای نارەزا و رەخنەگر لێڵ بكات، هەرئەوەندە چاوەڕوان دەكرێ لە یەكێكی بە سروشت نارەزای وەك حاجی قادر، كە گەلاڵەی هەستی رق هەڵگرتن لە دڵدا پێكەوە بنێت و خڵتەی قێز هەڵستان بنیشێتە هۆشی ونیەوە[1] تاكو لە دوارۆژدا باوەڕێكی مەحكەمی لەسەر هەڵستێنێت. ئەو هێندە دڕدۆنگییە لا شعورییەی كە ناگاتە پێكەوەنانی باوەڕ و قەناعەت بایی ئەوەندەی كردووە نەهێڵێ ڕۆژەك لە ڕۆژان یەك وشەی لێ ڕازیبوون بەزاری حاجیدا بێت، لەوە گەڕێ مەدح و پێدا هەڵگوتنی كردبێ، لە ئاست تورکاندا، كە ئەمەش ڕاستیێكە دەبێ بێتە ناو حیسابی هەڵوەستی حاجییەوە بەرانبەر عوسمانلییەكان بەتایبەتی كە بخرێتە بەر تیشكی تێبینیی دووەمەوە، كە هەر ئێستا بەسەریدا دەكەوین.

تێبینیی دووەم ئەوەیە، حاجی لە پلەی دوای بەسەرچوونی پلە سەرەتاییەكەی ژیانیشیدا بۆی ڕێك نەكەوت بە چاكی و بە تەواوی روەوڕووی زۆر و ستەمی حوكمی عوسمانلی بێت، ئەو رووبەڕووبوونەوەی وەك بەردی بناغە وایە بۆ پێكهێنانی فكرە و فەلسەفە لە پێوەندییەكانی كۆمەڵایەتیدا. ئەو چەند ساڵەی حاجی خەریكی خوێندن بوو لە باڵەكەتی، بەهۆی ئەوەوە كە هەمیشە لە جێگەی دوورەدەستی دەسەڵات و ستەمی حكوومەت بەسەری دەبرد لەوانە نەبووە دووچاری تەجرەبەی ڕۆژانەی تاڵ و تفتی تێك هەڵەنگووتن لەگەڵ جەندرمە و جەردەی پیاوانی حكوومەت بكات. جگە لەو لایەنەی دوور بوون لە دەسەڵاتی یەكسەرە و نێزیكی حكوومەت، حاجی قادر، لە دوولایەنی تریشەوە لە زۆر و ستەمی عوسمانلییەكان چەپارە دەدرا، یەكەمیان بەهۆی ئەوەوە كە حاجی فەقێیەكی مزگەوت بوو بەعادەتیش مەلا و فەقێی مزگەوت درەنگتر لە خەلق و جێگەی تر دەكەونە بەر زۆر و زەبروزەنگی دەسەڵاتدارە بێ رەحمەكانی میرییەوە. دووەمیان بەهۆی ئەوەوە كە حاجی قادر خاوەنی هیچ ماڵ و بەرژەوەندێكی دنیایی نەبووە، وەك خەڵقی تر، زەرەروزیانی بەرتیلدان و ماڵ داگیركران سات بەسات

(١) هۆشی ون: العقل الباطن.

هەستی بریندار بکات و بیری بۆ لای سەرچاوەی ئەم زۆر و ستەمە ببات.

کە ئەمە دەڵێم رووی قسەم لە حاجی قادرە نەك لە خەلقەکەی تر کەوا، بەداخەوە، بەدرێژاییی مێژوویێکی بێ سەرەتا و بێ کۆتایی لە ژێر قەمچیی زۆر و ستەمی خوێش و بێگانە بوون و چ رق و غەزەبیان لێ هەڵنەستاوەتەوە و نارەزامەندییێکی هەست پێکراویان دەرنەبڕیوە کەوتبێتە بەر گوێی بیسەری دوارۆژەوە و من و تۆ خەبەر و ئەسەرێکی لێ بزانین مەگەر من و تۆ لە دوای نەمانیان لەسەر رووی کاغەز رق و غەزەبیان هەڵستێنین و بەگژ داگیرکەر و دەسەڵاتدار و ئاغا و خوێنمژانیانەوە بنێین. بەمەشدا نە قازانجێك بەو ستەمدیدانەی ئەزەل و ئەبەد دەگەیەنین نە لە چ تاکە یەك پەنجەی زۆردارێکی ئەو سەردەمانە لە خوێن دێنین نە هیچ درۆزنە رێگایانیش بۆ رزگارکردنی مەزلوومی دوارۆژ تەخت دەکەین. ئەوانەی لەسەر کاغەز خەریکن رقی مەزلوومی دوێنێ هەڵستێنن و هەر لە سەرکاغەزیش ستەمکارەکەیان بۆ لە ئەرزی بدەن، دەبێ ئاگایان لە خۆیان بێت ئەمڕۆ خۆیان چاکە و خراپەیان پێ دەکرێ و دەتوانن زەرەر و قازانج بە مەزلوومان بگەیەنن... هەر نەیسە. بادانەوەی قسەم بۆ سەر حاجی قادر زێدە لە خەلقی تری سەردەمی خۆی شتێکە بە ملیەوەیە هەم لەبەر ئەوەی کە نووسینەکە خەریکی حاجی قادرە و هەم لە رووی ئەوەوە کە هەستکردن بە ستەم و لێ بەدەنگ هاتنیشی نە لەو کاتەدا کاری تێکڕای میللەت بوو نە دوای ساڵەهای تر کە حاجی نرکەی ڕق و غەزەبی وەك هەوری بەهار دەیگرماند کەسی ئەوتۆی لە خەوی سڕبوون و حەپەسانی بێ هەستییەوە ڕاپەڕاند، ئەمەش ڕاستییێکە تەنانەت بەشێکی یەکجار جگەرسووتاوی شیعرەکانی حاجیش چڕە دووکەڵی ئەم حەسرەتەیە بەدەست بێ دەنگی و بێ جوولەییی زوربەی میللەتەوە.

دوای ئەڵوەدای حاجی لە باڵەکایەتی بەرەو کوردستانی ئێران پێوەندیی حاجی بە چاکە و خراپەی عوسمانلییانەوە برا بەدرێژاییی ئەو ساڵانەی لەوێدا خەریکی خوێندن بوو. بە بۆنەی پێوەندی برانیەوە، سەرەڕای هەندێ تێبینیی تر کە وردە وردە دێنە ناو نووسینەوە، ناشێ ئەو چەند ساڵانە بخەینە بەر دەمەتەقەی چەند و چۆنی بوون و نەبوونی هەڵوەستێکی تایبەتی حاجی دژی عوسمانلییەکان چونکە هەرچی هاندەری دژایەتییە لەو چەند ساڵانەدا بەدەست حاجییەوە نەماوە. کە نەختێك لە هەڵکەوتەکە وردتر ببینەوە وەیا بە چاوی خەیاڵ خۆمان لە جیاتی حاجی لەو هەڵکەوتەدا دابنێین و بمانەوێ لەو جێگە و بارەدا وەك ئەو هەست بکەین و رق و خۆشویستنمان

بجوولێنینەوە، بە پێچەوانەی رق لێبوونەوە، هۆی چاوپۆشی – ئەگەر نەڵێم فەرامۆشی – لە ستەمی عوسمانلییەکان پێدزیلکە دەکەن بۆ ناو دڵ و دەروونمان. ئەم پێ دزیلکەیە نەك هەر لە سەرێکەوە بەڵکو لە دوو سێ سەرەوە خشکە دەکات، یەکەم لەو رووەوە کە ستەمی قاجارییەکان زۆر بە ئاسایی ناڕەزایی کوردێکی عیراق بۆ خۆی دەدزێتەوە و ستەمی دوورە وڵاتیی لە بیر دەباتەوە. دووەم: جوداوازیی مەزهەبی ئاین لەگەڵ قاجارەکاندا جارێکی تریش پەردە دەخاتە نێوان ناڕەزاییی ئەو کوردە و عوسمانلییەکانەوە چونکە تورکەکان وەك کوردەکەی کوردستانی عیراق سوننی بوون نەك شیعە. ئەم هەستکردنە بە جوداوازیی مەزهەب لە دڵ و ویژدانی حاجی قادردا بەردەوام بوو تا کۆتاییی ژیانی چونکە دواتر لە نێوان تورکان لە ئەستەمبوڵدا کە دێت و هێرش دەباتە سەر عەجەمەکانی ئەو سەردەمە تیری (... موتعە و باوك مەوهووم بوون)یان تێ دەگرێت، هەڵبەت کە ئەو دوای بیست ساڵ، بەڵکی زیاتر، لە جێهێشتنی زوڵم و زۆری قاجارەکان و لە دووراییی هەزار و ئەوەندە کیلۆمەترەوە ئەو توانجەیان تێ بگرێت دیارە لە کاتی دراوسێیی و سایە نشینییاندا پتر دەربەستی جوداییی مەزهەب بووە هەم لەبەر کەڵەکەکردنی رقبوونەوە لە قاجارەکان هەم لەبەر کەمتربوونەوەی هەستی نەیار و نەرێتی بەرانبەر عوسمانلییەکان.

سێیەم: بزووتنەوەی سۆزی غەریبی بۆ کوردستانی عیراق کەم و زۆر تارماییی لێبووردنێکی بە سەر حاکمی وڵاتەکەشدا کێشاوە بەتایبەتی کە لەبەر تیشکی خاڵی یەکەم و دووەمدا سەیری غەریبییەکە بکرێت، ئەو تێبینییەش بهێنینەوە یادمان کە حاجی لە هەموو ڕۆژگاری پێش ئاوارەبوونی بەرەو تورکیا هیچی لێ نەبیستراوە دژی عوسمانلییەکان لە حاڵێکدا ئەو لە کاتی خەریکبوونی بە (سیوطی) و خوێندنی مەلایانە لە دیوی ئێراندا بە نووسین و شیعر دژایەتررِی خۆی بەرانبەر شای عەجەم و چاپی عەجەم و کاربەدەستانی عەجەم دەربڕیوە. نموونەی ئەم دژایەتییانە لە پەراوێزی (سیوطی)دا زۆر بەرچاوە.

ئەم راستییانە وا دەکەن سەرلەبەری ساڵەکانی خوێندنی حاجی لە کوردستانی ئێراندا لە دەفتەری دژوەستانی بەرانبەر تورکی عوسمانلی بسڕینەوە، چونکە وەك دیتمان کاری پێچەوانەیان کردووە پشتەو دژایەتی نەك بەرەو تیژکردن.

پاش بەسەرچوونی دوو پلەی سەرەتای ژیان و گەشتی نۆ ساڵەی خوێندن لە کوردستانی عیراق و کوردستانی ئێراندا، دەمێنێتەوە ئەو ماوە کورتیلەیەی دوای

خوێندن كە حاجی لە كۆیەی رابوارد بەر لە چوونی بۆ ئەستەمبوڵ. وا دەزانم لێرە بە پێشەوە دوو لایەنی هەرە گرینگی ئەم ماوەیەمان روون كردەوە: یەكەمیان كورتبوونی ماوەكە بوو، كە دەركەوت نابێ لە دوو ساڵان پتر بووبێت، دووەمیان تەنگەتاوبوونی حاجی بوو لەو ماوەیەدا بە دەست تەنگ و چەڵەمە و گیروگرفتی یەكجار سەخت و كوشندەوە كە ئەمیشیان وەك ماوە كورتییەكە هەنگاوی حاجیی بەرەو پێكهێنانی فەلسەفەی دوشمنایەتیی داگیركەر كورت دەكەنەوە، با لەوە هەر بگەڕێین ئایا لەو دەمەدا ئیمكان هەبوو بیری حاجی وەیا غەیری حاجی لە جێگەی وەك كۆیەدا بۆ بەدیلی حوكمی عوسمانلی بڕوات؟ بەدیلەكە چییە؟ پێی ناوێ لێرەدا ئەو شتانە دووبارە بكەمەوە كە پێشتر لێیان بووبوومەوە، بەڵام شتێكی تازە هەیە لە تێكڕای تابلۆی هەڵوەستی حاجی بەرانبەر حوكمی عوسمانلی كە ئەویش تا ڕادەیێك نیگای بینەر و لێكۆڵەرەوە رووناكتر دەكات بەسەر دیمەنێكی پتر روون كرایەوەدا. تازەییی ئەو شتە لەوەدایە كە تا ئێستا نەهاتووەتە ناو حیسابانەوە نە ئەوەی من كردوومە نە ئەوەی بەر لە منیش خەلقی تر كردووەتی هەرچەند شتەكە بۆ خۆی كردەوەی حاجی قادرە واتە زادەی سەردەمێكی بەر لە سەد ساڵ پترە و چەندین جاریش بەسەر زار و زمان و قەڵەمی من و غەیری مندا هاتووە و دێت، شتە تازەكە بریتییە لەوە كە ئەگەر حاجی قادر فەلسەفەیێكی خەست و خۆڵی دژایەتیی داگیركەر لە دڵ و مێشكیدا جێگیر بوویایە وەها بە ڕاشكاوی و یەكسەرە ئەڵوەدای لە نیشتمان نەدەكرد بەرەو ئەو شوێنەی رقی هەرە گەورەی لەوە. بەڵێ وا دەبێ مرۆڤ بە نیازی تایبەتییەوە دەچێ بۆ جێگەیێك كەوا نەك هەر رقی لێ هەڵگرتووە بەڵكو لەوانەیە مردنیشی بەرەنگار بێت لەو جێگەیەدا، بەڵام ئەم مەبەستە لە بار و حاڵی حاجی قادردا نە هەبووە و نە بە دەسكردیش هەڵدەبەسترێ چونكە ئەو لاپەڕە شرایەوانەی كە تا ئێستا لە دەفتەری بەسەرهاتی حاجی هەڵدرانەوە، هەر لە ڕۆژی هاتنە دنیایەوە تا ئەو تەرزە مەبەستەش ناخوێننەوە. حاجی قادری هەژاری بێ دەرەتانی ئاوارەی بێ هەموو شتێك كە ژیانی كولەمەرگیی پڕ گیروگرفتی بەسەر دەبرد، كەی پەڕژاوەتە سەر هەڵگرتنی نیازی تایبەتی لە دڵی خۆیدا كە جێگۆڕكێی پێ بكات و رای گوێزێت بەرەو ماڵی ئەو میللەتە و دەستە و تاقمەی كە وڵاتی لێ داگیر كردووە! ئێمە ئەگەر لەو بارە كز و پەژارە و سەغڵەتەی حاجی قادردا تارماییی بوونی مەبەستی تایبەتی بەدڵی خۆماندا بێنین لە ئاست چوونی بۆ ئەستەمبوڵ، خۆمان لە هەڵوەستێكی وەها لەرزۆك دادەنێین كە

نەهێڵێ هەست بەڕاستی و هەڵەیی شتان بکەین و هەمیشە ئامادە بین ڕەش و سپی تێکەڵ بە یەکتر بکەین وەیا یەك حوکم بەسەر دوو شتی پێچەوانەدا بدەین. بوونی مەبەستی وەها گرینگ لە حاڵ و وەزعی وەها بێ هێزدا نەك هەر لەبەر مومکین نەبوون دەپووچێتەوە و لە حیسابان دەردەهاوێژرێت، سەرەڕای مرمکین نەبوون کە خۆی هۆیەکی قەتعییە لە موناقەشەدا – لێکدانەوەی جۆرجۆری تریش هەر دەیپووچێنێتەوە. یەکێك لەو لێکدانەوانە ئەوەیە کە ئەگەر حاجی مەبەسێکی وەهای هەبوویایە دەبوو پێشتر هەڵوەستێك وەیا هەڵبەستێك وەیا گوتەیێکی لێ زانرابایە دژی تورکی عوسمانلی ببێتە ئەو نیشانەیەی کە لە دواڕۆژدا مەبەستەکەی پێ بناسینەوە وەیا حیسابێکی بۆ بکەین. جگە لەم لێکدانەوەیە هی تریش هەن کە پێویست نابینم روویەڕەی دەفتەرانیان پێ پڕ بکەینەوە، لەبەر بێ هێزیی ئیحتیمالی هەبوونی مەبەسێکی وەها گرینگ و نهێنی.

تێکڕای ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە دەسەپێنێ کە حاجی قادر لە هەموو ژیانی پێش چوونی تورکیا هەر ئەوەندە ماوەیەی لە پێکهێنانی فەلسەفەی دژایەتیی بێگانەی داگیرکەر بڕیبوو کە مەنعی بکا لە پێدا هەڵگوتنی و خۆ تێ هەڵسوونی لە حاڵێکدا دەزانین زۆر لە پیاوانی کورد و عەرەب و تورك و میللەتانی تریش بە شانازییەوە مەدحی خەلیفەیان دەکرد و ئەوەی مسڵمان بوون، بە جێنشینی پێغەمبەریان دادەنا. بەلای منەوە، بەلای واقیعیشەوە، ئەوەندە لاتەریکییەی حاجی لە هەرچی تورکە و عوسمانلییە، دەگونجێ لەگەڵ حاڵ و باری حاجی، چ مادی بێ چ نەفسی بێ، لە هەمان کاتیشدا ڕێك دێت لەگەڵ هەڵوەستی دواتریدا کە دژایەتی و دوشمنایەتیی روویەڕوو و پاتەوپاتە لەو قۆناغەدا کە پێکهاتنی فکرەی کوردایەتی لای حاجی قادر بوو بە روودداوێکی مومکین بەڵکو چاوەڕوانکراویش. ڕێك هاتنەکەش لەوەوە دێت کە یەك وشە و یەك هەڵوەستی حاجی قادر لەو قۆناغە بە پێشەوە بێنی دۆستخواییی عوسمانلییانی لێ نایەت تاکو لە دواڕۆژدا دژایەتییەکەی بە پاشەکشە حیساب بکرێت. هەڵکشانی لە لاتەریکی و دوورەپارێزیی سادەوە بەرەو دوشمنایەتی و ناحەزیی ئاشکراوە ڕەوتێکی ئاسایی و بێ گرفتە چونکە لە هەموو ژیانیدا هەڵوەستێکی وەیا قسەیێکی نەبووە بەرانبەر تورکی عوسمانلی تارماییی ڕەزامەندی وەیا دۆستایەتیی تێدا بووبێت.

لەم نماییشتە دوور درێژەی ئاکامەکانی گەشتەکەی خوێندنی حاجی، بەشێکی تین و تاوی گەشتەکە بۆ ناو نەفس و ویژدانی حاجی روون بووەتەوە کە دواتریش لە گوتە و

هەڵبەستیدا بە دیار دەکەوێت، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هیچ یەکێك لەو ئاکامانە ئەو تین و تاوە مەعنەوییە نییە کە من لە ناخی دڵمدا، وەك حاجی و لە جیاتی ئەو هەستی پێ دەکەم و ڕێی دەربڕینی نادۆزمەوە. ئەو ئاکامەی کە من بە دیاریی هەرە گەورەی گەشت و گەڕانەکەی دەزانم بۆ حاجی قادر شتێکە تێکەڵ بە گەرماییی خوێن و فرکەی دەمار و لێدانی دڵ و تەوژمی عاتیفەی حاجی، کە لە حاجی ناپچڕێنەوە و دەبنە بەشێك لە بوونی. هەرچەند ناتوانم بە شێوەیێکی خۆ ڕوونکەرەوە ئەو بەشداریيە دەروونییە قووڵ و نهێنییەی گەشتەکە لە ویژدانی حاجیدا بێنمە بەر هەڵمەت و شاڵاوی خامەیێکی نەخشەکێشەوە، دیسانەوە بایەخی ئەو بەشداریيەیە، نەك شەرمی هەڵاتن و کوردەغیرەتییە، کەوا پاڵم پێوە دەنێ ئەوداڵی وەدەست هێنانی تین و تاو و تەئسیرە نەفسییەکەی ببم لە دەروونی حاجیدا هەرچەند دەشزانم شتی مەعنەوی و نەفسی ناکەوێتە بەردەست و ناو پەنجانیشەوە بە تایبەتی کە هەرچی هەیە لە بەسەرهات و کات و مرۆڤ و دەوروبەر و قارەمانانی سەر شانۆی چیرۆك و بگرە زۆر پارچە شانۆی تەمسیلکردنی ئەو بەسەرهاتەش کە هەندێ مەڵبەندی کوردستانە، بەسەر چوون و لە ڕووپەڕەی وجوود سڕاونەتەوە تەنها شتێکی لەوان مابێتەوە چەند شوێنپێیەکی حاجییە کە لە دیوانەکەیدا وەك شوێنپێی ڕێبوار بەجێ ماوە، لەگەڵ وێنەی خەیاڵی پچڕپچڕی چیرۆکەکە لەسەر پەردەی مێشکی تاك تاکە سرنجگری وەك من... من مردووی سەد ساڵە لە کفنی مێژوو دەردێنمەوە و تێوەی ڕادەمێنم بەڵکو بیناسمەوە.

من بەچاوی خەیاڵ و هەستی دەروونمدا دەزانم و دەبینم هەمان نەسرەوتنی سەردەمی فەقێیەتی و گەشتی خوێندنەکەی کە نۆ ساڵانی بە شار و دێ و دەشت و هەوار و شاخ و کەند و لەندی باڵەکەتی و کوردستانی ئێراندا گێڕا بێ ئەوەی تارماییی ئۆقرە گرتن و دابینبوون بە ئاسۆی ڕۆژەك لە ڕۆژانی ئەو نۆ ساڵانەدا ڕابرێ، بەڵێ هەر هەمان نەسرەوتنە و دوای بەسەرچوونی گەشتەکە، حاجی قادر دەکا بە دانەتۆپی قەدەر و لە لوولەی تەنگ و چەڵەمە و نەداری و هەژاریی ژیانی کۆیەوەی بەرێ دەکا بەرەو ئەو چارەنووسە، کە وێڕای نەسرەوتن و بێ ئۆقرەیی، دەبێتە دەستەچیلە و گڕوگڵپە و هەڵپ و سۆز و سەودا و ئاگر تێبەربوون. من لەو چارەنووسە بڵێسەدارەی پلەی دواییی تەمەنی حاجی قادر هەست بە نەبزی گەشت و گەڕانەکە دەکەم بایی ئەوەی گەرماییی ئاگر لە ئاوی ناو سەماوەردا تین دەداتەوە وەیا ڕۆشناییی ڕۆژی پشت ئاسۆی خۆراوا دەبێتە خەنەبەندانی ئێوارە. حاجی قادری بێ گەشت و گەڕان و

غەریبایەتیی نۆ ساڵەی خوێندنی مزگەوت هەرگیز نابێتە حاجی قادری بورکانی کوردایەتی. تۆ بێنە بە خەیاڵ ئەم گەشتە بەردەوامە لە نەخشەی بەسەرهاتی حاجی بسرەوە و جبە و عەمامەیێکی دامەزران و سرەوتن لە گۆشەی مزگەوتێکدا بە سەر و شانی حاجیدا بدروو، وەیا حاجی هەڵقوتێنە بەدیار ماڵی عەتاری و بەقاڵی لە دوکانێکی بازاڕی هەولێر و کەرکووکدا وەیا بیخولێنەوە بە دەوری خەلە و خەرمانی گۆڕقەرەج و ئۆمەر گونبەتدا وەیا دووچاری هەر جۆرێکی تری کولەمەرگیی گوزەرانی دەکەی بیکە و پێم بڵێ کوا حاجی قادری نەمری پەیامدەری کوردایەتی، رابەری بیری روون و قاڵبوویەوەی نیشتمانپەروەری، هاندەری میللەتی بێ جوولە، قەڵەمی تیژی هەڵمەتبردن، زمانی بڕندەی پاراستنی مافی نەتەوایەتی، حاجییەکەی:

بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە
ئەمن خامەم هەیە شیر نادیارە

کوا ئەم حاجی قادرە؟

بە لە ناوچوونی گەشتی خوێندنی نەك هەر چیلکەی ئاگر خۆشکەرەوەی دەروونی حاجی دادەمرکێت و بەس، بەو لەناوچوونە هەموو پردێکی پێوەندی لە نێوان حاجی قادری ئازا و بزۆز و خورت و لە خۆڕازیی تەمەنی سی ساڵەیی و حاجی قادری دەستە و یەخەی شێخ نەبی و حاجی قادری ئاوارەکەی ئەستەمبۆڵ و جەهەنەمەکەی سووتان بۆ کورد و کوردستان لە خۆوە دەڕمێ و دەبێتە ئەو بەتاڵاییەی کە کەس بە ئەنباز لێی ناپەڕێتەوە.

نامەوێ خوێنەر بەوەندە نرخەی من لەم نووسینەمدا بە گەشتەکەم بەخشیوە رازی بێت چونکە بەڕاستی هەموو نووسینەکە دەوری شتێك دەدات کە لە دڵدا هەستی پێ دەکرێت و بە تصور تارماییەکەی دەدیترێت بەڵام ناگیرێت و ناخرێتە ناو چارچێوەی تەعبیرەوە. پێش من (گۆران) گوتووەتی:

هەر چەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناچێتە ناو چارچێوەی هەڵبەستم(١)

من لەم هەوڵەمدا دەڵێی ئەو کەسەم نووسینی ناو دەفتەرێکی دوور دەخوێنێتەوە کە

(١) (ئەم بەیتەم لە بیرکردنەوەی خۆمەوە نووسی، ڕەنگە هەندێك جوداییی هەبێ لەگەڵ ئەسڵەکەی وەك ئەوەی (گۆران) گوتبێتی (ئەکەم – لە جیاتی دەکەم).

پـیت و وشەکـانـی لـە یـەکـتـر جـودا نـاکـرێنـەوە، وەیـا ئـەو کـەسەی حـیـکـایـەتـی حیکایەتخوونێك دەگێڕێتەوە کە بەحاڵ دەنگەکەی دەبیستریت وەیا ... وەیا کە هیچ کامێکیان جەرگەی راستی ناپێکن و باوەش بە سەرلەبەری مەبەستدا ناگرن.

گەشتەکەی حاجی تەلێکی زرینگەدارە لە ناو ئەمرازە مۆسیقاییەکانی سیمفۆنی شۆڕشی دڵ و دەروونە پڕ ئاهەنگەکەی بورکان و تەقینەوە و هەڵچوون.

لەبەرچی حاجی قادر کۆیەی جێ هێشت؟

ئەم سەرەباسە، بەڕواڵەت، هەر دەڵێی لێرەدا بێ لزووم خۆی دووبارە و سێ بارە دەکاتەوە چونکە لەوەی تا ئێستا نووسراوە، تۆژینەوەی دوور و قووڵ و ورد کراوە لە سنوورکێشان بە دەوری مەودای قۆناغە ناوەندییەکەی ژیانی حاجی کە دەکەوێتە دوای گەشتەکەی خوێندنی و مەوداکەش بە دوو ساڵێك دانرا، هەموو ئەو هۆیە بەرچاوانە و نهێنییانەش کە خێراییان کردووە لەو ئەڵوەدایە یەکجارەکییەی حاجی خرانە سەر خوانی لێکۆڵینەوە، هەر لەو بەیتەشدا بەپێی داخوازی روونکردنەوە لاباسی سەر بەباسە ئەسڵییەکە و ئەو بەڵگانە و لێکدانەوانەی کە وێنەی پچڕپچڕی jigsaw ەکەی مەتەڵ هەڵێنان و نهێنیی دۆزینەوەی دەوروبەر و دڵ و دەروون و بەسەرهاتی حاجی دەخەنەوە سەریەك و تابلۆی مەفهوومیان لێ پێك دێنن هەموومان بەوپەڕی هەناسەدرێژییەوە لێیان کۆڵراوەتەوە کە لە زیمندا باسی ئەوەش دەکەن ئایا حاجی بۆچی لە کۆیە دەرچوو و ئاوارە بوو. کە ئەمە وابێ ئیتر بۆ خاتری بەسەر خستنەوەی کام نهێنیی نوێ لە بنی گۆمی نەزانراوییەوە تێ هەڵچینەوە لەوەی تازە بە ماندووبوونێکی زۆر لێی بووینەوە؟ هیچ تێشوویەکی سەفەرمان بۆ دوارۆژ هەڵگرتبوو کە لە قۆناغێکی حەسانەوەدا بیخەینە سەر سفرەی نووسین و ناو لەوەرگەی قەڵەم؟ یاخود تۆ بڵێی پەشێمان ببینەوە لە بڕیار و ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوانە و بەیەکترگرتنانە و لێکدانەوانەی وەك کاری زانای ئاسار و پسپۆڕی ئاو دۆزینەوە و شوون هەڵگرتن وابوون؟ چ ڕێگەی نادیار ماوە رووی خۆمانی بۆ وەرگێڕین و لێوەی بڕۆین بەرەو ئامانجێکی باس لێ نەکراوەوە؟ چی ماوە نەکرابێ و نەگوترابێ وەیا هەڵنەکێشرابێ و نەپێورابێ؟

ئەوەی ڕاستی بێ، لەبن سێبەری سەرەباسی سەرەوەدا هەناسەیێکی ئەوتۆ بە نووسینەکە هەڵدەهێنین کە ببێتە پشووی کۆکردنەوەی تین و تاقەتی تەکانێکی نوێی بەرەوپێشچوون بێ ئەمە چ نیازی ئامانج گۆڕی لەو پشووەدا هەبێت چونکە وەك بە هەموو باوەڕێکەوە گوتومە، بەدڵمدا نایەت گۆڕینی ئەنجامی ئەو لێکدانەوانەی کە لەم نووسینەدا ڕێبازی تۆژینەوەیان روونـاك کردووەتەوە لە دەسەڵاتی هیچ پشکنینەوە و لێکۆڵینەوەیێکی تر هەبێ بەمەرجێك هەر ئەوەندە کەرستەیە کە لە بەر دەستی مندا هەبووە.

ئەگەر خوێنەر ئەو خولقە درێژەی لابێ بەوردی لێکدانەوەکان باوێتە بەر سرنجی

خۆیەوە، ئەویش وەك من دەگاتە ئەو ئاكامانەی من لە نووسینەكەمدا پێیان گەیشتووم چونكە هەر ئەمانە هەن لەگەڵ یەكتردا رێك بكەون و لەگەڵ زەرف و باری حاجیشدا بگونجێن. كە ئەمە وا بێ دیارە گۆشەنیگای تازە و بابەتی قسە لێ نەكراو كە ئەوانیش درێژەكێشان و پێداویستی لێكدانەوەكانی لێرە بە پێشەوە دەبن، ئەو سەرەباسە وەك سایەبان بەسەر خۆیانەوە دەگرن.

دەسا با بزانین لە بەرچی حاجی قادر كۆیەی بەجێ هێشت؟

وا دەبێ خەبەر و دەنگ و باسێك باو دەسێنێت و لەسەر زاروزمانان خۆش دێت و بەڕاست دەزانرێت كەچی زۆر و كەم پێوەندیی بەڕاستییەوە نییە. هەندێ جاریش ڕاستییەكە بە جۆرێك لە ژێر هەڵبەستراودا سوڕگوم دەبێت هەر دەڵێی لە منداڵدانی زەمانە نەگوتراوە و نەڕسكاوە.

یەكێك لەو خەبەرە پەرەسەندووە درۆزنانە، چۆنیەتی و هۆی دەرچوونی حاجی قادرە لە كۆیێ بەرەو ئەستەمبوڵ، گۆیا حاجی قادر لە ترسی زۆر و ستەمی شێخ نەبی ماویلی بەڕەفاقەتیی كەیفی جوانڕۆیی، بۆ دەربازكردنی خۆی لە كوشتن كۆیەی تەرك كرد و رووەو توركیا ڕۆیی. لێرەدا هەرچەند سەرەدوایكم بەدەستەوە نییە بمگەیەنێ بە سەرەكەی تری خەبەرەكە تا بزانم هەوەڵ جار لە چ زارێكەوە كەوتووەتەوە و بە ناو زاراندا بڵاوبووەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانم بەهەست و زانینی عادەتیم بنیچەی خەبەرەكە بدۆزمەوە. سەرەڕای دوشمنایەتییە زۆر مەشوورەكەی نێوان حاجی قادر و شێخ نەبی كە بەبەریەوە هەیە ببێتە زەمینەی شت لەسەر هەڵبەستن مەیلێكی ئاشكراش لەو هەڵبەستنەدا بۆ رێكخستنی هەڵوەستی تراجیدیی شانۆگەرانە خۆی تێكەڵ بە رووداو كردووە و دیمەنێكی هەستبزوێنی دروست كردووە كە تام و ڕەنگێكی تایبەتیش بە رۆیشتنی حاجی بدات و تامەزرۆییی خەلقیش بۆ دەنگ و سەدا و خەبەری بەهات و بات بشكێنێت. ئەو كەسەی خەبەرەكەی هەڵبەستووە، وەك زوربەی خەلق، حەزی بەوە كردووە لەم رووداوە گرینگەی دەرچوونی حاجی لە كۆیێ سەرگوزەشتی دەرچوونی ئادەم لە بەهەشت دووبارە بكاتەوە بەڵام ئەمجارەیان بێ حەوا، لە جێگەی شەیتانیش شێخ نەبی. تۆ بڵێی ئم حیكایەتە چەندی ڕاستە و چەندی درۆ؟

شێخ نەبی ماویلی پیاوێكی بە فەندوفێڵ و عەوام خەڵەتێن بووە لەمەدا گومان نییە. شێخی ماویلی هێز و تواناییێكی بەر چاوی پەیدا كردووە و ئامادە بووە بە هەموو چەكێكی لەسەرخۆ كردنەوە و هەڵمەتبردن دەسەڵاتەكەی بپارێزێت لەمەشدا گومان نییە.

حاجی قادر پیاوێکی ئازا و حەقپەرست و هێرشبەر بووە و لە ئاست قەناعەتی خۆیدا گوێی نەداوەتە خوت خوتەی کۆمەکردن و دوودڵی، ئەمەش ڕاستە و دروستە.

بە یەکدی کەوتنەوەی ئەم دوو تەناقوزە لە شوێنێکی وەك کۆیەدا کە هەموو ڕۆژێ خەلق تێیدا ڕووەوڕووی یەکتر دەبنەوە ئەویش ڕووداوێکی چاوەڕوانکراوە، گومان نەکراویشە چونکە جووتە بەڵگەی شیعری حاجی قادر و گوتەی دەماودەم ئەم بەیەکدی کەوتنەوەیە دەسەلمێنن، تەنانەت سەرچاوەیێکی نووسراوی وەك نامێلکەکەی مەلا عەبدوڕەحمانی[1] خزمی حاجیش بایەخی زۆری بە دوشمنایەتییەکەیان داوە، منیش لەم نووسینەدا بە درێژی باسم کردووە.

بەڵام ئایا ڕاستبوونی ئەم خاڵانەی سەرەوە ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی ئاوارەبوونی حاجی قادر؟ بەدەست زوڵمی شێخ نەبییەوە؟ لە ترسی کوشتن؟ تۆ بڵێی ئەو حاجی قادرەی دەیناسین ڕەفتارێکی وەها بکات دژی سورشتی خۆی بێت و مەیلی ناحەزەکەشی بهێنێتە جێ؟

ئەو خەبەرە مەشوورەی باسمان کرد، حاجی قادر و کەیفی جوانڕۆیی بەیەکەوە لە کۆیێ ڕووەو ئەستەمبوڵ دەکات. بەڕاستی ئەم کۆکردنەوەیەش مەیلێکی شانۆگەری بە حیکایەتخوونەکەی کردووە چونکە زرینگەی سەرگوزەشتی دوو قارەمانی ئاوارە و برادەر ڕێگەی غەریبی بگرنە بەر پتر لەبەر گوێیان دەنگ دەداتەوە، ستەمی ستەمکارەکەش بێ ئەمانتر نیشان دەدات لەوەی تاکە یەك قارەمانی دەربەدەر کردبێت. لێرە بە پێشەوە، چ لەم نووسینە و چ لە نووسینی دیکەم بووبێت، بە ئیسپات گەیشتووە کەوا کەیفی جوانڕۆیی نە لەگەڵ حاجی قادردا ڕۆیشتووە نە ڕۆیشتنەکەشی چ دەخلێکی نێزیك و دووری بەسەر شێخی ماویلییەوە هەبووە. بەداخەوە هەر وەك حاجی قادر بە خۆڕایی لەنەزەر خەلقدا کرا بە دەربەدەر و ئاوارەی ترس و ستەمی شێخ نەبی، ڕەفاقەتەکەی کەیفیش لەگەڵ حاجی لەم ئاوارەبوونەدا هەمان شوێنی غەڵەتی لە مێشکی مەردمدا گرتەوە[2] بەڕادەیێك خۆم گوێم لە چیرۆکێکی تەمسیلی بوو بەر لە بیست ساڵێك لە بەشی کوردیی ڕادیۆی بەغدادا بڵاودەکرایەوە، سەر گوزەشتی

---

(١) لە بەرەو دوای بەرگی دووەمی ئەم نووسینەدا چاپ کراوە.

(٢) لە کاتی پاکنووسکردنەوەی ئەم باسە بۆ چاپکردن، لە کۆتاییەکانی مانگی شوباتی ١٩٧٦ هەمان حیکایەتە غەڵەتەکە لە بڵاوکردنەوەیێکی ڕادیۆی کرماشان بە کوردی پێشکەش بە گوێگرانی کورد کرایەوە.

ئاوارەبوونی حاجی قادر و کەیفی بەم شێوەیەی کە لێرەدا رەخنەی لێ دەگرم و بەدرۆی دەخەمەوە دەخستە بەر گوێی گوێگرانەوە.

نەخشەی باری مادی و گیانی و نەفسیی حاجی قادر لە پلەی دوای گەشت و گەڕانی خوێندنی فەقێیەتی لە هەموو سووچێکەوە بەو درێژپێوییەی کە لە دەسەڵاتدا بێت لەم نووسینەدا کێشراوە و باوەڕم نییە چیی ئەوتۆی تری بەبەرەوە مابێت بۆ سرنجێکی وردتر و بەردەوامتر، هەر چەند درێژەی هەندێ شتانم بەلاوە ناوە کە دەزانم نەهێنانە ناوی زەرەری بە تەواوی باسەکە نەگەیاندووە. لەم نەخشەکێشانەدا دەوری زۆر و ستەمی شێخی ماویلی جێگەی ڕاستەقینە و بارستی حەقیقیی خۆی پێ دراوە لە نێوان ئەو هۆیانەی کە دەوریان هەبووە لە بەسەرهاتی ئاوارەبوونی حاجی قادردا. ئێستا جارێکی تریش بەدەم لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و یەکسەرەی ئەو بەسەرهاتەی دەرچوونی حاجی لە کۆیێ وەرامی هەندێك پرسیار دەدەمەوە لە بارەی باسەکەوە پتریش تاریکی دەڕەوێنمەوە لە دەوری، وەك دەشبینی ئەو پرسیارانە لە خۆیانەوە نایەنە بەر زیهن و نیگای ڕێبواری بە پەلە و کەمتەرخەم تاکو راستەوخۆ و بێ ئاگادارکەرەوە بکەوێتە سەر جوابدانەوەیان وەیا تاریکی رەواندنەوە بە دەوری باسەکەوە.

وەك لێرە بەدواوە بۆت روون دەکەمەوە، ئەم شیکردنەوە و گرێرەواندنەوە و وەرامدانەوەیە هیچیان ئەو تروسکەیان نییە لە خۆیانەوە نیگای مرۆڤ ڕاکێشن، بە پێچەوانە، ئەوانیش وەك زوربەی پرسیارەکانی بەسەرهات و حاڵ و باری حاجی بە سەیرکردنی مووقلاش و زەڕەبین نەبێ نادیترێن. سەرەڕای نەدیترانیان هۆی ئەوتۆش هەیە لە زاهیری حاڵدا مرۆڤی عادەتی دڵی خۆی پێ دابین کات لە ئاست ئەم ئاوارەبوونەی حاجی کە ئیتر پێویستێك نەهێڵێت بۆ دۆزینەوەی هۆی بەڕواڵەت مەوهووم، وەك ئەو هۆیە زاهیر خەڵەتێنەی کە گوتم کرایە بنگەی چیرۆکی تەمسیلی و لە ئیستگەی رادیۆشەوە زۆر بە شانازییەوە بڵاو کرایەوە، کەسیش رەخنەی لێ نەگرت بگرە کەس نەبوو پێی خۆش نەبێت. حاجی قادری حەقپەرستە و لەلایەن ستەمکارەوە ئاوارە دەکرێت و وەك تۆپی یاری بۆ غەریبیی یەکجاری تووڕ هەڵدەدرێت... تا بڵێی خەبەرێکی سادە و بێ گرفت و یەکجار ئاسایی و چاوەڕوانکراویشە کە دەزانین گەلێك رووداوی وەك ئەو لە پزدانی رۆژگار کەوتووەتە کۆشی مێژووەوە ئیتر چی ترمان لە گێڕانەوەی دەماودەم بوێ هێندە لە زاران خۆش و لە قەناعەت نێزیك و عادەتی.

بەڕاستی کاریکی تا بڵێی ئەستەمە بێنی خەبەرێکی لە زاران خۆشهاتووی پەرەسەندووی لە قەناعەت نێزیك و عادەتی بسڕیتەوە و یەکێکی تری لە جێگەدا دانێیت مەگەر بە ئەرکێکی قورس و بە ئیسپاتی بێ گومان.

بەڵام لێرەدا، خۆوبەخت، شتێکی گرنگ و ئێسکسووکیش یارمەتیم دەدات بۆ ئاسانکردنی ئەم زەحمەتییە، ئەو هۆیەی من بە هەویام بیکەم بە جێگری هۆیە مەشوورەکەی ترس و ستەمی شێخ نەبی، ئەویش عادەتی و لە قەناعەت نێزیك و بگرە لەسەر زارانیش خۆشهاتوو دەبێت ئەگەر گوێگر بە هەموو دڵیەوە هۆشی خۆی بداتێ. لەمەش بترازێ، بۆ بۆچوونەکەی منیش هەمان حەقپەرستی و خۆبەختکردنی حاجی قادر دەگێڕێتەوە کە لەخەبەرە درۆزنە خۆشکەڵانەکەدا دەبیستریت، گەلێك لەویش زیاتر ئەم خەسڵەتە بەرزانەی حاجی بەرەو قووڵایی و ڕەسەنی و زگماکی و نەمرییەوە دەبات، لە هەمان کاتیشدا تێکڕای رووداو و زەرفی تێدا پەیدابوون و هەموو دەوروبەرێکی دەخاتەوە پەڕاوێزی راستی و مێژووەوە چ مەیل و ئارەزۆی شانۆگەرانە و چیرۆکسازیشی تێدا نییە کە لەلاوە رەنگ و دەنگ و تیشك بۆ سەر شانۆکە بخوازێتەوە. وەك دەشبینیت گرتنەبەری کاری وەها زۆرلایەن کە بیەوێ ڕۆژگارێکی رابردوو و تاك و زەرفی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە ساغ بکاتەوە، ئەوە نییە بە دوو گوتەی قوت و قرتاو لێی ببینەوە و بڵێین (حاجی ترسا... حاجی نەترسا... شێخی ماویلی دەری پەڕاند... دەری نەپەڕاند...) و بە شتی سادە و سەراو لەم باسە گرینگەی ئاوارەبوونی حاجی خۆمان دەرباز بکەین و تێیدا بە قەناعەت بگەین. بە نموونە دەڵێم بۆ خۆت لە تەجرەبەی رۆژانەت و لە شتی یەکجار بێ بایەخ بەخەبەری سادە و سافیلکە رازی نابیت، تۆ ئەگەر لە باغچەتەوە توور و سڵق ببەیتە لای سەوزەفرۆش بۆتی بفرۆشێت، کە دیتت رۆژەکیان پارەی سڵقەکە لە ڕۆژانی پێشوو کەمتر بوو هەر بەوەندە لە کابرای سەوزەفرۆش ناسەلمێنیت پێت بڵێ ئەمڕۆکە بازاڕی سەوزە کزبوو بۆیە سڵقەکەت پارەی ڕۆژانی نەگرتەوە، دەتەوێ دڵنیات بکات کە فێڵی لێ نەکردوویت، پرسێکیش لەم و لەو دەکەیت بە کڕیار و فرۆشیاریەوە ئایا بازاڕی سەوزە و نرخی ئەو ڕۆژەی توور و سڵق چۆن بووە... ئەوساش خوتخوتەت هەر دانامرکێت و دڵت تەسکین نابێت. خۆ لە کاری گرینگتردا، وەك ئەوەی بزانی ئامۆزایێکت ناچار کراوە وەیا ناچار بووە ماڵەکەی لە هەڵەبجەوە بۆ ڕەواندز راگوێزێت ئەوسا بێگومان گەلێك بەو لای پرسیاری نرخی بازاڕی سەوزە دەکەویتە سەر تۆژینەوە، بۆچی؟ چۆن؟

کەی؟ ئایا؟ کوا؟ ئاوارەبوونی حاجی قادریش بەلای ئەو کەسەوە کە تۆژینەوە بکات لە چەند و چۆنی رووداوی گرینگ و ئەنجامداری وەك ئەم ئاوارەبوونە لە مێژووی کورددا، ئەویش شتێکە دەبێ ساغ بکرێتەوە و تۆزی گومانی لێ بتەکێت و تیشکی ساختەی لێ هەڵئەنگێورێت و درۆی لێ بڕەوێندرێتەوە. ئاوارەبوونەکە بەوەندەش بێ بایەخ نابێ کە حاجی ئامۆزات نییە وەیا ئاوارەبوونەکەی کار ناکاتە سەر بەرژەوەندت، چونکە ئاوارەبوونی حاجی لە تەرازووی مێژووی کوردایەتیدا هەزار ئەوەندەی راگوێستنی ماڵی ئامۆزاکەت بە سەنگترە و هەزار هێندەش پێویستی بە ساغکردنەوە هەیە. لەبەر تیشکی ئەم ڕاستی و تێبینییانەدا بوو خامەی من خەریکی وردکێڵی ئەو سەرچاوانە و هۆیانە و کاریگەرانە بوو کە ئاوارەبوونی حاجی قادریان کردە رووداوێکی حەتمیی ناچاری کە دەبوو هەر ببێ و نەبوونی لە ئیمکاندا نەبوو، تەنانەت دوشمنایەتییە کوشندە بێ سرەوتەکەی نێوان ئەو و شێخ نەبی لە چاو ئەو حەتمییەتەدا تەنها دەوری بەهانەیێکی مەعقوول وەیا دواتەکانی ریشە هەڵقەنی دیت کە ئەگەر ئەویش نەبا هەڵقەنانەکە هەر دەبوو چونکە هۆی بەهێزی تر هەبوو کاری گەلێك پتری دەکرد لە چاو دوشمنایەتییەکە. بە نموونە دەڵێم، چ شێخ نەبی لە بەیندا نەبوو کە حاجی بە پێی بڕیاری زەرفی ژیانی خۆی و داخوازی نەفسە لە خۆڕازییەکەی (٩) ساڵان بە بەهانەی خوێندن خۆی لە کۆیێ دزییەوە و سەری پێدا نەکردەوە تا ئەو ڕۆژەی چ عوزر و بەهانەی خۆدزینەوەی بە دەستەوە نەما.

لەم قسانەمدا پێشدەستیم لە نووسینی دانەهاتووم نەکردووە چونکە لێرە بە پێشەوە لە ناو تێکڕای باسەکەدا بە پێی داخوازی بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی رووداوەکانی پێوەندیدار لەگەڵ حاجی قادردا ئەم دوشمنایەتییە نرخی راستەقینەی بۆ دیار کراوە لە نێوان ئەو هۆیانەی کاریان کردووەتە سەر خەتی بزووتنەوەی حاجی. ئێستا کەوا لە رواڵەتدا بەرەو دوا دەکشێمەوە لەو رێگایەی کە پێشتر بڕیبووم، خۆم وەك ئەو کەسە دێتە بەرچاو کە لە یاری یەك بازدا لێی دەکشێتەوە بە نیازی ئەوە گوڕی لێ ببەستێت و بە یەکجاری دوا بازیی لێبوونەوە و پایدۆستکردن بهاوێت.

من کە بێمە سەر لێکۆڵینەوەی تایبەتی و سەربەخۆ لە هۆی ئاوارەبوونی حاجی، مەیدانێکی فرەوانتر و درێژتر دەگرمە بەر لێکۆڵینەوە لەو مەیدانەی کە لە حاڵی پێکەوە باسکردن لەو و لە شتی تر بەری دەکەوت.

بێ گومان هەر مەوزووعێکی بەسەربەخۆیی باس بکرێت پتر خۆی لێك دەکێشێتەوە

لەوەی بخرێتە چارچێوەی مەوزووعێکی تری لە خۆی فرەوانتر وەیا بکرێ بە ئاڵقەی زنجیرەیێکی باسی وەکو خۆی. لەم گۆشەنیگایەوە ئێستا وا سەیرێکی ئەو هۆیە زۆر مەشوورەی دوشمنایەتییەکەی شێخی ماویلی و حاجی قادر دەکەین کە بەلای خەلقەوە ئەو بوو حاجیی لە کۆیێ دەرپەڕاند.

مرۆڤ، بە شێوەیێکی گشتی، بە دەست دوشمنایەتییەوە خەریك و داماو دەبێ. هەڵبەت بەڕادەی تیژیی دوشمنایەتییەکە و بێ دەسەڵاتیی لایەنێك لە هەردوو لایەنی تێك هەڵقژانەکە، داماوی و تەنگەتاویی بێ دەسەڵاتەکە زیاد دەکات. کە بێین حاجی قادر و شێخ نەبی بە تەرازووی تاقیکردنەوەی دەسەڵات هەڵکێشین، دیارە لا دەستە تەرازووی شێخ نەبی گەلێك بەسەنگتر دەبێ لە هی حاجی کە دەزانین حاجی بە کێشانە و پێوانەی خزم خزمێنە و عەشیرەتگەریی ئەوساکە مەیلەو تەنها بووە چونکە لەو بەربەرەکانییەدا حاجی پشتئەستوور بووە بە هێزی شەخسیەت و زیرەکی و ئازایی و شاعیریەتیی خۆی سەرەڕای خۆدانە پاڵ حەق و راستی نەك بە هێزی چەك و خزم و عەشیرەت، بێگومان لەم رووبەڕووبوونەی حاجی لەگەڵ شێخ نەبی هەرچی هێزی مادیی راستەقینە هەیە لە دەست شێخ نەبیدا بووە، بەڵام رووبەڕووبوونەکە لە چارچێوەی کۆمەڵایەتیی ئەوسای کۆیەدا بووە نەك لە دەشتی چۆڵ و هۆڵ و بێ ئاوەدانیدا تاکو هێزی مادیی شێخ نەبی کاری سەربەخۆی بێ سنوور بکات.

باری کۆمەڵایەتی جێگەیێکی وەك کۆیەی ئەوسا و ئێستاکەش[1]، بەعادەت، لە ئەنجامی گوریس کێشەکێی پەلەی ژیان و هەوڵی دەرکەوتن و چوونە پێشەوە و سامان پەیداکردن، تا ڕادەیێکیش بەپێی حوکمی داب و نەریت، لەنگەرێکی تەوازون رادەگرێ لە نێوان ئەو هێزانەی خەریکی گوریس کێشەکێکە دەبن بەشێوەیێك کە نەهێڵێ هێزی تاکە یەك لایەن پەکی لایەنەکانی تر بخات و خۆی ببێتە تەنها قارەمانی سەر شانۆی واقیع و چیی بیەوێ بیکات. لە جێگەیێکی وەك کۆیەدا کە بە پێی حەجمی خۆی پڕ بووە لە بنەماڵە و قۆناغ و مزگەوت و تەکیە و خانەقا و پیاوی دەوڵەمەند، ئەگەر خوار و ژوورێکیش هەبووبێ لە پیاوێك تا پیاوێکی تر، هیچ تاکە کەس لەوانە نەبووە مونافیسەکانی خۆی هەڵپەساردبن و مەیدانی پێ چۆڵ کردبن. ئەم یەك دەستییە و تاك دەسەڵاتییە بۆ هیچ کامێك لە کەسان و بنەماڵەکانی کۆنینەی

(١) ئەم نووسینە لە ١٩٧٢ دەستی پێ کراوە و سەرلەبەری بە گەڵاڵەیی تەواو کراوە. وشەی (ئێستا) ساڵەکەی دەست پێکردنی نووسینەکە دەگرێتەوە.

کۆیێ پێك نەهاتووە چ جایی ئەوەی بۆ غەریبێکی تازە مێوان پێك هاتبێت. شێخ نەبی لەو بارەدا ئەو غەریبە مێوانە بووە. لە زەمینەی شێخەتیدا بەرهەڵست و هاوتای وەهای هەبوون کە حەز نەکەن شێخ نەبی لێیان بەپشتەوە بکەوێتەوە بە بەریشیانەوە هەبوو لە کاتی پێویستدا جڵەوی بگرن و مەودای لێ ببڕنەوە. کە ئەمە لە مەیدانە بێ فێڵەکەی مەهارەتی خۆیدا وەها بووبێت، دیارە کە داوی لەگەڵ داوی خاوەن قۆناغ و عەشیرەت و مڵك و ماڵ و دەسەڵاتدا تێك ئاڵقا بەرهەڵستی لە خۆی بەهێزتری لێ راست دەبێتەوە. ئەمەی لێرەدا دەیڵێم واقیعێکی عادەتی و چاوەڕوانکراویشە لە کۆیەی ئەوسا و لە کۆیەی ئێستا و لە هەموو شوێنێکی تری وەك کۆیەی ئەوسا و ئێستاکەدا. کەسێك کە لەلاوە دێتە شارێك، مەگەر ئەو کەسە بە زەبری گورز شارەکەی داگیر کردبێت، دەنا ناشێ بە پێنج و دوو ڕۆژێك ببێتە میری سەربڕی ئەو شارە. ئەم راستییەت لە بیر بێ تاکو بپەڕینەوە بۆ راستییەکەی بەرانبەری ئەو لەم دووبەرەکییەدا کە خەریکی روونکردنەوەین، ئەویش حاڵ و باری حاجی قادرە.

بەڕاستی لەم رووەی موقارەنەی حاڵی حاجی لەگەڵ هی شێخی ماویلیدا، دۆزینەوەی واقیعی حاجی گەلێك ئاسانترە لە هی شێخ نەبی چونکە لە هی ئەو سادەتر و بێ قۆرت و گرێترە. شێخ نەبی پەلی بۆ گەلێك لایەن دەهاویشت و لە زۆر مەیداندا جووتی سیاسەتی دەگێڕا، مرید و دیعایەچی و پەیڕەویکەرێکی بێ ئەژماری هەبوون لە گەلێك لایەنیشەوە دووچاری مونافەسە و بەرهەڵستی دەبوو. دەنگ و باسی هەندێك لەو رووبەڕووبوونەی شێخ نەبی لەگەڵ هاوچەرخانی خویدا بە ئێمە گەیشتووە و بەشی زۆریشی لەناو چووە. بە هەمەحاڵ وەزعی شێخ نەبی لە گەلێك بارەوە لە هی حاجی ئاڵۆزتر و تێکەڵ پێکەڵترە، ساغکردنەوەشی زەحمەتترە چونکە لایەنە نەزانراوەکانی لە هی حاجی پترە گەلێکیش پترە. ئەوەی راستی بێ وەزعی مادیی زۆر سادە و بێ بارستی حاجی لەبەر تیشکی وەزعە نەفسییەکەیدا رەونەق وەردەگرێت چونکە زەرفی ئەو وەزعە نەفسیەیە دەنا وەزعێکی هیچ نەدار و موفلیس لەخۆوە نابێتە جێی سەرسوڕمان و تێوەڕامان و پشکنینەوە. زۆر جاران شتی بێ بایەخ لە پەنا شتی بایەخداردا نرخ پەیدا دەکات:

بازاڕی دەهرە قیمەتی ئەشیا بە جێگەیە
مێشێ گەیشتە رووی نیگار هەر لە حاڵ ئەچێ

حاجی قادر هەرچەند هێزی دنیاییی مادیی وەك چەك و پارە و دەسەڵاتی نەبووە،

لەگەڵ ئەمەشدا لە تای تەرازووی ئەو لەنگەربەستەی کۆمەڵایەتیدا سەنگی تایبەتی خۆی هەبووە و حیسابی بە بنج و بناوانی بۆ کراوە و هەمیشە کات تێخوێندراوەتەوە. حاجی لای زۆرینەی پیاوە ناودارەکان و بەهێزەکانی کۆیێ مرۆڤێکی بە قەدر و خۆشەویست بووە، خۆشویستنەکە و قەدر گرتنەکەشی ئەوە بووە لە هەڵبەستەکانی دواییتری دەنگی داوەتەوە کە دەکا دەنگدانەوەیێکی وەفادارانە. لە وەزعی وەهادا کە ناکۆکی بکەویتە نێوان حاجی و شێخ نەبییەوە هەتا ناکۆکییەکە لە سنووری تێك ڕاخوڕین و شەڕە شیعر و پلارتێك گرتن و جنێو بەیەکترداندا بێت کەس بۆ کەس بەدەنگ نایەت مەگەر خۆی لایەنی دەمەتەقە بێ. رەنگە گێڕانەوەی رووداوی رۆژانەی ئەو ناکۆکییە زەردەخەنە و پێکەنینیش بێنێتە سەر لێوان، بەڵام کە کار گەیشتە ئەوەی پیاوێکی وەك حاجی قادر لە کۆیێ دەربکرێ وەیا لە ترسان هەڵبێ دەبێ تەوازونەکە ئەوەندە تێك چووبێت و شیرازەی کۆمەڵایەتی بە جۆرێك هەڵوەشابێ ئەو کۆیە نەمابێ کە دەیناسین. بە پێی ئاگاداری و شارەزاییمان لە وەزعی ئەوسای کۆیێ، کە جیلاوجیل پێمان گەیشتووە و باری راستەقینە و میراتیش هەروەها رادەگەیەنێ، ئەو شلۆقییەی حاڵ و زەرفی کۆمەڵایەتی و سەرەوبنبوونی لەنگەری دەسەڵات هەرگیزا و هەرگیز رووی نەداوە. سەردەمی شێخ نەبی ئەوەندە دوور نەکەوتووەتەوە کۆمەڵایەتییەکەی بووبێتە نهێنیی مێژوویی، تەنانەت بەشێك لەو کارانەی کە شێوەی خودنمایی و خەلق شکاندنەوەی ئەو تەڵەکەبازە نیشان دەدات بە نووسراوی لای ئێمە پارێزراوە. وێڕای ئەو نووسینە تایبەتییانە، لە پەڕاوێزێکی فراواندا، لە ڕێی مەعلوومات خانەوادەیی و وردە نووسینی پەراگەندە بە دەوری کتێباندا کە هەموویان لەگەڵ قسەی دەماودەمی ناو خەلق رێك دێن، چەندوچۆنییەکی ئاکار و حاڵ و باری شێخ نەبی تا رادەیێك روون دەبێتەوە. بە نموونەی راستبوونی ئەم رایە دەڵێم شێخ نەبی بەسەر کتێبێکی مزگەوتەوە، کە لای منە، لە پەڕاوێزێکدا نووسیوەتی دەرسی خوێندوە لای شێخ مستەفا لە مزگەوتی مەلای خەتێ، حاجی مەلا ئەسعەدی باوکی باپیریشم لە پەڕاوێزی کتێبێکی تردا نووسیوەتی لای مەلای خەتێی خوێندووە، هەر ئەم هاوڕێیەتیەی بەیەکەوە خوێندنیان بووە دواتر حاجی مەلا ئەسعەد یارمەتیی شێخ نەبیی داوە کە لە کۆیێ بگیرسێتەوە کە ئەوسا جارێ هیچ بێ دینێکی لێ نەدیترابوو. ئەمە دەڵێم تاکو بزانرێ شتێك لە بارەی شێخ نەبییەوە بێتە ناو ئەم نووسینەوە، وەیا کارەساتێکی سەردەمی ئەو کە پێوەندیی بە حاجی قادرەوە هەبێ و

لێرەدا باسی بکەین لە مەجهوولەوە هەڵنەقوڵیون، چ دەسکاریشیان تێدا نەکراوە. کە دێم و باری کۆمەڵایەتیی کۆیەش بە شایەد دەگرم لە راستی و درۆییی ئەو خەبەرەی کە دەڵێ حاجی لە ترسان وەیا بەدەرکردن لە کۆیێ رۆیشتووە، شایەدێکی راستگۆ و مەعلوومیشم هێناوەتەوە کە دەیناسین و پێی باوەڕ دەکەین.

ئەو کەسانەی خۆشباوەڕن لە سەلماندنی دەرکرانی حاجی، وا دەزانن بەڵگەیێکی گەورەیی و قارەمانیەتیی حاجی لەوەدایە لە لایەن ستەمکارەوە دەرکرابێ و لە کاتی دەرکردنیشیدا کزەی سۆز و پەرۆش و هەستی غەریبی لە جەرگیەوە هەڵستابێ. ئەوەی راستی بێ، مەیلی وەها ساکار بۆ کێشانی خەرمانەی ئاورینگاوی بە دەوری ناو و شەخسیەتی قارەمانی خۆشەویستەوە لەوە تێپەڕ ناکات کە مەیلێکی سادە و ساکارە چونکە هیچ سوودێکی راستەقینە بەو قارەمانە ناگەیەنێ و لە نرخ و بایەخی شەخسیەتیشی زیاد ناکات. راوەستانی حاجی قادر دژی شەعبەدەی شێخ نەبی راستیێکە پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتووە هەڵاتنی حاجی ئەنجامەکەی بێ. حاجی بە خوایشتی خۆی رۆیشتبێ وەیا دەرکرابێ وەیا، لە فەرزی موستەحیل، کۆیەشی جێ هێشتبێ هەر ئەو حاجییە دەبێ کە یەکە و تەنها بێ چەك و پارە و دەسەڵات یەخەگیری شێخ نەبی بووە. ئەگەر بەوردی سەیری ئەو حیکایەتە بکەین کە حاجی دەکاتە دەرکراوی زەبروزەنگی شێخ نەبی، دەبینین دەلالەتی حیکایەتەکە، تا ڕادەیێك، لە نەترساویی حاجی کەم دەکاتەوە چونکە ئازایەتی لە مەیدان چۆڵکردندا نییە، بەپێچەوانە لە بەردەوامبوونداید. ئەگەر هیچ نیاز و خوایشتێکی خۆی لەو رۆیشتنەدا نەبووبێ و لەبەر تاکە هۆی ترس وەیا بێچارەیی کۆڵی دابێ، دەبێ ئەوانەی گەورەیی حاجی لەو کۆڵدانەدا دەبینن چاوێك بە رایەکەی خۆیاندا بگێڕنەوە، پرسیارێکیش هەڵبستێنن لەوەدا کە ئەگەر ئەنجامی تیژکردنی هەرا و ناکۆکی سەربکێشێتەوە بۆ کۆڵدان و هەڵاتن ئایا چاکتر و شیرینتر ئەوە نەبوو بایی هەڵنەهاتن لە هەراکە کەم کرابایەوە؟

بەلای منەوە، بەلای واقیعیشەوە، سادە مەیلی نیشاندانی حاجی بە (قوربانی خەبات) نە دەشێ و نە دەکرێ ببێتە (جێگر – بدیل)ی راستی، بە تایبەتی کە گەورەیی راستەقینەی حاجی قادر لەو راستییەدا بێ. کەواتە بۆچی لە خۆڕایی گەورەیی حاجی بەند کەین بە غەڵەت و بیبەستینەوە بە روونەداو. ئەوەندە قارەمانەتییە هەڵبەستراوەی – کە دەزانین لە راستیدا پێچەوانەی قارەمانەتییە – بە حاجی دەبەخشین نابێتە

جۆگەلەیەکیش لە چاو رووباری پڕ شەپۆلی قارەمانەتیی حەقیقیی ئەو. حاجیی ئەو هەژارەی مەیدانی شەخسیەت نییە کە دۆستەکانی هەڵوەستی شلۆقی بۆ بکەن بە داروەکازی خۆ بەسەرەوە راگرتن، لەمەشدا بێ لزووم رووداو و مێژوو بەدرۆ بخرێتەوە.

تا حاجی دەبێ بە دەربەدەرێکی ستەمی شێخ نەبی هەرچی راستی هەیە لە باری کۆمەڵایەتی و لەنگەری دەسەڵاتی ئەوسای کۆیێ دەبێ بسرێتەوە و زەرفێکی دەسکردی دوور لە واقیعی لە جێگەدا دابنرێ کەوا نە حاجی پەکی لەسەر کەوتووە نە ئێمەش چ کارێکمان پێیەتی. سەیر لەوەدایە کە ئەگەر قبووڵیش بکەین حاجی لەبەر شێخ نەبی هەڵات دیسانەوە چوونی حاجی بۆ ئەستەمبوڵ هەر بێ تەفسیر دەمێنێتەوە. دامان نا حاجی دەرکراوی شێخ نەبییە، لە ترسی ئەو لە کۆیێ هەڵات، بۆچی نەچووە کەرکووك وەیا هەولێر وەیا سلێمانی وەیا هەر شوێنێکی تری کوردستانی عیراق کە دەسەڵاتی شێخ نەبی پێی راناگات؟ ئەستەمبوڵی ساڵی (١٢٨٠ك.) جێگەیێکی وەها نزیك و هەرزان بایی نەبووە هەر کەسێك لە ماڵی خۆی دەرچوو وەیا دەرکرا بۆ ئەوێ خۆی هەڵکوتێ. فەرقێکی گەورە هەیە لە نێوان هەڵاتن بەدەم ترسەوە لەگەڵ گرتنەبەری سەفەری دوور و بەئەرك بۆ شوێنی بێگانەی بە مەسرەف و بە نیازی لێمانەوەی هەموو عومر. هەڵاتنی حاجی لە ترسی شێخ نەبی هەر ئەوەندەی بەبەرەوە هەیە کە لە کۆیێ دەرچووبێت، هەرگیز لێی چاوەڕوان ناکرێت بۆ ئەستەمبوڵی بەڕێ کات. لەوانەیە بگوترێ چوونی حاجی بۆ ئەستەمبوڵ ئەو موستەحیلە نابێ، کە لەبەر تیشکی واقیعی دوای دەرچوونی لە کۆیێ رابگیرێت. واتە کە ئەو هەر ناچار بوو لە کۆیێ دەرچێت ئیتر بۆ نەچێتە جێگەیەکی وەها ئەوە بێنێت بۆی ئاوارە بێت؟ ئەم پرسیار و تێبینییە بێ بایەخ نین، جێی سرنج لێگرتنیشن بەڵام بایی خۆ سەپاندن و تەگەرە ڕەواندنەوە ناکەن. ئەم تێبینییە خۆی لە خۆیدا و بە تەنها هێزێکی وەهای تێدا نییە هەموو تێبینییەکی ترمان لە بیر بباتەوە و حاجی قادر بکاتە گوللە تۆپێکی قەزاوقەدەر و بۆ ئەستەمبوڵی باوێژێ. هێز و پاڵەپەستۆ و تەکانێك کە بەیەکجاری حاجی لە کۆیێ هەڵقەنێ و لە ئەستەمبوڵی بە زەویدا بدات، تەقینەوەیێکی گەلێك زلتری دەوێ لەوەی کە گوتبێتی (کوڕینە لە کۆیێ دەرچووم، وا ڕۆیشتم بۆ ئەستەمبوڵ) وەك ئەوەی کە بڵێ (کەوا و سەڵتەکەم بە رانك و چۆغەڵ دەگۆڕمەوە...).

هەڵقەنانی حاجی لە کۆیێ دەبێ بخرێتە بەر رووناکیی ئەو لێکدانەوانەی پێشتر لێی بوومەوە، واش دەزانم شتێکی ئەوتۆیان نەهێشتووەتەوە لەو بنگە و بنیچەی

بەراوردکردنیان بەسەرەوە دەوەستێ، ئەگەر هیچیشم لەبیر چووبێ وەیا بە بیرمدا نەهاتبێ باوەڕ ناکەم لەوانەبێ بڕیاران هەڵوەشێنێتەوە. وەك لەو لێکدانەوانەدا بۆی چووم، وا دەزانم حاجی قادر بە هەمە حاڵ لە کۆیێ دەردەچوو ئیتر شێخ نەبی پەیدا بووبا یا پەیدا نەبووبا. ناشێ لێرەدا ئەو لێکدانەوانە و بەیەکتر گوتنانە دووبارە بکەمەوە، تەنها بە پێی داخوازی جێگە و لێکۆڵینەوە لەو دەمەتەقەیەی تازە خستمە بەرچاو، زۆر بە کورتی دوو سێ خاڵی گرینگ لەوانەی پاڵیان بە حاجییەوە نا بۆ ئاوارەبوون وەیا ئاوارەبوونیان لێ خۆش هێنا لێرەدا دەکەمە کورتەی پوختەکراوی گەلێك لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی دوور و درێژ:

١– هیچ بەرژەوەندێکی مادی وەك سامان و دوکان و دیوەخانە و مزگەوت و مەدرەسە و وەزیفە، حاجی قادری بە کۆیەوە نەبەستبووەوە.

٢– ژن و منداڵی نەبووە ئاوارەبوونی بە زەحمەت بیەخێت.

٣– نەفسە زلەکەی لێی نەسەلماندووە دەست لەبەر خەلقی پان کاتەوە بۆ پێکهێنانی گوزەران.

٤– هەر ئەو نەفسە زلەی وای کردووە شەرمی بێتەوە کە بەردەوام لەو مزگەوت و لەو ماڵ و لە سێبەری برا گەورە و خێرەومەنداندا بژیت – بەڕاستی ئەم هۆیە یەکجار بەهێزە لە ناو هۆیە بەهێزەکاندا.

٥– تاکە سامانی حاجی کە بوێژی و ئەدەبەکەیەتی لە قەپێلکی تەسکی کۆیەدا نەدەگونجا، بەتایبەتی کە حاجی سەر بە شیعرەکانی شۆڕنەکاتەوە بۆ مەدحی دەسەڵاتدار و خاوەن سامانەکانی ئەو سەردەمەی کۆیێ وەیا غەیری کۆیێ وەك هەولێر و کەرکووك.

تۆ لە وەزعی حاجی وردبەوە، هەرچی هۆی مانەوەیە لە کۆیێ پەیدا نییە، هەرچی هۆی دەرچوونە پەیدایە. کە ئەمە وابێ چیمان پێ دەوێ لەوە زیاتر ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەی؟ (هەراکەی شێخ نەبی لەو وەزعەدا بایەخێکی تایبەتی پەیداکرد کە بەزاهیر بووە هۆی دەرچوونی حاجی، وەیا ئەوپەڕەکەی بووە بەهانەی دەرچوون).

بەچاوی خەیاڵ خۆت لە وەزعی حاجی قادری ئەو جێگە و کاتەدا ببینەوە و بەدڵی ئەو هەست بکە و بە مێشکی ئەو لێك دەوە بزانم بڕیارت چی دەبێ! لەو هەموو بێ حاڵ و باری و بێ سامانییەدا بەو هەموو قابلیەت و شاعیرێتەوە لەگەڵ ئەو هەموو رێز لە

خۆگرتنە و سەرکەشیی نەفسەوە بەدەم شەڕەدندووکێ و هەرا و دەمەتەقەی ڕۆژانەوە چەند ساڵان ئەم ماڵ و ئەو ماڵ و ئەم مزگەوت و ئەو مزگەوت خانەخوێگۆڕی دەکەیت؟ تاکەی؟ بۆچی؟ بەکام ئومێد؟ بۆ کام ئامانج؟ لەبەرخاتری کێ؟ نە ژن نە ماڵ نە منداڵ نەمزگەوت نە دیوەخانە نە دوکان نە نان نە خوان نە ڕاحەتی نە سرەوتن نە بازاڕی شیعر نە هیچ شتێکی بەکەڵکی حاجیی ئەوسا بێت وەیا لە سنووری بەخۆنازیندا دەستی پێی بگات! تۆ لەو حاڵەدا بیت چ بەخۆت ڕەوا دەبینی؟ مانەوەی سەرکزەڵانەی مێوانانەی بێ دەسەڵاتانە یاخود ئەوەی حاجی کردی؟ (وا دەزانم دیمەنەکە ئەوەندە روون و ئاشکرایە هەر دەڵێی تین و تاو بە ئیرادەی تۆ و منیش دەدات کە بە لاشعوری بڵێین. کاکەینێ خۆ حازر کەن با بۆی دەرچین.)

لە نێوان ئەو پێنج خاڵەی سەروودا کە بوونە پوختەی ئەو هۆیانەی ڕێی ئاوارەبوونیان خستە بەر حاجییەوە، خاڵی دووەم کە نەبوونی ژن و منداڵە هۆیێکە هەموو ئاوارەبووەکانی وەك حاجی قادر تێیدا بەشدارن. مەبەست لە ئاوارەبووەکان ئەوانەن کە وەك حاجی دەستکورت و بێ ڕێ و جێ بوون، نموونەی زۆر بەرچاویش لەوان جووتە قارەمانە رووتەی (نالی و کەیفی)ی کە یەکەمیان بەر لە حاجی بە ٢٠[١] ساڵێك، بەڵکو پتریش، ئاوارە بوو بوو، دووەمیشیان بە چەند ساڵێك دوای حاجی ئاوارە کرا. ئەم دوو قارەمانەش وەك حاجی قادر بایی پێوەندیی سەرەداوێك، بەرژەوەندییان نەبووە بە سلێمانی و کۆیەیانەوە ببەستێتەوە. بەڵام لە بێ بەرژەوەندی کاریگەرتر ئەوە بووە کە ژن و ماڵیان لێ نەبووەتە تەوق و تەڵەی پەك خستن چونکە دەزانین هەزاران کەسی هەژاری بێ ملك و پارە و دەرەتان بە هۆی ژن و منداڵەوە بە شوێنێکەوە دەبەسترێنەوە و تا مردن بە کڵۆڵی و چارەڕەشی تێیدا بەسەر دەبەن.

دوو شەقڵی زۆر ئاشکرای (بێ ژن و منداڵی و بێ سامانی) دەبنە جوداکەرەوەی ئەو کوردانەی لە شوێنی وەك کۆیە و هەولێر و سلێمانییەوە رووەو ئەستەمبۆڵ دەبوون، هەموو ئەو هەژارانەی ئاوارە دەبوون ژن و منداڵیان نەبوو، بە زۆریش نەدەگەڕانەوە بۆ خاکی وڵات، وا بزانم لە غەریبیشدا هەر ژنیان نەهێناوە، مەگەر تاك تاکەیان. ئەوانەی حاڵ و بارێکی ئابووریی ڕێکوپێکیان بووبێت، ناچار نەبوون بێ ژن و ماڵی تێکەڵ بە حیسابی سەفەرەکەیان بکەن، چ بە نیازی گەشت و گەڕانی تەبدیل هەوا

(١) ئەم باسە بە وردی لە پێشەکی کتێبەکەی (چەپکێك لە گوڵزاری نالی) لە چاپ کراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ساڵی ١٩٧٦ لە نووسینی مەسعوود محەمەد لێی کۆڵراوەتەوە.

بـووبـێ چ بـەنـیـازی وەرگـرتـنـی وەزیـفـە و روتـبـە و نـیشان وەیـا بەرەوپێشبردنی بـەرژەوەندێك بـووبـێ، چوونـەتـە نـاوچـەی خـەلافـەت، کـەیف و سەیرانـی خـۆیـان تێدا کردووە وەیا خەریکی کاروباری بەرژەوەندەکەیان بوون، ژن و ماڵیشیان بووبێ پەکی چوون و هـاتنەوەی نەخستوون، وا بووە بە ماڵەوە سەفەریان کردووە و گەڕاونەتەوە، واش بووە بە نیازی نیشتەجێبوون رایان گوێستووە. بەڵام بە زۆری ئەوەی بنگەیێکی ژیان و گوزەران و ناوونیشانی لە وڵاتی خۆیدا شك بردبێ گەڕاوەتەوە هێلانەکەی خـۆی، تـەنـانـەت هـی وابـووە بـە نـوێنـەری وەیـا بـە وەزیـفـەی گـەورە چـەند ساڵان لـە ئەستەمبوڵ ماوەتەوە پاشدان لەگەڵ بەسەرچوونی ئەو وەزعە رووەو ماڵ و وڵاتی خۆی بووەتەوە. دیارە غەریبی ئەو شیرنە نییە بە عادەت خەڵقی بۆ خۆی راکێشێت، وڵاتیش ئەو ناحەزە نییە بێ سەبەب بەلاوە بنرێت:

وەتەن مەحبووبەیێکە جلوە ئارای
نیشانەی دین و ئیمانە تەمەننای

ئەگەر لە میراتی ئاوارەبووەکانمانەوە کەلەپووری نووسراومان پێ گەیشتبا، بێ گومان، لە هەمووانەوە سۆز و کزەی غەریبیمان دەخوێندەوە. نالی کە سەرامەدی ئەو ئاوارانەیە چەند بەلیغانە گڕوگڵپەی دەروونـی خـۆی خستووەتە ناو هـەڵبـەستە بێ هـاوتـاکـەیـەوە کـە لـە غەریبیدا بـە نـیـازی روخسەت خـواستـنـی گەڕانـەوە بـۆ سالمی ناردووە:

قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

نالی لەو هەڵبەستەدا، بەدەم سۆزی غوربەتەوە، ئەوەی لەگەڵ شێوەی وڵاتەکەی کردووە کە لە کاتی سەفەری حەجدا بەرەو کەعبە و قەبری پێغەمبەر لەگەڵ رەمڵ و خاك و دار و بەرد و گیا و حەوش و حەسار و دیواری حیجاز و مەکە و مەدینەدا کردووەتی. هـەر لـە شیـوە سوورەوە تـا سەرچـنـار و بـەکـرەجـۆ و سلـێمـانـی و بـەردی سەرشەقام و داری پیرمەسوور و حەوز و حەوش و حوجرەی مزگەوت و گردی سەیوان و کانی ئاسکان و خاك و خۆڵ بە هەناسەی گەرم و قوڵپی گریان خولی میحنەتی داوە و تلاوەتەوە. کوڕم دەوێ لە غەریبیدا ئەو پارچە ئاگرەی هەڵبەستی نالی بە جەرگی خۆیەوە بنێ و بۆسۆی لێ هەڵنەستێ.

ئێمە زۆر جاران دادەبڕێین لە هەستکردن بە سۆز و عاتیفەی مرۆڤی هەستیاری ئاگر تێبەربووی وەك نالی و حاجی کە نرخدارترین و عەزیزترین و جوانترین هەڵپە و لەرزە و لەرەی هەناوی خۆیان بۆمان کردووە بە دەستەچیلەی هەڵبەست و دەروونی مرۆڤایەتیمانی پێ گەش دەکەنەوە، ئەگەر گوێیان بدەینێ و تێیان بگەین. لەو دابڕانەشمان ئەوەی زۆر جێگەی پەرۆشمە، ئەوەیە کە نازانین چەندمان لە کیس چووە، بەڵام دابڕانمان لە دیتنێکی سینەمایی وەیا ئاهەنگێکی کۆکتێل وەیا شاییەکی ڕەشبەڵەك ناراحەتمان دەکات، بگرە دابڕانەکەمان بە خەسارەتمەندیش حیساب دەکەین. بەڵێ مرۆڤ هەقیەتی پەرۆشی لەدەستچوونی خۆشییەکی مادی بێت، بەڵام پێویستە لەسەری، هەر نەبێ لەبەر خاتری حەسانەوەی گیانی خۆی، بەشداری ویژدانی خاوەن ویژدانە زلەکانی میللەتەکەی بێت و گوێیان بداتێ و تێیان بگات و کە پێی کرا لە بەخشندەگیی وانەوە فێری بەخشین بێت.

بەڕاستی ژیان هەمووی هەر خواردن و خۆشی و هەڵپەڕکێ و جینس نییە، ئەمانە تێکڕایان ماڵی هەموو گیانلەبەرانە نەك هەر هی ئادەمیزاد. بەڵێ بێ ئەمانە ژیان تامی نابێ، یاخود بەجارێ نابێ، بەڵام بە هەموویان یەك خاسیەت و تایبەتی پێك نایەنن کە تەنها هی مرۆڤ بێ، چونکە جارێ ماکە هەرە گرینگەکەی مرۆڤایەتی، کە هەستی هاوبەشیکردنە لەگەڵ غەیر، نادیارە. بەتۆ چی دراوسێکەت لە خۆشیدا خنکابێت، هەروەهاش بە من چی تۆ لە سینەما دەرچیت بۆ پارتیی کۆکتێل و بادەنووشی بکەیت وەیا لە کۆش و باوەشی گەرم و نەرمدا سەرخۆش بیت. من هەرگیز گلەییم نەبووە لەو شاعیرەی کە دەڵێ:

کە من نەخلی مرادم بێ سەمەر بێ
بە من چی عالەم جوملە بەر بێ

چونکە بەڕاستی ئینسافی لەگەڵ خۆیدا نواندووە. ئەوەی دەڵێ شاعیر لێرەدا خودپەسندیی کردووە ئاگادار نییە لەوە کە هەر یەك دوو وشەی بەیتەکە بگۆڕێ چ خودپەسندیی تێدا نامێنێت:

کە تۆ نەخلی مرادت بێ سەمەر بێ
بەتۆ چی باغەکەی من جوملە بەر بێ

لە دەربڕینی حەقیقەتی وەها زلدا، پاڕانەوە بۆ نەفس یا بۆ غەیر فەرقێك بە

حەقیقەتەکە ناکات، ڕەنگە ئەو ئازاییەی لە دەربڕینی حەز و ئارەزۆی نەفس پەیدا دەبێت گەلێك پتر نرخی حەقیقەتەکە دیار خات لەوەی شەرم و زمانگرتن ئەو حەقیقەتە لە غەیردا دیار خات. لە جێگەی وەهادا چ فەرق نییە لە نێوان شانازیکردن بە جانفیدایی و نەفس کردن بە ئاوێنەی حەقیقەتی گەورە. لە خۆ نواندن بە فیداکاری چ شەرەفێك هەیە هەمان شەرەف لە دەربڕینی ئارەزۆی رەواشدا هەیە، ئەو ئارەزۆیەی کە مافی بێ فێڵی ئادەمیزادە. ئێمە لێمان داوا ناکرێ هەر لە خۆبەختکردندا دەنگ دلێر بین کە دەزانین خۆبەختکردنەکە لەوەدا شەرەف پەیدا دەکات کە بۆ خێر و خۆشیی ئادەمیزاد بێت دەنا فلسێك ناهێنێت، زۆر جارانیش بەکاری بەد لە قەڵەم دەدرێت.

من کە دێم داوا دەکەم لە خوێنەری کورد پرپشکی نالی و حاجی بە جەرگی خۆیەوە بنێ و بەشداری ویژدانە بڵێسەدارەکەیان بێ، دەمەوێ تابلۆی مرۆڤایەتی بەهەر دوو لای خۆویستی و غەیر ویستی لە خۆیدا بەتەواوی دروست بکات، خۆ ئەگەر بیەوێ نموونەیێکی گونجاو بێ لەگەڵ حاڵ و باری کوردەواری بە هەر دوو لای خۆشی و ناخۆشیی میراتی کوردەوە دیارە دەبێ پتر خۆی بەلای غەیر ویستی و هەستی بریندارا بشکێنێتەوە. بەڵام هەرگیز نامەوێ تەنگژەی ژیانی لێ تەنگتر بکەمەوە... نامەوێ هەلی خۆشیی لێ بدزمەوە بە ناخۆشی... نامەوێ بەهرەی داشکێنم، من باوەڕم بەوە هەیە کە ئەگەر گەنجێکی رۆشنبیری کورد توانی ئەوەندە ناسك بێتەوە کە بە فرمێسکی حاجی و نالی بگری... بڵێسەی هەناوی ئەوان لە دەروونی خۆیدا هەڵگیرسێنێتەوە، بە سامانێکی مەعنەوی، بگرە مادیی، زلتر دەگات لەوەی تامەزرۆشکاندنی ئارەزۆی نەفسی برسی پێی دەگەیەنێت. تامەزرۆشکاندن فەرمانی سروشتە و نامەوێ لە نرخی کەم کەمەوە، بەڵام هەرگیز نرخی تامەزرۆشکاندن کەم نابێتەوە بەوەدا لە پاڵ پەلەفڕەی دڵی نالی و حاجی بە چنگاڵی میحنەتەوە، بیخەمە سێبەری پلەی دووەمەوە. من هەرگیز بە مۆرفینی خەیاڵی بەتاڵ سەرگێژم نەکردوویت کە لێت بپارێمەوە تۆش وەکو من نیگایێك بشکێنیتەوە بەلای مەینەتە زلەکەی حاجیدا لەو زەرفە بێ ڕەحمەدا کە تاڵ تاڵ دەماری پێوەندی بە مەفتەنیەوە هەڵدەبڕێتەوە وەك ئەوەی گیانی لە ناخی وجوودی دەرکێشن، چونکە نیگاکەت بەلای دەوڵەمەندترین دیمەنی مرۆڤایەتیدا دەشکێتەوە.

دەرچوونی حاجی لە کۆیێ رووداوێکی ئاساییی رۆژانە نییە کە لە نێوان دەیان و سەدان رووداوی وەك خۆیدا بشاردرێتەوە. ئێمە لەوە بووینەوە بزانین چ بوون ئەو

هۆیانەی تراجیدیای ئاوارەبوونی حاجییان پێك هێنا، هەر لەو زانینەشدا بۆمان روون بووەوە کە عامیلی هەرە گەورەی ئەو تراجیدییە نەفسە زلەکەی حاجی بوو بەوەدا کە بەقەدەر یەك موو سەری پێ دانەنواند بۆ پێداویستی بەرژەوەند و حوکمی ژیان و فەرمانی دەوروبەر تا بکەوێتە سەر بارێك کە نانێکی تێدا پەیدا بکات وەیا ماڵێك پێکەوە بنێت وەیا لە بن نواییێك بحەسێتەوە ئیتر مایەوە وەك مێوان کە پێی بە قۆناغەوە گیر نابێ و بەردەوامبوونی لە مێوانەتیدا دەبێتە شتێکی سەیر. ئەم ئیمکان نەبوونی مانەوەی حاجی لە کۆیە کە رابگیرێ لە بەرانبەر خۆشویستنە بێ سنوورەکەی حاجی بۆ کۆیە و دانیشتوانی کۆیە، پۆپی تراجیدیاکە نیشان دەدات. تاکە یەك هۆی کزبوونەوەی ئاورینگی کارەساتەکە لەوەدایە کە لە کوردێك قەوماوە و لە شوێنێکی وەك کۆیەدا رووی داوە، ئەگەر لە گۆشەیێکی ئەورووپادا کارەساتێکی وەها فرمێسکاوی، شەکسپیرێکی بۆ رەخسابایە ئێستا لەو دەمەدا کە جەنابت بە گۆشەیێکی چاوە بێزارەکانت ئەم دێرانە دەخوێنیتەوە، لە گەلێك جێگەی جیهاندا کارەساتەکە وەك هاملێت و رومیۆ و جۆلییێت بەسەر شانۆ گەشەدارەکانەوە چەپڵەرێزانی بۆ دەکرا، خۆشت لەوانە بوویت چیرۆکەکەت بەو پەڕی تەقدیر و تەقدیسەوە بخوێندایەوە و هەر جارەش نەفرینت لەو چارەنووسە کردبایە کە ستەمی وەها بێ سامان لە دڵی وەها گەورە و هەستیار دەکات، بەڵام چ سوود! کارەساتی دەربەدەربوونی حاجی هیچ ناوێکی زرینگەداری تێدا نایەت، ئەو زەرف و هۆیانەی پێکیشیان هێناوە بەدەوری رووداوێکی ئەورووپاییدا سەریان هەڵنەداوە، دەست و قەڵەمێکی لە بارەشیەوە خەریکە خۆی فێری مەشقی نووسین بکات لە ناو تاریکاییی نەناسراوی خۆی و بابەتی نووسینەکە و سەرلەبەری میللەتەکەی کوتەکوتی شەوکوێرانەیتی، ئیتر بۆ دەبێ گەنجێکی کورد ئەو چاوە تیژەی هەبێ کە گەوهەر لە ژێر تەبەق ئەندەر تەبەقی تاریکی و سەرپۆش و کفندا بدۆزێتەوە! تا دەسەڵاتێکی مەحدوودی وەك هی ئەم نووسینە کزە خۆ هەڵدەبەزێنێتەوە بۆ بەر نیگا بەرزنۆڕە شادیخوازەکەی گەنجێکی کورد، لە دەیان لاوە پروجەکتۆری نووسینە پێدا هەڵگوتراوەکانی ئەم جیهانە پڕ رووناکی و شادییە سرنج و هۆش و حەز و ئارەزۆی ئەو گەنجە، وێرای نیگاکەی، بۆ خۆیان رادەکێشن و لە من و کۆیە و حاجی قادری بێ دەرەتانی دەسێننەوە.

بەڕاستی گەیشتنەوە یەکتریی ئەم دوو تەناقوزە بە هێزەی خۆشویستنێکی بێ سنوور و دوورکەوتنەوەی ناچاری کە لەم ئاوارەبوونەی حاجی قادردا پەیدایە هەر

وەك چەخماخەی برووسکە دوو راستیی گەورەی (١- گەرمایی ٢- رووناکایی) لە نەفسی حاجی قادردا دەردەخات. گەرماییەکە ئەو ئاگرەیە کە لە دوورکەوتنەوەکەدا بەردەبێتە گیان و دڵی حاجی و هەتا مردن ناکوژێتەوە و یەکێکە لە دیاردە بنجی و بەهێزەکانی ناو دیوانەکەی کە ئەگەر هەڵبەستەکانی دابەش بکرێن بەسەر ئەو مەبەسانەی بۆیان هۆنراونەوە پشکی کڵپە و سۆزی غەریبی بۆ کۆیە و دۆستەکانی خۆی پشکێکی زۆر بەرچاوە، سەرەڕای بەرچاوی، لە هەڵبەستە هەرە سۆزناکەکانیەتی کە بێ فێڵ و بێ هەناسەسواری لە ناخی دڵیەوە هەڵدەقوڵن.

رووناکاییەکەش ئەوەیە کە لە تەحەمولکردنی ئەم هەموو ئێش و ئازارەی دوورکەوتنەوەدا جارێکی تریش دوای دەیان جار لێمان مەعلووم دەبێ نەفسی سەرکەشی حاجی تا چ رادەیێك دژی ئەو ئارەزۆیانەی هەڵوەستاوە کە بە نزمایەتیی دەبەستنەوە، وەك یەکێك زۆری برسی بێت بەڵام نەچێتە سەر بانگهێشتنێك کە لە ریزی سەرووی داوەتکراوەکاندا جێی نەکرێتەوە.

ئەگەر ئیمکان هەبێ هەموو شتێك مافی تەواوی خۆی پێ بدرێت، لە پێویست پێویستترە بۆ ئێمەی شوێنەوار تاریك و رابردوو بزرکراو تۆز بتەکێنینەوە لەو هەڵوەستە پڕ شەوق و تینانەی کە تاکە قارەمانەکانمان دلێرانە تێیدا هەڵایساون چونکە لە دوو نوقتەی زۆر گرینگەوە سوودی لێ وەردەگرین:

یەکەم: لە تێوەڕامانی رابردوومااندا ڕووبەڕووی تاریکایی و بێ چرایی و بێ وەجاغی نابین، ئیتر کە ویستمان دیوەخانەیێکی فکر و ئەدەب و (هەڵوەست)ی کوردی لە ئۆردوبازاڕی میللەتاندا بکەینەوە دەتوانین چراقۆدیلەیێکی خۆمانی تێدا هەڵکەین و نوقڵ و باسووغ و بادامی مەعنەویاتی کوردەواریشی تێدا پێشکەش بە مێوانان بکەین. رێبوارێکی بێگانە کە سەر بە ماڵە وێرانەکەماندا دەگرێت بەتەمایە کاڵایێکی خۆماڵیی ئێمەی تێدا ببینێت، زۆریش دڵشکستە دەبێ، پایەشمان لەبەر چاوی دادەشکێ، کە خۆی لەسەر سفرەی بەتاڵدا ببینێتەوە، بۆ ئێمەش مردەنییە پەکمان بە ئیفلاسیی مەعنەویمان نەکەوێ. ئەو کەسەی حەز دەکات شانازیکردن و لە خۆڕازیبوون لە ئیفلاسی مەعنەویدا بدۆزێتەوە، بێ گومان، دەماریکی نەخۆشی (مازۆخیەتی) لە نەفسیدا هەیە. مرۆڤێك نەفسی نەخۆش نەبێ حەز دەکات لە زەمینەی (هەبوویی)یەوە بەرزتر بێتەوە، نەك لە بنی بیرەوە بەحاڵ سەر ئەرز بێتەوە.

دووەم: سەرەڕای رووناکبوونەوەی رابردوومان، ئەم ڕۆژگارەشمان بە شەوقی چرای کوردی رووناك دەبێتەوە. بەڕاستی بەر لە هەموو کەسێك ئەدیب و ڕۆشنبیر پێویستی بە رابەر و نموونەی نژادی هەیە تا بتوانێ لە ئاهەنگی خۆ هەڵدانەوەی کۆڕی ئەدەبدا، وەك ئەدیبی میللەتانی تر، شانازی بە رەسەنیی ئەدەبەکەی خۆی بکات کە دێت و درەختی خانەوادەی ئەدەبەکەی خۆی دەباتەوە بۆ سەر ئەو نموونە و رابەرانە. ئەدیبیش وەك هەموو ڕۆڵەیێکی ڕێز لەخۆ گرتوو دەبێ حەز بە بەرزیی ئەو باوك و باپیرانەی بکات کە رابەر و نموونەی ئەدەبن نەك وەك ئەو سواڵکەرە بێت کە هەستی بە خۆنازینی پێ نەماوە و دەم نادەم لە رووتەڵەییی خۆی زیاد دەکات بۆ بزواندنی بەزەییی خێرەومەندان.

من لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانم ئەدیب نابێتە ئەدیبی راست و دروست ئەگەر ئاگاداری ئەدەبی میللەتانی تر نەبێت و لە زادی مەعنەویی ئەوان تێروتەژی نەبێت، زۆر جارانیش دەبێ چاو ببڕێتە هەڵوەستی ئەدیبەکانیان بۆ بەهێزکردنی هەڵوەستی خۆی، دیسانەوە هێندەی بڵێی نارەحەت دەبم کە ببینم ئەدیبێکی کورد لە کاتی رازاندنەوەی نووسینەکەی بە هێنانە ناوی شێوە مرۆڤایەتیی پڕ دەلالەت و شانازیی مرۆڤێکی غەیری خۆی، هانا بباتە بەر هەڵوەستی مرۆڤی غەیری کورد لە حاڵێکدا نموونەی قارەمانەتی لە نێوان ریزی میللەتەکەی خۆیدا بەرچاوتر و کەڵەگەتتر و گەشتر لە هی بێگانە پەیدایە، یاخود هەر نەبێ وەك هی بێگانەیە لە هەموو تەرازوویێکی نرخ هەڵکێشدا. عوزرێکی بەدەست نووسەرێکی کوردەوە هەبێت لەم هەڵوەستە بەرەوەاژەیدا هەر ئەوەیە قارەمانانی بێگانە لە سەریان نووسراوە و پەیکەریان بۆ دروست کراوە و فیلمیان لەسەر دەرهێنراوە و گەورایەتییەکەیان خراوەتە بەر عەدەسەی گەورەکەرەوە، لە حاڵێکدا قارەمانێکی کورد لە ژێر تاریکاییدا شراوەتەوە، چ جایی ئەوەی لە سەری نووسرابێ وەیا پەیکەری بۆ کرابێ[1]. بەڵام بەڕاستی ئەمەیە پێی دەڵێن عوزری لە قەباحەت گەورەتر چونکە یەکێك لە داخوازییە هەرە سەرەتاییەکانی لە ڕۆشنبیر دەکرێت ئەوەیە خۆی نەکاتە ریکۆردەری شریتی پڕکرایەوە وەیا جامی کامێرای رەسمی بە تایبەتی کە پڕبوونەوەی شریتەکە و نەقشبەستنی وێنەکە رێ لە بابەتی میللەتەکەی خۆی بگرێت. لە ئەدیب و خاوەن فکری

(١) دوای گەڵاڵەکردنی ئەم نووسینە کە لە ١٩٧٢دا دەستی پێ کراوە لە ساڵی ١٩٧٣دا لە کۆیێ پەیکەرێکی بچووك بۆ حاجی قادر بەرپاکرا.

کورد داوا دەکرێت نەك هەر هەڵوەستی قارەمانانەی میللەتی کورد و تاکەکانی کورد بخاتە سەر رووپەڕی مێژووەوە بەڵکو دوای بەجێهێنانی ئەم فەرمانە جارێکی تریش لەسەریەتی هەڵوەستی شەرافەتکارانەیان بکاتەوە هێز پێدەری نووسینەکانی خۆی بە یادکردنەوەیان و پەند لێ وەرگرتنیان.

ئەم هەڵوەستەی حاجی قادر لە ناو ئاگری بێ دەرفەتی دوو هێزی موتەناقیزی (وڵات خۆشویستن و تێدا نەحەوانەوە)دا کە ئەنجامەکەی دەرکێشرانی رەگ و ریشاڵی بوو لە ناخی مەفتەن و جەرگەی خزم و خوێش، لەو هەڵوەستە کەم مانەندانەیە کە ئەگەر لە تاکی میللەتێکی نەناسراوی وەك کوردەوە نەبوویایە مێشك و دڵی گەورەترین نووسەرانی خەریك کردبایە. دەزانین چیرۆکنووسی زۆر مەزنی ئەم جیهانە کتێبی گەورەی داناوە لە سەر شیکردنەوە و دیارخستنی ئەو هۆیانە و دەوروبەرانە و هێزە نەفسییانەی تاکێکی بەرەو قومار بردووە، نووسینەکەش کراوە بە فیلم و لە سەر تا سەری دنیا تەماشاکەری بۆ خۆی راکێشاوە، دەشزانین قومارچی نموونەی تاقمێکی کەمی میللەتە، واتە لە لایەن نواندنی (چەند)ەوە مەوداکەی بەرتەسکە، لە لایەن (چۆن)یشەوە ئەگەر تاکەکە نەکرێ بە ئاوێنەی باری کۆمەڵایەتی و ژیاری (حضاری) و راستییەکانی تری کۆمەڵ، قومارچی لەوانە نییە (چۆنایەتی)ی میللەتێك نیشان بدات وەیا لەو چۆنایەتییانە بێت لەبەر نرخی زیادی چاوپۆشی لە کەم دەلالەتی بکرێت. بەڵێ من دەزانم نووسینی ئەدەبی لەم بابەتە دەبێ هەبێ، لەوانەشە نووسینەکە بەهۆی هێزی خاوەنەکەیەوە وەك گەوهەر وابێ لە ناو نووسینانی تری وەك مسدا، ئەمە راستە و جێی سەرپێچی نییە، بەڵام لەمە راستتر و بایەخدارتر ئەوەیە واقیعی تاکێکی تری وەك حاجی قادر، کە قومارچی نییە و رێز لە خۆ گرتووە، نموونەی تاقمێکی کەفەلوولکاوی نییە و نموونەی پۆپی شەرەفی میللەتێکە، بە دەوری مێژەکانی قومارەوە بێ نرخ نەبووە لە سەر سفرەی مێژووی مرۆڤایەتی باری هەرە سەرەوەی گرتووە، فیشە و پارەی کاغەزانێش ئیفلاسی پێ نەکردووە نەفسە بەرزەکەی ژووروی تەماعی خستووەتەوە.. مەبەستی شەخسی لە مەفتەن هەڵی نەقەناندووە سەردانەنواندن بۆ بارە نالەبارەکانی ئەو مەفتەنە هەڵی داوە بەرەو غەریبی و ئاوارەیی و تەنهایی و نەداریی هەتاهەتایێ، بەڵێ واقیعی پیاوێکی وەك ئەم حاجی قادرە لە دەمی دەرکێشرانی ریشەی لە هەناوی مەفتەن و میللەتەکەی کارەساتێکە خۆی لە خۆیدا، بێ تێخوێندنەوەی سۆزی کوردایەتی و ئاشنایەتیی نێوان ئێمە و

حاجی، (لەوانەیە گەورەترین هۆش و هێژاترین خامە بە خۆیەوە خەریك كات، لەوەنەی بە (ماكبێس)ەوە خەریك بوون وەیا گەردەلوولی دوای (گیڤارا) دەكەن بەكلی چاوی شۆڕشگێڕان). بە ڕاستی ئەم هەموو لایەنە كۆمەڵایەتییە و رامیارییە و ئابوورییە و مێژووییە و مرۆڤایەتییەی كە لە هەڵكەوتی پچڕانی رەگی حاجی بە خاكی كوردستانەوە وەك گڕی تەندوور رووی تەماشاكەر هەڵدەپڕووكێنێت بە دەگمەن نەبێ لەو هەڵكەوتانەدا بەدی ناكرێت كە ئەدیبە زلەكانی جیهان كردوویانە بە زەنگی قەدەر لە بەر گوێچكەی هەموو ئادەمیزاددا. چ لە رووی پەژارەیی و كەساسی و كزی ئەو میللەتەوە بێ كە زەرفی بەسەرهاتەكەیە، چ لە رووی بەرزیی نەفسی ئەو قارەمانەوە بێ كە ئازاری مادی و مەعنەوی دڵی ئەنجن ئەنجن دەكات، چ لە رووی ژان و ژواری عەمەلیەتی دەركێشانەكەوە بێ كە تەواوكەری سەرلەبەری تراجیدیاكەیە، كارەساتی ئاوارەبوونی یەكجاریی حاجی قادر گەلێك زیاتر نوێنەری مێژووی زوڵمكردن و زوڵم لێكرانە لەو بەسەرهات و چیرۆكانەی كە بەلای خۆیانەوە هەڵوەست و هەڵكەوتی پڕ دەلالەت دەكەن بە ئاوێنەی مێژووی ستەم چونكە لە زەحمەت زەحمەتترە چیرۆك بتوانێ میللەتێكی بەقەدەر میللەتی كوردی ئەو رۆژگارە زوڵم لێكراوە بكاتە زەرفی بەسەرهات و كارەسات، خۆ هەر مومكین نییە تەمەنی زوڵم لێكرانی هیچ میللەتێكی تر ببردرێتەوە بۆ دوو سێ هەزار ساڵ لەمەوبەری بەسەرهات وەك كە میللەتی كورد بەڕاشكاوی بۆ ئەو ماوەیە تێ هەڵدەكشێ لە مێژووی زوڵم لێكراویدا. وێڕای زەرف و تەمەنی زوڵمەكە، یەكجار زەحمەتە چیرۆكنووس لە واقیعی مێژوودا نموونەیێكی تری راستەقینەی وەك حاجی قادر بدۆزێتەوە كە بە نیسبەت میللەتی خۆیەوە (وەیا زەرفی بەسەرهاتەوە) ئەو بێ مانەندە بێت چونكە زوربەی ئەو قارەمانانەی چیرۆكنووسان پەیكەری نایابی و سەرامەدییان بۆ دەتاشن لە واقیعدا كەم و زۆر هاوسەنگییان هەبووە بەڵام رێكەوتێك وەیا زەرفێكی تایبەتی خستوونیەتە باری بێ مانەندی و سەرامەدییەوە، لە حاڵێكدا حاجی قادر بێ یارمەتیدانی زەرف و هەڵكەوت و رێكەوتی دەرەوەی وجوودی خۆی لە هەڵوەستێكی بێ مانەندا راوەستا و كەوا لە هەر گۆشەیێكەوە سەیری بكرێت دەبێتە نموونەی دەرس لێ وەرگرتن و بەڕابەر زانین كە نموونەی تر لە تەك ئەودا كز دەبنەوە ئەگەر سەرلەبەری مەسەلەكە لە جێگە و لە ناو میللەتێكی كزدا رووی نەدابایە. ئاوارەبوونی حاجی قادر لە لایەن نواندنی سۆز و پەرۆشی مرۆڤایەتی بە دیار رووداوی پڕ ئێش و ئازاری بێ دەرمانەوە... بەدیار

چارەنووسی رەش و تاریکی مێژووکردەوە، لەو کارەساتە عادەتییانە نییە بە ئاسانی لە هەگبەی رێبواری قافڵەی مێژوودا بە دوا دەست تێگێڕانی بە پەلەدا بێت چونکە هەر نموونەیێکی زەق و بە پۆز هەیە لەوانەی مەشووری داستانن هیچ یەکێکیان دەست نادا ببێ بە جێگەی موقارەنە لەگەڵ حاجی قادردا نەك هەر لەروویێکەوە بەڵکو لە زۆر رووەوە:

١- کەم وەها بووە، رەنگە وەك نەبوو وابێ، ئاوارەبوون تاکە یەك رێگەی حوکمی قەدەر بووبێت وەك کە ئاوارەبوونەکەی حاجی تاکە یەك رێگە بوو لەبەر هەنگاویدا. ئەگەر ئاوارەبوونی یەکێکی تر تەشبیھ بکەین بەتەلەزگەبەستنی تاشە بەردێك کە پاڵی پێوە دەندرێت، ئاوارەبوونی حاجی وەك گلۆربوونەوەی ئەو تاشە بەردەیە کە ئەگەر بشیگری هەر گلۆر بێتەوە چونکە خاکەکەی ژێری داخوراوە و خۆی بە بۆشاییەوە راوەستاوە. دەتوانم لە موقارەنەدا بڵێم حاجی ئەو ئاوارە بوو کە قەدەر پێی نەدەکرا لە ئاوارەبوونی بوەستێنێت و بە خاکی مەفتەنەکەیەوە ببەستێتەوە.

٢- جارێکی تریش بێ مانەندیی نموونەی حاجی لەوەدا دێتەوە کە وا نەك هەر بێشکەی لێ بەوەلەدبوون و تێدا گەورەبوونی لێ حەرام بوو، هەموو کوردستان بۆی بوو بە ئەرزی حەرام چونکە هەمان هێزی پاڵ پێوەنەری نەفسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی کە لە کۆیەی دەرپەڕاند لێی دەبووەوە بە بەرهەڵست لە هەر شوێنێکی تری کوردستان کە حاجی پێی کرابا تێیدا بژیت. ئەم وە تەنگ هاتنەی هەموو وڵات لە رۆڵەیێکی خۆی، بەتایبەتی رۆڵەی وەها دڵسۆز و بەشەرەف و هەستیار و هۆشیار، ناوناوە لە زەمانێکی زۆر دوور و درێژدا پەیدا دەبێ یا نابێ. نووسەرێك بیەوێ خامەی بەناو بەسەرهاتێکی حەقیقی بێ مانەندا بگێڕێت دەبێ خەریکی ئەم بەسەرهاتە پڕ ئازارەی ئاوارەبوونی حاجی بێت وەیا بە هێزی قەڵەمەکەی هەڵکەوتێکی تری وەك ئەو لە خەیاڵەوە بتەنێتەوە.

٣- هەروەك ئەو لایەنە زاتییانەی کە لە حاجیدا کۆبوونەتەوە تەمغەی بێ مانەندی لە کارەساتەکە دەدەن، هەروەهاش باری کۆمەڵایەتی و زەرفی مێژوویی و هەموو سەروبەرێکی کۆیە و کوردستان لە بێ مانەندیی کارەساتەکە زیاد دەکەن چونکە (زەرف و زات) وەك منداڵدان و منداڵ لە یەکتر وەردەگرن و بەیەکتر دەدەنەوە، بەڕادەی هێزی بەیەکەوە بەستراوەشیان ئازاری لەیەکتر دابڕینیان پتر دەبێ، لەم حاڵەتەی حاجیشدا پێوەندیی نێوان زەرف و زاتەکە ملك و ماڵ و پارە نەبووە،

هەرچی هەبووە روحی و مەعنەوی بووە، بۆیەیشە بە هەموو عومری غەریبی و ئاوارەیی رۆژەك لە رۆژان یادی ئەو زەرفە لەو زاتەدا کز نەبووەوە، بە پێچەوانە دەم لە دەم پتر گڕی دەستاند.

٤- تیشکێکی زۆر بەهێزی دوارۆژ و ئاکامی ئاوارەبوونەکە دەگەڕێتەوە بەرەو ئەو ساتەی کە هەڵبڕانەوەی پێوەندیی حاجی بە کوردستانەوە تێیدا رووی دا و پتر ئێش و ئازارەکەی ئاشکرا دەکات. ئاوارەبوونی حاجی رووەو خۆشی و کەمبوونەوەی ئازار نەبوو وەك کە زۆر جاران هەرچی ئێش و ئازار هەیە لەگەڵ دەست پێکردنی ئاوارەبوونەکە کۆتاییی دێت. ئێمە ئەگەر بە هەموو هەست و زانینی ئێستاکەمانەوە لەو رۆژەدا ژیابایین کە حاجی بەرەو غەریبی دەچوو نەماندەتوانی بەقەدەر ئێستاکەمان لە قولاییی تراجیدیاکە بگەین چونکە ئەوسا نەماندەزانی کۆتاییی عەزابی حاجی بە ئاوارەبوون نایەت، بە پێچەوانە لەوانە بوو بڵێین سەفەری خێرە و بەرەو خۆشییانە.

خولاسە نموونەی تەواوتر و بێ فێڵتر بۆ هەڵوەستی تراجیدی پڕ کڵپە و خاوەن دەلالەتی کۆمەڵایەتی بە واتای هەرە بەرینی، لەم هەڵوەستەی حاجی قادر لە دەمی پچڕانەوەی لە هەناوی خاك و میللەتەکەی، پەیدا نابێ وەیاخود یەکجار بەزەحمەت پەیدا دەبێ. نووسەری کوردیش ئەگەر چاوی ڕەشکەوپێشکەی نەکردبێ وەیا عەدەسەکانی وەرنەگەڕابن لێی ناسەلمێندرێ نیگای خۆی لەم کارەساتە خۆماڵییە کوردییە بێ مانەندە هەڵەنگێوێت و بەسەریدا بکێشێت بۆ نموونەیێکی تری غەیری کورد، ئەو نموونەیە هەرچی دەبێ بابێ، لە چ مەیدانەکیش دەبێ بابێ.

رەنگە بۆرە عوزرێك لەوەدا بهێنرێتەوە کە بگوترێ نموونەی غەیری کورد بەلای هەموو عالەمەوە ناسراوە لەبەر ئەمە نووسینی کوردی بەلای بێگانەوە ئاشناتر دەبێ ئەگەر نموونەکانی ئاشنا بن، بەڵام ئەم بۆرە عوزرە پتر قەباحەتەکەی نووسەری کورد دەردەخات چونکە خۆی لە خۆیدا ئەوە ئیسپات دەکات کە نووسەرەکە پێشتر گوناهێکی گەورەتری کردووە بەوەدا هەوڵی نەداوە قارەمانی میللەتەکەی بە بێگانە بناسێنێت تاکو دواتر لە نووسینی خۆیدا بە نموونەی مرۆڤایەتیی بیهێنێتەوە بەر نیگا و هۆشی خوێنەری غەیری کوردەوە.

ئەوەی راستی بێ تاکێکی هەڵکەوتووی کورد کە بشێ ببێتە نموونە و رابەری پەندی

مرۆڤایەتی لە نووسیندا، بە تایبەتی ئەو تاکەی کە لە سەدەی نۆزدەم و زووتردا ژیاوە، بەهۆی ئەو ژیانە ساد و سافیلکە و بێگەردە و ئالوودەی چڵکی دنیا نەبوویەوە کە بەسەری بردووە و بەپاکی لێی بووەتەوە گەلێك شیاوتر و لێهاتووتر و پڕشانازیترە لە تاکێکی تری میللەتێکی تر کە لە ژیانی پڕ دەنگ و هەرا و تێك هاویشتنی پوورەهەنگیدا چەندین جار قوڕاوی بووە و لە بەندیخانەی سەرخۆش و بێ پەرداندا شەوی بە ڕۆژ گەیاندوە وەیا لەسەر بێ پارەیی لە قومارخانان و خانەی گومان لێکراو دەرکراوە. وەیا... وەیا... کە هەموو شارەزاییێکی ژیانی دوو سێ سەدەی دوایی ئەوروپا دەیزانێت و لە خوێندنەوەیدا رووبەڕووی بووە. گەلێك لەوانەی ناویان بە ئەدیبی بێ هاوتا و مرۆڤدۆستی قارەمان دەرکردووە بە جۆرێك غەرقی ژیانی بەدمەستی و بێ پەروایی بووە پڕیشکی ئەو زەلکاوانە بە ئەدەب و مرۆڤایەتییەکەشی هەڵپڕژیوە. بەڵێ منیش دەزانم ئەم ئالوودەبوونە بە چڵکی ژیانی تێکەڵ پێکەڵ و پڕ گرێ و گاڵ و تەنگ و چەڵەمەی ئەوروپای دوو سەد سێ سەد ساڵی دوایی ئەنجامێکی ئاسایی و مەفهوومە، رەنگە هەندێ جاریش هەڵێنجانی واتای مرۆڤایەتیی رەسەن لە ئاکامی بەیەککەوتنەوەی گەوهەری نەفسی بەرز و چڵکی ژیان پتر قوڵبوونەوەی بوێت و باشتریش ئیمانمان بە رەسەنی مرۆڤایەتییەکەی ئەو تاکە و هەموو ئادەمیزاد مەحکەم بێت لەو رووەوە کە دەرچوونی مرۆڤ لە ئیمتیحانی سەخت زیاتر پەسندایەتررى مرۆڤەکە بە ئیسپات دەگەیەنێت، بەڵێ ئەمانە دەزانم و لێشیان رازیم بەڵام لزووم نابینم لە پەنا ئەمانەدا راستیی تری پڕ نرخ و بایەخ لە بیر خۆم ببەمەوە. قبوڵکردنی عوزری ئەدیبێك لە قوڕاویبوونی وەیا کەوتنی وەیا زەعیفبوونی بەدەست ژیانی تێکەڵ پێکەڵ و بێ ڕەحمەوە نابێ ببێتە هۆی ئافەرین نەکردن لە قوڕاوی نەبوونی ئەدیبێکی تر. حاجی قادرێکی پاك و سەربەماڵ دەبێ بە حورمەتتر بێ لە حاجی قادرێکی کە هەر شەوە بە سەرخۆشی لە قوژبنی بەندیخانەییێکی رابواردبێت. قوڕاویبوون راستیێکی بێ نرخە، پاکی و بێگەردیش راستیێکی بە حورمەتە. لەم روانگەوە سەیری ژیانە سادە بێ چڵکەکەی ئەدیبێکی وەك حاجی و نالی بکەیت، لە پەنا ئەوانیشدا دەموچاوە تف لێکراوەکەی ئەدیبێکی تری بەناوبانگ بهێنیتەوە بەر یادی خۆت وا دەزانم تۆش وەك من بەلای ئەو باوەڕەدا دەشکێیتەوە کە پەند وەرگرتن لە نموونەی مرۆڤایەتی و ئەدەبی تف لێ نەکراو پتر ڕێزی لێ دەگیرێت، وەیاخود دەبێ پتر ڕێزی لێ بگیرێت.

ئەدیب و نووسەری کورد ئازادە لە هەر جۆرە بیرکردنەوەیێك و قەناعەتێکی خۆی کە بەدەوری ئەم تەرزە باسەیانەوە بگێڕێت، بەڵام ئازادییەکەی هەر لەو سنوورەدایە کە خولیای لە دڵ و هەناوی خۆیدا پەنگ پێ بخواتەوە مادام ئەو خولیایەی لەوانە بێت ملەچەرخێ بە بیروباوەڕی میللەتەکەی بکات بەرەو نموونە و رابەری غەیری کورد لە حاڵێکدا نموونە و رابەری کورد لە کۆڕی مرۆڤایەتیدا پەیدا بێت.

ئەمەت وەها...

بادەینەوە سەر قسەمان لە ئاوارەبوونی حاجی.

لەو هێندە شیکردنەوە و دیارخستنەی تا ئێستا کردمانە تیشك بە دەوروبەری وەزعی نەفسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەموو لایەنێکی حاجی قادر، بۆمان روون دەبێتەوە ئەو هۆیانەی وایان کرد حاجی ئاوارە بێ گەلێك قووڵتر و پانتر و بنجیتر و مێژووییتر و کاریگەرترن لەوەی تاکە هۆی ستەمی شێخی ماویلی بەبەر خۆیانەوە بگرێت، هەروەهاش سەد جاران ئیفلاس بەو قسە سافیلکەیە دەکەن کە دەڵێ حاجی ئاوارە و دەرکراوی (دەرەبەگ) بوو.

بەڕاستی جێوانەوەی بنیشتۆکەی وشەی (دەرەبەگ) لە تەعلیلی دیاردەی ئاوارەبوونی کەسانی وەك حاجیدا بەتەواوی هێنانەوە ناوی (شەیتان)ە لە تەعلیلی ئەو بێ شەرعیانەی کە دینداری سۆفی مەشرەب دڵی خۆی پێ تەسکین دەکات. رۆشنبیری سەراو کە نەیتوانی بەرەو بنج و ناخی هۆی شتانەوە قووڵ بێتەوە وەیا روح پەرەیی خۆهەڵدانەوە و خۆ ڕەپێشکردن دەستی لە هۆیەکی خۆشکەڵەی وەك شەیتان و دەرەبەگ گیرکرد، سەنگەرێکی مەحکەمی بیروڕای پووچەڵی رێز لێگیراو بە دەوری خۆیەوە هەڵدەنێت کە فلسێکی تێ ناچێت بەڵام گەورەترین و زۆرترین و بە شەرەفترین سۆز و پەرۆشی مرۆڤایەتیی بە هەڵەبراویش دەکاتە دۆستی خۆی و بەرەنگاری ئەو کەسەشیان دەکات کە بڵێ شەیتان و دەرەبەگ دەخڵیان بەسەر فلانە بێ شەرعی و فیسارە کارەساتەوە نەبووە. کێ دەوێرێ رووی شەیتان و دەرەبەگ سپی کاتەوە بە هێنانەوەی تەعلیلێك لە رووداوی ناخۆش کە ئەو دووانەی تێدا بەرپرسیار نەکرابن.

ئەی خوێنەری کورد:

ئێمە لە پێشمانە باسی (دەرەبەگ) بکەینەوە لە کاتی هەڵسەنگاندنی هەڵوەستی حاجی بەرانبەر دیاردە زۆر بەرچاوەکانی کۆمەڵایەتیی کورد، بەڵام لێرەدا لە گۆشەی

نیگای ئاوارەبوونی حاجییەوە سەیری دەرەبەگ دەکەین تا بزانین ئەو رایەی دەرەبەگ دەکاتە دەربەدەرکەری حاجی چەندی راستی پێکاوە و چەندیش بەهەڵە چووە.

من لێرەدا بایەخێکی ئەوتۆ نادەم بە ساغکردنەوەی بوون و نەبوونی دەخلی دەرەبەگ بەسەر دەربەدەرکردنی حاجییەوە چونکە بەر لە من حاجی قادربە هەڵبەستی خۆی ئەم لایەنەی بۆ ساغ کردووینەوە و شایەدی داوە لەوەدا گەورەترین دوو کەسی دەرەبەگی ئەوسای کۆیێ نێزیکترین دوو دۆستی ئەو بوون، بە هەڵبەستیش لە ئەستەمبۆڵەوە مەدحی هەردووکیانی کردووە. ئەوەی راستی بێ یەك لەو دوو دەرەبەگانە تاکە یەك برا گەورەی دنیاییە کە حاجی لە کۆیێ بەر رۆیشتنی بۆ تورکیا مەدحی کردووە. ماشەڵڵا ئم جیهانە چەند گاڵتەچییە. حاجی قادر بەر لەوەی مەدحی کوردستانی کردبێ مەدحی دەرەبەگی کۆیی کردووە، کە کەوتە سەر مەدحی کوردستانیش لە مەدحی دەرەبەگی زیادکردووە. مەعلوومە دوو دەرەبەگەکە یەکیان ئەمین ئاغای حەوێزی و ئەوی تریشیان حەمەغای غەفوورییە کە لە سەردەمی حاجی قادردا ناودارترین و دەسەڵاتدارترین کەسێك بوون لە کۆیێ پێی بگوترێ (دەرەبەگ). دیوانەکەی حاجی چەند نموونەیێکی بەهێزی تێدایە لە مەدحی ئەم دوو مرۆڤە کەوا هەم چاکەیان بە ئیسپات دەگەیەنێت و هەم ئەو قسەیەش بە درۆ دەخاتەوە کە بڵێ دەرەبەگ حاجی قادری ئاوارە کردووە. سەیر لەوەدایە ئاوارەیێکی تریش کە کەیفی جوانرۆییە و بەدوا حاجی قادردا کۆیەی پێ تەنگ کرا لە لایەن مامۆستای خۆیەوە، کە نێزیکترین برادەری حاجی قادر بووە، دەرپەڕێنرا... سەیرتریش ئەوەیە دوای دەرکرانی کەیفی، دەرەبەگێك (رەشید ئاغای حاجی بەکرئاغا) کاغەزی بۆ نووسی و تەکلیفی گەڕانەوەی بۆ کۆیەی لێ کرد... هەرە سەیرتریش ئەوەیە، کەیفی نامەیێکی هۆنراوەی هێندە حورمەتکارانە بۆ ئەو دەرەبەگە بەوەرام دەنێرێتەوە کە چیی تری بەبەرەوە نەبێ:

(ئەی نوحی نەجاتم لە دەسی چەرخی جەفاکار)
(وەی ماڵ و سەر و جانی منت جوملەبێ نیثار)

بەڵێ بێگومان دەوری دەرەبەگ لە دەربەدەرکردنی حاجی ئەگەر هەبوویایە دەورێکی پێچەوانە دەبوو واتە نەیدەهێشت حاجی کۆیێ تەرك کات هەروەك دیتمان دەرەبەگێك دەیویست کەیفی بۆ کۆیێ بهێنێتەوە بەڵام بێ بایەخبوونی ئەم باسەی دەرەبەگ لە سەروبەری ئاوارەیی حاجیدا هەر لەوەندە راناوەستێ کە چ دەورێکی تێیدا

نەبووە، هەر بەو پێیەش بەسەهووچوونی ئەو کەسەی دەربەدەری حاجی بۆ دەرەبەگ دەگێڕێتەوە لەوەندە سەر لێشێواوییە راناوەستێ کە هۆیەکی درۆزنی کردە پێکهێنەری رووداوێکی وەها گرینگ، بەولای ئەم ئاکامە رووکەش و سەراوانەوە، راستیی یەکجار گرینگیش لە بوون و مێژوو و چارەنووسی کورد لەودیو ئاوارەبوونەکەی حاجی پەنهان دەمێننەوە و مێشکی بیرکەرەوەی کوردی بە سەردا دەکێشێت. بە نموونە دەڵێم من کە هاتم گوتم جنۆکە و دێو مانگ و رۆژ دەگرن هەر ئەوەندە هەڵەیەم نەکردووە کە هۆیەکی درۆزنم کردە پێکهێنەری رۆژگیران و مانگگیران، بەولای ئەو هەڵە سافیلکەوە هەرچی راستییەکانی فەلەکیش هەیە هەمووم زندەبەگۆڕ کردووە. بەڕاستی چ فەرقێك نییە لە نێوان ئەو کەسەی نەسەلماندنی دەوری دێو و جنۆکە لە رۆژگیران و مانگگیراندا بە کوفر دادەنێ لەگەڵ ئەو کەسەی بە درۆخستنەوەی دەوری دەرەبەگ لە ئاوارەبوونی حاجی و ئەمسالی حاجیدا بە رەجیعیەت دادەنێ. (لە هەردوو حاڵدا نەسەلمێنی دەوری جنۆکە و دەرەبەگ راست دەکەن، داواکاری ئەو دەورەش بە ناخی تاریکبیریدا دەچنە خوارەوە).

ئەو بیرە تەنکانەی بەڕاشکاوی و لە ژێر سێبەری فکری حازر بەدەستدا گیروگرفتی کۆمەڵایەتی کورد وەها تەنك و باریك دەکەنەوە کە لە ژێر تاکە تیرۆگی (دەرەبەگایەتی)دا وەك نان پان بێتەوە و بخرێتە سەر ساجی مێژوو تاکو بە برژاوی لەسەر خوانی رۆشنبیریی کوردیدا دابنرێت و نەوباوی کورد پێی تێروتەسەڵ بێت، بەڵێ ئەو بیروڕایە تەنکانە نە دەزانن کورد چییە... نە دەزانن گیروگرفت چییە... نە دەزانن مێژوو چییە... نە دەزانن دەرەبەگ چییە... نەدەزانن ئابووری چییە... نە دەزانن حاجی قادر چییە... نە دەزانن هیچ شتێك چییە... نە لەم قسانە دەگەن... نە ئەگەر تێیان گەیشتن دەتوانن بیانخەنە بەر حوکمی واقیعی راست و رەوانەوە. تەنکبوونی ئەو بیروڕایانە لەو رادەیەدایە ئەگەر هەموو ئەو شتانە و غەیری ئەو شتانەش بە ناو ئەو قەفەلوولکەیەدا نەبەت، کە وەك کونی دەرزی دڵۆپ دڵۆپ رووداو و هەڵوەست و مێژوو و تاك و کۆمەڵی دەسکرد و لە قاڵبدراو بەرێ دەکات، تێیان ناگات، تێشیان بگات باوەڕیان پێ ناکات، باوەڕیشیان پێ بکات نایان سەلمێنێ، بشیان سەلمێنێ ئینکاریان دەکات ئینکاریشیان نەکات دانیان پێدا نایەنێت، دانیشیان پێدا بێنێت بەکاریان ناهێنێت. یەکێك بەو کەسە بڵێ دەرکراوی دەرەبەگە کە وا خۆی مەدحی دەرەبەگی کردووە، پەکی ئەوەی دەکەوێ لە هیچ مەیدانێکی سیاسەت و فکردا بوێرێ

دان بەڕاستیدا بهێنێت چونکە هەتا خەریك بین راستیێك بدۆزینەوە لە شتی سەر بە کۆمەڵایەتیدا کە هێندەی هەڵبەستەکانی حاجی بێ تەگەرە و رەوان بن ناگەین بە هیچ ئاکامێك. ئەگەر پێمان داگرت لەسەر ئەوەی حاجی قادر دەربەدەرکراوی کەسانێکە کە حاجی خۆی لە ئەستەمبۆڵەوە ئەمانەی بۆ ناردوون:

دوو ئاغای ماوە وەك بیستوومە ئەخبار
ئەمین ئاغا و حەماغای صاحیبی کار

ئەمین و پشتیوانی قەصری میللەت
نیگەهبانی خەزێنەی ملك و دەوڵەت

لە دونیادا خودایە هەر بمێنن
بینای بێ ئیتتیفاقی هەڵکەنێنن

وەیا ئەمانەی بۆ ناردوون:

کە نەفعێکت نەبوو بۆ ملك و میللەت
بە من چی نەقشبەندی یانە مانی

کەسێ پیاوە کە دانێ وەك حەماغا
لە بۆ ئەبنایی جینسی نان و خوانی

وەیاخود وەك ئەمین ئاغا بەهیمەت
بکا بۆ قەصری میللەت پاسەوانی

بڵێ لەم بەحسە هەر کەس مونکیری تۆن
بفەرموو سەهلە رێگای ئیمتیحانی

دەبێ خەریك بین ئیسپاتی ئەوەش بکەین کە گەورەترین ناحەزی (لەیلا) شەخسی (مەجنوون) بووە وەیا خۆبەختکەرەکانی (ستالینگراد) دەیانەویست شارەکە بێ شەڕ تەسلیم بە نازی بکەن وەیا (گوتەنبەرگ) بە داهێنانی چاپ دژی خوێندەواری هەڵدەوەستا.

من لە سەراوی و سافیلکەییی ئەوتۆیی بۆ شەخسەکە بە پەرۆشم کە چۆن دەتوانێ تا ئەو رادەیە پشت لە راستی بڕوات، بۆ دەبێ رۆشنبیرێکی کورد وەها چاونووقاو بێ

تیشکی رۆژی نیوەڕۆ نەبینێت. پەرۆشم لە ئاست هەڵە تێخستنی باسی ئاوارەبوونی حاجی قادردا بۆ خودی باسەکە نییە کە دەتوانین بە دوو نووسین و دوو بەیتی حاجی راستی بکەینەوە، پەرۆشم بۆ شتێکی یەکجار لەم شتە بێ بایەخ و بێ نرخانە گرنگترە کە پێوەندیی هەیە بە بوون و مێژوو و چارەنووسی کوردەوە. ئەم بیروباوەڕە چەوتانە کە خۆیان لە خۆیاندا وەك ژەنگی سەر زیو وان و بەپەنجە لێخشاندنێك دەچنەوە، خەتەریان لەوەدایە کە زیوەکە دادەپۆشن و خۆیان دەکەن بە رووی درۆزنی زیوەکە بە جۆرێك کە نەشارەزا لێی بەهەڵە دەچێت و وا دەزانێ رەنگی ژەنگەکە هی زیوەکەیە. نووسەرێکی کورد وەیا خاوەن بیروڕایەکی کورد کە دێت و بەزاهیر لە ڕێی پەرۆش بۆ کوردەوە دەرەبەگ دەکا بەهۆی دواکەوتن و هەموو نالەبارییێکی ژیانی کورد تا ئەو رادەیەی گوناهی ئاوارەبوونی دۆستی خۆشی هەر دەداتەوە پاڵی ئاگادار نییە لەوە دەردی کورد گەلێك کوشندەتر و کاریگەرتر و بێچارتر و بەردەوامترە لەوەی دەرەبەگ پێکی هێناوە. ئەگەر دەستێکی قودرەت هاتبا و بە موعجیزە تۆی دەرەبەگی لە کوردستان بڕاندبایەوە و تاکێکی لێ نەهێشتبایەوە بۆ ئەوەی خاوەن بیروڕایەکی بەسەهووچووی ئەمڕۆی کورد کرمی دڵی خۆی بە جنێو پێدانی ئەو تاکە دەرەبەگە بکوژێ میللەتی کورد هەر ئەو پارچەکراوە دەبوو کە هەیە، هەمان ڕێی خەباتی سەختی لەبەردا دەبوو کە لەبەریەتی، هەمان هەڕەشەی کوشندەی لێ دەکرا کە بەدرێژاییی مێژوو لێی کراوە، وڵاتەکەشی ئەو نیوە ئاوەدانە نیوە شارستانە دەبوو کە دەیبینین. بەداخەوە و سەد جار حەیف و ئەفسووس و مخابن کوردی چارەڕەش وەك میللەتانی تر نەبوو بتوانێ رووبەڕووی دەردە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی ببێت و وەك ئەوان خۆ تەرخانکردوو بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو دەردانە. کوردی قوربەسەر وەها لە ژێر پێلەقەی مێژوودا کەنەفت و لێکەوتە بووە حیسابی دەرد و دەرمانیشی لێ تێك چووە. لە حاڵێکدا میللەتی رووس وەیا فرەنسە وەیا تورك لە بارێکدا بوون کە بتوانن (دەرەبەگ) بە جەلاد حیساب بکەن، کوردی چارەڕەش لە بارێکی ئەوەندە سەختدا بووە و دەردی وەهای پێوە نووساوە کە لە چاو ئەواندا (دەرەبەگ)ی کورد بە شیفای دەردەکە شیاوە چونکە زۆر بەداخەوە کوردەکە چاری ناچار بووە لە ترسی دەردەکە پەنای هێناوە بۆ دەرەبەگ. بێ سامانی و بێ ئامانیی دەردەکە لەوەدا بووە هەڕەشە کوشندەکانی کورد خۆی بەسەر هەموو کورددا هێناوە بە فەقیر و دەوڵەمەند و شا و گەدا و فەلاح و دەرەبەگیەوە، واش بووە بە یەك چەپەڵۆکی رمێنەری رووخێنەری بێ

ڕەحم و ئینساف یەك تاكی كوردی چەپارە نەداوە، بەر لە هەمووان دەرەبەگەكە. لە بەیتی قەڵای (دمدم) نموونەیێكی ئەم دەردە بێ دەرمانە بێ ئەمانە بێ پایانە پەیدایە كەوا زۆر و كەم بە درێژاییی مێژووی چەندین هەزار ساڵە، كورد خۆی لە ئاست هەڕەشەی ئەوتۆییدا دیوەتەوە، نیوە خوێندەوارێكی سەر لێشێواوی كوردی ئەمڕۆكەش زۆر بە سافیلكەیی لە پشت چاویلكەی گەشبینەوە سەیری واقیعی كورد دەكات و وەها خۆی لێ بەسەهوو دەبات هۆی بنجیی هەرە زۆری دەردەكانی كورد لە بیر خۆی دەباتەوە تاكو بتوانێ بە پێی مەیلە ریزپەڕەكەی خۆی تاكە دەردی (دەرەبەگایەتی) لە پارزۆنگی فەلسەفەكەیدا بكاتە خڵتەی كۆمەڵایەتیی كورد و وەك دۆنكیشۆت تێی بەر بێت... لە ئاكامیشدا نە هیچ دەرد دەرمان كراوە و نە كوردیش بستێك بەلای سەلامەتییەوە چووە. ڕۆشنبیری كورد دەتوانێ ئاوڕێك لەو میللەتانە بداتەوە كە بەرداشی مێژوو هاڕینی و كردنی بە ئاردی ناو دڕك. كورد میللەتێكی نامزەد بووە بۆ هاڕدران و نەمان، هەموو ئەو كارەساتانەشی بەسەردا تێ پەڕیوە كە میللەتی تری لە ناو بردووە، تەنانەت بۆشی ڕێك نەكەوت ڕۆژەك لە ڕۆژان[1] هەلی دەسەڵاتداری بگرێتە دەستیەوە وەك كە ئەو میللەتە لە ناوچووانەی كە بەر لەوەی لە ناو بچن دەسەڵاتدار بوون. تا دێن ئەو ڕاستییە پڕ مەترسییە و كوشندەیە لە بیر خۆمان دەبەینەوە و دڵی خۆمان بەوە خۆش دەكەین كە گرتنی بینە قاقای دەرەبەگی سەدان ساڵی پێش ئێستاكەی كورد دەستنیشانكردن و چارەسەركردنی گیروگرفتی كۆمەڵایەتیی كوردەواریە، لەوە دەشۆڕێین بە كەلكی كورد بێین وەیا بشێ ببینە پزیشكی دەردەكانی كورد. ئەگەر چاوی خۆمان لە ڕاستییان نەبەستینەوە، زەق زەق دەبینین كورد ئەمڕۆكەش لە بارێكدا نییە بتوانێ بۆ خۆی رازی بێ وەیا رازی نەبێ بە مان و نەمانی دەرەبەگ. ئەمە دەڵێم لە حاڵێكدا باسكردنی (دەرەبەگ) لە كوردستانی عیراقدا وەك باسكردنی خەیاڵاتە چونكە یاسای كشتوكاڵ سازی نەك هەر دەرەبەگی نەهێشت، ملكایەتیشی هێنایە ریزی ملكایەتیی فەلاح – هەزاران جاریش دەستی خۆش بێت.

ئەم دەسەڵات بەسەرخۆدا ڕانەشكانەی كورد بە درێژاییی مێژوو هەموو بارێكی

(١) من دەسەڵاتی (ماد) لەم لێكدانەوەیەدا تێ ناخوێنمەوە چونكە وەك دەزانین بەهۆی كورتبوونی ماوەی و بەرتەسكبوونی وڵاتەكەی نەیدەتوانی ببێتە چەپارەدەری میللەتی كورد، نە فۆتانی كورد بەرهەمی (ماد) نییە.

کۆمەڵایەتی و دەرد و دەرمان و چاکە و خراپەی کوردی سەرەوبن کردووە لە چاو باری میللەتێکی تردا کە دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا راشکاوە. مرۆڤی عەبد چەند بێ چارەیە لە چاو مرۆڤی ئازاددا، میللەتی خاوەنی چارەنووس نەبوویش وەهایە لە چاو میللەتێکی تردا کە بە مافە هەرە گەورەکەی نەتەوایەتیی خۆی گەیشتووە، من و تۆش کە نەمانەوێ ئەم راستییە بنجییە ژیوەرییە بهێنینە ناو حیسابی شیکردنەوەی مێژوویی و دۆزینەوەی دەرد و دەرمانی میللەتەکەمانەوە پێوەندیمان بە کوردەوە نامێنێت و دەبینە سوارچاکی مەیدانێکی غەیری کوردایەتی و قەومایەتی و چارەنووسی نەتەوایەتی، کە لەوێدا بوون و بەسەرچوونی کورد و رەشبوونەوەی لە رووپەڕی جیهان بایەخی پێ نادرێت چونکە بابەتی بایەخ پێدان فکرەیێکی ترە غەیری قەومایەتیی وەك ئەوەی من خولیای خۆم باوێمە سەر مەزووعی نەهێشتنی بەندیخانان لە هەموو دنیادا، واش بزانم نەهێشتنی بەندیخانە مرۆڤ دەحەسێنێتەوە، ئیتر گوێ نەدەمە فەقیری و دەوڵەمەندی و مافی نەتەوایەتی و چینایەتی و شەڕ و ئاشتی و هیچ شتێك.

ئاوارەبوونی حاجی قادر کە دەزانین پێوەندیی بە دەرەبەگایەتییەوە نییە، ئەگەر لە فەرزی موستەحیل بەرهەمی یەکسەرەی دەرەبەگایەتیش بوویایە، بنج و بیخی دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە رەش و لێڵ و تاریکەکانی مێژووی دێرینەی کورد، هەر نەبێ لە دوو شادەماری یەکجار ئەستوورەوە:

شادەماری یەکەم ئەوەیە ئەگەر کوردی چارەڕەش ئەو بێ ماڵ و حاڵ و هەژار و چەوسایەوەی هەزاران ساڵ نەبوویایە ئەوەندەی بەبەرەوە دەبوو رێز لەخۆ گرتوویێکی وەك حاجی قادر ژیانێکی وەهای تێدا بەسەر ببات کە لە خۆی بەعەیب نەزانێ. ئەدیبی وەك حاجی لە میللەتێکی تر هەمیشە توانیوەتی ئەگەر ویستبێتی، ژیانێکی مەیلە و موحتەرەم لە ناو قەوم و خوێشی خۆیدا رابوێرێت، کە ئاوارەش بووبێت بەهۆی ناو و شۆرەتی میللەتەکەیەوە وەیا لەبەر نرخی زمانەکەی بەلای بێگانەوە هەر رێزی لێ گیراوە و خۆشئامادیی لێ کراوە. خواجە کەلیمی هەمەدانی لە دەرباری مەلیکی دەلهی لە هیندستان پتر لە مەفتەنەکەی خۆی بەرز کراوەتەوە، تەنانەت جارێکیان لە موناسەبەی مەدحی مەلیکەکەدا بە قورساییی خۆی روپیەی پێ دراوە.

شادەماری دووەم ئەوەیە ئەگەر کورد یەکەم میللەتی لێقەوماوی جیهان نەبوویایە نەدەشیا سەرلەبەری کوردستان لە حاجی وەتەنگ بێت وەك کۆیەی لێ وەتەنگ هات.

ئەدیبێکی فارس کە لە شیراز تۆرابێت لە ئیسفەهان بەخێر هێنراوە، موتەنەببی لە حەڵەب و سەیفودەولە تۆرا چووە لای کافوری ئیخشیدی لە میسر کە هەردوویان وڵاتی عەرەبن... کە ورد بیتەوە لەو یەکچوونییەی هەموو کوردستان بۆ حاجی قادر لە نوقتەی نەزەری مومکین نەبوونی تێدا ژیانەوە، جارێك و دووجاری تریش لایەنی چارەڕەشیی مێژوویی و میراتی کوردت بۆ روون دەبێتەوە لەو رووەوە کە ئەگەر مێژوو فرزەی کوردی نەبڕیبوایە و کەنەفتی نەکردبایە دەشیا لەو کوردستانە پان و بەرینەدا کونجێك هەبێت پیاوی ئابڕووداری وەکو حاجی قادر بحەوێنێتەوە و ئابڕووشی بپارێزێت. خۆ ئەوەی راستی بێ ئەو دەردە بێ دەرمانە چارەڕەشییەی مێژوویی و ئەزەلیی کورد وای کردبوو زمان و ئەدەبی حاجی قادر لە بەشی هەرە زۆریی کوردستاندا نائاشنا بێت و کڕیاری نەبێت. نەبوونی زمانێکی ئەدەبیی کوردی یەکگرتووی ئاشنا لەبەر گوێی هەموو کورددا خۆی لە خۆیدا بەرهەمێکی راستەوخۆی ئەو دەردە بێ دەرمانەیە کە چ پێوەندییێکی بە دەرەبەگ و شێخ و سۆفی و مەلاوە نییە، تاکە تاوانباری ئەم دەردەی کورد بڕیاری مێژووە.

وەك دەبینیت، ئەی خوێنەری کورد، گێڕانەوەی دەربەدەربوونی حاجی قادر بۆ دەرەبەگ چەند هەڵەیێکی بێ ڕەزای فکری و مێژوویی تێدایە:

١- سەپاندنی زڕە درۆیێکە بەسەر ژیانی حاجی قادردا کە هەڵبەستەکانی خۆی داد و بێ دادیانە لە چەنگ درۆیەکەدا. ئەم هەڵەیە گەلێك گەورەتر و ناقۆڵاترە لەوەی کە ترس و ستەمی شێخ نەبی بکرێ بەهۆی دەرچوونی حاجی لە کۆیێ چونکە هەر نەبێ حاجی لەگەڵ شێخ نەبیدا هەرای بووە تا رادەی نزیکبوونەوە لە کوژران، هەڵبەستی تاڵ و تفتیشی هەیە دژی شێخ نەبی بە پێچەوانەی مەدحەکانی بۆ ئەمین ئاغا و حەماغا.

٢- تەنککردنەوەی بارستی زۆر ئەستووری چارەڕەشیی کوردە کە بۆ چەند هەزار ساڵان سەرەوژوور دەچێتەوە، بەم تەنککردنەوەش چەند نرخی گەورەی مێژوویی و زاتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی راست و دروستی کارەساتەکەی ئاوارەبوونی حاجی تێدەچێت هەروەك راستییە هەرە زلەکەی چارەنووسی کورد تێ بردرا. وەك لێشتەوە دیارە تاوانبارکردنی دەرەبەگ لە کارەساتەکەدا هیچ وەرامێکی ئەو پرسیارانە ناداتەوە کە بڵێ ئایا بۆچی حاجی نەچووە شوێنێکی غەیری کۆیێ لە کوردستاندا وەیا کام هۆی گرینگ وای کرد ئەستەمبۆڵ

هەڵبژێرێت بۆ تێدا ژیان، لە هەموو ئەو شتانەش بێ دەنگ دەبێت کە وا لەم نووسینەدا حیسابیان بۆ کراوە.

ئەم لێکدانەوانە و بەدرۆخستنەوانە و ئیسپاتکردنانە سەرلەبەریان خزمەتی راستی و حاجی قادر و کوردستانیان بە مەبەست گرتووە، هەڵبەت چ نیازێکم نەبووە لە رووی پەرۆشەوە تاوانێکی درۆزن لە دامەنی دەرەبەگایەتی بتەکێنمەوە کەوا باوەڕ ناکەم کەس هەبێ بەقەدەر من رقی لە هەموو هێز و دەسەڵاتی نارەوای دەرەبەگ و بیرۆکراسی و هەرچی خۆ بەدەعیەو فیزگرتووە ببێتەوە. هەر ئەم قێز هەڵستانەم لەدەسەڵاتی نارەوایە وام لێ خۆش دەهێنێ کە لەگەڵ (معین)ی ژووری دایەرەکەم بە حورمەتی دوولایەنە و خۆشەویستانە برادەربم، بە هەموو عومری وەزیفەشم وابووم... دڵ ڕاحەتی بێ پایان لەوەدایە پیاو بتوانێ بیروباوەڕی خۆی لە کردەوەدا بەکاربێنێت، نەك بەزار دۆستی بێ دەسەڵات بێت و لە واقیعیشدا دەرگای ماڵەکەی و دایەرەکەی و دڵەکەی لێ داخات.

وەك پێشتر گوتم جارێکی تریش جڵەوی خامە بادەدەینەوە سەر دەرەبەگ، بەڵام ئێستا هەر ئەوەندەی لەسەر دەڕۆم کە تازە لێی بوومەوە، واش دەزانم چەند جاران بایی ئەوە دەکات هەڵوەستی دەرەبەگ لە کارەساتی ئاوارەبوونی حاجی روون بکاتەوە.

با بچینەوە بەرەو پیری ئاوارەبوونەکە خۆی:

ئێمە لەوە بووینەوە کە بزانین ترس و ستەمی شێخ نەبی هۆی راستەقینەی دەرچوونی حاجی نەبوو لە کۆیێ، بەڵکو ئەوپەڕی بایەخی ئەو ستەمە لەوەدا بوو کە بەهانەیێکی تازەی خستە سەر ئەو هۆیە پاڵ پێوەنەرانەی کەوا بەهەمە حاڵ حاجییان لە کۆیە و کوردستان هەڵدەقەناند.

وەك من بۆی دەچم و بە درێژیش لەسەری رۆیشتم، دەرچوونی حاجی لە کۆیێ لە جووتە هۆی یەکجار کاریگەری ١- دڵخوازی خۆی ٢- زەرفی مادی و کۆمەڵایەتیی ئەوسای کوردستان و کۆیە و حاجی قادر بەرهەم هاتووە کە هەردووکیشیان لە پەنا بڕیاری نەفسە سەرکەشە لە خۆڕازییە بەخۆنازیوەکەیەوە بوونە هێز و تەکانی ریشەهەڵکەنی خۆی.

ئەم بۆچوونە لە هەموو سەرێکەوە و بە هەموو لایاندا هەر راست دەردەچێت،

تەنانەت چوونی بۆ ئەستەمبوڵ زێدە لە هەموو جێگایێکی تر سەرلەنوێ بەڵگەیێکی بەهێزمان بە دەستەوە دەدات لەوەدا کە حاجی بە پێی بڕیار و دڵخوازی خۆی لە کۆیێ دەرچوو هەر چەند بڕیار و دڵخوازەکەش بە بنیچەی مادیی زۆر مەحکەم و پاڵەپەستۆدەریشەوە بەد بووبێت، واتە لە نرخی بڕیار و دڵخوازەکە شتێك کەم ناکا کە لە هۆی مادی وەیا نەفسی، ئەرێتی و نەرێتی، هەمەچەشنەوە پەیدا بووبن. دەلالەتی چوونی بۆ ئەستەمبوڵ زێدە لە جێگەی تر، لەو رووەوە ئیسپاتی بڕیار و دڵخوازەکەی حاجی دەکات کە ئەگەر دەرچوونی لە شێوەی ناچاری و بەهۆی ترس و لەرزەوە بوویایە، ئەستەمبوڵی هێندە دوور و هێندە مەسرەف قورس و ناوچەی حوکم و خەلافەت ئەو جێگایە ئاسانە و نێزیکە نییە ببێتە حەشارگەی دەست و مستی پیاوی ناچار و ترساو. سەد و دە ساڵێك لەمەوبەر کە حاجی رووی لە ئەستەمبوڵ کرد بە هەمووی یەك دوو پیاوی کۆیی توانیبوویان بۆ پێکهێنانی بەرژەوەندی گرینگ رێی ئەستەمبوڵ بگرنەبەر، ئەویش دوای وەرگرتنی نامەی سفارش لە گەورە پیاوی میریی ئەوسای ویلایەتی موسل و سنجەغی کەرکووك، دیارە کە بەرژەوەندی گرینگ ئەوان کەسانەی بەرەو ناوچەی حوکم بردبێت سواری گوێدرێژ وەیا بەپێیان نەبووە، واتە ئەوانەی ئەو رێگەیان گرتبووە بەر سەفەری کولەمەرگی و کوێرەوەرییان نەکردبوو. خولاسەی قسە ئەوەیە، یەکێك عەزم بەستوو نەبێ بەبادی هەوا ناگاتە جێگەی وەك پایتەخت لە دوورایی هەزار کیلۆمەترەوە.

ئەم تێبینییانە زۆر ڕاستن، بەڵام پرسیارێك لێرەدا هەڵدەستێ، زانیمان حاجی بە دڵی خۆی ویستی کۆیە تەرك کات، ئەوەشمان زانی چ شوێنی تری وەك کۆیێ لە کوردستاندا نەدەبوو بە هێلانەی نوێی حاجی قادر، ئایا بۆچی حاجی جێگەیێکی تری غەیری ئەستەمبوڵی نەکرد بە دڵخواز لە دەرەوەی کوردستاندا وەك بەغدا وەیا شام وەیا حەڵەب کە هەموویان لە ئەستەمبوڵ نێزیکترن و رێکاری گوزەرانیان لەو نزمترە؟ پێشتر شتێکمان لەم رووەوە گوت، چی ماوەتەوە بگوترێ ئەویش هەر لەو بابەتەیە و تێکڕای هەموو ئەو هۆیانەی دڵی حاجییان بۆ ئەستەمبوڵ برد شتی ئاشکرا و بەرچاون و خێرا بیری مرۆڤیان بۆ دەکشێ. وێڕای ئەو هۆیانەی پێشتر باس کران دەشێ لێرەدا ئەم تێبینییانەش حیسابی خۆیان بۆ بکرێت:

١- هەرچەند ناوچەی حوکم مەسرەفی گرانترە لە شاری تر، بەڵام لەوانی تریش پتر کەسب و کاری تێدا دەدۆزرێتەوە. ئەم راستییە ئێستا و ئەوساش کاریگەرە، هەر

بۆیەیە هەمیشە کات پایتەخت خێراتر گەورە و قەوغا دەبێ. ئەم راکێشانەی خەلق بۆ پایتەخت دیاردەیێکی ئاشکرا و گشتیشە، واتە هەروەك بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێ لە هەموو چین و بەرە و تاقمێکیش دەردەکەوێ نەك هەر لە پیاوی فکر و ئەدەبدا.

٢- ناوچەی حوکم بە هۆی هەمەچەشنەیی دانیشتووەکانی وێنەیێکی کۆزمۆپۆلیتی وەردەگرێت کەوا غەریبە تێیدا کەمتر هەست بە بێگانەیی دەکات تا شوێنێکی تر. بە نموونە دەڵێم بە نیسبەت غەریبەوە ئەستەمبۆڵی ١٨٦٠ کەمتر تورك بووە لەوەی شام عەرەب بووە، هەروەهاش تورك لە کاتێکی تری غەیری ئەو کاتەدا بە نیسبەت غەیری حاجی قادرەوە.

٣- قەڵەباڵغی و هات و بات هەمیشە عەیب پۆشتر بووە بۆ فەقیر، بە نیسبەت دەوڵەمەندیشەوە پتر لەبەر چاوانی شاردووەتەوە، کە ویستبێتی نەکەوێتە زار و زمانانەوە.

٤- بە هۆی ئەوەوە ناوچەی حوکم لە هەموو رەگەز و ئاینێکی تێدایە، مرۆڤی تازە مێوان لەوێدا پتر یاریدەر و پشت و پەنای چنگ دەکەوێ. لەو سەردەمەدا کە حاجی بۆی دەرچوو شاری ئەستەمبۆڵ لە هەموو شارێکی تری غەیری کورد پیاو و بنەماڵەی کوردی تێدا ژیاوە وەك ئێستاکەی بەغدا کەوا لە هەموو شارێکی عیراق بە کورد و عەرەبیەوە پتری کورد تێدا دەژیت. پێش چەندین ساڵ دەنووسرا (نیویۆرك)ی ئەمەریکا لە هەموو شارێکی ئیتاڵیا پتر ئیتاڵیایی تێدا دەژیت. ئەم راستییە بە نیسبەت حاجی قادرەوە لەو دەمەدا کە لە کۆیێ دەرچوو شتێك نەبووە بەدرەنگەوە سرنج راکێشێت، بە پێچەوانە راستییێکی هەند گەورەیە و بە جۆرێك خۆی تێکەڵ بە حیسابان دەکات دەبێ لە سەرەتای هەموو لێکدانەوەیێکی حاجی، بەڵکو پێش هەموو بەراوردێك، ئەم راستییە رەچاو کرابێت بەتایبەتی کە دەزانین حاجی چیی ئەوتۆی نەبوو لە کاتی دەرچوونی لە کۆیێ، وەهای پشت ئەستوور و مەشغووڵ بکات کە چۆنیەتیی وەزعی ئەستەمبۆڵی تێدا فەرامۆش بکرێ وەیا بەدرەنگەوە بیری لێ بکرێتەوە. بێگومان ئەم بە ئومێدبوونەی حەوانەوە لە ناوچەی خەلافەت هەم لە سەرەتاوە حیسابی بۆ کراوە هەم هەبوونی شەخسی کورد و بنەماڵەی کوردیش لەوێدا وەك هۆی حەوانەوە تێ خوێندراوەتەوە. وە نییە لەمەشدا شتێکی سەیر هەبێ، لە پێچەوانەی ئەمەدا هۆی سەیر پێهاتن پەیدا دەبێ

بەتایبەتی لە حاڵی یەکێکی وەك حاجی قادردا کەوا بەنەداری و هەژاری سەفەری غەریبی دەکات و هیچی بەدەستەوە نییە بۆ ژیانێکی دوور و درێژ لەو حیسابانەی بێ نیاز بکات، واقیعی راست و دروستیش لەو دەمەدا ئەوە بووە، جگە لە بەدرخانییەکان، کەسانی دیکەی کورد بەزۆری لە ئەستەمبوڵ ژیاون و تێیاندا پیاوی خاوەن وەزیفەی گەورە و دەسەڵاتی دنیایی هەبووە، تەنانەت هەر لەو سەردەمانەدا کە حاجی لە ئەستەمبوڵ بووە پیاوی وەك (ئیبراهیم حەیدەری) هەبووە کە مەلاییێکی هەولێری بووە و بووەتە (شیخ الاسلام)یش.

ئەمانە شتی ئاسایی و بەرچاوی هەموو کەسێکن، بەڵام بەداخەوە چ خەبەرێکمان بە دەستەوە نییە تێمان بگەیەنێ ئایا حاجی بەر لەوەی بۆی دەرچێت سفارشنامەی لە کەس وەرگرت یاخود هەر بەتەمای خوا ملی لە رێگا نا، ئەگەر سفارشنامەشی وەرگرتبێ لە کێی وەرگرت و بۆ کێی وەرگرت؟

ئەو ریوایەتەی کە دەڵێ حاجی لە کەرکووکەوە بە هاوڕێیەتیی کەیفی جوانڕۆیی سەفەری کرد، لەوەدا کە کەرکووك ناوچەی موتەسەریفایەتی بووە، زیهن بۆ هێندی دەبات کەوا حاجی لە دەسەڵاتدارانی کەرکووکەوە نامە و پەیامێکی بۆ ئەستەبوڵ وەرگرتبێ، بەڵام هاوڕێیەتییەکەی لەگەڵ کەیفی حیسابەکە هەڵدەوەشێنێتەوە چونکە دەزانین بەیەکەوە نەڕۆیشتوون. بەلای منەوە بڕواکردن بە نیوەی حیکایەتەکە، بە لێ دەرهاویشتنی کەیفی، بێ بەڵگە نابێ. دەبێ لەلاییێکەوە خەبەرێکی بڕوا پێکراو پێمان بسەلمێنێ حیکایەت بێژان بە درەنگەوە کەیفییان کردە هاوڕێی سەفەری حاجی.

ریوایەتی نامێلکەکەی[1] مەلا عەبدورەحمانی خزمی حاجی لەوەدا لەگەڵ ریوایەتەکەی تر یەك دەگرنەوە کە دەڵێ لەگەڵ کەیفی بەیەکەوە دەڕۆن بۆ ئەستەمبوڵ بەڵام ئەمیان لە هەولێرەوە بۆ ماوەرانیان دەبات و لە وێوە بۆ ئەستەمبوڵیان بەڕێ دەکات. ئەگەر مەلا خۆی سەرچاوەی ریوایەتەکەی پێشووترە... بەهەمەحاڵ ئەم قسە لە یەکترنەچووانە هەن کە هیچیان لەگەڵ واقیعی حاڵدا رێك ناکەون، تەنانەت ئەوەی دوای جێهێشتنی کۆیێ چووەتە هەولێر کەیفی جوانڕۆیی بووە نەك حاجی، کەسیشی لەگەڵدا نەبووە، بەتایبەتی حاجی، کە دەمێك بوو بۆی دەرچووبوو، لە ماوەرانیشەوە بەرەو ئەستەنبوڵ بوون چ بەنیسبەت حاجییەوە بێ چ بەنیسبەت کەیفییەوە بێ نە

(١) بگەڕێوە بۆ لاپەڕە ٢١٢ لە بەرگی دووەمی (حاجی قادری کۆیی).

رووی داوه و نه هی روودانیشه: که دەڵێم رووی نەداوە لەوەوە دێت کە مەعلوومە کەیفی دوای جێهێشتنی کوردستانی عیراق ماوەیێك لە حەڵەب[1] ماوەتەوە و دەرسی بە کوڕانی والیی حەڵەب گوتووە، دیاریشە مرۆڤ لە هەولێرەوە بەڕێی موسڵدا بۆ حەڵەب سەفەر دەکات، با جارێ لەوە هەر گەڕێین کەوا کەیفی یەکسەر بۆ ئەستەمبۆڵ نەڕۆیشتووە، بە رەفاقەتیی حاجیش سەفەری نەکردووە. کە دەشڵێم (هی روودان نییە) قسەکەم لەوەوە دێت بەعادەت کەس لە هەولێرەوە بە نیازی ئەستەمبۆڵ ناچێتە ماوەران، تەنانەت ئەگەر لە ماوەرانیشەوە یەکەم جار خەیاڵی سەفەر بۆ ئەستەمبۆڵ بە مێشکی کەسدا بێت رێی تێ ناچێ ئەو کەسە ملی شاخ و دۆڵی بێ شەقام و کاروان و هاتوچۆکەر بگرێت و خۆی بۆ ئەو دوورە وڵاتە هەڵکوتێت.

پێی ناوێ زۆری بە دواکەوین، ئەم ریوایەتانە هیچیان راست نین، بەڵام لەوە بەولاوە کە دەزانین حاجی پێش کەیفی رۆیشتووە و کەیفیش لە کۆیەوە بۆ هەولێر چووە و لەوێوە بۆ حەڵەب، هەرچی سەر و سۆراغێکی چۆنیەتیی سەفەرەکەی حاجی هەیە لە کەسەوە مەعلووم نییە.

ئەوەی راستی بێ نەزانینی زەرف و بار و چۆنیەتیی سەفەرەکەی حاجی گەلێك لایەنی بایەخداری وەزعی سەفەرکردووەکە رادەگەیەنێت. من تا ئەم کاتەی کە لە بارەی سەفەرەکەی حاجی قادرەوە دەدوێم لێم روون نییە ئاخۆ حاجی وردە خەرجیی رێگەی چۆن پەیدا کردووە، خۆ دەبێ باییی نان و ماستێکی سێ جەمەی رۆژانەی پارە پێ بووبێت. دڵم بۆ ئەوە دەڕوا حاجی سێ پارچە زەوییەکەی گۆڕەقەرەجی[2] بە خزمەکانی خۆی فرۆشتبێت هەرچەند مەلا عەبدوڕەحمان لە نامێلکەکەیدا بۆ ئەم لایەنە نەچووە و لە سەرەنجامی ئەو سێ پارچە زەوییە بێدەنگە. زەوییەکانیشی نەفرۆشتبێتن دەبێ لە لایێکی ترەوە تەدبیری خەرجیی کردبێت. ئایا قەرزی کرد؟ کێ قەرزی پێ دا؟ مزەی دەسنووس و مۆرهەڵکەندنی کۆ کردەوە؟

کە نازانین چۆن وردە پارەی سەفەری پێك هێنا ناشزانین بە کوێدا رۆیی و لەگەڵ

(١) ئەم باسە لە گوتارێکی خۆم بە ناونیشانی (کەیفی جوانڕۆیی) لە بەرگی دووەمی گۆڤاری دەفتەری کوردەواریدا بڵاو کرایەوە.

(٢) لە لاپەڕە (٢٠٩) لە بەرگی دووەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی)، نامێلکەکەی مەلا عەبدوڕەحمان ناوی هەر سێ زەوی دێنێت کە ئەمانەن: قەرەقاجین، هاوینەهەوار، زولفەقار.

کێ ڕۆیی و چۆن ڕۆیی – بە پێیان یاخود بە سواری؟ خولاسە ببڕای ببڕای هیچ شتێك لـە سەروبـەری ئـەو سەفـەرە بـەلای کـەسەوە مـەعلـووم نـییـە، هـەرچـی تێیدا بگوترێ خەیاڵکردە.

کە ئەم شتە سەرەتاییانە نەزانرابن دیارە ناوێرم لەگەڵ خۆشمدا ئەم پرسیارە هەڵستێنم: ئایا حاجی لە کۆیەوە هیچ ناو و ناوبانگێکی ماڵی بەدرخانییانی بیستبوو کە بۆرە ئومێدێکی حەوانەوە لای ئەوان ئازاتری کردبێ بۆ بەرەو ئەستەمبوڵ بوون؟ هەڵستاندنی ئەم پرسیارە لە زیمندا داخوازی دەکات کە حاجی لە کۆیەوە بایەخدانێکی بە چەندوچۆنی کوردەکانی تورکیا و ئەستەمبوڵ کردبێ و بایی ئەو بایەخدانە ئاگاداری ئەحواڵیان بووبێ کە ئەمە سەرلەنوێ بەرەو تۆژینەوەیێکمان دەگەڕێنێتەوە کە دەمێکە بەلای خۆمانەوە لێی بووینەوە، پرسیارەکەش لە خۆوە بێ بنجی مادی دێتە بەر لێکدانەوەوە، ئەو بنجە نەبێ کە دەزانین دواتر لە ئەستەمبوڵ پێوەندیی بەردەوام هەبووە لە نێوان حاجی و بەدرخانییەکاندا.

سەد جاران حەیف و مخابن کە هیچ شتێك لە چەندوچۆنی سەفەرەکەی حاجی نازانین، نەزانینەکەمان لەو ڕادەیەدایە کە ئەگەر لە ڕێگای ترەوە نەزانرابا حاجی بۆ ئەستەمبوڵ چووە چ خەبەرێکی سەفەرەکەمان بە دەستەوە نییە ببێتە بەڵگەی ڕوودانی. شتـی وەك ئـەم سەفـەرە بـێ خـەبـەر و ئـەسەرەیـە کـە لـە مـێژوودا ڕووی داوە بـەڵام بەڵگەکانی فۆتاون و بەلای مێژووناسانەوە کەلکی سەلماندنی پێوە نەماوە.

من یەکجار بە دڵشکستەییەوە واز لە چەندوچۆنی سەفەرەکە دێنم، لە گۆشەیێکی ئومێدی گەشبینانەشەوە هەستێکم بەدیار خەبەرێکی ئەو سەفەرەوە چاوەچاوە دەبێ بەڵکو خواوڕاستان....

وردبوونەوەیێکی تایبەتی

لە لاپەڕە (٨٠)ی ئەم نووسینەدا رووونکردنەوەی چەند بەیتێکی گلەمەندانەی حاجی قادرم کرد بە بەڵێنی کاتێکی دواتر. کۆتاییی بەیتەکان کە دەڵێ (لە بێ حورمەتیمان بوو حاجی هەڵات) بەزاهیر پێوەندیی هەیە لەگەڵ ئاوارەبوونی حاجیدا.

ئەوەی راستی بێ دیوانەکەی حاجی سەروبن بکەین لەم نیوە بەیتەی پتر تێدا نادۆزینەوە بە تەئویلیش ئەوە هەڵبگرێ حاجی لە ترسی شێخ نەبی کۆیەی جێ هێشتبێ. لێرە من شایەدێکی تریش دەهێنمەوە سەر بەرزەکی شەهادەتدان لەم کارەساتەی ئاوارەبوونی حاجی، ئەویش گێڕانەوەی جیلی لە ئێمە بەپێشەوەیە لەوانەی راستیی رووداوەکەیان دەزانی، هیچ کامێك لەوانەی ئەم باسەیان دەگێڕایەوە، بەر لە هەموویان باوکم و مامم کە راستەوخۆ باسەکەیان لە زاری باوکیان (حاجی مەلا عەبدوڵڵا)وە نەقڵ دەکرد، بەلای ئەوەوە نەدەچوون کە ترسی شێخ نەبی دەخلێکی بووبێ لە ئاوارەبوونی حاجی وەیا حاجی حیسابێکی بۆ ئەو ترسە کردبێت بایی ئەوەی لە کۆیەی دوور بخاتەوە. ئەمەش بەلاوە بنێین، بە زەحمەتێکی فێڵبازانە نەبێ واتای (بێ حورمەتی) کە حاجی لە بەیتەکەدا دەیکاتە بەهانەی (هەڵاتن) نە دەشێ بە (ترس) تەئویل بکرێ نە ڕاستەوخۆش دەچێتەوە بۆ لای ئەو هەرایەی بەینی ئەو و شێخ نەبییەوە. واتای بەیتەکە هێندە لە واتای (ترس) دوورە دەشێ ببێتە بەڵگەیێکی نوێ بۆ ئەوەی حاجی لەبەر (ترس) ئاوارە نەبووە. بەڵام وەك گوتم مومکینە مرۆڤ بە فەند و فێڵ واتاکە با هەڵداتەوە بۆ لای ناکۆکییەکە بەوەدا بڵێ حاجی لەم بەیتەدا دەیەوێ بە کۆیییان بڵێ ئێوە ئەگەر ڕێزتان لە من نابایە دەبوو لایەنی منتان گرتبایە لە دژی شێخ نەبی نەك بەشێکی زۆرتان ببنە مرید و سۆفیی ئەو. بە هەمە حاڵ ئەم تەئویلەش بۆ لای (ترس) ناچێتەوە. بەڕاستی کە بێین گوتەی (هەموو خزمی خۆمن) لە بەیتێکیاندا بە دەنگ بهێنین، پتر لەوەمان دوور دەخاتەوە کە حاجی لەم گلەییانەدا مەبەسی ئیشارە بێ بۆ ماجەراکەی نێوانی خۆی و شێخ نەبی. راز و گلەیێکی خۆییانەیە لەگەڵ (خزمان)دا تارماییی شێخ نەبیشی بەناودا تێ ناپەڕێت.

بە دەوری ئەو لێکدانەوە و بەراوردکردنەدا ئایا فکر بۆ چ مەبەسێکمان دەبات کە حاجی لەو بەیتانەدا کردبێتیە ئامانجی گلەیی؟

با لە پێشەوە ئەوەش بخەمەوە سەر تێبینییەکانی تازە لێیان بوومەوە و بڵێم لە کەس نەبیستراوە شتێك رووی دابێت، غەیری هەراکەی شێخ نەبی، بۆنی بێ حورمەتبی لێ بێت لە ئاست حاجی قادر، کە هەراکەشمان لە حیسابی گلەییان دەرهاویشت، ئەوەی رووداوی بێ حورمەتانەیە دژی حاجی پەیدا نابێ. ئەمە دەڵێم چونکە هەر لە بیرمە چەند ساڵێك دوای رۆیشتنی حاجی، هاوڕێ بچووکەکەی خۆی (کەیفی جوانڕۆیی) لەئاکامی رووداوێکی زۆر بێ حورمەتانە دەربەدەر بوو – زۆر بە داخەوە.

من لێرەدا کە دەڵێم هیچی بێ حورمەتانە دژی حاجی رووی نەداوە، قسە لە غەیبەوە ناهێنم، لە جووتە سەرچاوەی تەواتور و واتای هەندێ هەڵبەستی تری حاجی بیروڕایەکەم هەڵدێنجم، تەواتور ئەوە بوو کە گوتم کەس نەیبیستووە بێ حورمەتی لەگەڵ حاجیدا کرابێ، بە پێچەوانە بیستراوە کە حورمەتیگیراوە. هەڵبەستەکانی حاجی کە بەشایەدیان دەگرم ئەوانەن بۆ پیاوە ناودار و دەسەڵاتدارەکانی ئەوسای کۆیەی ناردوون، چونکە بە پێی پێوانەی ئەو سەردەمە حورمەت گیرانی مرۆڤ لە لایەن برا گەورانەوە دەبووە حورمەت گیران لای هەمووانەوە. بڕوا دەکەم ئەم وەزعە ئێستاکەش هەروەهایە، نەك لە کۆیە بگرە لە هەموو جیهان. نامەوێ هەڵبەستەکانی تری حاجی کە لە مەدح و ستایشی هەموو دانیشتوانی کۆیەی داناون بکەمە بەڵگەی رووناندانی بێ حورمەتی، چونکە دەشێ قسەیێك و مەدحێك کە رووی لە تاکە شەخسی ناسراو نەکرابێ لە رێی چاوپۆشی و سۆز و ئاکاری بەخشندەییەوە هاتبێت و لەمەشدا گلەیی و گازاندەی بەرێ و جێ و راستەقینەش تێ بردرابێ. بەڵام مەدحێکی بۆ حەماغا و ئەمین ئاغا دانرابێ لە حاجی قادرێکەوە کە مەدحی کەسی زیندووی نەدەکرد بە تایبەتی مەدحی بەخشین و نان و خوان دەشێ و دەبێ بکرێ بە ئاوێنەی ئەو حاڵ و بارەی حاجیی تێدا بووە لە سەردەمی بەیەکەوە ژیانیاندا لە لایەن بوون و نەبوونی هۆی گلەییکردنێك کە پێوەندیی بە بێ حورمەتییەوە هەبووبێت. حاجی قادر ئەو هەستیارەیە کە دەزانین لە هەر لایێکەوە پلارێکی لچك و لێو لێبادانی بۆ هاتبێت، نەك بێ حورمەتیی تێدا بووبێت، دەرحاڵ لە بری مایە و قازانجیش وەرامی بە زیادەوە داوەتەوە، تەنانەت ئەو هێندە قسە تویکڵدارەی کە لە شێخ غەفووری[1] تاڵەبانییەوە پێی گەیشتەوە و خێرا بەخێرا کرایەوە تیرێکی زەهراوی و بۆ شێخ غەفوور بەرێ

(١) لە بەرگی دووەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی) ئەم سەر گوزەشتە باس کراوە (لاپەڕە ١٢٨).

کرایەوە، پاش چەندین ساڵ لە ئەستەمبۆڵ دەماری هەستی حاجی دەبزوێنێتەوە و سەرلەنوێ بورکانی رق و غەزەبی بەسەر شێخ غەفووردا دەتەقێنێتەوە[1]، بەمەدا و بە هەموو بەڵگەیێکدا مەعلووم دەبێ ئەگەر حاجی قادر بێ حورمەتیی لە دانیشتووانی کۆیێ دیتبایە بەوە دابین نەدەبوو لە بری ئەو بێ حورمەتییە بە نیو بەیت گلەییان لێ بکات و بە قەسیدەی سەرلەبەری جۆراوجۆر بۆ ئاسمانیان بەرز بکاتەوە.

وردبوونەوە دەری دەخات حاجی قادر لە نێو عیشقی بۆ تێکڕای کوردستان عیشقێکی تایبەتی هەبووە بۆ کۆیە و خەلقی کۆیێ، لەوەشدا چ رەخنە لە حاجی ناگیرێت چونکە لە کەس داوا ناکرێ بێشکەی منداڵیی خۆی و بەرئاگردان و شوێنەواری کەس و کاری لە دڵدا نەقشبەستووتر نەبێ تا بێشکە و بەر ئاگردان و شوێنەوارێکی تر کە بەڕاستی لێی نەبووە و تێیدا نەژیاوە. گەلێك لە جانەوەر و روحلەبەرانی تریش وەك ئادەمیزاد لان و هێلانەی خۆیان بە هەموو دنیا ناگۆڕنەوە، بگرە لە لانی خۆیاندا نەبێ زاوزێ ناکەن. بێگومان ئەگەر مرۆڤ لە ئاست هێلانەی خۆی و کەلاوەی باب و باپیرانی بێ باك بوو چ پێی ناوێ شەیدای خاك و ئاوی تر بێ کە نیو هێندەی ئەو هێلانە و کەلاوەیەش مافی دایك و ڕۆڵەیەتی بەسەریەوە نییە. کوردستان بە نیسبەت حاجی قادرەوە کۆمەڵێکە لە جێگە و جۆبار و شاخ و دەشت و چۆڵ و ئاوەدانی کە نیسبەتیان لەگەڵ هەموو کوردێکی تریش وەك هی حاجییە، بەڵام کۆیە بە نیسبەت حاجییەوە ئەو شتە نییە کە بۆ هەموو کوردێك وەك یەك وایە، هەر یەکێکیش لەو کوردانە شوێنێکیان هەیە لە کوردستاندا بە لایانەوە وەك شوێنی تر نییە. ئەم راستییەش هەر لە نێوان کورددا راست نییە لە هەموو جیهان راستە، کەواتە بۆچی حەرام بێ لە حاجی خۆشەویستیی بۆ ئەو مەڵبەندە پتر بێ کە یەکەم جار چاوی لێ ترووکاوە و سەری تێدا دووپەلکە بووە و باوەشی بە سەردەمی منداڵی و خولیا و هەست و تاسەی گەنجایەتیدا گرتووە؟

هەندێ جار وا دەبێ نازانرێ (نیشتمان) لە کوێوە تا کوێیە و پانایی چەندە تاکو مرۆڤ بتوانێ عاتیفەی خۆی بەو ئەندازەیە پان بکاتەوە. واش بووە لە گۆڕینی سنووری نێوان دوو وڵاتدا هەندێك زەوی لە یەکێکیانەوە دراوەتە ئەوی تریان، لە حاڵی وەهادا ئەو مرۆڤە نەخشەیێکی خەیاڵیی مەفتەن دەپەرستێ دەبێ بە پێی گۆڕانی

(١) بگەڕێوە بۆ لاپەڕە (١٠٥) لە بەرگی دووەمی (حاجی قادری کۆیی).

سنووری وڵاتەکەی ئەویش سنووری سۆز و خۆشویستنەکە و پەرستنەکەی بگۆڕێ، جا ئەگەر لە وڵاتی ئەوەوە پارچەیێك دابڕابێت و بە وڵاتێکی تر درابێت دەبێ بەشە سۆزی بۆ ئەو پارچەیە بداتەوە پارچەکانی تر، ئەگەر لە وڵاتێکی تریشەوە پارچە ئەرزێك خرابێتە سەر وڵاتەکەی خۆی دەبێ خۆشویستنەکەی پان بکاتەوە تاکو ئەو پارچە نیشتمانە تازەیەش بگرێتەوە. لە فەرزی ئەم ئاڵوگۆڕە مەعنەوییە بشکرێ، گومان لەوەدا نییە ئەگەر ئەو پارچە ئەرزەی دەدرێ بە وڵاتێکی تر جێگەیێك بوو کە خۆی تێیدا بەوەلەد هاتبوو و لێی گەورە بووبوو هەرگیز بەر تەعدیلەکە ناکەوێت، بە پێچەوانە سۆزەکەی لەگەڵ ئەو پارچە زەوییەدا سنوور دەبەزێنێت و ئاودیو دەبێت بۆ ئەو وڵاتەی ماڵ و بێشکەکەی خۆی بەر کەوتووە. ئەو بڕیارەی کە پارچە ئەرزە خنجیلانە نازدارە خۆشەویستەکەی دادەبڕێ، لە هەمان کاتدا کەرتێکی زلی سۆز و پەرۆشی ئەویش دادەبڕێت و دەیخاتەوە سەر ئەو هێندە ئەرز و ئاواییەی کە یەکەم دەستەچیلەی مەفتەنویستی لە دڵ و دەروونیدا هەڵایساندبوو. لە کتێبی (الکامل)ی (ابن الاثیر) دەخوێنیتەوە (ابن لؤلؤة) لە تۆڵەی داگیرکرانی شاری (نەهاوەند) لە لایەن سوپای ئیسلامەوە خەلیفەی دووەم، (عمر ابن الخطاب)ی کوشت چونکە (ابن لؤلؤة) خۆی خەلقی ئەو شارە بوو... لە سەر گوزەشتی گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانی بە سەرکردایەتیی (زەنەفۆن) بۆ یۆنان داستانێکی کورتیلەی پڕ سۆز هەیە لەوەدا کە کوردێك رازی بوو بیکوژن، کوشتیشیان، بەڵام ڕێگەی نیشان نەدان چونکە ئەو ڕێگەیە بەسەر ماڵی کچەکەیدا دەڕۆیشت، هاوڕێکەی دوای کوشتنی ئەو ڕێگەکەی نیشان دان... کە بمانەوێ دەتوانین سەدان نموونەی ئەوتۆیی بێنینەوە ئیسپاتی ئەوە بکات کە نشیمەن چ نرخێکی هەیە لە دڵی مرۆڤدا، مەگەر بە دەرسدان و فێڵ لێکردن ئەو نرخە کەم بکرێتەوە، بەڵام هەر دەڵێی نموونەهێنانەوە ئەو نرخە کز دەکاتەوە چونکە وا رادەگەیەنێ پێویستی بە بەڵگە و سەلماندن هەبێت لە حاڵێکدا نرخەکەی لە دڵی هەموو کەسێکدا دەژیت و چ مامۆستا و رابەریشی پێ ناوێت.

کەواتە حاجی قادر وەیا نالی وەیا هەر کەسێکی دیکە بێ گلەییی لێ ناکرێ کزە و سۆزی بۆ لانە و خانە و گەڕەك و کووچە و بازاڕی نشیمەنی خۆی هەبێت، بەڵام هێندە دەمێنێتەوە بگوترێ نابێ خۆشەویستی بۆ نشیمەن کار بکاتە دادپەرستی و ڕەفتاری ڕاست وەیا سەر بکێشێتەوە بۆ لایەنگیریی کوێرانە. لەبەر شەوقی ئەم ڕاستییانەدا سەیری حاجی قادر دەکەین و دەبینین ئەم مرۆڤە لەم خۆشویستنە تایبەتییەی بۆ

کۆیـێ، نـەك هـەر ڕەخنـەی لـێ نـاگـیرێت و بـەس چونکـە کـە قیـاسی دەکـەی لـەگـەڵ شاعیرێکی تری وەك خۆی لەلایەن خۆشویستنی مەفتەنەوە مرۆڤێکی ئەوەندە پاك و فریشتانە و بێ تەرەف خۆ دەنوێنێت ئەوەت لە بیر دەباتەوە کە سۆزێکی تایبەتی هەبووە بۆ بێشکەی منداڵی و سەرەتای عومری لەو ڕووەوە کە تەنیا ئەو لە نێوان هەموو شاعیرەکانماندا وەکو بولبول بۆ هەموو شار و دەشت و مەڵبەندێکی کوردستان چەهچەهەی کردووە و هەناوی سووتاوە. لە دیوانەکەیدا چەند جاران نەخشەی ئێرە و ئەوێی کوردستان دەکێشێت و دەستەملانی ئێرە و ئەوێ دەبێت. وا دەزانم هیچ کامێك لەو کەڵە شاعیرانەی هاوچەرخی حاجی بوون باسی جێگەیێکی نەهێناوەتە ناو هەڵبەستەکانیەوە کە بێشکەی خۆی نەبووبێت، مەگەر شێخ ڕەزا کە ئەویش بە پێی مەیلی کاتی خۆی جارێکیان مەدحی جێگەیێکی کردبێت جارێکی تریان، وەیا گەلێك جاری تر، زەمی کردووە، مەدح و زەمەکەشی پێوەندیی بە سۆزی کوردایەتییەوە نەبووە لەو پارچە هەڵبەستەی بترازێ کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

بـە بـیـرم دێ سولـەیمانـی کـە دارولمولـکـی بـابـان بـوو
نە تەسخیری عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

بە داخەوە یەکێك لەو شاعیرانە بە دەستەواییش لەگەڵ حاجیدا ناوی کۆیەیان نەبردووە، بەڕاستی ئەم دیاردەیە تا ئێستاش لە چاوان دەچەقێ کە دەزانین سەردەمی زانست و ڕۆشنبیری و پەرەسەندنی نیگافراوانی و لە قەپێلك دەرچوونە و چاوەڕوان دەکرا گیانی ناوچەپەرستیی تێدا بزر بێت و جێگە چۆڵ بکا بۆ گیانە فراوانترەکەی نیشتمانپەرستی. نووسەری کوردی عێراقم دیتووە لە گۆڤاری دەرەوەی عێراقدا گوتاری لەبارەی ئەدەبی کوردییەوە بڵاو کردووەتەوە، لە ناوی نالی و گۆران بەولاوە ناوی شاعیرێکی تری کوردی کوردستانی عێراقی نەبردووە. من نازانم، کەسێك بە گوتە و نووسین چاکەی یەکێکی وەك حاجی قادر نەداتەوە و پێی ڕەوا نەبینێت لە باسی ئەدەبی کوردیدا ناوی بێت چۆن ڕێگە بە خۆی دەدا داوا لە دەسەڵاتداران و داگیرکەران بکات کە بە کردەوە مافی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و چارەنووس بە غەیری خۆیان بدەن. لە ڕێی بەراوردکردنەوە دەردەکەوێت حاجی قادر سەد ساڵ پتر پێش ئەو تەرزە ڕۆشنبیرەی سەردەمی ئاتۆم و ئاسمان گەردی کەوتووەتەوە لە مەیدانی بەلاوەنانی گیانی تەسکی ناوچەپەرستیدا. من لەگەڵ خۆمدا بە وتوویژی دەروونی دێمە سەر فەرامۆشکردنی هەموو گلەییەك کە لە سالم و کوردی بکەم کە

دەبینم خاوەن شەهادەی بەرزی ئەم سەردەمە لە کاتی دەروون کردنەوەدا هێندە ناوچەپەرست دەردەچێت. بەڕاستی ئینساف لێمان داوا دەکات موقارەنەی حاجی لەگەڵ کەسی تردا نەکەین لە زەمینەی ناوچەپەرستی و کوردستان پەرستیدا چونکە هەرچی نێزیکی هەیە لە نێوان ئەوە غەیری خۆیدا پەیدا نییە. حاجی قادر دەبێ لەگەڵ خۆیدا موقارەنە بکرێت لەو ڕووەوە ئایا حاجی قادری کۆیەدۆست و حاجی قادری کوردستان دۆست کامیان لە تای تەرازووی موقارەنەدا قورستر هەڵدەستێت!

ئەم وتووێژەم لەبەر ڕۆشناییی ئەو گلەییە بوو کە حاجی قادر لە هەڵبەستێکیدا بە ڕووی خزمانی کۆیەیدا دەداتەوە، وەك بۆشمان دەرکەوت لە دوو سەرەوە زەمینەی گلەیی لە نێواندا نامێنێ، یەکەم لەلایەن ئەوەوە کە دانیشتوانی کۆیەی تێدا شەرمەزار ببن. دووەم لەبەرئەوەی کە حاجی بۆ خۆی لە چەندین هەڵبەستی پڕ سۆزدا مەدحی خەلقی کۆیەی کردووە و پەرۆش و وەفای خۆی بۆیان دەربڕیوە.

ئەم لێکدانەوەیە کە بە شایەدیی هەڵبەست و کردە و گوتەی حاجی قادر، وێڕای گوتەی دەماودەم کە لە جیلی حاجی و دوای ئەوەوە بە ئێمە گەیشتووە، لێکدانەوەیێکی ڕاست و دروست و بێ لایەنە داوا دەکا تەوجیهێکی ئەو گلەییەی حاجی بکرێت کە لەو نیوە بەیتەدا خوێندمانەوە بە جۆرێك لەگەڵ واقیعی بێ فێڵدا بگونجێت. گلەییە و لە حاجییەوە بەرەوپیری دانیشتوانی کۆیێ دێت (لە قوشخانەوە تا دەمی ئیچ قەڵا– لە بایزاغاوە تا محەللەی قەڵات). ئاخۆ هۆی گلەییەکە چییە؟ بێ حورمەتییەکە لە چیدا بووە؟

ئەوەندەی دیبێتم ئەدیبێك وەیا شاعیرێك کەوتبێتە سەر باری ڕاز و گلەیی لەگەڵ زەمانەدا وەیا ڕووی قسانی کردبێتە ئەهلی زەمانە و کەس و خزمانی، داخ و کەسەرێکی زۆری هەڵڕشتووە و گازاندەی تاڵ و تفتی نیشان داوە. لە حاڵی وەهادا گلەییکردن خۆی لە خۆیدا نابێتە بەڵگە بۆ ڕەوابوونی، هەروەك بێ بەڵگەش بە درۆ ناخرێتەوە چونکە لەوانەیە هۆی ڕاستەقینە هەبێ بۆ گلەییکردن هەروەك مومکینە نەشبێت.

هەندێ جار دەمودووی گلەیی لە خۆوە هاواریەتی کە وا لە هەناوێکی ڕق هەڵگرتوو و دڵێکی ڕەشەوە دەرهاتووە و چ پێوەندیی بە ڕاستی و ئینسافەوە نییە، کە ئەمەیان بە هیچ جۆر لەم باسەدا جێی بۆ ناکرێتەوە، ڕەنگە لە نێو خوێنەرانی ئەم قسانەدا هی وا

هەبێ ڕۆژەك لە ڕۆژان خۆی بەر گلەییی بێ ڕەحمی ئەوتۆیی کەوتبێت.

قسەیێك کە لە دڵەوە دەردێت چەژی ناو ئەو دڵە لەگەڵ خۆیدا دێنێتە سەر زەمان و دەگاتەوە بەر چەژ و تامی گوێگرەوە، لەبەر ئەمە ڕێی تێ دەچێ قسەی بە زاهیر تاڵ لە ڕاستیدا شەکر بێت وەك ئەوەی کە (جواهری) لە دوای (وثبە)ی ساڵی ١٩٤٨ ڕووی قسەی دەکاتە خەلق و تانووتی ماف گرتنە دەستیان لێ دەدات و دەڵێ:

تـقـحـم لُـعـنتَ ازیـز الـرصا

ص وجرّب من الأمر ما یقسم

ئەم وشەیەی (لُعنتَ– لەعنەتت لێ بێت) لەم جێگەیەدا فەرقی نییە لەگەڵ ئەوە کە بیگوتبایە (قوربانی هەڵمەتت بم– بمرم بۆ مەردایەتیت).

لەم حاڵەی (لُعنتَ)ی جەواهیریدا زەرفی هەڵبەست مەبەستەکەی ڕوون کردووەتەوە تا ئەو ڕادەیەی ڕێگە بە کەس نەدات چ واتای تاڵ و تفتی لێ هەڵێنجێت، بەڵام واش دەبێ قسەی لە (لُعنتَ) تاڵتر و لە زەرفی نادیارتردا گوتراوە کەچی دیسانەوە بە قەدەر تاڵاییی قسەکە سۆز و پەرۆش و شیرنایی دەداتەوە. نموونەیێکی زۆ بەرچاوی ئەم تەرزە قسە تاڵەی پڕ سۆز و سووتانە شیعری شاعیرێکی عەرەبی ئاوارەیە کە دوابەدوای تێشکانی ئومێدە زلەکانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم ئەم وشانە لە میللەتەکەی خۆی دەگرێت:

کفنوه

وادفنوه

واسکنوه

هوة اللحد العمیق

واذهبوا لاتندبوه فهو شعب میّت لیس یفیق!

واتە (کفنی بکەن و بیشارنەوە و بیخەنە قوولاییی قەبرەوە– بڕۆن و بۆی مەگرین، ئەم میللەتە مردووە ڕاست نابێتەوە).

هتك عرض

نهب أرض

شنق بعض

لم تحرك غضبه

فلماذا نذرف الدمع جزافاً ليس تحيى الحطبة!

واتە (ناموسبردن و ولات تالانکردن و خەلق بەپەتەوەکردن غەزەبی نەجوولاند– کەواتە بۆچی لە خۆڕایی بۆی بگرین، خۆ داری سووتەمەنی ناڕوێتەوە).

ئەم ڕاوێژە تاڵ و تفت و ژەهراوییە کە وا بە زاهیر دەڵێی لە دوشمنی بابکوشتەوە بە نیازی حەیابردن ڕازاوەتەوە، بەڕاستی جۆشی خوێنی شاعیرەکەیە بە برینەکانی دڵیدا لەگەڵ پارچەی جگەر سەر وەدەر دەنێ.

گوتەی بە پەرۆش وەك نەشتەری دکتۆر وایە هەتا تیژتر بێ شیفادەرترە.

لە نموونەی شیعری وەها دەروونناو لە یەکتر نەچوودا ئەمانە هی مەلای گەورەن کە هاومەشرەبی حاجی قادر و هاومەفتەنیشی بووە:

ئەرێ ئەی مامە کوردە پێم بڵێ چییت؟
کڵاش خواری کەوا دڕیای کراس چیت!

کەپوو فیچ و لچ ئەستوور و ددان گڕ
کوتوکوێر و گەڕ و گێڕ و سەلك خڕ

بە گیان و دڵ لە ڕەببی خۆت دەخوازی
زگت پڕبی لە ئەستوورك و پیازی

ئەم تاڵاییەی حاڵەتی هەست بە پەستی میللەت کردن هەر خۆیەتی لە کاتی شانازیی بە میللەت کردندا ئەمەی داوەتەوە:

دەتەوێ پێت بڵێم چییە کوردی
عاقڵی و چابوکی و جەوانمەردی

میللەتێکە لە فەوقی تورك و عەجەم
صاحیبی حەزم و ڕەزم و بەزم و کەرەم

بۆ تێگەیشتنی ئەم تەرزە هەڵبەستە لە یەکتر نەچووانە دەبێ زەرفی دانانیان و مەبەستی شاعیر لەواندا بزانرێت، وەك ئەوەی کە قوماندانی ئازا و دڵسۆز جارێکیان ڕووبەڕووی هێزی دوشمن فەرمانی خۆبەختکردن بە سوپاکەی خۆی دەدات و دەڵێت: (بۆ پێشەوە و بێ گەڕانەوە...)، جارێکی تریش بە هەمان ئازایی و دڵسۆزییەوە بە

هەمان سوپا خۆبەختکەرەکەی دەڵێ (بەرەودواوە و بە غار...).

هەر بەو پێیە شیعری گەیی ئامێزی شاعیری دڵسۆز دەبێ بخرێتەوە شوێنی لەباری خۆی لە هەیکەلی شیعر و ویژدان و باوەڕی شاعیرەکەدا تاکو لەبەر تیشکی عاتیفەی جۆربەجۆری سەرکردن و دامرکانەوەی نەرم و توندی سەرنجی لێ بگیرێت بەڵکو شیعرەکە لەوانەبێت بە پێی کات و هەڵوەست و شوێن و تام و بۆن پێی بگوترێ تواندنەوەی دڵ هەڵایساندنی گیان.

هەر بارە و هەر شوێنە پێداویستی خۆی هەیە چ لە کردەوە بێ چ لە گوتە بێ، تەنانەت باوك و دایك لەگەڵ منداڵی خۆیاندا هەمیشەکات یەك کردار و یەك گوفتار نابن دەنا لە باوکایەتی و دایکایەتی دەشۆڕێن.

بە ڕاستی شاعیرێك سەرلەبەری شیعرەکانی هەمووی یەك دەنگ و یەك ئاواز و یەك ئاهەنگ و یەك مەبەست و یەك واتا بن، تێکڕاشیان لە مەدحکردن و پێدا هەڵگوتن بێت، دیارە ئەو شاعیرە ڕاست نییە و ساختەچییە چونکە مومکین نییە لە خوا بەولاوە شتێك هەبێ هەمووی هەر پاك و چاك، تەنانەت قورئان لە زاری (موسی) قسە دەگێڕێتەوە کە بە جورئەتەوە عەرزی خوای کردووە و گوتووەتی (ان هی الاّ فتنتُكَ– کە بە کوردی پاتەوپات (هەر فیتی خۆتە) ڕادەگەیەنێ) هەروەهاش ئەم نووسینەی من، کە دیارە چەند ڕێز لە حاجی قادر دەنێت، لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە مانا ڕاست و دروستەکەی شیعرەکانی بێ تەئویل و باهەڵدانەوە دەخاتە ڕوو ئەوەی بە چاوی خۆیەوە گرتووە کە لەوانەیە ماناکەش زۆر باش و ڕەوا نەبێت. تەنیا شتێکی لەم مەیدانەدا بە دۆستایەتیی حاجی قادرم کردبێ ئەوەیە زەرف و کات و هەڵوەستی حاجیم لەو شوێنانەدا ڕوون کردووەتەوە.

هەندێ شاعیر و نووسەر هەن بەردەوام و بێ وچان مەدحی ئەو شتە دەکەن کە وا لەسەری دەنووسن، یاخود با بڵێین تەنیا لەبارەی مەدحەوە بۆ بابەتەکە دەڕۆن. بێگومان ئەو تەرزە نووسینانە لەسەر بنچینەی خۆ خۆشەویست کردنەوە هەڵدەستن، وەیاخود بە پێی فەرمانێك کە بەسەر خاوەنەکەیانەوەیە نووسراون، وەیاخود لە بری مزە و پاداش هاتوونە ناوەوە چونکە کابرای نووسەر پێوەی دیارە جڵەوی خامەی لەگەڵ گۆڕانی ڕووی بابەتەکە بادەداتەوە. بابەت خوار بڕوات و ڕاست بڕوات، چاك بکات و خراپ بکات، سەرەژوور تێ هەڵکشێ وەیا بەرەژێر گلێر بێتەوە، لە هەموو حاڵ

و بارێکدا هەر مەدح دەکرێت وەك ئەوەی جیهان هەر بۆیێ خەلق کرابێت کە ئەو بابەتەی تێدا بەڕاست بگەڕێت، بە تەواوی وەك حیکایەتەکەی لولاك لولاك لما خلقتُ الأفلاك. نووسەری ئەوتۆیی پێویستی بەوە نییە شتان ببینێت و ڕای لێیان بێت، بە پێچەوانە وا باشترە بە تەلەفۆن پێی بگوترێ وەیا ئەمری ئیداریی بۆ دەرچێت چ بنووسێت و چۆنی بنووسێت. ئەگەر مومکین بێ ئالەت فێری نووسین بێت، ئەو باشترە لەو نووسەرە ئالییە.

خولاسە مرۆڤی شاعیر و هەستیاری عادەتی ئازاد و بێ چاوسوورکەرەوە لێی چاوەڕوان دەکرێ گەرمایی دەروون و زەنەی گیانی خۆی بهاوێتە ناو هەڵبەستیەوە، هەر بەو پێیەش دەبێ ئاخاوتنەکەی لەو بابەتە بێت چ تاڵ چ شیرن، خۆ شاعیر ماملەتی شتی بازاڕی ناکات، خەریکی مادەی زانست و ژیربێژیش نییە تاکو قسەکانی هەڵبەستی بخەینە بەر هەڵسەنگاندنی ریازی و موعادەلەی جەبر و موقابەلە بۆئەوەی بزانین هەردوو لایەنی دەوری (=) کە پێکەڵپێکن. هەر کاتێك شاعیر– هونەرکاریش– خەریك بوو بە ژیربێژی و لە ڕێی پێ سەلماندنی زانستییەوە ئیقناعت بکات لە شاعیری دەشۆرێت و دەبێتە پەندیار– واعظ– یاخود فەیلەسوف یاخود مامۆستا. ئاخاوتنی شاعیر فەرهەنگۆکی تایبەتی خۆی هەیە وەیا هەرنەبێ وشە لە وتوێژی شاعیردا واتای تایبەتی هەیە. تۆ سەیری کە شاعیر دەکەوێتە سەر باری مەدحکردنی یارەکەی، ئارایشتێکی وەهای دەدات لە هیچ کارگەیێکی ئارایشت و بە هیچ پسپۆڕێکی ئارایشت پەیدا نابێت. هەرچەند شێوازی شیعر لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێك وەیا لە جێگەیێکەوە بۆ جێگەیێکی تر بشگۆڕێ، پەروازی شاعیر لە ئاسۆی خەیاڵدا جودا دەبێ لە کاری فەیلەسوف و واعیز، وتوێژ و گڕوگاڵیشی سەربەخۆ دەبێ لەچاو هی ئەواندا.

حاجی قادر کە سۆزی سەر دەکات و بورکانی دەروونی دەجۆشێت، ئەویش وەك هەموو شاعیرێك بە زمانی عاتیفە دەدوێت و لە کانیاوی دڵ هەڵدێنجێت نەك لە گۆمی فکر. هەر بەو پێیەش وتوێژی لە بارێکی عاتیفییەوە بۆ بارێکی تر جلوە گۆڕی دەکات تا ئەو ڕادەیە کە ڕواڵەتی قسەکانی لە بارێکەوە بۆ ئەوی تر لە یەك ناکەن هەرچەند لە ڕاستیدا یەك تیشکی سۆزە لە ئاگری دەروونییەوە شەوق دەداتەوە، بەڵام عەدەسەی (زەرفی نەفسی) هەر جارە بە جۆرێك تیشکەکە دەشکێنێتەوە.

حاجی لە حیسابێکی تریشەوە هەست بەوە دەکات کە مافی گلەییکردنی هەیە، بە ڕاستی ئەم حیسابەیان لە قووڵایی و گەرماییی سۆزێکی یەکجار تایبەتییەوە

هەڵدەچێت کە دەبێ پێوانە و کێشانەی لایق بە خۆی لەگەڵدا بکرێت، هەرنەبێ بۆ تێگەیشتنی، وێڕای تێخوێندنەوەی تین و تاوی لەو هەڵوەستەی حاجیدا، کە هەڵوەستی گلەمەندانەیە، هەتا سۆز و تاسە و خۆشویستن لە دڵی مرۆڤدا کاریگەرتر و ڕەگداکوتاوتر بێت، ئەو مرۆڤە خێراتر خۆی لەسەر حەق دەزانێ بۆ گلەییکردن. بە نموونە دەڵێم باوك و دایك لە ئاکامی ئەرك و ڕەنجێکی بە منداڵەکەیانەوەی دەدەن پتر بەتەمای چاکەدانەوەن لە منداڵەکەیانەوە تا یەکێکی تری بێگانە کە ئەو حەقەیان بەسەریەوە نییە، هەروەهاش خۆیان بە خاوەن حەق دەزانن گلەیی لە منداڵەکەیان بکەن لە کاری وەهادا کە ئەگەر بێگانە بیکردبا جێی گلەیی نەدەبوو. حاجی قادریش، وەك ئەو باوك و دایکە، سەبارەت بە سۆز و پەرۆش و خۆشویستنی بێ ئەندازەی بۆ خەڵقی کۆیێ، بەڕاشکاوی لە ناخی دڵیەوە هەست بەوە دەکات کە مافی گلەییکردنی هەیە و دەبێ گلەیی بکات. لەو بارە نەفسییەی حاجیی تێدا بووە گلەییەکەی ئەوەندە سادە و تەبیعییە هەر دەڵێی وێنەی ناو ئاوێنەیە و واقیع دەداتەوە لەو ڕووەوە کە دەنگدانەوەی سۆز و خۆشەویستییە نەك شتێکی تر. حاجی لە دەمی سەرکردنی هەستی غەریبیدا بە ئاسایی دەکەوێتە سەر باری بە یەکدی گرتنی هەڵوەستی خۆی و خزمانی کۆیێ، لەو بەیەکدی گرتنەشدا خزمان قەرزدار دەبینێ بەرانبەر ئەو هەموو سۆز و پەرۆشەی کە بۆیانی هەبووە چ لە پێشووتردا کە جارێ هەر لە ناویاندا دەژیا، چ لە دەمی سەرکردنی هەستی غەریبیدا. بێ گومان لەباری وەها تایبەتیدا دڵ ناسکییەکی بریندارانە بەسەر هەست و پێزانینی مرۆڤدا زاڵ دەبێت و دەیهاوێتە باوەشی خولاندنەوە و نازکردن وەك ئەو ساوایەی بە فطرەت دەم دەگێڕێ تاکو لە گۆی مەمکێکی دایکانە شیری بەزەیی بمژێت هەرچەند برسیش نەبێ. لە حاڵەتی وەها نازك و نائارام و تەلەزگە بەستوودا ئەگەر هیچ هۆیێکی گازاندەش پەیدا نەبێ، دیسانەوە لە خۆباییبوونی خۆشویستن و ئازاری غەریبی و بڵێسەی یادکردنەوە و تلانەوە بە دەست ئارەزووی سووتێنەر، مرۆڤ دەخاتە سەر باری گلەییکردن و خۆ بەمەغدوور زانینەوە، کە کزەی دەروون گەیشتە پایەیێك داد و فیغان و زیرە لێهەستان داینەمرکێنێتەوە چ دەمێنێ بۆ دەرمانی دەرد جگە لە گلەییی دۆستانە و عاشقانە و خۆشەویستانە؟ دڵی حاجی بۆ خەیاڵێکی تریش دەکشێ: خەڵقی کۆیێ، کاتی خۆی، ئەو دڵسۆزە و موشفیقە و وەفاکارە نەبوون لە ئاست ئەو هەموو کڵپە و سووتان و بڵێسەی خۆشویستنی ئەوسا و ئێستاکەی بۆیان کەوا خەریکە دەیکا بە کۆی زوخاڵ! ئەم لە کوێ و ئەوان لە کوێ؟

ئەگەر منم لە فیراقیان کزەم لە جەرگەوە دێ
ئـەگـەر دڵـە وەکـو جـەرگـم دەڵـێی ئـەوا سووتـا

مەگەر (نالی) گەیشتبێتە ئەم تەندوورەی ئاگر تێبەربوونی سۆزی غەریبی:

لەم شەرحی دەرد و میحنەتە لەم سۆزی غوربەتە
دڵ وەختە بێ بە ئاو و بە چاوما بکا عبوور

پێی ناوێ من بڵێم، لە کاتی وەها پڕ هەیەجان و جۆش و تلانەوەدا گلەیی و گازاندە لە خۆوە زەنە دەکات. سەیری (نالی) لە کۆتاییی هەڵچوونی مەنجەڵی دەروونیدا چ بە (سالم) دەڵێ:

حـاڵی بکە بە خوفیە کە ئەی یاری سەنگدل
نالی لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور

یارەکەی (سەنگدل) نەبوو، بەڵام نالی لە کۆتاییی نامەدا وەها سووتاوە بە دەم سۆز و کڵپەی غەریبییەوە خۆشویستنی عادەتیی لێ بووەتە دڵڕەقی.

کوردییش وەك نالی و حاجی لە بڕە شیعرە پڕ کزە و گڕی بەرەو غەریبی چوونەوەی (عەزیزان من ئەوا ڕۆییم لە لاتان)دا ئەم بابەتە گلەییە نازکارانەی هەڵڕشتووە. سەرلەبەری شیعرەکان گلەمەندانەن بەڵام ئەم تاکەیان نموونەییە لەلایەن نیشاندانی گازاندە و خۆشویستنەوە:

جەفاتان دام و کوشتمتان بە زاری
نزوولی رەحمەتە جـــەور و جەفاتان

من لە ڕوونکردنەوەی زەرفی گلەییەکەی حاجی نموونەم لە شیعری دوو شاعیری کورد هێنایەوە کە وەك حاجی بەدەم سۆزی غەریبییەوە گلەییان لە خزم و دۆستان کردووە، هەمان دیاردە لە شیعری غەیری کوردیشدا بەزۆری دەدیترێت، بەڵام پێویست نابینم خوێنەریان پێوە خەریك بکەم هەم لەبەر ئەوەی کە دوو نموونەی گەورەی شیعری کورد بەسە بکرێن بە ڕوونکەرەوەی مەبەست، هەم لەبەرئەوەش کە تێکڕای باسەکە لەگەڵ بەراوردکردنی وەزعی حاجی قادر خۆی بێ هێنانەوەی نموونەی شاعیری تر گەلێك بەرەو ڕوونبوونەوە چووە.

کـەواتـە، وەك مـن بـۆ مـەسەلـەکـە دەچـم، حـاجـی قـادر هـۆیـێکی زاتـی و یـەکێکی مـەوزووعـی، بـەجـووتـە و تـا ڕادەیـێکـیش بـە شێوەیـێکی عـەفوی کـە زۆر دەربـەستی

لێکدانەوە نییە، پاڵی پێوە ناوە بۆ دەربڕینی گلەیی. هۆیە زاتییەکە لەوەوە دێت کە نەفسی تینووی دیداری خوێش و وڵات وەها کول و تەلەزگە بەستوو دەبێ کە بەبەریەوە هەیە لە خۆوە بکەوێتە سەر گلەییکردن، با ئەو گلەییە لە نێزیکترین و خۆشەویستترین کەسیش بێ. هۆی مەوزووعیش ئەوەیە کە حاجی لە بە یەکترگرتنی خۆشویستنی خۆی بەرانبەر کۆیییان و لێ وەرگرتنەوەی خۆشویستی لەوانەوە بە جێگەی گلەییان دەزانێت تا ئەو ڕادەیەی هەست بە بێ حورمەتی بکات لەو درێغ کردنەیاندا.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم هۆیە مەوزووعییەش بەشێکی بەرچاوی (زاتی) تێدایە چونکە ئەگەر هەستە زاتییەکە زۆر کول و نازك و تەنك نەبوویایە گلەییەکەی نەدەگەیاندە ئەم سنوورە تێ هەڵکشیوەی (بێ حورمەتی) لە حاڵێکدا دەزانین هەموو قسە عادەتییەکانی تری حاجی بەرانبەر خەلقی کۆیێ لە زەمینەیەکەوە هەڵستاوە کەوا هەرگیز تارماییی هەستکردنی بێ حورمەتیی پێدا تێ ناپەڕێت. دەمەوێ بڵێم سەرکردنی سۆزی غەریبی پاڵی بە تەعبیری حاجییەوە ناوە بەرەو بەکارهێنانی وشەی (بێ حورمەتی) دەنا لەوانە بوو بە دەم لێکدانەوەوە بیگوتبا (لە کەمتەرخەمیمان بوو حاجی هەڵات) وەیا بێژەیێکی تری لەم بابەتەی بەکار هێنابایە.

لەبەر تیشکی ئەم بۆچوونە و لێکدانەوەیەدا کە هەمووی بەندە بە بنگەی واقعی و ڕاست و دروستەوە هەڵوەستی حاجی لەم گلەییەیدا ڕوون دەبێتەوە تا ئەو ڕادەیەی گۆشەی پەنهانی تێدا نەمینێت. ئەوەندە دەمێنێتەوە بڵێم حاجی قادر لەوەی گوتووەتی هەستێکی ڕاستی بێ چاووڕاوی دەربڕیوە و خۆی تێدا لەسەر هەق زانیوە چونکە لەو زەرفە پڕ هەیەجانەی هەڵبەستەکەی تێدا هۆنیوەتەوە بە ڕاشکاوی ئاخ و کەسەر و خەفەتی غەریبایەتییەکەی گەیشتووەتە پلەی گلەیی تێدا کردن، لە گلەییەکەشدا بە لای هەست بە بێ حورمەتیکردندا شکاوەتەوە.

لەم شیکردنەوەیەدا لایەنی سەرچاوەی گلەیی، کە حاجی قادرە، درایە بەر لێکۆڵینەوەوە و خرایە ژێر تیشکی فەرمانی واقیعی پڕ کڵپە و هەڵپەوە.

دەمێنێتەوە قسەیێکیش لە حاڵ و باری لایەنی گلەیی لێکراو بکەین کە خەڵقی کۆیەی سەد و دە ساڵ پێش ئەمڕۆکەیە، ئاخۆ بەپێی کێشانە و پێوانەی ئەو سەردەمە لەو پلە ژیارییەی کۆیەی تێدا بووە بە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و خوێندەواری و رامیاری و بیروباوەڕی میراتی و فەرمانی یاساکانی بەیەکەوە ژیان و سەروبەرەکانی تری بەڕێوەچوون و تەگەرە و کۆسپ و خۆشی و

ناخۆشیی ڕۆژانەوە چ چاوەڕوان دەکرا ڕوو بدات غەیری ئەوەی ڕووی دا؟ ئەگەر بشێ ناچاربوونی حاجی بۆ ئاوارەبوون، کە زانیمان شتێکی حەتمی بوو، بکرێ بە هۆی عەیبداربوونی خەلقی کۆیێ لەو سەردەمە مەیلەو کۆنەدا، ئایا ئەوەی مومکین بوو بکرێ و نەهێڵێ عەیبەکە پەیدا بێ چی بوو؟ دەبوو کۆیی چی بکەن بۆ ئەوەی نەبنە جێگەی گلەیی؟

بەڕاستی ئەم پرسیارانە، کە لە ڕواڵەتدا زۆر سادەن، بە زەحمەتێکی لە حەد بەدەر وەرام دەدرێنەوە وەرامدانەوەکەشیان لە دەمەتەقە ڕزگار نابێ، واتە لەوانە نییە وەك ئیسپاتی پرسیاری حیسابی بە بەڵگە بسەپێ و ڕێی نەسەلماندن لە ڕەخنەگر ببڕێتەوە وەیاخود هەموو وەرامێکی تر پاشگەز بکاتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا مێژووی کۆن و نوێ پڕی ڕووداوی وەهایە بخرێتە بەرپرسیاری دواکاتەوە؛ ئایا ئەو گەلەی ڕووداوەکەی لە نێواندا قەوماوە بۆچی هەڵوەستێکی پیاوانەی تری نەگرتەبەر؟ ئەبوو زەڕی غەفاری بۆچی تەنیا مایەوە و کەس لێی نەپرسییەوە؟ بێ ئەوەی پێویست هەبێ ناوان بهێنم پرسیارێکی گشتی دەکەم و دەڵێم ئەو هەموو مرۆڤە گەورانەی کەوا دوای دەیان و سەدان ساڵ لە بەسەرچوونیان ناویان بە تەقدیسەوە دێت لەبەرچی گەلێکیان خەریکی لە برسان مردن بوون؟ بۆچی حورمەتیان نەگیرا؟ کەس بە قسەی نەکردن؟ بەڵکو گاڵتەیان پێ دەکرا؟ من لەو مەوزووعە گرینگەدا ڕای تایبەتی خۆم هەیە کە چ پێوەندیێکی بەو ڕایانەوە نییە کە هەریەکەیان پرسیارەکە بەرەو مەبەستێکی تایبەتی دەبات و وەڵامێکی دڵخۆشکەرەوەی خۆی دەداتەوە، ڕایەکەم لەو بابەتەش نییە عوزری بێ جێ بۆ گەلان بهێنێتەوە وەیا ئافەرین لەو تاکانە بکات کە هەڵوەستی ناواقیعییان هەبووە. بە لای قەناعەتی خۆمەوە لەو پرسیارانەدا وەڵامێکم هەیە پاڵاوتەی هەڵکەوت و واقیعی ڕاستەقینەی بێ فێڵە بە نیسبەت گەلان و تاکان و زۆرداران و زەرفی مێژوویی و پلەی گۆڕان و باری کۆمەڵایەتی و... هتا دەوە، تەنانەت لەگەڵ خۆمدا وەڵامی ئەو پرسیارەشم داوەتەوە کە ئەگەر گەل پێڕەوی مرۆڤێکی بلیمەتی کردبایە لەو بانگەوازە کە پێش کات و زەرفی خۆی کەوتۆتەوە ئایا ئەنجامی ئەو بزووتنەوە بێ وەختە چاك دەبوو یا خراپ، بەڵام لەم باسە دوور و درێژە پڕ گرێ و گاڵە واز دێنم و دەلکێم بە جۆرە هەڵسەنگاندنێکی پرسیار و وەرامەکەوە کە بە گشتی لەگەڵ پرسیار و وەرامی وەهادا دەکرێت و بایی ڕوونکردنەوەی باسی قسەلێکراو دەکات. لەچوارچێوەی ئەم شیکردنەوە عادەتییە بەرتەسکەدا دەتوانم بڵێم کەمتەرخەمیی دانیشتوانی کۆیێ لە ئاست حاجی قادردا بە پێی کێشانە و پێوانەی چەرخێك لەمەوبەری کۆیە و شوێنی

وەك ئەو، کەمتەرخەمییەکی عادەتی و گشتی بووە لە ئاست مرۆڤی وەك حاجی قادردا، واتە ئەگەر حاجی بە هەموو خاسیەتەکانیەوە لە جێگەیێکی تری کوردستاندا ژیابا هەر ئەوەندە ڕێزەی لێ دەندرا کە خەلقی کۆیە، بەتایبەتی برا گەورەکانی، لێیان ناوە. بەڕاستی من کە ئەمە دەڵێم دەمەوێ خۆم لە دەمەتەقەی بێ لزووم بدزمەوە بەوەدا کە ناڵێم حاجی قادر لە غەیری کۆیێدا پێی نەدەکرا وەها بێ پەروا و لە خۆڕازی و باوەڕبەخۆ هاتووبێت و گوزەرانیش بکات چونکە بەدوا ئەم قسەیەمدا پرسیار هەڵدەستێ و پێم دەڵێ (بە چ مەعلووم؟) ئەوساش دەبێ بەدوا بەراوردکردنی وەزعی کۆیە و غەیری کۆیە بکەوین و بەڵگان پەیدا بکەین و گریمانە (فرضیة)ی خەیاڵی بدەینە بەر هەڵسەنگاندن و ئەزموونەوە. کە دەزانم ئەنجامەکەی بە هەمەحاڵ لە نەسەلماندن ڕزگار نابێ چونکە ئەنجامی ڕووداوێکی واقیعی نییە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تیشکێکی هەندێ بیروڕای لێرە بە پێشەوەم نەختێك ڕووناکی داوێژێت بۆ سەر ئیحتیمالی ئەوەی ئەگەر حاجی لە غەیری کۆیێ ژیابا وەزعی چۆن دەبوو. تیشکەکە لەوەوە دێت کە من لە موناسەبەدا گوتوومە باری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی پێشکەوتووی کۆیێ لە چاو جێگایانی تری کوردەواری ڕێگەی دا حاجی قادرێك هەڵبکەوێت، بەدوا ئەویشدا مەلای گەورە بێت وەیاخود تاکە جێگەیێك بێ لە نێوان هەردوو زێیاندا بتوانێ شان بە شانی سلێمانی مەیدانی ئەدەب و کوردایەتی ببڕێ هەرچەند خۆی ناوچەی حوکمداریش نەبووە. ئەم بیروڕایە لە زیمندا وەرامی ئەو پرسیارەش دەداتەوە کە بڵێ ئەگەر حاجی لە شارێکی تری کورد بوویایە چ پلەیێکی حورمەتی دەبوو؟ من لەمە پتر بەراوردی ئیحتیمالی ڕوونەداو ناکەم لەگەڵ ڕوونەداوێکی تردا و دەگەڕێمەوە بۆ سەروکاری هەڵوەستی کۆیێ لە ئاست حاجی قادر.

ئێمە دەزانین، بەپێی ساغکردنەوەی کە لە بەشی دووەمی ئەم نووسینەدا کرا، حاجی قادر بەر لە ئاوارەبوونی دەستی نەکردبوو بە خەباتی کوردایەتی و نەکەوتبووە سەر شیعری نیشتمانپەروەری، لەبەر ئەمە پایەی حورمەت و بێ حورمەتی کە کۆیی بۆ حاجییان ڕەچاو کردبێت دەخلی بەسەر لایەنی کوردایەتی و سیاسەتەوە نییە، هەرچی هەیە لەو مەسەلەیەدا بەندە بە ڕێزی کۆمەڵایەتی و وەفاداری بەرانبەر دڵسۆزی و حەقپەرستیی حاجی قادرەوە، کە دەزانین مەسەلەیێکی کەم بایەخ نییە بەڵام چەندێکی بایەخداریش بێ کارەکە ناگەیەنێ بە تاقیکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی لای خەلقی ئەوسای کۆیێ. لەگەڵ ئەمەشدا بایی ئەوەندەی بتوانین بڕیار بەسەر چۆنیەتیی هەڵوەستی کۆییاندا بدەین بەرانبەر کوردایەتییەکی حاجی قادر لەو

سەردەمەدا کردبای بنگە و بەڵگەی لێکدانەوەمان بەدەستەوە هەیە. بەلامەوە وەك بەدیهییە ئاشکرایە چ ئیمکانی دەنگدانەوەی بانگەوازی سیاسی و کوردایەتی لەو سەردەمەی کۆیە و جێگاکانی تری کوردستانی ژێروودا نەبوو تا ئەگەر حاجی قادر وەیا یەکێکی وەك ئەو تانووتی کوردایەتیی لێ دابان بۆی بکەوتبانایە جموجووڵ. ئەو وڵاتە لە بارێکی وەهادا نەبوو فکر و هۆشی خۆی بۆ ئەو تەرزە دەنگ و ئاوازانە بکاتەوە و هەنگاویان بە دوادا هەڵبنێت و خۆیان بۆ بهاوێتە تەنگ و چەڵەمەوە بەتایبەتی کە خاوەن بانگهێشتنەکە هەژارێکی تاك و تەنیا بێت و بە حاڵ توانای ئەوەی هەبێ ڕاز و نیازی خۆی لەگەڵ دەر و جیران و دۆستخوایاندا بکات. هەموو مێژووی بزووتنەوەی سیاسی بە دەنگ و هەرا کە لە کوردستان خەلقی بزواندبێ بە سەرۆکایەتی خاوەن دەسەڵات و سامان و عەشیرەت و چەك و ماڵ بووە، زۆربەی زۆرینەشیان ڕەنگێکی دینداری و بەرماڵنشینیی پێوە بووە بەتایبەتی لە ڕۆژانی حاجی قادر بەدواوە. لەمەش بترازێین بەڵگە لە بەسەرهاتی حاجی قادریش هەر پڕی ناو دەستمانە. ئەو بانگەوازەی کە دواتر لە ئەستەمبۆڵەوە وەك پەیامی ئاگر لە هەناوی حاجی قادرەوە بەرەو دڵ و ویژدانی میللەتەکەی زمانەی دەکێشا چ کەسی نەوروژاند، بۆ ماوەی دەیان ساڵیش دەنگێکی لە هیچ لایێکەوە هەڵنەستایەوە، ئیتر بۆ دەبێ ئەگەر زووتر و ناکامتر دەنگەکەی حاجی بەرز بووبایەوە میللەتەکەی بەدوا دەنگیدا هاتبان؟ ئەم موعجیزەیە چۆن ڕووی دەدا؟ بە ڕاستی لێرەدا موناقەشەی (ڕوونەداو)ێك دەکەین کە لە چەند سەرانەوە ڕووی نەداوە. یەکەم لەوەوە کە دەزانین ڕووی نەداوە، دووەم لەوەوە کە باوەڕ دەکەین ئەگەر حاجی بانگهێشتنی کوردایەتیشی کردبانایە چ وەڵامێکی لێ وەرنەدەگرتنەوە بە دەلیلی ئەوەی دواتریش وەڵامی لێ وەرنەگرتنەوە، سێیەم لەو ڕووەوە کە حاجی قادر خۆی چ دەنگێکی کوردایەتریی لێ بەرز نەبووەوە تا بە خەیاڵ بیکەینە هۆی ئیمکانی دەنگدانەوەی لای خەلقەکە. لەگەڵ ئەمەشدا گێڕانی فکر بە هەموو ئیحتیمالاندا بێ سوود نییە چونکە هەرنەبێ ڕای دێنێ بەم تەرزە وردپێوییە لە تۆژینەوەدا. دەڵێن زاناکانی مەزهەبی (حەنەفی) وەڵامیان بۆ ئیحتیمالی وەها حازر کردووە کە بە درێژاییی هەزار و دوو سەد ساڵ ڕووی نەداوە.

بە پێی ئەم لێکدانەوەیە و لەبەر ڕۆشناییی تێبینی هەموو سەروبەرێکی ئەو کاتەی گلەییەکەی حاجی قادری بەردەکەوێ، خەلقی کۆیێ هەڵوەستێکی عادەتی و چاوەڕوانکراویان هەبووە بەرانبەر حاجی. من نایەتە بیرم لە هیچ شوێنێکی تری

کوردستاندا چ کەسی بە قەدەر حاجی هەژار و بێ کەس هێندەی ئەو حورمەتی پێ درابێت وەیا بەقەدەر ئەو هەڵوەستی پڕ جورئەت و قسەی ڕەقی لێ سەلمێندرابێت، بە مەرجێك هەڵوەست و قسە پڕ جورئەت و ڕەقەکان ڕوویان لە مرۆڤی بە دەسەڵات بووبێت چونکە نە لەو سەردەمە و نە ئێستاکەش خۆ گیڤکردنەوە لە مرۆڤی بێ دەسەڵات دەلالەتی ئازایی تێدا هەبووە. مرۆڤی بێ دەسەڵات وەك ئەو (بەردە عازەبانە)یە کە هەموو خاوەن تین و هێزێك تێی دەنووسێت و خۆی پێ تاقی دەکاتەوە و چ گلەییانیش ناهێنێتەوە سەر خۆی. یەکێك لە جوانمەردیەکانی حاجی قادر ئەوەیە هەرگیز لێی نەبیستراوە لە ئاست هەژار و بێ دەسەڵاتاندا خۆی هەڵپرینگاندبێتەوە، مەگەر لەو حاڵانەدا کە لە زەمینەی پەند و ڕەخنەدا بۆ سوودی گشتی، تێکڕای میللەتی سەرشکێن کردبێت وەك کە لەم چەند شیعرەیدا دەڵێت:

حاجی کەسێکە بێ کەس بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ
گوێی لێ دەکەن زەریفە، نایکەن بەڵا لە خۆتان

میللەتیش هێند کەرن وەکو جاران
دەستیان ماچ دەکەن دەڵێن قوربان

بەڕاستی حورمەتی کۆییان بۆ حاجی قادر، کە حورمەتێکی لایەق بە حاجی قادری ئەو سەردەمانە بووە، بەر لە هەموو شتێك لە ئاکارە جەوانمەردانەکانی حاجییەوە سەری هەڵداوە. ئەو حاجییەی کە یەکەو تەنیا بەرانبەر شەعبەدەی شێخی ماویلی ڕاوەستا وەیا لوقمەیێکی گەورەتر بوو لەوەی بە گەرووی شێخ غەفووری تاڵەبانیدا بچێت، هەر خۆی بوو دەستیشی لەبەر کەس پان نەکردەوە و خۆی بە چووکەی کەس نەزانی و ڕێزی خۆی بەسەر هەموو مەردمدا سەپاند. خەلقی کۆیێ خێریان بە حاجی نەکردووە لەو حورمەتەی پێیان ڕەوا دیتووە. لەگەڵ هەموو نەداری و هەژاری و بێ ماڵ و حاڵیدا کە نەقشی سەرلەبەری ژیانی حاجی بوو، هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی ڕێز لێگیراوەکانی کۆیێ بووە. من لەوەدا دڵنیام کە ئەگەر یەکێکی وەك حاجی لەم سەردەمەدا پەیدابێت، لە کۆیێ یا لە شوێنێکی تری کوردستانی وەك سلێمانی و هەولێر، هەر بەقەدەر ئەوسای کۆیێ ڕێزی لێ دەنێن. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ لەم سەردەمەدا[1] نە سلێمانی و نە کۆیێ و نە هیچ جێگەیێکی تر لە کوردستانی پان

(١) ئەم (سەردەمە) ساڵی ١٩٧٢ دەگرێتەوە کە گەڵاڵەی نووسینەکەی تێدا بە پایان گەیشتووە.

و بەرین، بە قەدەر کۆیەی سەدساڵ پێش ئەمڕۆ ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی ڕێز و پایە لە یەکێك بنێت چونکە زۆر ئاشکرایە دوای پەیدابوونی بزووتنەوەی سیاسیی جۆراوجۆر کە هەر یەکەیان بیروڕا و فەلسەفەی تایبەتیی خۆی هەیە ڕێزوپایەش بوو بە ماڵی سیاسەت واتە ئەگەر یەکێك باوەڕی سیاسی وەیا ئابووریی لەگەڵ هی لایەنە سیاسییەکان ڕێك نەکەوت چ ڕێزی لێ نانرێت، بگرە دوشمنایەتیشی دەکرێت بەڵکو ئازاریش دەدرێت هەرنەبێ بە قسەی سووك و بێ حورمەت کردن. حاجی قادرێك کە لەو سەردەمە زووەدا هێندە سەربەخۆ بووە لە بیروباوەڕدا کە ڕووبەڕووی هەموو بیروباوەڕێکی پەرەسەندووی ئەوسای کرد بێگومان لەم ڕۆژگارەشدا هەمان سەربەخۆیی بیروباوەڕ و بەخۆنازانین و ئیمان بەخۆ هێنان ڕووبەڕووی بیروڕای پەرەسەندووی ئەم سەردەمەشی دەکرد و ناحەزی هەمووانی بۆ خۆی ڕادەکێشا. ڕەنگە نیشانم پێکابێت لەوەدا کە بڵێم حاجی قادر بەو هەموو ئازادییەی کە هەیبوو لە بیروباوەڕ و لە کردەوەدا نەیدەتوانی لە هیچ شوێنێك بحەوێتەوە ئەگەر ئەوساش وەك ئێستا هەموو جیهان کەرت کەرت و بڕبڕی عەقیدە بوویایە. تەنیا لە حاڵێکدا دەیتوانی بحەوێتەوە کە هاتبا و خۆی دابایە پاڵ یەکێك لە عەقیدە پەرەسەندووەکانەوە. لە شوێنێکی وەك ئەو کوردستانەی ئێستاکەماندا کەس ناتوانێ بە تەنیا خۆی ئاڵای باوەڕێك هەڵگرێت کە لەگەڵ هیچ یەکێك لە باوەڕە بڕەودارەکانی نێوان کورددا ڕێك نەکەوێت: کەسێك بیەوێت باوەڕی سەربەخۆی خۆی بکات بە ئاڵا دەبێ ڕێکخراوێکی سیاسیی بۆ پێکەوە بنێت و ناوێکی خۆشکەڵەی لێ بنێت و چەند دروشمێکی ئاورینگاوی بەسەر ڕێکخراوەکەدا بشەکێنێتەوە ئەوسا بچێتە کۆڕی سیاسەت و میللەتپەرستی و نیشتماپەروەرییەوە، خۆ ئەگەر ئەمە نەکات بە هەموو مەزهەبان کافر دەبێت هەرچەند هەموو وجوودیشی ڕووناکی و قودسیەت بێت و هەرچی دەیڵێت ڕاستی موتلەق بێت[1]. حاجی قادریش، لە باشترین حاڵەتدا، هەر ئەوەندەی لێ

(١) لێرە بە پێشەوە ئەم دیاردەیە زۆر سەیرەی مرۆڤم باس کردووە لە وتووێژدا، گوتم ئەگەر لەو جیهانەدا هەزار باوەڕی لە یەکترجودا هەبێت، لە واقیعدا هەر یەکێکیان (٩٩٩) باوەڕەکەی تر بە درۆ دەخاتەوە و هەراش پەیدا نابێ بەڵام کە یەکێك هات و گوتی سەرلەبەری هەزار باوەڕەکە درۆیە تێکڕایان بە سەر و پۆتەراکیدا دەدەن، کەچی لە حەقیقەتیشدا ئەو لە چاو ئەوان تەنیا یەك باوەڕی پتر بە درۆ خستووەتەوە واتە ئەوان (٩٩٩)یان بەدرۆ خستبووەوە، ئەویش هەزار.

دەسەلمێندرا کە بە خۆی و دەستە و دایەرەیێکی سەر بەسیاسەتەوە خۆ لە کاروباری گشتیی میللەت هەڵقورتێنێت، ئەوساش بێگومان (شێخ نەبیێکی ماویلی)ی زەمینەی سیاسەتی لێ پەیدا دەبوو بەگژیدا بێتەوە چی ناجایەزە ئەوەی بە ڕوودا بداتەوە، ئەگەر نەیدابایە بەر توهمەی خیانەتەوە.

من لەم بەیەکەوە ژیانەی بیروباوەڕی جودا چ گلەییم نییە، بە پێچەوانە زۆریشی حەز لێ دەکەم، بەڵام ڕەوا نابینم بیروباوەڕە پەرەسەندووەکان گەلەکۆیی لە بیروباوەڕی نوێ بکەن و تێکڕایان بە گژیدا بێنەوە. چ گومانم لەوەدا نییە ئەم قسەیەم پشتگیریکردنە لەو حاجی قادرەی کە لەم سەردەمەدا پەیدا بووبایە، هەروەها پشتگیریکردنە لە هەموو ئەو بیروباوەڕانەی لێرە و لەوێ یاساغ دەکرێن، ڕەخنەگرتنیشە لەو بیروباوەڕە یاساغکراوەی کە ئەگەر دەسەڵات هەبێ غەیری خۆی دەمکوت دەکات.

سەیرێکی دیوانەکەی حاجی قادر بکەیت دەبینیت هێرشی بە زۆر لایەندا بڵاو کردووەتەرە، چ لە ئەستەمبوڵ بووبێت چ لە کۆیەش بووبێت بە پێی نەریت و باری کۆمەڵایەتیی ئەوسا یەخەگیری کاری وەها بووە کە ئەگەر لەم ڕۆژگارەدا یەخەگیری بابەتی هێندە بەهێز بوویایە دووچاری هەرای گەورەتر دەهات لەوەی کە دووچاری بوو. ئەم ڕاستییە بەسە بۆ دیارکردنی پایەی حورمەتی حاجی لای خەلقی کۆیێ، بەڵام لە نوقتەی نەزەری بە دەنگ نەهاتنی حکوومەتی عوسمانلی لەو شیعرە سیاسییە هێرشبەرانەی حاجی کە لە ئەستەمبوڵ داینناون دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەین کە شیعرەکان ئەوسا لە چاپ نەدراون، بە ڕۆژنامەش بڵاو نەکراونەوە، سەرەڕای ئەوە کە بە زمانی کوردی بوون دەشزانین کوردی نائاشنا بووە لەبەر گوێی تورکەکان و تێی نەگەیشتوون. هەرچەند ئێمە نازانین لەو شیعرانەی کە سووتاون و خەریکی کوردایەتی بوون ئایا وەهایان تێدا بووە بە زمانی تورکی دانرابن وەیا بە زمانێکی تری وەك فارسی کە خوێندەوارەکانی تورك بە زۆری تێی دەگەیشتن، لەگەڵ ئەمەشدا تێبینیی دوو شتی پێچەوانەی یەکتر لەو شیعرە سووتاوانەدا دەکرێت.

تێبینیی یەکەم ئەوەیە حاجی لەو پەند و پەیامانەی بۆ کوردانی بەرێ کردوون چ پێویستی نەبووە زمانێکی نامەفهووم بە لای کوردانەوە بەکار بێنێت، با لەوە هەر گەڕێین کە حاجی خۆی چەند شەیدای زمانی کوردی بووە و چۆن ئەو کەسانەی شکاندووەتەوە کە کوردن و بە غەیری زمانی کوردی دەنووسن. لەمانەش بترازێ

ناچێتە عەقڵەوە خەباتی کوردایەتی بە غەیری زمانی کوردی بکرێت. تاکە ئیحتیمالێك هەیە بۆئەوەی حاجی بە تورکی شیعری کوردپەروەرانەی گوتبێت ئەویش حاڵەتی پاشگەزکردنەوەی هێرشی ئەدیبەکانی تورك بێت بۆ سەر کورد، کە من هەرگیز شتی وەهام نەبیستووە و نەخوێندووەتەوە هەرچەند ناموکینیش نییە. بە نموونەی مەبەس دەڵێم جارێکیان موفتی زەهاوی لە مزگەوتێکی بەغدادا دەبینێ چەند کوردێك بە دیار نووسینی سەر دیوارەکەوە داماون، ئەویش هۆی دامانەکەیان لێ دەپرسێت، لە وەرامدا دەڵێن شۆخێکی جەربەزە لە دیوارەکەی نووسیوە (لولا الأکراد لهلکت الحمیر فی بغداد) زەهاویش گورج دەڵێ لە ژێر ئەو نووسینە بنووسنەوە (صدقوا لولانا لهلکوا). دیارە لە هەڵکەوتی وەهادا بە کوردی وەرامدانەوە نە تامی دەبێت نە سوود.

تێبینیی دووەم کە وا ڕاگەیاندنەکەی پێچەوانەی ڕاگەیاندنی تێبینیی یەکەمە ئەوەیە ئەو دەسەڵاتەی شیعرەکانی حاجیی سووتاند دەسەڵاتێکی تورك بووە، دیارە لەم سووتاندنەدا نرخی شیعرەکانی ڕەچاو کردووە لە دوو تای تەرازووی ١- سوودی کورد ٢- زیانی حکوومەتی عوسمانلی دەنا بۆچی خۆی بە سووتاندنیانەوە ماندوو دەکرد؟ (زەحمەتی بێ هوودە چ لازم!) مصباح الدیوان گوتەنی؟

پوختە و کورتەی ئەم قسانە لەوەدایە کە حاجی قادر ڕێزێکی مناسبی ئەو سەردەمانەی لە خەلقی کۆیێ دیتووە، وەك گوتیشم بە پێی سروشتی هەڵمەتبەری حاجی خەلقی کۆیێ تا ڕادەیێك ڕێز لێنانەکەیان گەیاندووەتە پلەی نازڕاگرتن چونکە بێ گومان لە هەموو کوردستاندا تاکە کەسێك هەبووبێ گوێی نەدابێتە غەیری دەنگی بیروڕا و ویژدانی خۆی، لەم پێناوەشدا دووچاری تەنگ و چەڵەمە و بێنەوبەرەی سەخت و کوشندە بووبێت هەر حاجی قادر بووە. من زۆر گوێم ڕاگرتووە بۆ ئەو دەنگانەی لە کوردستاندا هارمۆنیی مەند و داوەستاوی کۆمەڵایەتیی دێرینەی قاڵبەستوویان لەراندبێتەوە بەرەو گۆڕان، ئەم سەرنجەشم بەرەو دوا گێڕاوەتەوە تا ئەو سەردەمانەی زرینگەیێکی ئاوازیان بە ئێمە گەیشتبێت، بێ گومان لە سەردەمی حاجی قادردا، بەرلەوەی کۆیێ جێ بهێڵێت، تاکە دەنگێکی هارمۆنی گۆڕ دەنگی قادر بووە، گۆڕینەکەشی لە سنوورێکدا بووە کە ئێمە دوای سەد ساڵ پتر لە تێپەڕین و بەسەرچوونی هەست بە لەرزە و لەرەی دەکەین و لێی دەکۆڵینەوە و دەیخەینە بەر

بـڕیـاری مـێژوو و پـێداویستـی کـۆمـەڵایـەتـی و فـەرمـانـی سروشتـی خـاوەنـەکـەیـەوە. بەداخەوە ئەو تاکە بێ مانەندانەی بەر لە حاجی گۆمی واقیعیان شڵەقاندووە، تا ئێستا، نە دەستنیشان کراون نە هیچی ئەوتۆ لە سەر هیچ یەکێکیان نووسراوە. ئەم نـووسیـنـە لـە بـەرگی دووەمیدا ڕووناکیێکی کزی خستە دەوروپشتی مـەلای ئـیـبـنـو ئادەمەوە، ئەویش نەك بە جۆرێکی سەربەخۆ بەڵکو لە کولانەی باسی حاجی قادرەوە. هـەروەهـاش نـووسیـنـەکـەم، لـەو بـەرگـەدا بـە پێی داخوازی بـابـەت، ویستی گەردی توهمەیێکی نارەواش لە دامەنی یەکێك لە قوتابیانی ئیبنو ئادەم بتەکێنێ کە مەلای خەتێیە. بەڵێ ئەم کەمتاکورتە ڕوونکردنەوەیە چاکترە لە هیچ بەڵام گەلێك کەمترە لە پێویست. بە ڕاستی هۆیەکی بەهێزی خۆ خەریککردنم بە دەرخستنی لایەنی ڕێزنانی کۆییان لە حاجی قادر لەوەوە دێت خەریکبوونەکەم پتر شەخسییەتی حاجی بە لای خوێنەری کورد و کوردییەوە ئاشنا دەکات و ناوەڕۆکی گەورەیی ئەو شەخسییەتە ئاشکراتر دەکات. مێژووی کورد و کۆیە و حاجی لەوە سوود وەرناگرێت بە کورتی و قـوتـیـلـەیـی بـڵـێین خـەلقـی کۆیـێ ڕێزیـان لـە حـاجـی نـاوە ئـەگـەر نـەزانین حـاجـی چ هەڵوەستێکی ئازایانە و بێ هەمتای هەبووە لەو سەردەمەدا، خەلقی کۆیەش ئەو ڕێزەیان بە چاکەیێکی ڕاست و دروست بۆ حیساب ناکرێ ئەگەر مەعلووم نەکرێ هـەڵوەستـەکـانـی حـاجـی لـەگـەڵ بـێ دەسـەڵاتـیدا بـە عـادەت خـەڵقـی ئـەو سەردەمـەیـان دەسڵـەمـانـدەوە و دەیـانـترساندن نـەك بـەرەو ڕێزلێنـانـی دەبـردن، خـوێنـەریش ئـەگـەر پەنجەی نەخرێتە سەر کانگە و جێگەی شانازی پێوەکردن لە ڕابردووی شاراوەی میللەتەکەیدا لە خۆوە بەڕاشکاوی هەست بەو کانگە و جێگایانە ناکات، گریمان بۆرە هـەسـتـێکیشی پـێ کردن نـاتـوانـێ بـەرەو قـوڵاییـیـان ڕۆبـچـێت و لـە هـەمـوو پـانـایـی و درێژاییـیان بگات. دەبیەینەوە لەم ڕۆژگارەدا ناو ناوە قسەی کەم حورمەت لە حاجی قادر دەگیرێت وەیا چاو لە مەردایەتی و ئازایی و دڵسۆزی و هەڵوەستە بێ هاوتاکانی دەپۆشرێت، کە ئەمە وابێ دیارە زانینی گەورەیی ڕاستەقینە و تەواوی حاجی قادر کارێکی ئاسان نییە، ئەوەی ڕاستی بێ دوای شلکردنەوە و شیکردنەوەشی بایەخ پێدانی بێ کەم و کەسر هەر ئاسان نییە چونکە جارێ خوێندەواری کورد رانەهاتووە گەورەیی لە شتی بچووکدا ببینێت، تەنانەت لەگەڵ ئەو هەموو پەرەسەندنی بایەخدان بە هۆی ئابووری لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا کەم وا دەبێ گەنجی کورد لە ئاست ئەو هـەڵـبـەسـتـانـەی حـاجـی قـادردا هـەڵـوەست بـکـات کـە بـیـری هـاونـیشتـمـانـیـیـە

هاوچەرخەکانی خۆی بۆ لایەنی گرینگی گوزەران و ژیان ڕادەکێشێت و فێری کەسب و کاریان دەکات. بە عادەت گەنجەکانمان حەز لە بەیتی زرینگەداری خەیاڵ ورووژێن دەکەن، تەنانەت شاعیرە تازەکانیشمان یەکجار بە ڕازاندنەوە و نمایشتەوە خەریکن تاکو هەندێ جار دەبینین شاعیر بە قەدەر نەققاش ئەرکی (تناظر) لە هەڵبەستدا هەڵدەگرێ. من نامەوێ لەم قسانەمدا بە ناحەزی نمایشت و ئارایشت و زرینگە و ئاورینگی هەڵبەست بناسرێم چونکە بە لای منەوە هەموو جوانییێك نرخی خۆی هەیە، هەرگیز و هەرگیزیش خۆم ناهاوێمە ناو ئەو چارچێوە تەسکەی کە هەندێ ڕواڵەت پەرست بە ناوی (هونەر بۆ گەل و هونەر بۆ هونەر) دەیکەن بە بەندیخانەی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری وەهاشی تەسك دەکەنەوە هەموو بەرهەمێکی تێدا دەخنکێت. من دەمەوێ زەینی ئەدیب و خوێندەواری نوێی کورد نەختێك لە بریق و باقی بەرهەمی ئاورینگدار بدزمەوە بۆ ئەو کردە و گوتانەی مومکین نییە بێ سەرنجڕاکێشان نیگای خەلق بۆ خۆیان ڕابکێشن، مومکینیش نییە بێ شەرحدان نرخیان دەرکەوێت شەرحیش بە دوو قسەی بێ سەروپێ و بەپەلە و کەم بڕشت هیچ سوودی نابێت. من لە تەجرەبەی خۆمەوە دەزانم، بەتایبەتی هی سەردەمی سەرەتاکانی خوێندنەوەی بەهێز و پێزم، چەند زەحمەتە دڵ و مێشکی خوێندەواری ئۆقرە نەگرتوو بەسەر شتی بچووکەوە ڕاوەستێ و ڕاگەیاندنەکانی وەرگرێ لە حاڵێکدا ئەو لە خوێندنەوەدا حەز بە بابەتی گەورە و زرینگەدار دەکات وەك ئەو ساوایەی گەمەی وەهای پێ خۆشە تەقە و چەقە و هەرای لێوە هەڵستێت، بەڕاستی لێرەشدا من خەریکی بابەتی ئەوتۆم ئەگەر بە لێکۆڵینەوەی ورد و قووڵ نەبێ چ دەنگ و ڕەنگێك ناداتەوە. حاجی ڕێزی لێ گیرا یاخود نەگیرا، بە زاهیر ڕووداوێکی تێپەڕیوە و بووەتە ماڵی مێژوو چەندێکی بە درەنگە کاتەوە پێوەی خەریك بین گۆڕانی بۆ نییە و لێی زیاد و کەم ناکرێ ئیتر چ سوود لەوەدا هەیە بە کارکاڕەیدا بچینە خوارێ وەیاخود وەهای هەڵگوشین دوا دڵۆپی تەڕاییی لێ بچۆڕێنینەوە. ئەم تەرزە پرسیارە ناڕەزامەندانە بە بەریانەوە هەیە نەك هەر لەم لاباسە بچکۆلانەی حاجی قادردا بکرێن، بەڵکو هەرچی تۆژینەوەی مێژوویی ورد و بەکەلك هەیە بدرێتە بەر سوئالی وەها ڕەخنەگرانەوە، بەڵام بە ڕاستی خۆدزینەوە لە تۆژینەوەی ورد و قووڵ و نەفەسدرێژ لە هەرچی بابەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و بابەتەکانی تری سەر بە ئادەمیزاد و بەرەوپێشچوون و تەنگ و چەڵەمە و بێنەوبەرەی ژیانیەوە هەیە یەکسەر دەبێتە کوێرکردنەوەی ڕێگەی تێگەیشتن لە (چەندایەتی و

چۆنایەتی) ئادەمیزادە کە خۆی چ لە مێژووی کۆنی بێت چ لەم ڕۆژەی بێت چ لە دواڕۆژی بێت. وەی کاشکی هەموو خوێنەرێك دەیزانی زانایێکی (داروینیزم) چەند ماندوو دەبێ لە تەعلیلی ڕەفتاری پشیلە و مەیموون و ژیشك بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێبازی گۆڕانی لێرە بە پێشەوەیان وەیا لەبەرخاتری بڕینی هەموو ناتەواوییەك لە زانستەکەدا، ئەوسا بۆی ڕوون دەبووەوە خۆ خەریککردنی من وەیا یەکێکی تر بە هەموو سەروبەرێکی ژیانی مرۆڤێکی وەك حاجی قادر چەند فەرمانێکی پێویست و ناچارییە ئەگەر مەبەست سوود وەرگرتنی تەواو بێ لە لێکۆڵینەوەی ئەو تەرزە بابەتە، بگرە سوودیش مەبەست نەبێ ڕوونکردنەوەی هەموو لایەنێکی باسەکە داخوازی ئەو خەریکبوونە دەکات. ساغکردنەوەی ئەم لایەنەی ڕێزگرتنی خەلقی کۆیێ لە حاجی قادر لەبەر تیشکی واقیعی تایبەتی کۆیە و تێکڕای کوردستان بەڕێنماییی هەڵبەستەکانی حاجی خۆی کە جارێکیان گلەییی بێ حورمەتییان لێ دەکات و دە جاران بۆ ئاسمانیان بەرز دەکاتەوە کارێکە لەبەر هەنگاوی هەموو لێکۆڵینەوەیێکی بە نرخدا، کە ئەگەر نەکرێ ببێتە جێگەی ڕەخنە و هۆی ناتەواویی لێکۆڵینەوەکەش.

لە ئاکامی ئەم وردپێوییەدا گەیشتین بەو قەناعەتە کە هەڵوەستی کۆیێ لە ئاست حاجی قادردا هەڵوەستێکی چاوەڕوانکراوی ئەوسای کۆیێ بووە و بە پێی ڕۆژگارەکە چ بێ حورمەتیی تێدا نەبووە هەرچەند حورمەتەکە و بە قسەکردنەکە و بایەخدان بە پەندەکانی حاجیش لەوە کەمتر بێ کە ئیمڕۆ حەزی لێ دەکەین چونکە واقیعی ئەو سەردەمە لەوەندی پتر نەسەلماندووە، دیارە لە حاڵی وەهادا واقیعی ئێستاش لەوە پتر ناسەلمێنێ، پاشەڕۆژیش تا ئەو ئاسۆیەی لێمانەوە دیارە موژدەییێکی خۆشترمان پێ ڕاناگەیەنێت. میللەتی دواکەوتوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ خەریکی گوزەرانی کولەمەرگییە لە ناو دەریای فکری میراتیدا وا بە ئاسانی ناتوانێ دڵی داخراوی خۆی بۆ فکری ڕوون و هەڵوەستی ئازایانە بکاتەوە، بە پێچەوانە وەك بەچاوی خۆمان دەبینین، ڕووی لە فکر و ڕەوشت و ڕەفتاری قاڵبگرتووی کۆنینەخوازە. زۆربەی ڕۆشنبیران، نەك هەر میللەتی نەخوێندەوار، سڵ لە فکری نوێ دەکەنەوە، دواتریش کە فکرە نوێیەکە دەوری بەسەرچوو بە زەحمەت وازی لێ دەهێنن بۆ یەکێکی لەو نوێتر و پێشکەوتووتر. ئەوەندەی دیتبێتم و بیستبێتم، ڕۆشنبیر کە باوەڕی هێنا بە ڕاستیی بیروڕایێك بە قەدەر تەعەسوبی نەخوێندەوارێك بۆ دەروێشی، ئەویش تەعەسوب بەکاردێنێ بۆ

بـیـروڕایـەکـی خـۆی واش دەزانـێ نـوێخـوازی وەك خـۆی لـە دایـکـی زەمـانـە بـەوەلـەد نەهـاتووە، وەك دەروێشە نەخوێندەوارەکەش هـەڕەشە لەو کەسە دەکات کە ئیمانی بە بیروڕایەکەی ئەو نییە کتێبیشت بۆ دادەنێت لەسەر پووچەڵیی فکری ئەو دەروێشەی پێشتر هـەڕەشەی لە غەیری خۆی کردووە کەچی ئاگاداری خۆی نییە ئەویش بووەتە دەروێشێکی فکروشکی پاشکەوتووی نیگاتەسکی موتەعەسیب، ڕەنگە لە هـەڕەشەکردندا دەروێشەکەشی بەجێ هێشتبێتەوە. ئەمە حاڵەتی بەرچاوی ڕۆژگاری خۆمانە، کە من زۆریشی لێ کەم دەکەمەوە، کوردی گوتەنی، بایی بەرقەنەیێکی لێ باس دەکەم، کەواتە لە ڕێی قیاسەوە دەبێ هـەر بەتەمای ئەو هـەڵوەستە ببین کە خەلقی کۆیێ بەر لە (١١٠) ساڵ پێشوازی حاجییان پێ کردووە. دەگێڕنەوە ئەدیبێکی زۆر موحتەرەمی ٢٠ ساڵێك لەمەوپێشی سلێمانی منداڵان لە کووچە و کۆڵاناندا بەردبارانیان دەکرد، کە مردیش کەس ئاگاداری مردنی نەبوو... ئەم قسەیە و هی وەك ئەو تاڵ و ناخۆشە بەڵام بەداخەوە ڕاستە و لە دەست من و تۆدا نییە هۆیەکەشی لە هـەناوی میللەت و واقیعەوە هـەڵقوڵیوە لە ئاسمانەوە بەسەرماندا نەباریوە، دێو و جنۆکەش بە چاوبەستەکێ هەڵیان بەستووە. حەقیقەت تا ڕوون دەبێتەوە کاڵایێکی زۆر بزر و نهێنییە بەتایبەتی کە باری گشتیی بیروباوەڕ و کۆمەڵایەتی بەرهەڵستیی لێ کرد، واتە ڕاستییەکە بێ تەرەف نەبوو، وەك ئەوەی بەر لە ٢٠٠ ساڵ لە جێگەیێکی وەك ناوچەی (مەرگە)دا یەکێك گوتبای ئەم شینە پانەی پێی دەڵێن ئاسمان لە ڕاستیدا نە شینە و نە پانە و نە ئاسمانە و نە بەرزە و نە هیچ... گوتەیێکی وەها کە خاوەنەکەی بە کوشت دەدا چ بەرژەوەندێکی مادیشی تێك نەدەدا بەڵام بەرەنگاری باوەڕێکی بنجیی خەلقەکە دەبوو کە زۆر لە بەرژەوەند بەلایانەوە گرینگتر بوو. هەڵوەستەکان و ئازایەتییەکانی حاجی قادری بەر لە سەد و دە ساڵیش جڵەوی خەلقی بۆ لایەنی وەها ڕادەکێشا کە تێیدا ڕووبەڕووی نەریتی ڕێزلێگیراو و باوەڕی پەرەسەندوو دەبوون[١]، لە چ لایێکیشەوە مزە

(١) لە کتێبەکەی محەمەدی مەلا کەریم (حاجی قادری کۆیی– شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد). پەڕاوێزی لاپەڕە (٩٠)، تەعلیلی دەنگدانەوەی بانگەوازەکانی حاجی لە نێوان کوردی ئەو سەردەمەدا گێڕدراوەتەوە بۆ ئەوەی کە فکری حاجی نوێنەری ئایدۆلۆجیای سەرمایەداری بوو لە حاڵێکدا باری کۆمەڵایەتیی کورد و پلەی گۆڕانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان (وسائل الانتاج) لە کوردستاندا جارێ قۆناغی دەرەبەگایەتیی تێ نەپەڕاندبوو هەروەهاش هێرشی حاجی بۆ سەر شێخ و مەلا ئەویش لەو پەڕاوێزەدا =

و سوودی ئەو ڕووبەڕووبوونەیان لێوە دیار نەبوو. پەندی کوردی دەڵێ (بۆیە پێت

= گێڕدراوەتەوە بۆ ئەوەی کە نەزانی و شێخ و مەلا نیشانەی یاسای دەرەبەگایەتین. من لەوەدا لەگەڵ بیروڕای ناو پەڕاوێزەکەم کە دەڵێ فکری پلەیێکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو لە نێوان میللەتی پلەیێکی کۆمەڵایەتی پاشکەوتوودا دەنگ ناداتەوە بەتایبەتی لەو سەردەمە کۆنانەدا کە هۆی بڵاوکردنەوە و خەلق تێگەیاندن و پڕوپاگەندە پەیدا نەبووبوو. بەڵام تێبینیی چەند ڕاستیێك لێ ناگەڕێ وا بەڕاشکاوی مەسەلەکە بدەینەوە بە پلەی گۆڕان و نەگۆڕانی باری کۆمەڵایەتی و هۆی بەرهەمهێنانی.

تێبینیی یەکەم ئەوەیە کە ئەو وڵاتە سەرمایەدارانەی حاجی قادر نوێنەری فکریان بوو، ئەوانیش شێخ و مەلا و پیاوی ئاینی و پەرستگەیان زۆر تێدا هەبوو تەنانەت وڵاتێکی وەك ئیتالیای سەرمایەداریی سیناعی ناوچەی حوکمی پاپا و دەسەڵاتی قەشەکان بوو. شاری ئەستەمبوڵ لە هەموو شارێکی موسوڵمان پتر مناره و مزگەوت و تەکیە و خانەقای تێدا هەبوو. کە بێین و پایە و شۆرەتی مەلا و شێخەکانی کوردستانی بێ پارە و پوول و دواکەوتوو بە پایە و شۆرەتی شێخی ئەزهەری قاهیرە و مەزاری سەید بەدەوی طەنطا و جەلالەدینی ڕۆمیی قۆنیە بگرین دەبینین شێخ و مەلای کوردستان چەند کز بوون لەچاو ئەوان.

تێبینیی دووەم لەوەوە دێت کە بەسەرچوونی باوەڕی سەر بە غەیب وەها ئالی و یەکسەرە و کوتوپڕ لەگەڵ داهاتنی پلەی سەرمایەداری، بگرە سوشیالیزمیش، نابێت. بەڵێ ڕاستە گۆڕانی پلەی ئابووری و کۆمەڵایەتی داخوازی گۆڕانی بیروباوەڕ و قەناعەت دەکات، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە بیروباوەڕ و دین و مەزهەب، بگرە ئەفسانەی ڕووتیش، دەتوانێ لە چەرخێکەوە بۆ چەرخێك بەرگی خۆی بگۆڕێت و خۆی لەگەڵ دەوروبەری تازەدا بگونجێنێت، تەنانەت زۆر جاران دەبێتە پێشەوا و پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەش. عیراق بە بەشی کورد و عەرەبیەوە یەکێکە لە نموونەی ئەو وڵاتانەی ئاین تێیدا پێشەوای شۆڕش بووە. هەر لەم ڕۆژانەدا پیاوە ئایینییەکانی ڤێتنام لە دژی ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزم خۆیان دەسووتێنن.

تێبینیی سێیەم ئەوەیە، بیروڕای بانگەوازەکانی حاجی لە جێگەی وەك ئەستەمبوڵیشدا دەنگی نەدەدایەوە، چونکە دەزانین بزووتنەوەی سیاسی لە پەڕاوێزێکی تەسکی ئەفەندییاندا دەجمێ، زۆربەی میللەت جارێ یەکجار دوور بوون لە بەشداریکردنی نارەزامەندی و هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵاتی خەلیفە. کە قسەمان لەگەڵ دژایەتیی ئەفسانە و شێخایەتیی درۆزن بێ نەك سیاسەت، لێرەدا نموونەیێکی بیروباوەڕی سەر بە ئاینی =

دەڵێم خاڵە چوێلەکانم بۆ بگری)، کە ئەمە نەخشەی ڕاستەقینەی دڵ و دەروونی خەلقی

= ئەوسای تورکیا دەهێنمەوە، بەر لە شەڕی گەورەی یەکەم فەریقێکی سوپای تورك دێتە کۆیێ و لەگەڵ (مەلای گەورە)دا دانیشتنێك و وتووێژێکی دوورودرێژی دەبێ بەتایبەتی لە بارەی ئاینەوە. هەرچی تورکەکە لە عەقیدەی خەلقی تورکیاوە دەیگێڕێتەوە مەلای گەورە بە ئەفسانەی لە قەڵەم دەدات، تا دێتە سەر باسی حیکایەتی (قصص الأنبیاء) و دەپرسێ بەرانبەر ئەمانە چی دەڵێی؟ مەلای گەورە دەڵێ (سەراپا هەزەیان...) واتە هەمووی ورێنەیە. فەریقەکە لە گەلێك لایەنی ئەو حیکایەتانەوە پرسیار هەڵدەستێنێت و بە وردی لەوە دەپرسێ کە گۆیا سلێمان پێغەمبەر هەزار ژنی هەبووە هەموو شەوێکیش سەرجێیی هەموویانی کردووە، مەلای گەورە وەرامێکی وەهای دەداتەوە کە بەدوا ئەوەدا کابرای تورك خەلقی مەجلیسەکەی بەشایەد گرتبوو گوتبووی من ئێستا لەسەر دەستی ئەم زاتە موسوڵمان دەبمەوە.

بەڕاستی باری عەقیدەی ئاینیی تورکیاش هێندەی بیرە ڕەوشەنەکانی حاجی قادر بەرەوپێش نەچووبوو هەرچەند لە لایەن پلەی گۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە قۆناغێکی سەرلەبەر کوردستانی بەجێ هێشتبووەوە.

ئەم دیاردەیەی وەخرانی گۆڕانی بیروباوەڕی نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی لە چاو پێشکەوتنی مادیدا زۆر نووسەری گەورەی فەلسەفەی مادی قسەیان لێ کردووە گەلێکیش لەو قسانە جەرگەی ڕاستیی پێکاوە و بە درێژاییی کات بەڕاست دەگەڕێ.

تێبینیی چوارەم ئەوەیە ئەگەر حاجی بۆ شیرنکردنی تامی کوردایەتی لەبەر زمانی نەخوێندەواری کوردا مەدحی ئەفسانەشی کردبا و لە شێخ و مەلای دنیادۆست بێ دەنگ بووبا دیسان کەسی بۆ ئیقناع نەدەبوو، واتە جارێ ماکە پێکهێنەرەکانی گیانی کوردایەتی پەیدا نەبووبوو، باشتریش ئەوەیە بڵێم ئەو ماکانە جارێ واقیع و مێژوو دەستیان لە بینە قاقای شل نەکردبووەوە تا نەفەس هەڵێنن. چارەنووسی کورد و مافە نەتەوەییەکانی لەبەر حوکمی ئەو واقیعە سەخت و بێ مانەندەدا بوون کە لە کۆتاییی بەرگی یەکەمی (حاجی قادری کۆیی)دا باس کراوە. میللەتی ئەوتۆ هەبوون پتر لە میللەتی کورد بەردەستی ئەفسانە و نەخوێندەواری و دەرەبەگایەتی بوون کەچی زۆر لە کۆنەوە خاوەن گیانی سیاسی و نەتەوایەتی بوون.

تێبینیی پێنجەم ئەوەیە، حاجی قادر هەر لە کۆیەوە کەوتبووە سەر دژایەتیی شێخ و ئەفسانە پەرستانەوە، سەدەها ساڵیش پێش حاجی مەلا و زانای وا هەبوون لە دژی تەڵەکەبازی و شەعبەدە گوتوویانە و کردوویانە. کە بمانەوێ قسەمان بگەیەنینە =

ئەوسا و ئێستاکەش دەکێشێت ئەگەر لە ڕێی تەئویلاتەوە بەرەو شتی وەهای نەبەین کە مەبەستی خەلق نییە و پەندەکەش بۆی نەچووە. حاجی قادر بۆ خۆی هیچ چوێلەکەی نەبوو چ جایی ئەوەی نەیدەتوانی چوێلەکە بە خەلقی ببەخشێ، ناحەزەکانیشی کار و بازاڕی وەهایان بە گەڕ دەهێنا کەوا هەر لە بەخشندەیی خەلقەوە بتوانن چوێلەکە و مریشك و عەلەشیش بە دەوری خواردەمەنییەوە بخەنە سەر خوانی مەجلیسانەوە. کە بە چاکی لە هەڵوەستی حاجی ورد بیتەوە دەبینی ئەو لەلایەن ماده و مەعناوە ڕێگەی سەخت و ناهەمواری گرتبووە بەر کە خەلق تێیدا ماندوو دەبێت سەرەڕای ئەوەی پێوەندیی نێوان گرتنەبەری ئەو ڕێگەیە و نێوان سوودی نزیك و بەرچاوی خەلق لە کەسەوە دیار نەبوو.

لێرەدا قسەیێکی (ئەنجلز)م بەبیر دێتەوە لە کتێبەکەی (دژی دۆهرینگ)دا کردووەتی: من مانای قسەکە دەخەمە ناو کەوانەوە وەك وشەکانی چونکە لەبەرم نەکردوون. ئەنجلز دەڵێ «گیروگرفتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵی دواکەوتوودا هەر بە شێوەی (مەءسات) دەمێنێتەوە و چ چارەی بۆ نابێ تاکو گۆڕان و بەرەوپێشچوونی ئابووری چارەی دەکات». من نەختێك یارمەتیی لێکدانەوەکەی خۆم دەدەم بەوەدا کە کەمێك پەراوێزی گوتەکەی ئەنجلز لێك دەکێشمەوە تاکو بتوانێ باوەش بە هەموو ئیحتیمالێکدا بگرێت و دەڵێم «... تاکو گۆڕانی واقیعی کۆمەڵایەتی چارەی دەکات» چونکە وا دەبێ لایەنی مەعنەوی بەسەر لایەنی مادیی گیروگرفتدا زاڵ دەبێت، ئیتر لەم حاڵەتەدا ئابووری بۆ ئاسمانیش بەرز بووبێتەوە نابێتە ڕەوێنەرەوەی ئەو

= ئەوپەڕی بابەت، دەڵێین (ابن الراوندی) و (صالح بن عبد القدوس) پیاوی وەك حاجی قادری هەزار ساڵ دوای خۆشیان بە نەزان لە قەڵەم داوە.

لەبەر ئەم تێبینییانە و هی تریش کە پێویست بە دواکەوتنیان نابینم فەرقی پلەی گۆڕانی مێژوویی نێوان کوردستان و شوێنانی تر بۆ خۆی بە تەنیا باییی تەعلیلی دەنگ نەدانەوەی ڕاگەیاندنەکانی حاجی قادر ناکات.

محەمەدی مەلا کەریم لەم بۆچوونەیدا ئەگەر تەواوی نیشانەشی پێکابێت ئەوەندە بەسە بۆ ئەو لە خۆوە بۆ تەعلیلێکی ڕوون ڕۆیشتووە بەتایبەتی لەو تەمەنە شلکەیدا کە کتێبەکەی تێدا نووسیوە. لێرە بەدواوە دەگەینە شوێنی وەها لە باسی خەبات و ئامانجەکانی حاجی قادردا دەبینین محەمەدی مەلاکەریم جەرگەی ڕاستیی مەسەلەکەی پێکاوە.

گیروگرفته[1]. بـه هـەمـەحـاڵ تـەعـبـیری (واقـیـعـی کۆمـەڵایـەتـی) مـانـای ئـابـووریش دەگـرێتـەوە کـە بـێت و هـەنـدێکـی گـیـروگـرفـتـەکـە وەیـا سەرلـەبـەری پـەکـی لـەسەر بەرەوپێشچوونی ئابووری کەوتبێت. لەبەر تیشکی ئەم ڕاستییەدا، هەڵسەنگاندن و نرخاندنی هەستی ئەدەبی میللەت لە پلەی ساواییدا دەمانگەیەنێ بەو قەناعەتە کەوا لە ئیمکاندا نییە، نە ئیمکانی مادی نە ئیمکانی زیهنی، هەموو مرۆڤێك لە پایەی ڕەوای خۆیدا دابنرێت و بە پێی لێوەشانەوە یا ڕێزی لێ بنرێت وەیا بە خواری و سووکی سەیری بکرێت. کە تێکڕای گەل لە پلەی وەها نزمی هەستی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیدا بوو تاکەکانیشی بە دەگمەن نەبێ ناگەنە ڕادەی ڕەچاوکردنی سوودی گشتی وەیا پێشخستنی بەرژەوەندی میللەت بەر لە بەرژەوەندی شەخسی. خۆ ئەوەی بەرچاوە لەم ڕۆژگارەشدا هەر چشتێکی وەهایە کە لە ڕۆژگاری حاجی قادری بە کەم دەگرین. لە بیرمە جارێکیان نووسرابوو ئاهەنگێکی (تکریم) بۆ چارلی چاپلن لە لەندەن بەرپا دەکرێ، وابزانم سەرەك وەزیرانی ئەوسای ئینگلیز رامسی ماکدۆنالد بووە و لە ئاهەنگەکەدا حازر بووە، برناردشۆ دووانێك دەکات و لە قساندا دەڵێ لەم ئاهەنگەدا دەبوو دوو کەس جێگەیان بە یەکتر بگۆڕنەوە، چارلی چاپلن سەرەك وەزیران بێت و رامسی ماکدۆنالدیش ئاکتۆری کۆمیدی بێت.

گەیشتنی تاکی میللەت بە پلەی زانایی و ڕۆشنبیری و قەدرشناسی و رەوشتی وەها پێگەیشتوو هەزاران جار ئاسانترە لە گەیشتنی تێکڕای میللەت، وەیا زۆرینەی میللەت، بەو تەرزە رەوشتانە چونکە میللەت ملیۆنەها تاکە و ملیارەها گیروگرفت و کەموکوڕی یەخەی دەگرێت و دەیوەستێنێ، دیارە رەهابوونی تاك لەو گیروگرفتانەی دەوریان گرتووە ئاسانترە لە ڕەهابوونی ملیۆنان جگە لەوە کە هەڵکەوتنی تاکێك لە هەڵکەوتنی ملیۆن کەس چاوەڕوانکراوتر و ئاساییترە. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بزانین لەخۆبوردن و خۆبەختکردنی تاك دوای هەڵکەوتن و پێگەیشتنی کارێکە تا بڵێی سەخت، هەم لەبەر زەحمەت و ئەرکێکی کە تێیدا هەیە و هەم لەبەر بەفیڕۆچوونی خۆبەختکردنەکە ئەگەر لە کێڵگەی هەمواردا تۆ نەدرابێت.

---

(١) سەیری باری پێشکەوتووی ئابووریی (لبنان) بکە و ببینە گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتیش لە چ دیاردەیێکی خوێن و وێرانیی نقومی کردووە (ئەم تێبینییە هی ڕۆژی ١٩٧٦/٤/٣ە نەك ساڵی دەستپێکردنی ئەم نووسینە).

چاکە و دڵسۆزی و ئازایی و لە خۆبوردن و هەموو جۆرە فیداکارییێك کە لە نێوان میللەتدا دەنگی نەدایەوە و کەس ئافەرینی لێ نەکرد هەر جارێك و دووجاران خۆی دەکاتە مەسیحی سەلبکراو ئیتر کزدەبێتەوە تا خامۆش دەبێت. چ دوور مەبینە یەکێك کە هات و دوای دەنگدانەوەی فیداکارییەکانی لە نێو گەلدا هەر سوور بوو لەسەر هەڵوەستی خۆی خەلق وەهای لێ بێزار ببن تا لە ئاکامدا بکەونە لێ وەتەنگ هاتن و بەلاوەنانی ئەگەر نەڵێم ئافەرۆزکردنی. من لەوە تێ دەفکرم، ئەگەر حاجی هەر لە کۆیێ مابایەوە و کەوتبایە سەر بڵاوکردنەوەی باوەڕی کوردایەتی و شیعری سیاسی، لەوەندەش نەوەستابا کە پەرۆش و فکری خۆی بە هەڵبەست دابایەوە بەڵکو داوای لە خەلق کردبایە بکەونە سەر باری خەباتی سیاسی و وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی وەك کە لە ئەستەمبۆڵەوە بە هەڵبەست لێی داوا دەکردن، ئایا هەڵوەستی خەلقەکە لە ئاست حاجی قادری ئەم جۆرە داواکردنە چی دەبوو. لێرەدا هەڵوەستی عوسمانلییان بە دەنگ ناهێنم چونکە کە ئەوان بەدەنگ هاتن مەودا لە پێش خەلقی کۆیە و کوردستان نامێنێتەوە هەڵوەستی یار و نەیاری تێدا بکەن. ئەم پرسیارە هەرچەند لە زاهیردا پرسیارێکی خەیاڵیی ڕووت و سادەیە چونکە لە شتێك دەتۆژێتەوە کە ڕووی نەداوە بەڵام لەلای خۆیەوە واقیعیبوون و واقیعی نەبوونی پەیام و خەباتی سیاسی دەداتە بەر فکر و لێکدانەوەمان، تەنانەت ئەوەشمان بەبیر دێنێتەوە کە وا گەنجانی کوردی شۆڕشگێڕی دوای ساڵانی سەرەتای ١٩٣٠ چەندین ساڵ خەریکی خەبات بوون بۆ ئەو ئامانجە نۆژەنانەی کە وا تازە بە تازە لەگەڵ مەفهوومی چینایەتی تێکەڵ دەبوون، بەرلەوەی ژمارەیێکی بەرچاوی گەل گوێ لە قسەیان بگرن لە حاڵێکدا دەزانین ئەو ئامانجانە پشتیوانیی بەهێزیشیان هەبوو کە هەمیشەکات لە تین و تاویان زیاد بکات و پاڵ بە خەلقەوە بنێ بۆ باوەڕ پێهێنانیان، ئەوانەی کە پەیامەکەشیان بە خەلق ڕادەگەیاند، سەرەڕای هەبوونی مامۆستا و یاریدەدەر و پشتیوان، تاکە کەسیش نەبوون وەك حاجی قادری بێ دەسەڵاتی هەژاری بێ پشتیوان و بێ ڕابەر، سەردەمەکەشیان ٧٠– ٨٠ ساڵ لە سەردەمی حاجی قادری پێش ئاوارەبوون نوێتر بوو. بێگومان هەر پەیامێکی سیاسی لەو ساڵانەی سەرەتاکانی (١٩٣٠)دا تاکە کەس بە بەرخۆی گرتبایە لە هەناوی خاوەنەکەیدا دەخنکا بەرلەوەی لە لێوانی بێتە دەرەوە وەیا ئەگەر هاتیشە دەرەوە چ گوێچکەیێك بیبیێت هەر نەبێ لەبەرئەوەی کە نەیدەتوانی بە تەنیا بیروڕای خۆی چاپ بکات و بە ناو خەلقدا بڵاوی بکاتەوە.

پەیام و خەباتی پێش کاتی خۆی بێ بەر دەبێ، بەڵکو وەك ئەو نەمامە دەبێ کە لە سەرەتای زستاندا بنێژرێ ئیمکانی شینبوونی نابێ تا بەهاری لێ دادێت. ئێمە دوای زانینی ئەو هەموو پێداویستە پڕ زانست و تەکنیك و پیشەسازی و بەرەوپێشچوونی میکانیك و سەرلەبەری لایەنەکانی ژیار (حضارة) کە دروستکردنی فڕۆك پەکی لەسەریان دەکەوێت، ئەوجار بە چاکی تێ دەگەین هەوڵ و تەقەلای پیاوێکی وەك (عباس بن فرناس) بۆ فڕین چەند کارێکی بێ سەروبەر و بێ لێکدانەوە و بێ حیساب بووە.

ئەم جیهانە پڕی نموونەی ئەوتۆیە قەناعەتمان پێ بێنێت بەوەدا ئەگەر حاجی قادر لە کۆیێ کەوتبایە سەر خەباتی کوردایەتی کەس بەدوا دەنگیدا نەدەهات، دووچاری نارەحەتیش دەبوو لەو خەباتەدا نەك هەر لەلایەن عوسمانلییەوە بەڵکو لەلایەن واقیعی کۆیە و کوردستانی ئەو ڕۆژگارەشەوە. بڕیاری ئەوتۆیی لەمنەوە بەسەر گریمانەیێکدا[1] کە ڕووی نەداوە نابێتە وشکەمەلە و خەیاڵبازی لە حاڵێکدا من نموونەی زیندووی وەك ئەو فەرەزییە ڕوونەداوەم لە واقیعی خۆمان هێنایەوە، نموونەکەشم لە شتی ڕوونەداوی وەها هێناوەتەوە کە بەپێی زەرفی مێژوویی پتر لە ڕووداو نێزیك بوو تا ئەوەی خەلقی سەد و دە ساڵ پێش ئێستاکەی کۆیێ و کوردستانی خواروو شوێن خەبات و پەیامی حاجی قادر کەوتبانایە.

پوختە و کورتەی ئەم دوورودرێژەیەی لێکۆڵینەوە بەوە دێت کە دووبارە بڵێمەوە هەڵوەستی کۆیێ لە ئاست حاجی قادردا چ بێ حورمەتیی تێدا نەبووە هەرچەند مومکین نەبووە بە ئارەزووی ئەو، وەیا لە گوێرەی دڵسۆزیی ئەو، گوێ و دڵی خۆیانی بۆ بکەنەوە و پشتگیریی جەنگاوەرانەی لێ بکەین، کە دەزانین ئەمڕۆکەش بۆ یەکێکی وەك حاجی قادری سەد و دە ساڵ پێش ئێستاکە ناکرێت.

---

(١) گریمانە: فرضية

حاجی قادر و دەرەبەگایەتیی سەردەمی خۆی

بەدەم باسی هۆیەکانی ئاوارەبوونی حاجی قادرەوە، کەوا نەختێك لێرە بەپێشەوە لێی بوویـنـەوە، بـەنـاچـاری کـمـێك دەوروبـەری دەرەبـەگـایـەتـی هـەڵاتین، بـایـی ئـەوەی دەرخستنی ڕاستی هۆیەکانی ئەو ئاوارەبوونە داخوازی کرد، پێشتریش لە هەندێ شوێنی بەرگی یەکەم و دووەمی ئەم نووسینەدا دەرخستنی هەڵوەستی حاجی بەرانبەر (دەرەبەگ) بووبووە بەڵێنی دواڕۆژ کە لە جێگەی مناسبی خۆیدا باسی بکەم. بەڕاستی ئەم باسە گەلێ جار لەم نووسینەدا جێگەی لەباری هاتووەتە پێش، بەڵام هەرجارە باسێکی تر خۆی پێش ئەمیان خستووەتەوە تا گەیشتینە ئاخەلێوەی قۆناغی ناوەندیی ژیانی حاجی کە ئیتر لەوە بەولاوە پێوەندیی نیشتەجێبوونی بە کۆیە و کوردستانەوە دەبڕێت و دەکەوێتە باوەشی غەریبیێکی بێ بڕانەوەوە، لەبەرئەمە وا دەزانم مەودا نەماوەتەوە چی تر باسی (دەرەبەگایەتی) لە جغزی قۆناغی دووەمی ژیانی حاجی بوەخرێنین چونکە لەو جغزە دەردەچێت و دەچێتە ناو جغزی قۆناغێکی ترەوە کە ئەویش پڕە لە مەوزوع و باس و لاباسی جۆراوجۆر و پڕ دەمەتەقە.

لە ژێر سایەبانی ئەم سەرەباسەدا، وەك لە ئێستاوە دیارە پێ بەپێی ئەم نووسینەش ڕوونتر دەبێتەوە، گرینگترین و گرێیاویترین و ناسکترین موناقەشەی بیروڕا و واقیع بە دەوری باسی حاجی قادرەوە هەڵدەستێت، کە وا ڕەنگە گەلێك باوەڕی چەسپاو و حەسایەوە و ڕەگ داکوتاو لە خۆی بە دەنگ بێنێت. ئەم بەدەنگهێنانە کارێکی ناچارییە چونکە ڕاستیی مەوزووعەکە، چ لەلایەن پێوەندیی حاجی قادر پێیەوە و چ لە ڕووی پێوەندی کورد و کوردستان و چارەنووسی مێژوویی کوردەوە بەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی دەوریان هەبووە تێیاندا و چ لەلایەن ناوەڕۆك و مەوزووعییەتی مەوزووعەکەوە بێت، شتێکە تا بڵێی جوداوازە لەو بۆچوونەی کە وا بەشێکی باوەڕی ڕەگ داکوتاو لە خۆی کردووە بە ئاین. شتێکی یەکجار بەرچاو لە وڵاتی بەرتەسکی عەزاب دیتووی چاو لە بێگانەی لاساکەرەوەی وەك کوردستان ئەوەیە خێرا لەسەر بیروڕای (مۆدێل) کورك دێت و دەشیکات بە جووجەڵە. هەرگیز چاوەڕوان ناکرێت لە وڵاتی بچووکی کەم سامانی دواکەوتووی دابڕاو ببێتە رابەری فکر و مامۆستای فەلسەفە و ڕێنمای بۆچوون و شیکردنەوە، نەك هەر لەو پرسیارانەدا کە شێوەی (جیهانی)یان وەرگرتووە بەڵکو لە هەموو ئەو لایەنە و دیاردە کۆمەڵایەتیانەشدا کە

تایبەتی وڵاتەکەیە و بەشێکی مێژوو و حازریشیەتی[١]. بەداخەوە دواکەوتەیی چەند هەزار ساڵ وای لە کورد کردووە نەوێرێ لە خۆوە بڕیار بدات قاوە خۆشترە یا چایە نەوەك ئەم بڕیارە لەگەڵ میزاجی لایەنێکی ڕابەر و باوەڕپێکراودا نەگونجێت[٢]. بە جۆرێکی ئاسایی و عەفووی خوێنەری کورد گوێ ڕادەگرێ بۆ بیروڕای ڕۆشنبیران و خاوەن ڕایانی وڵاتە پێشکەوتووان، بەتایبەتی وڵاتی شۆڕشگێڕ، تا بزانێ ئەوان لە بارەی پرسیارەکانی سەر بە گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتییەوە چ دوڕێك دەقەڵیشن و کام بڕیار بەسەر ڕەگ و ڕیشاڵ و قەد و لك و پەلك و بەر و هیشکەکەڵەکیاندا دەدەن بەڵکو بتوانێ لەبەر ڕۆشناییی ئەو بڕیارانەدا هەنگاوی مەوزوون هەڵێنێت. ئەم پەیڕەویکردنەی خوێنەرێکی کورد بۆ بیروڕای خاوەن ڕایەکانی وڵاتی پێشکەوتوو لە سەرەتاوە فەتوای ڕاستبوونی دەرچووە بەوەدا کە گوتراوە و سەلمێنراوە کۆمەڵان هەموویان وەك یەکترن لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی مێژوویی و گیروگرفتی ئابووری و هێزە بەرەوپێشەکان و هێزە بەرەوپاشەکان و دەرد و دەرمان و... هتادەوە کە ئیتر پێویست بەوە نامێنێ هەرجارە لە تۆژینەوە و چارەسەرکردنی یەکێك لە دەردەکانی کۆمەڵایەتیی کورد خەریك بێت تەزکەرەیێکی نفوسی (کوردی) بۆ ئەو دەردە دەربهێنێت تاکو لە ئەجزاخانەیێکی (کوردی) دەرمانی بۆ بکڕێت. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر دەردی کۆمەڵایەتیی کورد لە سەدی سەد (کوردی) بێت و چ نموونەی وەك خۆی لە نێوان هیچ میللەتێکی تردا پەیداش نەبێ، نە دەرمان و نە پزیشك و نە ئەجزاخانە و نە ڕەچێتە و نە هیچ جۆرە چارەسەرکردنێکی (کوردی) پەیدا نییە تاکو خوێنەری کورد وەیا نووسەری کورد هانای بباتە بەر و تریاقی لێ هەڵێنجێنێت.

خوێنەر و نووسەری کورد کە لە تەقلیدکردنی غەیردا ئەم لایەنە زۆر بەهێزەی نەبوونی دەرمانی (کوردی) شەفاعەتیان بۆ دەکات گەلێك کەمتر جێگەی گلەیین

---

(١) لە نموونەی بەگژداچوونەوەی تەقلیدی کوێرانە مەلای گەورە ئەمەی گوتووە:

ئەگەر ئێکێك بڵێ نابی وەها بی
دەڵێن ئەو کافرە بۆتە وەهابی

(٢) دوای دەرچوونی بەرگی یەکەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی) ڕەخنەی ڕۆشنبیرێکی کوردی خاوەن شەهادەی بەرزم بۆ هاتەوە لەوەدا کە گوتبووم (حاجی شەقڵێکی وەهای لە خەرمانی شەرافەت دا کە بە کەس نەشکێت) ڕۆشنبیرەکە گوتبووی چۆن ناوی شەقڵ دەبات، خۆ شەقڵ هی دەرەبەگانە!

لەچاو خوێنەر و نووسەری ئەو میللەتانەی دەسەڵاتی چارەکردنی خۆوڵاتیشیان هەیە و هەر سووریشن لەسەر تەقلیدکردنی[1] غەیری خۆیان. نەمبیستووە چ پارتییێکی تری وەك ئەو جارێ ئەم جورئەتەی کردبێت. ئەگەر خەسارەتمەندبوونی کورد و خوێنەری کورد لە تەقلیدکردندا هەر ئەوە بێ کە ئەرکێکی بێ سوود لەو تەقلیدەدا بە خەرج دەدەن، خەسارەتمەندبوونی میللەتێکی تری خاوەن دەسەڵاتی خۆی لە تەقلیدکردندا دوو هێندەی هی کورد دەبێت چونکە هەم ئەرکی بێ سوود دەگرێتە ئەستۆیەوە هەم دەرمانی ڕاستەقینەشی لێ حەرام دەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ حیسابی هەژاری کورد بکەین کە هەموو جۆرە خەسارەتێکی لێ گران دێت تا ئەو ڕادەیەی کە تەقلیدکردنی هەڵە لێی دەبێتە دەردی کوشندە، واتە بەرلەوەی بێ دەرمانی کاری زەهراویی خۆی بکات، بە هەڵەچوون لە چەند و چۆنیی دەردەکە فرزەی دەبڕێت.

ئەم وەتەنگهاتنەی نووسەری کورد بەدەست ئەو بارە نالەبارە مێژووییەی کە دەسەڵاتی رابەربوون و پێشەنگبوونی فکری لێ ستاندووە جارێکی تریش کاری تێ کرد لەو ڕووەوە کە وەتەنگی هێنا لە هەموو جۆرە ڕەخنەیێك کە لەو بیروڕا و فکرە حازربەدەستانە بگیرێت هەرچەند ڕەخنەکەش جەرگەی ڕاستیی پێکابێت و بیروڕایە ڕەخنە لێگیراوەکەش هەڵەی ڕووت و سادەش بێت. لەم مەیدانەی قبووڵکردن و نەکردنی ڕەخنەدا، کە دەزانین ڕێگەدان بە ڕەخنە نیشانەی بەرەوپێشچوونی ئادەمیزادە، گەلی کورد بە پێی فەرمانی واقیع و مێژوو دواکەوتووترە لە گیانی زانستی سەردەمە گەشەدارەکانی عەباسییان. لەو ڕۆژگارەدا زانایێکی ئاین موناقەشەی بوون و نەبوونی پەروەردگاری دەکرد و لە ناو کوفرەوە بەرەو ئیمان دەگەڕایەوە. لە ئاکامی ئازادیی موناقەشە و ڕەخنەگرتندا (١٦) مەزهەبی ئاینیی باوەڕپێکراو لە نێوان بەرەی سوننیدا پەیدا بوو جگە لە دەیان ڕاڕەوی فکری تر کە بەرەو تاقمی کەم ژمارەی نابەرچاو لێرە و لەوێ کردبوویانە مەزهەبی خۆیان. نووسەرێکی ئێستای کورد کە فکری غەیری خۆی دەڵێتەوە هەرگیز ناتوانێ بەقەدەر ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمەی (ألاَ رأیتیّون)ی تێدا پەیدا بوو نیگافراوان و دڵ کرایەوە و لێبوردوو بێت. بەڕاستی نووسەری ئەوتۆییی کورد کوتومت وەك (ابن بطوطە)یە کە جیهان بەلایەوە دووکەرتی گردەبڕ و لە یەکتر جودا بوو، لایەکیان (دار الأسلام) و لایەکەی تریشیان (دار الکفر)،

(١) تازە بە تازە پارتی کۆمیونیستی فرەنسە وێراوەتی بڵێ لە فرەنسەدا دیکتاتۆرایەتیی پرولیتاریا مەبەستی خەباتی پرۆلیتاریای فرەنسە نییە.

هەر بەو پێیەش ئەمیان (دار السلم) و ئەوی تریشیان (دار الحرب) بوو، کە دەزانین هەموو شتێکی (دار الحرب) بۆ غازییەکەی (دار السلم) حەڵاڵ بوو. بەلای پیاوی وەك (ابن بطوطە)وە مەرجی یەکەمی پاك و چاکبوونی جێگەیێك و میللەتێك ئەوە بوو کە مسڵمان بێت، ئیتر (المحروسة، حرسها الله، المعمورة) بۆ ئەو جێگایانە بەکار دەهات هەرچەند چەپەڵترین جێگاش بوونایە، هەروەها (دمّرها الله، احرقها الله...) بۆ جێگەی نامسڵمان بەکار دەهات ئەگەر خشتێکی لە زێڕ و یەکێکیشی لە زیو بوویایە. هەمان (ابن بطوطە)ی فکر و باوەڕ ئێستاکە لە نێوان کورددا دەدیترێت چونکە ئەویش هەمان کێشانە و پێوانەی حازربەدەستی پێیە کە ڕاستەوخۆ فکر و بیروباوەڕ و هەڵوەست و مێژوو دەخاتە بەر یەکێك لەم دوو دوعایە ١ – عمّرها الله ٢– دمّرها الله، چ دەربەستیش نییە لەوەدا فکری چاك وردوخاش ببێت وەیا فکری چەوت بپەرسترێت.

جگە لەلایەنی بڕیاری مێژووی زۆر سەخت و ناهەمواری میللەتی کورد کە وا بە شێوەیێکی حەتمی فراوانیی نیگا لە کورد و هەموو میللەتێکی تری وەك کوردیش حەرام دەکات ئەگەر مێژووەکەی وەك هی کوردبێت، نووسەران بە عادەت کە شۆرەتیان بە جۆرە فکر و شیکردنەوە و بۆچوون و بیروباوەڕێکی تایبەتی دەرکرد و بەشێکی گرینگی کەسایەتییان بەوەوە بەند بوو، لایەنی (ذاتی)شیان دەخەنە پاڵ ئەو لایەنە (موضوعی)یەی کە بووەتە ئاینێکی نوێ و (دار الحرب و دار السلم)ێکی تازەی دروست کردووە ئیتر هەر بەجارێ ئیمکان نامێنێ لە ڕێی چاو پێداگێڕانەوە بە بیروڕادا وەیا هەڵسەنگاندنی ڕاستییەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بە جۆرێکی بێ تەرەفانە وەیا بە حەکەم دانانی ئاکامی ڕووداو و گۆڕان و بەرەوپێشچوون هیچ شێوە تەعدیلێك بخەنە هەڵوەستیان وەیا یەك دێر لە دەفتەری قەناعەتیان ڕاست بکەنەوە. ئەم ڕەگ داکوتانە سەرلەنوێ ڕەگداکوتاوتر دەبێ لای ئەو نووسەرەی شەهادەی بەرزی لەو دینە تازەیە وەرگرتووە و نووسینی تێدا کردووە و بازاڕێکی نمایشتی پێ سازداوە. بێ زیاد و کەم ئەم تەرزە ڕۆشنبیرە نوسخەیێکی تازەی (ابن بطوطة) دەردەچێت کە وا هەرگیز لە (عمر الله و دمّرها الله) راناگوێزێت چونکە راگوێستنەکەی دەبێتە دەست بە تاڵبوون.

خوێنەر با سەیری بەم قسانەم نەیێت و وا نەزانێ چ مەبەستێکی شەخسی ئەم قسانەم پێ بکات، چونکە من خەریکم لە داستانی حاجی قادر سەرگوزەشتی دیوە سپیەکەی (دەرەبەگ) بگێڕمەوە وەیاخود لە دەفتەری بەهەشتیی ئادەم و حەوا باسی شەیتان و دەورە ناپەسەندەکەی بخوێنمەوە لە دۆڕاندنی بەهەشتیان، بەڵێ بەڕاستی

ناوی (دەرەبەگ) بە قەدەر ناوی دێو و شەیتان رەجم دەکرێت و هێندەی ئەوانیش، دەرەبەگ، بە مەسئوولی بەدحاڵیی (ئادەم و حەوا)ی کورد دانراوە لەلایەن بەشێکی بەرچاوی نووسەرانی کوردەوە. لەبەر ئەمە ئەگەر ڕۆشنایییەك نەخرێتە سەر دەوروبەری هەموو ئەو لایەنانەی کە پێوەندییان بە دەرەبەگەوە هەیە ڕێم نابێ ڕاستی بێ فێڵ و نەترساو لە باسی (حاجی قادر و دەرەبەگ) بخەمە بەرچاوی خوێنەری کوردەوە چونکە لەوانەیە دووچاری وەزعێکی وەها ببین کە حاجی لەعنەتی لە دەرەبەگ نەکردبێ وەیاخود لەو وەزعەدا دەرەبەگ ئەو مەلعوونە نەبێ کە رەجمکردن هەڵبگرێ. من کە بمەوێ هەڵکەوتی ڕاستەقینە لەبارەی دەرەبەگەوە بنووسم، لە پێشەوەش بزانم هەڵکەوتەکە لە ژیانی کوردەواریدا ئەوە نییە کە بەشێکی نووسەر و خوێنەری کورد مرخی خۆیان لێ خۆش کردووە، من کە بزانم (ئادەم و حەوا)ی کورد بە تاکە شەیتانی (دەرەبەگ) لە بەهەشتی کامەرانی دەرنەکراون، تەنانەت ئەگەر شەیتانی دەرەبەگ لە ناویشدا نەبوویایە ئادەم و حەوای کورد لەو بەهەشتە هەر دەردەکران، من کە ئەمانە و چەندین ڕاستیی تری مێژوویی بزانم لەبارەی دەرەبەگەوە کە هیچیان ئەوە نین بەڕاشکاوی تێکەڵم بەو سیمفۆنیە یەك ئاهەنگە بکەن لە بەردباران کردنی (سەلکە کافری دەرەبەگایەتی) کورد...

لەم ڕووەوە بە پێویست دەزانم هەموو ئەو هۆیانە ڕوون بکرێنەوە کە وا تا ئەم ڕادەیە، بێ لزوم، دەرەبەگی هێناوەتە ناو هەموو حیسابێکی مێژوو و چارەنووسی کوردەوە چونکە ئەگەر ئەم ڕاستییانە دەرنەخرێن نە واقیع بە تێکڕایی ڕوون دەبێتەوە نە هەڵوەستی حاجی قادریش بەرانبەر دەرەبەگ دەچێتە ناو چارچێوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینەوە، نووسینەکەی منیش لە خۆڕایی بە چاکەخوازی دەرەبەگ لە قەڵەم دەدرێت لە حاڵێکدا هیچ کەس شك نابەم لەوانەی دەیانناسم بەقەدەر من دژی دەسەڵاتی نارەوابێت چ هی دەرەبەگ چ هی غەیری دەرەبەگ بێت. من شۆڕشگێڕم دیتووە لە ماڵی یەکێك لەوانەی پێیان دەڵێن دەرەبەگ، چەند مانگێك بەسەری بردووە بەدیار ئەو کاتەی کە دەرەبەگەکە بۆ نەخۆشخانەی دەرەوەی عێراقی بەڕێ دەکات بە ئەرك و مەسرەفەوە. دەرەبەگەکە ناسیاوی خۆم بوو، شۆڕشگێڕەکەش بە نیسبەت ئەوەوە بێگانەیێك بوو، لە وتووێژدا بە میانم گوت ئەوەی تۆ بە خۆتی ڕەوا دەبینیت لەم پشت بەستنەت بە لطفی (دەرەبەگ) من لە خەونیشمدا بە خۆمم ڕەوا نەدیتووە هەرچەند شەخسەکەش ناسیاومە، ڕەنگە چاکەیێکیشم بۆی بووبێت، کە ئەمەم پێ گوت لە ڕووی

ڕق لێبوونەوە و شکاندنەوەوەم پێ نەگوت، بەڵکو لە وتوێژێکدا بوو داخوازی گوتنی ڕاستی وەهای دەکرد. لە سەردەمی پێش شۆڕشی چواردەی تەممووزدا چەندین شۆڕشگێڕی سەر بە قەومایەتی و چینایەتی لە ماڵی دەرەبەگەکان خۆیان حەشار دەدا و لە سێبەریاندا دەحەوانەوە، وا دەزانم هەر لەو بارەشدا ئەگەر لە بڵاوکراوەی نهێنیدا شتێکیان نووسیبایە بەسەر و پۆتەراکی دەرەبەگدا دەهاتنە خوارەوە. هەڵبەت من لێرەدا تەبریری ئەوە ناکەم دەرەبەگ بتوانێ شۆڕشگێڕ بپارێزێت چونکە دەزانم دەتوانێ جەردە و خایەنیش بپارێزێت؛ من دەمەوێ بڵێم واقیعی کورد ئەوە نەبووە، وەك لە نووسیناندا دەیخوێنینەوە، خەتێکی ئاشکرا کێشرابێت لە نێوان بەرەی چڵکن و خوێنمژ و دەرەبەگ و نێوان بەرەی خوێنمژراوی فەلاح و شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیران. ئەم خەتە نەکێشرابوو تاکو ساڵانی دوایی، هەرچەند لە نووسینی نوێشدا هەزار خەت کێشرابێت هەر لە سەرەتای دەوری ئادەم و حەواوە؛ دیارە لە ڕۆژگاری حاجی قادر و پێشووتردا هەڵوەستی کۆمەڵەی کورد لە ئاست دیاردەی (دەرەبەگ) شتێکی تا بڵێی جوداواز بووە لەوەی هەڵپە و کڵپەی گیانی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕۆژگارە دەیداتە بەر گڕ و هێرشی لە ناوبردنەوە.

بێ گومان هەموو ئەو دیاردە و ماکە کۆمەڵایەتییە کۆنینەی کە بە پێی لێکدانەوەی نوێ بە لەمپەری پێشکەوتن حیساب کراون دەدرێنە بەر گڕ و هێرشی لە ناوبردنەوە نەك هەر (دەرەبەگایەتی) کە دەزانین لە زۆر شوێنی ئەم جیهانەدا ڕەگ و ڕیشاڵی دەرکێشراوە[1] (عیراقیش یەکێکە لەو شوێنانە)، ئەوەی ڕاستیش بێ، وا پێ دەچێ، نووسەرە کوردەکانی نوێخواز کە دەبینن دەستوور و یاسا و کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی گشتیی میللەت و گەلێك هێزی کاریگەری دیکە ڕێیان نادەن بە دڵی خۆیان ڕەخنە لە هەموو ئەو شتانە بگرن کە بە پێی فەلسەفەکەیان بەد و ناپەسەند و کۆنەپەرستانەن، بادەدەنەوە سەر دەرەبەگایەتی و لە قەبری دەردەهێننەوە و دەیکەن بە ئامانجی تیری غەزەب و ڕقی لە دڵدا پەنگخواردوو بەڵکو هەر نەبێ لەو ڕێگەیەوە نەختێك گەرماییی دڵی خۆیان دامرکێننەوە، هەر لە پەنا تیرەبارانکردنی کەلەشە کوناش کوناش بووەکەی دەرەبەگایەتیشەوە، بە قاچاغ، چەند پلارێك دەگرنە ئەو نیشانانەش کە لێیان

(١) چارەسەرکردنی ملکایەتیی زەوی لە کوردستانی عیراقدا تایبەتیترە لە هی تێکڕای عیراق کە ئیتر هەر بەجارێ تارماییی دەرەبەگایەتیشی لە ناودا نەهێشت، بگرە فەلاحیشی لە پلەی خواروی (خوردە مالیك)دا دانا.

مـەنـعـە، ئـەمـەش فـێڵـێکـە لـە هـەمـوو کـات و جێگـایـەکدا کراوە زۆریش ژیـرانـە و بـێ دەسەڵاتـانەیە.

ئەم ڕاستییانە لە پێشەوە دەری دەخەن بۆچی ئەو جوداوازییە گەورەیە هەیە لە نێوان هەڵوەستی حاجی قادر لە ئاست دەرەبەگدا لەگەڵ هەڵوەستی نووسەرانی نوێخوازی کوردی ئەم سەردەمە، هەروەها شەفاعەتێکیش بۆ ئەم نووسینە دەکەن لەوەدا کە دێت و خۆی بە ڕاستیی بێ پێچ و پەناوە دەبەستێتەوە هێندە لە نووسینی نووسەرێکی (مقلد)ی دڵسۆز دوور دەکەوێتەوە. با ئەوەش بڵێم چ ترسێك نییە لەوەدا کە ڕاستیی باری (دەرەبەگایەتی)ی کورد و هەڵوەستی حاجی قادر لە ئاستیدا دەربخرێت چونکە ڕاستییەکە هەرچی هەبێ ناتوانێ نوقتەیێکی واقیعی ئێستاکەمان بگۆڕێت وەیا بایی پووشکەیێك لەبەر هەنگاوی ڕەوتی ئەمڕۆکەمان ڕاوەستێت، بە پێچەوانە دەربڕینی ڕاستی لەم باسەدا، وەك هەموو باسێکی تر، نیگای بینەران بەسەر دیمەنێکی مەفهوومدا دەخولێنێتەوە کە لەوێدا جنۆکە و دێوی مەوهوومی ناو تاریکایی جێی نابێتەوە، دەرفەتی ئەم هەڵەیەش نادا کە بە زیادەوە ڕق هەڵگرتن و خۆشویستن و دژکاری و لایەنگیریی بێ لزووم بکاربێت. خوێنەر و ڕۆشنبیرێك کە ڕاستیی واقیعی دوێنێی زانی نایەت وەك ئەو کوردە مسوڵمانە سافیلکەیەی بێ لێکدانەوە بەرد بە (سەلکی کافر)ی باپیرە گەورەی خۆیدا دەدات لێشی مەعلوم نییە سەلکی فەلاحە وەیا کاسبە وەیا منداڵە وەیا هی بەرخ و گیسکە، بەڵێ ڕۆشنبیرەکە پلاری کوێری ناگرێتە ڕابردووی تێپەڕیوی مردووی پێچرایەوە بەو نیازەی کەوا بەر هەر کوێیەکی ئەو ڕابردووە بکەوێت بەر دوشمن کەوتووە وەیا هەرنەبێ شتێکی وەهای پێکاوە زەرەر لە پێکانیدا نییە؛ ڕابردوویێك کە دەسکردی مێژوو بێت و بە هەموو لێکدانەوەیێك و فەلسەفەیێك و بیروباوەڕێك دەبوو ئەوەبێ کە بووە، تەنانەت ڕاستە حیسابی فەلسەفەی مادی پلەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دادەنێ بەو حەتمییە کە نەبوون و ڕوونەدانی ناومکینە هەروەك بە دوایەکترداهاتنی ساوایی و منداڵی و گەنجایەتی و کاملی و پیری حەتمییە و نەبوونی ناومکینە، کە حاڵ وەهابێت چۆن ڕەوایە ڕۆشنبیری نیگا فرەوان ڕق هەڵگرێ لە حەتمییەتی مێژوو، کە ڕقیشی هەڵگرت لە کوێوە بەدیلێك دێنێت بۆ ئەو پلە مێژووییەی حەتمی تاکو مرۆڤی ژیر و بە ئینساف ڕق هەڵگرتنەکە تەبریر بکات و بڵێ ئەگەر ئەم ناپەسەندە نەبوویایە فلانە پەسەند جێی دەگرتەوە. ئێمە ئەگەر بە ئانقەست خۆمان بە سەهوو نەبەین زۆر چاك دەزانین بوونی

خاوەن زەوی و سەرەك عەشیرەت و کوێخا و خوردەمالیك لە ڕۆژگاری کۆندا بوونێکی ناچاری و بەملەوە بوو کە ئەگەر یەکێك لەوانە تێ چووبایە حەتمییەت یەکێکی تری لە جێگەی ئەودا دادەنا، خەلقی ئەو سەردەمانەش بەو واقیعە ڕازی بوون بە مەرجێك ستەمی بە مەفهومی ئەوسای لەگەڵدا نەبووبێت. هەرچەند ئاشکرایە دەسەڵاتی ستەمکردن لە سەرەك عەشیرەت و خاوەن زەویی گەورە پتر دەوەشێتەوە تا کوێخا و خوردە مالیك و فەلاح بەڵام لە واقیعدا هەرکەسە و هەر تاقمە بە پێی دەوروبەری خۆی ستەمی کردووە هەمووشیان ئەو ستەمەیان لێ بە عەیب گیراوە، بەڵام لە ئیمکاندا نەبووە چارەسەری ئەو حاڵ و بارە بکرێت کە ڕێی داوە بە ستەمکردنەکە، ئیمکان نەبوونەکەش بە هیچ مەزهەبان ئەوە ڕاناگەیەنێ کە زوڵمکردن پەسەند بووە وەیاخود یاسا و نەریتی کۆمەڵایەتی لێی ڕازی بووە چونکە هەرگیز ئیمکان نەبوون نابێتە پێڕازیبوون هەروەك مەنعی مردن مومکین نییە و کەسیش نەیگوتووە خەلق پێی ڕازییە بە واتای پێخۆشبوون و پەسەندکردن.

ئەو نووسەرە کوردانەی چاو لەم ڕاستییانە دەپۆشن، ڕاستیی تریش ماون جارێ نۆرەی باسکردنیان نەهاتووە ئەوانیش چاویان لێ پۆشراوە وەیا زیهنی نووسەران بۆیان نەچووە، خۆیان داوەتە بەر لووزەوی[1] فکری پەرەسەندوو کە دەزانن لێ بەدەنگ هاتن و ڕەخنە لێگرتنی بۆیان دەبێتە هۆی سەرئێشە و نارەحەتی، واش تی دەگەن لێ بە دەنگ هاتنەکەیان چ سوودی بۆ کەس نییە و لە مەعنادا دەشبێتە خۆدانە پاڵ دەرەبەگایەتی و هێزە ناپەسەندەکانی بەرەوپاش. کە ئەمە دەڵێم قسەی خەیاڵکرد ناگێڕمەوە بەڵکو شتێك دەردەبڕم کە وا بارەها و جارەها لە ڕۆشنبیری پێشکەوتنخوازی خاوەن نووسینم بیستووە لەوانەی دۆستی نێزیك و خۆشەویستیان بووە لە نێوان ئەو چینەی پێیان دەڵێن دەرەبەگ. بەر لەوەی لەم ڕاستییە بە دەنگ بێم جارێ با ئەوە بڵێم دەرەبەگ لە کۆن و نوێدا هەرچی دەبێ بووبێ، لەو ڕۆژگارەی بە چاوی خۆمان دیتوومانە پیاوی دەرەبەگ کە خۆی کردە دۆستی لایەنێکی خەباتکەری پێشڕەو دەرحاڵ دەفتەری ڕەشی بۆ سپی دەبێتەوە و بە تاقمی (ملاك أحرار) لە قەڵەم دەدرێت. ئەوەی بە چاوی خۆم دیتوومە لە کوردستانەکەی خۆماندا ئەوە بووە هەر لایەنێکی شۆڕشگێڕ دۆستی دەرەبەگ و ئەفسانەپەرست و ڕەجعیی هەبووبێت لە کانیاوی زەمزەمی پاکبوونەوەی هەڵکێشاوە و لەقەبێکی گوناحپۆشی بۆ داناوە، بەڵام

(١) لووزەو: تیار.

دەرەبەگ و ئەفسانەپەرست و رەجعیی سەربەلایەنێکی تری شۆڕشگێڕی لە جاران پتر گوناهبار و ناوبەد کردووە. مەتەڵی کوردی کە دەڵێ (بانێکە و دوو هەوا) لە گوریس کێشەکێی نێوان هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانی کورد بە تەواوی و بەردەوام لە مەیدانی ڕیسواکردنی ناحەز و ئابڕوو پاراستنی دۆست خوایاندا لە باودا بووە. بەڕاستی نەدیترا و نەبیسترا ئەو هێزە شۆڕشگێڕانە لە نێوان چینی هەژار و بە اصطلاح، ڕەش و ڕووتی کورددا نامزەدی پایەی بەرزی وەزیفە و مووچە و بەرات پێش بخەن، ئەوەندەی دیتبێتم و زانیبێتم پارووی چەور هەر بۆ ئەوانە بووە لە جەرگەی دەرەبەگایەتی و ئەفسانە و پارەداریەوە سواری شەپۆلی (جەماهیر) بوون و بە دەستەوانەی ئاوریشمین ئاڵای پێشڕۆیی و گەلدۆستی و شۆڕشگێڕییان هەڵکردووە، کام نەعرەتەی بەهێزیشە ئەوەیان بە لەعنەت کردن لە دەرەبەگ و خوێنمژی و ڕەجعیەت بەرز کردووەتەوە. ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی دەست درێژ دەکەن، بێ لزووم، دەرەبەگایەتی هەزار ساڵ پێش ئەمڕۆکە بخنکێنن بۆ دڵدانەوەی فەلاحی هەژاری بێ چارەی شارەزوور و بیتوێن، زۆر ژیرانە و مامۆستایانە دێن لەسەر کاغەز هەموو ڕابردوو و مێژوو دەکەن بە مەخلووقی گەل و بەوی دەدەن، دوارۆژیش دەدەنەوە بەو گەلە، واتە دوو سێیەکی ڕۆژگار لە گەل مارە دەکەن، دەمێنێتە ئەو سێیەکەی پێی دەڵێن (ئێستا) لەوێدا خۆیان دەکەنە وەکیلی گەل ئیتر بەناوی ئەوەوە و لەجیاتی ئەو سواری حازرەکە دەبن، دیارە پێ بە پێی تێپەڕینی کات دوارۆژەکەش کە لەسەر کاغەز مارەبڕی گەل کرابوو دەبێتەوە حازر و دەچێتەوە بەر حیسابی وەکالەتەکە، بەتەواوی وەك مەسەلەکەی کابرای دوکاندار کە بە خەتی گەورە لە سەرووی دوکانەکەی نووسیبووی (ئەمڕۆ بە حازر سبەی بە قەرز) ئیتر هەتا ڕۆژ بە دوایەکتردا دەهاتن قەرزەکە هەر دەکەوتەوە سبەینێ. لەم قسانەماندا دەمەوێ عەیبی خۆمان بهێنمە بەرچاو هەرچەند عەیبەکەش زۆر ڕووشکێن بێت و باسکردنیشی کارێك بێت هەموو نووسەران خۆی لێ لابدەن، لەم عەیب خستنە بەرچاوەیشدا چەند بنگەیێکی (ماف و واجیب) شەفاعەت بۆ نووسینەکەم دەکەن:

١- لە من بە پێشەوە نووسەری گەورەی ئەم جیهانە ڕێگەیان خۆش کردووە بۆ نووسینی هەرە بە جورئەت بەوەدا کە هاتوون بێ پەروا لە شتی وەها دواون بەردی بناغەی بیروباوەڕ و کۆمەڵایەتی لە خۆیان بە پێشەوە هەڵتەکێنێت و ڕووبەڕووی نازکترین و پیرۆزترین و موقەدەسترین هۆی شانازی و ڕێزگرتن و

فەخری سەرلەبەری خەلق ببێت وەك ئەو نووسینانەی كە لە (داروین و ماركس و فرۆید) بەجێمان. پێم بڵێ ئەم سێ بلیمەتە، كەوا دەزانین كەسانی تریش زۆرن وەك ئەمانە ناوەڕۆك و هەناوی هەموو بیروڕا و ئاین و كۆمەڵایەتی و مێژوویان خستووەتە سەر مێزی ئەزموون و تاقیكردنەوەی یەكجار سەریح و بێ ترسەوە، پێم بڵێ چی ماوە نەیڵێن و نەیكەن و نەینرخێنن و نەیڕەخنێنن. ڕۆشنبیرێكی كورد كە بە تەما بێ لە نووسینەكەم تووڕەبێ با لە پێشەوە ئەوە بە بیری خۆیدا بێنێتەوە كە ئەو نووسینی ئەوەندە بەجورئەتی پەسەند كردووە كە لە تەك ئەواندا قسەكانی من وەك یاریی تۆپێنەیە لە تەك شەڕەتۆپدا. دەمێنێتەوە بڵێ نووسینە بەجورئەتەكانی ترم بەلاوە ڕاست و پەسەندن بۆیەیە بڵاوبوونەوەیان بە باش دەزانم، لە ئاست ئەم تێبینییەیدا هەر ئەوەندە دەڵێم نابێ ڕۆشنبیر زەوقی خۆی بكات بە كێشانە و پێوانەی ڕاست و دروستبوونی شتان چونكە ئەوسا ڕۆشنبیرێكی تریش هەمان ئیمتیاز بۆ خۆی داوا دەكات و لەوانەیە بیروڕای ئەوی تریان بەدڵ نەبێت و بڵاوبوونەوەی بە كارێكی ناپەسەند دابنێت. ڕۆشنبیرێكی سێیەم و چاوارەم و... پەنجا و شەشەمیش هی هیچ كامێكیانی پێ ڕاست نەبێت و هەموویان مەنع كات، ئەگەر دەسەڵاتی مەنعكردنی هەبوو.

٢- باسی دەرەبەگ لەبەر تیشكی هەڵوەست و هەڵبەستەكانی حاجی قادردا لە چاو بەرینایی باسە زۆر بە جورئەتەكاندا هێندەی جۆگەلەیێكی بەرتەسك نابێت لە تەك زێیەكیی وەك جەیحوندا. ئەو نووسینانە لە خوا و ئاین و نرخە زلەكانی غەیبەوە پێدا هاتوونەتە خوار تا دەگاتە نرخی توور و چەوەندەر، ڕەنگە لەو بەینەشدا زڕە هەڵەی وەهایان كردبێ گەورەتر بێ لەوەی ئەوان بە هەڵەیان زانیوە. كەواتە دەربڕینی ئەو ڕایەی كە من بەڕاستی دەزانم لە بارەی دەرەبەگ، لەبەر ڕۆشناییی هەڵوەست و هەڵبەستی حاجی قادردا، هەر پێی ناگوترێ كارێكی بە جورئەت. ئەگەر لە خۆمانەوە خۆمان نەتۆقێنین لە دەربڕینی بیروباوەڕی بێ پێچ و پەنا، هەرگیز زەرەر پەیدا نابێ لە موناقەشەی فكر و ڕووداو و هەڵكەوت، بە پێچەوانە، خەفەكردنی هەناسەی ڕەخنە لە هەناوی ڕەخنەگردا دەبێتە ئیفلاسی فكر، كە فكریش ئیفلاسی كرد مادەش بەدوا ئەودا كزدەبێتەوە، جگە لە كزبوونەوە تامیشی نامێنێ. توخوا ژیان چ تامی دەمێنێ كە نەوێریت تێیدا دەنگی دەروونی خۆت بەرزكەیتەوە! خەفەبوونی دەنگی ڕەخنە لە نێوان كورداندا كفنە میراتییەكەی بێ

چالاکیی هەزاران ساڵەمان تێ وەردەپێچێتەوە لەوەشدا هەر خۆمان تاوانبار دەبین چونکە هەر خۆمان چەنگاڵی خەفەکردن لە بینە قاقای بیر و فکر توند دەکەین...

٣- خۆبواردنم لە واقیع و ڕاستیی مەسەلەی دەرەبەگایەتیی کورد دەبێتە چاونووقاندنێکی کۆڵدەرانە لە لایەنێکی یەکجار گرینگ و بنجی لە هەڵوەست و خەبات و بیروباوەڕی حاجی قادر کە گۆیا ئەم نووسینە خەریکە پەردەیان لەسەر هەڵدەداتەوە هەم بە نیازی دەرخستنی حەقیقەتی (کەسایەتی)ی حاجی و هەم بە نیازی سوودوەرگرتن لە تێکڕای ئەو ڕاستییانەی بەدەوری باسی حاجی قادرەوە ڕوون دەکرێنەوە. نووسین کە خۆی عەیبدار کرد بە چاونووقاندنی خاترانەکار دەشگاتە پلەی درۆکردنی خاترانەکار، کە ئیتر نەبوونی، کوردی گوتەنی، هەزار کاوڕەمێ دێنێ.

٤- کوتانەوەی باسی دەرەبەگایەتی لەلایەن بەشێکی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردەوە بەو شێوە یەکجار سەرشێوێن و دوور لە واقیع و نارەوایە، قاڵب بەستن و شەختەکردنی فکری کوردی لێ پەیدا دەبێت کە ئیتر دەماری پێوەندیی بە ڕاستییەوە هەڵدەبڕێتەوە و دەبێتە جۆرە حەپەسانێکی میتافیزیکی لە پەرستگەی بیری وەستاودا، کە بە زاراوەی نووسەران لە ئاست برەوبەستنی بیروباوەڕی هەڵەدا نموونەی دەروێشایەتیی (علمانی) دادێنێتەوە لە سەدەی بیستەم و بیست و یەکەمدا. سەیری هەرە سەیریش لەوەدایە ڕۆشنبیران بە قسە و لە کاتی وتووێژی عادەتیدا دان بە هەموو ئەو ڕاستییانە دادێنن کە بە نووسین ئینکارییان دەکەن، سەیرتریش لەو سەیرەدا ئەوەیە ڕۆشنبیران لە ترسی خۆیان، نەك لە ترسی دەسەڵاتێکی دەرەوەی جغزی ڕۆشنبیرایەتی، راستییان لە خۆیان حەرام دەکەن واتە ئەگەر بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی کە بە نووسین ئەو ڕاستییانە بڵاو بکەنەوە کە بە زار دەیڵێن چ ناقەومێ و هیچ زەرەریان پێ ناگات، تەنانەت دەسەڵاتی سیاسیش کە دێت و هەندێ ڕاستییان حەرام دەکات هەر لەبەر خاتری ڕۆشنبیرانە یاخود لە ڕێی ڕۆشنبیرییەوە حەرامکردن بەسەر ڕاستییەکاندا دێت چونکە ڕۆشنبیران خۆیان دەبنە خاوەن دەسەڵاتی سیاسی، ئیتر گوتن و نووسینی ئەو ڕاستییانە حەرام دەکەن کە پێشتر لە خۆیانیان حەرام کردبوون، وەك ئەوەی کە گوتم شۆڕشگێڕم دیتووە پەنای بردووەتە بەر (دەرەبەگ) بەڵام لە نووسیندا هەر

جنێوی پێ داوە ڕۆژەك لە ڕۆژانیش نەیوێرا دان بەو چاكەیەی دەرەبەگەكە دانێت لە ڕێی نووسینەوە نەكا لەسەری حیساب بكرێت و لە قورساییی شۆڕشگێڕایەتیی دابشكێنێت.

دیسانەوە دەڵێم من دژی ئەوەم دەرەبەگ یا یەكێكی تر دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ زێدە لە عالەم بتوانێ پیاوەتی و كوڕێنی بكات، ئەگەر دەسەڵاتێكی غەیبیشم هەبا لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە نە دەرەبەگ و نە سەرمایەدار و نە هیچ دەسەڵاتێكی تری چاو سوورکەرەوەم نەدەهێشت هەناسە هەڵبێنێ كە ئەوسا خەریتەی مرۆڤایەتی شتێكی وەها دەبوو ئێستا ناتوانین بە خەیاڵی خۆمانیدا تێ بپەڕێنین(١). ئەمە دەڵێمەوە تاكو بیرخستنەوەی قەرزداریاری هەندێك لە شۆڕشگێڕەكانمان لە ئاست دەرەبەگ و بە إصطلاح، برا گەوراندا بە تەبریری دەرەبەگایەتی و برا گەورایەتی دانەندرێ.

زۆر بەداخەوە دەڵێم ئەم پیشەیەی هەڵدانەوە و پێداهەڵگوتنی فكرەی باو و پەرەسەندوو لە كۆنەوە فەرمانڕەوا بووە و بە زۆری پەكی بیروباوەڕی تری خستووە كە وا ڕەنگە كەمتر هەڵەی تێدا بووبێت. لەو سەردەمانەدا كە نووسین و بیركردنەوە بە زۆری دەوری غەیبی داوە هەرچی فكرێكی مادی وەیا سەر بە مادیەتی سەریح هەیە تەنگی پێ هەڵچنراوە و تاوانبار كراوە.

لە كتێبی (الحیوان)ی نووسەری گەورەی موعتەزیلی (الجاحظ) لە زەمینەی بەدرۆخستنەوەی (زندقە)دا هەر لە مەیدانی گۆڕانی بایۆلۆجیدا بیروڕای وەها دەخوێنیتەوە كە زندیقەكانی ئەو سەردەمانە موناقەشەی باوەڕی ڕەسمییان پێ كردووە بەتەواوی دەڵێی مامۆستای (داروین) وتوویژ لەگەڵ قوتابیی زانكۆیەك دەكات. كە بگەڕێیتەوە بۆ هونەری پێش قۆناغی بووژاندنەوەی زانستیی ئەوروپا دەبینی هەرچی هونەرێكی بایەخدار هەیە خەریكی جێبەجێكردنی فەرمانەكانی كەنشتەیە. ئەم دیمەنەی تێكەڵبوونی زانا و ئەدیب و هونەركاران لەگەڵ هارمۆنیی

(١) عومەر خەیام ئەم خەیاڵەی خستووەتە نێوان روباعییێكیەوە:

گر بر فلكم دست بودی چون یزدان
برادشتمی من این فلكرا زو میان
وانگاه فلكی زو نو چنان ساختمی
كە ازادە بە كام دل رسیدی آسان

تێکڕای سیمفۆنیی بیروباوەڕ و کۆمەڵایەتی، هەر خۆیەتی سێبەری بەسەر ڕۆشنبیری کوردیدا هێناوە کە وا لە کۆن و لە نوێدا تاك تاکەیێك نووسەر و هونەرکار نەبێ جورئەتی نەکردووە خۆی لەو سێبەرە بدزێتەوە و نەختێك لە ئاهەنگی سیمفۆنییەکە بگۆڕێت. من لە پێڕەویکردنی زانا و ئەدیبی کۆن لە بیروباوەڕی گشتی، چ ڕەخنەیێکم نییە چونکە وا دەزانم هەر ئەو تاکە ڕێگەیەیان لەبەر هەنگاودا هەبوو، بەڵام ڕۆشنبیری سەردەمی ئاتۆم چ عوزری بەدەستەوە نییە لەوەدا کە دەرگایان لە ڕووی خۆی داخات و خۆی بکاتە پاسەوانی (یاساغکردن و تەنگ پێ هەڵچنین). جاران، بەر لە بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و گیانی زانستی و دۆزینەوە و داهێنان، کە یەکێك بە پێچەوانەی بڕیاری کۆمەڵایەتیی جوولابایەوە لەوانە بوو ببێتە قوربانی بیروڕای ئازادی خۆی، بەڵام لەم سەردەمەدا ڕەوا نییە بە هیچ کێشانە و پێوانەیێك، ڕۆشنبیران ببنەوە ئەو کۆمەڵە دواکەوتووەی کەوا پێش ٥٠٠ ساڵ باوەڕ و لێکدانەوەیان یاساغ دەکرد وەیا دەرگەی موناقەشە و ڕەخنەگرتنیان لە ڕووی جیهان دادەخست. مرۆڤایەتی و نرخی ڕۆشنبیر لە بیرە ئازادەکەیدا دەبێ کە نەترسێ لە دەربڕینی ئەوەی بە ڕاستی دەزانێ، خەڵکیش نەترسێنێ لە دەربڕینی بیروباوەڕی خۆیان. کە ئەم حاڵە لە بەیندا نەما و ڕۆشنبیر خۆی کردە جەلادی بیروباوەڕ حەقێکی نامێنێ ناوی کەسی دوێنێ و پێرێ و بە خراپی و نیگا تەسکی بێنێ.

بە هەمەحاڵ، چەندێکی ڕۆشنبیری ئەم سەردەمە بێ ئینسافی لەگەڵ باری ڕۆشنبیری ئێستاکەدا بکات و چاو لەو بیروڕایانە سوورکاتەوە کە لێیان ناڕازییە، چ حەقێکی نییە لەوەدا ڕۆژگاری کۆن بداتەوە بەر هەمان کێشانە و پێوانەی کە هاوچەرخەکانی خۆی پێ دەنرخێنێ، وەیا دەتۆقێنێ.

نابێ دوێنێ بەم ڕۆژە بگرێت و بڕیاری ئەمڕۆکەی بەسەردا بدات چونکە کە ئەمەی کرد دەبێ بە پێی داخوازی مەنتیق ئەمڕۆکەش بە دواڕۆژ بگرێت و لە خەیاڵەوە کێشانە و پێوانەی ئەو دواڕۆژە بۆ ئەم ڕۆژە بخوازێتەوە و پێی هەڵکێشێت و عەیبداری بکات چونکە دیارە ئەمڕۆ لە هیچ ڕوویێکەوە بە ١٠٠ ساڵ دواتر نابێ. لە ڕووی پێشکەوتنەوە ئەمڕۆ پتر خزمی دوێنێیە تا سبەی ڕۆژ چونکە بەرەوپێش چوون بە پێوانەیێکی ئەندازەیی ڕوو دەدات. ئەگەر دوێنێ پلەی پێشکەوتن ٢٠ بووبێت و ئەمڕۆ ٣٠ بێت، سبەی ڕۆژ ٦٠ دەبێت وەیا زیاتریش. بەڕاستی ئەم ناواقیعەتەی سەیرکردنی دوێنێ بە دووربینی ئەمڕۆ هەموو حیسابان سەرەوبن دەکات و سەرشێوانێك پێك دێنێت هیچ

سنووری نەبێت چونکە دەرگەی ناواقیعییەت دەکاتەوە لە ڕووی هەموو کەس و بۆ هەموو شتێك. تۆ کە هاتی حاجی قادرت بەرپرس کرد لەو دۆستایەتییەی کە هەیبووە لەگەڵ براگەورەکانی ئەوسای کۆیێ، منیش تۆ دەشکێنمەوە بەوەدا کە پاداشی (نۆبل)ت وەرنەگرتووە، گلەییش لە پێنجوین دەکەم لە نەبوونی یانەی فرۆکەوانان تێیدا، لەوەش دەپرسمەوە بۆچی خەتی شەمەندەفەر نەگەیشتووەتە حاجی ئۆمەران، یاخود کورەکەت چارەی دەردی شێرپەنجەی نەدۆزیوەتەوە. کوا کۆشکی چل و پێنج نهۆمی لە چوارتا.؟ بۆچی کۆلێجی (طب) لە ناوچەی بامەڕنێ نییە؟

نووسەرانی کورد کە دێن و باسی حاجی قادر دەکەن یا پاتەوپات بە خزمەتکاری دەرەبەگی دادەنێن یا ئەگەر خۆشیان بوێت بە زۆری ئینکاری پێوەندی دۆستایەتی دەکەن لەگەڵ دەرەبەگدا هەردوو هەڵوەستیش زادەی بێ دەمەتەقەی ناواقیعیەتەکەی کێشانی دوێنێ و پێرێیە بەپارسەنگی ئەمڕۆکە.

ئینکارکردنی پێوەندیی دۆستایەتی و ڕێزگرتنی دوولانە لە نێوان حاجی قادر و براگەورەکانی ئەو سەردەمەی کورد، بەتایبەتی کۆیێ، خۆ بە سەهووبردنێکە کەلکی تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە لە باسی حاجی قادر بەبەر کەسەوە ناهێڵێ چونکە چەندێك خەریکی دەرخستنی ڕاستیی مێژوویی بین لە ڕابردوومااندا ناتوانین شتی هێندە ئاشکرا و ڕوون و بەڵگەنەویست بدۆزینەوە کە بە شیعر و گوتە و کردەی بێگومان ئیسپات کرابێ و پێویستی بە هەوڵدانی من و تۆ نەمابێ. تا ئەم دۆستایەتییە و ڕێزی دوولانەیە دەسرێتەوە دەبێ ڕابردووەکە و مێژووەکە و بەسەرهاتەکە و شیعرەکە و هەموو واقیعەکە بسرێتەوە وەك ئەوەی کە مێژووناسی بێ ئینساف بۆ نیازێکی تایبەتی پێوەندیی نێوان لینین و تروتسکی بسرێتەوە وەیا، لە باریکی پێچەوانەدا، قەتلوعامی بەرمەکییان نەگێڕێتەوە بۆ هاڕوونە ڕەشید. مرۆڤ کە هێندە بێ پەروا بوو لە ئاست ڕاستی و ڕووداودا هیچ ڕاستێك خۆی لەبەر زەبرە وێرانکەرەکە و نەسەلمێنەکە و ئینکارەکەی ناگرێ، تەنانەت لە سنووری قسەکەی مەلای مەشووریش ناوەستێ کە گوتی ژمارەی ئەستێرەی ئاسمان بەقەدەر ژمارەی مووی کلکی کەرەکەمە، هەرچی باوەڕیش ناکا با بچێ بۆ خۆی بیانژمێرێ، چونکە کابرای نەسەلمێن لە باسی حاجی قادردا بە ژماردن ڕازی نابێ لەو ڕووەوە کە ئەگەر پێی ڕازی بوویایە لە سەرەتاوە ڕێی نەسەلماندنی نەدەگرتە بەر. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ مەسەلەی دۆستایەتیی حاجی و براگەورەکانی سەردەمی خۆی بە ژماردن و بە پێوان

و بە کێشان و بە هەموو میقیاسێك بووەتە بەدیهیە کە ئیتر ئینکارکردنی دەبێتە شەڕفرۆشتن، تەنانەت ئەوانەی حاجی قادر بە خزمەتکاری دەرەبەگ دادەنێن لە بەدیهیبوونی دۆستایەتییەکەوە جورئەتی قسەی وەها دەکەن دژی مرۆڤێك کە مەعلوومە بە لای میللەتی کوردەوە وەك موقەدەس وایە چونکە ئەگەر چ گومان هەبوویایە لەو دۆستایەتییە یاخود دۆستایەتییەکە لە ڕێگەی هەڵبەستی مەدحکارانەی حاجی قادرەوە نەبوویایە بەدیهییە، خۆیان ناچار دەکرد ئیسپاتی پێوەندیێك بکەن کە لە زاهیردا هۆی ئیسپاتی نەبێ بەمەشدا لە خۆڕایی ئالای دوشمنایەتیی کوردپەروەران هەڵکەن.

ڕەنگە نەسەلمێنی دۆستایەتییە بەدیهییەکە ئەوەیان بە چاوی خۆیانەوە گرتبێ کە گۆیا سڕینەوەی ئەم ڕووپەڕەیە لە دەفتەری ژیانی کورد و حاجی قادر سڕینەوەی پەڵەییێکی ڕەشی سەر سپایی بێت کە لێی بووە بە عەیب، بەڵام لەمەدا دوو ڕاستیی زۆر گەورە و بایەخدار لە مێژووی کورد و ژیانی حاجی قادر مەحوو دەکەنەوە. بەنیسبەت مێژووی کوردەوە نەسەلماندنەکە وا ڕادەگەیەنێ کە دۆستایەتییەکە لە سەردەمی حاجی قادریش بە عەیب حیساب کرابێت، کە ئەمە بەتەواوی سەرەوبنکردنی هەموو ڕاستییێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی ئەو سەردەمە و لەویش بە پێشەوەیە، سەرەوبنکردنێك کە هەرچی کاسەی زانین و ڕۆشنبیری هەیە پێی بەتاڵ دەبێت. بەنیسبەت ژیان و بەسەرهاتی حاجی قادریشەوە، سەرەڕای پووچاندنەوەی بەشێکی زۆر بایەخداری هەڵبەستەکانی و کوژاندنەوەی ڕاگەیاندنە ڕاستەوخۆکانی ئەوان هەڵبەستانەی بەشێکی زۆر گەورەش لە ناوەڕۆکی خەباتی حاجی قادر تەفروتوونا دەکات کە ئەگەر تەفروتوونا بوو حاجی قادر لە تۆقەڵەی ڕابەرایەتی و ڕانمایەتیی هاندەر و تەکاندەرەوە نزم دەبێتەوە بۆ پایەی پەندیاری خەیاڵبازانە. (ئەم ڕاستییە لەگەڵ درێژەکێشانی شیکردنەوەی لێرە بەدواوە پتر خۆ ڕوون دەکاتەوە).

حاجی قادر بە پێی هەموو لێکدانەوەیێك و هەڵسەنگاندنێکی ژیرانە و ئینسافکارانە و بێ تەرەفانە مرۆڤێك بووە لە سەردەمی خۆیدا و لە چاو هاوچەرخانی، بگرە لە چاو چەند جیلی دواتریش، نموونەی مرۆڤی ژیر و دادپەروەر و خاوێن و ڕەوشەن فکر بووە کە لەوە پێشکەوتووتر مومکین نەبێت. دۆزینەوەی ئەم ڕاستییە، کەوا چەندین جار بە پێی داخوازی لێکدانەوە گوتراوەتەوە و لە غەیری ئەم نووسینەشدا باس کراوە، کارێکە تا بڵێی ئاسان چونکە نەختێك سەرنجی سەرپێیی بۆت دەردەخات کە لە سەردەمی

خۆیدا چ کوردێك نەیزانیوە و نەیوێراوە ئەو شتانەی حاجی گوتوونی بیانڵێت، چ نووسەر و شاعیرێکیش بیری بۆ ئەو تەرزە ئامانجە قەومییانە نەڕۆیشتووە کە حاجی بیری بۆیان چووە، لەلایەن ڕۆشنبیری و زانستخوازی و فکری ڕووتیشەوە گەلێك پێش هاوچەرخەکانی خۆی کەوتووەتەوە؛ بەڵێ ئەم ڕاستییانە یەکجار ئاشکرا و دەست هەڵێنجن، بەڵام لە ڕێی پێوانە و بە یەکدی گرتنی (زاتی)یەوە پایەی حاجی چاکتر دەناسرێت و مافی خۆی تەواوتر وەردەگرێت. مەبەستم لە پێوانەی (زاتی) ئەوەیە کەسێك بیەوێ حاجی بناسێت، چ ناسینی دۆستانە بێ چ دوشمنانە بێ، با ئەوەندە جورئەتە بکات بە خەیاڵ حاجی قادر لە دەستە تەرازووی سەدەی نۆزدەمدا دابنێت و سەیری پایەی لە نێوان هاومەسلەك و ئەمسالی حاجیدا بکات، ئەوجار خۆیشی لە دەستە تەرازووی سەدەی بیستەمدا دابنێت و پایەی خۆی لە نێوان پایەی پایەدارانی هاوچەرخی خۆیدا ببینێتەوە و بە پایەی حاجی قادری بگرێت و پێم بڵێت ئەو لە کوێیە و حاجی قادر لە کوێ!

من هەڵوەستی ئەو تەرزە ڕۆشنبیرە بەرەو ئاسانی دەبەم و لێی داوا ناکەم لە مەیدانی فکر و بیروڕای بێ سابیقە و نەترساوی و بە خۆنازیندا خۆی بە حاجی بگرێت، تەنیا لەو مەیدانەدا کە حاجی تێدا دەشکێنێتەوە، واتە مەیدانی خزمەتکاریی دەرەبەگ و خۆی بەو بگرێت و بزانم لە نێوان ئەو و حاجیدا ئاغا کێیە و نۆکەر کێیە؟ بۆ ئەوەی لەو بە یەکترگرتنەدا تەرازووی ئینساف خوارنەکاتەوە با بە بیر خۆی بێنێتەوە هەر جارە کە بەرژەوەندی گوزەران وەیا پەلەفڕەی ناگزووری و تەنگ و چەڵەمەی ژیان تەکانی پێ داوە چەند پلە ژووروویی تەماع و بەرژەوەند ڕاوەستاوە؟ چەند جاران سوودی مادیی پێشێل کردووە؟ کام دەستی بەهێزی یارمەتیی رەد کردووەتەوە؟ بەدوا ئەمانەدا چەند ساڵان بەردەوام بووە لەسەر هەڵوەستی قارەمانانە بەدیار تێچوونی مەسڵەحەت و لە دەستچوونی پایە و بەسەرچوونی ئومێدی دنیاییەوە؟ لەو زەرفانەدا کە پاڵەپەستۆی پێداویستی ژیان و بەرتەکدانەوەی هەستی بەخۆنازین لە دوولاوە وەك دوو بەرداش لەش و گیانیان دەقوپاند لەسەر کام پۆپی گەردەن کێلییەوە وەك حاجی قادر ئەم بورکانانەی دەتەقاندەوە؟:

شیر و قەڵەم شریکن لەم عەصرەا درێغا
شیرم قەڵەمتراشە و کالانییە قەڵەمدان

مـن لـه غـەمـخـواریـی ئـێوه ئـەم قسانـه دەکـەم
وەرنـــه پـــەشمـــه لـــه لام هـــەمـــوو عـــالـــەم
ئـــەم قسەی ئـــێستـــه عـــەیـــبـــی لـــێ دەگـــرن
ئـــەو دەمـــەش دێ زەمـــانـــی بـــۆی دەمـــرن
ئـــەم بـــه ئـــەو، ئـــەو بـــه ئـــەم دەڵـــێ کـــاکـــه
سەیـــری قـــانـــونـــی حـــاجـــی چـــەنـــد چـــاکـــه
هـــەر چـــلـــۆنـــی ئـــیشارەتـــی فـــەرمـــوو
وەك کـــەرامـــەت هـــەمـــووی وەهـــا دەرچـــوو

یەکتان نەچوونە گەردش وا تێ دەگەن لە دونیا
هەر پادشاهی ڕۆمە و شاهی عەجەم لە تاران
بـــه شیـــر و خـــامـــه دەوڵـــەت پـــایـــه دارە
ئـــەمـــن خـــامـــەم هـــەیـــه شیـــر نـــادیـــارە

صەلاحـــی ئـــێوه ئـــیستـــێکـــه سیـــلاحـــه
تـــەمـــاعـــی گـــەورەیـــی بـــێ چـــەك نـــەکـــەن نـــەك

بـــەڵـــێ غـــەم گـــەورەیـــه یـــا گـــریـــه وردە
ئـــەمـــه گـــەرداوه ئـــەویـــان ئـــاوەگـــردە
دەسا ئـــەی خـــامـــه بـــا ئـــەم بـــاسه پـــەی بـــێ
وەرە سەر بـــاسەکـــی وا فـــائـــیـــدەی بـــێ
ئـــەمـــانـــه قسەیـــێکـــه زۆر کـــراوه
وەکـــو ئـــاوی شەوی تـــامـــی نـــەمـــاوه
گـــەلـــێ ساڵـــه ئـــەهـــالـــیـــی شارەکـــەی کـــۆ
شەو و ڕۆژی لـــەگـــەڵ شێخـــانـــی بـــێ پـــۆ
مـــیسالـــی ئـــاگـــر و ئـــاگـــرپـــەرستـــن
دەسووتـــێن و هـــەمـــدیسان دەیـــپـــەرستن
لـــەکـــن خـــۆتـــان فـــلان ئـــیـــبـــنـــی فـــلانـــن
لـــه دونـــیـــا ئـــایـــن و ئـــۆیـــن دەزانـــن
کـــەچـــی کـــەچ مـــەشرەبـــێکـــی بـــێ دیـــانـــەت
بـــه حـــیـــلـــه مـــل دەنـــێتـــه بـــەر عـــیـــبـــادەت

شەریـــعـــەت گـــەر بـــزانـــی یـــا نـــەزانـــی
وەك کـــەر دەچـــنـــە بـــن بـــاری گـــرانـــی

ئـــەوی شاعـــیـــر نـــەبـــێ کـــوێرە وەجـــاغـــی
لـــە سایـــەی شیـــعـــرەکـــان بـــابـــی کـــوڕانم
مـــەڵـــێن بـــێکـــارە بـــوو حـــاجـــی لـــە ڕۆمـــا
ئـــەمـــن پـــیـــاوم لـــە نـــێو شاری ژنـــانم

داری دونـــیـــا هـــەر کـــەسێکـــی تـــێی گـــەیـــی
مـــیـــوەیـــی خـــامـــی هـــەیـــە و مـــیـــوەی گـــەیـــی
تـــاکـــو دونـــیـــا مـــاوە پـــوخـــتـــەی هـــەر هـــەیـــە
لـــەم کـــەر و خـــامـــەی هـــەیـــە بـــاکـــم نـــیـــیـــە
بـــا بـــڵـــێن ئـــەم شێتـــە قـــەحـــپـــە مـــردووە
چـــەنـــد وەڕیـــوە و چـــەنـــد وڕێنـــەی کـــردووە
حـــەق تـــەعـــالا واقـــیـــفـــی ئـــەحـــواڵـــمـــە
بـــۆ ڕەزایـــی خـــوایـــە تـــەرقـــیـــمـــی ئـــەمـــە
بـــەیـــتـــەکـــان عـــەیـــبـــی مـــەکـــەن خـــوار و کـــەچـــن
مـــەقسەدم لـــەم بـــەنـــد و بـــاوە دەربـــچـــن
وەرنـــە ئـــەم دونـــیـــایـــە نـــەفسی نـــەفسیـــیـــە
گـــەر لـــەبـــەر ئـــێوە نـــەبـــێ، بـــاکـــم چـــیـــیـــە
مـــن لـــە تـــۆفـــانـــا بـــبـــم خـــۆم دەردەکـــەم
وا مـــەزانـــە دامـــەنـــی خـــۆم تـــەڕ دەکـــەم
ئـــێستـــە هـــەرچـــیـــم پـــێ بـــڵـــێن عـــەیـــبـــی نـــیـــیـــە
چـــونـــکـــە ئـــینسان عـــیـــلـــمـــی غـــەیـــبـــی پـــێ نـــیـــیـــە
ئـــاخـــری چـــی وەحشیـــیـــە مـــاڵـــی دەبـــێ
جـــاهـــیـــلـــیش ئـــەو ڕۆژە دێ حـــاڵـــی دەبـــێ

مـــیـــلـــلـــەتـــی بـــێ کـــتـــێب و بـــێ نـــووسین
غـــەیـــری کـــوردان نـــیـــیـــە لـــە ڕوویـــی زەمین
قـــەومـــی جـــوو چـــاکـــە ئـــیـــتـــیـــفـــاقـــی هـــەیـــە
کـــوردی بـــێ غـــیـــرەتـــیش نـــیـــفـــاقـــی هـــەیـــە

ئـەمـان کـوڕانـی ڕەفـیـق و بـرادەرانـی وڵات
بە ئێوە هەر کە گەیشت ئەم کەلامی بێ سەر و پا
لـە پـاش ئەوە تـەصحیح و موطـالـەعـەی بکرێ
بە یادی من لەبەری کەن لە ڕوویی میهر و وەفا
هـەتـا لـە خوططەیی بێگـانـە فـەخری پێوە بکەم
لە بەینی زومرەیی ئەحیا وو مەجموعی مەوتا
ونی مەکەن وەکو ئاساری (نالی) و (کوردی)
لە سەهوی دیدە بپۆشن گوزەر بکەن لە خەطا
ئـەمـانـە زادەیـی ئـەفـکـار و خۆشەویستی منن
ئـەگـەر قـەبیح و کـەریـهن وەگـەر شەل و ئـەعمـا
میسالی فەرخەیی ژیشك کە پێی دەڵێ دایکی
ئـیـلاهـی قـاقـومـە یـانـە سەممورە یـا دیـبـا
شەبـیـهـی جـۆڵا ڕازی نـەبـێ بـە سەردڕی خۆی
مـەڵـێن فـەصاحـەتـی کـوردی بـە فـارسی نـاگـا
بـەلاغـەتـێکـی هـەیـە هـیـچ زمـانـێ نـایـگـاتـێ
لە بێ تەعەصوبی کوردانە بێ ڕەواج و بەها

نەکا خەیاڵی بۆ ئەوە بڕوا، گۆیا حاجی قادر لە تاریکاییی نەناسراوییەوە قسەی قەڵەوی داوەتە بەر ڕەشەبای پاڵەوان پفی و هەڕوگیفی فیشاڵەوە چونکە دڵنیا بووە لەوەدا کەس قسەکانی لێ بەسەر ناگرێتەوە. ئەم خەیاڵە بێ ئەساسە لەو ڕووەوە کە حاجی پەیتا پەیتا شیعرەکانی بڵاو دەکردەوە و بە پێی داخوازی واتای ئەو شیعرانەش کردار و ڕەفتاری دەکرد. بەڵگەی ئەم ڕاستییەش هەموو ژیان و بەسەرهاتی ڕۆژانی ئاوارەییەتی لە وڵاتی بێگانەدا. نەبیستراوە ڕۆژەك لە ڕۆژان حاجی قادر خۆی لە کـەسی دەسەڵاتـدار هـەڵسووبـێت وەیـا بـۆ سوود و تـەمـاع چـاوی لـەبـەر کـەس نـزم کردبێتەوە وەیا بە تێبینیی ترس و ڕەجا قسەی دەروونی لە گۆڕستانی دەفتەران شاردبـێتـەوە، خـۆ هـەمـوو دیـوانـەکـەی سەروبـن بـکـەیت تـاکـە وشەیـێکـی دەست پانکردنەوەی تێدا پەیدا نابێت. سەیرێکی دیوانەکەی بکەیت دەبینیت لە زۆر جێگەدا قسەکانی بۆ میللەتەکەی بەڕێ دەکات و پەیامی کوردایەتی و پەندی ئازایەتی و مرۆڤایەتییان لە ڕێی ئەو قسانەوە بۆ دەنێرێت. ڕاسپاردە ئاگرینەکانی حاجی قادر

بابەتێك نین لە تاریكاییدا خۆی بشارێتەوە حاجیش ئەو كەسە نەبووە گوتەی شتێك بووبێت و كردەوەی شتێكی تر. سۆز و ڕاستیی ئەو نموونە هەڵبەستانەی تازە خستمنە بەرچاوان نەك هەر هی خزمەتكار نییە و بەس، بەڵكو لە نێوان گەردەن كێلانیشدا هی مرۆڤێكی ڕابەری بە خۆنازیوی باوەڕ بە خۆهێناوە كە هەموو جۆرە قسەیێك بە مافی خۆی دەزانێت هەر لە پێداهەڵگوتن هەتا دەرسدان، هەتا شكاندنەوە، هەتا خۆ بە قوربانكردن، هەتا جنێو پێدان، هەتا هەر شتێكی كە ئازایی و ئازادی پەرۆش و دڵسۆزی بە مرۆڤی لە خۆڕازی دەكات. ئەو ئەدیبە و ئەو شاعیرە و ئەو خوێنەرە كوردەی لە سەری زمانەوە بێ باكانە عەیب لە شاعیریەتیی حاجی قادر دەگرێ كە بە دڵخوازی ئەوان بۆ سەد ساڵ دواتر قاڵب و ناوەڕۆكی شیعری نەدۆزیوەتەوە، وەیا لە پایەی هەڵوەستە ئازایەكانی دادەلەنگێنن بەوەدا كە بەر لە سەد ساڵ وەك دێوانەی شاران گەڕیدە دروشمە ناواقیعییەكانی خوێن گەرمێكی ئەمڕۆكەی هەڵنەكرد، با لە پاڵ ئەم بێ ئینسافییەیاندا ئەوەندە واقیعییەتە بەكاربهێنن و فكرێك لەو جموجووڵە بەرژەوەند ویستییەی خۆیان بكەنەوە كاتێك كە دەیانەوێ بە پێی (بنگەی ژن و مێردایەتی) خێزانەكەیان بۆ شوێنی وەزیفەی خۆیان ڕاگوێزن وەیا لە پلەی ٥٠ دینارەوە بۆ ٧٠ دینار هەڵكێشن. هەر لەو حاڵانەدا، بۆ جێبەجێكردنی كارەكەیان، گەورایەتیی چەند مەئموورى لە خۆیان گەورەتر دەسەلمێنن و دەستی ڕێزلێگرتنیان بۆ بەرز دەكەنەوە سەر گۆشەی بروێان و لە باری (زینهار)دا بۆیان ڕادەوەستن! كە كارەكەشیان وەستا لە چەند براگەورەی ترەوە نامەی سفارش دەهێنن بۆ لای كاربەدەستەكە بەڵكو سەرچاوەی بەزەییی دێتە جۆش و دەستێكی ڕەحم درێژ دەكات بۆ ئیمزاكردنی ئەو فەرمانە كە هێندەی (صك الغفران)ی جاران چاوەڕوان دەكرێت. لەم حاڵانەدا با خۆیان بەو حاجی قادرە بگرن كە بەدرێژاییی ژیانی دەستی بۆ كەس پان نەكردووەتەوە و تەمەننای تەماعی بۆ كەس نەكردووە و كاغەزی سفارشی لە كەس وەرنەگرتووە. من لێرەدا ئەو كەسانە عەیبدار ناكەم كە خەریكی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندیانن و یارمەتی لە من و لەو داوا دەكەن وەیا لەبەر ناچاری حورمەتی ئەم و ئەو دەگرن چونكە دەزانم كامەرانی بەندە بە بەرژەوەندەوە، واقیعەكەشمان فێر نەبووە لە خۆوە مافی خاوەن مافان بڕوێنێ تا پاڵ پێوەنەرێك دێت و دەیڕوێنێ، من ئەو كەسانە لەوەدا عەیبدار دەكەم كە هەوڵی خۆیان بەلاوە ڕەوایە بەڵام یەكێكی وەك حاجی بە نۆكەری دەرەبەگ دادەنێن لە حاڵێكدا دەیێكی ئەوانیش سەری فروو نەهێناوە

نە بۆ دەرەبەگ و نە بۆ غەیری دەرەبەگ. ئەوەی ڕاستی بێ من لەلایەن خۆمەوە پتریش لێبوردن بەکاردێنم لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرانەدا چونکە عوزری بەسەهووچوونیان بۆ تێ دەخوێنمەوە لەو ڕووەوە کە وا دەشێ نەپەڕژابێتنە سەر وردبوونەوە و بەراوردکردن و بەیەکتر گرتنەوە بەتایبەتی کە تیژڕۆییی ئەم سەردەمە لە هەموو مەیدانێکدا وا لە مرۆڤ دەکات هەنگاوە بڵاوەکانی بەسەر زۆر ڕاستیدا بکشێت بێ ئەوەی هەستیان پێ بکات بەڵام نابێ ئەم عوزرە ببێتە شەفاعەتکارێکی ئەبەدی، ئەگەرنا هەموو هەڵەیێك و بێ ئینسافییێك و بەسەهووچوونێك شێوەی نەمری و ئەبەدییەت وەردەگرێت. دوای ڕوونکردنەوەی ڕاستی و واقیع دەبێ هەڵوەست ڕاست بکرێتەوە، خۆ ئەگەر یەکێك ویستی بەردەوام بێ لەسەر هەڵوەستی پێشووی، لێی داوا دەکرێ بە بەڵگە ڕاستبوونی هەڵوەستەکەی بسەپێنێ و وەڵامی ئەو ڕەخنانەش بداتەوە کە وا لە خۆی دەگیرێت لەو تەرزە ڕەفتارانەی کە ئەو لە خەلقی بە عەیب دەگرێت و خۆشی دەیانکات. لێرە بە پێشەوە گوتوومە و لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە، ڕۆشنبیر بە تێکڕایی، چ شاعیر چ زانا چ هونەرکار بێت تاکێکی بەرچاو و مومتازی گەلە، لەوانەیە ببێتە ڕابەر و نموونەی کردەوە و ڕەفتار، کەواتە پتر لە خەلقی تر لێی داوا دەکرێت ئاگاداری دەست و قاچ و زمانی بێت، کەمتریش لێی دەسەلمێندرێت پووشکە بە چاوی خەلقەوە ببینێت و چیلکە لە چاوی خۆیدا نەبینێت.

لە ئاکامی ئەم لێکدانەوەیەدا دەگەین بە سەرەتای قەناعەت بەوە کەوا حاجی قادر لە دوو لایەنی یەکجار گرینگی بەراوردکردنەوە بڕیاری بێ عەیبیی بۆ دەدرێت لەو پێوەندییەی کە بە براگەورە و سەرۆکەکانی سەردەمی خۆیەوەی هەبووە. یەکەم بە پێی داب و دەستوور و نەریتی کۆمەڵایەتیی ئەو ڕۆژگارە کە پێوەندیی ئەوتۆییی لە کەس بە عەیب نەگرتووە بەتایبەتی کە دەزانین حاجی بە هیچ جۆرێك لەو پێوەندییەدا کەمایەتیی نەهێناوەتە سەرخۆی.

دووەم لەلایەن ئەوەوە کە دێین هەڵوەستی ئەوسای حاجی بە هەڵوەستی ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆکەش دەگرین لەوان پتر بە مرۆڤێکی ڕێزلەخۆ گرتوو دەردەچێت.

ئەم ڕاستییە بە دەمکێشانی نووسینەوە لە بەراوردکردنی بەهێزتر و بەرچاوتریشدا خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێ.

دابڕینی دیاردەی کۆمەڵایەتی وەیا هەڵوەستی مرۆڤ، چ تاك چ گەل، لە زەرفی

مـێژوویـی و دەوروبـەر و واقـیـع بـە نـیـازی ڕاگـوێستـنـی بـۆ بـەر تـیشکـی واقـیـع و دەوروبـەرێکـی نـوێتـر وەك ڕاگـوێستـنـی ئـێستـایـە بـۆ بـەر تـیشکـی پێوانـە و کێشانـەی مێژوویی تێپەڕیو. ئەگەر بسەلمێنین عەیبدارکردنی هەڵوەستی لێرە بە پێشەوە بە پێی نرخە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ڕۆژگارە کارێکی ڕەوایە، دەبێ عەیبدارکردنی واقیعی ئێستاکەش بە پێی نرخی کۆمەڵایەتیی دوێنێ بە کارێکی پەسەند و ڕەوا لە قەڵەم بـدەیـن. کـە بـێین و قـبـووڵ کـەیـن ئـافـرەتـی سەد ساڵ پـێش ئـەمـڕۆ لـە ڕێی پـەچـە و عـەبـاکـەیـەوە تـاوانـبـار کرێ بـە گـیـانـی کۆنـەخـوازی، دەبـێ ئـافـرەتـی نـوێخـوازی ئـەم سەردەمەش بدەینەوە بەو نرخانە کە وا سەدان ساڵ پێش ئەمڕۆ ئافرەتێکی مایۆ لەبەری شارەزووری پێ دەنرخێنرا. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ لەم ساڵەی (١٩٧٢)ەدا[١] پەچە و عەباکە جارێ شوێنەواری کوێر نەبووەتەوە، ئافرەتی عەشیرەتیش چ فەرقێکی نەکردووە لە ئافرەتی عەشیرەتی سەردەمی حاجی قادر، کەواتە نرخی کۆمەڵایەتی کۆنی کوردەواریی سەر بەماملەتکردن لەگەڵ ئافرەتدا هەتا ئێستاکەش پاشماوەی بەرچاو و ڕێزلێگیراویشی هەر ماوە، کەچی نرخە کۆمەڵایەتییەکانی نۆژەنی ئافرەتی مەکتەب دیدەی کورد تاکە یەك بنگە و ڕیشاڵی نەبووە لە هەموو ڕابردووی کۆندا. کە بوێرین نیگامان فراوان کەین تا ئەو ڕادەیەی هەموو لایەنێکی مادی و نامادیی کۆمەڵایەتیمانی پێ دەگرینەوە دەبینین دیاردەی ئەوتۆمان هەیە نرخ و ڕێزی هەزار ساڵەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە خوارێ تا ڕۆژی ئەم نووسینە، لێرەش بەدواوە بە لێژگەی ڕۆژگاردا دەچێتە خوارێ بە خۆی و ڕێزلێنانیەوە تا ئەو ئاسۆیە مەوهوومەی کە بە خەیاڵ لێمانەوە دیارە. بەو پێیە کە بێین و بەردەوامبوونی یاسا و نەریتی کۆن لە حازردا ڕابگرین بەرانبەر موستەحیلبوونی نەریت و یاسای نوێ لە کۆندا، دەبێ بەلای دڵ ڕاگرتن و نەتۆراندنی خەلقەکەی لێرە بە پێشەوە بشکێینەوە بەوەدا کە یاسا و نەریتەکەیان لێ بە عەیب نەگرین چونکە دەزانین یاسا و نەریتەکە نە جێگریان هەبووە نە لە ئێستاکەشدا هەموویان بە عەیب حیساب دەکرێن سەرەڕای ئەوە کە ئیمکان نەبووە نەریتە ڕێز لێگیراوەکانی ئەمڕۆکە لەو ڕۆژگارەدا هەبێ وەیا ئەگەر کەس پێڕەوی کردبان ڕێزیان لێ گیرابا.

بەلای ڕاستیی بێ تەرەفانەوە ڕەوابوون و ڕەوانەبوونی دیاردەی کۆمەڵایەتی لە چارچێوەی مێژوویی خۆیدا سەیری دەکرێت و بڕیارەکەشی دەدرێتەوە بەو خەلقەکە

(١) کە دەکا ساڵی دەست پێکردنی ئەم نووسینە (١٩٧٢).

لەگەڵ دیاردەکەدا ژیاون. نووسەری دڵسۆز و بە ئینساف و تێگەیشتووش هەر ئەوەی لێ داوا دەکرێ هەڵوەستی ڕاستەقینەی خەلقەکە دەربارەی دیاردەکە ڕوون بکاتەوە و خۆی نەکاتە لایەنێکی دۆست وەیا دوشمنی پرسیارەکە. بە نموونە دەڵێم میللەتێك کە لە پلەیێکی مێژووییدا کارێکی زۆر ناپەسەندی کرد بە یاسا، پێی ناوێ من و تۆ لەم ڕۆژگارە و لەم هەڵکەوتەمانەوە بکەوینە سەر تەئویلی ئەو هەڵوەستە بۆ پەڕاندنەوەی میللەتەکە لە توانجی بەدواکات. وابووە (عەبدایەتی) لەسەر هەموو دزێوییێکی کە تێیدایە یاساییێکی ڕێز لێگیراو بووە، لە هەندێ حاڵدا بە لای عەبدەکە خۆیەوە، وەیاخود دانیشتوانی هەرێمێکی پان و بەرین لەلایەن پاراستنی ڕووسووریی ئافرەتەوە یەکجار بێباك بوون وەك ئەوەی لە کتێبی گەشتەکەی (مارکۆپۆلۆ)[1] دەربارەی هەندێ شوێنی تورکستانی چینییەوە دەیخوێنیتەوە، وەیاخود یاسای polygamy[2] بەلای هەندێ ئاینەوە ڕەوا بووە و ڕەوایشە هەندێکی تریش یاساغی کردووە کە دەزانین لە بەرانبەر ئەودا یاسای Polyandry[2] لە هەندێ نەریتدا بەرەوی هەبووە و تا ئێستاش پاشماوەی هەر هەیە، وەیاخود دیاردەیێك لە شوێنێك ڕێزلێگراو بووە لە شوێنێکی تردا هۆی ئابڕووچوون بووە. کە بمانەوێ نموونان بێنینەوە دەتوانین بەدوایان بکەوین و لە هەموو کات و لە هەموو جێگایەك و لە نێوان هەموو میللەتانیشدا بابەتی وەهایان لێ دەسبژار بکەین کە سەیرمان بێنێتەوە لەوەدا چۆن مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك و لە کاتێکەوە بۆ کاتێك هێندە لە یەکتر جوداواز و دوورکەوتە دەبن.

بێگومان دیاردەی (دەرەبەگایەتی)ش یەکێکە لەو کۆمەڵایەتییانەی کە عەمەلیەتی بەرەوپێشچوونی مرۆڤ پەیدای کردوون، هەروەك واش بووە بە هۆی پاشەکشەی بزووتنەوەی مێژوویی لە شوێنێکدا وەیا لە ڕۆژگارێکدا پتر لە تەمەنی خۆی ژیاوە.

---

(١) مارکۆ پۆلۆ دەڵێ کوبیلای خان ئەم نەریتەی بەکرێدانی (ئافرەتایەتی)ی یاساغ کرد، بەڵام خەلقەکە وەفدی گەورە پیاوی خۆیان نارد کە تکای لێ بکەن دەرگەی ڕزقیان لێ نەبەستێ. بە پێی گێڕانەوەی مارکۆپۆلۆ، کوبیلای خان بەوپەڕی تەحقیرەوە تکایەکەی لێ سەلماندن و گوتی ئێوە کە هێندە بێ دەماربن کەمایەتی و سووکایەتیی وەها بێ ڕەزا بەخۆتان لایەق ببینن بڕۆن چاوتان دەرێ چی بە ناموسی خۆتان دەکەن بکەن. بەدوا ئەمەدا یاساکەی هەڵوەشاندنەوە و ئافرەت بەکرێدان لەو هەرێمەدا حەڵاڵ کرایەوە.

(٢) polygamy زۆر ژنە. Monogamy : تاك ژنە.

Polyandry : زۆر مێردە. Monandry : تاك مێردە.

ئەوەی ڕاستی بێ گەلێك لەو نەریت و یاسایانەی کە لەگەڵ دەرەبەگایەتی لە کۆنەوە بەیەکەوە لە کۆمەڵدا برەویان هەبووە و بەلای هەندێ خاوەن ڕایانەوە هەموویان زادەی یەك پلەی گۆڕانی کۆمەڵایەتین، پتر لە دەرەبەگایەتی بەردەوام دەبن و ڕێزیان دەمێنێ بە هۆی ئەوەوە کە ئەوان لایەنێکی مەعنەویاتی کە تێیاندایە پاڵپشتییان لێ دەکات و خۆراکی ژیانیان پێ دەدات لە حاڵێکدا دەرەبەگایەتی پێوەندیێکی مادیی ناحەزی ڕووتە و چ سەروکارێکی لەگەڵ مەعنەویات و غەیبدا نییە، ئەگەرنا زۆر جاران شێخایەتیی تەریقەتی چاو لە دنیا هێندەی دەرەبەگایەتی قورساییی خۆی خستووەتە سەر شانی فەلاح و هەژارانەوە بەڵام وەك دەرەبەگایەتی ناحەز نەبووە، بە پێچەوانە ئەوپەڕی ڕێزی لێ نراوە. لەم نووسینەدا نموونەیێکی ئەم دیاردەیەمان دیت لە مەسەلەکەی شێخ نەبی ماویلی کە وا نەك هەر بەلای خەلقەکەی سەردەمی خۆیەوە ڕێز لێگیراو بوو بەڵکو سەرەڕای ڕێز لێگرتن، بە ئەرك و مەسرەفی خۆیان قورساییی داخوازییەکانیان هەڵدەگرت و یەخەی حەقپەرست و دڵسۆزێکی وەك حاجی قادریشیان بۆ دەگرت. سەرنجێك لە شۆڕشی فەرەنسە بگرە دەبینی کەنشتەش وەك کۆنتەکان خاوەن زەوی بوو بەڵام بەهۆی خەرمانەی پیرۆزی (غەیب) بەدەوریەوە هێندەی کۆنتەکان دووچاری هێرشی شۆڕش نەبوو، دواتریش کە کڵپە و هەڵپەی شۆڕش بەسەر چوو کۆنتایەتی و دەرەبەگایەتی لە فرەنسەدا دوابڕاو بوو بەڵام کەنشتە هەر مایەوە بۆ ڕێز و خۆشەویستیی خەلقی فەرەنسە.(١)

ئەم نموونە کۆمەڵایەتییانەی تازە خستمنە بەرچاوی خوێنەرەوە، کە هەموویان زادەی مێژوو و واقیعن هەرچەند بەد و ناپەسەندیش بن، هەر یەکێك لەوان ناحەز و نەیاری تایبەتی خۆی هەیە، واتە سەرلەبەریان بەلای هەموو بیروڕایانەوە لە یەك پلەی نەخۆشەویستیدا نین. بێگومان پیاوێکی ئایندۆست پتر ڕق لە ئافرەت فرۆشی هەڵدەگرێت تا زەویداری کە بە لای ئەوەوە چ بێ شەرعیی تێدا نییە، کەچی دەزانم ڕۆشنبیرێکی خولیای پلەی گۆڕان و خەباتی چینایەتی و هێزی پێشڕەو و فکری ئەوتۆیی لە دڵ و مێشکیدا جێگیر بووبێت بەلایەوە ئاسانترە عوزری ئابووری

(١) لە هەندێ نووسینی بە حورمەتدا دەخوێنیتەوە چۆن (عبدالناصر) لەگەڵ (خرۆشچێڤ)دا بە وتوویژ دەربارەی مەلاکانی ئیسلام ئەوەی بۆ ڕوون کردووەتەوە کە مەلاکان نە مڵکدار بوون و نە هەرگیز لای زۆر و ستەم بوون، تەنانەت لە سەردەمی ناپلیۆنەوە لایەنگیری شۆڕش بوون. کەنشتەی ئەوروپا زۆر ساماندار بووە.

بـدۆزێتـەوە بـۆ چـاوپـۆشیـکـردن لـە پـامـاڵبوونـی ڕووسوریـی ئـافرەت[1] تـا ئـەوەی دەرەبەگایەتی بە دیاردەیێکی کۆمەڵایەتیی چاو لێپۆشراو حیساب بکات. لەوانەیە یەکێکی تریش کە ئاینەکەی تاك ژنی دەسەلمێنێ ڕقی هەرە گەورەی لەوەبێت کە پیـاوێك دوو ژنـی هـەبـێت. ئـەم هـەڵـوەستـە لـە یـەکـتـر نـەچـووانـە بـەرانبـەر دیـاردە کـۆمـەڵایـەتـیـیـەکـان دەخـلـی مـەزووعیـی بـێ تـەرەفـانـەی بـەسەر چـاکـە و خراپـەی دیاردەکانەوە نییە، چونکە دەشێ خاوەنەکانیان کە هێندە لە یەکتر دوورن هەموویان مرۆڤی چاك و نیازپاك بن و هەریەکەیان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە پێڕەوی باوەڕەکەی خۆی بکات، کە ئەمە وای داوا دەکرد نیازی پاك لەسەر یەك باوەڕیان کۆ بکاتەوە نەك تا ڕادەی دوشمنایەتی لە یەکتر جودابن.

هەڵبەت من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە دەرەبەگایەتی بە دیاردەیێکی ڕەوا وەیا چاك دابنێم، یاخود چاوپۆشی لە پامالبوونی ڕووسووریی ئافرەت پەسەند بکەم چونکە لەم نمایشتەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم مرۆڤ لە کولانەی نەفسی خۆیەوە سەیری چاکە و خراپەی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی دەکات ئیتر ئەو نەفسە یا بە سەهووچووە یا نەچووە، بە پێی بەسەهووچوون و نەچوونیشی هەڵوەستەکەی ڕاست دەبێ وەیا هەڵە. ئەگەر لە جیاتی مرۆڤەکان سەد جیهازی کۆمپیوتەر بڕیاری چاکبوون و چاك نەبوونی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیان دابا بێگومان هەر سەدیان یەك بڕیاریان دەدا چونکە ئەوان نەفسیان نییە بیکەن بە ئاینە و جیهانی تێدا بخوێننەوە، کۆمپیوتەر ئەگەر زانیاریی ڕاستی بدرێتێ نە بە سەهوو دەچێ و نە هیچ لایەنگیریش دەکات، بە تەواوی بە پێچەوانەی مرۆڤ کە لەوانەیە هەردوو عەیبی تێدا کۆببێتەوە.

ڕۆشنبیر کە بیەوێ لە هەڵوەستێکدا بێ بتوانێ شانازی بە ڕاستبوونیەوە بکات، لەسەریەتی بە قەدەر کۆمپیوتەر مەزووعی بێت و خۆی لە مەیلی دڵی خۆی بدزێتەوە.

---

(١) مەحموود حەسەن ئیسماعیل لە ژێر ناونیشانی (هکذا قالت بغی) ئەم دیفاعەی لە ئافرەتی خۆفرۆش کردووە:

ساقنی القوت و ساقتکم الیّ شهوات
جـذبتکم للهوی مـن شفتیّ جمرات
هی فی شرعکم الجانی علیّ صبوات
ازهـرت حمرتَها مـن رئتیّ زفرات
وهـی لحن الزاد غنته لـدیّ قبلات

هەرگیز خۆکردنە سەربازی عەقیدە نابێتە عوزری خۆ بەسەهووبردن و چاو لە ڕاستی پۆشین چونکە عەقیدەی ڕاست خۆ بە سەهووبردن قبوڵ ناکات و پەکیشی لەسەر چاوپۆشی نەکەوتووە، کە هات و عەقیدە لە ڕاستی وەتەنگ هات دیارە هەڵەی تێدایە. ئەمەش بەدیهییەیێکە نە سەلماندن هەڵناگرێت.

ڕاگرتنی دەرەبەگایەتی لە نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی جۆراوجۆر کە لەگەڵ ئەودا ژیاون، یارمەتی سەرنجگر دەدا کە وا هەمیشە لە چارچێوەی واقیع و هەڵکەوتدا سەیری مەسەلەکە بکات. من لەم چەند دێرەی بەڕایی یەك دوو دیاردەم کردە پەڕاوێز، کە ئەگەر لەگەڵ پرسیارەکەدا بەتەواوی و تاڕادەی ڕەواندنەوەی هەموو تاریکاییەك بەدەورییەوە لەگەڵی خەریك بین پێویستە پەڕاوێزی چەشمەنداز لێك بکشێنەوە تاکو هەموو ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە بگرێتەوە کە وا وەك ئەو بەلای بیروڕای بە زاهیر نوێخوازەوە ناپەسەند و دژی پێشکەوتنی گەلانن بۆ ئەوەی هەر یەك لەوان پشکێکی ڕق لێبوونەوە وەرگرن نەکا سەرلەبەری رقەکە ڕوو لە تاکە دیاردەیێك بکات، ئەوساش دوو کەلەبەری گەورە دەکەوێتە ناو نیگای سەرنجدەر، یەکەمیان ئەوەیە بە زیادەوە دوشمنایەتی بەکاردێنێت لەگەڵ بابەتەکە چونکە تاکە دوشمنی مەیدانی سەیرکردن دەبێت، دووەمیان ئەوەیە کە وا لە دیاردە کۆمەڵایەتییە دراوسێکانی دادەبڕێت و دەکەوێتە بەتاڵاییەوە دەشزانین دابڕانی مەوزووع لە واقیعی مێژوویی خۆی نائاشنا و نا مەفهوومی دەکات. من ڕێگەم نییە بابەتی دەرەبەگایەتیی کورد، لە هەموو ڕوویێك و لە هەموو لایێکەوە، بخەمە بەر تیشکی سەرلەبەری واقیعی کوردایەتی و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی کوردەواری تەنانەت ناتوانم لەم نووسینەدا دەرەبەگایەتی ببەمەوە بۆ سەرچاوە مێژوویییەکەشی چونکە باسەکە بە گشتی خەریکبوونێکی سەربەخۆ و درێژی گەرەکە. چارم ناچارە لە گۆشەنیگای پێوەندیی باسی حاجی قادر بە مەوزووعەکەوە بایی ئەوەی لە تاریکایی (مطلق) دەرچێت و قسەی ڕاستی پێوە بەند بێت، لەسەری دەڕۆم لەوە بەولاوە خوێنەری باسەکە دەبێ زیهنی خۆی بە مێژووی دەرەبەگایەتی و بە جێگەی ڕاستەقینەی لە نێوان جغزی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تری بەد و ناپەسەنددا بگێڕێت و تێکڕای وردبوونەوەکەشی لە عمومیاتی مێژوو وەرگرێتەوە بۆ ناو مێژووی میللەتی کورد ئەوسا بە چاوێکی کرایەوە سەیری باسی دەرەبەگایەتی و خەریکبوونی ئەم نووسینە پێیەوە، بکات. ئەم تەرزە وردبوونەوەیە مێشکی ڕۆشنبیر لە چەندین قۆرت و تەڵەی فکری ڕزگار دەکات بەوەدا کە ڕێ

دەبەستێتەوە لەوەی تاکە عامیل ببێتە ئاکتۆری سەر شانۆی مێژووی بەدکاری و هەموو بەردباراکردن بۆ خۆی بدزێتەوە و بەشی عامیلەکانی تری لێ نەدات وەیاخود واقیعی کورد و هیچ میللەتێکی تر وەك یەك سەیریان بکرێت ئەگەر ئەویش لە زەرفی وەك هی کورددا نەژیابێت، کە دەزانین زەرفی وەها ناڵەبار و پڕ فەلاکەت لە نێوان ئەو میللەتانەی تا ئێستا ماون ڕەنگە هەر پەیدا نەبێ.

ئەگەر بێین بە خەیاڵ حاجی قادر باوێینە بەر تاقیکردنەوەی (بیروباوەڕ) لە ئاست ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی لەو چەند دێرەی پێشووتردا هاتنە ناو شریتەی نووسینەوە، گومان نییە لەوەدا حاجی بەر لە هەموو شتێك دژی ئەو یاسا و نەریتە دەوەستێ کە بەرانبەر ڕووسووریی ئافرەت کەمتەرخەم بێت چونکە ئەو لە چەند موناسەبەدا کوردی بەوە هەڵدەداتەوە کە ناموسی مێردایەتی و ژنایەتییان دەپارێزن لە حاڵێکدا میللەتێکی تر، لەوانەی حاجی بە هەڵبەست دەیانشکێنێتەوە، تا ئەو ڕادەیە دەربەست بە (ناموسپارێزی) نەبوون تەنانەت بە سەراحەت لە دژی (متعە) دواوە کە بە لای هەندێ مەزهەب و نەریتەوە کارێکی ڕەوایە. دیوانەکەی بخوێنەوە و نموونەی ئەم بیروڕایانەی حاجی بە چاوی خۆت ببینە. من لێرەدا تاکە بەیتێك بە شایەدی دەربەستبوونی حاجی بە ڕوو سووری ئافرەت دەهێنمەوە تاکو باشتر بە بەرچاوی خۆمانەوە بگرین کام ئاکار و ڕەوشت و یاسا لەو سەردەمەدا جێی پێوە نازین وەیا لێڕازی نەبوون بووە:

کوڕی غیلمانە کچیان عەینی حوری
نەزەربازن وەلێکین[1] دووربەدووری

دەبینی لێرەدا حاجی قادر بەجۆرێك گەنجی مێیینە و نێرینەی کۆیێ لە بێ پەردەیی دوور دەخاتەوە کە توهمەی لە نزیکەوە سەیری یەکتر کردنیشیان لێ دەتەکێنێتەوە وەك ئەوەی کە بە عەیبێکی شەرمهێنەوە حیساب کرابێت.

---

(١) هەندێك خوێنەر وشەی (وەلێکین) دەکەن بە (وەلاکین– ولکنی عەرەبی)، لەمانە تیپی مۆسیقای (باواجی)ش هەر وەهای خوێندووەتەوە بەڵام ڕاستیی خوێندنەوەی وەهایە وەك نووسیومە. لە فارسیش هەر بەم جۆرەیە:

بگفتا من گلی ناچیزه بودم
ولیکن مدتی بـــا گل نشستم

سەیر لەوەدایە حاجی قادر کە بە پێی قەناعەتی ئەو سەردەمە تا ئەم ڕادەیە دەربەستی ڕووسووریی ئافرەت بووە چ دەوڵەتپارێزیی خۆی تێدا مەبەست نەبووە چونکە هیچ خزمێکی ئافرەتی وەها نێزیکی نەبووە کە بە شەرع (دەستنوێژی لێی نەشکابێ) تاکو خەیاڵ بۆ ئەوە بڕوا حاجی لە هەڵوەستێکی شەخسییەوە نەزەرکردنی لە نزیکانەوەی بە حەرام دانابێت وەیا ئەم شیعرەی دەنگدانەوەیێکی لاشعوریی پەرۆش هەڵگرتنی دامەنپاکیی ئافرەتی مەحرەمی خۆی بێت چونکە دوای مەرگی دایکی خوشکی نەبووە، ژنیشی نەهێناوە، کە ژنی نەهێناوە دیارە کچیشی نەبووە ئەم سێیانەش (ژن و کچ و خوشك) نێزیکترین سێ ئافرەتن بۆ حاجی کە چاکە و خراپەیان لەسەر ئەو حیساب بکرێت. بەمەدا پتر حاڵی دەبین کە وا حاجی لە هەڵوەستەکانی بەرانبەر (دیاردەی کۆمەڵایەتی) زەرفی شەخسی خۆی تێکەڵ بە حیسابان نەکردووە، چی گوتووەتی بیروڕای بێ پێچ و پەنای بووە.

هەر لەم لێکدانەوەشەوە دەگەم بەو باوەڕە کەوا حاجی لە ئاست (دەرەبەگایەتی)شدا هەڵوەستێکی مەوزووعیی هەبووە بە پێی واتای وشەی (موضوعية) بەرانبەر دەرەبەگایەتی لەو سەردەمەدا، واتە لەو باوەڕەم کە ئەگەر حاجی چەند پارچە ئەرزێکی کەوتبایە کێشەی دەست بەسەرداگرتن لەلایەن زۆرداریکەوە گۆڕانێکی گەورە بەسەر هەڵوەستەکەیدا نەدەهات بەڵکو هەر لەوەندە دەوەستا کە لە ڕێی لەسەرخۆکردنەوەوە دەستەویەخەی ئەو زۆرداره بوویایە نەك ئازار و زیانی شەخسی فەلسەفیێکی نوێ و فراوانی بەرانبەر زۆرداری و دەرەبەگایەتی بۆ حاجی پێك هێنابایە. هەرچەند لەم ڕایەمدا بەسەر تاکە بنگەی لێکدانەوەوە دەوەستم چونکە ڕووی نەدا زەوی لە حاجی داگیر بکرێت و ئاکامەکەی بەچاو ببینین، بەڵام ڕوونەدان ڕێگەی لێکدانەوەم لێ نابەستێ چونکە هەموو ژیان و بەسەرهاتی حاجی ئەوە بە ئیسات دەگەیەنن کە حاجی لە ڕوانگەی سوودی شەخسییەوە سەیری جیهانی نەکردووە، خۆ ئەگەر لە نوقتەی سوودەوە بەرەو (هەڵوەست) ڕۆیشتبایە دەبوو یەك لەفزی کوردایەتی لە دوولێویەوە دەرنەیەت و یەك وشەی ناحەزانە لە شێخ نەبی نەگرێت و هەرگیز لە دوورەوە مەدحی براگەوران نەکات. کەواتە حەقمە بڵێم حاجی هەر ئەو حاجییە دەبوو ئەگەر زەوییەکانیشی لێ داگیر کرابایە هەرچەند دەشێ بیر بۆ ئەو بڕوات کە ئەگەر لە تەجرەبەی شەخسیدا ڕووبەڕووی زۆرداریك بوویایە، هەر لەکولانەی تەجرەبەی شەخسییەوە هێرشێکی بردبایە سەر زۆردارەکە بە شیعر وەیا بە قسە هەروەك دیتمان

کە لەگەڵ شێخ نەبیدا دووچاری ئەو هەرایە بوو کەوتە سەر ئابڕووبردنی بەشێوەیێك بیرمان لەوە کردەوە ئایا ئەم دوشمنایەتییە و ناکۆکییە دەخلی بووە یا نەبووە بەسەر هەڵوەستی حاجی بەرانبەر شەعبەدە. من کە لێرەدا دەڵێم هەڵوەستی حاجی بەرانبەر دەرەبەگایەتی و زەویداری لە ڕێی تەجرەبەی شەخسییەوە نەدەگۆڕا لە زیمندا قسەکەم ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوە کە وا هەمان بڕیاریش بدەم بەسەر مەسەلەکەی شەعبەدە و شێخایەتیی درۆزندا، واتە ئەم قسەیەم نەختێك پێشدەستی دەکات لەو کات و بارەی جارێ دانەهاتووە بۆ یەکلاکردنی پرسیارەکەی شەعبەدە و هەڵوەستی حاجی لە ئاستیدا لە نوقتە نەزەری دەوری تەجرەبەی شەخسیی حاجییەوە. بە هەمە حاڵ دەوری تەجرەبەی شەخسی لە هەڵوەستی حاجی قادر بەرانبەر دیاردەکانی کۆمەڵایەتی چەندێك بووبێت یا نەبووبێت ناشێ خەیاڵمان بۆ ئەوە بڕوات کە (سوودی شەخسی)ش جۆرێك بووبێت لە تەجرەبەی شەخسی چونکە بەڕاستی حاجی قادر حیسابی سوود و زیانی تێکەڵ بە قەناعەتەکانی نەکردووە لەمەشدا کردە و گوتەی بەیەکەوە شایەدی بێ دەمەتەقەی حاڵن.

ئێستا با دەوری تەجرەبەی شەخسی لە هەڵوەستی حاجی بەرانبەر دەرەبەگ بەلاوە بنێین و بەوەندەی تازە لێی دواین، کە دەزانم بایی قەناعەت دەکات، وازی لێ بێنین تاکو لەبەر تیشکی واقیعی فراوانەوە سەیری هەڵوەستکەی بکەین.

واقیعی فراوان کە تەجرەبەی شەخسی لێ دەرهاوێژرا سێ بنگەی بنجیی تێدا دەمێنێتەوە، قسەکەشم لێرەدا لەگەڵ (واقیعی فراوان)ی حاجی قادرە نەك هی هەموو جیهان، بەدەوری (دەرەبەگایەتی)شەوە دیاردەکانی تری کۆمەڵایەتی، دەرەبەگایەتیی کوردیش نەك هی میللەتانی تر:

بنگەی یەکەم چەند و چۆنی دەرەبەگایەتییەکە خۆی لەو زەرف و کاتەدا کە تێیدا هەڵدەسەنگێندرێ. دیارە لێرەدا کاتەکە ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە حاجی قادر تێیدا خاوەن فکر و بیروڕا و هەڵوەست بووە و لەگەڵ دەرەبەگایەتیی کوردیشدا ژیاوە. لەم ڕووەوە دەبێ ساڵانی سەرەتای ژیانی حاجی لەماوەی عومری دابشکێنین چونکە جارێ لێی چاوەڕوان ناکرێ، داواش ناکرێ، هەڵوەست نیشان بدات. بەدوا ئەمەدا دەبێ جارێکی تریش ئەو ساڵانە لە حیسابەکە دەرباوێین کە حاجی لە ئەستەمبوڵی بەسەر بردووە چونکە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە دەرەبەگایەتیی کوردەوە نەماوە (لەگەڵ هیچ جۆرە دەرەبەگایەتیی تریشدا پێوەندیی نەبووە تاکو حیسابێکی خەیاڵی ئەو

پێوەندییە بگێڕینەوە بۆ ناو حیسابی هەڵوەستەکە). بەو پێیە ئەگەر بسەلمێنین حاجی لە ١٢٤٠ی کۆچی هاتبێتە دنیا و لە ١٢٨١یش بەرەو ئەستەمبۆڵ ڕۆیشتبێ دەمێنێتەوە ٢٠ ساڵێك کە بیکەین بە ئاوێنە و تارماییی دەرەبەگایەتیی پێدا تێ پەڕێنین و هەڵوەستی حاجی لێ هەڵێنجین. هەڵوەستی حاجی بەرانبەر دەرەبەگایەتی لەو ساڵانەی کە لە ئەستەمبۆڵی بەسەر بردووە دەخرێتە بەر تیشکی دوو بنگەکەی ترەوە کە لە کوردستان و لە تورکیاش کاریگەربوون.

من درێژەی قسەم لە بارەی بنگەی یەکەمی واقیعی فراوانەوە دەخەمە دوای لێبوونەوە لە باسی دوو بنگەکەی تر کە خێرا پێیاندا تێ دەپەڕم چونکە بنگەی یەکەم هەم خۆی بابەتی ئەسڵی نووسینەکەیە و هەم هی تایبەتی کوردیشە، دوو بنگەکەی تر بەتایبەتی کوردن و نە بە ئەسڵیش بابەتی نووسینن هەرچەند بنگەی واقیعیی فراوانیش بن.

بنگەی دووەم هەڵکەوتی دەرەبەگایەتییە لە جغزی ئاین و یاسادا. ئەوەی ڕاستی بێ بە نیسبەت حاجی قادرەوە ئاین پتر جێی بایەخ پێدان بووە چونکە جێی قەناعەت و باوەڕهێنانی بووە، بە پێچەوانەی یاسا کەوا تا ڕادەیێك بەلای دینداره‌کانی ئەو سەردەمەوە جێی گومان لێکردن بووە چونکە بە کوتەکی دەستی حکوومەت زانراوە، زۆر جارانیش حوکمی یاسا لەگەڵ ڕاستە حوکمی ئاین جووت نەڕۆیشتووە کە ئەمە جارێکی تریش لەبەر چاوی دینداراندا ناحەزی کردووە. من نامەوێ لێرەدا بێ لزووم بەدوا لێکۆڵینەوەی باری (یاسا و دەرەبەگایەتی) سەردەمی عوسمانلی بکەوم کە دەزانم تین و تاوێکی بەرچاوی بۆ دڵ و دەروونی حاجی نەهێناوە بە بەڵگەی ئەوە کە دەنگی نەداوەتەوە لە شیعرەکانیدا. بەگشتی ئەوەندە دەڵێم یاساکانی سەردەمی عوسمانلی دوشمنایەتیی دەرەبەگایەتییان نەکردووە بە ئامانج تاکو بکەوینە سەر باری لێکدانەوەی ئاکامی ئەو دوشمنایەتییە لە بیروڕای حاجی قادردا وەیا خەریك بین هاندان و تیژکردنی غەزەبی حاجی قادر دژی دەرەبەگ لەو یاسایانەدا دەرخەین. بە پاڵپشتیکردنی ئەم بۆچوونەم دەڵێم وەزعی عەشیرەتی شتێکی سەلمێنراو بووە تەنانەت لەم عیراقەی خۆماندا تا ساڵانی دوای شۆڕشی تەموز (نظام دعاوی العشائر) پێڕەوی دەکرا و مەحکەمەی بۆ دادەندرا. (سەیر لەوەدایە من بۆ خۆم کە شارنشین بووم و وەزیفەی حاکمایەتیم دیتبوو، بووشبووم بە نائیب کەچی لە حوکمی ئەم نیزامەی عەشائیری ڕزگار نەبووم و بە پێی مادەکانی جارێکیان پێش شۆڕشی

تەمووز حەبس کرام). من نامەوێ بڵێم یاسای دەوری عوسمانلییەکان بۆ خزمەتی عەشیرەت و دەرەبەگ دادەندرا چونکە ئەمە نەڕاستە و نەدەشبوو ڕاست بێ. حکوومەتی مەرکەزیی عوسمانلی مەبەستی هەرە گەورەی خۆپاراستن بووە و هەرگیز نەیویستووە دەرەبەگ بکات بە هاوبەشی حوکم، بەتایبەتی دەرەبەگی کورد کە هەر بەجارێ ڕێی هاوبەشیی حوکمی لێ بەستراوە، هەر نەختێك دواتریش تووشی باسکردنی ئەم لایەنە دەبینەوە.

کورتەی قسە لەبارەی (یاسا و دەرەبەگایەتی)ی زەمانی عوسمانلی ئەوەیە کەوا هەرگیز تەئسیرێکی هاندەرانەی نەبووە بە نیسبەت دڵ و دەروون و بیروڕای حاجی قادرەوە.

دەمێنێتەوە تین و تاوی بڕیارەکانی شەریعەت: قسە لە هەڵوەستی ئاین بەرانبەر دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری و داد و ستەم و چینەکان و ڕەگەزەکان و دینەکانی غەیری ئیسلام و دیاردەکانی کۆمەڵایەتیی عەرەب و غەیری عەرەب و چەندین مەسەلەی تر کە لە جغزی حوکمی ئایندان دەریایێکی بێ کنار و بێ قەراره و سەد کەشتیی نووسەرانی تێدا غەرق دەبێت. من لێرەدا نە لزووم دەبینم نە مەودا دەبینم بۆ چوونە ناو ئەو دەریایەوە، بەڵام چونکە بێ دەنگیی تەواو لە ئیمکاندا نییە ئەوەندە دەڵێم فکرەی (داد) لە ئیسلامدا لەسەر بناغەی (چینایەتی) هەڵنەستاوە تاکو بێین لەجیاتی حاجی قادر بە درەنگە کاتەوە دەرەبەگایەتی و زەویداری بخەینە بەر تیشکی ئاینەوە بزانین ئاخۆ دەبێ خۆش بویستری وەیاخود رقی لێ هەڵبگیرێ.

بێ گومان ئیسلام دەوڵەمەندێکی نوێژکەری خۆشتر دەوێ لە هەژارێکی نوێژنەکەر بەڵام گومان لەوەشدا نییە کە پتر لەسەر هەژار دەکاتەوە تا دەوڵەمەند هەرچەند لەسەر کردنەوەکە لە نوقتەی (دژایەتیی دەوڵەمەند)ەوە سەری هەڵنەداوە چونکە ئیسلام سەربەچین بوون و سەر بە ڕەگەزبوونی نەکردووە بە تاوان، لە هەمان کاتیشدا ئەمەی لە خۆی نەکردووە بە ئامانج دەوڵەمەند و زەویدار و دەرەبەگ هەتا قافی قیامەت دەبێ ئیمتیازەکەیان هەر بمێنێ چونکە مەعلوومە سوودی گشتی بەپێی کات و بار لە چدابێت ئیسلام ئەوە بە یاسا دادەنێت و لە ڕێی مەبدەئی وەك (استحسان) و (المصالح المرسلة)وە چی پێویست بێ لە گۆڕینی باری قانوونی (سوودی تایبەتی و گشتی) ئەوە دەکات و لە مێژوودا کردووەتی. کورتەیێکی یەکجار کورتەی قسە ئەوەیە، حاجی قادر لە ڕاگەیاندنەکانی ئاینەوە بەرەو دوشمنایەتیی زەویدار و دەرەبەگ و سەرەك عەشیرەت

و دەوڵەمەند نەچووە چونکە لە نێوان ڕاستە شەقامەکانی ئەو مەزهەبانەی کە لە ئاینیان هەڵێنجاوە هیچیان بەرەو (چینایەتی) نەڕۆیشتوون و هەموویان فکرەی دادیان داوەتەوە بە ڕەفتاری (تاك) کە لەبەر تیشکی فەرمانەکانی شەریعەت رابگیرێت. خۆ ئەگەر ئێمە ئەو قسە سادەیە بسەلمێنین کە دەڵێ یاسا بۆ سوودی چینی دەسەڵاتدار دادەندرێت دەبێ چاوەنۆڕ بین مەزهەبەکانی ئیسلام پشتگیری لە دەوڵەمەند و دەرەبەگ بکەن چونکە ئەوان بەر لە هەزار ساڵ دەسەڵاتدار بوون، کە مەعلوومە ئیسلام ئەوەندەی لە ئیمکاندا بووبێت خەریکی پاراستنی مافی هەژار و بێ دەسەڵات بووە. تەنانەت ئایەتی قورئان لە شوێنێکدا گلەیی لە پێغەمبەر (د.خ) دەکات کە گوێی لە کوێرێکی هەژار نەگرتووە و ڕووی وتوویژی لە کۆمەڵێکی خاوەن وەجاهەت کردووە (بسم الله الرحمن الرحيم. عبس وتولى. أن جاءه الاعمى. ومايدريك لعله يزكى. أو يذكر فتنفعه الذكرى. اما من استغنى. فأنت له تصدى. وما عليك ألا يزكى. واما من جاءك يسعى. وهو يخشى. فأنت عنه تلهى).

من لەم باسەی سەر بە لایەنی دینەوە تەنیا ئەوەندەم مەبەسە ڕوون بێتەوە ئایا لە شەریعەتدا هیچی وەها هەیە خاوەن بیروڕایێکی مسڵمانی سەد ساڵ پێش ئیمڕۆ ڕاستەوخۆ بخاتە سەر دوشمنایەتیی یەکێك لەو تاقمە کۆمەڵایەتییانەی بە زاراوەی نوێ پێی دەگوترێ (چین)؟ بەڕاستی ئەم هەوڵە لە منەوە وەك (تحصيل حاصل) وایە چونکە ئەگەر شتێکی وەها هەبوویایە حاجی قادر، بەر لە ئەویش سەدان لە زاناکانی ئاین بە پێی فەرمانی شەریعەت دوشمنایەتیی ئەو چینەیان دەگرتە بەر هەر وەك لە نووسینی هەموویان فەرمانی (جهاد) لێی کۆڵراوەتەوە و بە درێژی هەموو لایەنێکی ڕوون کراوەتەوە، تەنانەت دەسکەوتەکەشی بە پێی بڕیاری ئایەتەکانی سەر بە (جهاد)ەوە نەخشەی دابەشکردنی کێشراوە. بێگومان شەریعەتی ئیسلام یاسای بێ کەلەبەری داناوە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە بەلای ئەوەوە چاکن یا خراپن. یەکێك لە ڕۆشنبیرانی سەردەمی نوێ بتوانێ دەریا دەریای کتێبی شەریعەت بخوێنێتەوە کە بەوپەڕی وردی و بەرینی و قووڵییەوە لە هەموو سەروبەرێکی ئادەمیزاد دواوە لەو لایانانەوە کە بەپێی باوەڕی ئیسلام جێی خۆیەتی یاسای بۆ دابندرێ، سەری لەوەدا سوڕدەمێنێ کە ئەم هەموو وردەکارییە چۆن کراوە و لە کوێ ئەم هەموو لێکدانەوە و بەراوردکردنە و دەستووارنە و لێکۆڵینەوە و هەڵێنجانە و پاڵاوتنە هەڵقوڵیوە کە لە تەك ئەودا کەم کاری عەقڵی و قانوونیی ئەو سەردەمە خۆی دەنوێنێ. بێگومان لە

سەرتاسەری شەریعەتی ئیسلام بە هەموو سەرچاوەکانی یاسادانانیەوە، وەك قورئان و حەدیس و قیاس و ئیجماع... تاکە یەك ڕیچکۆڵە بە دەست ناکەوێ ببرێتەوە بۆ فکرەی چینایەتی تاکو بە ئومێد بین لە شەریعەتەوە مامۆستایێك پەیدا بێت دوشمنایەتیی دەرەبەگ فێری حاجی قادر بکات. کە ئەمە دەڵێم دوو خاڵی یەکجار گرینگم هەر لە بیرە دەبێ ڕوونی بکەمەوە نەوەك تەفسیری خراپ و ناحەزانە لە قسەکانم بدرێتەوە.

خاڵی یەکەم ئەوەیە، وسکوتبوونی شەریعەتی ئیسلام لە فکرەی چینایەتی بە هیچ جۆرێك ئەوە راناگەیەنێ کە ئیسلام لە دەستدرێژیی خاوەن دەسەڵات و دەرەبەگ و دەوڵەمەندان وسکت بووە، بە پێچەوانەوە لە هەموو ئەو ڕۆژگارانەدا کە شەریعەتی ئیسلام بەڕاستی و دروستی لە کاردا بووە هەمیشە کات دادگەی ئیسلام بە یەك چاو سەیری گەورە و گچکە و هەژار و دەوڵەمەند و پاشا و گەدای کردووە تەنانەت یەکێکی وەك (جبلة بن الایهم) کە لە ئیسلامەتی هەڵگەڕایەوە لەوەوە بوو کە نەیتوانی مەبدەئی یەکسانی و بێ فەرقیی نێوان مەردم تەحەمول بکات وەك کە خەلیفەی دووەم (عمر ابن الخطاب) پێڕەوی شەریعەتی دەکرد. بەڕاستی ئەو دادە و یەکسانییەی لە سێبەری شەریعەتی ئیسلامدا بەکارهێنراوە لە ڕووی فەرق نەبوونی نێوان هەژار و دەوڵەمەندەوە لە هیچ ڕژیمێکی ئەم ڕۆژگارە چ ئەوانەی پێیان دەڵێن لیبەرال و چ ئەوانەی پێیان دەڵێن پرۆلیتاری بەدی ناکرێت ئیمکانی بەدیکردنیشی نییە. من ئەمە باوەڕمە و بە سەراحەت دەری دەبڕم هەرچەند مەوداشم نییە لێرەدا بە ئیسپاتی بگەیەنم، بەڵام ڕێی ئەوەم هەیە شتێك بخەمە سەر قسەکانم بەوەدا کە بڵێم ئیسلامەتی بەوەندە ڕانەوەستاوە دادی مەزڵووم لە زاڵم وەرگرێت تا ڕادەی تەسلیمکردنی قاتڵ بە دەستی خوێنگری کوژراو، چونکە جگە لە سزای دنیایی سزای قیامەتیشی نیشانی خەلق داوە کە بەلای ئەهلی ئیمانەوە ئەویان قورسترە. هەڵبەت نابێ بگوترێ ئەم سزایە بایەخی نییە لە ڕووی ئەوەوە ڕژیمە دنیاییەکان باوەڕیان بە قیامەت نەهێناوە، چونکە هەر بیروباوەڕە بە پێی قەناعەتی خۆی، نەك هی غەیری خۆی، سزا و پاداش دادەنێ و ئەو خەلقەی پێڕەوی بیروباوەڕەکەش دەکەن بایەخ بەو سزا و پاداشە دەدەن نەك سزا و پاداشی عەقیدەیێکی تر کە بە لایانەوە ڕاست نییە. بە نموونە دەڵێم یەکێك لەو گۆرانییانەی لە بیرەوەری ساڵانەی شۆڕشی (٢٣)ی یۆلیەی میسر، ساڵی (١٩٦٤) بڵاو بووەوە ئەم دێرە شیعرەی خوارەوەی بە توانج دادەنا لە زەمینەی

شکاندنەوەی ئەو کەسەی پەرۆشی بۆ سۆشیالیزم نەبوویایە:

یا خاین المسؤولیة!

یا عدیم الأشتراکیة!

موسوڵمان بە ڕادەی گەورەیی سزای قیامەتی دیارکراو بۆ گوناهێك خۆی لەو گوناهە دوور دەخاتەوە.

خاڵی دووەم ئەوەیە، نەبوونی بنگەی چینایەتی لە شەریعەتی ئیسلامدا ئەوە راناگەیەنێ کە بە درێژاییی زەمان نابێ بنگەی چینایەتی لە یاسا و پێڕەودا تێ بخوێندرێتەوە چونکە دیارە مەبەسی دەستووراتی شەریعەت چاکەی میللەتە، ئیتر دەشێ هەروەك لە سەرەتای ئیسلامەتیدا (... الیتامی والمساکین وابن السبیل...) پشکی تایبەتی خۆیان هەبوو لە دەسکەوتی غەزا بێ ئەوەی هیچ ئەرکێکیان خرابێتە سەر شان لە بری ئەو پشکە، دەشێ یاسا دەرچێ بە چاکەی عەمەلە وەیا فەلاح وەیا بەرە و تاقمی جۆربەجۆری تری کۆمەڵ کە سوودی گشتی داخوازی بکات. ئەم هەڵاواردنەی چین و بەرە و تاقمی جۆرجۆری کۆمەڵ بە دانانی یاسا و نیزامی تایبەتی بۆیان، لە سەرانسەری جیهانی ئەمڕۆکەدا دیاردەیێکی بەرچاوە چ ڕەخنەشی لێ ناگیرێت ئەگەر بە خۆڕایی فەرق و جودایی لە نێوانیاندا نەکرێت وەیا یەکێکیان لەسەر حیسابی ئەوانی تر نەبوژێنرێتەوە. بێگومان نەهێڵان وەیا کەمکردنەوەی تەفاوت لە نێوان دەسکەوتی تاکاندا لە نەزەر ئیسلامدا نەك هەر ڕەوایە بەڵکو واجبیشە. وا دەزانم ئەمەندە نووسینە بەس بێ بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەس.

بنگەی سێیەم، خوێندنەوەی ئەو بیروباوەڕ و نەزەریە نوێیانەیە کە لە شەریعەت و یاساکاندا نادیترێن و واقیعی کۆمەڵایەتیی ناوخۆییش جارێ بەوەلەدی نەهێناون. بۆ ئیسپاتکردنی لایەنی با خەبەربوون و نەبوونی حاجی قادر لە نەزەرییە نوێکانی سەر بە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و هونەر و ئەدەب کە لە سەدەی نۆزدەمدا شۆڕشیان بەرپا دەکرد لە ئەورووپادا چ بەڵگەیێکی بەرهەست و ڕۆشنمان لەبەردەستدا نییە بیکەین بە یەکلاخەری پرسیارەکە و کۆتاییهێنی دەمەتەقە، مەبەسیش لە بەڵگەی بەرهەست و ڕۆشن سەرچاوەی دەماودەم و نووسینی بێ شوبهەیە کە بە سەراحەت پێمان ڕابگەیەنێ حاجی قادر ئەو نەزەریانەی دیتبوون یاخود نا. ئەوەی بتوانین بیکەین بە شایەد و بەڵگە بۆ وەرامدانەوەی پرسیارەکە هەڵبەستەکانی خۆیەتی کە لە

واتاکانیانەوە تیشکی پاشخانی[1] سەقافەتی حاجی دەدەنەوە.

وا دەزانم هەڵبەستەکانی حاجی لەم ڕووەوە هێندە ئاشکرا و بێ قۆرت و پێچ و پەنان کە ئیتر بەبەریانەوە نییە تەئویلان هەڵبگرن مەگەر وەك تەئویلەکانی (ابن الرومی) کە دەڵێن جارێکیان بەبەر دوکانێکدا تێ پەڕی هەردوو دەڕابەکانی کرابوونەوە، دەنکە خورمایەکیشی دیت لەسەر ڕێگاکەی کەوتبوو، ئەویش دەستبەجێ بەڕێی خۆیدا گەڕایەوە کە لێیان پرسی ئەم گەڕانەوە کوتوپڕەت لە چی بوو؟ گوتی دوو دەڕابەکە وەك شکڵی (لا) بوون دەنکە خورماکەش وەك (تَمُرّ) وایە، بە هەردووکیان بوونە (لاتَمُرّ) منیش بۆیە گەڕامەوە.

صەراحەتەکانی حاجی قادر لەوانە نین ڕێ بدەن خەیاڵمان بۆ واتا و مەبەس و پاشخانی نهێنی و نەپەنی بڕوات کە لەوێوە شتی داپۆشراو ئاشکرا کەین. لەلایەنی دۆزینەوەی شتی نهێنییەوە، ئەم سەراحەتانەی تەنیا بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی نەفسی خۆی، واتە سەرچاوەی هێز و گەورەیی شەخسیەتی حاجی، دەست دەدەن کە ئەگەر بۆ قووڵاییی هەرە خوارووی هەندێك لە بەیتەکانی سەرەژێر نەبینەوە ناتوانین حەقیقەتی حاجی قادر تێ بگەین، کە ئەمەش باسێکە جارێ نۆرەی نەهاتووە ئەوەندەش گرینگە ئەگەر ئەنجام نەدرێ حاجی قادر بە نەناسراوی دەمێنێتەوە، لەوە بەولاوە گۆشەیێکی تاریك نییە لە هەڵبەستەکانی حاجیدا کە بتوانین لەسەر مەبەستەکانی بەشەڕ بێین. دیارە قسەمان لێرەدا لەگەڵ ئەو هەڵبەستانەیە کە لە حاجی بەجێ ماون و بە ئێمە گەیشتوون نەك ئەو بەشەی کە سووتێنراون و لە ناوچوون چونکە ئەم بەشەیان لە هیچ مەیدانێك و لێکدانەوەیێکدا حیسابی بۆ ناکرێ و لە کەس ناسەلمێندرێ لەوبەشە سووتاوەوە سێبەری گومان بخوازێتەوە بۆ سەر ئەو هەڵبەستانەی کە فۆتاون لەو ڕووەوە کە ئایا چی لە حاجی بەجێ ماوە بیروڕای نیهائی بێت یاخود بیروڕای جوداتر و پێشکەوتووتری هەبووە بەڵام سووتاوە، ئەم نەسەلماندنەش لە سێ نوقتەی یەکجار بنجی و بەهێزەوە خۆی دەسەپێنێت.

یەکەم، لەوەدا کە بیروڕاکانی حاجی سەر بە کۆمەڵایەتی و سیاسی و قەومایەتی و ئاین و زانست و ئەفسانەوە، واتە هەموو ئەو لایەنانەی کە لەوانەبن دەخلێکیان بەسەر (چینایەتی)یەوە هەبێت، ئەوەندە ڕەگ داکوتاو و یەکتر تەسدیقکەر و لەگەڵ یەکتردا

---

(١) پاشخان: خلیفة

گونجاون ڕێ نادەن خەیاڵ بۆ ئەوە بڕوات کە وا ڕەنگە بە ڕێکەوت هەر ئەوەندە هەڵبەستانە پارێزرابن کە لەگەڵ یەکتردا ڕێك دەکەون چونکە (ڕێکەوت) سنووری هەیە بۆ قبووڵکردنی و ناشێ بێ بەڵگە ببێتە هۆی گومانکردن لە ڕاستیی واقیعێکی ئاشنا و ئاسایی کە سەیر لە بوونیدا نییە.

دووەم، بەوەدا کە نموونەی شیعری پلەی هەرە دواییی ژیانی حاجی، واتە پلەی پیری، لەبەردەستماندا هەیە کە ئیتر مەودا نەهێڵێتەوە بۆ ئیحتیمالی پەیدابوونی گۆڕانێکی گرینگ لە سەقافەتی حاجی قادردا.

سێیەم، لەوەدا کە ئەگەر ڕێ هەبێ لە ناوچوونی بەشێکی شیعرەکانی ببێتە هۆی گومانکردن لەوەی کە شیعرە پارێزراوەکانی نوێنەری بیروڕای دوایەکیی حاجی قادر بن، دەبێ ڕێش هەبێ بۆ ئەوەی کە لە ناوچوونەکە بکرێتە بەڵگەی ئیحتیمالی بۆ پتەوتربوونی بیروڕاکانی حاجی واتە ئەگەر شیعرە فۆتاوەکانی نەفۆتابان ئەوانیش ئەو بیروڕایانەیان ڕادەگەیاند کە لە شیعرە پارێزراوەکانی دێنە بەرچاو. ئەوەی ڕاستیش بێ ئەم ئیحتیمالە یەکجار بەهێزترە لەوەکەی تر چونکە چەندین پارچە هەڵبەستی ڕێکوپێکی نەفەس درێژی لەگەڵ یەکتردا گونجاو داخوازی ئەوە دەکەن چی بزر بووە درێژە کێشانێکی ئەمانە بن. بە هەمەحاڵ لێکدانەوەکەمان پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتووە ئاخۆ لێمانی دەسەلمێنن یا ناسەلمێنن شیعرە پارێزراوەکان بە زیادەوە پرسیارەکە بەلای خۆیاندا بشکێننەوە چونکە ئەوەندە بەسە لە موقارەنەدا شیعرە پارێزراوەکان گومانە خەیاڵییەکە بەلاوە بنێن و شیعرە فۆتاوەکان لە حیسابان دەرباوێن، ئەمەش کەمترین مافی ئەو شیعرانەیە.

وردبوونەوە و سەرنج گرتنێکی ژیرانە لە هەڵبەستەکانی حاجی تێمان دەگەیەنێ، پاشخانی سەقافەتی حاجی پاشخانێکی ئیسلامیی مێشك کراوەیە کە پەندی لە داهێنان و دۆزینەوە زانستییەکانی ئەورووپای سەدەی نۆزدەم وەرگرتبێت و باوەڕی بە سوود و دروستبوونیان هێنابێت، لە حاڵێکدا دەزانین ژمارەیێکی زۆری پیاوە ئاینییەکانی کورد و غەیری کوردیش صیناعەتی نوێیان بە (بدعة) و شتی بێ شەرعی دادەنا، هەندێکیش لەوان کە تا ئێستا نموونەیان ماوە دروستکراوی وەك تەلەفۆن و شەمەندەفەر ودواتریش، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیان حەرام دەکرد لە خەلق. شیعرەکانی حاجی هاواریانە لە ئیعجاب بە هونەر و زانستی ئەورووپا بەڵام ئەم ئیعجابە پەکی لەسەر خوێندنەوە نەکەوتووە چونکە دروستکراوەکان بەچاو دەدیترێن و دەست لێ

دەدرێن و شتی فکری نین تاکو بیخەینە بەر تیشکی قەناعەت و دیانەتی حاجی قادرەوە و ڕەوابوون و نەبوونیان بکەین بە میقیاس بۆ پلەی دوورکەوتنەوەی حاجی لە باوەڕی دینیی مێژوویی و میراتی. ئێمە کە بمانەوێ دەتوانین لە زۆر ڕووەوە سەقافەتی حاجی بە سەقافەتی نوێی ئەورووپای سەدەی نۆزدەم بگرین و ئیسلامبوونی سەقافەتی حاجی لەو بەیەکتر گرتنە هەڵێنجین، بەڵام لزووم نابینم بەراوردکردنەکە بەخۆڕایی درێژ بێتەوە چونکە تا ڕادەیێك مەسەلەکە لە خۆوە ئاشکرایە لێرەش بەدواوە بە دەم شیکردنەوەوە ئاشکراتر دەبێت، لەبەر ئەمە تاکە یەك نموونە دەهێنمەوە لە هەڵوەستەکانی حاجی بەرانبەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کە لە سەدەی نۆزدەمدا بابەتی پێوە خەریکبوونی نوێخوازەکانی ئەورووپا بووە. نموونەکە بیروڕای حاجی قادرە لە ئاست مافێکی گرینگی ئافرەتدا، ئەویش مافی خوێندن و ڕۆشنبیرییە.

حاجی قادر دەڵێ:

بۆچی فەرموویەتی ڕەسوولی ئەمین
اطلبوا العلم[1] ولو بالصین
نێر و مێ لەم حەدیسە فەرقی نییە
گەر مەلا نەهیی فەرموو دینی نییە

حاجی قادر لە کولانەی تێوەڕامانی ئاینەوە سەیری مافی خوێندنی ئافرەت دەکات نەك لە ڕێی بیروڕای فەیلەسووفەکانی ئەوسای ئەورووپاوە بۆی دەڕوات، لەوەش بەولاوە باسی بارەکانی تری ئافرەت ناکات لەوانەی ئەوسا نوێخوازانی ئەورووپا لێی دەدوان وەك مافی سیاسی، لەوەش بێ دەنگە ئایا چاو بگێڕدرێتەوە بە مەسەلەی مارەبڕینی کیژ بە منداڵی وەیا مارەکردنی زیاتر لە ژنێك وەیا دانانی پشکێکی هاوچوونی پشکی نێرینە بۆ مێینە لە میراتدا وەیا قبوڵکردنی شایەدیی ئافرەت وەك هی پیاو[2]... کە بە شیعر لێیان بێ دەنگە هیچ فەتوای شەرعیشمان لە حاجییەوە پێ

(١) لە بەشێکی ڕابردووی ئەم نووسینەدا باسی چۆنیەتیی لابردنی لەنگیی ئەم دێرە شیعرە کراوە.

(٢) باشترین و نوێخوازترین سەرچاوە لە مەسەلەی شایەدیی ئافرەت کتێبەکەی مامۆستا (نظام الدین عبدالحمید)ە کە بریتییە لە سیپارەی ماجستێر لە ٥٧٠ لاپەڕەیێکدا بە ناونیشانی (جنایة القتل العمد فی الشریعة الاسلامیة والقانون الوضعی) و پلەی (امتیاز)ی تێدا وەرگرتووە. لە لاپەڕە (١٤٤)ەوە تا لاپەڕە (١٦١)ی ئەم کتێبە لەسەر =

نەگەیشتووە بیروڕای ئەومان بۆ ڕوون کاتەوە لە بارەیانەوە وەك کە لە مەلای گەورەوە فەتوا بەجێ ماوە (بەتایبەتی مارەبڕینی کیژی منداڵ و قبووڵکردنی شایەدیی ئافرەت....). دەتوانین بە مێشکێکی حەسایەوە بڕیار بدەین لەسەر ئەوە کە بێدەنگبوونی حاجی لەم مەسەلانە دەگەڕێتەوە بۆ بەرچاو نەبوونی حوکمێکی شەرعیی بێ خیلاف کە دەست بدا لەگەڵ پەلەپەل و خێراییی شیعربێژیدا بە ڕاشکاوی بکرێتە بنگەی دەربڕینی ڕایەکی لاسایی نەکەرەوە، کە ئەم حوکمە شەرعییە بێ خیلافەی نەدۆزیوەتەوە لە خۆشی رانەدیتووە وەك (المجتهد في المسألة) رایەکی سەربەخۆ لە سەرچاوەکانی ئیجتیهاد هەڵێنجێت وەیا بکەوێتە سەر تەرجیحی رایەکی نامەشوور بەتایبەتی کە جارێ ئەم تەرزە پرسیارانە نەبووبوونە گیروگرفت لە پێش هەنگاوی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی وەیا مافی نەتەوایەتیی کورد پەکی لەسەریان کەوتبێ بە پێچەوانەی مەسەلەی (علم) کە بەلای حاجی قادرەوە لەو ڕۆژگارەدا دوو کەلێنی گەورەی پڕ دەکردەوە. یەکەم خەباتی قەومایەتیی دەوڵەمەند دەکرد بە فکر و بەرهەم، دووەم خۆدانە پاڵ دەرویشی و تەنبەڵی و ئەفسانە و کاری بێ سوودی دەپووچاندەوە.

ئەم دیاردانەی فکرەی (چینایەتی) لە هەڵبەستەکانی حاجی قادردا زۆر بە ڕوونی ڕادەگەیەنێ کە ئەو نووسینەکانی (مارکس)ی نەخوێندووەتەوە، چونکە هەروەك پێڕەویکردنێکی بیروڕایەکانی (مارکس) لەو هەڵبەستانەدا پەیدا نییە هەروەها بە گژداچوونەوەی ئەو بیروڕایانەشیان تێدا پەیدا نابێ، واتە نە ڕواڵەتی ئەرێتێ و نە ڕواڵەتی نەرێتی دەنگدانەوەی بیروڕاکان لەو هەڵبەستانەدا هەیە کە ئیتر ڕێگەی سێیەم پەیدا نابێت بۆ تێخوێندنەوەی ئیحتیمالان. کە ئەمە دەڵێم هەر لەبەر چاومە لەوانەیە بگوترێ ئیحتیمالی سێیەم ئەوەیە حاجی نووسینەکانی خوێندبیتەوە بەڵام لە هەڵبەستدا بە چاك و خراپ ئیشارەی بۆ نەکردبن، خۆ ئەگەر کەسیش ئەم قسەیەی بە بیردا نەیەت وا لێرەدا بۆ خۆم هێنامە ناو نووسینەوە. بە ڕاستی ئەم ئیحتیمالە وەك نەبێ وایە، چونکە مومکین نییە حاجی قادر نووسینی وەها پڕ جورئەت بخوێنێتەوە و

= شەهادەتی ئافرەت دەڕوات و بیروڕای زانا گەورەکانی ئیسلامی تێدا هێناونەوە وەك (ابن القیّم) و (ابن تیمیة) و (ابن حزم) کە هەموویان شایەدیی ئافرەتیان وەك هی پیاو حیساب کردووە بەپێی ئەو بەڵگانەی لە کتێبەکەدا باسیان کراوە. من ئاگاداری هەندێ فەتوای باوکمم کە شایەدیی ئافرەتی وەك هی پیاو حیساب دەکرد لەو مەسەلانەدا کە بەر ئایەتی (ان تضلّ احداهما فتذکر احداهما الاخری) ناکەوێت، هەر ئەمەیشە رایەکەی (ابن تیمیة).

هیچ حیسابێکی بە هیچ لایەکدا بۆ نەکات، با لەوە هەر بگەڕێین کە وا نووسینەکانی (مارکس) لە وڵاتی عوسمانلی و بە زمانێکی حاجی قادر تێی بگات جارێ بە شێوەیێکی قانوونی بڵاو نەکرابوونەوە تاکو حاجی و مرۆڤی وەك ئەو دەستیان پێیان بگات، خۆ ناشێ فکرمان بۆ ئەوە بڕوا کە حاجی لە ڕێی پەخشی نهێنی (نشرة سرية)وە نووسینی ئەوتۆییی خوێندبێتەوە. لەم سەردەمانەدا کە حاجی لە ئەستەمبۆڵی بەسەر دەبرد ئەو نووسینانە دەخوێندرانەوە کە لە ڕێی چاپەوە بڵاو دەکرانەوە، چاپیش بە فەرمان و را لێبوونی حکوومەت نەبوویایە نەدەکرا. لەو ڕۆژگارەدا هەرچی نووسینێکی بێنی شۆڕش وەیا رامیارییێکی بەجورئەت وەیا ئیلحادی لێ هاتبایە بەر یاساغکردن دەکەوت و بڵاو نەدەبووەوە، تەنانەت نووسینی مەلا ئازادبیرەکانیش یاساغ دەکرا کە هەمووی ئاین و باوەڕی پاك و ئازاد بوون. حاجی قادر نەك هەر مەرحەبای لە نووسینی مولحیدانە نەکردووە، بگرە گاڵتەی بە هەندێ زمانی میللەتی غەیری موسوڵمانیش کردووە کە وا بووە لەلایەن نووسەری ئەم سەردەمە لە حاجی بە عەیب گیراوە.

خولاسە چەندێکی بمانەوێ خەریك بین پاشخانێکی سەقافەتی سەر بە شۆڕش و سەر بە ئیلحادی ئەورووپای سەدەی نۆزدەم وەیا پێشووتر لە هەڵبەستەکانی حاجی قادردا بدۆزینەوە دەستمان لە هیچ پنجێك گیر نابێت، هەر ئەمەیشە کە وا لەگەڵ نەبوونی فکرەی (چینایەتی) لە هەڵبەستەکاندا ڕێك دەکەوێت.

شتێکی ئاشکرایە فکرەی (چینایەتی) لە شیعری شاعیرەکانی دوای حاجی قادریش زۆر بە درەنگەوە سەری هەڵدا. بەرلەوەی بزووتنەوەی رامیاری سەر بە چینایەتی لە نێو کوردداندا پەیدابێت نەمبیستووە هیچ شاعیرێکی کورد دەنگی یەکێك لە چینەکانی بەتایبەتی بەرز کردبێتەوە، کە لە شیعردا (چینایەتی) بەدی نەکراوە لە پەخشانیش هەر نەدیتراوە، خۆ ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر شاعیرێك وەیا نووسەرێك لە نێوان دەیان شاعیران و نووسەراندا بە هۆی سەقافەتێکی تایبەتیەوە کە بۆی ڕێك کەوتووە فکرەی چینایەتیشی بەکار هێنابێت هەر ئیسپاتی ئەوە دەکات کە مومکینە مرۆڤ لە سەقافەتی دەرەوە سوودمەند بێت هەروەك دەزانین حاجی قادر لە دەوروبەری نوێ و پێشکەوتووی ئەستەمبووڵدا گەیشت بە فکرەی (قەومایەتی).

لەو حاڵەدا تاکە نموونەی فکری پێشکەوتوو دەبێتە زەنگی رەسەنی خەبەردارکردنەوەی میللەتێك کە نموونەکە لە دەوروبەری خۆوڵاتیدا فکرەکەی

وەرگرتبێ نەك لە مامۆستای بێگانە و دەوروبەری دوورەوەی بە دیاری هێنابێت کە ئەوسا لە نێوان میللەتەکەیدا دەنگ ناداتەوە، واش دەبێ بەسەر لێوی خاوەنەکەیەوە وشك دەبێ. سەیری، پەیامەکانی حاجی قادر کە وتوویژی لەگەڵ پۆرگی بەخۆنازینی ناو هەناوی میللەتەکەشی بوو نەیتوانی لەو سەردەمە ناکاملەدا کار بکاتە سەر دڵ و مێشکیان و چەندین ساڵ دوای مەرگی خۆشی هەر کپ مایەوە.

دیارنەدانی فکرەی چینایەتی لە شیعری شاعیرانی کورد کە چەندین ساڵ پاش حاجی قادر هاتن دیاردەیێکی گشتییە شیعری هەموو شاعیرەکانی کورد دەگرێتەوە، چ ئەوانەی لە گۆشە نیگای ڕۆمانسییەوە بە (بووکە شووشە)ی کوردایەتییان هەڵگرتووە، وەك زۆربەی شاعیرە قەومییەکان، چ ئەوانەی بیروباوەڕی کوردایەتییان لەسەر بنگەی کۆمەڵایەتییەوە هەڵستاندووە وەك مەلای گەورە کە خۆی درێژەکێشانەوەی بەرەوپێشچووی شەخسیەتی حاجی قادرە و لە شیعری هەردوویاندا زۆر گۆشەنیگای سەر بە کۆمەڵایەتی و گوزەران و باری ژیان و واقیع یەکجار ئاشکرایە وەك لەم یەك دوو نموونە بچکۆلەی هەردوویان دەردەکەوێت:

حاجی دەڵێ:

بەڵێ وایە لە ئەلزەمی ئەشیا
ئەوەلا خواردنە دووەم سوکنا
سێیەمین سەتری عەورەتە ئینجا
مەشغەلەی لا الە الاّ اللە

دیسان دەڵێ:

تۆ وەرە فێری فەن بە چیتە لەوە
گاورە هیندووە وەیانە جووە
لازمە خول بخۆی وەك بەرداش
هەموو قەڕنێك دەگۆڕێ ئەمری مەعاش
تەمبەڵی کاری حیز و بێ خێرە
دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە

ئەمەش نموونەیێکی تر لە شیعری سەر بە کۆمەڵایەتیی حاجی:

کە دەیگوت پیرم و من دەستگیرم
لە لام وابوو لەبەر جەهل و جەوانی

که پیر بووم تێ گەیشتم دەستی گرتم
لە کەسب و کار و تەحصیلی مەعانی
بەڵێ شێخ قطبە ئەمما قطبی ئاشە
بە ئاو و نیعمەتی خەلقە گەڕانی

ئەمانەش نموونەکانی شیعری مەلای گەورەن:

بۆ خۆتان سەعی بکەن نانێکو بێتە دەستی
ئینسانی میعدە خاڵی ناو زگی راناوەستی

شێخ ئەفەندی بترسە سا لە خوا
میللەتی قورپەسەر چ حاڵی نەما
هەرکەسێ ماڵی خۆی هبەی تۆ کرد
عاقیبەت خۆڵ بەسەر لە برسان مرد
رەحمەکت قەت نەکرد بە منداڵی
خەبەرێکت نەبوو لە ئەحواڵی
ژنەکەی دەربەدەر بوو چەند ساڵان
تاکو فۆتا لە ڕۆخی رەشماڵان
تۆ بەهەشتت فرۆشت بە بستێ عارد
ئەو ئەوا رۆحی دا بە مستێ ئارد

بە خۆت ئەحواڵی لادێ چاك دەزانی
یەکی جووتیار یەکێکی بەرخەوانە
فڵان ئاودێرە ئەویان عارد دەکێڵێ
شوانە ئەم ئەوی تریان سەپانە
خەریکی کاروبار و جووت و شۆنە
لە فێڵی فێڵکەران نا شارەزانە

بە زگێ تێر بە دوو زگان برسی
هیچ لە چاکە و خراپە ناپرسی

دەبینی لەم نموونانەدا بەیتی وەها هەیە بە جۆرێك خۆی لە باری کۆمەڵایەتی و

بـەرژەوەنـدی ژیـان نـێزیك دەخـاتـەوە هـەر دەڵـێی ئێستـا شەڕێکی نێوان (خوێنمژ و خوێنمژراو) هەڵدایسێنێت، بەڵام لە سنووری کۆمەڵایەتیی ساکار و راستەڕێی ئاینی پاکی بێ (هویە)ی چینایەتیدا دەمێنێتەوە. ڕەنگە ئەم نموونەیەی خوارەوە لە شیعری مـەلای گـەورە نـزیـکـتـریـن هـەڵبـەستی یـەکـەم سێیـەمـی ئـەم سەدەیـە بێت لـە فکرەی (چینایەتی)، شیعرەکەش وەرامدانەوەیێکی ئەو کەسانەیە داوایان لە مەلای گەورە کرد فتواییێك دەرچوێنێت بۆ ئەوەی حەیوانێکی ئاغاکان و سەرۆکەکان لە خاوەن مەڕانی دەستێنن بە زەکاتی شەرعی حیساب بکرێ:

زەکـاتـی مـەڕ و بـزن بـۆ زالـمـەکـانـی مـەزن
مەلاش دەستی خۆ گەزن سەیری ئەوێ سەیرانێ
زەکات لە بۆ رەئیسان یا بۆ دەستەی ئیبلیسان
مەلاش بمرێ لە برسان سەیری ئەوێ سەیرانێ

بە ڕاستی و بێ گومان هەموو شیعری کوردی بەر لە پەیدابوونی حیزبە (چین پەروەر)ەکان لە کوردستاندا لە گۆشەنیگای دادپەروەری و فەرمانی ئاینی پاکەوە بەرەو بەرهەڵستیکردنی کاری بەدەوە ڕۆیشتوون، ئەویش دیاردەیێکە پتر لە شیعری چەند شاعیرێکی (واقیعی بە پێی سەردەم)ی وەك حاجی قادر بەدی دەکرێت، تەنانەت شاعیرێکی وەك گۆران دوو سێیەکی تەمەنی شاعیریەتیی خۆی ڕابوارد بەرلەوەی دەم لە (چینایەتی) بدات، یاخود (دڵدار) کە خەلقی مەڵبەندی حاجی قادرە و ساڵانی دواییی تەمەنی بەزۆری لە بەغدا و کۆلێجی حقوقدا رابوارد، نەکەوتە سەر ڕاڕەوی فکرەی چینایەتی تاکو بوو بە محامی ئەویش لە ساڵی ١٩٤٥، پێشتر سەرلەبەری شیعرە سیاسییەکانی خزمی دوور و نێزیکی سروودی (ئەی رەقیب) بوون و خۆیشی ئەندامێکی چالاکی پارتی (هیوا) بوو. ئەمە راستیی حاڵی شاعیرەکانە هەرچەند هەوڵی بێ وچان دەدرێت بۆ ئیسپاتکردنی پێچەوانەی واقیعەکە، هەوڵەکەش هەندێ جاران ژیرانە و گەلێ جاریش یەکجار ساکارانەیە، وەك ئەوەی کە خۆم لە نووسینی ناو گۆڤارەکانی دوای ساڵی ١٩٧١ دیتوومە شیعری ئاخەلێوەی عومری دڵدار، کە ساڵی ١٩٤٦ دەگرێتەوە، کراوەتە بەڵگەی بوونی خەباتی چینایەتی لای فەلاحی کورد بەر لە هەزاران ساڵەوە، نووسینی ژیرانەش هەیە بە تەئویلی دوورە دەست و پسپۆڕانە ویستوویەتی فکری چینایەتی لە شیعرە کۆنەکانی گۆران هەڵێنجێت کە ئەگەر هەر کەسێك ئەو تەرزە تەئویلانە بکاتە ڕاڕەوی لێکۆڵینەوە دەتوانێ لە فیلمە کارتۆنییەکانی

رووسی بڕوا بە دینداری و جادوو و ئەفسانە و دەرەبەگایەتیی رەوا و دادپەروەر لە ڕێی سەراحەتیشەوە هەڵگرێتەوە نەك تەئویل بەڵام دیارە راستییە زلەکانی سۆڤێتستان بەو چەند فیلمە کارتۆنییە ناسڕێتەوە هەر وەك چینایەتیش بە تەئویلی دوورەدەست ناخرێتە هەڵبەستە کۆنەکانی گۆرانەوە. بەڵێ، وا دەبێ لە حاڵەتێکی تایبەتیدا خاوەن بیروڕا پەردەی کینایە و تەوریە بەدەوری قسەکانیەوە دەگرێتەوە بەڵام ئەم حاڵەتە شتێك نییە هەڵبەستی کوردیی خۆی تێدا دۆزیبێتەوە چونکە کام سەراحەتە ئەوە بەکارهێنراوە لە مەیدانی شیعری سیاسیدا، نەك بە درەنگ کاتەوە بەڵکو لەو ڕۆژەوە کە فکرە سیاسییەکە تێیدا بەوەلەد هاتووە[1].

هاتنی قسەی هەژاردۆست وەیا ستەم نەویست لە هەڵبەست و نووسیندا خۆی لە خۆیدا نابێتە بەڵگەی بوونی فکرەی (چینایەتی) لای خاوەنەکەی چونکە بەزەیی بۆ هەژار و ڕق هەڵگرتن لە ستەمکار میراتێکی هەزاران ساڵەی مرۆڤە، تەنانەت لەو سەردەمانەدا کە کوشتنی عەبدیش ڕەوا بوو شیعر و گوتەی دادپەروەرانە هەر هەبوون و بەپێی سەردەمەکەیان ڕاستیشیان دەکرد بەڵام هەرگیز (چینایەتی)یان لێ نافامرێتەوە. بۆ ئەوەی لایەنی (چینایەتی) لە قسەی هەژاردۆستدا ببێتە فەلسەفەیێکی کۆمەڵایەتیی سەر بە چینی هەژار و چەوسێنراوەوە، دەبێ لەو قسەیەدا داوێکی پێوەندی بەرژەوەندی گشتی و هاوکۆییی نێوان هەژاران دژی خوێنمژ و ستەمکاران پاڵەپەستۆی هەموو چینەکە بدات بەرەو ئامانجێك دەنا قسەکە دەبێتە دەنگدانەوەیێکی عەفویی هەستی دادپەروەری کە ڕاستەوخۆ مەیلی ساکاری خاوەنەکەی بەلای هەژار و ستەم لێکراودا دەشکێنێتەوە. سەرنج لە قسە زۆر مەشوورە نرخدارە جوانمەردانەکەی خەلیفەی دووەم (عمر بن الخطاب) بگرە کە گوتی (کیف استعبدتم الناس وقد ولدتهم أمهاتهم احرارا) چەند بە سەراحەت و بە شێوەیێکی دلێرانە و دڵگەرمانە دژی بەندایەتییە، لەگەڵ ئەمەشدا کەس ناتوانێ بڵێ قسەکە لە هەستێکی (چینایەتی)یەوە

(١) «بیست و حەوساڵە»کەی فایق بێکەس دەهێنمەوە یادی خوێنەر. هەر لە بیریشمە لە ساڵانی دوای ١٩٢٥ کە لە پلەی سەرەتاییی خوێندنمدا بووم و مەلیك فەیسەڵی یەکەم مەلیك بوو، ئێمەی قوتابی ڕیزمان دەبەست و ئەم نەشیدەمان بە دەنگی بڵند و بە ئاهەنگ دەخوێندەوە:

شێخ مەحموود مەلیکی کوردستان
جەنگاوەری کورد بوو بە داستان

هەڵستاوە چونکە زۆر ئاشکرایە ئەم قسەیە و گەلێك ئاکار و کرداری تری خەلیفە عومەر بەرەوپێشبردنی فکرە و بنگەی دادپەروەریی ئیسلامەتییە لە چارچێوەی کۆمەڵایەتیی ئەوسای بەرەو گۆڕاندا، وەك کە دێت و لە ساڵی قات و قڕیدا فەرمانی دەستبڕینی[1] دز دەوەستێنێت هەرچەند لە قورئانیشدا ئەو فەرمانە بە سەریحی ئایەت فەرموورا‌وە.

بێ گومان هەڵوەست و بیروڕاکانی (أبو ذر الغفاری) کە دادخوازی ئەوسایان لێ وەتەنگ دەهات، ئەوانیش هەر زادەی دەروونێکی دڵسۆزی هەژاردۆستی ستەم نەویستن کە پشت ئەستووربێ بە فەلسەفەی قورئان و حەدیس لە گوڕی تازە داهاتنیاندا، واتە لە ڕووبەڕووبوونی دوو چینی بە یەکتر دوشمنەوە ئەو بیروڕایانە زەنەیان نەکردووە چونکە (ابو ذر) هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووە کە یاسا و دەستووراتی قورئان بۆ سوودی لایەنێك و زەرەری لایەنێکی تر سازدراون کە دەزانین– ابو ذریش دەیزانی– پەیامی ئیسلام بۆ هەموو مرۆڤە نەك بەرەو تاقمێك، تاکە شتێك هەبووبێ لە نەزەر ئیسلامدا مرۆڤێك لە یەکێکی تر بەتەواوی جودا کاتەوە تەنیا (ایمان) بووە، بەدوا ئیمانیشدا پلەی خوار و ژوور بە پێی (تقوی) بۆ تاکان دیار دەکرا بە پێی ئایەتی (انّ اکرمکُم عند الله أتقاکم).

ئێمە چەندێکی خۆمان قووڵ بکەینەوە بۆ بنج و بناوانی فەلسەفەی ئیسلام بە نیازی وەدەستهێنانی بنگەیێکی فکری کە یەکێکی ئازادیخوازی وەك حاجی قادر بەرەو خۆ دانەپاڵ (چین) ببات دەستمان بە شتێك ناگات جگە لە فکرەی (داد)ی ئیسلامی، مەعلوومیشمان کرد و بە هەموو لێکدانەوەیێکی کورت و درێژیش مەعلووم دەکرێ، کە داد لە ئیسلامدا بە ڕەنگ و زمان و چین و نژاد و باب و باپیر و شتی ئەوتۆوە نەبەستراوەتەوە، لەبەر ئەمە چەندێکی خەریك بین لە لایەنی ئیسلامەتیی حاجی قادرەوە فکرەی (چینایەتی) لە هەڵبەستەکانی حاجی بدۆزینەوە هەر بە دەوری خۆماندا دەسووڕێینەوە بۆ ئەو سەرشارەی کە لە سەرەتاوە لێی کەوتینە بزووتنەوەوە، ئەویش سەرشاری ئیمان و ئەو مەفهوومانەیە کە لەوەوە وەردەگیرێن.

من کە خوێنەر ماندوو دەکەم بەو گەشتە دوور و درێژانەی هەرجارە لە کوتانەوەی باسەکاندا پێی دەکەم، دەمەوێ لە ئاست پرسیارەکانی ناو باسەکەدا وەڵامی وەهای

(١) لە لاپەڕە (٩٧)ی کتێبەکەی (چەپکێك لە گوڵزاری نالی) بە سەهوو نووسراوە (حد)ی دزیەتی (٨٠) دارە کە ڕاستییەکەی ئەمە حەدی سەرخۆشییە.

بەدەستەوە بدەم کە بەپێی قەناعەتی خۆم بایی ئیسپاتکردنی بیروڕایەکانم بکات کە دەزانم زۆر جاران بیروڕای پەرەسەندوو بە هەڵە دەردەچوێنێت، لەمەشدا ڕێی تێ دەچێ زۆر لایەنان لە خۆی بەدەنگ بێنێت[1] بەتەماش نیم ڕۆژەك لە ڕۆژان بکەومە سەر وەرامدانەوەی ڕەخنە و ئیعتیرازان مەگەر هەر بە جارێ چارم ناچار بێت. لەبەرئەمە پێویستە لە پێشەوە چی بە بەڵگەی ڕاستبوونی بیروڕاکانی خۆم بزانم ئەوە بنووسم تاکو لە دواڕۆژدا لەجیاتی من وەڵامی ڕەخنەگر بداتەوە، خۆ ئەگەر ڕەخنەکەش هەڵەی منی دۆزیبووەوە ئەوساش ڕەخنەکە لە شێوەیێکی وەها بەهێزدا دەبێت کە ببێتە ڕاستکەرەوەی بیروڕایەکی درێژە پێدراو و بەڵگە بۆ هێنرایەوە نەك یەکێکی قوت و قرتاو کە بەدرۆخستنەوەی نابێتە بەهێز بوون وەیا ڕاستبوونی ڕەخنەکە.

ئێستا دەگەڕێمەوە بۆ بنگەی یەکەمی ئەو سێ بنگەیەی کە گوتم واقیعی فراوان پێك دێنن بە نیسبەت حاجی قادر لە ئاست دەرەبەگایەتیی کورددا، ئەویش (چەند و چۆنی دەرەبەگایەتییەکەیە لەو زەرف و کاتەدا کە تێیدا هەڵدەسەنگێندرێت) دیارە زەرف و کاتەکەش هی سەردەمی حاجی قادرە چونکە ئێمە هەڵوەستی ئەو دەنرخێنین نەك هی کوردێکی ئەم سەردەمە.

لەوەی تا ئێستا گوتوومە تا ڕادەیێك ئەو زەرف و کات و هەڵوەستەی حاجی و شاعیرەکانی کوردی دوا ئەویش ڕوون کراوەتەوە، ڕەنگە بە لای هەندێ خوێندەواری بەپەلەوە چیی لێرە بە پێشەوە گوترا و شی کرایەوە بایی مەبەست بکات وەیا لێشی زیاد بێت بەڵام بەلای خۆمەوە چیی ماوەتەوە لە باسەکە هی ئەوە نییە پشتگوێ بخرێت چونکە وەك پێ بەپێ دەردەکەوێت لێکدانەوە و ڕاستیێکی لێرە بەدواوە دێتە ناو نووسینەوە ئەوەندە بنجین بەنیسبەت باسەکە و بەنیسبەت واقیعیشەوە کە ئەگەر خۆمی لێ بدزمەوە بەشێکی گەورەی هێزی نووسینەکە تێ دەچێ کەوا ڕەنگە بە تێچوونی کەلەبەری هەموارتر و ئاسانتریش دەست ئەو ڕەخنەگرە بکەوێت کە بیەوێ لە هەموو حاڵ و بارێکدا هەر ڕەخنەگر بێت، خۆ ئەگەر ئەم تێبینییەش لە بەیندا نەبێ نووسین تاکو بێ کەم و کەسر بێت نرخی پتر دەبێت پتریش لە قەناعەتی خوێنەر نێزیك دەبێتەوە.

---

(١) ئەم پێشبینییە کە لە ساڵی (١٩٧٢)دا کراوە وردە وردە بەڵگەی ڕاستبوونی پەیدا دەبێت. لە پێشەکیی ئەم بەرگەدا وەڵامی ڕەخنەیێکم داوەتەوە کە بە لامەوە بە حورمەت بوو، ساڵی بڵاوبوونەوەی ڕەخنەکەش جێی گومان لێکردن نەبوو.

ئـەم بـێدەنـگـبـوونـەی ئـەدیب و شاعـیـر و مـەلاکـانـی کورد لـە بـراگـەورە و سەردار عەشیرەت و خاوەن زەوی و ئەوانەی پێیان دەڵێن دەرەبەگ بە درێژاییی عومری شیعر و ئەدەب و مەلایەتیی کورد بەر لە پەیدابوونی ڕێکخراوی سیاسی سەر بە چینایەتی، دیاردەیێکی ڕێککەوت نییە، لە ئەنجامی پلانگێڕی و پیاوخراپی و بەکرێگیراویش نییە، دیارییێکی لەلاوە هێنراوی داگیرکەر و ئیمپریالیزم و چەوسێنەرەوانیش نییە، ئەنجامی چاوسوورکردنەوە و هەڕەشە لێکردن و تۆقاندنیش نییە چونکە هیچ یەکێك لەو هۆیانە کە وا من لە خەیاڵەوە دەیانخوازمەوە بایی ئەوە ناکەن بۆ ماوەی سەدان ساڵ هەزاران مەلا و شاعیر و ئەدیبی کورد بێ دەنگ بکەن لە حاڵێکدا هی وەهایان تێدا هەڵکەوتووە هەرچی ترس و تەماعی دنیا هەیە بایی زەڕەیێك کاری لە ویژدان و بیروڕا و هەڵوەستی نەکردووە، ئەگەر یەکێکیش بیەوێ گومان لەم قسەیەم بکات با ئەوە بە بیر خۆیدا بهێنێتەوە کە وا ڕەنگە لە نێوان ئەو شۆڕشگێڕانەی خۆی دەیانناسێت جوامێری وەها هەبووبێت سەری بۆ ترس و تەماع دانەنەواندبێت هەرچەند ترس و تەماعەکەش گەلێك لەوە زیاتر بووبێت کە لە سەردەمی ئیبنوئادەمدا بەکار دەهێنران بۆ بێدەنگکردن.

خۆ خەریککردن بەدوا دۆزینەوەی هۆی نامەئلووف و تۆژاڵدار بۆ تەفسیری ئەم بێدەنگ بوونە بەردەوام و گشتییەی خاوەنبیرانی کورد لە ئاست برا گەورە و سەرەك عەشیرەت و زەویداراندا دوورکەوتنەوەیێکی ناواقیعی و بێ لزووم و بێ سودیشە لە هەڵکەوتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و پێداویستی بەرژەوەندی گوزەران و بەیەکەوە ژیان و بڕیاری نەریت و دا و دەستووری کوردەواری لە کۆنەوە وەك تاقگە بە لێژگەی ڕۆژگاردا هاتووەتە خوارەوە بێ ئەوەی فراژیبوونێکی ئابووری وەیا رامیاری وەیا زانستی نوێ وەیا تێکەڵبوونی چاوکرایەوە لەگەڵ جیهاندا وەیا گۆڕانی باری کەسابەت وەیا هیچ هۆیەك لەوانەی (بیر و بڕیار)ی مرۆڤ دەگۆڕن پێشی تاقگەکەی گرتبێت و بە ڕووکارێکی تریدا شکاندبێتەوە و کەندڕکی نوێی لە زەمینەی دڵ و دەروون و مێشك و ویژدان و قەناعەتی کۆمەڵدا کردبێتە خوڕگەی (هەڵوەست)ی مێژوویی نەوباو. کوردەواریێك کە فەرقێکی ئەوتۆی بە واقیعی کوردستانی سەدەی نۆزدەم نەکردبێت لەگەڵ واقیعی ساڵی (١٥٠٠)، مەگەر فەرقی گۆڕانی داگیرکەر و جۆری وێرانکردن و چەند و چۆنی کوشتن و بڕین و لە قوڕنیشتن، ئا ئەم کوردەوارییە لە کوێوە ئیلهامی هەڵگەڕانەوە لە چارەنووسی خۆی وەرگرێت و بڕیاری گۆڕینی واقیع

بـخـوازێتـەوە؟ لـە کـام فـەتـوای بـەرەوپـێشچـوون و بـەرژەوەنـد گـۆڕان و دەوروبـە هەمواربوون و تەنگوچەڵەمە رەوینەوەوە پشت لە ڕابردووە ڕەشەکە و حازرە ڕەشترەکە بـکـات بـەرەو ئـافـەرۆزکـردنـی بـرا گـەوران و سەرۆك عـەشیرەتـان و خـاوەن تـەکیـە و خانەقایان و توجاران و ماڵداران؟ کوردێك کە ئەگەر لە خەزینەی ئیلهاماتی غەیبەوە، بێ هیچ پەککەوتن لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کەوتە سەر خولیای ڕیشە هەڵکێشانی (خوێنمژ)ی خۆماڵی و یەکێکیش لە خوێنمژان بەرهەڵستیی لێ نەکرد، کە ئەمەی کرد ڕووبەڕووی خوێنمژێکی بێ ڕەحمتری درندەتری بەهێزتری بێگانە بوو تۆ بڵێ ئەم کوردە چ جۆرە پێوانە و کێشانەی ستەم داد و سوود و زەرەر و لەسەرخۆکردنەوە و واقـیـع گـۆڕین و کـاری ئـەوتـۆیـیی لـەبـەردەستدا بـووبـێت تـاکو ئـێمـە لـەم سەردەمـەدا بەڕاشکاوی چەپڵەڕێزانی خەیاڵی بۆ ئەم هەڵمەتانەی بەرپا کەین کە نەیدەتوانی بیانبات وەیا بیریان لێ بکاتەوە! هەڵبەت لێرەدا مەبەسی من ڕاگرتنی فکری خوێنەری کوردە بەرانبەر بە واقیعە بێ فێڵەکەی کە کورد خۆی تێدا دیوەتەوە بەر لەوەی فکری چینایەتی بە ناو خەڵقدا بڵاو بێتەوە و لەبەر تیشکی فەلسەفەیێکی نوێدا بیر لە سوود و زیانی خۆی بکاتەوە، دەنا کە بزانین شۆڕشگێڕێکی کوردی ساڵانی دوای ١٩٤٠ رازی بێ هـاوبـادە و هـاومێزی براگەورە و (دەرەبەگ)ی کورد بێت دەبێتە کارێکی غافڵانە لە ئێمەوە بێین هەڵوەستی فەلاح و کاسب و کۆمەڵانی کوردەواریی سەدان ساڵ پێش ئێمڕۆ لە ئاست ئەو براگەورانە و دەرەبەگانەدا بهاوێینە بەر نیگای ڕەخنە و لێڕازیبوون و لێ ڕازی نەبوونەوە وەیا ڕاستی و هەڵەیی و پێوەندیی حاجی قادر بەوانەوە هەڵسەنگێنین و بە خۆشمان بڵێین زانستدۆست و نیگافراوان و مێژووناس و کۆمەڵایەتیبین و ئینسافکار و رابەری فکری پێشکەوتوو.

ڕق هەڵستاندنی گەنجی کوردی دڵپاك و بێ تەجرەبە لە ڕابردوویێکی مردووی بەسەرچووی کە لە ئیمکاندا نەبووە جێگری هەبێت و شۆڕشگێڕی ئەم سەردەمەش بە برادەرایەتیی واقیعێکی وەك ئەو ڕازی بووبێت بەتەواوی وەك دادانەوەی پەردەیێکی ڕەش و ئەستوورە بەسەر ڕاستییەکانی مێژوویی کۆمەڵایەتیدا کە مومکین نەبێت چاوی رانەهاتووی گەنجەکانمان لە پەردەکە تێبڕ بکات و ڕاستییەکان ببینێت ئیتر پێیان نەکرێ خۆیان لەو ڕق هەڵگرتنە نابەجێیە ڕزگار بکەن و بکەونە سەر ڕێبازی چاوپۆشی لەو شتانەی ڕق لێبوونەوە هەڵناگرن. ئەوەی پتریش هۆی دڵگیرییە لەو ڕق و بوغزەدا ئەوەیە کە گەنجی کورد پشکی هەرە زۆری دوشمنایەتییەکە و ناحەزییەکەی

بە ڕابردووی میللەتەکەی خۆی دەبەخشێت نەك رابردووی تێکڕای ئادەمیزاد چونکە دەزانم نە لە خوێندنەوەیدا و نە لە بیستنیدا شتی وەها نابرێتە مێشکیەوە ئەوەندەی ئازا و ئازاد بکات کە بوێرێ ئەو لەعنەتەی لە ڕابردووی کوردی دەکات لە ڕابردووی میللەتانی تریشی بکات لە حاڵێکدا میللەتی کورد بەقەدەر حەقخوراوی و لێقەوماوی و چارەڕەشی و دەستبەسەری و بێ کیانی و بێ نانی و بێ هەموو شتێکی کەمتر ڕەوای لەعنەتە و پتر موحتاجی رەحمە. شاعیری دوێنێ و پێرێمان کە جارێ فێری سەرەوبنکردنی جیهان نەبووبوو چەند بە پەرۆش و سۆزی ڕاست و دروست و بێ فێڵی کوردایەتی دەیگوت:

قەومی کورد موحتاجی عەطفە چونکە مەحوی کردەوە
زللـەی دەستـی حـەوادیس لـەقـەیـی دونـیـایـی دوون

من دەزانم و تۆش دەزانیت، ئەو شاعیرە کە باسی زللەیی دەستی حەوادیس و لەققەیی دونیایی دوون دەکات ئەوەندەی کورد بەلاوە مەغدوور و حەق خوراوە چ پێی ناوێ زللە و لەققەکان خورد بکاتەوە و دەست و قاچی زللەوەشێن وشەق وەشێنان نیشانە بکات و روومەت و پشتی میللەتی کورد بە ئامانجی شەق و زللە نیشان بدات و بڵێ ئەمەتە شەقەکە و زللەکە و ئەمەتەش شەخسی شەق و زللە وەشێن و ئەمەتەش شوێنە ئاوساوەکانی لەشی کورد. ئەم شاعیرە، بە پێچەوانەی رق هەڵگرتنی خوێندەوارێکی نەوباوی کورد لە ڕابردووی کورد، هەموو ڕقی خۆی داوەتەوە بە دنیای دەرەوەی کورد و هەموو پەرۆشیشی بۆ کوردە بێ ئەوە لە ڕێی تەئویلانەوە جێگۆڕکێ بە ڕق و پەرۆشی خۆی بکات. من هەرچەند پەسەند ناکەم بوغز هەڵگرتن ببێتە خووی مرۆڤ، بەڵام کە هەر هات و بوغز بوو بە ملەوە چاکتر ئەوەیە ڕوو لە شتێك بکات کە رەوای بوغز لێ هەڵگرتن بێت نەك ڕێگە هەڵە بکات بەرەو بێ ئامانجی.

دەرەبەگایەتی و براگەورایەتی و سەرۆك عەشیرەتایەتی و ساماندارى و هەموو بنگەیێکی هێز و دەسەڵات لە ڕابردووە بێ دەسەڵاتەکەی کورددا دەبێ لەبەر تیشکی چەند ڕاستیێکی بێ دەمەتەقەدا سەیریان بکرێت و پێی بناسرێتەوە، ئیتر بە پێی ئەو ناسینەوەیە من و تۆش وەك خەلقی سەردەمی مێژووی کۆنی کورد ڕقیان لێ هەڵگرین وەیا لێیان بێ دەنگ بین– هەرگیز ناڵێم خۆشمان بوێن هەرچەند دەریش بکەوێ کە لە کۆندا خۆشویستراون مەگەر ئەو تاکانەیان کە لەگەڵ هێز و سەرۆکایەتیەکەیاندا بە پێی توانای خۆیان پیاکە و جیاوەتییان بووبێت.

یەکەم ڕاستی: ئەوەیە زەویداری و ساماندارى و براگەورایەتی و سەرۆکایەتی و پێشەوایی و هەموو پایەیێکی بەرچاو لە کۆمەڵدا نەك هەر ڕەوا بوون و بەس، بەڵکو هۆی ڕێز لێنان و سەرەژوورچوون و ناو و شۆرەتیش بوون، لەمەشدا فەرقێك نییە لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆکە چونکە لەم ساڵەی هەزار و نۆسەد و حەفتا و دووەشدا[1] بە پێی کێشانە و پێوانەی ئەم ڕۆژگارە هەموو هۆیێکی هێز و دەسەڵات و قسە ڕۆیشتن ڕێزی لێ دەگیرێت، هەر کەسێکیش بتوانێ هەوڵ دەدات بۆ وەدەستهێنانی هەروەك سەدان ساڵیش پێش ئەمڕۆ خەڵق هەوڵی داوە بناسرێت و دەوڵەمەند بێت و ڕێزی لێ بگیرێت. ڕابردوو لە چاو ئەم ڕۆژگارەمان لە عالەم بەدەرنەبووە تاکو تێ هەڵکشان لە پلەی حورمەت و دەسەڵات هۆی بەخۆدا شکانەوە بووبێت وەیاخود لە نەزەر مەردمدا جێگەی سەرزەنشت و لێ بەداوێوە کردن بووبێت.

سەرۆك نەقابەیەتی وەیا شەهادەی کۆلێجی ئەندازە لەم سەردەمەدا چەند عەیبە سەرۆکایەتی و (دەرەبەگایەتی) سەدەی نۆزدەم و... سێیەمیش هەر هەند. لەلایەن ملکایەتیشەوە کە بە زاهیر بنگەی دەرەبەگایەتییە، فەرقێك نەبووە لە نەزەر خەلقەکە لە نێوان زەویداری و لە نێوان ملکی ناو شار و پارە و مەڕ و ئاژەڵ و باغ و هەرچی سەرچاوەیێکی تری سامان هەیە؛ ملکایەتیی زەوی لە هەموو ڕوویێکەوە ڕەوا و شەرعی و سەلمێنراو بووە و کەس لە کەسی بە عەیب نەگرتووە، بە پێچەوانە مافی زەویداری وەك هەموو مافێکی تر پارێزراوە و تێکڕای خەلق چاویان لێی بووە و حەزیان لێی کردووە، تەنانەت فەلاح چ ئیعتیرازی نەبووە لەو ملکایەتییە شەرعییەی کە بە میرات بۆ یەکێك مابێتەوە وەیا بە پارە کڕیبێتی وەیا لە بری قەرز لە یەکێکی تری وەرگرتبی با ئەو کەسە ئاغا بووبێت وەیا سەرەك عەشیرەت وەیا توجار وەیا مەلا وەیا شێخ وەیا فەلاح... بەڵگەی ئەم ڕاستییە وەك بەڵگەی ساردی زستان و گەرمی هاوینە چونکە دیمەنەکە بە درێژاییی مێژووی سەرەتا نادیار فەرمانڕەوا بووە، تەنانەت فەلاحی کورد لە سەرەتای بەکارهێنانی یاسای تەسویە، کە جارێ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی سەر بە باوەڕی چینایەتی نەکەوتبوونە چالاکی، خۆی بە شایەدی بێ پێچ و پەنا و دوودڵیکردن و زمانگرتن ملکایەتیی دەرەبەگەکە و مەلاکە و شێخەکە و هەموو خاوەن ملکێکی ساغ دەکردەوە، نیزاعێکیش کە دەبوو لە نێوان ئەو کەسانەدا دەبوو کە

---

(١) ساڵی دەستپێکردنی نووسینەکەیە.

داوای ملکایەتیی هەمان پارچە زەوییان دەکرد. وەنییە لەم ڕاستییەشدا سەیر پێهاتنێك هەبێ چونکە ئەمە بووە بڕیاری شەرع و یاسا و کەلەپوور و داب و دەستوور و داخوازی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی. کاتێك فەلاح بەدەنگ دەهات لە زۆرداریێك و ئاغاییێك و براگەورەییێك کە دەستی بۆ ملکی فەلاحەکە درێژ کردبایە. ئەوەی جێی دڵخۆشی و شانازییە لەم مەیدانەدا ئەوەیە کە فەلاحی کورد تا توانیبێتی لەسەرخۆی و ملکەکەی کردووەتەوە و گەلێك جاران لەم تەرزە نیزاعەدا خۆی بە کوشت داوە وەیا زۆرداری کوشتووە وەیا قبووڵی زیللەتەکەی نەکردووە و ئاوارە بووە وەیا دەستی شاخی گرتووە و بووەتە قاشقونج. نێزیکترین نموونەی بەرچاو و زۆر بەناوبانگی شەڕی فەلاحی کورد دژی زۆردار لەو ڕۆژانەی کە جارێ ڕێکخراوی سیاسی سەر بە چینایەتی لە کوردستاندا پێك نەهێنرابوون ئەو شەڕ و نیزاعە بەردەوامە و بێ وچانە بوو کە لە نێوان دانیشتوانی (دۆڵێ)ی هەرێمی (ماوەت) و بەرەباییێکی میراودەلیاندا ڕووی دا و کۆتاییەکەشی بە سەرکەوتنی فەلاحەکان هات. برا بچووکێکی ئەو نیزاعە لە دەوری کۆیەشدا قەوما لە نێوان بەشێك لە فەلاحەکانی یەکێك لە دێیەکانی دەشتی کۆیە و خاوەن ملکێکی کۆییدا کە سەری کێشایەوە سەر قاچاغبوونی چەند فەلاحێك و سووتانی خەلە و خەرمان و چەندین ڕووداوی ناخۆشی تر، کۆتاییەکەشی ئەو سەرکەوتنەی (دۆڵێ)ییان نەبوو بەڵام تەسلیمبوون و سەلماندنیش نەبوو، واتە جۆرە مەسڵەتییێك لە نێوان هەردوولایاندا پێك هات. هەر لەم شێوە نیزاعە هی تریش لە کۆیێ بەرپا بوو، سەرلەبەریشیان بەڵگەی لەسەرخۆکردنەوە و دەوڵەتپارێزیی فەلاحەکانی بەدەستەوە دەدا و وێڕای درێ و دەستدرێژی و تەڵەکەبازیی زۆردار. بەشێکی ئەم هەرایانەی وڵاتی کۆیێ لە شیعری (دڵدار)دا دەنگی داوەتەوە، بەڵام ئەم دەنگدانەوەیە پێوەندیی نییە بە بزووتنەوە سەربەخۆیەکەی فەلاحەکان.

دەست بەسەرداگرتنی ملکی خاوەن ملکی بچووك لەلایەن زۆرداری کوردەوە ڕووشی دابێت ئەو ڕووداوە ئاسانە نەبووە بەپێی خوایشتی زۆردارەکە و بێ چەکمەسەری چووبێتە سەر وەیا فەلاح بە ئاسانی و بێ لەسەرخۆکردنەوە سەلماندبێتی وەیا هەموو جاران زۆردارەکە تێیدا سەرکەوتبێ وەیا بەردەوام دەسەڵاتی میری لایەنی زۆردارەکەی گرتبێ. ملك زەوتکردن لەلایەن زۆردارەوە کاتێك زۆر بەرچاو بووە کە لە کۆتاییی شەڕی نێوان دوو عەشیرەتدا یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا

زاڵ بوویایە و ملکی لێ داگیر کردبایە و ماڵی لێ تاڵان کردبایە. لەم تەرزە حاڵەدا عەشیرەتە سەرکەوتووەکە ئەوەی بەوی تر کردووە کە ئەگەر ژێرکەوتبایە بە خۆی دەکرا وەیاخود دەوڵەتێکی سەرکەوتوو لەگەڵ یەکێکی ژێرکەوتوودا دەیکات.

تا ئێستاش چەند دێیەکی مەنگورایەتی لەبەر دەستی ملکدارانی میراودەلی ماوەتەوە کە لە شەڕێکی چل ساڵێك پێش ئێستا کەوتە چەنگیانەوە، ئەگەر یاسای کشتوکاڵسازی لێی وەرنەگرتبێتنەوە. لە حاڵی شەڕە عەشیرەتدا، کە ڕووداوی زۆر درندە و خوێناوی لێ کەوتووەتەوە، زۆربەی خەلق لە دەرەوەی شەڕەکەدا سەیرکەر و بێ تەرەف بووە، ڕەنگە زۆر کەسیش بە ژێرکەوتووەکەی گوتبێت (حەقەمستی بێ). ئەگەر کەسێك لەلاوە خۆی تێکەڵ بە هەراکە کردبێت هەر ئەوانە بوون کە پێیان دەڵێن خێرومەند و دەست و پێ سپی و ماقووڵ ئەویش بە نیازی ئاگر کوژاندنەوە و مەسڵەتی لە بەینداکردن و کاری ئەوتۆیی.

خولاسە، ملکایەتیی زەوی لە سەردەمی حاجی قادر و بەر لەو و تا ساڵانی سەرەتاکانی شۆڕشی چواردەی تەموزیش مافێکی شەرعی و قانوونی و ناوخۆیی و کۆمەڵایەتیی بێ دەمەتەقە بووە، لەبەر ئەمە لە هیچ ڕوویێکەوە چاوەڕوان ناکرێ پیاوێکی وەك حاجی قادر ڕقی ملکداری ڕەوا لە خەڵق هەڵگرێت، دەمێنێتەوە کە بەچاوی خۆی دیتبێتی دەستدرێژی بۆ ملکیی فەلاح و خوردە مالیك کرابێت. لێرەدا ئەگەر بۆمان ساغ بووەوە کە حاجی کاری وەها ناڕەوای دیتووە و لێی بێ دەنگ بووە دەتوانین گلەییی ئەو بێدەنگبوونەی لێ بکەین، مەبەستیش بێدەنگبوونە لە هەڵبەستدا، چونکە داوا لە حاجی ناکرێ بە دەست و بە چەك و پارە لەسەر زۆر لێکراو بکاتەوە کە دەزانین خاوەن هیچ شتێك نەبووە لەمانە. من دەتوانم پاکانە بۆ حاجی بکەم لەوەدا کە کاتێك ئەو لە وڵاتی کۆیەی ڕابواردووە داگیرکردنی ملکی هەژار ڕووی نەداوە، ئەم لایەنەش بە درێژی لە بەرگی یەکەمی ئەم نووسینەدا[1] ڕوون کراوەتەوە و پێی ناوێ لێرەدا سەرلەنوێ باسی بکەمەوە، بەڵام بۆ نوێکردنەوەیی بیرەوەری دوێنێ و بەستنەوەی بە ئەمڕۆکەوە شتێکی زۆر بچووك دەهێنمەوە یادی خوێنەری کۆیی.

(١) بگەڕێوە بۆ لاپەڕەکانی (١٤٥– ١٥٢)ی بەرگی یەکەم. چی ئێستاش لێرەدا خەریکی یەکلا کردنیم، هێنانەدی بەڵێنێکە کە لە کۆتایی لاپەڕە (١٥٣)ی ئەو بەشەدا دراوە بەجێ و کاتی لەبارتر، کە ئێرە و ئێستاکەیە.

نۆرەی ئاوی باغەکانی کۆیێ لە سەردەمی حاجی بەکرئاغاوە ڕێك خرابوو و هەر باغە بەشە ئاوی خۆی بۆ دیار کرابوو، شیرازەی کارەکەش بە درێژاییی سەد ساڵێك کە سەردەمی حاجی قادریش دەگرێتەوە چ زۆرداریك و ئاغاییێك تێکی نەدا تاکو لەو ساڵانەی دواییدا یەکێك بەشە ئاوی زیادی بۆ خۆی دابڕی، خەلقەکەش لە ڕووی ڕازی نەبوون بە کارەکەوە ئەو لوولەیەی کە ئاوەکەی لە شەلەگەی خاوەن نۆرەئاوان جودا دەکردەوە ناویان لێ نا (کونە گۆسکەی ئەلمۆدە). خاوەن باغەکان لەم لوولە ئەلمۆدەیە هەرگیز ڕازی نەبوون، لێشی بێ دەنگ نەبوون چونکە زۆر جاران دەکەوتنە مقۆمقۆی شکاتکردن، خۆ ئەگەر شکاتیان کردبایە کەس نەیدەتوانی ڕێیان پێ بگرێ وەیا چاویان لێ سوورکاتەوە، بەڵام وادەزانم تێبینیی ناسیاوی و پێوەندیی بەیەکەوە ژیان و شتی ئەوتۆیی دەستی گرتن، باسەکەشم بۆیێ هێناوە یادی کۆیییانەوە تاکو ئەوانیش وەکو من لە ڕێی ڕاگرتنی ئێستاکە بەرانبەر سەردەمی حاجی قادر ئەوە بسەلمێنن کە حاجی بە چاوی خۆی نەیدیتووە دەسەڵاتداری کۆیی ملکی خوردەمالیك داگیرکات، وەکو منیش شایەدی ڕاستیی حاڵەکە بە خەلقی ڕابگەیەنن.

ئەو پاکانەیەی تازە بۆ حاجی قادرم کرد دەستم ناگەیەنێ بەو تەجرەبانەی لە دیوی کوردستانی ئێران پێیاندا تێ پەڕیوە چونکە نازانم زەرفی کۆمەڵایەتی و باری ستەم و داد و زەویداری و فەلاحەت و پاڵە و رەنجبەر لەو سەردەمانە لەو بەشە کوردستانەدا چۆن بووە، بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە پێوەندی نێوان شار و لادێ پێوەندیی عەشیرەتایەتیی بێ هێز کردووە و خاوەن ملکی گەورەی لە نەزەر فەلاحدا ناخۆشەویست کردووە چونکە حیسابی ئەو شوێنانە گەلێك جودایە لە حیسابی ئەو عەشیرەتانەی پێوەندی و گیانی قەبیلەیی تێیاندا فەرمانڕەوا بووە، هەر نەختێکی تریش باسی ئەمەیان دەکەین. بە هەمەحاڵ ئەوەی من لێرەدا بە مەبەستی پاکانەکردن و نەکردنی دادەنێم بۆ حاجی قادر بەدەنگهاتن و نەهاتنی لە ڕووداوەکانی ستەمکارانەی ئەو دەمە نییە چونکە دیارە بەو ناکرێ لێیان بە دەنگ بێت، مەبەست دەنگ نەدانەوەی ئەو زوڵم و زۆرەیە لە شیعرەکانیدا کە بە شێوەیێکی لە عادەت بەدەر ڕووی دابێت. هەڵبەت کە نەتوانم پاکانەی بۆ بکەم ناتوانم گلەییشی لێ بکەم لەو بێدەنگییەی لە زوڵم و زۆری براگەوران دژی فەلاحان بە شێوەیێکی گشتی، چونکە نازانم چیی دیتووە و چیی نەدیتووە، تێکڕای قسەکانیشم لێرەدا بەو پێوانە و کێشانەیەیە کە لە کردە و گوتەی حاجییەوە بەسەر زوڵم و زۆری ئەو سەردەمانەیدا

دەهێنین چونکە ئەوسا کەسی تر نەبوو لە چشتی وەها بە دەنگ بێت کە ئێمە چاوەنواڕ دەکەین حاجیی لێ بەدەنگ بهاتبایە. من لێرەدا هەڵوەستی حاجی لە ئاست برا گەوراندا رادەگرم بەرانبەر هەڵوەستی حاجی دژی شەعبەدە و شێخایەتیی درۆزن، هەر دووانیش رادەگرم بەرانبەر گیانی کوردایەتی و قەومایەتی لای حاجی قادر خۆی نەك یەکێکی تر، واتە حاجی قادری ئەم مەیدانە بە حاجی قادری مەیدانێکی تر دەگرم تا بزانم لە نێوان هەردوو وێنەدا چەند جوداوازی هەیە. من نەهاتووم حاجی قادر بە شاعیرێکی وەك وەفایی وەیا حەریق وەیا (مصباح الدیوان) بگرم و لەبەر تیشکی هەڵوەستی ئەواندا سەیری هەڵوەستی حاجی بکەم لە ئاست دەرەبەگی کوردستانی ئێرانی بەر لە سەد ساڵ. حاجی قادریشم بە حاجی قادر نەدەگرت ئەگەر هەڵوەستی لە مەیدانی دوشمنایەتیی شەعبەدەدا نەبوویایە و رابەری فکرەی کوردایەتی نەبوویایە. ئەوەی لەگەڵ حاجیدا دەیکەم (زۆر کەسی تریش بێ قووڵبوونەوە لە مەسەلەکە تێیدا ڕووبەڕووی حاجی دەبن) لەگەڵ شاعیرەکانی تری ساڵانی (١٩٣٠)یش هەر نایکەم چونکە ئەو شاعیرانەی دوای مەرگی حاجی بە چارێگە قەرنێك دەستیان کرد بە خەباتی کوردپەروەرانە هەرگیز تۆژینەوە و پرسینەوەی بەدەنگ نەهاتن لە دەرەبەگیان لێ ناکرێ لەو ڕۆژانەدا کەوا جارێ نە فەلاح خۆی چ دەنگێکی لێوە هاتبوو نە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی سەر بە چینایەتی و کۆمەڵایەتیش هاتبوونە کۆڕی خەباتەوە. حیسابی من لێرەدا لەگەڵ حاجی قادرێکە کە وا لە مەیدانی فکرەی قەومایەتیشدا دەیان ساڵ پێش تێکڕای هاونژاد و هاومەسلەکانی خۆی کەوتووەتەوە. بانگەوازەکانی خۆیەتی لەو مەیدانانەدا وا من گوێ لە دەنگدانەوەیان ڕادەگرم لە مەیدانی (دەرەبەگایەتی)دا کە وا ڕۆشنبیرانی ئەم ڕۆژگارە خەریکن ڕابردووی سەدان و هەزاران ساڵی لێ بەدەنگ بهێنن. هەر ئەم ڕاستییە گرینگانەشە ناچارم دەکات بەوپەڕی وردپێوی و ئینساف و واقیعیەتەوە لە پرسیارەکە بکۆڵمەوە چونکە ئەگەر وا نەکەم دەبمە ناحەزێکی بێ فێڵی حاجی قادر و کوێرەوارێکی بێ پێچ و پەنای مێژووش. بەڕاستی ئەگەر بە وردی و بێ تەرەفانە و بە چاوی کرایەوە خەریکی ئەم دیاردەیەی دەنگ نەدانەوەی فەلسەفەی (چینایەتی) لە شیعری شاعیرەکانی کوردی پێش پەیدابوونی ڕێکخراوی سیاسی سەربەچین نەبین، دەبینە پەندی ناو ئەو بەیتە فۆلکلۆرییە پڕ خەندەیە: «حەیران وەرە لەسەری سەفینی، چاوەکی کۆرە ئێکی نابینی، دەست لۆ هەناران دەبا هەنجیران دەپچرینێ...». ئێمە دەبێ هەڵوەستی حاجی قادر

بـدەیـنـەوە بـەو واقـیـعـەی تـێیدا ژیـاوە و بـیـخـەیـنـە نـێوان هـەڵـوەسـتـی تـێکڕای خـەڵـقـی سەردەمی خۆیەوە، ئەوجار لەوە بکۆڵینەوە ئایا بۆچی حاجی لە شەعبەدە بە دەنگ دێت و لە دەرەبەگایەتی بێ دەنگە نزیکی ٥٠ ساڵیش دوای مەرگی خۆی ئەدیب و شاعیرانی کورد هەر لێی بێ دەنگن.

هەر ئەم پرسیارەشە بە جۆرێکی تر ڕوو لە ئێمە و لە حاجیش دەکات لەوەدا کەوا حـاجـی خـۆی بـەرلـەوەی بـکـەوێتـە سەربـاری کـوردایـەتـی و هـێشتـان کۆیـەی جـێ نەهێشتبوو کەوتە دژی شەعبەدە و شێخایەتیی درۆزن؟ دوا بەدوای ئەویشدا، لەویش بـەپـێشەوە– وەك مـەلای ئـیـبـنـو ئـادەم– حـەقـپـەرستـی تر هـەبـوون دژی شەعبـەدە و ئەفسانە بوەستن و نەشگەن بە فکرەی جوداوازیی بەرژەوەند لە چینێکەوە بۆ چینێك، هی وەهـاش هـەبووە دژی شەعبەدە بووە و کوردایەتیشی کردووە هەر نەشکەوتووەتە سەر باری لێکدانەوەی چینایەتی.

بە هەمە حاڵ تەجرەبەی حاجی لەو ماوەیەی کە لە کوردستانی ئێرانی ڕابواردووە هەرچیێك و هەرچۆنێك بووبێت لەوە دڵنیاین حاجی پەندی جوداوازیی بەرژەوەندی چـیـنـایـەتـیی لـەو تـەجرەبـەیـە وەرنـەگرتـووە بـە بـەڵگـەی دەنگ نـەدانـەوەی ئـەو تـەرزە بیرکردنەوە لە هەڵبەستەکانیدا. ئێمە هەرچەند چۆنایەتیی ئەو تەجرەبەیە نازانین دەتوانین تێکڕاییێکی فەرمانی حاڵ و باری ئەو زەرفە لە نەفس و ویژدانی حاجی قادردا تێ بگەین کە بێین ئەم چەند ڕاستییە بە بەر چاوی خۆمانەوە بگرین:

١– حاجی لە هەڵبەستدا نەکەوتووەتە دژی براگەورە کوردەکانی سەردەمی خۆی، چ هی کوردستانی ئێران چ هی عێراق. باسی براگەورەکانی کوردستانی تورکیا ناکەم چونکە لە نێوانیاندا نەژیاوە، بنەماڵەی بەدرخانیانیش برا گەورەیەتی و خاوەن ملکایەتیی خۆیان لەبەرچاوی حاجی قادردا بەکار نەهێناوە چونکە لە شارستان، دوور لە هەموو کوردستان، لەگەڵیاندا ژیاوە.

٢– خەلقەکەی سەردەمی حاجی قادریش لێیان نەبیستراوە چ هەرا و هۆریایان دژی براگەورە و خاوەن ملك و سەرۆك عەشیرەت و دەرەبەگان نابێتەوە تاکو لە ڕێی هەڵوەستی ئەوانەوە بێدەنگییەکەی حاجی عەیبدار بکەین. ئەوەی ڕاستیش بێ، بـەلای بـاوەڕی مـنـەوە، لـە هـەمـوو مـێژووی ئـیسلامـدا تـەنـیـا بزووتـنـەوەیـێکی (چینایەتی)ی تێدا دەرکەوتبێت شۆڕشەکەی بابوکی خوڕەمییە کە لە سەردەمی

عـەبـاسیـیـەکـان ڕووی دا دژی داگـیـرکـردنـی ئـەرزی فـەلاحـان لـەلایـەن خـاوەن دەسەڵاتی حوکمەوە، ئەو شۆڕشەش تا ڕادەیێك هەستی نەتەوایەتیی تێکەڵ بە هەستی غەدر لێکراوی کردووە. بە هەمەحاڵ بابوك و شۆڕشەکەی و سەردەمەکەی لە بیری خەڵقدا نەمابوون تاکو هەستی بەرژەوەندی (چینایەتی)ی فەلاحی کوردی سەدەی نۆزدەمی پێ تیژ بکەنەوە.

٣- بە تێخوێندنەوەی خاڵەکانی لێرە بەدواوەش پتر زەرفی پێوەندیی حاجی بە برا گەورانەوە خۆ ڕوون دەکاتەوە چونکە برا گەورەیەتی هەر لەگۆشەنیگای ڕەوابوونی زەویدارییەوە سەیری ناکرێت، لە گەلێك لایەنی تری ڕاستییەکانی کۆمەڵایەتییەوە تیشکی ڕوونبوونەوەی بۆ دێت.

دووەم ڕاستی: لە نێوان ئەوانەی پێیان دەگوترێ (دەرەبەگ) سەرۆك عەشیرەتەکانی ئەو عەشیرەتانەی پێوەندیی قەبیلەییان تێدا مابووەوە خاوەن پایەیێکی تایبەتی ڕێز و خۆشەویستی بوون لە لای ئاپۆرەیی خەڵقی عەشیرەتەکە چونکە شەخسی سەرۆك عەشیرەت بە پێی ئەو زەرف و کاتەی کە پێوەندیی عەشیرەتایەتی پاراستووە نیشانەی هێز و ناو و شۆرەت و حورمەتی عەشیرەتەکە بووە. بە ڕادەی ئازادی و جوامێری و سوارچاکی و بەرچاویی سەرۆك عەشیرەت خەڵقی عەشیرەتەکە ڕێز لێگیراو دەبوون و کاریان لە پێش دەڕۆیشت و لە حکوومەت بێ ترس دەبوون و دەستی عەشیرەتە دراوسێکانیان لێ کۆتا دەبوو. عەشیرەت کە سەرۆکی چاکی بوویایە لە دوو ترسی گەورە ڕزگار دەبوو، یەکیان ترسی حکوومەت و زەبر و زۆری مەفرەزەی پۆلیس و ڕەشبگیریی ئیجباری و خەرج و باجی مەڕانە و شتی ئەوتۆیی کە ئەگەر پیاوی عەشیرەت لە فەقەرەیێکیان دووچاری تەنگ و چەڵەمە بوویایە لەوانەبوو تێ بچێ وەیا بێ ماڵ بێ. من لە ساڵانی پێش شۆڕشی تەمووز پیاوی عەشیرەتم دیتووە تا بڵێی ئازا بووە بەڵام کە چاوی بە پۆلیس کەوتووە وزەی بەرداوە کە لێشم پرسیوە بۆ وەها لێی دەترسێی وەرامی داومەتەوە: کاکە! بەرگی گورگی دەبەردایە.

ترسی دووەمیان دەستدرێژیی پیاوخراپان بەتایبەتی هی دراوسێیان، بەداخەوە گیانی عەشیرەتگەری وا دەکا ماڵی عەشیرەتێك بۆ عەشیرەتێکی تر حەڵاڵ بێ، کە ماڵەکە حەڵاڵ بوو لە حاڵی پێویستدا سەرەکەش حەلاڵ دەبێ. لەو ساڵانەدا کە ڕەزا شای پەهلەوی عەشیرەتەکانی ئێرانی بێ چەك کردن، هەموو ئەو عەشیرەتانەی

نزیکی سنووری عێراق بوون چ حاڵیان نەمابوو بەدەست دز و جەردەی عەشیرەتەکانی دیوی عێراقەوە کە خاوەن چەك بوون و بە ئارەزووی دڵیان لە بێ چەکانیان دەدزی و دەکوشت. ئەمانە ڕووداوی ڕاستن کە ڕاگەیاندنەکانیان تا بڵێی تاڵە بەڵام بنلێوخستنی لە تاڵاییان کەم ناکاتەوە، داپۆشینیشی لە باری وەك ئێستاکەی مندا کە خەریکی ساغکردنەوەی هەڵوەستی حاجی قادرم لە ئاست دەرەبەگدا، سەرچاوەیێکی گەورەی لێکۆڵینەوە و قەناعەتهێنان وشك دەکات کە سوود بە کەس ناگەیەنێت و باسەکەش ڕووت دەکاتەوە.

سەرۆك عەشیرەتی ئازا و بە زیپك پیاوخراپی دوور و نێزیکی لە عەشیرەتەکەی خۆی دەتەکاندەوە چونکە دەزاندرا سزای ئەو پیاوخراپە دەداتەوە کە دەستدرێژی لە عەشیرەتەکەی بکات. کەم وا دەبێ مرۆڤی عەشیرەت خراپە لەگەڵ مرۆڤی عەشیرەتەکەی خۆی بکات، کە هەر هات و خراپەی ناوخۆیی ڕووی دا ئەوساش سەرۆکی بەجورئەت چارەسەری ڕووداوەکە دەکات و ڕێ نادا تەشەنە بکات. لەمەش بترازێ سەرۆکی جوامێر لە تەنگانەدا بە کەڵکی هەموو تاکەکانی عەشیرەتەکەی دەهات و لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوبەشیی دەکردن. بێ موبالەغە سەرۆکی وەها هەبووە، کە خۆم نموونەیانم دیتووە، بەلای عەشیرەتەکەیەوە هێندەی شێخێکی تەریقەت بە لای مریدەکانیەوە خۆشەویست و ڕێز لێگیراو بووە. بڵباسەکانی نێوانی کۆیە و ڕانیە ئەوەندەیان (سواراغا)ی سەرۆکی عەشیرەتەکە خۆش دەویست لەوە دەرچووبوو خۆشویستنەکە هی ترس و تەماع بێ چونکە لێیان بووەبووە شێوە ئاینێك، تەنانەت ئەگەر لە ناچاریدا سوێندی درۆیان بە تەڵاق و بە قورئان خواردبایە هەرگیزاو هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەدەهات سوێندی ناڕاست بە سەری (سواراغا) بخۆن، ئەمەش ڕاستیێکە تا ئێستاش خەلقی ئەو ناوە هەر لە بیریانە و ناوناوە باسیشی دەکەن. خۆشویستنی دوولایەنی نێوان سەرۆك و عەشیرەتەکەی، ئەگەر سەرۆکەکە جوامێر بێ، بەهێزتر دەبێ لە خۆشەویستنی نێوان خزمان چونکە لەوانەیە سەرەڕای خزمایەتی هەم بەرژەوەند و هەم ڕەوتی دنیایش لە خۆشویستنەکە زیاد کات جگە لەوەی بەرچاویی برا گەورایەتی و سوارچاکی و پۆشتەیی و سەخاوەت و ئەو تەرزە ڕەوشت و خەسڵەتانە چەندین خەرمانەی گەورەیی و خۆشەویستی و بگرە تەقدیسیش، بە دەوری سەرۆکی جوامێردا دەکێشێت و دەیکات بە قارەمانێکی ناو ئەفسانان.

ئەو قەبیلانەی لە حاڵی کۆچەری و ڕەوەندیدان[1]، پتریش لە قەبیلەی نیشتەجێ و خاوەن زەوی و کشتوکاڵ بە بنەماڵەی سەرۆکایەتیی عەشیرەتەوە دەلکێن و سەلامەتیی خۆیان و ماڵ و ئاژەڵیان بەند دەبێ بە شەخسیەتی سەرۆکیانەوە. ئەم ڕاستییە دەبێ نرخی پێ بدرێت لە هەڵسەنگاندنی هەڵوەستی حاجی بەرانبەر (دەرەبەگ)ی کورد، چونکە حاجی دەوری (٩) ساڵێکی تەمەنی هۆشیاری و هەست بەکۆمەڵایەتیکردنی لە نێوان و دەور و ڕۆخی ئەو تەرزە رەوەند و کۆچەرانە رابواردووە و پەندی بەیەکەوە ژیان و پێوەندیی سوودی موشتەرەك و پەلەی ژیان و جۆری ڕاپەڕاندنی کاروباری عەشیرەتایەتی لەو شێوە بەڕێوەچوونە وەرگرتووە کەوا هەر دەڵێی بەڕێوەچوونی یەك خێزانە. گرینگیی ئەم ڕاستییە لەوەدایە کە گوتم تەجرەبەی حاجی لەگەڵ دەرەبەگ دەدرێتەوە بە (٢٠) ساڵێکی عومری، چونکە ماوەی (٩) ساڵ نیوەی ئەو بیست ساڵانە دەگرێتەوە بەو پێیە تەجرەبەی بەشێکی درێژی هەموو قۆناغەکە پەندی هاوچوونی و یەك بەرژەوەندی و بێ فەرقیی نێوان دانیشتووانی قەبیلە لە دڵی حاجی قادردا جێگیر دەکات کە ئەمەش ڕاستییەکە لەگەڵ دەنگ نەدانەوەی فکری خەباتی چینایەتی لە هەڵبەستەکانیدا ڕێك دێت و دەگونجێت بێ ئەوە کەس خەریکی گونجاندنیان بێت.

سێیەم ڕاستی: ئەوەیە، بە پێی داب و دەستوور و نەریتی ڕۆژگاری لێرە بەپێشەوە ئەوەی پێیان دەگوترا براگەورە بە گشتی مافی تەنبێکردن و چاوسوورکردنەوەیان بەسەر خەلقی دەورو پشتی خۆیانەوە هەبووە، لە بەکارهێنانی ئەو مافەشدا بە زۆری سوود و چاکەی برا چووکەکان ڕەچاو کراوە هەر بۆیەش بوو بەشێکی یەکجار زۆری کێشە و داوای مڵکایەتی وەیا میرات وەیا ژن هەڵگرتن وەیا ماڵی دزیاری بەسەرگرتنەوە وەیا دەستدرێژی لە یەکترکردن وەیا مەسەلەی خوێن و لە یەکترکوشتن و چەندین نیزاع و ناکۆکیی جۆراوجۆری تر لای براگەوران چارەسەر دەکران، تەنانەت دانیشتووانی شارەکایش کەمتر ڕێی دادگەی حکومەتیان دەگرتەبەر و دەگەڕانەوە بۆ لای مزگەوت و مەلا. ئەم وەزعە تا ئەو سەردەمەی بە بیریشمان دێت هەر بەردەوام بوو، بگرە ئێستاش پاشماوەیێکی لە هەندێ جێگە و حاڵدا ماوە، هۆی هەرە بەهێزی ئەم دیاردەیەش بۆ دوو سەرچاوە دەگەڕێتەوە، یەکەمیان باوەڕی خەلق

(١) لە لاپەڕە (٢١٩– ٢٢١)ی بەشی یەکەمی (حاجی قادری کۆیی) بەپێی داخوازی جێگە باسی ئەم پێوەندییە بەهێزەی ناو ژیانی عەشیرەتی، بەتایبەتی هی کۆچەری، کراوە.

بەچاکتربوونی بڕیارەکانی شەرع و ڕێککەوتن لەسەر قسەی براگەوران بە پێی داب و دەستوور و نەریتی کۆمەڵایەتیی کوردەواری. دووەمیان کەم باوەڕیی خەلق بە بوونی داد و چاکە لە کاری حکوومەتیدا. بە هەمەحاڵ پەناهێنانی فەلاحێك و مەردێکی عەشیرەتی بۆ دادگە وەیا پۆلیس وەیا کارگێڕی حکوومەتی تا بڵێی زەحمەت بووە لەو سەردەمە کۆنانەدا چونکە دەبێ جارەها و ڕۆژەها تەرکی کار و کەسابەتەکەی بکات و ئەرك و مەسرەفی هاتنە شار هەڵگرێت و شایەد بێنێ و نازانم چی بکا و هەمووشی بە ترس و لەرز و پێیەك لە پاش و پێیەك لە پێش، ئەوساش لەوانە بووە لە کۆتاییی هەموو بێنە و بەرەیێکدا بەرتیل کاری کردبێت و مەسەلەکەی بەلای نارەوادا شکاندبێتەوە. دەبینین ئەمڕۆکەش بەزۆری دانیشتووی دەشت و دەر لە دادگەدا شکات لێکراوە نەك شکات کردوو چونکە ئێستاش هاتوچۆی حکوومەت بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافە بچووکانەی فەلاحێك بۆی دێتە دادگە گەلێك بە ئەرك و مەسرەفترە لە بەرژەوەندەکە. بەر لە ٣٠– ٤٠ ساڵ لایەنی پیاو لێکوژراو تازیەی لێ دەبوو بە دووسێ تازیە کە ناچار دەکرا تەرمی کوژراوەکە بە پشتی وڵاغ ڕاگوێزێ بۆ قەزا لای دکتۆر تاکو ڕاپۆری لەسەر دەرچوێنێ و هۆی مردنەکەی ساغ بکاتەوە، ئیتر کە پێیان کرابا خەبەری کوشتنەکەیان بە حکوومەت رانەدەگەیاند و تەرمەکەیان بەدزیەوە دەشاردەوە. واش دەبوو خەبەرەکە دەگەیشتەوە حکوومەت ئیتر دوای حەفتەیێك یا زیاتر مەیتەکەیان لە قەبر دەردەهێنایەوە و دەیانبرد بۆ لای دکتۆر... من بە چاوی خۆم دیتوومە لە دوورایی دوو ڕۆژ ڕێگاوە مەیتی کوژراویان لە قەبر دەرهێناوەتەوە و بە سواریی گوێدرێژ لەگەڵ ماڵ و منداڵی کوژراو، بە شین و ڕۆڕۆ، لە ژێر ترسی قەمچیی پۆلیس، ڕاپێچ دراون بۆ لای دکتۆر... دوای نۆڕینی لەلایەن دکتۆرەوە بە هەمان وەزعی فرمێسکاوی و لێ قەومایەتییەوە تەرمەکە براوەتەوە بۆ گۆڕەکەی و سەرلەنوێ پێی سپێرراوەتەوە. خێزانی لادێیی دەست و پێی هەموو کەسێکی ماچ دەکرد، پارەشی دەدا، لە وەزعی وەها پڕ سفت و سۆی– بەلای خۆیەوە– بێ لزووم و بە ئەرك و عەزاب و – دیسان بەلای خۆیەوە– ئابڕووچوون ڕزگار بێت. ئەمە نموونەیێکی بچووکە لە جۆری پێوەندیی خەڵق بە دەسەڵاتی حکوومەتی لێرە بە پێشەوە. من دڵنیام لەوەدا ئەگەر یەکێك لەو ڕۆشنبیرانەی ئەمڕۆکە وا بەزۆری لەعنەت بۆ دەرەبەگ دەنێرێ خۆی دووچاری وەزعێکی وەك وەزعی خێزانە فەلاحییەکە بوویایە دەخیل و ئامانی براگەورە و شێخ و مەلا و مەرقەدی چاك و پیرانیش دەبوو لەو

چەکمەسەریەی پۆلیس و دکتۆر[1] و ڕاپۆرتی طبی ڕزگار بوویایە... نەك هەر لەم بارە یەکجار ناخۆش و بە سفت و سۆیەدا، بەڵکو لە گەلێك وەزعی تریشدا خەلق حەزی بەوە کردووە لە دەرەوەی جغزی حکوومەت کێشە و گرفتی خۆی چارەسەر بکات.

بەڕاستی، لەو سەردەمانەدا کە دەستەی حکوومەت بە لای خەڵقەوە جێی باوەڕپێکردن و لێ ئەمین بوون نەبووە مزگەوت وەك دادگەی (مدنی) و دیوەخانەی سەرەك عەشیرەت و برا گەورەی بەرەی دەسەڵاتداریش وەك دادگەی (جزائی) بووە، دیاریشە مزگەوت لە شارەکاندا پتر پەنای براوەتە بەر تا دیوەخانان چونکە دەسەڵاتی حکوومەتی لە شاراندا بەشێکی زۆری دەسەڵاتی براگەورانی پەك دەیەخست لە هەڵبڕینەوەی ئەو کارانەدا کە پێوەندییان بە دادگەی (جزائی)یەوە بووە وەك کوشتن و دزین و سووتاندن، لە حاڵێکدا کاروباری سەر بە دادگەی (مدنی– حقوقی) لە خواهشتی خاوەنەکەیدا بووە ئایا بۆی دەچێتە دادگە یا مزگەوت وەیا هەر لێی بێ دەنگ دەبێت.

ئەم بەسەر ڕاگەیشتنەی سەرۆك عەشیرەت و براگەورە و دەرەبەگەکان لە ناکۆکی و نیزاعی نێوان خەڵقی سەردەمی لێرە بە پێشەوە، کە رابگیرێت لە تەنیشت خۆ دزینەوەی خەلقەکە لە حکوومەت، باشتر تێمان دەگەیەنێ بۆچی ئەدیب و شاعیر و مەلا و خوێندەواری کورد لە خۆوە بیریان بۆ ئەوە نەڕۆیشتووە (گەورایەتی) و (بچووکایەتی) بەڕاشکاوی بخەنە ژێر ڕۆناکاییی لێکدانەوەیێك بەدیلێکی مومکین و باشتر و باوەڕپێکراوتر بەدەستەوە بدات و داوای لابردنی ڕێژیمی براگەورایەتی و دەرەبەگایەتی بکەن بۆ چەسپاندنی جێگرەکەی. من لێرەدا قسەم لەگەڵ ئەوەیە کە ئەدیبەکان و مەلاکان و شاعیرەکان تەنیا لە نووسین و هەڵبەستدا ناوێکی ئەو بەدیلە و ئاڵوگۆڕە بهێنن نەك لە واقیعدا گۆڕینەکە پێك بهێنن وەیا بە دڵ هەوڵی بۆ بدەن چونکە مەعلومە ئەم دەسەڵاتە نە پەیدا بووبوو نە ئەگەر کەسێکیش ئەم بارە قورسەی خستبایە سەر شانی خۆی بیتوانیبا سەرەدەری لە کارەکەی بکات چونکە ئەو کەسە پتر لە حکوومەت ناڕازی بووە تا ئەوەی لە برا گەورەکانی کورد ناڕازی بووبێت، کە

(١) گەلێك جار لاساییکردنەوەی وڵاتی پێشکەوتوو لەلایەن وڵاتی پاشکەوتووەوە لەجیاتی چاکە خراپەی لێ پەیدا دەبێت، لە جەنگی دووەمدا کە دابەشکردنی خواردەمەنی بە بیتاقە خەڵقی ئەورووپای دەژیاند، لای ئێمە هەژاری هەژارتر کرد و سەرۆکی لێکەوتەشی کردەوە بە سەرۆکی تەواو.

حاڵیش وهابێ دەبێ داواکردنەکەی لە مەبەستە مەحدوودەکەی بەلاوەنانی براگەورانەوە پەرە پێ بستێنێت تا دەیگەیەنێ بە دروستکردنی دەسەڵات و حکوومەتێکی تازە کە ئەمە لە وەهم و خەیاڵیشدا نابێتە هیچ حیسابێکی ئەوسا و ئێستاوە.

ڕەنگە خەیاڵ بۆ ئەوە بڕوا بەسەر ڕاگەیشتنی براگەورەکانی کورد لە گیروگرفتی نێوان خەلقی کوردەواری وێنەیێك بێ لەو دەسەڵاتەی (فیۆدال)ی سەدەکانی ناوەندی لە ئەورووپادا هەیانبووە. هەرچەند لێرە بەدواوە کورتەیێکی زۆر کورتی بەراوردکردنی (دەرەبەگایەتی)ی کورد و (فیۆدال)ی ئەورووپا باس دەکەین بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوەندە بڵێم دوو جوداوازی یەکجار بنجی، وێڕای جوداوازی تری پلەی دووەم، هەردوو دیاردە کۆمەڵایەتییەکەی کورد و ئەورووپای لەیەکتر جودا دەکردەوە. یەکەم لەوەدا کەوا سەرەك عەشیرەتی کورد بەردەوام و هەمیشە کات بەشداری خۆشی و ناخۆشیی خەلقی هۆزەکەی خۆی دەبوو و ژیانێکی تێکەڵ بە ژیانی ئەوانی بەسەر دەبرد بەتایبەتی لە نێوان ئەو عەشیرەتانەدا کە گیانی قەبیلەییان تێدا پارێزراوە، تەنانەت سەرۆکی ئەو تەرزە عەشیرەتە زۆر جاران ژنی لە خەلقی عەشیرەتەکە هێناوە واش بووە ژنی بنەماڵەی سەرۆکایەتیی لە بۆرەپیاوی عەشیرەتەکە مارە کردووە، هەر ئەم تەرزە عەشیرەتەش بووە کە حاجی قادر لە نزیکەوە هاوبەشی ژیانیان بووە. خولاسە نازوفیزی خۆ بەگەورەترزانینی فیۆدالێکی ئەورووپایی، جارێ لە نێوان عەشیرەتەکانی کورد پەیدا نەبووبوو مەگەر ناوناوەیێکی بە دەگمەن نەبێ. دووەم لەوەدا کەوا چونکە دینی مەسیحی کەمتر لە دینی ئیسلام یاسای گوزەران و بەیەکەوە ژیان و سزاو پاداش و لایەنەکانی تری کۆمەڵایەتی داناوە، خەلقی ئەورووپا کەمتر گەڕاونەتەوە بۆ کەنشتە لەوەی کە موسوڵمان هانا دەبەنە بەر مەلا و مزگەوت بۆ هەڵبڕینەوەی کێشە و گیروگرفتی نیزاعی نێوان خەلق، کە حاڵ وابێ دیارە سەرۆك عەشیرەت لە دەشت و لادێ جارێکی تریش پێوەندیی لەگەڵ کوردەواریدا پتەوتر دەبێ لە پێوەندیی کۆنتێك و بارۆنێکی ئەورووپایی بەو خەلقەی کە لە جغزی دەسەڵاتی ئەودا دەژین چونکە لە نێوان عەشیرەتدا پێوەندی بە مزگەفتەوە درێژەکێشانێکی پێوەندییەکەیە بە دیوەخانەوە وەیا، بەپێچەوانە، لەم ڕووەوە دیوەخانە درێژەکێشانی مزگەفتە.

ئەم تێکەڵییەی سەرۆك عەشیرەت لەگەڵ ژیان و سوود و زەرەری خەلقەکە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە نەریت و داب و دەستووری کۆمەڵایەتی و داخوازی ناچاری پێی داوە،

سەرەڕای دڕدۆنگیی خەلق لە حکوومەتی ڕۆژگارەکانی تێپەڕیو، زۆر بە شێوەیێکی چاوەڕوانکراو وای کردووە حیسابێکی کەم بۆ زێدەدەستدرێژییێك بکرێت کە براگەورە لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆی کردبێتی وەك لە هەموو جیهاندا چاوپۆشی دەکرێ لەو سنووربەزاندنەی یاسا کە لێرە و لەوێ لە دایەرەی پۆلیس دەدیترێ وەیا سەرۆکی دایەرەیێکی تر لەگەڵ فەرمانبەرە بەردەستەکانی خۆیدا دەیکات، هەرچەند دەزانین سنووربەزاندنی یاسا نیگاراکێشتر و پتریش جێگەی گلەییە، خێراتریش لەسەر ئەو کەسە حیساب دەکرێ کە سنوورەکەی بەزاندووە تا ئەو زێدە دەستدرێژییەی براگەورەیێك کردووەتی بەر لە سەدان ساڵ. لەمەش بترازێین دەبێ داوا لە ڕۆشنبیری ئەم سەردەمە بکرێ پتر پەرۆشی یاساپاراستنی ئەم سەردەمەی بێت تا گلەییکردن لەو سنووربەزاندنەی پێشینان کردوویانە. بەهەمەحاڵ لە بارێکی وەهادا کە نیزام و یاسایێك نەبێت بە چاکی تەدەخولی ڕەوا و ناڕەوا لە یەکتر جوداکاتەوە، نیگای پیاوی حەقپەرستی وردبینیش لەوانەیە بەسەر دیمەنی دەستدرێژییەکەدا بکشێت بێ ئەوە بەسەریەوە بەند بێت و بکەوێتە کەلکەلەی هەڵێنجانی بیروڕای ئەوتۆوە تێکدانی ئەو داب و دەستوورە بکاتە مەبەست.

من نامەوێ بڵێم، نەشمگوتووە و هەرگیزیش ناڵێم، ئەو براگەورانە هەموویان وەیا زۆریان هەمیشە لە پەرۆشی چاکە و بەرژەوەندی خەلقەکەدا بوون و سوود و بەرژەوەندی خۆیانیان بەلاوە ناوە، کە ئەمە نە ئەوسا ڕاست بووە و نەئێستاش ڕاستە و تا دواڕۆژێکی دوور و درێژیش بەڕاست ناگەڕێ. خەلقی ئەو سەردەمانەش وەك هی ئێستا تێکڕایان بەر لە هەموو شتێك چاکەی شەخسی خۆیان مەتڵەب بووە کەسیش لەمەدا هیچ ناڕەزامەندیی دەرنەبڕیوە چونکە ئەو کەسە خۆی بەر لە خەلقی تر خەریکی وەدەست هێنانی سوودی شەخسی بووە ئیتر چۆن بیری بۆ ئەوە دەڕوات شتێکی بەخۆی ڕەوا دەبینێت و وەك بەدیهیەی دەزانێت لە خەلقی بە عەیب بگرێت.

خەریکبوون بە سوودی شەخسییەوە یاسای سروشتە و داخوازی ژیانە، بگرە داینەمۆی مێژووی کۆن و نوێیە، خۆ ئەگەر لەم ڕۆژگارەشدا گیانی هاریکاریی نێوان گەلان نەختێك لە خۆپەرستیی مرۆڤی تاکی کەم کردبێتەوە و پێداویستی بەیەکەوە ژیانی ئەم سەردەمە خەڵقی بەرەو تەرجیحی سوودی گشتی پاڵ پێوەنابێت، سەدان ساڵ بەر لە ئێستا گیانی ئەوتۆیی جارێ لە پزدانی کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتدا نەتروکابوو مەگەر لەسەر زار و زمانی پیاوی واعیز و لە ناو هەناوی نووسراوی تۆز

لێنیشتوو و بەدەم پەند و قسەی نەستەقەوە وەیا لەسەر ڕووپەڕەی یاساکاندا کەوا ڕەفتاری خەڵق زۆریان لێ دوور بوو. پەند و قسەی نەستەق کە پتر تەرجەمەی جوولەی مێشك و دڵی مەردم دەکەن نەختێکی کەمی سوودی گشتیی گرتووەتەوە، بەشی هەرە زۆری گیانی خۆویستیی عەکس کردووەتەوە[1]، هەر ئەمەیشە چاوەڕوان دەکرێ لەو واقیعە یەکجار کزەی کوردەواری کە بەدرێژایی هەموو مێژووی دەرفەتی نەبووە بە شێوەیێکی گشتی و لە ڕێی هاریکارییەوە چاکە و سوود و بەرژەوەند دەردەست بکات وەیا زەرەر و ناخۆشی و فەلاکەت بەرەودوا بگێڕێتەوە. ئەم خەریکبوونەی خەڵق بە سوودی شەخسییەوە کە یاسای گشتیی کۆمەڵایەتیی کوردستان و هەموو جێگەیێکی لێقەوماوی وەك ئەو بووە و پەردەی چاوپۆشی بەسەر ڕەفتاری هەموو ئەو کەسانەدا کێشاوە کەوا بە ئاشکرا وەیا لە پەنا خزمەتی غەیردا سوودی شەخسییان خزمەت کردووە پتر ڕوون دەبێتەوە کە ڕای بگرین لەبەر تیشکی ڕاستیی چوارەم وەك هەر ئێستا دەیکەین.

چوارەم ڕاستی: کە خۆی سێبەری تیشکەکانی واقیعی کۆمەڵایەتییە و هەتا بشڵێی بەد و مەلعوونە، کەمتەرخەمیی تێکڕای خەڵقە لەو ڕووداوانەدا کە دووچاری غەیری خۆیان دەبن و زیانەکەیان بەرەو خۆیان ناگەڕێتەوە. من لێرەدا بەتەما نیم بچمە بنج و بناوانی ئەم خەسڵەتە یەکجار بەرچاو و پەرەسەندوو و فەرمانڕەوایەی نێوان گەلانی دواکەوتوو بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە واقیعییەکانی لێیانەوە هەڵقوڵیوە چونکە مەبەس شیکردنەوەی ئەو هەڵکەوت و دیاردە کۆمەڵایەتییانە و ڕاستییە مێژووییانەیە کە وایان کردووە ئەدیب و پیاوچاك و مەلای دینداری کورد لە ئاست براگەوراندا بێدەنگ بن بۆئەوەی تێ بگەین سەبەب چییە حاجی قادر لە هەڵبەستەکانیدا یەخەگیری دەرەبەگ نەبووە وەك لە زەمینەی ئایندا یەخەگیری شێخایەتیی تەڵەکەباز بووە وەیا لە مەیدانی کوردایەتیدا یەخەگیری داگیرکەر بووە. کە ئەمە مەبەست بێ عامیلی (کەمترخەمی)، خۆی لە خۆیدا، یارمەتی ڕوونکردنەوەی باسەکەمان دەدات بێ ئەوە پێویست بێ بزانین لە کام سەرچاوەوە هەڵقوڵیوە و بە کام دۆلیچکەی مێژوو و کۆمەڵایەتیدا بە میرات بۆ کورد و گەلی دواکەوتووی وەك ئەو هاتووەتە خوارەوە.

بێباکیی مرۆڤ لە ئاست ئێش و ئازاری غەیری خۆی بەوەندە بەدرۆ ناخرێتەوە کە

(١) ئەم باسە لە لاپەڕەکانی (١٨٠–١٨٢)ی بەرگی یەکەمی (حاجی قادری کۆیی) بەپێی داخوازی جێگە لێی کۆڵراوەتەوە.

دێت و پەروۆشێکی بێ ئەرك دەخوا بۆ لێقەوماو و خەفەتبار چونکە پەروۆشی بێ ئەرك بەکەڵکی خەفەتبارەکە نایەت و ستەمکاریش لە ستەمی خۆی ناوەستێنێت. تۆ سەیری وەزعی لێقەوماو بکە و بە حاڵوباری دەوڵەمەندێك و خواپێداوێکی بگرە و بزانە ئاپۆرەی خەڵق لە کامیان دەئاڵێن. ئەم دیمەنەی ڕووهێنانی عالەم بۆ دەوڵەمەند و پشت تێکردنیان لە هەژار لە هەموو سەردەمێکدا مەوزووعی هەڵبەست و پەخشان و بابەتی فۆلکلۆری بووە، تەنانەت هەموو شکایەتێکی شاعیران لە زەمانە و چەرخی چەپگەرد و بەختی کەچ شکایەتکردنە لە ئادەمیزاد چونکە نە زەمانە و نە چەرخ و نە بەخت هیچ کامێکیان چاکە و خراپەیان لە دەست نایەت، شاعیرەکانیش ئەم ڕاستییەیان زانیوە.

دیسان دەڵێمەوە من ناچمە بنج و بناوانی مەسەلەکەوە، مەبەستیشم تاوانبارکردنی خەلقەکە نییە چونکە هەر تاکێکی لێی بگری خۆی لە بارێکدا دیوەتەوە هەم لە ئیرادەی بەهێزتر و هەم لە تێبڕکردنی هۆش و گۆشی بەدەر. من تاکە مەبەستێکم هەبێ لە باسکردنی ئەم دیاردەیەی بێباکیی مەردم لە ئاست ئێش و ئازاری غەیردا تەواوکردنی ئەو نەخشەیەیە کە بیدەنگبوونی شاعیر و ئەدیب و خوێندەواری کوردی لێرە بەپێشەوە لە ئاست دەستدرێژیی براگەوران نیشان دەدات چونکە ئەگەر نەخشەکەم بە ناتەواوی جێ هێشت کەسی پێ ئیقناع نابێت لە حاڵێکدا دەزانم حەقیقەتی ناخۆش بە هەموو بەڵگەی ئیسپاتکەریشەوە پێشکەش بکرێت هەر زەحمەتە بسەلمێندرێ چ جایی حەقیقەتێك تاڵاییەکە و ناخۆشییەکەی بگاتە پلەی نەگونجان لەگەڵ ئەو بیروڕایانەی کە بەلایانەوە هەموو ڕابردووی گەلانی خەلق یەك شریتەی بێ بڕانەوەی بەگژداچوونەوە بووە دژی زۆرداری و خوێنمژی و چەوساندنەوە. داخم ناچێ ڕووداو شتێکی یەکجار جودایە لە مەیلی سافیلکەی خۆ شاگەشکەکردن بە خەباتی مەردانەی لێرە بە پێشەوە، کە دەبینین هەڵکەوتووترین و ئازاترین و دڵسۆزترین ڕۆڵەی گەل لە مێژووی دوور و درێژدا بە قسە و هەڵبەستیش ئەو خەباتەیان نەکردووە چ جایی مەردی بێ ئەنوای هەژاری بێ دەسەڵاتی هیچ لە دەست نەهاتووە. من لێرە بە پێشەوە باسی چەند بەگژداچوونەوە و هەڵگەڕانەوەی فەلاحانم لە ئاغایان کرد کە نموونەی لەسەرخۆکردنەوە و پەلەی ژیانی چینی هەژار نیشان دەدەن، ئێستا لێرەدا دەبێ بڵێم ئەو فەلاحانەی بەگژ زۆردارەکاندا دەچوونەوە لە هێزی هاوکاری ناوخۆیی و کەرەمی خوا بەولاوە یاریدەدەریان نەبوو نە لە نێوان برا فەلاحەکاندا و نە لە نێوان سەرلەبەری

چـیـنـی هـەژار و خـوێندەواردا، ئـەگـەر مـحـامـیێکیش یـاریدەی دابـن بـەرانـبـەر ئـەرك و مەسرەف یاریدەی داون هەروەك محامیێکی تر یاریدەی لایەنەکەی تری داوە. ڕەنگە لێرەدا ڕاستی هەر یەکە بەشێوەیێك– پەنایێکیان لە یاسا و دەسەڵاتی حکوومەتی ئەوسادا شك بردبێت چونکە بە هەمەحاڵ حکوومەت نایەوێ بە ئاشکرایی بێ ئەمریی یـاساکـانـی بـکـرێت، لـەو سەردەمـانـەشدا دەستدرێژکەرێکی مـیراودەلـی خـۆشەویست نەبووە لای حکوومەت تاکو چاوپۆشیی لێ بکات چونکە ئەوسا جارێ پشدەر، کە ناوچەی دەسەڵاتی میراودەلییان بوو، حکوومەتی تێدا دانەمەزرابوو لەبەر ئەمە هەر جێگەیێکی تریش بکەوتایە ژێر فەرمانی ئەوان حکوومەتی لێ دوور دەکەوتەوە. لـەمـانـەش وازبـێنـیـن دەرگـەی دادگـە بـۆ هـەمـوو کـەس کـرابـووەوە و لـە شکـاتـانـی دەپرسییەوە. خولاسە مەسەلەکە بە هەر بارێکدا بخەین پەیامی خۆشی لێ وەرناگرین چونکە دیاردەی پەرۆش بۆ غەیر نەبوون پتر ئاشکرا دەبێ.

ئـەم لێکدانـەوە و سەراسۆییکردنـە کورتیلـەیـەمـان بـەدەوری کـەمتەرخەمیی خەڵق لـەگـەڵ یـەکـتـردا بـاشتـر بـۆمـان ڕوون دەکـاتـەوە و تێمـان دەگـەیـەنـێ چـەند ئـاسانـە دەستـدرێژیـیـکـردنـی بـراگـەوران لـە هـەڵـبـڕیـنـەوەی نـیـزاعـی نـێوان خـەڵـق بـەرەو وەدەستهێنانی سوودی شەخسیی خۆیان چاوی بینەرانی بەسەردا بکشێت بێ ئەوەی هەست بە دەستدرێژییەکە بکات وەیا ئەگەر هەستێکیشی پێ کرد بەلایەوە سەیر و ناڕەوا بێ چونکە بینەرەکان و سەرلەبەری خەڵقەکە خەریکی سوودی شەخسی بوون و کەمتر خەفەتی مەغدووریەتی غەیری خۆیانیان کێشاوە. بێ گومان دەسەڵاتێکی بەلای خەڵقەوە ڕەوا و ئاشنا بێت سنووری خۆی ببەزێنێ بەرەو دەستدرێژیکردن گەلێك کەمتر خۆی دەنوێنێت لە چاو دەستدرێژیێکی کە لەسەر هیچ بنگەیێکی کۆمەڵایەتی هەڵنەستابێت، وەك ئەوەی براگەورە بە ناحەق لە برا گچکەی بدات چاوپۆشیی لێ دەکرێت بەڵام بێگانە لێی ناسەلمێندرێ دارێك لە سەگی بەردەرگە ڕاست بکاتەوە. ئەم ڕاستییە کە وا بۆ خۆی بە بەریەوە هەیە گەلێك تەنبێکردنی ناحەق و دەستدرێژکەرانە بە کاری ڕەوا لە قەڵەم بدات هەر بەجارێ دەکەوێتە گۆشەی فەرامۆشییەوە کە رابگیرێ لەبەر سێبەری تاریکی کەمتەرخەمیەکەی باسمان کرد. من لێرەدا کە دێم ئەم دوو ڕاستییە بەیەکەوە کۆ دەکەمەوە مەبەستم ئەوەیە خەیاڵی خوێنەر بۆ حەقیقەتێکی گەورە ڕاکێشمەوە، هەموو ڕاستییەکانی باسم کردن و ئەوانەی لێرە بەدواوە باسیان دەکەم یەك ڕاستیی گەورەی بێ جەمسەر و بڕگە و بەیەکەوە سەرانسەرن نەك وەها لە

یەکتر پچڕاو و دابڕاو و تەنیا تەنیان وەك لەم نووسینەدا ژمارە و زنجیرەیان بۆ دادەنێم. هەڵوەستی خەڵقی ئەو سەردەمانەش لە نێوان ئەو ڕاستییانەدا کە بەشێکی واقیعی فراوانن بە شێوەیێکی عەفوی و بێ مامۆستا و خوێندنەوەی نووسراوی وەك ئەمە بووە، واتە ئەوان لە هەڵوەستیاندا وەك خەڵقی ئەم سەردەمە نەبوون کە مەجبوورن بە پێی تەعلیمات و مادە یەك و دوو و سێی یاسا و بەرنامان ڕەفتار بکەن. خەڵقەکە لە کەمتەرخەمیی پەرۆش بۆ غەیردا نەیاندەزانی بەو کەمتەرخەمییە چەند بیروباوەڕی دواڕۆژ سەغڵەت دەکەن کە حەزیان لێیە چینی چەوسێنراوە لە ڕابردوودا کەمتەرخەم نەبووبێ لە ئاست بەرژەوەندی خۆی و پەرۆش بۆ غەیردا، هەمیشەکاتیش دەستەویەخەی براگەورە و دەرەبەگ و بۆرجوزاییان بووبێت، خۆ منیش هەر حەزم بەوە دەکرد بەڵام حەز پێکردنەکەم ناگاتە ئەو ڕادەیە لە نەبوویەوە دروستی بکەم و مێژووی کۆن و نوێ بشێوێنم. هەرچی حەزکردنی شەخسی هەیە ناتوانێ بێ دەسکاریکردنی مێژوو حاجی قادر و هاوچەرخەکانی لە کوردستانی عێراقدا بەگژ براگەورە و دەرەبەگاندا بهێنێت، کە ئەگەر ئەو بەگژداهێنانە لەسەر کاغەز دروستیش کرا نە سوودێك بە هەژاری سەدساڵ و هەزار ساڵی پێش ئەمڕۆ دەگەیەنێت نە هەژاری ئەمڕۆش دەتوانێ لە مێژووی دەسکرد سوود وەرگرێت، بە پێچەوانە، لەوانەیە مێژووی ئێستاشی لێ سەرەوبن بکرێت و برسیایەتیی لەسەر حیساب بکرێ بە تێری. دەست و دامەن بوونی من لەگەڵ گەنج و ڕۆشنبیری کورد بۆ نەشێواندنی مێژوو لە پێش هەموو شتێکدا بەرژەوەندی چینی هەژاری ئەمڕۆ و دواڕۆژی بەچاوی خۆیەوە گرتووە چونکە لەسەرەوبنکردنی مێژوو و سازدانی واقیعی کارتۆنیی سەر کاغەز کە مومکین نییە خێر و خۆشیی لێ بڕوێت، ئەوەی تێ دەچێ و تێ دەشکێ و برسی و ڕووت دەمێنێتەوە هەر ڕەش و ڕووت و هەژارەکەیە، ڕۆشنبیرەکە و خاوەن شەهادە و وەزیفەکە زەرەرێکی ئەوتۆ ناکات پێیەوە دیاربێت، خۆ ئەگەر بە ڕواڵەت شتێکی کەمیشی لەکیس بچێت لە دوولاوە تێی دەهێنێتەوە. یەکەم لەلایەن خۆهەڵدانەوە و پایە لە خۆنان بە ناودەرکردنی میللەتپەروەری و ڕۆشنبیری و شۆڕشگێڕی، دەشزانێ ڕێگە لە پێش کەس نامێنێتەوە بە درۆی بخاتەوە وەك پێشتر شاعیری عەرەب لە باری وەهادا گوتووەتی:

تلوا باطلا وجلوا صارما وقالوا صدقنا فقلنا نعم

مرۆڤیش کە ناوی دەرکرد بەو لەقەبە نازدارانە خێر و خۆشیی لە هەموو لایێکەوە بەسەریدا دەباریت. من شۆڕشگێڕم دیتووە، تۆش هی وەهات دیتووە، لە سەرەتای

شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ دینارێکی نەبوو، ساڵی تێ وەرنەسووڕایەوە بەسەر شانی بزووتنەوەی نیشتمانپەروەرییەوە تێ هەڵکشی بەرەو ئەوەی پێی دەڵێن ناز و نیعمەت، کەسیش لێی بە عەیب نەگرت. دووەم لایەن ئەوەیە کە ئەگەر راستەوخۆش پارە و پوولی بەسەردا نەبارێ، لە ڕێی چالاکیی جۆرجۆر و هاوتوچۆی ناوەوە و دەرەوە و ئاهەنگ بەرپاکردن و چشتی وەهاوە هەموو زەرەران پڕ دەکاتەوە و پاشەکەوتیشی دەبێت. حاجی قادری بێ دەرەتان چەند بەدبەخت بوو لەچاو ئەو شۆڕشگێڕانەی کە دوای دەیان ساڵ لە مردنی، چ لە ڕێبازی عەیبدارکردنی ئەوەوە بێت و چ لە ڕێبازی دەسکاری کردن لە خەباتی ئەوەوە بێت هەموو هەژاری و نەداری و بێ پارەیی و ئیفلاسیی ئەویان بۆ خۆیان گێڕا بە خێروخۆشی. چەند سەیرە، ڕۆشنبیری کورد لەم ڕاستییە یەکجار تاڵەی بەردەستی خۆمان بە دەنگ نەییێت بەڵام ڕازی بێ لە گۆڕینی ڕاستییەکانی مێژووی تێپەڕیوی مردوو. من دەمەوێ لە بەسەرهاتی حاجی و نرخاندنی خەبات و بیروڕاکانی نشتەر بخوازمەوە بۆ بەخەبەرهێنانەوەی گەنجی خەوێنراو و چاوبەستەکی لێکراو، ئەویش مومکین نابێ ئەگەر هەموو تاڵاییی واقیعی نەخەمە بەرچاو، تەڵەکەبازیی مەیدانی نیشتمانپەروەری و چینپەروەریش پاروو نەرم و چەورەکەی لە قورگی گیرنابێ ئەگەر گەنجی تێگەیشتووی پێگەیشتووی دڵسۆزی کورد لە ڕێی حیساب لەگەڵ کردندا پەنجە لە قورگی ئەو تەڵەکەبازە توند نەکات و پارووەکەی پێ نەتفێنێتەوە، ئەوەی لەم قسانەشم دەتۆرێ، ڕازی بێ و ڕازی نەبێ، یەکێکە لەوانەی حەز دەکا پارووی چەور و نەرمی حەرام بە خۆشی لە گەرووی خۆی ئاوا کات.

لە پاش ئەم ڕاستییانە دوو ڕاستیی یەکجار گرینگ و بنجی و کاریگەر هەن بەنیسبەت نووسینەکە و بەنیسبەت پێکهێنانی نۆڕینێکی ڕاست و دروستیش بەرانبەر ئەم پرسیارەی دەرەبەگایەتیی کورد و هەڵوەستی حاجی قادر لە ئاستیدا، یەکێکیان بەراوردکردنی دەرەبەگایەتیی کوردە لەگەڵ فیۆدالیزمی ئەوروپا، دووەمیان ڕووبەڕووبوونی حاجی قادرە لەگەڵ براگەورە و دەرەبەگ و سەرەك عەشیرەت و خاوەن دەسەڵات و شۆرەتی کورد لە نوقتەنەزەری خەباتە قەومایەتییەکەیەوە بە پێی زەرف و کاتی کە حاجی تێیدا ژیاوە. لەگەڵ بەسەرچوونی شیکردنەوەی ئەم دوو ڕاستییە گەورەیەدا سەرلەبەری ژیانی حاجی لە کۆیە و کوردستان بەسەر دەچێت و ئەم بەشەی سێیەمی نووسینەکەش بەپایان دەگات کە وا بە ڕاستی لە سەرەتاوە هەر سێ بەشیان

بـە نـاوەڕۆکـی یـەك کتێب دانرابـوون، مسوەدەی هـەمـووشیـان بـەیـەکـەوە ئـامـادە کرا تـەنـانـەت تـاکـە یـەك وشەشم لـە بـەسەرهـات و خـەبـات و فـکـر و ژیـانـی حـاجـی لـە ئەستەمبۆڵ نەخستبووە سەر کۆتاییی ئەم قۆناغەی ژیانیەوە بەو بۆنەیە کە هەردوو قـۆنـاغ بـەتـەواوی لـە یـەکـتـر دەتـرازێن و دەکـەونـە بـەر تـیـن و تـاوی کـاریـگـەریـی کۆمەڵایەتیی لە یەکتر جوداوە.

من کە دێم دەرەبەگایەتیی کورد بە فیۆدالیزمی ئەوروپا دەگرم مەبەسم ئەوە نییە دیراسەی سەربەخۆی فیودالیزم بکەم چونکە ئەم کارە لە پەراوێزی باسێکی تردا جێی نابێتەوە، چێ لەم لێکۆڵینەوەشدا دێتە ناو حیسابەوە شتی وەها ئاشکران هەر پێی دەوێ زیهنی خوێنەری بۆ ڕاکێشرێت. نووسەر هەن حەز بەوە دەکەن لە نێوان دوو دێراندا ناوی یەك دوو سەرچاوە بێنن هەرچەند بابەتەکە هێندەی ئەلف بێتکەش سەرەتـایـی بـێت هـەر دەڵـێی بـەلایـانـەوە نـاوی سەرچـاوە هـێنـان لـە نـووسیـندا وەك دەستـنـوێژ وابـێ لـە نـوێژکـردنـدا، کـەچـی مـەعلـوومـە دەوڵـەمـەندکردنـی نـووسین بـە سەرچاوەی زۆر لەو کارانەدا دەبێت ١- بەبێ سەرچاوە ساغ نەکرێتەوە ٢- لە ڕایەك پـتـر دەربـارەی بـاسەکـە هـەبـێت ئـیـتـر تـەرجـیـحـی یـەکێکیـان دەخـوازی نـاوبـردنـی سەرچـاوان بـکـات ٣- سەرچـاوەی نـوێ لـە بـاسەکـەدا دۆزرابـێتـەوە جـارێ خـەڵـق نەیبیستبن ٤- سەرچاوەی باسی پێشووتر بە درۆ بخرێتەوە. بەڵام چ پێویست نییە سەرچـاوە بـهـێنـرێتـەوە بـۆ ئـیسپـاتـکردنـی عـەبـاسی بـوونـی (مـتـوکـل علـی اللـه) وەیـا خراپبوونی بەغدا لە (٦٥٦)ی کۆچی بەدەست (هۆلاکۆ)وە. نووسەری کوردم دیتووە ناوی دوو سێ سەرچاوەی بردووە لە کاتی هێنانەوەی نموونە بۆ بەکارهێنانی وشەی عادەتیی کوردی لە ڕستەدا. لەم نووسینەدا کەوا من بە دەگمەن نەبێ ناوی سەرچاوە نابەم ئەگەر حەز بکەم یەك فەرهەنگی ڕێکوپێکت بۆ ساز دەدەم لە ناوی سەرچاوەی هەرچی زانست و ئەدەب و ئاین و هونەر و فۆلکلۆری کۆن و نوێ و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا هـەیـە کـە نـاوی هـەمـوویـان و دە ئـەوەندەی تریش بـایـی فلسێك یـارمـەتـیـی لێکۆڵینەوەکە و حاڵیبوونی تۆش نادەن. لەبەرئەمە من لە باسی فیۆدالی ئەوروپا بە لیستەی سەرچاوانەوەت خەریك ناکەم، لە گۆشەی وەهاوە بەراوردی دەکەم لەگەڵ دەرەبەگایەتیی کورد کە نووسەری عادەتی شارەزای بێت، مەعلوومیشە مەبەستەکە بریتییە لە پتر ڕوونکردنەوەی هۆی هەڵوەستە زۆر ئاشکراکەی حاجی قادر بەرانبەر

بـرا گـەورەكـانـی كـوردی سەردەمـی خـۆی. كـە ئـەمـە مـەبـەست بـێت چ لـزووم هـەیـە بگەڕێمەوە بۆ باسی دەوری پەیدابوونی بارووت لە كزكردنەوەی دەسەڵاتی فیۆدال و بـەهـێزكـردنـی دەسەڵاتـی نـاوەندی حكوومـەتـەكـانـی ئـەوروپـا وەیـا ئـەو یـاسایـانـە و دەستوورە كۆمەڵایەتییانەی پێوەندی فیۆداڵیان بە رەعیەوە ڕێك دەخست وەیا ئەركی دەرخستنی تەئسیری فیۆدال لە گیانی چاپوكسواری بكێشم وەیا باسی (هونەر و فـیـۆدال– كـەنشتـە و فـیـۆدال– شەڕی خـاچـپـەرستـەكـان و فـیـۆدال...) بـدەمـە بـەر لێكۆڵینەوەوە لە حاڵێكدا من دەمەوێ دیاردەیێكی زۆر مەفهوومی پێوەندیی حاجی بە دەرەبەگایەتی كوردەوە مەفهومتر بكەم لە ڕێی دەرخستنی جوداوازیی نێوان ئەو و فیۆدالی ئەوروپاوە كە دەزانین نووسەرانی كورد كە چاویان بە نووسینی نووسەرانی نـوێخـوازی ئـەوروپـا كـەوت لـە بـارەی فـیـۆدالـەوە، بـەتـایبـەتیش لـە نـوقـتـەی نـەزەری (چینایەتی) و گۆڕان و بەرەوپێشچوونی كۆمەڵایەتییەوە، واشیان برایە مێشكەوە كە سەرانسەری ئادەمیزد یەك چوونە لە ڕووی گۆڕان و چەند و چۆنی چینەكان و جۆری ستـەمـكـردنـی خـوێنمـژان و لـەسەرخـۆ كـردنـەوەی خـوێنمـژراوان و... هـتـادەوە كـەچـی نەختێك وردبوونەوەی سەرپێیی دەری دەخات جوداوازیی كورد لە میللەتێكی تری خاوەن كیانی بە ماف گەیشتوو پترە لە جوداوازیی نێوان فەلاح و كوێخا و كوێخا و ئاغا وەیا جوداوازیی كرێكار و كاسبكار و كاسبكار و بازرگان. جا ئەگەر رەوا بێ مێژووی كورد و واقیعی كورد بخرێتە ژێر حوكمی ئەو نیگایە و بیروڕایەی سەیری مێژوو و واقیعی میللەتێكی تری وەك ڕووس و ژاپۆن دەكات دەبێ بە ڕاشكاوی چینی فەلاح و كوێخا و رەنجبەر و گاوان و خاوەن ملكیش بە یەك نیگا سەیر بكرێن، عەمەلە و دوكاندار و توجاری شەكر و چایەش بە یەك چین دابندرێن. ناشێ خوێندەوارێكی كـورد ئـەوەنـدە لـەگـەڵ خـۆی و مـیـلـلـەتـەكـەیـدا بـێ ئـیـنساف بـێت حـەوت بـەشی لێقەوماوییەكەی لە بیر خۆی بباتەوە هەر بۆ خاتری ئەوەی لە دەست تەرازووی نـەزەریـیـەدا هـاوسەنـگـی مـیـلـلـەتـانـی تر بێت نـەكـا بـگـوترێ ڕێبـازی مێژوویی لـە میللەتێكەوە بۆ میللەتێكی تر جوداواز بووە. ڕۆشنبیرێكی كورد كە هات و چاوی خۆی لەم ڕاستییە ناقۆڵایەی وەك یەك نەبوونی كۆمەڵایەتی كورد و فەرەنسە پۆشی ئیتر بۆ دەبێ بسەلمێنێ جوداوازی هەبێ لە نێوان واقیعی كرێكار و واقیعی كرێگرتوودا خۆ هەتا ئەم دوو واقیعە لە یەكتر جودا بن هێندەی جوداییی كورد و فەرهەنگ نابێت. ئەگەر ئەم هەموو حۆماندووكردنەشی هەر بۆیە بێت كە حەق بداتە فەلاح و كرێكار بۆ

ئەوەی خەریکی تاکە ئامانجی سوودی چینایەتی وەیا تاکایەتی خۆیان بن بێ ئەوەی گوێ بدەنە مافی نەتەوایەتی، کەواتە بۆچی بەرەی (موظف)ەکانیش ئەم مافەی بە خۆوە خەریکبوونیان پێ ڕەوا نەدیترێت. هەروەهاش هەموو بەرەوتاقم و چینەکانی تری کۆمەڵ. بەڵێ دەزانم کرێکار و فەلاح حەقیانە، هەتا بڵێی حەقیانە، بە مافی ڕەوای خۆیان بگەن و مرۆڤایەتیی خۆیان و خێزانەکانیشیان لە کۆمەڵدا بچەسپێنن، لەمەشدا بەسەرشانی ڕۆشنبیرەوەیە یارمەتیی مەردانەی کرێکار و فەلاح بدات بەڵام دەبێ هەمیشە لەبەرچاومان بێت مافی کرێکار و فەلاح و هەموو کەسێك و بەرەو تاقم و چینێکیش لە ناو جغزی قەومایەتیدا ڕێزی لێ دەگیرێت، واتە کە مافەکەیان لە مافی قەومایەتی ترازا دەبێتە لەمپەر لەپێش رەوتی تێکڕای نەتەوە[1] چونکە بە پێی

(١) لە کاتی چاپکردنی ئەم دێرانەدا، بە ڕێکەوت ژمارە (٨)ی ساڵی (١٩٧٦)ی گۆڤاری (آفاق عربية)م کەوتە بەرچاو، دوانێکی مامۆستا (میشیل عفلق)ی تێدا بڵاو کراوەتەوە. لەو دوانەدا بەپێی ڕوونکردنەوەی بیروڕای خۆی لە بارەی دۆزینەوەی هۆی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی قەومایەتی نەتەوەی عەرەب دەکەوێتە سەر لێکۆڵینەوە لە دەستدان و دەست نەدانی شێوازی مارکسایەتی و کۆمیونیزم بۆ ڕزگاربوونی نەتەوەی عەرەب لە ئیستیعمار و دواکەوتن. لێرەدا هەندێك نموونە لە دوانەکەی مامۆستا عەفلەق دەخەمە بەرچاو بە نیازی نیشاندانی چۆنیەتیی بۆچوونی رابەرێکی نەتەوایەتیی برا عەرەبەکان لەم پرسیارە یەکجار گرنگەی گونجان و نەگونجانی بەرژەوەند و فەلسەفەی قەومی لەگەڵ فەلسەفەیێکی تر کە ڕاڕەوێکی سەربەخۆی جودا لە قەومایەتی دەگرێتە بەر:

لە ستوونی یەکەمی لاپەڕە (٥)ی گۆڤارەکە ئەمە دەخوێنیتەوە:

«لقد كان الصراع المباشر مع الغرب... اما الصراع غير المباشر فكان مع الشيوعية، كحل ممكن و قابل لان يحتل عقول الاجيال العربية.

«فى مرحلة الثورة او التهيؤ للثورة لاتكون خصومتك الفكرية مع الرجعية– وان كنت تحاربها– وانما تكون مع الذى يحارب الرجعية ليأخذ دورك، ومن هنا كان ما يشغلنا هو: كيف نستطيع محاربة اوروبا الاستعمارية فى الوقت الذي نتفادى فيه خطر الشيوعية، كفكر يؤثر على عقول الشباب ويجعل من نفسه البديل لحركتنا»

لە ستوونی سێیەمی هەمان لاپەڕەدا ئەمە دەخوێنیتەوە، کۆتاییشی کەوتووەتە لاپەڕەی دواتر: «قرأنا الاسلام. هذا الاسلام هو الاسلام بعد قراءة الشيوعية... بعد مواجهة التحدي الاستعماري الغربى وحضارته، وبعد الاطلاع على الحل الثوري الشيوعى الآتى من الغرب أيضا، فهي اذاً، قراءة من خلال موقف مصيرى من تحديات الاستعمار والحضارة =

داخوازی مافی بەرتەسکی بەرەوتاقم وەیا چین، خاوەن مافە بەرتەسکەکە خۆی لە

= الغربية ومن تحديات الفكر الشيوعي»

لە ستوونی سێیەمی لاپەڕە ٦ بەدوا قسە لە بابەت نەمریی ئیسلامەوە دەڵێ:

«هذا بالذات أعطانا جرأة معينة لنقد الشيوعية... اى ان نقدنا للشيوعية لم ينحصر في ان الشيوعية لا تلائمنا كعرب، بل تعداه الى الكشف عن النقص الاساسي في هذه النظرية...

«عندما نقول ان القومية شيء خالد، وان الشيوعية قفزت من فوقها وارادت ان تحطمها...»

دوای دەربڕینی گەلێك بیروڕا و بۆچوونی تر دەربارەی دەوری نەتەوایەتیی عەرەب لە جیهان و تێپەڕینێکی برایانەی خێرا بە (قضية الاكراد– ستوونی یەکەم لە لاپەڕە (٩)دا لە کۆتاییی دوانەکەدا ئەمە دەڵێ:

«ان الثورة هي من اجل القضاء على التخلف والاستغلال ... من اجل القضاء على الاستعمار... ومن اجل سعادة الناس ... الخ. ولكن هذا يأتى في الدرجة الثانية بعد الرسالة... فهذه الاشياء هى المميزة فعلا لحركتنا، لأن التفكير الماركسى، وشبه الماركسى، والعلمي وشبه العلمى لايوصل الى هذه الحقائق... واحيانا يوصل الى الاستهزاء بها والتنكر لها ومجافاتها... وبالتالي الى التعثر والفشل».

لە پەڕاوێز (١)ی سەرەتای ستوونی سێیەمی لاپەڕە (٩) شدا دەڵێ:

«النظرية الشيوعية وليدة الغرب وقومياته المتعصبة المتناحرة، وصناعته المتضخمة، لذلك فهي في البلاد العربية تحارب أمراضاً غير موجودة اى انها تلهي العرب عن محاربة أمراضهم الحقيقية.

«فالشيوعية تهدم العصبية القومية فى أمة لم تتكون قوميتها بعد، وتخشى من هذه العصبية على الامم الاخرى وعلى السلام العالمي في وقت لايزال العرب فيه محكومين من قبل غيرهم».

«واخيراً فالشيوعية تمنع العرب من التفكير في اشتراكيتهم والاهتداء اليها لأنها تدعي ان الاشتراكية هي الماركسية، ولا اشتراكية الا فيها وبها...».

من لە نیشاندانی ئەم نموونانە یەك مەبەستم هەیە: دەمەوێ خوێنەری کورد لە ڕێی نووسینی کوردییەوە قسەی ڕابەرێکی عەرەب بخوێنێتەوە لە بارەی ڕاگرتنی فکرەی قەومایەتیی ژووروویی هەموو فکرەیێکی ترەوە، هەروەها نەگۆڕینەوەی «فکرە» بە سوودی مادی. خوێنەر دەبینێ من لە موناقەشەی بیر و باوەڕی کوردایەتی دەبێکی ئەو ڕێگەیەم نەبڕیوە کە لەو بەخۆدا ڕاپەڕموونەی مامۆستا عەفلەق دەردەکەوێت. هەڵبەت گەلی کورد لەو بارەدا نییە هێنانەدیی ئامانجی جیهانی لە بزووتنەوە قەومییەکەیدا جلوە =

= ببەستێت وەك کە نموونەکانی سەرەوە و بەشەکانی تری دوانەکە ڕاگەیاندنەکانی فەلسەفەی عەرەبایەتی بە هەموو جیهان و بەدرێژاییی مێژووی ئایندە دەکاتە ئاکامی تایبەتییەکانی عەرەبایەتی و ئیسلام لە وێنەی حەتمییەتی مێژوویی کە هەر دەبێ ببێ. من لە نووسینمدا هەر ئەوەندە جورئەتم کردووە بڵێم ناشێ بۆ مرۆڤی کورد هیچ بیروڕا و بەرژەوەندێك پێش بیروڕای قەومایەتی بخاتەوە وەیا سوودی چینێك بکاتە یەکەم ئامانج لە خەباتدا، هەرگیزا و هەرگیزیش نەمگوتووە نابێ مرۆڤی کورد ڕێبازی بزووتنەوەی کۆمیونیزم بگرێتە بەر وەیا باوەڕ نەهێنێ بە ڕاستبوونی بنگە فکریەکانی. من پێم لەسەر دوو مەرج داگرتووە، یەکەم مەرج ئەوەیە مافی نەتەوایەتی پێش مافی چینایەتی بخرێتەوە، مەرجی دووەم ئەوەیە بیروباوەڕ نەکرێتە ئاین و وەك (دۆگما) بخرێتە مێشکانەوە کە ئیتر ڕەخنەگرتن و تەعدیلکردن و ڕاستکردنەوە هەڵنەگرێ وەك ئەوەی لە ئاسمان هاتبێتە خوارەوە. بەلای باوەڕی منەوە بزووتنەوەی کوردایەتی لە بارێکدایە نەك تەنیا ڕێی نییە وەك بزووتنەوەی عەرەبایەتی خۆ بکاتە بیروڕا و فەلسەفەیێکی جیهانی، بگرە لەوانەیە خۆی لە حاڵێکدا ببینێتەوە پاراستنی خۆی، بە شێوەیێکی گشتی، لە خۆدانەپاڵ بەرەی سۆشیالیست وەدەست بهێنێ واتە بەرەی کوردیی سەر بە فکرەی قەومایەتیش بچێتە ژێر دروشمەکانی (أممية). کە ئەمە دەڵێم ئاگادارم لەوە تاکو ئێستا بەرەی (أممية) بزووتنەوە و مافی نەتەوایەتیی کوردی تێکەڵ بە حیسابەکانی خۆی نەکردووە، ئاگام لەوەش هەیە مرۆڤی کوردی دەستڕۆیشتوو لە بزووتنەوەی (أممية)دا بە درێژاییی کات دژی دانهێنان بووە بە بوونی ڕێکخراوی سیاسی و خەباتی قەومایەتیی سەربەخۆی کورد لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ئەمە گومڕایی و هەڵگەڕانەوەیە لە هەرچی پێی دەڵێی مرۆڤایەتی و بیری پاك. بەلای منەوە کورد کە ڕێی خەباتی نەتەوایەتیی لێ حەرام کرا حەقی نامێنێ خەبات بۆ شتێکی تر بکات، هەر ئەوەندەی بەسەر شانەوە دەبێ وەك (مواطن) لە هەر جێگەیێك بێت پێویستەکانی قانوونی جێبەجێ بکات و گوزەرانێك بگێڕێت تا ئەو ڕۆژەی لە بیری خۆی وەیا بیری نەوە دەچێتەوە کە کورد بووە. چەند سەیرە کوردێك ڕێی پێ نەدرێ خەباتی نەتەوایەتی بکات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی قەومایەتیی خۆی بەڵام لێی داوا بکرێ هەوڵ بدا بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی چینی پرۆلیتاریای جەزایری واقلواق، پرۆلیتاریای واقلواقیش گوێ نەداتە مافی کورد. بەو پێیە مامە کورد دەبێتە تۆپەڵە موو بە کۆتاییی کلکی بزووتنەوەی جیهانییەوە.

من لە گۆشەنیگای سوودی کوردایەتیەوە دڵم بە قسەکانی مامۆستا عەفلەق بەوەدا =

وەیاخود لە کاتی تایبەتیدا خۆ دەداتە پاڵ حاڵ و بارێك کە سوودی بەرتەسکی تێدا بێت و بەس. دەمێنێتەوە لە خۆمان بپرسین ئایا مومکینە چینێکی سەرلەبەر بکەوێتە هەڵوەستێك لەگەڵ بەرژەوەندی قەومایەتی ڕێك نەکەوێت؟ لە وەڵامدا دەڵێم نەك هەر مومکینە بەڵکو ڕووشی داوە، لە دواڕۆژیشدا ڕەنگە ڕوو بدات بەتایبەتی لە نێوان مـیـلـلـەتـی وەك کـورددا کـە سنـووری زۆر ئـاشکـرا بـەدەوری بـەرژەوەنـدی قەومایەتییەکەیەوە نەکێشراوە تاکو لێدەرچوونی زەحمەت بێ وەیا بەرچاوبێ، چ دەسەڵاتی گشتیی کوردایەتیش نییە لە پانایی و بەرینایی کوردستاندا بتوانێ ڕێزپەڕان بهێنێتەوە ناو کۆمەڵ.

خولاسە، سەیرکردنی فیۆدالیزمی ئەوروپا و دەرەبەگایەتیی کورد بە یەك چاو و هەڵسەنگاندیان بە یەك کێش و تەرازوو وەهامان ناشارەزا دەکا لە کۆمەڵایەتی و مێژوو هەر دەڵێی دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە مرۆڤێکی نەخوێندوو سەیری دەشت و دەری دەکرد وای دەزانی سەرانسەری زەوی یەك ڕووی پان و تەختە، وەیاخود کە دەیدیت ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە ئاوا دەبن پێی وابوو ئەوانیش دەچنەوە بن نوای حەسانەوە تا ڕۆژێکی تر. بەڕاستی گەلی کورد پتر لەوە زەرەرمەند دەبێ کە وەکو میللەتێکی ئەوروپا سەیر بکرێت نەك لەوەی زەوی بە تەخت و ڕاست بزانرێ وەیا ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە لێفەی حەسانەوەی شەوانەیان بەسەردا هەڵکێشرێت چونکە زۆر بەدرەنگە زەرەرمەندبوونی زانستی فەلەك کار دەکاتە سەر سوود و زیانی کورد.

دەرەبەگایەتی و براگەورایەتی و سەرۆك هۆزایەتیی کورد نەك هەر لەو ڕووانەوە لە فیۆدالی ئەوروپا جودا دەبێتەوە کە نەختێك لێرە بەپێشەوە باسم کرد، باسکردنەکەش لە گۆشەنیگای پێوەندیی دەرەبەگایەتی و فیۆدالیزم بە خەڵقەوە بوو نەك لە گۆشەی (تکوین)یانەوە، چونکە بەڕاستی و بێ فێڵ لە خۆکردن، بایی جوداییی واقیعی سەدان ساڵی لێرە بەپێشەوەی کورد لە واقیعی سەدان ساڵی لێرە بە پێشەوەی ئەوروپا، دەرەبەگایەتیی کوردیش لە فیۆدالیزمی ئەوروپا جودا دەبێتەوە کە دەکا جوداوازیێکی سەرلەبەر و لە هەموو ڕوویێکەوە.

= خۆشە کە وا لە کولانەی ڕەوادیتنی جیهانیبوونی بیروڕای عەرەبایەتییەوە فەتواییکی سەرەتاییش دەردەچێ بۆ ڕەوابوونی داواکردن و چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد بایی ئەوەی بوونی کورد دەپارێزێت و گەشەشی پێ دەدات.

ئەوانەی گەشتی ئەوروپا دەکەن، کە بەداخەوە من یەکێك نیم لەوان و قەڵای بنەماڵە فیۆدالەکانی لێرە بە پێشەوەی ئەڵمان و فرەنسە و ئیسپانیا و بریتانیا و روسیا و ئیتالیا... و نەمسە دەبینن دەتوانن بە چاوی خەیاڵ وێنەیێکی شڕە دیوەخانەکانی سەرۆك هۆزەکانی کورد لە تەنیشت وێنەی ئەو قەسر و قەڵاتانەدا دانێن و وەك یەکبوونی بارۆنێکی ئەڵمانیا و مارکیزێکی ئیتالیا و کۆنتێکی فەرەنسە... و پیرباڵ ئاغایێکی قڕناقەو و[1] دۆڵی شاربازێڕم لە بەیەکترگرتنی ئەو دوو دیمەنە بۆ هەڵێنجن. تۆ بێی (هەولێر)ی ساڵی (١٦٠٠)ی زاینی بە (پارس)ی ئەو ساڵە بگریت کەمتر بە هەڵە چوویت لەوەی سەرۆك عەشیرەتی کورد و فیۆدالی ئەوروپای هەمان ڕۆژگار بە یەکتر بگریت چونکە ئەوەی پێی دەڵێن (شار) چەندێکیش دواکەوتوو بێت نابێ وەسفی (شارایەتی)ی خۆی لە مەفهوومەکە نێزیك دەخاتەوە، لە حاڵێکدا هۆزەکان، بەتایبەتی ئەوانەی حاجی قادر لە ناو شاخ و داخەکاندا ژیانی لەگەڵ بەسەر بردوون، گەلێکی وەهایان تێدا هەبوو (ئێستاش نموونەیان ماوە و خۆم تێیاندا ژیاوم) لە ڕووی پێشکەوتنی مادییەوە چ فەرقێکیان نەکردبوو لەگەڵ هۆزەکانی هەزاران ساڵ لەمەوپێش. بەڕاستی هۆزی هێندە سەرەتایی و دواکەوتوو هەبووە لە نێوان شاخ و داخ و هەڵەت و پەڵەتی کوردستان، ئەوەندە تەفاعولەی لەگەڵ سروشت و دەوروبەردا نەکردووە زۆری دوورخاتەوە لە تەفاعولی ڕێوی و لەکلەك هەروەك لەکلەك درك و داری خواکردی هێناوە بەسەر درەختی خواکردەوە کردووەتی بە هێلانە، ئەو هۆزەش ئاو و گڵی خوای کردەوە بە قوڕ و لەگەڵ بەردی خوادا دیواری پێ هەڵناوە و دار و پووشی خوای کردووە بە ڕایەڵ و بنمیچ. لەلایەن گوزەرانیشەوە، مەڕ و ئاژەڵی خوای بە پووش و پاوانی خوا بەخێوکردووە وەیا بە گاجووتی خوا ئەرزی خوای کێڵاوە و گەنمی خوای پێوە کردووە و بە بارانی خوا رواوە. کە ئەمە چالاکیێکە خزمی چالاکیی تەیرە ئابابیلە کە دێت و بە مێشوولە و پەپوولەی خوا تێر دەبێت. خۆ ئەگەر شانەی هەنگ بکەینە نموونەی بەرواردکردن، مەهارەتی هۆزەکە و تەفاعولی لەگەڵ سروشتدا کورت دێنێت. هۆزە سەرەتاییەکانمان لە چەند فەقەرەیێکی بەڕێوەچووندا پلەی زێدە ساوای مامڵەت لەگەڵ سروشتیان تێ پەڕاندووە، وەك دانانەوەی ئاشی ئاو و هەڵبەستنی کاروباری جووت و تەشی رستن کە لەوانیشدا بەشێکی کەرستەکەی کارەکان لە شارەوە بە حازری دەگاتە نێوان هۆزەکان لەوە بەولاوە عەشیرەتی کورد

(١) گوندێکە لە نزیك بناری کێوی قەندیل بە دیوی عیراقدا.

بەڕاستی هێندەی پەڕەسێلکە ڕۆڵەی سروشتە، بابڵێین ڕۆڵەی سروشت بووە.

ئەورووپا گەڕاوەکانمان با چاوێك بە کاتدرایەکانی سەدەکانی ناوەندی ئەورووپادا بگێڕن و لەگەڵ کەنشتە کاولەکانی کۆیە و دێرە هەریری بەراورد بکەن، ناشڵێم ئەو تابلۆ نەمرانەی بە ڕیشەی گەورەترین وێنەکێشی ئەو ڕۆژگارەی ئەورووپا کێشراون بیانهێنێتە ناو حیسابی بەراوردکردنەوە هەروەهاش ئەو تابلۆیانەی بەسەر دیواری هۆڵ و سالۆن و ڕاڕەوی قەسری فیۆدالەکانەوە وێنەی باب و باپیرەکانیان نیشان دەدەن، چونکە نە لە کەنیشتەکانی کوردستاندا و نە لە کاولە دیوەخانەی براگەورەکانی عەشیرەتی کورددا تابلۆی هونەری نییە بەشتێکی تر بگیرێن مەگەر ئەو خیت خیتانەی منداڵەکان بە خەڵووز لەسەر زەوی و دیواری دەکێشن.

قەسر و قەڵاتی فیودالی ئەورووپای بەر لە ٥٠٠ ساڵ، سەرەڕای ئەوە کە نموونەی هەرە پێشکەوتووی هونەری خانوو دروستکردن و جوانی و قەشەنگی بوون، ناوچەی هونەر و ئەدەب و زانست و پرۆتۆکۆل و جلکی جوان و سەمای شیرن و داب و دەستووری شارستانانە و هەموو دیمەنێکی ژیاری ئەو سەردەمانە بوون. تەویلە و خانووی عەرەبانەی ئەوسای فیۆدالێك لە چاو دیوەخانەی ئەمڕۆی سەرۆك عەشیرەتێکی کورد وەك دیوەخانەی سەرۆکەکە بووە لە چاو تەویلەخانەی سەرۆکەکە خۆی. گومانت لەوەدا نەبێ، بارۆنێکی ئەڵمانیای ساڵی ١٤٠٠ هەرگیز دڵی نەهاتووە وڵاغەکەی و سەگەکەی لە ژوورێکی وەك ژوورە دیوەخانەی عەشیرەتی کورددا ببەستێتەوە. تاکو یەکێك دەگەیشت بە قابلیەتی ژین و حەوانەوە و ڕاهاتن لە رابواردنی ناو قەسری فیۆدالێکی ئەورووپا، دەبوو سەرگوڵی ژیاری ئەو سەردەمە هەزم بکات و لەش و جلك و هەڵستان و دانیشتن و سەلام و مەرحەبا و جۆری ئاخاوتن و دانسکردن و سواربوون و دابەزین، هەموو کردە و گوتەییێکی ببێتە نموونەی ناسکی و شلکی و جوانی و هونەر. ئێستا لەم ڕۆژەی هاوینی (١٩٧٢)دا یەك سەرەك عەشیرەتی کورد نییە ئەوەندە خاوەن مەدەنییەت و لیاقەت بێ. بە کەلکی ژیانی ناو قەسری کۆنتێکی (١٤٧٢) بێت، نەخێر ناتوانێ لەگەڵ مەیتەری مارکیزێکی ئەوسای ئەورووپا ئاخاوتن بکات.

ئەوانەی وا دەزانن فیۆدالی ئەورووپا و دەرەبەگی کورد یەکچوونن خەیاڵێکی ئەفیوونـاوی دەخەنە فکریانەوە هەموو سوودەکەشی بۆ کورد ئەوەیە بەڕاشکاوی لەعنەت لە مردووانی دەکرێت دەوامەش دەدرێ بە لەعنەتکردن لە دەرەبەگێك کە

وجودی نییە، بەتایبەتی لە عیراق.

میللەتی کورد هەرگیز وەکو میللەتانی تری خاوەن (فیۆدال) نەبووە دەستی بەسەر چاکە و خراپەی خۆی رابگات. بەدرێژاییی هەزاران ساڵ کەرت کەرت و سەرکوتکراو و داهێزاو و کەنەفت و هەژار و دەربەدەر و دیل و بەندەی بێگانە بووە نەکەوتووەتە سەر ئەو رارەوەی فراژیبوون و بەرەوپێشچوونە مێژووییەی کە لە کۆمەڵایەتیدا بگات بە پلەی (فیۆدالیزم).

بەنیسبەت کوردەوە پلەی (دەرەبەگایەتی) بە واتای راستەقینەیەوە قۆناغێك بووە وەك (سەراب) کە پێگەیشتنی مومکین نییە. میللەتێك کە کیانی نەبوو لەخۆوە دەکەوێتە سەر رێبازێکی مێژووییی ئەوتۆوە چ خزمایەتیی نەبێ لەگەڵ رێبازی میللەتانی خاوەن کیان. هەر وەك کورد نەیتوانیوە باڵیۆزی هەبێ هەروەهاش لە شێوەی بەدیهییەدا نەیتوانیوە (فیۆدال)ی هەبێ. فیۆدال وەك چڵکی لەش نییە بە دوو هەفتە خۆ نەشووشتن لە خۆوە پەیدا بێت بەڵکو دەسەڵات و رێکخستن و هونەر و زانست و ئەتیکێت و ژیار و قەسر و قەڵا و تالار و دەیان و سەدان (ئەرك و ماف)ی خۆش و سەختە کە مومکین نییە لە باوەشی مەفتەنە وێرانەکەی کورددا پەروەردە بکرێت هەر وەك مومکین نەبووە بۆرجوازیەتی لە نێوان کورددا پەیدا بووبێت، ئەو بۆرجوازیەتەی کە گەنجە کوردەکان جنێوی پێ دەدەن ئەویش هەر ئەو (سەلکە کافر)ەیە بە رەجمکردنی تامەزرۆی شەیتان بەلەعنەتکردن دەشکێت چونکە جارێ ئەو سەرمایەی کە فکری سۆشیالیست کردبووی بە موژدەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دەرچوون لە رژێمی (فیۆدال) لە ناو کورددا پەیدا نەبووبوو تا خۆش بویسترێ وەیا رقی لێ هەڵبگیرێ، تۆ لەوە هەر بگەڕێ کە وا جارێ نە (چین)ی پێك هێنابوو نە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسیشی هەبوو لە کوردستانی لێرە بەپێشەوە و ئەم سەردەمەشدا.

ئەو کوردەی خۆمان لێی شارەزاین، وەك میللەتێکی بێ کیان، تێکڕای تاکەکان و بەرە و تاقمەکان و چینەکانی لە چاو هی میللەتێکی تردا وەك منداڵێك دەبێ کە ماوەیێکی درێژ پێش کاتی خۆی لە دایك ببێت، هەموو ئەندامەکانی ناتەواو دەبێ، تەنیا فەرقێك لە نێوانیاندا هەبێ ئەوەیە منداڵەکە قابلەتیی ژیانی نییە بەڵام میللەتە بێ کیانەکە ئەگەر دەرفەتی هەبێ دەژیت و ئەندامەکانی تەواو دەبن، دواتریش ددانی دێت و لە شیر دەکرێتەوە... و ... دەچێتە قوتابخانە و... هتاد، خۆ ئەگەر بڵێین حاڵی کورد وەك حاڵی منداڵی ٥– ٦ مانگییە لە زگی دایکیدا قسەیێکی ڕاست و دروستمان

کردووە کە ئیعتیرازان هەڵنەگرێت. کورد، بە تێکڕایی و بە جۆری سەربەخۆ، جارێ نەکەوتووەتە ناو ئەو چەرخوفەلەکەی پێی دەڵێن گۆڕانی مێژوویی.

ئەوەندەی زانرابێت لە بارەی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی کوردەوە، لەو سەردەمانەدا کە دەکەونە بەر زاراوەی فیۆدال و دەرەبەگ و ئەو تەرزە ناوانەوە چەند بنەماڵەیێك دەشێ پێی بگوترێ (فیۆدال) ئەویش نەك لە رووی پێکهاتنی پێشکەوتوو و هونەراوی و کەرەستەداریـیەوە، کە دەزانین هەموو کوردستان لەوە هەژارتر بووە بتوانێ فیۆدالێکی ڕێکوپێك بەوەلەد بێنێت، بەڵکو لە تاکە ڕووی هێزی مادییەوە کە وا تا ڕادەیێك بۆیان گونجاوە بتوانن بگرن و بوورن و ببەخشن و بستێنن کارەکانیشیان بەکاری جەردە و پیاوخراپ لە قەڵەم نەدرابێت. ئەو تەرزە بنەماڵە دەسەڵاتدارانەن ئەگەر بەدەست واقیعی هەژاری بێ دەرفەتی بێ چانسی وەك واقیعی کوردەوە وشك نەبنەوە و زەبری بێگانە لە ناویان نەبات وردە وردە پەرە بە دەسەڵاتیان دەستێنن و دەبنە (بەگلگ) و دواتریش یەکێکیان لە ناویاندا بەسەر هەمووواندا زاڵ دەبێت و وێنە حکوومەت دادەنێت. هەڵبەت کورد لەو حاڵ و بارەی خۆی تێدا دیوەتەوە بۆی ڕێك نەوکەتووە، مومکینیش نەبوو بۆی ڕێك کەوێت، سەرۆك بنەماڵەی بەهێزی ببێتە حوکمدار و حوکمداریشی ببێتە دەوڵەت. لەمەشدا، وەك لە هەموو بارێکی مادی و مەعنەویی کۆمەڵایەتیدا، لە ژێر تاو و تەئسیری لەعنەتە مێژووییەکەی کەرتکراوی و مافخوراوی و توانەوە و کەمبوونەوەدا خەریکی تێشکان و پاشەکشە بووە، بە پێچەوانەی میللەتانی تری خاوەن کیان کە بە هەموو کێشانە و پێوانەیێکی کۆن و نوێ لە سەدەیێکەوە بۆ سەدەیێکی دواتر، کەم و زۆر، بەرەوپێشچوونێکی پێك هێناوە و بنەمای تێ هەڵکشانی گەورەشی بنیات ناوە لە حاڵێکدا گەلی کورد بە وڕێنەش ئەو تەرزە ئیمکان و ئاواتەی نەدیتووە.

خولاسەی گوتە لێرەدا ئەوەیە میللەتی ژێردەست بە تێکڕایی دەکەوێتە هەڵکەوتێك لە هیچ ڕوویێکەوە وەك هەڵکەوتی میللەتی سەربەخۆ نییە، بەڵام لە شێوەیێکی تایبەتیدا میللەتی کورد لەگەڵ میللەتی ژێردەست و داگیرکراوی تریشدا بە یەکتر ناگیرێن چونکە سەرەڕای ژێردەستی کەرتکراویشە، لە حاڵی کەرتکراویشدا هیچ کەرتێکی وەحدەی ئابووریی پێك نەهێنا کە لە دیاردەی (نزیف اقتصادی[1]) بپارێزێت چونکە دەزانین

(١) لە بەرەودوای بەرگی یەکەمی (جاجی قادری کۆیی) ئەم دیاردەیە لێی کۆڵراوەتەوە.

هێزی داگیرکەر دام و دەزگایەك دادەنێت لە وڵاتی داگیرکراودا بۆ ئەوەی سوود لە بەرهەم و داهاتی وڵاتەکە وەرگرێت کەوا کەم و زۆر میللەتە داگیرکراوەکەی تێ دەئاڵێ و بە دەوری بنگەکانی حوکم و تیجارەت و مالی و ئابوورییەوە جموجۆڵێکی گوزەرانی تازە ڕەنگ دەکات، کەلك لە زۆر کەرستەی ژیاریش وەردەگرێ لەوانەی داگیرکەر بۆ سوودی خۆی بەکاریان دەهێنێت وەك ڕێی شەمەندەفەر و بەندەری قەراغ دەریا و... هتاد. واش بووە ناوچەی گەورەی صناعی و ئابووری، بگرە ڕۆشنبیریش، لەو وڵاتە داگیرکراوەدا پەیدا بووە ئیتر بۆ هەر ئامانجێك دەبێ بابێ کە دەزانین کوردستانی گەورە بە هۆی نەبوونی (وحدەی ئابووری) تێیدا لەم تەرزە دەسکەوتە کولەمەرگانەش سوودمەنە نەبووە. ئەو (نزیف اقتصادی)یەی کوردستانی گرتووەتەوە بە درێژاییی مێژوو هیچی لێ شین نەبووەتەوە و[1] کاولبوونێکی رووت و قووتی پێك هێناوە و بەس. لە هەموو مێژووی ڕابردووی کورددا شارێکی وەك یەکێك لە شارەکانی ئەفەریقای داگیرکراو پەیدا نەبوو.

ئەم حاڵەتەی لێرەدا بە خێرایی پێیدا تێ دەپەڕم کە حاڵەتی چەندین سەدەی لە دوایەکتری کوردستانی گەورە بووە، شەپرەی کۆمەڵایەتیی (بە ئابووری و رامیاری و ڕۆشنبیریی گشتی و کشتوکاڵ و هەموو لایەن و سەر و بەرێکەوە) لە هەموو کوردستان و دانیشتوانی داوە نەك لە تەنیا چینی هەژاری. بەرلەوە بڵێم ئەم حاڵەتە شەپرەی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی کورد داوە، کە ئەمە گوتەیێکە خەیاڵمان بۆ تارماییی پێشکەوتنی تێ هەڵکشاو دەبات، دەبێ بڵێم نەیهێشت دیواری جوداوازیی نێوان عەشیرەتەکانی کورد هەڵوەشێت، لە زۆر جێگەشدا ڕێی نەدا کۆچەر نیشتەجێ بێت. نەیهێشت (دەرەبەگ) پەیدا بێت، ژیانی کوردەواریی قاڵبەستووی چەند هەزار ساڵ بوو، لەمەشدا هیچ موبالەغە نییە. پێشکەوتنی چی و گۆڕانی کۆمەڵایەتیی چی!

بەڕاستی فەلاکەت و نەگبەتیی مێژوویی کورد گەلێك لەمەش زیاتر و ناقۆلاتر و کوشندەتر و بڕندەتر بووە. من لە باسکردنی واقیعی یەکجار نالەباری بێ مانەندی کورد زڕە دەنگ و ڕەنگێکی تەنك و سادەم خواستووەتەوە کەوا بە حاڵ بایی

(١) خوێنەر لە خۆوە دەتوانێ حاڵی کوردستان بە حاڵی وڵاتە ئیستیعمارکراوەکانی ئەفەریقا بگرێت کە وا لەگەڵ ئەو هەموو چەوساندنەوەشدا کە دووچاریان هات زەرفی مادییان وەها گۆڕا زۆربەیان شەقێکی مەردانەیان لە داگیرکەر هەڵدا و گەیشتن بەو مافەی کە کورد دوو هەزار ساڵ پترە پێی ناگات.

نەخشەکێشانی ئەو کاریگەرانە دەکات کە هەڵوەستی کورد بە تێکڕایی هی حاجی قادر بەتایبەتیی لە ئاست برا گەوراندا دەکەن بە دیمەنێکی مەفهوم و مێژوویی کە جێگری پەیدا نییە و نەبوونیشی لە ئیمکاندا نەبووە، ئەگەرنا داستانی سامناکی ڕابردووە ئەنجن ئەنجن کراوەکەی کورد و خاکە دابێژراوەکەی کوردستان سەد هێندەی نووسینەکەی من پتر پەکی ئەو کەسانە دەخەن بەدەم بێباکییەوە، وەیا نەشارەزاییەوە، تف لەو واقیعە ڕەجاڵە دەکەن کە ئەگەر چاکی تێ بگەن تفەکە بەسەر زاریانەوە وشك دەبێتەوە نەك لەبەر بزووتنی ڕەحمیان بۆ براگەوران، بەڵکو لەبەرئەوەی کە تێکڕای میللەتی کورد وەك خێزانی تازیەداری خەفەتباری کوڕ کوژراوە کە خەڵق دەچێتە پرسەی و لە جیاتی تف لێکردن، فاتیحەی تێدا دەخوێنێ.

دەزانم حەسانەوەی نووسەر لەوەدایە خۆی دووچاری دەردی سەری بە هەڵە دەرچوواندنی ڕق لە ڕابردوو هەڵگرتن و جنێو بە مردوودان نەکات و بەمەشدا نە مردوو بحەسێتەوە نە زندووش رازی بێت، مام نووسەرێکی تریش لەولاوە قوت بێتەوە بڵێ ئەوە لەسەرکردنەوەی دەرەبەگ و خوێنمژانە.

بەڵێ دەزانم حەسانەوەکە و دەردی سەرییەکە زۆر ئاشکرایە، سوود و زیانە شەخسییەکەش مەعلوومە لە چیدایە، بەڵام خوا ماڵی خرتەخرتی ویژدان و دڵ و دەروون وێران کات کە وا لە هەر خۆ گێلکردنێکدا زیرەی خۆ تاوانبارکردن و بە سووکی سەیری خۆ کردن لە گیانی مرۆڤ هەڵدەستێنێ و ئاهەنگی ناوبەدی و نیهادپیسی لە واقیعی خۆ گێلکردووەکە بە دەنگ دێنێ.

ویژدان بە ڕووماندا دەداتەوە و دەڵێ: ئێوە نووسەرانی کورد ئەگەر مەبەستتان سوودی میللەتە خۆ دیارە میللەت لە ڕاستی سوود وەردەگرێت، نە کاری ئینسافە و نە جێی ڕەزامەندیی میللەتیشە شیوەنی هەموو ڕابردووی کورد بە تەنکە سەرپۆشی لەعنەت لە (دەرەبەگ)کردن بشاردرێتەوە و زامە کوشندە خوێن لەبەر هەڵنیشتووەکانی بە تف لە براگەورەکردن دەرمان بکرێت.

سەیر لەوەدایە، چی لێرە گوترا جارێ ڕاستییە هەرە بەرچاوەکەی واقیعی (دەرەبەگایەتی)ی کوردی باس نەکردووە، ئەو ڕاستییەی کە پێوەندیی هەیە لەگەڵ (بیری کوردایەتی و چەوساندنەوەی نەتەوایەتیی کورد) لە ژێر دژایەتیی بێگانە بەرانبەر بەرە و دەستەی براگەورەکانی کورد نیشان دەدات پتر لە چینەکانی تری کورد.

راستییە بەرچاوەکە ئەمەیە:

داگیرکەرانی کوردستان بە درێژاییی ئەو مێژووەی کە دەنگ و باسی بە ئێمە گەیشتووە، بە دەم تالانکردن و بگرە بەردەی داگیرکردنەوە، پتر براگەورە و سەرۆك عەشیرەت و پیاوی ناوداری کوردیان کوشتووە لە پیاوی بێ دەسەلات و هەژار و بێ ناوونیشان کە هەرگیز چ حیسابێکی لە داگیرکەر تێك نەداوە و هەمیشە عینوانی (رعیە)ی بەسەرەوە بووە و بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری دەوڵەت سوخرە و بێگاری پێ کراوە سەرەڕای ئەوەی چ پارە و پوولێکی هەبووبێ بە ئەنواعی فڕوفێڵ لێی ستاندراوە.

وەنییە لەم وەزعەشدا شتێکی سەیری کەس نەدیتوو هەبێت کە دەزانین رەعیەی بێچارە لە هەزاران ساڵەوە ئەم میراتەی بۆ بەجێ ماوە، میراتی سوخرە پێکردن و تێ نەخوێندنەوە، وەك ئەو هەزاران هەزار عەمەلەیەی هەڕەمەکانی میسریان دروست دەکرد و یەکێکیشیان ناوونیشانێکی لێ بەجێ نەماوە.

راگرتنی حیسابی تایبەتی بۆ سەرۆك عەشیرەت و براگەورەکانی کورد لە لایەن داگیرکەرەوە سیاسەتێك بووە بە درێژاییی مێژووی ئادەمیزاد پێڕەوی کراوە لە لایەن هەموو داگیرکەرێکەوە لە هەموو کات و جێگەیێکدا چونکە فۆتاندنی سەرۆکی ئەو کۆمەڵەی کە بە پێی وەزعی کۆمەڵەکە هۆی هێز و توانای خەلقەکەیە ڕاستەوخۆ وەك نەهێڵانی شوانی مەڕگەلە، وەیا با بڵێین وەك نەهێڵانی قومەندانی لەشکرە. ئەمەش ڕاستیێکە لە هەموو مێژوودا بەرچاو بووە و ئێستاکەش بەردەوامە. پێی ناوێ من بڵێم لە خۆوە دیارە، داگیرکەرێکی بێ ڕەحمی دوور لە شارسیتانەتیی سەدان ساڵ پێش ئەمڕۆ کە قەمچیکاریی بەسەر پشتی میللەتەکەی خۆشیەوە دەکرد، یەکەم چەمبۆڵەی لە هەناوی ئەو کەسانە گیر دەکرد کە لەوانە بوون ببنە لەمپەر لە پێش نیازەکانی، ئەو کەسانەش برا گەورە و سەرەك عەشیرەت و خاوەن سامان و قسە ڕۆیشتوون، هەر لە بۆیەیشە ئەگەر لیستەیێکی کوژارو و لە سێدارەدراو و خنکێنراو و بەندیکراوی کورد بە دەست داگیرکەری بێگانەوە بگریت دەبینیت زربەیان لەو تاقمەن کە پێیان دەگوترێ (براگەورە). لەو سەردەمانەدا هەرچەند برا گەورەکان خەریکی سیاسەت نەبوون بەڵام بە پێی گەز و گرێی ئەو ڕۆژگارانە، داگیرکەر حیسابی خەباتکەرێکی ئەم سەردەمەی بۆ کردوون کە دەزانین زۆر جودایە لەو حیسابەی بۆ یەکێکی تر دەکرێت کە دەخلی بەسەر سیاسەتەوە نییە چ برا گەورە بێ چ مرۆڤی عادەتی. ئیمپیریالیزمی سەدەی بیستەم لەگەڵ (عمر المختار و عبدالکریم الخطابی) چەند بە ڕەحم بووە داگیرکەری

کوردستانی سەدەی نۆزدەمیش هەر هێندەی رەحم جوولاوە بۆ سەرۆکی مەنگوڕان و میری خۆشناوان و بەگی جافان و ئاغای بڵباسان[1].

کە بگەڕێیتەوە بۆ لاپەڕە (١١٤)ی بەرگی یەکەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی) ئەم ڕستەیەی خوارەوە دەخوێنیتەوە:

(وەك لە شوێنی تایبەتییدا دەردەکەوێ ئەم کارەساتەی قڕان تێخستنی غەفووریان هەرچەند لە دیوانی حاجی قادردا دەنگیشی نەدابێتەوە بۆ خۆی دەبێتە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی گرنگ دەربارەی هەڵوەستێکی پڕ دەلالەتی حاجی. وەی کە نرخێکی زلە قڕانی بنەماڵەیێك ببێتە وەڵامی پرسیارێك).

شوێنە تایبەتییەکە ئەم شوێنەیە، هەڵوەستە پڕ دەلالەتەکەی حاجی قادریش هەڵوەستی بەرانبەر دەرەبەگە کە وا لەم کۆتاییەی بەرگی سێیەمی نووسینەکەمدا خەریکم بە پێی بیروڕای خۆم ڕوونی دەکەمەوە، بیروڕایەکەشم لە جەرگەی ڕووداو و واقیعەوە هەڵێنجاوە.

ئەم قڕان تێخستنەی غەفووریان کە لەو بەشە یەکەمەی نووسینەکەدا باس کراوە لە ساڵی (١٢٣٧)ی کۆچی ڕووی داوە، دواتریش لە ساڵی (١٢٤٨) سەرلەنوێ بنەماڵەی غەفووری درانەوە بەر دەمی تیغی قڕتێخستنەوە. کارەساتەکان نموونەی ماملەتی بێگانەن لەگەڵ براگەورە و سەرۆك عەشیرەتی کورد بە درێژایی مێژووی سەرەتا بزر.

ئەم کارەساتەی لە ساڵی (١٢٣٧)ی کۆچی بەسەر غەفووریياندا هات لە دوو سەرچاوەی نووسراودا ئیشارەی بۆ کراوە، سەرچاوەیێکیان چوارینەیێکی عەرەبییە لە پەڕاوێزی کتێبێکی ئاینی کتێبخانەی جەلیزادان، لە لایەن (واثق باللە) مەلا عەبدوڵڵای[2] کوڕی مەلا عەبدوڕەحمانی کاکی جەلییەوە نووسراوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

لقد جرى حكم الحكيم الأحد
فى ثالث الشوال فجر الأحد

(١) هەمان ڕەفتاری کە لەگەڵ سەرەك عەشیرەتەکانی کورد کراوە، لەگەڵ شێخەکانی عەرەبیشدا کراوە بە درێژایی ئەو ڕۆژگارەی وڵاتی عەرەب لە ژێر دەستی تورکی عوسمانلیدا بووە.

(٢) مەلا عەبدوڵڵای ناوبراو باپیری حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەی هاوڕێی حاجی قادرە.

بنهب (كو) والقتل للأكـــابر
للظهر فى (غرلجد) بـالأبـجد

وشەی (غرلجد) بە حیسابی ئەبجەد ساڵی ١٢٣٧ دەگرێتەوە.

هـەرچـەند چـوارینـەکـەی (واثق بـاللـه) نـاوی غـەفـوریـیـانـیش نـاهـێنـێ بـەڵام بـەلای ئەوەی شارەزای حـاڵ و بـاری کۆیە و ئەو کارەساتانە بێت کە لە مێژووی مەیلەو نزیکدا ڕوویـان داوە مەعلوومە مەبەستی چوارینەکە قڕانی غەفووریـیانە چونکە کارەساتەکە دەمـاودەم بە نـاو هـەموو خەڵقی کۆیە و وڵاتی کۆیەدا خەبەرێکی بڵاو و مەشووریشە. لەگەڵ ئەمەشدا کە هـەر داوای بەڵگە بکرێت بۆ ئیسپاتکردنی مەبەستی چوارینەکە سەرچاوەکەی دووەم ئەم ئیسپاتە بە دەستەوە دەدات. لە بەیازێکی دەسنووسی فـارسی کە کۆڕی زانیاری کورد لە ناوچەی شارەزوور و هـەڵەبجە چنگی کەوت کۆمەڵێك هـەواڵـی کـۆن و نـوێی چـەند بـەشێکی نـاوچـەکـانـی کوردستـان و[١] ڕۆژاوای ئـێران نووسراوە، یەکێك لەو خەبەرانە قەتلوعامەکەی غەفووریـیانە کە لە بەیازەکەدا بـاس کراوە و ڕووناکیی پتریش داوێژێ بۆ سەر مەبەستی (واثق بـاللـه) لە گوتەی (والقتل للأكابر) چونکە بەیازەکە بـاسی کوژرانی (محمدی عیساغا و عبدالله اغای غفور و کوڕان و برایانی) دەکات لە جەژنی ڕەمەزانی ساڵی (١٢٣٧)دا. جەژنی ڕەمەزانی بەیازەکە و (ثالث الشوال)ی چوارینەکە یەکتر تصدیق دەکەن، موحەمەدی عیساغاش کە بێتە نێوان کوژراوانەوە واتای (القتل للأكابر) چەسپاوتر دەکات. عیساغا پیاوێکی بەرچاوی بنەماڵەیێکی گەورەی کۆیێ بووە، باپیرەگەورەشی هـەرعیساغا بووە زۆر ڕەز و ملك و ئـاشی بەناوەوە هـەبووە کە بە سەر زارانەوە بوونەتە (رەزی ساغە و ئـاشی ساغە).

سرنجێك بدە تەعبیرەکەی (واثق بـاللـه) لەوەدا کە دەڵێ (والقتل للأكابر) چەند بە حورمەتەوە نـاوی کوژراوەکان دەبات، چەندیش بە پەرۆشەوە کوشتن تـاڵانکردنەکە بە یەکترەوە دەبەستێتەوە کە لە هـەردووکاندا لایـەنی کوژراو و تـاڵانکراو بە ستەم لێکراو دادەنـێت و دەسـتـدرێژکـەرەکـە بـە قـاتـڵ و تـاڵانـکـەر دەژمـێرێت، چـونکـە ئـەگـەر ئـەمـە

(١) لەو بەیازەدا بـاسی دروستکردنی (ئیچ قەلا)ی کۆیەش دەکات کە نـاوی لە شیعری حـاجی قـادردا هـاتووە:

«لە قوشخانەوە تـا دەمی ئیچ قەلا»

بیروباوەڕی نەبوویایە دەیتوانی کوژراوەکان بە (شقاة، عصاة) دابنێت کە دەزانین وابووە داگیرکەریش پیاوی جەردە و ڕێگری کوشتووە و خەلقە داگیرکراوەکەش کوشتنەکەیان پێ خۆش بووە. دەبێ ئەوەندەش بخەمە سەر قسەکانمەوە کە بڵێم (واثق باللە) مەلایێکی موسوڵمانی لەخواترساو بووە ئەگەر کوژراوەکانی بە مەزڵووم نەزانیبایە بە (أکابر) ناوی نەدەبردن. موسوڵمانەتیی (واثق باللە) لەو ڕادەیەدا بوو کە ٦ مانگان وەکالەتی مەولانا خالیدی کردووە لە سلێمانی، خۆیشی خەلیفەیێکی ڕێزلێگیراوی مەولانا بووە.

قەتلوعامەکەی غەفووریيان گەیشتە پلەیێك کە بە کوردی دەڵێ (نێرەوەزیان لێ بڕا). لە هەموو بنەماڵەکە یەك دوو نێرینەیان لێ ڕزگار بوو، یەکێکیان مەحموودداغای باوکی حەمەغای گەورەیە کە ئەوسا منداڵی ناو بێشکە بووە و خێرەومەندان لە نۆینی ئاوی پیسدا شاردبوویانەوە تا کۆتاییی فرتەنەکە و نیشتنەوەی ئاگری فیتنەکە.

بە پێی لێکدانەوەی خۆم[1] کە حاجی قادر لە (١٢٤٠)ی کۆچی هاتبێتە دونیا کارەساتەکە (٣) ساڵ پێش لە دایکبوونی حاجی ڕووی داوە، خۆ ئەگەر نامیلکەی مەلا عەبدوڕڕەحمانی خزمی حاجی بە شایەد بگرین کە دەڵێ لە ١٢٣١ لە دایك بووە تەمەنی حاجی لەو ساڵەدا (٦) ساڵان بووە. هەر لایەك لەم دوولایە ڕاست بێ فەرقێك ناکا لەوەدا کە حاجی قادر هەست و هۆشی بە دڕندەیيی کارەساتەکە زرینگاوەتەوە چونکە کاتێك حاجی گەیشتە تەمەنی هۆشکرانەوە جارێ دەنگ و باسی ڕووداوە سامناکەکە هەر بەسەر زار و زمانانەوە مابوو، ئاکامەکەشی کە کزبوونەوەی بنەماڵەیێکی گەشەدار بوو لەبەرچاوان بوو. تۆ بڵێی حاجی قادرێکی ساڵانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم لە کارەساتی وەها خوێناوی و ترسێنەر کە لە لایەن بێگانەوە بەپیاوماقووڵانی وڵاتەکەی بکرێت دەبێ کام پەندی کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەرایەتی و چینپەروەرایەتی وەرگرێت؟ ئایا مەیل و سۆزی بە لای دەستە خوێناوییەکەی بێگانەدا دەشکێتەوە یاخود بە لای نێچیرە خۆوڵاتییەکاندا؟ تۆ، ئەی خوێنەری کوردی شۆڕشگێڕی چینپەروەری ساڵی (١٩٧٢)ی سەدەی بیستەم بە خەیاڵ ئەگەر لە کۆیەی ساڵی (١٢٣٧)ی کۆچی ژیابایت بە خۆت و بیروڕای

(١) بگەڕێوە بۆ لاپەڕە (٥٢)ی بەرگی یەکەمی (حاجی قادری کۆیی)، لە ژێر ناونیشانی (حاجی قادر کەی و لە کوێ هاتووەتە دونیا؟) ساغکردنەوەی ساڵی بەوەلەدبوونی دەخوێنیتەوە.

شۆڕشگێڕانە و چینپەروەرانەتەوە، پیرۆزباییت لە داگیرکەر دەکرد بەو نامەیەی کە خەڵقی کۆیەی لە زۆرداران ڕزگار کردووە؟ بێشکەکەی مەحموداغات بە پیاوکوژەکان نیشان دەدا؟ ئاخۆ ئەگەر کارەکە پێچەوانە بوویایە، واتە پیاوماقوولانی کۆیێ بەربوونایە گیانی داگیرکەرەکان، هەڵوەستت چۆن دەبوو؟ دەبوویتە هەیتەی عوسمانلی؟

بیرورا و هەڵوەستی گەنجێکی شۆڕشگێڕی ئەمڕۆکەی کورد لە ئاست ڕووداوی وەك ئەم قڕ تێخستنە هەرچیێك بێت، هەڵوەستی حاجی ڕق هەڵگرتووانە و غەزەب هەڵستاوانە بووە لە داگیرکەر و خوێنڕێژی بێگانە، پەندێکی وەریشی گرتبێ لە کارەساتەکە پتر تیژکردنی هەستی مافخوراوی و ستەم لێکراویی میللەتی کورد بووە چونکە تۆش دەزانیت و منیش دەزانم نەفسە هەستیارەکەی حاجی بە دیتن و بیستنی ڕووداوی وەها خوێناوی لە ناو جەرگی میللەتەکەی پتر ڕقی لە بێگانە هەڵگرتووە تیژتریش بەرەو کوردایەتی ڕۆیشتووە. گۆیا ئەگەر بێگانە دڕندەیی نەکات (دڕندەیی لە ئاست بەرژەوەندی مادی و ژیان و بەڕێوەچوون و لە ئاست بەرژەوەندی مەعنەویی وەك زمان و ئەدەب و داب و دەستوور و نەریتی کۆمەڵایەتی و عەقیدە...) و بە حوکمڕانێکی عادەتی رازی بێت لە کوێوە زێدە بوغز و ڕق بۆ خۆی ڕادەکێشێت لە خاڵێکدا میللەت هەرچۆنێك بێ دەبێ حاکمێکی بەسەرەوە بێت، بەنیسبەت میللەتێکی وەك کوردیشەوە کە بە بیری نەیەت لە لایەن حوکمڕانی کوردەوە فەرمانی بەسەردا کرابێت و بە درێژاییی مێژوو بێگانە حوکمی کردبێت ڕەنگە بێگانەیێکی نیمچە دادپەروەر زۆر ناخۆشەویست نەبووبێت، بەڵام تەجرەبەی کورد لەگەڵ حاکمی بێگانە بە درێژاییی سەدان ساڵی ڕابردوو هەرگیز شیرناییی بەزەیی و داد و ڕەحمی تێدا نەبووە. بەڕاستی داگیرکەرانی کورد لەو سەردەمانەدا چ تورکی عوسمانلی بووبێت و چ عەجەمی قاجاری بووبێت بە جۆرێك چاو لە تەماع و ڕاو و ڕووتکردن بوون سەرلەبەری خەڵقەکەیان دەدایە بەر یەك سیاسەتی ڕووتاندنەوەوە، ناو ناوەیێکی بە دەگمەن نەبێ برا گەورە و دەسترۆیشتووی کوردیان تێکەڵ بە هیچ کارێك نەکردووە دوو قروشی تێدا بووبێت، هەر ئەمەیشە ئاکاری داگیرکەری نیمچە خوێندەوار کە وا بێجگە لە سیاسەتی کوشتن و بەستن و وێرانکردن هیچی تر نازانێت.

ئەم شێوە دڕندەییەی قڕ تێخستنی غەفووریان نموونەی تەجرەبەی کورد و حاجی قادر بووە لەگەڵ حوکمی داگیرکەر، کە ئەگەر لە وەهم و خەیاڵەوە بمانەوێ کوردی بەر

لە سەد ساڵ و دوو سەد ساڵ بە گژ براگەورەکانی ئەوسایاندا بهێنیین دەبێ دیسانەوە لە وەهم و خەیاڵەوە ئیسپاتی پیاوچاکی و بەزەیی و دادپەروەریی داگیرکەرە درندەکان بکەین بۆ ئەوەی هەر نەبێ لەسەر کاغەز و لە عالەمی وەهم و خەیاڵدا بتوانین بنەماییکی مەعقوول بۆ ئەو بەگژداچوونە پەیدا بکەین، ئەگەرنا چۆن پێمان دەکرێ تەفرەی خۆمان بدەین بەوەدا کە بڵێین میللەتی کورد لە براگەورە زاڵمەکانی خۆی هەڵدەگەڕایەوە و بەرەو پیری جەلادە داگیرکەرەکانی دەبوو، کە بە زۆرەملێ و چاوبەستەکێش ئەم درۆیەمان بەسەر ڕابردوودا سەپاند لە کوێوە فەخر و شانازی بخوازینەوە بۆ میللەتەکەمان لەم کارەی وەها سەرەوبندا؟

لەولاپەڕە باسکراوەی (١١٤)ی بەرگی یەکەمی ئەم نووسینەدا کە گوتبووم قڕ تێخستنی بنەماڵەی غەفووریان (دەبێتە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی گرنگ دەربارەی هەڵوەستێکی پڕ دەلالەتی حاجی) مەبەستم هەڵوەستی حاجی بەرانبەر دەرەبەگ و براگەورەی کورد بوو کە هەڵوەستێکی دۆستانەیە نەك دوشمنانە، وەڵامەکەش لەوەوە دێت کە حاجی قادر لە سەرەتای ژیانیەوە بیستبێتی و دیتبێتی داگیرکەری کوردستان خەریکی کوشتنی براگەورەکانی کوردە و هەر ئەمەش بەرنامەی سیاسەتی بووبێت تا ئەو ڕۆژەی حاجی دەکەوێتە سەر ڕێبازی کوردایەتی، ئا ئەم حاجییە دەبێ چ هەڵوەستێکی هەبووبێت لە ئاست ئەو براگەورانەدا لە حاڵێکدا ئەوداگیرکەرە کە بە گەورەترین دوشمنی کورد بزانێت؟ کە دوشمنی کورد براگەورەی کورد لە ناو ببات حاجی قادر و تۆ و من و هەموو کورد چی بۆ دەمێنێتەوە لەوە بەولاوە کە ئەو کوژراوانە بە گەورە بزانێت و ڕێزیان لێ بنێت و بۆیان بە پەرۆش بێت؟ لەبەر تیشکی حەقیقەتدا لە نوختە نیگای پێکهێنانی هەڵوەستەوە، چ فەرقێك نییە، وەیا فەرقێکی ئەوتۆ نییە، لە نێوان ئەوەی براگەورەیێك، وەك شێخ سەعیدی پیران، بەدوا شۆڕشدا بکوژرێت، لەگەڵ ئەوەی یەکێکی تر بە هۆی کوردبوونیەوە لە لایەن داگیرکەرەوە لە ناو ببردرێت با شۆڕشیشی نەکردبێت چونکە کەنرخی براگەورە کوردەکە بە لای داگیرەکەرەوە ئەوەندە هەبێت لە ناوبردن بێنێت دەبێ بە لای کوردیشەوە ئەوەندە نرخەی پێ بدرێت کە هەڵوەستی دۆستانە و خۆشویستانەی بۆ ببێت. بە هەمە حاڵ حاجی قادری سەد ساڵ لەمەوبەر بە دیار ئەم تەرزە لێکدانەوەیە پەنگی بە سۆز و پەرۆشی خۆی نەدەخوارد بۆ ئەو سەرۆکە کوردانەی بە دەست داگیرکەرەوە زەبوون دەبوون چونکە ئەویش وەك خەڵقی تر لە هەستێکی فطریی بێ تێکەڵبوونی فەلسەفە

دڵـی بـە مـیـلـلـەتـەکـەی و قـوربـانـییـەکـانـی دەسـووتـا، لـەسـەر ئـەوەنـدەش ڕانـەدەوەسـتـا براگەورەکان بکوژرێن ئەوجار هەڵوەستی دۆستانەی بۆیان ببێت چونکە بە شایەدیی شیعرەکانی خۆی دۆستایەتیی لەگەڵ زیندووەکانیان هەبووە، وەك لێرە بەدواوەش ڕوون دەبێتـەوە دەبـوو ئـەم دۆسـتـایـەتـییـەی لـەگـەڵـیـانـدا هـەبێت نـەك هـەر لـەبـەر ئـەو هۆیانەی لێرە بە پێشەوە لە باسکردنیان بوومەوە بەڵکو لەبەر هۆیەکی تری یەکجار تایبەتی و گرنگ و بنجی لە خەباتی حاجی قادردا کە تا ئێستا سرەی شیکردنەوەی نەگەیشتووەتێ و واپێ دەچێ دەبێتە دوا ئاڵقەی زنجیرەی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

لە یەکتر نەچوونی دەرەبەگایەتیی بەوەلەد نەهاتووی کورد و فیۆدالی ئەوروپا سەرلەنوێ دووچەندان دەبێتەوە لە لایێکی ترەوە کە ئەویش ڕووپەڕەیێکی شێوەنە ئـەبـەدیـیـەکـەی کـورد دەنـوێنێت: زانـیـمـان بـراگـەورانـی کـورد بـە درێژاییـی ڕۆژگـارە ڕەشەکەی خۆیان و میللەتەکەیان ستەمدیدەی دەستی بێگانەی داگیرکەر بوون، لەمەشدا جارێکی تر دەبوونەوە براگەورەی ستەمدیدەیی بەوەدا کە بەشی هەرەزۆری خنکاندن و کوشتن و بڕین بەر ئەوان دەکەوت. بەدوای کوشتن و خنکاندندا دووبارە ناو و ناموسەکەشیان لە سێدارە دەدراوە کە تەمغەی شەقاوەت و خیانەتیان لێ دەدرا. تا ئێرە زوڵم لێکراوی کورد ماوەیێك پێش زوڵم لێکرانی میللەتانی تر کەوتووەتەوە چونکە قوربانیی میللەتێکی تری بەردەستی عوسمانلی، با بڵێین بولغار، کە بە لای دەستوور و یاسای عوسمانلییەوە غەیانیش بووبێت بە لای ڕووسیاوە وەیا بە لای دانیشتوانی بالقان و ئیتالیاوە قارەمانی میللی بوون، بەڵام لە سێدارەدراوی کورد بە شەرەفی وەها نەگەیشتووە چونکە هیچ یەکێك لە میللەتانی ڕووی زەمین میللەتی کوردی تێ نەخوێندووەتەوە تاکو ڕێزی لە قوربانییەکانی نابێت. من لە وردبوونەوەی تایبەتی خۆمدا بەوەندە ستەمەش ڕازیم ئەگەر دوو جاری تریش ستەم لەو قوربانییانە نەکرابایە ستەمەکانیش لەوانەن، شێخ ڕەزا گوتەنی:

(کامی لێی دەگری دەیێژی ئەمەیان مونتەخەبە)

ستەمی یەکەم لە تۆمارنووسی مێژووەوەیە، ئەم مێژووە لە ئاست میللەتی بێ دەسەڵاتی وەك کورددا هێندە بە دەعیە و لووتبەرزە تەنازول ناکات نووکی قەڵەمە زێڕینەکەی بە خوێنی قوربانییەکانی ئەو میللەتە تەڕ بکات و دوو دێری چەوت و چوێڕی ڕووداوە خوێناوییەکانی پێ بنووسێت بەڵکو هەر نەبێ ناو و شوێنەواریان ڕەش نەبێتەوە با لە گۆشەی بەدناویشدا بە دەم نەفرینەوە یاد بکرێنەوە... شەیتان

ناوی زڕا بەڵام نەمرد، کەچی خوێنی براگەورەی کورد ڕژایە بیابانی عەدەمەوە، بەفیڕۆ چوو هیچی لە جێگە شین نەبووەوە.

قەڵەمە زێڕینەکەی مێژوو نووکی خۆی بە خوێنی برا گەورەی کورد تەڕ ناکا ئەگەر پایەی لە پایەی حاکمی بابان وەیا میری رەواندز وەیا حوکمداری بۆتان نزمتر بێ. قوربانی و خوێنڕژاوی کورد ئەگەر بیەوێ لە دوا کوشتنی ناوی بپارێزرێت دەبێ لە پێشەوە خۆ بکاتە (ئەمیر) ئەوسا تەمای پاراستنی یادگارەکەی بە دڵدا بێت. خوێنی براگەورەی عادەتیی کورد حەددی نییە بە مەرەکەبی مێژوو بێت.

ئەم ستەم لە دوا ستەمەی کوژران و فەرامۆشکرانی قوربانییەکانی کورد هەر بەجارێ کز دەبێتەوە لە تەك ستەمە بێ ڕەزایە لە حەد بەدەرەکەی تر کە هیچ سنووران ناهێڵێتەوە لە مەیدانی غەدر لێکراوی و خوێن بە هەردەرچووندا. قوربانییەکانی کورد خوێنیان ڕژابایە و لە بیر کرابانایە و ناویان لە پەڕەی وجود سڕابایەوە سەدجاران چاکتر و بێ سفتوسۆتر دەبوو لەوەی ڕۆشنبیری کورد دوای سەدان ساڵ لە کوژرانیان، ڕۆحیان بە بەر بێنێتەوە بایی ئەوەی سەرلەنوێ لە ڕێی تف و لەعنەت لێکردنەوە بە شێوەی مەعنەوی ئیعدامیان بکاتەوە. کۆڕی حەیابردن و ریسواکردن و ناموسشکاندنیان جارێکی تر بۆ ببەستێتەوە، لەخۆوە وەکالەتی جەلادە کۆنەکانی کورد بکات.

جاران دەگوترا فلانەکەس شاربەدەرکرا، ئێستا ڕۆشنبیری کوردی وەها هەیە قوربانییەکانی وەها هەیە قوربانییەکانی قەسابخانەی مێژوو کورد (قەبرستان بەدەر) دەکات[1].

خوێنەری بەڕێز دەبینی جوداوازیی نێوان فیۆدالی ئەوروپا و سەرۆك و براگەورە و (دەرەبەگ)ی کورد لە چ ڕادەیێکدایە. نە لە ڕابردوودا نە لەم ڕۆژگارەدا، نە بەزیندوویی

(١) ئەم قسانەم کە لە زیمنی دەرخستنی ڕاستیی بێ فێڵدا شێوەن بۆ کورد دەکەن، لە زەرفێکدا دەکەونە ناوەوە باشترین دەرفەت بەو کەسانە دەدەن کە پەکیان لەسەر ڕاست و درۆ و چاکە و خراپە و سوود و زەرەری کورد نەکەوتووە، بۆ ئەوەی خراپترین تەئویلیان لێ بدەنەوە و لەسەرمنی بەدیفاعکردن لە دەرەبەگ حیساب بکەن. ئەو کەسانە، بە لای باوەڕی منەوە، هەڵپەڕکێ لەسەر تەرمی میللەتەکە و مێژووی میللەتەکەیان دەکەن، لە حاڵێکدا قسەکانی من شانازی دەکەن بە لەسەرکردنەوەی ئەو ڕابردووەی ئەوان لێی دەبن بە دۆستی جەلادەکانی قاجاری و عوسمانلی. بەڕاستی شەرمم لە خۆم دێتەوە کە ناچاری ئەم تەرزە قسەیەم پێ دەکات.

نه دوای مردن، نه له باری مادی و نه له باری مەعنەوییەوە. خولاسە لە هیچ ڕوویێك و بە هیچ جۆرێك یەکتر ناگرنەوە، کە ئەمەش شتێکە دەبێ وەك بەدیهییە وەربگیرێت چونکە زەرفی مێژوویی کورد لە هیچ ڕوویێکەوە و بە هیچ جۆرێك لەگەڵ زەرفی مێژوویی ئەوروپای سەردەمی فیۆدال یەکتر ناگرنەوە. قیاسی هاوین و زستان لە یەکتر ناکرێ. ئێمە ئەگەر سەهوو نەکەین وەیاخود خۆمان بە سەهوو نەبەین دەبێ ئەوە لە دڵ و مێشکی خۆمان بنووسین و باوەڕی پێ بهێنین کەوا هەموو ئەو قۆناغە کۆمەڵایەتییانەی لە مێژووی میللەتانی تری خاوەن کیان بە قۆناغی سەردەمی دواکەوتن و کڵۆڵی و چارەڕەشی و کاڵوکرچی دادەندرێن، سەرلەبەریان بە نیسبەت میللەتی کوردەوە ئیستگەی حەسانەوە و بەرەوپێشچوون و گەشەکردن حیساب دەکرێن چونکە هەرگیز ڕێی نەبوو پێیان بگات چ جایی ئەوەی پێیاندا تێ پەڕێت. هەڵبەت من مەبەستم ئەوە نییە بڵێم نەگەیشتنی میللەتی کورد بە پلەی نارەزامەندی لە سەرۆك عەشیرەت و براگەورەکان بەڵگەی پەسندبوونی ئەو حاڵ و بارە نالەبارەیە کە کوردی تێدا ژیاوە، بەپێچەوانە، من حاڵ و باری مێژوویی کورد گەلێك دواکەوتووتر دەبینم لە بینینی ئەوانەی جنێوی پێ دەدەن چونکە دەزانم کوێرەوەریی کورد لە پلەیێکدا بووە جنێو پێدان هەڵناگرێ. من دەزانم تۆش دەبی بزانیت مرۆڤ تاکو دەگا بەو پلەیەی کردەوەکانی بە خراپە لەسەر حیساب بکرێ پێویستە لە تەمەندا گەیشتبێتە ڕادەیێك یاسای جەزا بیگرێت. منداڵی ساوا، مرۆڤی ناچارکراو، شێت، سەرخۆشکراو هیچیان لە بری کوشتن ئیعدام ناکرێن.

تۆ سەیری ئەم جیهانە چەند سەیرە: (مافی ئیعدامکردن)یش ئیمتیازێکە هەلومەرجی خۆی هەیە، بەڵام مێژووی کورد بە دەست هەندێك لە ڕۆشنبیرانی کوردەوە لەسەر پشتی لانکۆڵە فتوای ئیعدامکردنی بۆ دەردەچێت. ئەم قسانە زۆر تاڵن بەڵام بەداخەوە ڕاستی بێ پێچ و پەنان.

لێرەدا دەگەینە دواقۆناغی نووسینەکەمان کە دەبێتە ئاڵقەی کۆتاییی زنجیرەی ئەم سەرەباسەی (حاجی قادر و دەرەبەگایەتیی کورد).

زانیمان و دیتمان هەڵوەستی حاجی لە ئاست براگەورە کوردەکانی سەردەمی خۆی، بە پێی حوکمی ئەو زەرفە مێژووییەی تێیدا دەژیا مومکین نەبوو دوشمنانە بێت هەروەك زانیمان هەڵوەستی شاعیرەکان و ئەدیبەکان و مەلاکانی دوای ئەویش تا ساڵانی ١٩٤٠ هەڵوەستی دوشمنانە نەبووە. ئەمە ڕاستییێکە کەمتر دەمەقاڵ هەڵدەگرێ

لەوەی بگوترێ بۆرجوازیەتی بە دوا دەرەبەگایەتیدا دێت چونکە ڕاستبوونی قسەکان لە بارەی هەڵوەستی حاجی و شاعیر و ئەدیبەکانی دوای ئەو، هەموو بەرهەمەکان و کردە و گوتەکانیان ئیسپاتی دەکەن، هەر چاوی لێ نەنووقێنین دەچێتە ناو بیبیلەی چاوانەوە بەڵام هاتنی بۆرجوازیەتی بەدوا دەرەبەگایەتیدا ئەو بەرچاو و بەڵگەنەویستە نییە، بە نموونە دەڵێم لەوانەیە وڵاتێك یەکسەر لە پلەی دەرەبەگایەتییەوە بچێتە پلەی سۆشیالیزم وەیاخود بە جۆرە ڕێژیمێکدا تێ پەڕێ کە مەخلووقی ئەم سەردەمە بێت و بەر تەعریفی هیچ یەکێك لەو پلانە نەکەوێت. (خولاسە حاجی ناحەزی براگەوران نەبووە، بە پێچەوانە، دۆستیان بووە و بەشێکی بەرچاوی شیعرەکانی ڕووی وتوویژی لەوانە، هەندێك لەو بەشەش مەدحیان دەکات. ئەمە ئەلف بێتکەی حاجی قادر ناسینە بەڵام کە دەڵێم دەمەقاڵ هەڵناگرێ ڕێم نەبڕیوەتەوە لەوەدا کە بڵێم پرسیار هەڵدەگرێ: (حاجی دوشمنی براگەوران نەبووە، نەك دوشمن نەبووە دۆستیشیان بووە. تا ئێرە حاجی و شاعیرێکی تری کوردی دوای خۆی وەك یەکترن لەوەدا کە بە پێی زەرفی مێژوویی بە دڵی هیچ کامێکیاندا نەهاتووە دوشمنایەتیی براگەوران بکەن) هەروەك بە دڵی شۆڕشگێڕی نیشتمانپەروەر و چینپەروەریشدا نەدەهات دەعیەیان نەهێنێ خۆیان لە ماڵ و دیوەخانە و دێی ئەو براگەورانەدا بشارنەوە. بەڵام حاجی گەلێك زیاتر لە شاعیرێکی تری کورد بەرەو دۆستایەتیی ئەو گەورە پیاوانە تێ هەڵکشیوە چونکە هیچ یەکێك لەو شاعیرانە بە قەدەر دەیێکی حاجیش باسی گەورە پیاوەکان و سەرۆکەکان و ئەمیرەکان و ئەدیبەکان و شێخ و مەلا ناودارەکانی کورد ناکەن، هی وەهاشیان تێدایە ببڕای ببڕای ناوی کەسێکی کورد ناهێنێ مەگەر لە زەمینەی وەرامدانەوەی نامە وەیا هەواڵپرسی و پیرۆزبایی و پرسەلێکردن و چشتی ئەوتۆیی بێت کە لەمەدا چ دەلالەتێکی تایبەتی وەیا هەڵوەستێکی ڕاگەیێنەر پەیدانابێ هەروەك عەینی چوونە سەر پرسە و هەڵپەڕکێ و وەرامدانەوەی نامەی عادەتی چ دەلالەت وەرناگیرێ.

هەڵوەستی حاجی لە ئاست گەورەپیاوانی کورددا باسێکە زۆری بە بەرەوە هەیە چونکە بە ئاشکرا دیارە بۆ هەموو چاوێکی نەچووقاو کە ئەم هەڵوەستە تاقانەیە لە نێوان سەرلەبەری ئەدیب و شاعیر و مەلای کورددا ڕێکەوتێکی کوێرانە نییە، بەتایبەتی کە بێین و لایەنی زێدەقووڵ ڕووچوونی حاجی لەو هەڵوەستەدا بە بەرچاوی خۆمانەوە بگرین چونکە خەریکبوونی حاجی بە براگەورەکانی کوردەوە

بەشێکی هەرە دیاری خەباتەکەی و کوردایەتییەکەی دەگێتەوە. حاجی لە باسکردنی گەورەپیاوانی کورددا وەك شاعیری موناسەبە نییە بە پێی ڕۆژ و سات و ڕووداو یادی خاوەن موناسەبەکە بکات بەڵکو لەو باسکردنەدا ئیهتیمامێکی دەروونیی ڕەگداکوتاو دەردەبڕێ کە پشتگوێخستنی لە ئیمکاندا نەبێت هەروەك شاعیری عاشقە سروشت ناتوانێ خۆی لە جوانی و ئارایشتی بوونەوەر بدزێتەوە.

ئەم دیاردەیە تا ئێستا لە لایەن هیچ نووسەرێکی کوردەوە لێی نەکۆڵراوەتەوە، منیش لە بارێکدا نیم بتوانم بەدوا چەندین سەد لاپەڕەدا درێژە بدەم بە شیکردنەوەی دیاردەکە و لە هەموو ڕوویێك و لایێکەوە لێی بدوێم و دیوانەکەی حاجی بە دیوانی شاعیرەکانی تر بگرم و لە ڕێی نەبوونی ئەم دیاردەیە لە شیعری ئەواندا پتر هەڵوەستی حاجی ڕوون بێتەوە. لێرەدا هەر بایی ئەوەندەی هەڵوەستی حاجی لەم مەسەلەیەدا بچێتە ناو چارچێوەی تابلۆی مەفهوم و ئاشکرای کردار و گوفتار و بیروباوەڕی حاجییەوە بەدوای لێکۆڵینەوە دەکەوم، لەمەشدا پشت ئەستوورم بەوەی کە لێرە بە پێشەوە ڕەنگڕێژێکی ئاشکرای تابلۆکە کراوە لەو تابلۆیەشدا بە شێوەیێکی قەناعەت بەخش پارچەکانی Jigsaw کە خراونەتەوە سەریەك تاکو ئەگەر شتێکی تازەی نەگونجاوی تێکەڵ ببێت بەخۆیەوە نەگرێت. وا دەزانم چی لێرەدا بە کورتی لێی دەدوێم جێگەی لەباری خۆی دەدۆزێتەوە لە تابلۆکە و Jigsaw کەدا و دەشبێتە بەشێکی تەفسیلی لەواندا.

گوتم حاجی لە خەریکبوونی بە براگەورەکانی کوردەوە وەك شاعیری موناسەبە نییە، ئەم ڕاستییە بە چەندین بەڵگە ئیسپات دەبێ، بەڵام تاکە یەك بەڵگەی قەطعی بەسە بۆ ئیسپاتکردنی، ئەویش لەوەدایە کە وا حاجی لەو براگەورانە نێزیك نەبووە تاکو باسکردنیان لە موناسەبەکانی کۆمەڵایەتیدا یەخەی حاجییان گرتبێ سەرەڕای ئەوە کە گەلێك لەوانە دوای مردنیان باسیان کراوە و لەدەست موناسەباندا نەماون. لە شیعری وەکو:

تا تەعیناتی کۆر و لاڵ[1] مابوو
لە گەلێ دێیەکان مەلای چا بوو

موناسەبەی بەستەزمان چیی بەسەر چییەوەیە.

(١) مەبەس لە کۆر و لاڵە پاشای ڕەواندز (پاشای کۆرە) و ئەحمەد بەگی برایەتی کە هەردوویان دەمێك بوو مردبوون.

وەك من لە حاجی قادر بگەم و هەست بە نیاز و مەبەستەکانی بکەم لەو زەرفە مادییە و نەفسییەی کە شارەزاییمان پێی هەیە خەریکبوونی حاجی بە براگەورە و ناودارانی کورد، بە تێکڕایی و خاوەن دەسەڵاتەکانی کورد بەتایبەتی، لە چەند هۆیەکی ئاشکرا و بەهێزەوە سەردەکات، هۆیەکانیش هەرچەند ژمارە یەك و دوویان بۆ دانێین و پێش و پاشیان بخەین لە ڕاستیدا هەموویان تانوپۆی یەك پارچەی هۆنراون وەیاخود ڕەنگە عەکسکراوەکانی یەك تیشکن، پارچەکە و تیشکەکەش نەفس و ویژدانی حاجین کە ئەگەر نەفس و ویژدانی یەکێکی تر بوویایە وەیاخود خۆی جۆرێکی تر بوویایە بە شێوەیێکی زۆر جودا دەنگ و ڕەنگی دەدایەوە.

هۆی یەکەم: حەز دەکەی بیکە بە دووەم وەیا سێیەم فەرق ناکات– غەریبی و ئاوارەییی حاجی قادرە. هەرچەند ئاوارەیی بە تەنیا خۆی نابێتە پێکهێنەری مەیلی بەهێز لای شەخسی ئاوارە بۆ ڕیزکردنی ناوی ناودارانی میللەتەکەی و پاراستنی شوێنەواریان، وەك کە دەبینین نالی ئاوارەش بوو ناوی کەسیشی نەبرد، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بهێنین کە مرۆڤ کەوتە سەر باری یادکردنی ناودارانی میللەتەکەی، لە غەریبیدا سۆزی بۆ ئەو ناوانە پتر سەر دەکات و بە هەناسەیێکی درێژتر خەریکی بیرکردنەوە و ناوهێنانیان دەبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست دەڵێم حاجی قادر لە ئاوارەییدا نەك هەر ناوی براگەورەکانی بردووە بەڵکو یادی چەندین دێ و شاخ و هەوار و شاری کوردیشی کردووەتەوە کە ئەگەر لە کوردستان دوور نەکەوتبایەوە لزووم نەدەبوو یادیان بکاتەوە. لەم لایەنەی یادکردنەوەی وڵات (نالی)ش وەك حاجی قار بووە بەڵام لەبەر جوداوازیی جۆری سۆزیان کە هی حاجی لە کوردایەتییەوە هەڵستاوە و هی (نالی)ش لە یادکردنەوەی عادەتییەوە، پەڕاوێزی یادکردنەوەی حاجی گەلێك، یەکجار گەلێك، لە هینەکەی (نالی) فرەوانتر بووە چونکە هەموو جێگە مەشوورەکانی کوردستانی عیراق و ئێران و بەشێکی زۆری کوردستانی تورکیاشی گرتووەتەوە.

ڕەنگە لێرەدا بتوانم غەریبایەتیی حاجی لە لایەنێکی تریشەوە بکەم بە هۆی نەفەسدرێژیی ئەو یادکردنانەی حاجی کە دەزانین خۆی دەپارێزێ لەوەی پێی بڵێن خزمەتکار، ئەگەر لە غەریبایەتی نەبوویایە لەوانەبوو ناوی هیچ یەکێك لەو پیاوانە نەبات کە ناوبردنیان بە چووکایەتی لەسەر حیساب بکرێت وەیا بگوترێ بە نیازی وەدەستهێنانی چاکەی مادی مەدحیان دەکات. هەر ئەم هۆیەی زۆر بەهێزی خۆ لە توهمە بە دوورگرتنە وای کردووە حاجی لە ئەستەمبوڵ ناوی بەدرخانییان نابات، لە

هەموو دیوانەکەیدا جارێکیان مەدحێکی بەدرخانییانی کردووە[1].

هۆی دووەم: نیازی بە ئیسپات گەیاندنی زیرەکی و نەجابەتی میللەتی کوردە. حاجی کە خەریکی کوردایەتی بە مەفهوومی سەدەی نۆزدەم بێت زۆر بە ئاسایی و ئاسانی دەکەوێتە سەر هەڵدانەوەی میللەتی کورد، ئیتر لە هەر مەیدانێکی بە بیری مرۆڤدا دێت کوردان بەرەژوور دەبات وەك کە دێت و دەیەوێ هەموو ئادەمیزاد بگێڕێتەوە بۆ سەر ڕەسەن و ڕەگەزی کورد بەهۆی نیشتنەوەی کەشتییەکەی (نوح) بەسەر کێوی جوودەوە کە مەشوورە یەکێکە لە کێوەکانی کوردستان:

ئەو ڕۆژە بە ئەمری حەیی مەننان
ئەم عالەمە پاکی بوو بە طۆفان
تاقێکی نەما لە جینسی زی ڕوح
غەیری ئەمە هاتە کەشتییەکەی نوح
ئەو ڕۆژە گەیشتە وەقتی مەعهوود
وەستاوە لەسەر چیایەکەی جوود

تاکو دەڵێ:

ئەولادی صەحیحیان بە بورهان
کوردن لە شوێنی جەدی خۆیان
سوککانی بیلادی روبعی مەسکوون
سەرپاکی لەمانە مونشەعیب بوون

هەر لەو بابەتە پێشخستنەوەی ئەو شتانەی پێوەندییان بە کوردەوە هەیە، حاجی قادر لە بەشێکی بەرچاوی هەڵبەستەکانیدا کوردایەتییەکەی بەلای موبالەغەدا دەشکێنێتەوە وەك کە شاعیرێکی تری سەر بە ئاین دێت و موبالەغە لە شتی سەربەدیندا دەکات وەیا یەکێکی تری چینپەروەر کرێکار و وەرزێر دەگەیەنێتە ڕیزی پەری و فریشتە و قارەمانان. وا دەزانم ئەگەر مەیلە یەکجار بەهێزەکەی کوردایەتی نەبوویایە، ناوی بەشێك لەوانەی حاجی بە مەدحەوە ناوی بردوون هەر لەگەڵ مردنی خۆیان دەمردن چونکە لەوانە نەبوون کەسی تر ناویان بێنێت. سەرنج بگرە چۆن حاجی بە پاڵەپەستۆی تین و تاوی کوردایەتی مەیلی بۆ باسکردنی ئەو ناوانە دەچێت کە

(١) ئەم ڕاستییە پێشتر لە لاپەڕە (٢٠٠)ی بەشی یەکەمی ئەم نووسینە باس کراوە.

خاوەنەکانیان دوو بەیتی شیعریان بە کوردی داناوە، کەچی مەلا و زانای زۆر گەورەی کورد هەن ناویان نابات چونکە شۆرەتیان بە هیچ وێنە کوردایەتیێکەوە نەبەستووە.

من کە ئەمە دەڵێم هەر لە بیرمە حاجی قادر بە هۆی خەریکبوونی بە ناودارانی کوردەوە هەرگیز میللەتی کوردی لە بیر نەچووەتەوە، واتە لە یادکردنەوەی تاکە بەرچاوەکاندا نەبووەتە تاکپەرستێك کە میللەتەکە فەراموّش دەکات. حاجی قادر لە کولانەی بەرژەوەندی گەلی کوردەوە لە ڕووی خۆشویستنی ئەو گەلەوە بەرەو زیندووکردنەوەی یادی تاکە هەڵکەوتووەکانیەوە ڕۆیشتووە، تەنانەت هەر لەو کولانەشەوە خەریکبوونی ئەدیب و زاناکانی کورد بە زمانی بێگانەوە بێ کەڵك دەردەچوێنێت. بەڕاستی باوەڕی حاجی قادر بە گەلی کورد یەکێکە لەو تایبەتییە یەکجار زلانەی کە لەو سەردەمەدا نەك هەر لە ناو کورددا شتێکی دەگمەن بوو بگرە ئەو تەرزە فکرە جارێ لە ناو دراوسێکانی کوردیشدا هەر یەکجار کەم بوو. ئەم ئیمانەی حاجی بە میللەت کە هەر خۆیەتی سەرچاوەی بیری میللەتپەروەرییەکەی و خەباتە سیاسییەکەی، لە زۆر شوێنی دیوانەکەیدا جلوە دەبەستێت، بەڵام ئەم نموونەی وا لێرەدا بە شایەدی قسەکانمی دەگرم یەکێکە لە نموونە هەرە پێشکەوتووەکانی فەلسەفەی ئیمان بە گەل هێنان کە لە تەك ئەودا وجوودی تاك خۆ نانوێنێت با ئەو تاکە شاهە نشاهە و ئیمپەراتۆریش بێت:

خوسرەو و کەیقوباد و ئەسکەندەر
وەکو کیسرا و کاووس و قەیسەر
هەموو تێك چوون و پاکی فەوتاوە
نە سیلاح و نە سکککەیان ماوە
واقیعا وایە وەك بەیانم کرد
هەرکەسێ زا بە ناعەلاجی مرد
مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە
ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە
چونکە هەرچی لە داری دونیایە
دێت و دەڕوا هەمووی وەکو بایە
سەد شەهنشاهە و پادشا مردن
سەیری کە کوردی ئێمە هەر کوردن

مـیـلـلـەتـە بـاقـی مـابـەقـا فـانـی
هـەر لـە جـافـی هـەتـا بـە گـۆرانـی
حـەسرەتم هـەر ئـەمـە لـە دونـیـادا
حـاجـی دەمـرێ بـە دەوریـان نـاگـا

لەم نموونەیەدا حاجی قادر ئیمانهێناوێکی بێ سنوورە بە میللەت، کە دەکاتەوە ئیمانهێنان بە میللەتی کورد. حاجی پتر، گەلێك پتر باوەڕی بە میللەت هێناوە، لە موزاهەرە گێڕەکانی تەقلیدیی ئەم ڕۆژگارە کە دێن لە دروشمەکانیاندا بە قەد و باڵای (جەماهیر)دا هەڵدەڵێن بەڵام ڕازی نابن لەسەر تەختە شڕەیێکی چایەخانەکانی سەر ڕەسیف لەگەڵ بۆر و چڵکنێکی هەژاری ئەو (جەماهیر)ە دابنیشن نەکا تۆز لە جلکە پاکە تووداردەکەیان بنیشێت وەیا تەسریحەی قژیان بە پووش و پەڵاشی ئەو ناوە تێك بچێت. زۆر جاران کردار دەبێتە (طقوس) و ناوەڕۆکی نامێنێت، بگرە ناوەڕۆك لەبەر شاڵاوی طـقـوسدا هـەر خـۆی نـاگـرێت. بـە نموونـە دەڵـێم وا دەبـێ ئـەو لایـەنـەی بـۆ مـەبـەسێکـی خـۆی مـوزاهـەرە بـەرپـا دەکـات تـەنـیـا کـاری بـە نمایشتـەکە و هـەرا و هۆریاکەوە هەیە، بەدوا ئەودا ئەگەر دروشمەکانی موزاهەرە بسوتێندرێن وەیا خەڵقی ناو موزاهەرەکە بگیرێن وەیا هەرچی لە زاهیردا مەطلەبی قیژوهۆڕەکە بووە هەمووی بە پێچەوانەوە بێتە دی بایی فلسێك تەئسیر لەو لایەنە ناکات. بەڵێ (ازدواجیة)ی ڕواڵەت و واقیع شتێکە لە هەموومان ڕوون و جارەهای جار پێیدا تێ پەڕیوین و لە ئاکار و ئاکامەکانی گەیشتووین[1]. هەر لەم تەجرەبە تاڵەی خۆمانەوە، کە لە یەکتر دووربوونی ڕواڵەتی هەندێ بزووتنەوە سیاسییەکان و مەبەسە ڕاستەقینەکانیان دەردەخات، نرخی بیروباوەڕەکانی حاجیمان باشتر بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەزانین بیروباوەڕی بێ فێڵ و (بێ ازدواجیة)ن.

ئەم هۆیەی دووەم، کە کوردایەتیی تێدایە، زۆری بە بەرەوە هەیە و تا بە دوای کەوین لێی نابینەوە چونکە وەك دەزانین لەوکاتەوە حاجی دەستی دایە خەباتی قەومایەتی هەموو کردە و گوتەیێکی هەر بەرەو ئەو ئامانجە بووە، لەبەر ئەمە پێی ناوێ لێرەدا

(١) لە گڕ و گڵپەی ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٤٨)دا کە ناوی بە (وثبة) دەرکرد، هەندێ پیاوی شەرم بەخۆ لە سلێمانی کچانیان لە موزاهەرە گێڕایەوە، گورج بەدوا ئەمەدا موزاهەرە دەرچوو لە ژێر دروشمی (بمرێ دیکتاتۆریەتیی عائیلی).

چی تر لەسەری بڕۆین بەتایبەتی چونکە هەر لەم ڕیزە هۆیانەدا جارێکی تریش بۆ مەبەستێکی تر و لە ڕوویێکی ترەوە کوردایەتییەکەی دێتەوە ناو حیسابمانەوە.

هۆی سێیەم سروشتە ڕاستگۆیەکەی حاجییە کە بە پێی تێگەیشتن و باوەڕی خۆی چاکەی چاکەکاران و خراپەی خراپەکارانی باس کردووە.

دیارە حاجی قادر سەرەڕای کێشانە و پێوانە تەقلیدییەکانی چاکە و خراپەی کۆن، میقیاسێکی تازەی کوردایەتیشی بەکارهێناوە بۆ لەیەکتر هەڵاواردنی چاکان و بەدان هەر بۆیەیشە مەدحی (مەلکە قۆڕ و حیماری و کیسەشکەڵ) دەکات و ژووروی خواناسێکی زانای وەك (ابن یمین)یان دەخاتەوە:

بە فیدایان دەکەم صەد (ابن یمین)

چونکە دەربەستی غیرەتی کوردین

کە کوردایەتی و هەستی نیشتمانپەروەری یاریدەدەری مەیلی ڕاستگۆییی حاجی بێت چاوەڕوان دەکرێ هەر ناوێکی، دوور و نزیك، خزمەتێکی کوردایەتییەکە بکات بکەوێتەوە بەر یادی حاجی و بەمەدحەوە بیهێنێتە ناو هەڵبەستەوە. بەو پێیەش، لە شکڵی پێچەوانەدا، ناوێك کە لەگەڵ مەفهوومی کوردایەتی جووت نەڕۆیشتبێ ئەویش لە یادکردنەوەدا مافی ڕەوای خۆی پێ درابێ، کە بریتییە لە شکاندنەوە و سەرکوتکردن. هەر ئەمەیشە هۆی شکاندنەوەی ئەو بەرە و تاقمانەی هۆشیان بە کوردایەتی نەشکاوە و بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی کورد نەخەبتاون.

لەم مەیدانەدا حاجی قادر چ گوناهێکی نییە کە ژمارەی مرۆڤی ناوداری نێوان، بەاصطلاح، ڕەش و ڕووت و هەژاران بە قەدەر ژمارەی ئەدیب و ئەمیر و براگەورە و شێخ و مەلایان نابێ. لەگەڵ ئەمەشدا حاجی چ درێغێکی نەکردووە لە پێدا هەڵگوتنی شایەری وەك عەلی حەریری و عەلی بەردەشانی و حیماری و کیسەشکەل و... هتاد. جگە لەمە، بەشێکی ئەوانەی لە ڕێی مەلایەتی و شاعیریەتەوە ناودار بوون و حاجی ناوی بردوون خۆیان لە چینی هەژارەوە پێ گەیشتوون هەرچەند لەقەبەکەشیان هی هەژار نەبێت، وەك ئەوەی سەرۆك دەوڵەتێکی کۆمیونیستی ئەمڕۆکە لە جەرگەی پرۆلیتاریاوە بەرزبێتەوە هەر پێی دەڵێن پرۆلیتاری هەرچەند وەك ملیۆنێرێکیش ڕادەبوێرێت، لە حاڵێکدا مەلا و ئەدیبی کورد تەنیا ناوەکەیان لە کرێکار و فەلاح جودا بووەتەوە ئەگەرنا بەزۆری لە هەرە هەژاری میللەت حیساب دەکرێن. ئەوەندە هەیە کە

هەژارێك لە خوێندن و بەهرەدا گەیشتە پایەی مەلایەتی و ئەدەب وەك مێروولەی باڵگرتووی لێ دێت، کە دەڵێن خوا غەزەبی لێ گرتووە، مەلا و ئەدیبەکەش دەکەونە بەر ڕەخنەو تەعنەوە چونکە شیعر و مەلایەتییەکەیان بە ئارەزووی ڕەخنەگری دواڕۆژ بەکار نەهێناوە وەیاخود هەموویان وەك بلیمەتێکی سەردەمی خۆیان بیری پێشڕەویان نەبووە، کەچی ئەو گلەییە لە زۆربەی خەڵقەکە ناکرێ هەرچەند بیرە پێشڕەوەکە بۆ سوودی ئەوانیش کاری کردووە، مەلا و شاعیرەکەش ئەگەر نەخوێندوو و بێ بەهرە بوونایە ئەوانیش وەك فەلاحێکی لادێ و بەقاڵێکی شار کەس گلەیی لێ نەدەکردن. تەنانەت پیاوی نەخوێندوو و بێ سامان ئەگەر خراپەش بکات، وەیا دوای تەڵەکەبازان بکەوێت، عوزری بۆ دەدۆزرێتەوە و گوناهەکەی دەدرێتەوە بە کۆمەڵ و پلەی گۆڕان و ڕێژیمی دەرەبەگ و هۆی ئەوتۆیی.

بەڵام دەبێ ئەوەندە بڵێم حاجی قادر لە مەدحکردنی شاعیر و زاناکانی کورد ئەو بارە قورسەی فکری پێشڕۆ و گیانی شۆڕشگێڕیی نەخستووەتە سەر شانی ئەدیب و مەلا و شێخی سەردەمی خۆی. بە لای ئەوەوە بەس بووە شاعیر بە کوردی شیعری هەڵبەستبێت، شێخ و مەلاش دینەکەی بۆ دونیا نەبووبێت،. لە ئاست نەخوێندوو و هەژارانیش ئەوەندە خۆشباوەڕ نەبووە چونکە هەمیشە گلەییی ئەفسانەپەرستن و هەڵخەڵەتان و بێباکی و کەمتەرخەمی لێ کردوون کە بە ڕاستی دەبێ مرۆڤی دڵسۆزیش هەر وەها بێت. تۆ سرنج بگرە لەو ڕۆشنبیرەی کە عوزری هەموو جۆرە عەیبداریێك بۆ نەخوێندەوار و هەژاری لێرە بە پێشەوە دەهێنێتەوە، چۆن ئەگەر بەردەستێکی خۆی کەمترین درێغیی لێ دەرکەوت عوزری نەخوێندوویەتیی لێ ناسەلمێنێت و دەرحاڵ سزای دەدات وەیا تەنبێی دەکات. بێ گومان هەڵوەستەکەی حاجی لە هی ڕۆشنبیرەکەی ئەمڕۆکە پتر لەگەڵ داخوازیی ژیربێژیدا ڕێك دەکەوێت.

هۆی چوارەم، ئەمەیان لە هەموویان گرنگترە چونکە تێکەڵ بە نیازی هەرە بنجی و ژیوەر و جۆشاو و خرۆشاوە لە خەباتەکەی حاجی قادردا.

لێرەدا بە پێشەوە بە دەم ڕەخنەگرتن لە هەندێ بیروڕای (محەمەدی مەلاکەریم) گوتم بە لای باوەڕی خۆمەوە (محەمەد) بیروڕایەکی تری هەیە جەرگەی نیشانەی تێدا پێکاوە. لێرەدا شایەدێك لە نووسینەکەی دەهێنمەوە بۆ دەرخستنی ئەو نیشانە پێکانەی وا نووسینەکەی منیش دەیەوێ بیپێکێت. لە لاپەڕە (٥٧)ی کتێبەکەی (حاجی قادری کۆیی– شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد) ئەم چەند دێرە ڕاست و

ڕەوانە دەخوێنیتەوە:

«ئاواتێکی پیرۆزی یەکێتیی کورد و کوردستان بووە. دڵی بو ئەو ڕۆژە لێی داوە کە بە چاوی خۆی کوردستانێکی یەکگرتووی یەك پارچە ببینی کە میللەتی کورد لە چوارچێوەیا بحەسێتەوە و بە کامەرانی و بەختیاری بژی، وە سەروبەری خۆی بۆ لە یەك بکرێتەوە و خۆی بناسی و بزانی پایەی لە ناو نەتەوەکانی تری گیتیدا چۆنە...[١]»

من کە دێم بەدوا ئەو هەموو لێکدانەوە سەربەخۆیانەی خۆمدا هانا دەبەمە بەر بیروڕای نووسەرێکی تر لە پرسیارێکی وەها بنجیدا دوو ئامانجی گەشم بە چاوی خۆمەوە گرتووە، یەکەم: دەسخاوێنی کە قەرزی ئەدەبیی ئەبەدییە بەسەر شانی هەموو نووسەرێك، بەڵکو هەموو مرۆڤێکەوە. هەرچەند من لە ڕێبازی تێفکرینی خۆمەوەش گەیشتبێتم بە هەمان ئاکام و ڕەنگ بێ لە شەقامێکی بەرفرەوانتریشەوە هاتوچۆم بە ماکەکانی لێکدانەوە کردبێت، دیسانەوە بێ دەنگبوونم لەو پێشدەستییەی کاك محەمەد دەبێتە دەست بەسەرداگرتنێکی ناڕەوا، وەیا هەرنەبێ دەبێتە خۆ بەسەهووبردن لە ئاست چاکە و هونەرێکی گەورەی غەیری خۆم. دووەم، کەیفم بەوەدێت ببینم هاوباوەڕم هەیە لە پرسیاری وەها گرنگدا، بەتایبەتی کە هاوباوەڕەکەم کورد بێت و لە پرسیارێکی سەر بە کوردایەتیشەوە بێت.

خوێنەر دەبینێ من بەزۆری کنارەگیرم لە ناوبردنی ئەو نووسەرانەی لە بیروڕادا بەیەکەوە کۆنابینەوە، مەگەر ناوناوەیێکی یەکجار کەم کە بە ناچاری ناوی نووسەرەکە ببەم، زۆریش ئاشکرایە بۆچوونەکانی من بەدەگمەن نەبێ لەگەڵ ئەو بۆچوونانە ڕێك ناکەوێت کە بوونەتە باوی ئەم سەردەمە و وەك بەڵگەنەویست لە بابەتی سەربەکوردەوە دەگوترێنەوە، بۆیەشە وەها بە نادری ناوی نووسەران دێتە ناو نووسینی منەوە.

یەکیەتیی کورد و کوردستان و پێکهاتنی دەوڵەتێکی کوردی لە چارچێوەی کوردستانی گەورەدا نەك هەر (ئاواتێکی پیرۆزی حاجییە) و بەس، بەڵکو گەورەترین و پیرۆزترین و ڕووناکترین و پاکترین و چاکترین و ئاسمانیترین ئامانج و ئاوات و خەون و خەیاڵ و هۆش و گۆشی حاجی بووە.

دەزانین کوردستانی خۆش ویستووە و بۆی شێت و شەیدا بووە، بەڵام

(١) نووسینەکەی ناو ئەو کتێبەم بەو ڕێنووسەی لەوێدا پێی نووسراوە ڕاگوێستەوە ئێرەکانە.

خۆشویستنەکەی لە جۆری صۆفیەتی و دەرویشی و ئەفلاتوونی نەبووە بێ هەدەف، وەیاخود هەر خۆشویستنەکە خۆی هەدەف بێت، هەرچەند دەشزانین پێك نەهاتنی هەدەفەکە پلەی خۆشویستنەکە نزم ناکاتەوە، بە پێچەوانە لە کڵپە و سۆزی زیاد دەکات وەك ئەو عاشقە بێ قەرارەی کە نەگەیشتنی بە مەعشووقە شێت و هاری دەکات.

پاش ئەوەی حاجی گەیشتە پلەی ئیمانهێنان بە مافە نەتەوەییەکانی میللەتی کورد کە دروستکردنی دەوڵەت لە پێش هەمووانەوە دێت، هەموو فکر و بیر و لێکدانەوە و گوتە و کردەی بەرەو پێکهێنانی ئەو مافە بنجینەوە بووە و بایی سەری موویێك لێی لانەداوە و بایی تۆسقاڵێکیشی بۆ هەدەفێکی تر نەبووە. ئێمە لەم نووسینەی سێ بەرگییەدا گەلێك جار تووشی ئەم باسە بووین هەر جارە لە گۆشەنیگایێك و لەبەر ڕۆشناییی مەبەستێکدا لێی دواوین. ئێستا بۆ دواجار لەم بەرگەدا لە گۆشەنیگای هەڵوەستی حاجی بەرانبەر براگەورە و ناوداران و دەرەبەگانی کوردەوە لێی دەدوێین و لێدوانەکەش دەبێتە تەواوکەری باسەکەی (حاجی قادر و دەرەبەگایەتی) بەو شێوەیەی کە گەیاندنەوە یەکتری دوو سەری کەوانە جغزی تەواو بە دەوری باسەکەوە دەکێشێت.

ئێمە گوتمان و بە ئیسپاتمان گەیاند، لە ڕێی شیعرەکانی حاجی خۆیەوە، حاجی دژی براگەورەی کورد نەبووە هەروەك غەیری ئەویش دژیان نەبوون و ئیمکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتیش نەبوو بۆ ئەو دژایەتییە تا نیو سەدەیێکیش دوای مەرگی حاجی. ئەوەشمان ڕوون کردەوە کە وا حاجی پتر لە شاعیران و ئەدیبانی تری کورد بەو براگەورانەوە خەریك بووە و ناوی بردوون و لەوەشدا چەند هۆیەکمان کردە جوداکەرەوەی هەڵوەستی حاجی لە هەڵوەستی غەیری خۆی بەرانبەر ئەو براگەورانە. ئێستا وا هۆی هەرە گەورەی ئەو هەڵوەستە تایبەتییە و بێ وێنەیەی حاجی باس دەکەین هۆیەکەش هەوڵ و تەقەڵای حاجییە بۆ هاندانی میللەتی کورد بەرەو وەدەستهێنانی مافە هەرە گەورەکەی نەتەوایەتی.

پێش ئەوەی بچمە ناوەڕۆکی باسەکەوە دەبێ تێبینییەکی بنجی دەربڕم بۆ ئەوەی وەفاکاریمان لەگەڵ حاجی قادردا نەبێتە بێ وەفایی لەگەڵ براییکی خۆی کە دەشێ بە براگەورەشی حیساب بکەین لەم مەیدانەی هەستی کوردایەتیدا. بەر لە حاجی بە چەند سەد ساڵێك (ئەحمەدی خانی) بۆ یەکەم جار لە مێژووی میللەتی کورد و بەشێوەیێکی یەکجار ڕوون و بێ پێچ و پەناو بە هەستێکی پڕ تینی کوردایەتی ئاخ و کەسەری دەروونی خۆی هەڵڕشتووە بۆ نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی کە ئەمەش دابڕانی کوردە

لە گەلانی تری خاوەن کیان و بەهەدەرچوونی بەهرە و هونەر و قابلیەتی کوردەکانە لەو مەیدانانەدا کە ئەگەر کورد خاوەنی چارەنووسی خۆی بوویایە رەنج بە خەسار و بێ شوێنەوار نەدەبوو. بەڕاستی دەبێ هەمیشە لە بیرمان بێ سەردەفتەری هەست بە نژادی خۆکردن لە کوردایەتیدا (ئەحمەدی خانی)یە، حاجی قادریش ئەم ڕاستییەی لەبەرچاو بووە و لە هەڵبەستدا دانی پێدا هێناوە.

بەڵام فەرقێکی بەرهەست هەیە لە نێوان جۆری سکاڵای ئەحمەدی خانی و حاجی قادردا، ئەویش بێ گومان بەر لە هەموو شتێك دەگەڕێتەوە بۆ فەرقی نێوان داخوازییەکانی سەردەمی ئەحمەدی خانی و حاجی قادر. فەرقەکە ئەوەیە، حاجی قادر سەرەڕای تێژکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و بە نژاد نازین و کورد بە مەغدوورزانین و دوشمن نیشانەکردن و ئەو جۆرە فکرانەی دەبنە زەمینەی فەلسەفەی قەومایەتی، بەرنامەیێکی ژیرانەش دادەنێ بۆ هەنگاونان بەرەو دروستکردنی حکوومەت لەوەشدا هەر بە ئامۆژگارییە تەقلیدییەکەی (یەکبوون و ڕێککەوتن و برایەتی و نیفاق بەلاوەنان...) دابین نابێت بەڵکو لایەنە زۆر گرنگەکەی بوونی ئیمکانی دەوڵەتدانان بە هۆی بێ هێزیی دوشمنەکانی ئەوسای کورد و هەبوونی زەرفی خۆ دانەپاڵ یاریدەدەرێك، لە پێشەوەی هەموو ئامۆژگارییان دەکاتە پەندی بەرەو وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی کە ئەمە زانین و پیتوڵیێکە گەلێك بەولای ئەو زۆرزانینەوەیە کە دەڵێ (تەماعی گەورەیی بێ چەك نەکەن نەك) چونکە دەوری چەك لە ڕاوەبەرازیشدا شتێکی وەك بەدیهییە وایە. بە لای منەوە کشانی فکری حاجی بۆ گرنگیی یەك شکڵ بوونی جۆری نووسین و ئاخاوتنی کوردی گەلێك هونەرترە لە زانینی دەوری چەك لە بزووتنەوەی قەومیی ئەو سەردەمەدا.

بەڕاستی، ئەو تەرزە عمومیاتەی وەك ڕێککەوتن و بێ نیفاقی و پڕ چەك بوون لە پەڕاوێزی پلانە عەمەلیەکەی کە حاجی نەخشەی دەکێشێت بۆ دەردەستکردنی مافە نەتەوایەتییەکان نرخی راستەقینە وەردەگرن، ئەگەرنا لە زەمەنی باب ئادەمەوە ئەو ئامۆژگارییانە کراون و بیستراون ڕەنگە کەسیش پێڕەوی نەکردبن مەگەر لە خۆوە بێ مامۆستا پێڕەوی کرابن.

کورتەی گوتە لێرەدا ئەوەیە، هەرچەند مەودای بەراوردکردنی درێژە پێدراو لە نێوان ئەحمەدی خانی و حاجی قادردا ئێستا دەست ناکەوێت، پێویست بوو ئەم دوو تێبینییەی سەرەوە بێنمە بەرچاو و زیهنی خوێنەرەوە، تێبینییەکانیش:

(١) یەکەمبوونی ئەحمەدی خانی لە هەست بە کوردبوون و مەغدووریەتی کوردکردن.

(٢) تێ هەڵکشانی حاجی لە سادە فکرەی کوردایەتی بەرەو تێفکرین لە چۆنیەتیی وەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوایەتی و پلاندانان بۆ ئەو وەدەستهێنانە. هەر لەم خاڵەی دووەمیشەوە حاجی قادر، ڕاستەوخۆ، هەڵوەستە بێ وێنەکەی بەرانبەر براگەورەکانی کورد ڕادەوەستێ.

حاجی کە ڕووی بانگەوازی خۆی لە میللەتی کورد بکات بۆ خەباتکردن لە پێناو بنیاتنانی دەوڵەتێکی کوردی، چیی پێ دەکرا پتر لەوەی کردی؟ چۆنی پێ دەکرا بە شێوەیێکی تر؟

بانگهێشتنی بۆ تێکڕای میللەتی کورد دیاردەیێکی بەرچاوە لە دیوانەکەیدا، بەڵام کە هاتە سەر ناوهێنانی تاکەکانی چی بکا غەیری ئەوەی ناوی کەسانێك بێنێت کە ناوێکیان هەیە؟ بە کێ دەکرێ و لە کێ داوا دەکرێ بچێتە دایەرەی نفوسی شارەکانی کورد وەیا هانا بباتە بەر دایەرەی تەجنید و لیستەی ناوی هەموو پیاوانی کورد وەرگرێت و بە هەڵبەست وەیا بە نامەی تایبەتی داوای خەباتی کوردایەتییان لێ بکات؟ سەیر لەوەدایە، ئەم پلانە خەیاڵییە بە خەیاڵیش پێڕەوی ناکرێ چونکە لە سەدی نەوەد و نۆی ئەو خەڵقە نەخوێندەوار بوون و نەیاندەتوانی نامە بخوێننەوە. بڕوا دەکەم هەڵبەستەکانی حاجیشیان بە ئاسانی پێ نەدەگەیشت هەرچەند پێشیان گەیشتایە لێحاڵیبوونیان بە نیسبەت ئەوانەوە ئاسان نەبوو.

کەواتە ناوهێنانی ناودارانی کورد، سەرەڕای نیازی شازنازیکردن و خۆهەڵدانەوە لەو ناوهێنانەدا، نیازێکی یەکجار گرنگتر و کاریگەرتر بە حاجی قادری کردووە ئەویش بانگهێشتنی براگەورە و سەرۆکەکانی کوردە بۆ خەباتی قەومایەتی و پێکهێنانی گیانێکی کوردی. لێرەدا ڕێی ڕەخنەگر نییە پێم بڵێ سەرۆکەکانیش وەك زۆربەی میللەت لەوانە بوون قسەکانیان پێ نەگات وەیا تێی نەگەن، چونکە ئەم ڕەخنەیە لە سێ لاوە بەرپەرچ دەدرێتەوە:

١- حاجی بانگهێشتنی تێکڕای کوردی کردووە بۆ خەبات، تێی بگەن و تێی نەگەن، پێی بگەن و پێی نەگەن، بە ناو بن و بێ ناوبن. لەبەرئەمە ناوهێنانەکە زەحمەتێکی تازە ناخاتە بەر ئەو بانگهێشتنەوە تاکو بڵێین بێ لزوومە، لە حاڵێکدا دەزانین تێگەیشتن و پێگەیشتنەکەی زۆربەی میللەت کارێکی زەحمەتتریش بووە.

٢- حاجی بە دوای بانگهێشتنەکەدا دەبوو ئەو ناوانە بکاتە هێز پێدەرێکی خەباتەکەی خۆی لەو ڕووەوە کە ئەگەر بانگەوازەکانی بەرەو کەسانی بێ ناوونیشان و شۆرەت و دەسەڵات بوونایە دەبوونە هاواری دەشت و بیابان کە هاوارکەرەکە بەر لە خەلقی تر دەزانێ دەنگ ناداتەوە، هەروەك ئەگەر حاجی ببڕای ببڕای ڕووی وتوویژی لە میللەت نەکردبایە دەبووە پیاوێکی خەیاڵبازی بێ مایە چونکە لەو سەردەمەدا کە حاجی دەنگ و سەدای ئەورووپای دووبارە دەکردەوە ڕووی هەموو بانگەوازێك لە میللەت بووە بە تایبەتی کە بۆ ئامانجێك بێت پەکی لەسەر تێکڕای میللەت کەوتبێت.

٣- لە لایەن تێگەیشتنی قسەکانی حاجیشەوە، بە هەمەحاڵ، بەرەی سەرۆك و براگەورە و مەلا و ئەدیب و تاکە بەرچاوەکان پتر لە زۆربەی میللەت چاوەڕوانی تێگەیشتنی قسانیان لێ دەکرێت، هەروەها هەڵبەست و نووسراو و چاپکراویش ئاسانتر بەوان دەگات.

ئەم دەمەتەقەیەی لێرەدا لەگەڵ ڕەخنەیێکی خەیاڵکردی خۆمی دەکەم ئەوەندە سوودەی تێدا هەیە کە ناوبردنی ناوی گەورەپیاو و ناودارانی کورد لە لایەن حاجییەوە بکاتە دیاردەیێکی عادەتی بێ ئەوە هیچ گلەییی بچێتەوە سەر لەوەدا کە هەر ناوی ناودارانی هێناوە. وەك لێرەش بەدواوە، لە کۆتاییی هەموو لێکدانەوەکانمدا دەردەکەوێ، ئەم تەرزە سێبەرەی ئیعتیرازان و ڕەخنان هەر بە جارێ دەچێتەوە تارماییشی لە مێشکاندا نامێنێت مەگەر بە ئانقەست یەکێك خۆی بۆ گلەیی و گازاندەی ناحەزانە و دوشمنانە لە حاجی قادر دانووسێنێت و زێدە لە عالەم یەخەی ئەو بگرێت.

مەبەستی هاندانی کوردان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی پاڵی بە حاجی قادرەوە ناوە کە لە نێوان ناودارانی کوردیشدا بەتایبەتی لە گوێی دەسەڵاتداران بچرپێنێت و غیرەتیان ببزێوێت بۆ دارنینی بەرگی پڕ عەیب و عاری خزمەتی بێگانەکردن، هەمان مەبەستی بە خەبەرهێنانی هەستی غیرەتکەشیی براگەورەکان لە باسکردنی حاکم و میرەکانی کوردی لە حاجی بە پێشەوەش شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، هەر نەختێکیش سەرنجڕاگرتن ئەم ڕاستییەت بۆ بە ئیسپات دەگەیەنێت.

حاجی قادر لە چەندین جێگەدا سەرکەوتنی خەباتی کوردایەتیی بۆ وەدەستهێنانی مافە زلەکەی خۆی، کە پێکهێنانی دەوڵەتە، دەبەستێتەوە بە چەند هۆیێکی بنجییەوە

كە یەكێك لەوان هێزی چەكدارە. ئەم بەیتانەی خوارەوە نموونەی پێدا هەڵگوتنی چەكە[1] لە لایەن حاجییەوە:

(١) لە هەندێ نوسخەی چاپكراوی دیوانی حاجی، كە یەكێكیان دیوانە چاپكراوەكەی ساڵی (١٩٥٣)یە لە چاپخانەی كوردستان، بەیتێك لە كۆتایی قەسیدەی (لە رۆما كەوتە بەرچاوم...)دا بەم شێوەیەی خوارەوە نووسراوە:

هەچی جێگای ئومێدمانە و ئەوەی دڵ خۆش دەكا ئەمڕۆ
چەكە چون لەو بەدەر نابێتە غەمخۆری گەلی كوردان

كە بگەڕێیتەوە بۆ دەقی قەسیدەكە دەبینی حاجی ئومێدی كوردان دەداتەوە بە ئەمیرێك پاش ئەوەی كابرای (هایم و حەیران)ی ناو قەسیدەكە لە شێوەن و زاری و بێ ئومێدی و كەسەر هەڵڕشتن دەبێتەوە. ئەمەش ئەو چەند بەیتەی كۆتاییی قەسیدەكەیە كە لێرەدا ئیشمان پێیەتی:

لە پاشی ئەم هەموو گریان و زاری و ناڵەیە پێم گوت
برادەر غەم مەخۆ هێندە لە سایەی رەحمەتی رەحمان
ئەمیرێك ماوە پاشایە گوتی كێیە گوتم شێرە
گوتی لێرە؟ گوتم لێرە هەتا تاران و هیندوستان
بە خۆی شێرە وەكو ناوی لە شەڕدا دوژمن ئەندازە
تەمایان هەر بە ئەو ماوە تەواوی خاكی كوردستان

دەمێنێتەوە بەیتەكەی كۆتاییی قەسیدەكە، ئەوەبوو لە پێشەوە نووسیم بەو شێوەیەی لە دیوانەكەی چاپی هەولێردا چاپ كراوە. زۆر ئاشكرایە پێوەندیی ئەم سێ بەیتانە بەتەواوی پچڕاوە لە بەیتەكەی كۆتایی چونكە ئەوان باسی (ئەمیرێك) دەكەن ئەم بەیتەش باسی (چەك) دەكات.

راستیی بەیتەكە لە نوسخە دەسخەتی تردا هەیە كە هیچ گرفتان ناهێڵێ، وا لێرەدا دەیخەمە بەر چاوان:

هەچی جێگای ئومێدمانە و ئەوی دڵ خۆش دەكا ئەمڕۆ
كەسی دی لەو بەدەر نابێتە غەمخۆری گەلی كوردان

بەمەدا واتای بەیتەكە زۆر ڕوون و مەفهوومە. لە لاپەڕە (٢٠١)ی بەرگی یەكەمی ئەم نووسینەدا من دەلالەتی ئەو شیعرانەم بۆ (یەزدان شێر) بردووەتەوە چونكە هەر ئەو لەو دەمەدا ناوی (شێر)ی هەبووە و ئەمیریش بووە، بەڵام ساغكردنەوەی پرسیارەكە بەمەندە قسەیە تەواو نابێ چونكە سەروكاری (یەزدان شێر) ڕوونكردنەوەی دەوێت. بە ئومێدم =

بـــه شیـــر وخـــامـــه دەوڵـــەت پـــایـــەداره
ئـــەمـــن خـــامـــەم هـــەیـــه شیـــر نـــادیـــاره
صەلاحـــی ئـــێوه ئـــێستـــێکـــه سیـــلاحـــه
تەماعی گەورەییی بێ چەك نەكەن نەك
قەصری دین بنج و بناغەی مەحكەمی
شیـــر و تـــیـــره دیـــرەگ و تـــاق و خـــەمـــی
گـولشەنـی پـڕ مـیـوەیـی بـاغـی مـەعـاد
وا لـــه ژێری سایـــەیـــی تـــیـــغـــی جیـــهـــاد(١)
كـــێ گـوتـی مـیسواكـه تـیـرم یـا عـەصا
نـــێزمـــه گـــورزی گـــرانم مـــەنـــتـــەشا
یـــا كـــەمـــەنـــدم روشتـــەیـــه تـــیـــغـــم تـــەبـــەر
پۆست و كەشكۆڵ و دەفەم تاج و كەمەر

گەلێك نموونەی تری وەك ئەم بەیتانە لە هەڵبەستەكانی حاجیدا بەسترانەوەی خەبات بە چەكەوە دەڵێنەوە كە لەمەوە بە چاكی ئیمانی حاجی بە دەوری هێز و كاریگەربوونی ئەو دەورە دەردەكەوێت. كە حاڵ ئەمەبێت كام بەرە و تاقم لە نێوان میللەتی كوردا خاوەن چەكە بەجگە لە براگەورەكان و سەرۆك عەشیرەتەكان؟ واتە لە دەستەی دەرەبەگ بەولاوە كێیە لە كوردان چەكی هەبێت؟ بەڵێ دەتوانین دەستەی پارەدارانیش لە ڕیزی دەرەبەگان دانێین لە ڕووی دەسەڵاتی چەك پەیداكردنەوە بەو نامەیەی كە دەوڵەمەند ئەگەر چەكی حازر بەدەستیشی نەبێ دەتوانێ بە پارە پەیدای كات، بەڵام حیسابی هەڵوەستی حاجی لە (دەرەبەگ) و ناودارەكانی كورد هەڵناوەشێنێتەوە، بە پێچەوانە، چەسپاوتری دەكات چونكە ئەگەر بەر لەم حیسابە هەر دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەت بهاتبانایە ناو جغزی مەفهوومی براگەورایەتی، ئێستا پارەدار (بۆرجوازی)یش دەچێتە نێوان جغزەكەوە.

= ئەم لێكۆڵینەوەیە لە بەرگێكی داهاتوودا بكرێت كە ئەو سەردەمە دەگرێتەوە حاجی لای بەدرخانییەكان، لە ئەستەمبوڵ، بەسەری بردووە، هەر ئەو كاتەش مناسبی باس و خواسی (یەزدان شێر)ە.

(١) ئیشارەیە بۆ حەدیسی (الجنة تحت ظلال السیوف).

خوێنەر دەبینێ ئەم هەڵوەستەی حاجی لە ئاست بەرەی دەرەبەگ و براگەورانی کورد بە هەموو لێکدانەوەیێك و لەبەر تیشکی هەموو ڕاستیێکی کە زەرفی مادی و مێژوویی سەردەمی حاجی قادریان پێك هێناوە لە نوقتەی نەزەری خەباتی قەومایەتییەوە، جار لە جارێ لەبەرچاوی حەقیقەتبیندا پتر دەبێتە هەڵوەستی دۆستانەی حەتمی و ناچاری کە تاکە ڕێگەیێك بێت لەبەر هەنگاوی حاجی قادردا. ئەو لێکدانەوەیەی منیش لێرەدا دەیکەم تەنیا بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە مادی و فکری و مێژووییەکانی حەتمیبوونی ئەو هەڵوەستەیە نەك دۆزینەوەی هەڵوەستەکە خۆی، چونکە شیعرەکانی حاجی لەم ڕووەوە پێویست بە لێکدانەوە ناهێڵن، تەنانەت هەموو دادوبڕۆی حاجیش بۆ یەکبوونی کورد و بەلاوەنانی نیفاق، بەر لە هەموو مەردم، ڕوو لەم براگەورانە دەکات کە بە چەك و پارە دەتوانن خەباتی چەکدار بکەن ئەمەش ئاکامێکی ڕاستەوخۆ و یەکسەری بەسترانەوەی خەباتەکەیە بە هێزەوە.

جگە لەمە لە واقیعیشدا ئەو کوردانەی کە دەشێ بەر مەفهوومی (نفاق) بکەون هەر ئەوان کەسانەن کە لە ڕێی دەسەڵاتەوە بە بەریانەوە هەیە لە شوێنی خۆیانەوە دوشمنایەتیی دەسەڵاتداری شوینێکی تر بکەن وەیا لەگەڵ دراوسێی نزیکی خۆیاندا بۆ تەماعی بەرتەسکی ناوچەیی ناکۆکی بنێنەوە، ئەگەرنا فەلاحێکی بێ چارەی دەشت و بەقاڵێکی هەناسەساردی شار کەی توانیوەتی ڕێبازی (تفاق) بگرێتەبەر. هەموو نیفاق و ناکۆکیی بەقاڵێك لەگەڵ یەکێکی تردا ئەوەیە نرخی کیلۆی تەرۆزی یەك دوو فلس گرانتر یاخود هەرزانتر بکات. خوێنەرێك بە تەمابێ ڕەخنە لەم قسەیەم بگرێت با ئەوە بە بیر خۆی بهێنێتەوە کە وا نەك لە سەردەمی حاجی قادر، بگرە لەم ساڵەی (١٩٧٢)ەشدا[١] بەقاڵ و فەلاحی کورد هەر ئەوەندە دەسەڵاتەی چاکە و خراپەی هەیە، مەگەر لەسەر کاغەز بۆی سازدەین.

دەمەوێ لێرەدا ڕاستیێکی گرینگ بهێنمە بەرچاو و مێشك و ویژدانی خوێنەری کوردی سەردەمی ئێستاکە بۆ ئەوەی لە بڕیارەکانی بەرانبەر حاجی قادر دەستووری ئینساف نەبەزێنێت.

حاجی قادر بەر لە سەد ساڵ کە دێت و ڕووی وتوویژ و ئامۆژگاریی کوردایەتی لە

(١) هەموو جارێك کە بڵێم (ئەم ساڵە) مەبەست ساڵی دەست پێکردنی ئەم نووسینەیە کە (١٩٧٢)ە.

هەموو کورد، بە تێکڕایی و لە دەسەڵاتدارانی کورد، بە تایبەتی، دەکات ڕێبازێکی گرتووەتەبەر کە تاکە ڕێباز بووە و هیچی تری لە پێشدا نەبووە و بەپێی بڕیاری مێژوو و کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی کورد و ویژدانی خۆیشی تێیڕا ڕۆیشتووە کە ئەگەر لێی لادابایە ئەو حاجی قادرە نەدەبوو پێی بڵێین هەڵگری مەشخەڵی کوردایەتی، بانگەوازەکانیشی چ ڕووی لە هەموو میللەت کردبێت و چ لەبەرەی دەسەڵاتداران، لە چارچێوەی ودەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەرنەچووە بەرەو دەستدرێژییکردن لە گەلێکی تر. جا ئەگەر ڕۆشنبیرێکی ئەم سەردەمە هات و لە حاجیی بە عەیب گرت کە ڕووی قسە و ئاواتی خەباتی لە براگەورە و دەسەڵاتدار و (دەرەبەگ)ی کورد کردووە با ئەم ڕاستییە بە چاوی خۆیەوە بگرێت کە وا کام حوکمی شۆڕشگێڕی مرۆڤدۆستی هەژارپەرستی ئەم ڕۆژگارەی ڕۆشنبیرەکە بە نموونەی جەوانمەردی و پێشڕۆیی و پاکی و چاکی دادەنێت، بۆ بەرژەوەندی خۆی، هەتا سەرەك دەوڵەتی چەنگ بکەوێ قسە لەگەڵ سەرەك وەزیران ناکات، هەتا وەزیر ڕاوەستابێ مەرحەبا لە مودیر عام ناکات، هەتا سەرۆك نەقابە هەبێ خۆ لە سکرتێرەکە ناگەیەنێ. هەرگیزیش سرەی قسەکردن و مەرحەبای ناگاتە کرێکار و فەلاح. بێ گومان ڕۆشنبیرەکە بە دڵیدا نایەت کرداری وەها لە دەوڵەتە باوەڕ پێکراوەکەی خۆی بە عەیب بگرێت لە حاڵێکدا دەوڵەتەکە وەك حاجی قادر ئەو کردارە نییە چونکە دەتوانێ نەختێك لە تەماعی کەم کاتەوە و مەرحەباکانی بە هەموو پیاوی چاك و خراپ نەفرۆشێت. وەك حاجی قادریش لە باوەڕی دەروونییەوە ئەو ڕەفتارە ناکات چونکە دەوڵەتەکە بە قسە و پڕوپاگەندە شتێك دەڵێ چ برادەرایەتیی لەگەڵ ڕەفتارەکەی نییە. مەبەستەکەشی وەك مەبەستی حاجی قادر پیرۆز و ڕەوا نییە چونکە حاجی دەستەودامانی براگەورەی کورد دەبێت بۆ ڕزگارکردنی کورد لە عەبدایەتی کەچی دەوڵەتەکە لەوانەیە سیاسەتەکەی بۆ بەرژەوەندێکی نارەوا وەیا کەم بایەخ بەکار بهێنێت، وا دەبێ میللەتێکی تریش لەو مامڵەتانەدا زەرەرمەند دەبێت. دەزانم ڕۆشنبیری لایەنگیر ئامادەیە هەموو کردارێکی نارەوای لایەنە خۆشەویستەکەی خۆی تەبریر بکات، ئیتر کە ئەو لایەنە لەگەڵ دەوڵەتی (رەجعی)دا دۆستایەتیی گرت دەڵێ بۆ بەرژەوەندی هەموو مرۆڤایەتی وای کردووە، خۆ ئەگەر لایەنەکە خۆی کەڕ کرد لە ئاهـ و نزای میللەتی غەدر لێکراو ئەوسا دەگوترێ پاراستنی ئاشتیی گشتی و سەلامەتیی پەڕە سپییەکانی کۆترەکان وەها داخوازی دەکات. من ئەو کەسە خەیاڵییە نیم لەو تەرزە ڕۆشنبیرە داوا بکەم شێواز و ڕێبازی

بیرکردنەوە و قەناعەتەکانی بگۆڕێت، هێندەش ناواقیعی نیم گلەیی لە دەوڵەتە مرۆڤدۆستەکان بکەم لە گرتنەبەری ئەوی سیاسەتەی کە بە لای خۆیانەوە چاکەی خۆیانی تێدایە هەرچەند خراپەی خەلقی تریشی تێدا بێت، چونکە ئەم تەرزە داواکردنە لە ڕۆشنبیری لایەنگیر وەك داواکردنی گەرمییە لە بەفر، هەروەها گلەییکردنەکەش خۆتەفرەدانە بەئیمکانبوونی لە یەکچوونی قسەی ناو کتێبان و کردەوەی ڕاستەقینە.

بەڵێ من لەم گۆشە یەکجار بە تەوازوعەی بیرکردنەوەی خۆمەوە هەرگیز بە باڵی خەیاڵ بەرەو ئاسۆی وەها بەرزی (توقع)ەوە نافڕم. تەنیا (توقع) و تکای یەکجار تەوازوعکارانەم لەو ڕۆشنبیرە کوردە ئەوەیە، کە ئەو هێندە خۆش تەئویل بێ بۆ دەوڵەتی بێگانەی پڕ چەك و دەسەڵات و تەکنیکی ئەم سەردەمە، دەبێ دەیێك و سەدیێکی ئەو چاوپۆشینە لە هاوزمانە هاونیشتمانە هاونژادە هاودەردە یەکجار دڵسۆزەکەی خۆی، حاجی قادر، بکات لە کردەوەیێك کە ئەگەر نەیکردبایە دەبووە ناحەزی میللەتەکەی وەیاخود دەبووە یەکێك لەو ملیۆنانەی بیریان بۆ کوردایەتی نەچووە.

بە پێی بیروباوەڕ و بۆچوونی من، لەبەر تیشکی ئەو لێکدانەوانە و تێبینییانە و ڕاستییە مێژووییانە و باری کۆمەڵایەتی و سەرلەبەری وەزعی میللەتی کورد لە سەردەمی حاجی قادردا هەڵوەستە زۆر دیار و ئاشکراکەی حاجی لە ئاست براگەوران و ئەوانەی ئێستا ناوی (دەرەبەگ)یان لێ دەنێن دەبێ سەیری بکرێت و کێشانە و پێوانەی لەگەڵدا بکرێت وەك کە لەم ڕووپەڕانەی دواییی ئەم نووسینەدا بایی پێویست لەگەڵیدا کرا.

چەند فەرمانێکی گرنگ و بنجی و بنەماییە، لە لێکۆڵینەوەدا سەیرکردنی عاطفی و سەراو و کەفەلوولکاوی وەك میکرۆبی نەخۆشی لە لەشی ساغ دوور بخرێتەوە، بڕیاری پێشەکی بەلاوە بندرێت، مەیلی شەخسی و لایەنگیری تاوانبار بکرێت. ئەم جیهانە ڕووداوەکان و تاکەکان و کۆمەڵەکانی بە خۆیان و هەموو ئەو خەسڵەتانە و تایبەتییانە و هێزی بەرەوپێشبەر و دواخەر و ژینەر و مرێنەریانەوە کە لە دیاردە بێ ئەژمارەکانیاندا دەردەکەون بە فەرمانی نەزەرییە حازربەدەستەکانی من و تۆ پەیدا نەبوون، بە پێی بڕیارەکانی ئەو نەزەریانەش بزووتن و وەستان و تەفاعول ناکەن، هیچ زانست و خەیاڵ و نەزەرییەی ئامادەکراویش نییە بتوانێ لە پێشەوە قەپێلکی فکری ساز بدات بۆ تەعلیلی ئەو شتانەی لەم جیهانەدا ڕوو دەدەن بە تایبەتی لە

جیهانی زیندووانداا که مرۆڤ پۆپی ئەو جیهانەیە و بە تەنیا لە تێکڕای جیهانی زیندوو و مردووی دەرەوەی خۆی گرێیاویتر و تێك هەڵکێشراوتر و زۆر مەجهوولتر و قووڵتر و پانتر و تەڵیسماویترە. هەر لە بیرمە، زانایێکی تەبیعی لە بابەت ڕواڵەتی زۆر سەرسوورپێنی ئیرادەی گیانلەبەرانەوە دەینووسی: زاناکانی فەلەك دەتوانن لە ئێستاوە تا ملیۆن ساڵی تر بەڕاست و دروستی پێشبینی بکەن لەو هەندە جارەی ڕۆژ و مانگ دەگیرێن، زانای کیمیاش دەزانێ بە ڕاست و دروستی لە تێکەڵبوونی دوو مادە چ تفاعولێك دەبێ، بەڵام هەرچی زانای جیهان هەیە ناتوانن بە ڕاستی پێشبینی بکەن لەوەدا کە ئەگەر مێشێك لە ژوورێکدا بەرەڵڵا کرا چی دەکا و بۆ کوێ دەفڕێ و لە کوێ دەنیشێتەوە چونکە لە مێشی زیندوودا (ئیرادە – خواز) هەیە بەر هیچ یەکێك لەو دەستوورە حازربەدەستانە ناکەوێ کە هەر زانایە لە مەیدانی خۆیدا دۆزیویەتەوە.

کە ئەمە حاڵی (مێش) بێ ئاخۆ دەبێ (ئادەمیزاد) چۆن بێ؟ بەڵێ، من ناڵێم مرۆڤ مەخلووقێکی ئەوەندە ڕیزپەڕ (شاذ)ە هی لێ تێگەیشتن نییە، بەڵام کە ئەمە ناڵێم لەوەندەش دڵنیام کە مرۆڤ ئەو مەخلووقە رام و کەوی و خۆشجڵە و و سادە و سافیلکەش نییە زانا و فەیلەسووفان، بە تایبەتی زانا و فەیلەسووفی نەزەری، لە پشت مێزی لەسەر نووسینەوە خەیاڵاتی خۆیانی لێ بکەن بە لغاو و بە پێی بڕیاری خەیاڵەکەیان بێرە و بەوێیدا ببەن و بە درێژاییی زەمانە چاکە و خراپەی پێ بکەن. مرۆڤ ئەگەر نەخرێتە بەندیخانەوە، بە پێی تێڕاخوڕینەکانی وەرزشتی فەلسەفی (راحەت کە... وریا بە... بە چەپ وەرگەڕێ... بۆ پێشەوە بڕۆ...) بزووتنەوە ناکات. کە خرایە بەندیخانەشەوە بێ لە کارهێنانی فەلسەفەی ئەم و ئەو زیندانەوانێك دەتوانێ بە برسیکردن و قەمچی لەسەر هەڵسووڕاندن بیکاتە تەربیەلی مەیموون، ئەوساش چ ڕێ نامێنێتەوە بۆ شانازیکردن بە ڕاستبوونی نەزەرییەکان.

لێکۆڵینەوە لە بارەی یەکێکی وەك حاجی قادرەوە بەوە نابێ لە پێشەوە بڕیاری نەزەرییان بەسەر خۆی و کردەوە و گوتە و ڕۆژگارەکەی دابهێندرێت بەدوا ئەوەدا تۆژینەوە لە ڕاستبوونی ئەو بڕیارە و ئەو نەزەرییەیە بکرێت لە ڕێی تەئویلی بەسەرهاتەکانی حاجی و بژاردەکردنی ئەو گوتە و ڕووداوانەی دەست دەدەن بۆ بەڕاست گێڕانی نەزەرییە و بڕیارەکانی. بە نموونەی ڕوونکردنەوە دەڵێم خواپەرستەکان ئەم شێوازەی بە ئیسپاتگەیاندنی هەموو پێشبینییەکانی غەیب دەگرنە بەر چونکە لە زیمنی بڕواکردن بە (غەیب) بڕواکردن بە هەموو شتێکی (غەیب) بەشێکە

لەو بڕوایە، بە هەڵەچوونی غەیب (نقیض)ی ئەو بڕوایەیە کە غەیب دەپەرستێ.

بەڵام نەزەریەکانی جیهانی چ مادی بێ چ نامادی ,rationalism idialism...هتاد) خۆیان بە بەچکەی ئاسمان دانەناوە تاکو ئەگەر لە شتێك وەیا لە زۆر شتان سەهوویان کردبێ ئیفلاس بکەن. خۆ ئەگەر بێت و پەیڕەویکەرانی ئەو نەزەریانە ڕاستبوونی نەزەریەکان بە ڕاستبوونی هەموو بڕیارەکانیانەوە ببەستنەوە هەر لە پێشەوە ئیعلانی ئیفلاسیان دەکەن چونکە یا دەبێ سروشت درۆزن بێ لەوەدا کە بێ سەروبن و سنوور و پایان و خارج لە وزەی تەقدیراتی لێکدانەوە و نەزەرییەی تاکانە، یا دەبێ نەزەرییەکان هەڵەیان تێدابێ. جا ئەگەر سروشت درۆزن بێ نەزەرییە بۆچی ڕاست بکا؟

لێکۆڵینەوە دەبێ چ تێبینیی بڕیاری لە خۆی بە پێشەوەی تێدا نەکرێت، وەك ئەوەی کە یەکێك بڕیار بدات لە فلانە دۆڵی شاخی هەورەمان گەنجینەی حەزرەتی (سلیمان) شاردراوەتەوە، ئیتر هەر خەریك بێ لە بن هەر بەردە و دارە و لە ژێر هەر ئاوە و ئەشکەفتەی ئەو دۆڵەدا بەڵگەی ڕاستبوونی بۆچوونەکەی بدۆزێتەوە. باشتر ئەوەیە چ بڕیاری پێشەکی بەسەر بوون و نەبوونی ئەو گەنجینەیەدا نەدرێ و بە لێکۆڵینەوە و لێدانەوە و تۆژینەوە مەعلووم بکرێ ئایا گەنجینە هەیە یا نییە! لەم نووسینەدا کە دێم دەڵێم حاجی مرۆڤێکی بەخۆنازیوی ڕێز لە خۆگرتوو بووە، وەیا ترس و تەماعی نەبووە، لە خۆوە بە پێی بڕیاری پێشەکی حوکمی وەها نادەم، بەڵکو لە ڕێی هەڵسەنگاندنی ڕەفتار و کردارەکانی حاجییەوە دان بەو ڕاستییەدا دەهێنم وەیاخود با بڵێم لە ئاکامی تۆژینەوە و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە لە بەسەرهاتی حاجی و دۆزینەوەی کاریگەرە زاتییەکان تێیاندا ڕێ بە خۆم دەدەم بڕیار لە پرسیارەکە بدەم هەر وەك لە سەردەمی خۆماندا کردەوە و ئاکاری زیندووەکان دەبنە بنگەی بڕیاردان بەسەر چاکە و خراپە و ئازایی و ترسنۆکی و ڕاستی و درۆییانەوە. سەدجاران داوای شۆڕشگێڕی و مرۆڤدۆستی و دیموکراسی و جانفیدایی لەم و لەوەوە خۆ لەبەر تاکە یەك بەڵگەی وەك پارە کۆکردنەوەی خاوەن داوایەکە ناگرێ. حاجی قادریش کە دەیگوت:

هەر منم ئێستە وارسی عیسا
بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا

ئەگەر پارەی لای خەڵق بە قازانجی گەڕابایە داوایەکەی دەپووچاوە یاخود هەموو

بانگەوازەکانی کوردایەتییەکەی دەبوو بە قەپووچکەی سەر ئاو ئەگەر کرابایە والیی ئەدرنە و خامۆش بوویایە.

خوێنەر دەبینێ لە زۆر جێگەدا من کردەوەی خەڵقی لێرە بە پێشەوە بە هی ئەم سەردەمە دەگرم، لەمەشدا تاکە مەبەستم ئەوەیە بڕیارەکانمان لە بنگەی واقیعەوە هەڵستێنین چونکە کە هاتین و ڕەفتاری خۆمان لە بیر کرد و ڕەفتاری خەڵقی سەد ساڵ و دووسەد ساڵ لەمەوبەرمان بە ڕەفتاری فرشتە و پەرییان گرت وەیاخود لە حوکمە قورسەکانی ناو کتێبانەوە میقیاسمان بۆ کێشانە و پێوانەی ڕابردوو خواستەوە لەوە دەردەچین ببینە حەکەم لە هەڵسەنگاندنی ئاکار و ڕەفتاری غەیری خۆمان، لەوە هەر گەڕێ کەلکی تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستکارانەمان پێوە بمێنێت لە هەرچی باسێکی سەر بە (مرۆڤ)ەوە هەیە چونکە زۆربەی ئەو باسانە لەوانەن خۆشویستن و ڕق لێبوونەوە هەڵبگرن و بەو پێیە میقیاسی زاتی ئارەزووی ناو دڵی خۆمانیانی بەسەردا بهێنین.

لێرەدا نموونەیێکی ڕاستبوونی قسەکانی خۆم لە شیعری حاجی دەهێنمەوە.

حاجی لە نێوان بەیتەکانی قەسیدەی (خاکی جزیر و بۆتان) ئەمەی گوتووە:

(گەر هیچ نەبێ بە ئۆین تابیع بە دەوڵەتێ بن)

لەوانەیە هەندێ ڕۆشنبیری حەسایەوەی ئەم ڕۆژگارە بڵێن حاجی قادر چۆن ڕەوای دیتووە داوا لە میللەتەکەی بکات (تابیع بە دەوڵەتێ بن)، گۆیا لەمەدا دەستبەسەری بۆ کورد پەیدا دەبێت. بەر لەوەی وەرامی بنجیی ئەو ڕەخنەیە بدەمەوە دەبێ بڵێم حاجی لەوەدا گلەییی لێ ناکرێ کە داوا لە کورد دەکات تابیع بە غەیری خۆیان بن چونکە کورد لە کاتی دانانی ئەو هەڵبەستەدا تابیع بە زیاتر لە دەوڵەتێك بوون، دەشهات لە جەرگەی وڵاتەکەیاندا خەتەرێکی تازەی گەورە پەیدابێت، کەواتە تابیعبوون بە دەوڵەتێك بۆ بەرتەرەفکردنی خەتەری کوشندە هیچی لە کیس کورد نەدەدا. بەلای منەوە ئەوەی دەبێتە جێگەی پرسیار لە ئاست ئامۆژگارییەکەی حاجی ئەوەیە ئایا هیچ دەوڵەت هەبوو لەو سەردەمەدا کوردان بە تابیعی خۆی قبووڵ بکات بۆ پاراستنیان لەو خەتەرەی دووچاریان بووبوو؟ بەنیسبەت کوردەوە، ئایا، خۆدانەپاڵ دەوڵەتێکی وەك ڕووسیا وەیا ئینگلیز وەیا ئەڵمان وەیا فرەنسا کارێکی ئاسان بوو؟ با نەڵێم ئاسان، مومکین بوو؟ خوێنەر دەبینێ وەزعی کورد ئەوساش لە بارێکدا بووە

ئاغاگۆڕیی بە ئاسانی پێ نەکراوە. بە هەمەحاڵ ئەمە مەبەستی بنجی لە هێنانەوەی نیوە بەیتەکە و وەرامدانەوەی ڕەخنەیێکی لێی بگیرێت. من دەمەوێ بەو ڕەخنەگرە بڵێم حاجی قادرێکی لەوپەڕی ناچاری و بێ دەسەڵاتی و لێ قەوماوییەوە کە دەبینێ خەتەرێکی نوێ هەڕەشە لە میللەتەکەی دەکات، وەك یەکێکی غەرقی دەریا بووبێ و پەلەکوتەی ژیان بکات، بەدڵیدا دێت خۆدانەپاڵ دەوڵەتێکی بەهێز دەفعی ئەو خەتەرە دەکات هەروەك زانیویەتی و دیتوویەتی میللەتی تر هەبوون لە لایەن دەوڵەتێکەوە پارێزگارییان لێ کراوە، ئیتر بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئامۆژگارییەکە بە میللەتەکەی ڕادەگەیەنێت و بەدوا چەندین نەصیحەتی تردا پێیان دەڵێت:

حاجی کەسێکە بێ کەس بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ
گوێی لێ دەکەن زەریفە نایکەن بەڵا لە خۆتان

قسە لەوەندەش راناوەستێ، دەبێ ئەو ڕۆشنبیرە بەبیر خۆی بهێنێتەوە لە نێوان میللەتی لە کورد بەهێزتریشدا نیشتمانپەروەر و خەباتگێڕی ئەوتۆ هەبووە و ویستووەتی خۆ بداتە پاڵ دەوڵەتێك بۆ دەفعی خەتەری دەوڵەتێکی تر لەسەر وڵاتەکەی، وەك کە (ئەحمەد عورابی) لە میسر دەیەویست دەفعی خەتەری ئینگلیز بە خۆدانەوە پاڵ عوسمانلی بکات. دیسانەوە قسە لەوەندەش راناوەستێ، ئەو ڕۆشنبیرە با بیر لەوە بکاتەوە دەوڵەتەکانی ڕۆژگاری بەرچاوی خۆشی هەر جارە ڕوو لە لایەك دەکەن بۆ خۆ پاراستن وەیا دەفعی زەرەر وەیا جەلبی قازانج. گەورەترین نموونەی ئەم سەردەمە ڕێککەوتنەکەی یەکیەتی سۆڤێت بوو لەگەڵ گەورەترین دوشمنی خۆی لە سەرەپایزی ١٩٣٩ کە دەکا ئەڵمانیای هیتلەری، بە هەمووی دوو ساڵیشی پێ نەچوو ناچار بوو لەگەڵ دوشمنەکانی ئەڵمانیا ڕێك کەوت. من لێرەدا نامەوێ ڕەخنە لە یەکیەتیی سۆڤیێت بگرم، تەنیا مەبەستم ئەوەیە زەینی خوێنەری کورد رابکێشم بۆ سەر خوارکردنەوە و سەرەتاتکەکردن بە هەموو لایەکدا بەر لەوەی بەپێی مەیلی خۆی وەیا لە ڕێی باوەڕی سەرپێییەوە بڕیاری یەکجارەکی بدات لەو پرسیارانەدا کە هەڵەکردن تێیاندا سەر دەکێشێتەوە بۆ هەڵوەستی هەڵە وەیا ستەمکردن لە بێ تاوانان، بەتایبەتی کە هات و پرسیارەکە پێوەندیی بە میللەتی خۆیەوە هەبوو.

هەرچەند ئەم دەمەتەقە خەیاڵییەی دوایی ڕاستەوخۆ لەگەڵ باسی (هەڵوەستی حاجی قادر و دەرەبەگایەتی) خزمایەتیشی نەبوو، بەڵام هەروەك ئاو لە کانی هەڵدەقوڵێ ئەویش لە هەمان سەرچاوەی (هەڵوەستەکە)ی حاجییەوە زەنەی کرد،

چاریشم ناچاره دەبێ هەر جارە داوا لە خوێنەری کورد بکەم کە دێت و ئەم نووسینە، وەیا هی تریش، دەخوێنێتەوە خۆی لە بڕیاری پێشەکی و مەیلی لایەنگیری و دوشمنایەتی بدزێتەوە دەنا هەر سوودێکی لە خوێندنەوەی گۆشەنیگای جۆرجۆردا هەیە لە کیسی دەچێت و دەمێنێتەوە ئەو تەنیا سوودەی کە بریتییە لە دووبارە و سێبارە... و سەدبارە خوێندنەوەی ئەو گۆشەنیگایەی پێشتر باوەڕی پێ هێناوە کە دەکاتەوە هیچ، چونکە لە حاڵەتی وەهادا سوودەکە دەبێتە (تحصیل حاصل). بەڕاستی کەم وا هەیە خوێنەرانی هیچ میللەتێك بە قەدەر خوێنەرانی میللەتی کورد دووچاری ئەم دەردەی خۆدانەپاڵ یەك گۆشەنیگای قەراردادە بووبێت. شتێکی یەکجار بەرچاوە لە ڕۆشنبیری کوردیدا، ئەم دیمەنەیەی یەك شێوە بیرکردنەوە و بڕوا بە یەك فەلسەفەهێنان تاراەدی تاوانبارکردنی هەموو جۆرە بیرکردنەوەیێکی تر و فەلسەفەیێکی تر. من لێرە بە پێشەوە دیاردەی لاساییکردنەوەی غەیر لە فکر و بیروباوەڕی کورددا، هاتە ناو نووسینمەوە و داشم نا بە شتێکی حەتمی. جا کە ئەمە وابێ و من بێم هەڵوەستی حاجی لە نیوەبەیتی (گەر هیچ نەبێ بە ئۆین تابیع بە دەوڵەتێ بن) بە هەڵوەستی یەکیەتی سۆڤییێت بگرم دەبێ بۆ پاکانەی حاجی و ئەو نووسینەش دە جاران لە خوێنەری کورد بپارێمەوە و بڵێم برا لە پشت چاویلکەی نەزەرییانەوە سەیری ئەم باسەی حاجی قادر مەکە. دەبێ ئەوەش بزانین ئەگەر من هاتبام هەڵوەستەکەی حاجی قادرم بە هەڵوەستی غەیری یەکیەتیی سۆڤییێت گرتبایە، لەوانە بوو زەرەرم لە حاجی دابایە چونکە ئەوسا دەگوترا چۆن ڕەوایە هەڵوەستی دەوڵەتێکی گومان لێکراو ببێتە پاکانە بۆ حاجی قادر، لە حاڵێکدا ئەگەر دەردی لایەنگیری فکری و فەلسەفی لە بەیندا بووبایە پێویست نەدەبوو بەوەی من یا یەکێکی تر قسەیێکی زۆر دڵسۆزانەی حاجی قادر لە رەخنان دەرباز بکەین. عومر باقی بێ لە بەشی چوارەمی ئەم نووسینەدا دەزاندرێ سەرلەبەری قەسیدەکەی (خاکی جزیر و بۆتان) چ پێویستییەکی گەورەی هەیە بە لەسەرکردنەوە و گومان لێتەکاندنەوە لەبەر تاکە هۆی شکانەوەی بیروباوەڕی ڕۆشنبیرانی کورد بە لای یەك گۆشەنیگا و یەك فەلسەفەدا. هەرچۆنێك بێ، ئەم نووسینە جارێ هەوراز و نشێوێکی زۆری لە پێشدایە و لە گەلێك حاڵوباردا ناچار دەبێ داوای (مەوزووعیەت) لە خوێنەری کورد بکات.

لێرەدا بەرگی سێیەم بە پایان دەگات هەرچەند بەشێکی ئەو مسوەدانەی لە ساڵی (١٩٧٢)ەوە ئامادەکرابوون، هەروەها چەند بەڵێنێکی نوێی ناو ئەم بەشەی سێیەمەش

بوون بە ماڵی بەشی چوارەم.

لە بەڵێنە نوێیەکان دووی بەرچاویان ئەمانەن:

یەکێکیان ڕوونکردنەوەی دەوری ناکۆکییەکەی نێوان حاجی قادر و شێخ نەبی ماویلی لە پێکهاتنی فەلسەفەیێکی سەرانسەر و بنجی لای حاجیی دژی شێخایەتیی درۆزن.

دووەمیان هۆی دیاردانی دژایەتیی تەڵەکەبازی و شەعبەدە لە شیعری حاجی و هەندێك لە شاعیرانی دوای حاجی و دیار نەدانی دژایەتیی براگەوران و (دەرەبەگ) لە شیعری هیچ یەکێك لە شاعیرانی کورد تا ساڵانی ١٩٤٠.

بەڕاستی ڕێم هەبوو لەم بەشەدا باسی هەردوو پرسیارەکە بە پایان بگەیەنم، هەر وەك ڕێم هەبوو هەڵیان بگرم بۆ بەشێکی تر وەك کە کردم.

هۆی ئەم بڕیارە هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوت هەندێکیشی بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی نووسینەکە و خوێنەرانی.

لە کۆتاییی ئەم بەشەدا حاجی قادر گەیشت بەو هەنگامەی کە ماڵئاواییی یەکجاری لە کۆیە و لە هەموو کوردستان کرد، منیش وەك ئەو ماڵئاوایی لە خوێنەرانی کورد دەکەم بەڵام بە ئومێدی سەردانەوەیان لە بەشەکانی داهاتوودا، خوا یار و عومر وەفاکار بێ.

عوزرخوازی

ئەم بەشەی سێیەمی (حاجی قادر) یەك ساڵ لە کاتی خۆی دواکەوت، چونکە دەبوو لە ساڵی (١٩٧٥)دا بە چاپ بگات. بەڵام لەبەر هەندێ حاڵ و باری تایبەتی و زێدە بۆ ئیشی خۆم لەو ساڵەدا، بە هیچ کلۆجێك ڕێگەم نەبوو خەریکی چاپکردنی ئەم بەشەیان ببم.

لەگەڵ ئەمەشدا کە دێم و ورد دەبمەوە لە زێدە زەحمەتیی تۆژینەوەی ئەو ساڵانەی ژیانی حاجی کە لە ئەستەمبوڵی بەسەر برد، وەخرانی یەك ساڵەی ئەم بەشەیان لە بیر دەکەم ترسێکی تازەشم ڕێ دەنیشێت لە بەیەکترگرتنی فەرمانی سەخت و دەسەڵاتی کەم.

هەرچۆنێك بێت، درێغی لە ئێستا بە پێشەوە و بێ دەسەڵاتیی لێرە بە دواوەش هەر دەخرێنەوە بەر نیگای بەخشندەی خوێنەری کوردەوە.

مەسعوود محەمەد